
رامان


Raman

- خاوەن ئیمتیاز
  شەوکەت شێخ یەزدین
- سەرنووسەر
  ئازاد عەبدولواحید
- بەڕێوەبەری هونەری
  سەرکەوت وەلی
- مۆتیڤ و پۆرترێت
  قەرەنی جەمیل

# ڕامان

128

خولی سێیەم/ ساڵی دوازدە/ کانوونی دووەم ٢٠٠٨



ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان

## ● دەق


- بادە/ هاشم سەڕاج/ 3
- لە پرسەکەمدا/ زانا خەلیل/5
- گوندەکی نقستی/ مەریوان سندی/ 6
- بۆ ئەوانەی لە عەشقدان/ لە ئینگلیزییەوە: نالە حەسەن/ 8
- کامیان؟/ سەلاح نیساری/ 10
- تاخا فللا/ لە تورکییەوە: رووکەن باگدو کەسکین/ 13
- بڕیار/ کاوە عیزەت خا/ 17
- لەرەی باندۆلی کاتژمێر/لە ئینگلیزییەوە: ڕەشید ئیبراهیم/ 18
- پاڵتۆکەی میر/ لە عەرەبییەوە: گەزیزە عومەر عەلی ئەمین/ 26


## ● دەق و ڕەخنە


- دەقی: سۆرە برینا شەڤا من.. سەلوا گولی.. ڕەخنەی: ئازاد دارتاش/ 40


## ● هەڤپەیڤین


- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (د. ڕەشاد میران)/ ئا: خەبات ڕەسوولی/ 46


## ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- ئەز لە دەقەکەیدا کەسێتی سەیدی دەخوێنمەوە/ عادل محەمەدپوور/ 57
- سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی/ مارف خەزنەدار/ 67
- زەمەن لە ئەفسانە و هزر و باوەڕی کۆندا/ محەمەد سلێمان عەباس/ 74
- چەند خاڵێکی بەراوردکاری لەنێوان ڕەشبینییەکانی (گۆران و جۆن کیتس)دا/ ئیحسان سابیر سەعید/ 83


## ● وتار


- ئاوات و شاری دڵ/ عەلی گوڵی/ 95


## ● هزر و فەلسەفە


- مانیفێستی کۆڕی ڤیەننا.. تێگەیشتنی زانستیانەی جیهان/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 98
- دیدێکی سایکۆپەروەردەییانە بۆ گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەردەییدا/ محەمەد تەها حوسێن/ 113
- سەرلەنوێ گۆڕینی فەلسەفە، گاڤی یەکەمی فەلسەفە/ هەندرێن/ 124


## ● مێژوو


- سەرقەڵەمێکی مێژوویی دەربارەی میرنشینی مەروانی/ ئا: شوکر سلێمان/ 130


## ● زمانزانی


- زمانەوانی کارەکی/ لە ئینگلیزییەوە: د. هیمداد عەبدولقەهار محەمەد/ 136


## ● هونەر


- میبیرهۆڵد دەدوێ/ لە ڕووسییەوە:د. فازیل جاف/ 141
- گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 148


## ● خوێندنەوەی کتێب


- دلاوەرانی کوردی گومناو/ حەسەن مەحموود حەمەکەریم/ 153
- پیاوێک لە پەراوێزدا/عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە/ 156


## ● ئێستێتیک


- وشەی شیعری و وشەی ناشیعری/ کەریم شارەزا/ 160

# بادە

هاشم سەڕاج

ما عادَ لَكَ البانُ، ولا اللينةُ ليناً
اذ عدَّ لَكَ الباريُ حسناً وجمالا
«نالی»

شەرای تنۆکە عەترێک پێی گوتم:
لەوێ لە نزیک [شۆڕەبی]یە لەنجەدارەکەی
دارستانە سپییەکەدا
لەتە کریستاڵێکی خودایی هەس
سەردەمێکە لە جەستەی دێرینی
ئاوێزە ئاڵەکەی باڵکۆنەکانی «ئیرەم» ترازاوە و
شەوانە لە هیکڕا دادەگیرسێ و
ڕۆحی ئاڵۆسکاوی جیهان ڕۆشن دەکاتەوە
پێویستە ڕاکەی، بەلەز ڕاکەیت و
هێشووی وشەکان تورهەڵدەی و
بەرانبەر میحرابە ئێزدییەکەی ڕوخساری
بێدەنگ و مەلوول
سەرمەست و حەپەساو بوەستیت و
بۆ تیشکە نادیارەکەی – بوون و قەدەر–
سوژدە بەریت
تەنها ئەو تاووسی مەلەکە
گیانە گوناهبارەکەت پاکدەکاتەوە!
ئەو بەڕێکەوت لەگەڵ جەزبە و هەژانی
ناوادەی کەعبەی دڵی میهری باڵا داڕژاوە و
گەزۆی عیشق و مۆنادەکانی جوانی و
کەڤاڵەکانی ئەجەلی بۆ موسافیرە
پەرێشانەکان هێناوە
گوتم وا دێم وا دێم وا دێم
من بە چنگێ زەیت و چنگێ زەیتوونی سۆز
بەدیار ئەو پەیکەرە ئیلاهییە وەستام، ئەی خودا!
چوون پەرست و ئاگر
مورید و شۆخی تەریقەت



زوڵف و ئەگریجەی پڕاوپڕ لە مووروو و مەرجانی پیرۆزمیی
چاوە خەواڵوومکانی ڕوو لە هەورە دووردوورمکانی ئەزەل
مووچڕکی ترسێکی نادیار بە سەرتاسەری گیانم داهات و
نەمردم!
غەییزان گوتی:
ئەمێستاش هێزی مەدهۆش و
ئالوودە بە تیشک و بوقعەکانی جوانی
لە مەزراکانی زمرووت و سەلسەبیلەکانی فیردەوس و
ژێرخانەکانی بەرزەخدا بۆی دەگەڕێ و
ڕەنجبەخەسار و سەرگەردان
خەفەتێکی ئەبەنۆسی سەرتاسەری
دڵ و گیانی دادەگرێ!
غەییزان گوتی:
ئەو پارچە تیشکێکی سپی و ڕۆزانییە
نە قۆڵ و باسک دەیگرێ و نەچرکەیێ
لە مەنزڵگای کولبەی دڵدا ئۆقرە دەگرێ
جارجارە لە شەرابخانەی عیشق و
ئاگرستانی جوانی بڵاچە دەدا و دەدرەوشێ و
مانەندی سوورە قورینگێ
بە زیکزاکی حەلەزوونی
هەڵدەکشێ و هەڵدەکشێ و هەڵدەکشێ...
کە دێتەوە ئای کە دێتەوە!
دەست بۆ لیسپی پرچی دەبا و پێدەکەنێ و
لە پڕێکا بادەی دڵی بە سینەی ئاوێنەی
دەریا دادەدا!
زەمەن دەڕواو مەرگ جەستە کریستاڵییەکان
جێدەهێڵێ
زەمەن دەڕواو جوانی جەستە کریستاڵییەکان
جێدەهێڵێ
چەشنی لەنجەی پۆڕی ئێوارە وەختان و
لەتە ئاوازێکی غەمگین بزر دەبێ
کە دێتەوە ئای کە دێتەوە!
دەبێتە گوڵەباغێکی سوورتاریکی
نێو ئینجانەی بەر میحرابی میهری باڵا و
تنۆک تنۆک تنۆک تنۆک تنۆک
شەرای عەتری ئاهوراییی
لێ دەپژێ

٢٠٠٥/١٢/٤

# له پرسه‌كه‌مدا

زانا خه‌لیل

له پرسه‌كه‌مدا
له‌گه‌ڵ ئاوازی مه‌ستانه و ده‌نگی پڕ له سۆزی
خوێنه‌رێك
كه ئایه‌ته‌كانی یووسف و ڕه‌حمان ده‌خوێنێ
قه‌ینا دۆشدامێنێن.. بڕۆنه‌وه ناو یادگه و بیره‌وه‌رییه‌كانی
خۆتان
به‌ڵام هه‌رگیز مه‌پرسن و مه‌ڵێن:
– بۆچی مرد؟ هێشتا زوو بوو.
– مردن گۆرانییه‌كی حه‌زینه ده‌بێ هه‌موومان گوێی
لێبگرین.
– دوێنێ به مۆبایل له‌گه‌ڵی دوام، به‌ڵام پێی نه‌گوتم كه
ئه‌ڕۆ ده‌مرێ!
– به‌رله‌وه‌ی بمرێ به ته‌نیا له سه‌ربان پیاسه‌ی ده‌كرد،
چونكه پێشبینی ڕژانی ئه‌ستێره‌یه‌كی ده‌كرد.
– دوای عه‌زابێكی كه‌م له دۆزه‌خه‌وه ده‌یگوازنه‌وه
به‌هه‌شت.
– ده‌بێ ئه‌و شه‌وه مه‌لائیكه‌ت چی به‌سه‌ر بێنن؟
– كوڕێكی باش بوو، ڕۆمانیشی ده‌نووسی.
– پیاوێكی خراپ بوو، شه‌ڕی به‌شیعر ده‌فرۆشت.
– خانه‌دان بوو، به‌ڵام كحول كوشتی..
– هیچ نه‌بوو، به‌ڵام پیاو ناچار ده‌بێ بچێته پرسه‌ی
سه‌گیش.
– ئه‌وه‌ی من ده‌یزانم هیچ، خوا بزانێ چه‌ند شتی
قۆڕتری كردبیه.

له پرسه‌كه‌مدا
له‌گه‌ڵ ئاوازی مه‌ستانه و ده‌نگی پڕ له سۆزی
خوێنه‌رێك
كه ئایه‌ته‌كانی یووسف و ڕه‌حمان ده‌خوێنێ
قه‌ینا دۆشدامێنێن و بڕۆنه‌وه ناو یادگه و
بیره‌وه‌رییه‌كانی خۆتان و
سه‌بارەت به‌منیش ته‌نیا شتێكتان بێته‌وه یاد و بڵێن:
«ماشه‌ڵڵا یادی به‌خێر، چه‌ند مه‌راقی ژن بوو!!؟»



# گوندەکی نڤستی

مەریوان سندی
(زاخۆ)



ئەی ئاکنجیێن گوندەکێ نڤستی، ئەمما چاڤەڕێ...
ئەڤە ژ مێژڤە ئەز ب رێڤەمە
من ب پێلاڤێن خوە یێن کاغەزی
ژبەری ئەلندا سپێدێ
خویسارا ئەنیا عەردێ یا رامالی
هێشتا کاروانییەکا کەلەمچەکریمە دچاڤێن زلێن
دەمیدا!؟
دەنگێ پێنگاڤێن من یێن وەستایی ل سەر جەستەیا
جاددە یێن پیر ب ژڤانن...
ژڤان ل گەل زەنگا دەمژمێرا یاسایێ
یاسایەکا تەوقیتکری بۆ سپێدەهیێن دزیکەرێن گوندەکێ
نڤستی
مێژوو یا مرنا ئەڤرۆکەیا من دخواند
ئوو دەنگێ دلێ فیتیا سەختەیا پولیسەکی بێ پاسپۆرت
دقوتینت
ئەمما ئەز چەند مری بم
ئەز مریەکم. ب بیلبیلەکا سپێدێ ب تنێ راستییان دبینم
ئوو ئەز دبینم، کا چاوا
ترافیکلایتێن بەژن زراڤ بێ نهێنی
ب رەنگێ چاڤێن خوە یێن یەکسان بین
زێرەڤانیا زێڤییا عەشقێ دکەن
نە من ناس دکەن، نە تە..
ئەمما بۆچی؟! دەقەرەبالغا ڤی گوندێ نڤستیدا
ژچاڤێن ترافیکلایتێن ب خوە زێدەتر کەسێ باوەڕی پێ
نینە!!
ئوو.. ئەز دزانم
ئەمما نە وەکو زانینا دایکا خوە یا سادەلوح
ئەز دزانم
لەشێ چارا یێن ماندی ل بن پێنگاڤێن باژێرەکێ هەرزە
و شیم
داخوازێ ژ تابلۆیێن stop دکەن
بۆ بێدەنگکرنا خەنجەرا گەروییا کولانێن ئەزمان

پوسیده
کولانێن کو ژ ترسێن ئەشکەرابوونا دیوارێن دەروونێ
وان تژی نهێنی
ل سەر دەرۆکینڤێسییە؛ هاتن و چوون قەدەغەیە.
من چەند دڤێت دیوارێن مالا تە بهەرفینم
دا مری یێن ژ من مریتر ببهیسن
کا چاوا دبێدەنگیا شەڤێدا
شعارێن ئوستادێن کولیژا یاسایێ ل سەر لێڤێن خەو
دیتە یێن کزگریۆک
ل بن گوهێ خەونێن گەرهەک، پست پستا هەزیانێن تا
گرتینە!
دەنگێ قوپ قوپا شمکێن ژنێن گەندەلی کاران
هیڤیێن دایکێن ژبیرکرییان بێدەنگ کرینە
زارۆکێن پەروەردەبوویی ژ زانستا بێدەنگیێ
ب هێرشا بەرقۆسکان ئاوێنێ دشکێنن
چاڤێن شکەستی یێن ئاوێنێ
ب دەستێن تاریێ
ل پشت مژیلانکێن گوندەکێ نڤستی دپەرچقینن
ئاخ... مێزە بکە ب بیلبیلکا چاڤێن راستیێ
ئەی مریێ ژ من مریتر
تو دبینی؟! کا چاوا دەستێن وێرانکەر
ژ بەریکا نژادێن ژبیرکرییان شەقامان تژی کەوال
دکەن
کەوالا تژی پەنجەرە و، پەنجەرێن گەرم ژ هانا یا
خۆرێ!!
قشمەریا ب دەستێن هەمی دەما ڤەکری و سرێ بری
یێن مامکان دکەن
جۆتیارێن نوی ب پەنجەیێن دەستێن کوشتییان
دەڤێ داسان دحەسن ژبۆ دروینا رەنگێ زەرێ زێڤییان
دا شاعیر بەختەوەر نەژیت
خوەزی ئەز شاعرەکا بەختەوەر بام
خوەزی من نە بیر ل دوهی کربا یە و نە بیرل سوباهی
دا ئەڤرۆکە شیعرەکا بەختەوەر ڤەهینم
ئەمما ببهیسە.
ژبەر ڤێریا بایێ دوهی و کەنیێ سەرخوەشێ سوباهی
شعرا من ئەڤرۆکە ژ ب بەختەوەری ژ دایک نەبوو
ژ نالینێن برینێن شعرا ئەڤرۆ ببهیسە
ئەو شعرا کو ب پەنجە یێن دوهی و سوباهی هاتییە
ڤەهاندن
ئەرێ تو دبهیسی؟
کا چاوا پست پستا بارانێ ل بن گوهێ عەردێ
ژبۆ ئازادکرنا تۆڤێ زیندانێ د سینگێ ئاخێدا
تەفاهومەکا گێژەلۆکە!
زرکێتکێن شەش چاڤ، ئەمما کۆرە!
کرێگرتی یێن دارێن هنگڤێن خوەرن
دارێن کو بەلگا باوەری پێ نینە
بای ب ڤیریا خوە سەمفونییەکا شیرین بۆ ژەنییە
دا دار ژ دیتنا خەونێن تەحل ڤەجنقت!
ئەز چەند حەز دکم دار خەونان ببینت، خەونێن تەحل
هند تەحل بن کوتاما هنگڤینێ شرینێ زرکێتکێن
کرێگرتی ببیتە ژەهر
چونکو دیتنا خەونێن تەحل ئاڤاکەرێن ژیانەکا شرینە
ئەرێ دار، خەونان ب دەریایێ ڤە دبینت؟
ئەرێ دار دزانن کێلەکێن دەریایێ
ل دەمێ لێڤێن خوە یێن هشکار ب ماچێن تەرێن
شەپۆلان پەهنو بەرین دکەن
هەر هینگێ بیر دکن، دڤێت دەریایێ داعیرن!!
ئەرێ دار دزانن؟ خیزێ کێلەکێن دەریایێ
ب هەمی نەرمیا دلێ خوە دێ ماسییان فەتسینن!
ماسیگر ژی مێژووا کوشتنا رسقێ خوە
دێ ل سەر کێلا گۆڕا برایێ خوە نڤیسیت.
ئەمما نە... دڤێت!!
دڤێت مێژووا کوشتنا رسقێ ماسیگرێ دەریایێ و
ماسییان
ل سەر دەستێن هەمی دەما ڤەکریی یێن مامکان
بنڤیسم
خەم ناکت هەڤال، بلا نوکتەیەکا پێکەنینێ ل بن
بەرچافکێن کەران بلەییزینم
ما تو بێژی... مامکێن وێرەک ترافیکلایتێن یەکسان بن
چارا یێن ماندی...
زرکێتکێن شەش چاڤ ل ژڤانا من و زەنگا دەمژمێرا
یاسایێ ئامادە نەبن؟
ئەمما دڤێت، دڤێت ئەو بهێن
دا ل سەر دیوارێن دەروونێ وان تژی نهێنی ب
ئاشکرایی بیرهوەریەکێ بنڤیسین
ئوو بنڤیسین...
مێژوو سەربۆرەکا ژبیرکرییە؟!!
دەرسا مێژوویێ عبرەتەکا بێگانەیە دبیرهاتنێن ئەڤرۆکە
یێن یاسایێدا
یاسایەکا کو کولی و چیرچیرۆکا ب ریکلامێن خوە یێن
**expire**
مەژیێ وێ ب تەسەمومەکا کوژەک داگیرکرییە!

# بۆ ئەوانەی لە عەشقدان

**لە ئینگلیزییەوە: نالە حەسەن**
**(کەنەدا)**

**گۆرانی عەشق**
کاثرین نیلسۆن داڤیز

**وەرە لەگەڵ مندا پیاسە بکە**
**وەک کازیوە پایزییەکان**
**یان وەک ئەو ڕەنگە سوورە قورمزییەی**
**ئاسمانی داگرتووە و**
**ڕێگاکانی بە سێبەر داپۆشیوە**
**من و تۆ،**
**دەتوانین ڕێ بکەین و خەون ببینین.**

**یان لە سەرووی هەندێک لە بای خەرەندان**
**کە بەسەر دەریاکاندا ڕەت دەبن**
**وەرە لەگەڵ مندا بڕوانە**
**وەک لاساری ئەو شەپۆلانەی**
**کە دەڕژێنە سەر لەکان**
**وەرە دەستت بێنە و ئازیزم**
**لێم نزیک بەرەوە.**

**یان وەک دوا تیشکەکانی خۆرەتاو**
**کە دوور دەکەونەوە**
**یان وەک ئەو ئێوارەیەی کە لە نێو شەودا دەتوێتەوە و**
**شەو بێدار دەکاتەوە**
**لە ژێر ئەو ئەستێرانەی لە کەناران دەبریسکێنەوە**
**ئینجا ماچم بکە، ئازیزم**
**دەی دیسان، جارێکی تریش**

**لە نێو ئامێزت توند ڕام بگرە**
**ئەو دەمەی گۆرانییەکانم دەچڕم**



من دەمزانی خەونەکانم دێنەدی
دەبمە هی تۆ.

**حەوتی بەیانی**

کنێث هۆلت

یەکەم جار کە تۆ
سیمای منت بینی لە بەیانییەکی زوودا
تێکشکاو و لۆچگرتوو و بسک ئاڵۆز بوو
من وامزانی، تازە هەموو شتێک بەسەر چووە
بەڵام پاش ئەوەی کە تۆ
بە نەرمی ماچت کردم، وەک خۆرەتاو لە نێو تەمدا
ئینجا زانیم،
کە هەموو شتەکان تازە دەستیان پێ کردووە.

**عەشق**

باربارا پلومپ

تیشکی خۆرە،
سەما دەکا لە نێو دڵدا
قسە دەکا لە بێدەنگیدا
خۆشی سەرە پەنجەکانی تۆیە
دۆزینەوە و بەخشینە لە نهێنیە دڵتەڕەکاندا
ڕۆشنایی ئەستێرەیە،
دەدرەوشێتەوە لە بیردا
زەردەخەنەیەکە لەسەر ڕۆحی تۆدا.

**ماڵی شیعر**

ماکزاین لویس

لەو شوێنەی عەشق ماڵێک دەدۆزێتەوە
کە شتەکان جوانن
وەک ڕۆینە سەربان پێکەوە
وەک چوونە خوارەوە بە تەنیا و بە پێخاوسی لە شەودا
بۆ پرسیارکردن لە قوفڵ
وەک ڕوانینە ئاو و هەوا
باران لە پەنجەرەکان دەدا
بەفر بە شووشەکانەوە دەلکێ
با گۆرانی دەڵێ
(عەشق ئەوکاتە جوانە کە باران دەبارێت)
وەک ئەوەی لە بەرانبەر یەکتری دانیشتبین و
یەکتری جێ نەهێڵین
وەک ئەوەی لە بەیانیان لە نێو جێگاکەمان
نەیەینە دەرێ و
ون نەبین
(جگە لەو کاتانەی لەگەڵ نەرمە گریانی کاتژمێردا)
وەک ئەوەی ئەم گوارەکانی ئەوی دۆزیبێتەوە
وەک ئەوەی ئەویش گۆرەوییەکانی ئەوی دۆزیبێتەوە
بە تەواوی تێک ئالابن لە نێو چەند دیوارێکدا
زایەڵەی ژووری خەوتنیشیان گەیشتبێتە هۆڵەکان...!

سەرچاوە:

The Joy of marriage
poems for people in love
Selected by: Barbara Kunz Loots

# کامیان؟

سەلاح نیساری
(بۆکان)

ئەمەیان تاوانی خۆمە کە دەرنگ باوەڕ دەکەم! یەکەم جار کە فڵچەکەم بەدەستتەوە دیت زۆر بەلامەوە گرنگ نەبوو، من هەمیشە بیرم لە قسەکانت دەکردەوە. ئەو قسانەی کە هەوێنەکەی لە ڕۆحی کاکتەوە وەرگیراوە. من لە بێ کرێژی خۆمدا ئیمانم بە ڕواڵەتت هێنابوو. گومانیشم لە هەناوت نەبوو. من دوایە زانیم ئەو زمانەت لە کاکت وەرگرتووە. هەر بۆیە ئەوەندەش مەغروور و لە خۆبایی. خۆشت نازانی چەندە لە دنیای خۆت دوور کەوتووویەوە. تۆ هەنگاوێکیش ئەو لاتری. ئەو بۆ بەرژەوەندی خۆی شتێکی تێدا دەهێشتەوە. بەڵام تۆ چی، تۆ ئەوەندە لووت بەرزی هەتاکو تەوێڵت وەبەردی ئەلحەد نەکەوێ وەخەبەر نایەی...، تۆ گوتت پردەکەی پشت سەرت دەڕووخێنی! باوەڕم پێنەکردی، کەچی هەر ئەم پردانەم بە ڕووخاوی لە پشت سەرتەوە بینی. بەڵام ئاخ بۆ ئەو دڵەی تیشکی حەقیقەتی وێکەوتووە! دان بە تاوانی خۆمدا دەنێم، کەچی تۆ خۆت لەم ڕاستەقینەیە دەشارییەوە. من هەر دەبوو ئەو ڕۆژەی فڵچەکەت بە دەستەوە بوو سڵم کردبا، دڵم ڕەش با! نەشم زانی گوڵەکان پێخوست دەکەی لە ڕیشەوە هەڵیان دەکێشی. تۆ بە دەستێکت نەمام دەنێژی و بەوی ترت هەڵیان دەکەنیەوە! تۆ ئەوەندە مەغرووری تەنیا درەختێک بۆ خۆت بەجێ ناهێڵی سەیوانت بێ. زۆرم بەزەیی پێتدا دێتەوە. بە خەونیش بیرت لەوە نەکردۆتەوە، کاکت هەر بە منداڵی ژەهر کوژی کردووی چەواشەی کردووی تۆ وەک ئەو هیواکانت لەسەر پەیندا چاند، ئەو بۆ بەرژەوەندی خۆی لە لیکاوی سەگ سڵ ناکا، تۆ ئەو مەسەلەیەت بیستووە، «دووپشک بە کلک پێوەدەدا ژن بە زمان!» تۆ مەستی! مەستی غروور نووستووی بەنگ. تۆ قەت وابووە بیر لەو شەوە بکەیتەوە کاکت هەتا بەری بەیانی بە دەستی خۆی گلاس بەدوای گلاس بۆی تێدەکردی؟



تۆش بەدەم وەنەوزەوە فــڕت دەكــردن؟ قــەت باوەڕت نەدەكرد ڕۆحتی مەسخ كردبێ، تۆ چیت بۆ ماوەتەوە، لە غروور و لووت بەرزی بەم لاوە؟ تەنیا جارێک هەر تەنیا جارێک زانیوتە بۆچی ئەم فلّچەیەت بەدەستەوەیە؟ ئای سلاو لە ئاقلّت كالّ فام! تۆ ڕۆحێكی ڕەش و قەوزەگر تووی تۆڕایەک دان بە تاوانەكــانت نانێی، ئەرێ! ئەوە منم دەبێ دان بە گوناح و خەساری خۆمدا بنێم، بیرێک لە هەناوی پڕ لە ژەنگ و دووكەلّی تۆ بكەمەوە لەمێژە نەفرین كراوی و من نەمزانیوە خۆشت نازانی...

بەلاّم سەد حەیف بۆ منی بەستە زمان! تۆ لەبەر چاوی من بە فلّچەكەی دەستت ڕوخساری خۆتت ڕەش كردەوە. خۆشت نازانی قسەكانت لە چەشنی شووشەن بێگەرد و بڕندە، تیشكی جادوو لە چاوتدا هێلانەی كردووە. تۆ هەر پردەكانت وێران نەكردووە، بەلّكو هەناوی خۆشت تێک ڕماندووە. بگری، ئێستا كاتی ئەوە هاتووە بگری، با، فرمێسكە تالّەكانت كلّپەی هەناوت دامركێنێ، بگری دەی، تۆزێک چاوت خورد بكەوە بەدبەختەكان لە قولّكەیەک كەوتوون بە پووش سەری گیراوە! كەچی تۆ ئێستاش باوەڕناكەی لە قولّكەو چالّی چل گەزی كەوتبێتی وەرە، ئەگەر ئەوەندەت دەسەلاّت هەیە دان بە ڕاستییەكاندا بنێ و لە دەمی غرووورت بسرەوێنە لەو چالّە وەرە دەرێ و بە ناخی خۆتدا شۆڕبەوە. نەک جارێک و سەد جار، بەسەر لووتكەی خەیالّەوە شتەكانت بە چاوی كاكت دەبینی، دۆزەخی لە وەرزی بەهەشتا بۆ بەدیاری هێنای، ژاراوی لە پیالّەی هەنگویندا بە گەرووداكردی. ئێستاش نازانی بەدەستی ئەو وە دارە دارە كەوتی، بەحوكمی ئەو ڕەوڕەوەكەت ملی ڕێ دەگرێ. تۆ وەک قوتابییەكانی تاریكۆفت بەسەرهات! تۆ نازانی تایكۆف كێ بوو! ناحەقیشت ناگرم، هەروەک من تۆم نەناسی. تاریكۆف ئەو پزیشكە بوو دەرسی بیولۆژی دەگوتەوە. بەلاّم شاگردەكانی چۆنی لێ حالّی بوون؟ ڕۆژێک لاشەی مردوویەكی كردبۆوە! قوتابییەكانی دەوریان دابوو. ڕووی تێكردن و گوتی:

هەرچی من كردم ئێوەش بیكەن! قامكی بە ڕیخۆلّە پڕەكەدا هێنا و بردی بۆ دەمی! ئەوانیش وایان كرد، بە قامكیان ڕیخۆلّەكەیان پاک كردەوە پاک و خاوێن. لە ئاخریدا پێی وتن زانیتان ئەمن چیم كرد؟ هەموویان مەحتەل بوون! گوتی قامكی گەورەم پێدا هێنا و چووكەشم لە دەممدا! بەلّێ! تۆش هەر وات بەسەر هات تۆش بەدەم پێكەنینەوە گلێنەی خۆت دەرهێنا و ...، ئێستا دەبگری زۆرت بێژا و نەت پێژا، بەدەستی خۆت قورقوشمت كرد بە گوێچكەی خۆتدا، زۆر لەمێژە ئازارەكان ئەم دیو ئەو دیوت دەكەن بەخۆت نازانی تۆ زۆرت نەفرین لە ئاخوندەكەی ڕوو بەڕووتانە! بەلاّم قەت بیرت نەكردۆتەوە ئەو داری بۆ ئاخوندەكە كردووە، ڕووی ئەوی سپی كردۆتەوە. فلّچەكەی دەستت هەر بە تەنیا كاكت پێی نەدای من دەلّێم دەسكی فلّچەكە ئەو بۆی كردی ئەوە بیرۆكەی هەر دوویان بوو. تۆ باوەڕت بە خۆی نەبوو، متمانەت بە قسەكانی هەبوو! ئەو زۆر زوو ساویلكەیی تۆی بۆ دەركەوت، زانی چەندە گێلۆكە و بەستەزمانی، تۆ پێت وابوو هەرچی ئەو دەیگوت وایە، ئەوەندەی بە ئەو نزیک بووی ئەوەندە بە مەسیح نزیک نەبووی. تۆ زۆر گوناحی! ئەو هەر نەیدەهێشت بەم زووانە هەست بە ئازارەكان بكەی، بە چاوی بەستراوی لە بەهەشتی خەیالّیدا دەیهێنا و دەیبردی ئێستاش نازانی ئەو شێرپەنجە ڕەگاژۆی لە مێشكتدا كردووە لە ناخیشت نزیک بۆتەوە لە دلّیشی داوی، ئەو لە ناخەوە قاقا پێت پێدەكەنێ، ئەو پێكەنینەش كەڕوكاسی كردووی. هەر بۆیە بە گەمژەیی و هێڕی خۆت نازانی. پێت بلّێم لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی كاكت ئەو ڕووكەشەی بەبەرداكردووی، ئەوانەش كە دێن و لە دەورت كۆدەبنەوە ئەم ڕووكەشە بریقەدارە بە شەوارەی خشوون!

ڕاستییەكانی لێ شاردوونەوە. ئەرێ بگری، بگری با ڕۆحت ئاسوودە بێ با بزانی چ ڕۆژگارێک بە پووچی بەسەربرد. بە ئەنگوستی خۆت چاوی خۆتت كۆلّی، بە فلّچەی دەستت وەبیر بێنمەوە گەلێ جار ویستووتە فلّچەكە فڕێدەی،بەلاّم هەر كە ئەو و ڕوخساری كاكت هاتۆتەوە بەر زەینت، ئەو كارەت بە بڤە زانیوە. بگری با ئێستا ئەوەندە بە زەلكاوی بەدبەختیدا ڕۆنەچی. دە ئەگەر غیرەتت هەیە شەقێ لە غرووورت هەلّدە و ڕووبكەوە ڕاستییەكان. بگری با، بوركانی ویژدانت دامركێ. بۆ جارێک لە خۆت ناپرسی هەلّگرتنی ئەم فلّچە هەتا كەی.

یانی هێشتا ئەو و كاكت لەخەو و بەخەبەریشدا قاقا پێت پێدەكەنن ئێستاش ناپرسی ئەرێ ئەم فلّچەیە بەهرەی چی بوو بۆ من. لەوە زیاتر هەموو شتەكان هەموو جوانییەكان شاردرانەوە و بە ئەقلّی تۆ پێكەنین لەوە زیاتر پەنجەرەكانی نەبین كرد و ئەوەندەی دی تالاّوی بە گەرووداكردی. قەت وابووە لەخۆت بپرسی چ هەلّەیەكت

کردووە؟ نا، دەزانم تۆ ئێستاش نازانی بە قسەی کاکت هەزار کەرەت خۆتت کوشتووە! ئێستاش بیرت لەوە نەکردۆتەوە بۆچی ئازارەکان گێرەت دەکەن، دەزانم بیرت لە هیچ نەکردۆتەوە نە لە پێلەقەی ویژدان و نە هیچی تر. بگری با، بورکانی ویژدان رات نەتلێنێ بگری بۆ بەهەشتی خەونەکانت، من هەمیشە باوەڕم بەو پردە هەیە کە بەسەریدا دەپەڕیمەوە و خۆشم دەوێ. من ڕێز بۆ چاوی خۆم دادەنێم من نەفرینم لەو دەست و فلچانەیە پەنجەرەکان ڕەش و بۆیاخ دەکەن، بەڵام تۆ چی!؟ تۆ هێشتا حازر نی واز لەو رووکەشە بێن لە فلچەکە. تۆ حەز بە کوێری پەنجەرەکان دەکەی، بەڵام حەز ناکەی بۆ ساتێک لە فلچەکە و ئەو وەکالەت دووربیتەوە. لەبیرتە جارێک وتم «ئەگەر مرۆیەکی ژاپۆنی دەبووم دەزانی چیم دروست دەکرد؛ هیچت نەگوت، کامێرا، کامێرایەکم ساز دەکرد هەناوی مرۆڤەکان وێناکردبا نیشانی دابا، سلوولەکانی مێشکی هێنابایەتە سەر شاشە و هەموو کەس بیزانیبا چی تێدایە!» لەبیرتە وتت ئەمە مەحاڵە، ئەستەمە! دەزانی منیش وتم چی؟ وتم ئەگەر مرۆیەکی ژاپۆنی دەبووم.

بگری دەزانم تۆ گریانیشت لەدەست نایە تۆ کە هەناویشت داقنیوە چۆن گریانت دێ! تۆ بە چاوێک دووکەس دەبینی، یان دووکەس بە چاوێک سەیر دەکەی! یەکیان ئەوەی سەرت دەشکێنێ و یەکیشیان ئەوەی بۆت دەرمان دەکا! ناحەقت ناگرم ئەو فلچەیە بەدەستی هەر کەسەوە بێت هەر ئاوای بەسەر دێ! لەپێش هەمووشتدا لە ناخی خۆیەوە دەست پێدەکا. هەر بۆیە گریانت نایەت، گریان لە ناخی قورم گرتووی رووخاوەوە چۆن بێت. گریان لە پربوونەوەیە. هەڵچوون لە سووتانەوەیە، ئەفغان کە خاوەنی جارەگوڵی ڕەشە! بەرامەکەی یەکی تر هەڵی دەمژێ دووکەڵەکەی دەکا بە گژ یەکی تردا، کاکیشت هەر ئەو کارەی کرد. من کە یەکەم جار ئەو و کاکتم ناسی، هەر زوو زانیم ژاری شیرینی پێداوی! بۆیە وتت شتەکان بە مردوویی دەبینی لەبیرتە وتم کاکت مردووی نانە! پێت سەیر نەبێ مێژووی مردنەکەی ئەو زۆر لە پێش تۆوەیە، بۆیە هەموو وتەکانی ئەوت لە بەرژەوەندی خۆت دەهێنا ئەژمار، بەڵام کوا؟ هیچ دەزانی هەرئەوەندە دەستی پێتەوە بوو هەتا سەر هەڵدێرەکە. ئیتر کە زانی لە سەرە و خواریدای دەستی لە ڕەوڕەوەکەت بەردا. ئێستا ئەو لەو سەرەڕا سەیرت دەکا و قاقا پێدەکەنی ئیتر تۆش تازە شەلی کوێری کەس نابوێری! پەنجەرەکانت بە فلچەکەی دەستت ڕەش کردۆتەوە، ئاوێنەکانت شکاندووە، گلۆپەکانت تۆقاندووە،و سمۆرەکانیشت کوشتووە و پردەکانیشت رووخاندووە. ئیتر چی ماوە؟ هیچ خۆ گریانیشت نایەت کاکیشت لە دوورەوە قاقا پێت پێدەکەنێ و تۆش بە قەڵاندۆشی ڕەوڕەوەکەوە فرکان فرکان دەڕۆی، بەڵام نازانی بۆ کوێ!

## ئەستێرەیەک وەکو

لەمێژ بوو بەدڵ چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئەستێرەکەیان دەکرد. چەند پشت، بەو هیوایە هاتبوون، هەر بۆیە شەو نەبوو چاوەڕوان نەبن؛ لە کاکێشان و ورد و درشتی ئەستێرەکان ڕادەمان. دەشیانزانی درەنگ یا زوو ئاخری چاویان بە ئەستێرەی هیوایان ڕوون دەبێتەوە.

ئەوانەی لە چاوەڕوانیدا ئاوی ئەژنۆیان داهاتبوو لەپڕ دەستیان کرد بە سەما و هەڵپەرکێ بە چەپڵەلێدان بە هوورا کێشان!

ئەستێرەکە لە ئاسۆوە سەرکەوت.

تامەزرۆیان لە سەماکردن ماندوو نەبوون، ئەستێرەکەش تا دەهات نزیک دەبۆوە، نزیک و نزیکتر، ئیتر هەتا خۆی خستە نێو چاوانیانەوە. کەسێک لەمێژبوو سەیری تامەزرۆیانی دەکرد، لەکاتی ئاویلەکەداندا ئەوەندەی هێزی لەبەردابوو هاواری کرد:

بۆ لێم تێناگەن لەمێژە پێتان دەڵێم ئەوە ئەستێرەی کاروان کوژەیە، کاروان...

تاو هەڵات بە دووسێ دەستە بەنێو شاردا دەگەڕان. لە بڵندگۆی مزگەوتەکەوە هاواریان کرد: خەڵکی شار و بازاڕ لادێ نشینانی وەرزێر، لەسەر ئەمر و فەرمانی حەزرەتی والا! لە بەیانییەوە هیچ کەس بۆی نییە بەبێ کڵاو لە ماڵێ بێتە دەرێ!

سبحەینێ خۆرەتاو زۆر لە زەوی نزیک دەبێتەوە! ئەوەی سەرپێچی لە فەرمانی حەزرەتی والا، بکات تاوی سبەینێ دەیسووتێنێ!

بەیانی ئەوەی لە ماڵ هاتەدەرێ تەپلەیەکی لەسەردابوو. بەڵام ئەو ڕۆژە لە تاوهەڵات خەبەرێک نەبوو!

# تاخا فللا

**مگردیچ مارگوسیان**
**وەرگەڕ ژ ترکی: رووکەن باگدو کەسکین**
**(ستەنبۆل)**



رۆژەکا زڤستانێ بوو. بەرفێ رووێ هەموو کوچێن دیاربەرکرێ ڤەگرتبوو و ئەو خستبوو بن حوکمێ خوە. بەرف وەک ریبیا سارکیسێ دلۆڤان، فیق سپی ل سەرانسەرێ رێ درێژ دبوو. ژ حەوشا دەرێ ب پێپەلووکێن دەرەنجێ ڤە هلدکشیا دچوو سەر دیوارێ کو زەنگلێ دەرێ ل سەر بوو و خاچا پیرۆزا ل هافا باژێڕ ددا هەمبێزا خوە ماچ دکر.

ئووسۆ زەنگلڤانێ دێرێ بوو، ژێ رە دگۆتن ئووسۆیێ دینک ژی. ژخوە دڤێ گاڤا مرۆڤ بەحسا وی بکە ژێ رە بێژە یەکێ (کێماقل) راستترە. بەری کو ئووسۆ ل دێرێ ببە زەنگلڤان، ل با برایێ خوە یێ ب سالان ژێ مەزنتر، سەبرۆیێ هەسنگەر نخافێ دکشاند. ئووسۆ ب وێ کێماقلیا خوە جارنا دکر کو شیرەتا ل سەبرۆ- ب ناڤەکی دن کووپێ هێرسێ- بکە. لێ هنگێ ژی هەما نەدما کو قیامەت رانەبووا. وسا ب دەڤی هەڤ دگرتن کو ئێدی براتی ل ئالیکی دما، شەڕ دبوو شەڕێ هۆستە و شاگران. هەتا کو جیران دهاتن هەوارا وان و بێی کو خوین بڕژە ئەو ل هەڤ دئانین. ئووسۆ وێ ب هێرس پێشمالکا خوە دەرانییە و بڤرڤراندا ب ئالی برایێ خوە ڤە بگۆتا «هەکە جارەکە دن پیێ من ب ڤر کەت بلا ئەز کوڕێ تەبم..» پشتی کۆمەک چێر و پێچاری وەکە هەرجار وێ راستەڕاست بەرێخوە بدایا ئالی دکانا برایێ خوەیێ دن جێوییێ سەبرۆ، رزگۆ بێپرس و بەرسڤ وێ بکەتا بەر نخافێ.

هەموو کەس هینی چوونووهاتنا ئووسۆ یا د ناڤبەرا سەبرۆ رزگۆ دە بووبوو.. کەس بەربایی وان پەڤچوونان نەدکەت. سەبرۆ و رزگۆ هەردوو ژمێژ ڤە زەوجیبوون، بووبوون خوەدی مال و کار، ژ گاڤا کو باڤێ وان مربوو ئووسۆ و دیا خوە خوشکا رحانێ هەردوو ب تەنێ ژ خوە

ره ل مەنزەلەكە د حەوشا دێرێ دە دمان. پشتی كو زانگوچ زفكار چوو سەر دلۆڤانیا خوە، رێڤەبریا دێرێ ب بڕیارەكێ ئووسۆ ئانی سەر كارێ زەنگلڤانیا دێرێ. جەماعەتا ئەرمەنیان ب ڤێ بڕیارێ پڕ كێفخوەش بوون لەورە دگۆتن ب ڤی ئاوایی «ب كەڤرەكی دو چڤیك هاتن خوارێ». ژ خوە رە دگۆتن ب ڤی شكلی بە ئەمێ هم ژ پەڤچوونا ناڤبەرا هەردو برا خەلاس ببم هم ژی لێ نەلێ ژ زەنگللێدانا ئووسۆ خەلاس بم... ل ئالیێ دن ژی بەلا كو دڤابوو تم و داییم ل دێرێ ل سەر كارێ خوە بمایا، ئەوێن كو جارنا ل كۆلانان ددانە دووڤ وی و حەنەكێن خوە پێ دكرن وێ ژ ڤێ كێفێ و چێرێن وی یێن كو ل تو دەڤەران نەهاتنە بهیستن بێپار بمانا...

وێ رۆژێ، وێ رۆژا فیقسپی، ئووسۆ ب مرنا مەیرەما گۆزەلان پڕ ئێشیا. كی بمرایا ل سەر وان دگریا. ل پەی مرنا هەموو كەسی كەزەبا وی دپەرتی. ژخوە هەما بێژە هەور و هەر خلۆلیك ژ چاڤان دبارین، پشتی كو ل سەر مەیرەمێ ژی تێر گریا د جی دە بوو گنەگنا وی. «هچا سپیساخ» بلا ل جیێ خوە بە و مەیرما وەكە گولەكێ رابە بمرە... دە وەرە نەبەعجە!»

دینیتی و كێماقلیا ئووسۆ ل ئالیەكی لێ ب راستی ژی پشتی بوو زەنگلڤان، خوە ژ دلۆجان دا سەر كارێ خوە. پشتی ل سەر مەیرەمێ تێر هێسر باراندن كارێ وی هاتە بیرا وی و ب بازدان چوو دێرێ، كەندیرێ زەنگل ب چەنگەلەكی ڤە هەلقاندی بوو، وی ژێ كر و هەتا ژێ هات خوە دا سەر كەندیر، زەنگل لێ دا. دەنگێ زەنگل ب دینگ دۆنگێ پێل ب پێل ل هەموو كوچان بەلاڤ دبوو هەتا ل سەر بەرفا خێنیان كۆمبوویی ژی دكەت و ئۆلان ددا. ئەو ژی تەڤی دەنگێ زەنگل دبەر خوە دە مژوول دبوو و دگۆت:

«خەسوو ما بووك چوو». «حەسوو ساخ بووك مر.»

«ما دڤێ بەرف و بارانێ دە ئەڤ ئێش بوو تە ئانی سەرێ مە! ئەز دبێژم قەی خوە دێ ژی خوە شاش كریە!»

«تۆبە، تۆبە، تۆبە...»

هەو دهاتە بیرا ئووسۆ كو ئێدی ژ زەنگلێ بگەرە. مەلایێ مزگەفتا نێزیكی وان یێ مزگەفتا شێخ مەتەر ب بێهنفرەهی ل بەندا راوەستنا ئووسۆ بوو. دبەر خوە دە بوو «یا سەبر سەبرا» مەلێ و رابوو دەركەتە سەر منارا چارلنگ یا مزگەفتا كەڤن.

«ئەللاهوو ئەكبەر، ئەللاهوو ئەكبەر!..»

«دینگ- دۆنگ، دینگ- دۆنگ..»

«ئەللاهوو...»

«دینگ...»

«ئەكبەر...»

«دۆنگ!...»

نسرەدینێ موئەزین هەتا ئازان دا، پۆزێ وی ژ سەرما بوو وەكە بالیجانەكە سۆر و خوە ژ منارێ بەردا خوارێ. ئووسۆ هێ ژی ب ڤێ بەژنا خوە یا كنك خوە درێژی كەندیرێ زەنگل دكر، د ڤێ ناڤێ دە ب داكەتنا موئەزین شا دبوو و پێ رە چەند جارێن دن ژی ل زەنگل ددا. دەنگێ زەنگلێ وی پێل ب پێل هەتا جهێن هەری دوور بەلاڤ دبوون و دچوون ل سەر نەرمكا گوهێن ئەرمەنیێن كو ژ سەرما سۆرۆ مۆرۆ بووبوون دبوون پرس و داتانین.

«كریڤێ بەدۆ! ئێرا خێرە د ڤێ ساعەتێ دە دەنگی زەنگل، چ قەومییە؟»

«خێرا چ حالێ چ... مەیرەمێ مریە.»

«رەبەنێ ژ خوە رە خەلاس بوو... ئێش مێشا وێ نەما...»

«لێ هێ گەلەک جوان بوو.»

«ئەڤ تشت گوه نادە جوانی و پیریتیێ.»

«راستە.»

«خوەدێ گونەهێن وێ عەفو بكە.»

«ئامین.»

گوهەكی دیكرانێ هەسنگەر ل سەر زەنگلێ ئووسۆ یێ دن ژی ل سەر مشتەریێ وی یێ كورد بوو. ب سەر شاگرێ خوە یێ كو نخافێ دكشاند دە غەیدی.

«دێ بلەز بكشینە، هادێ!»

ل ئالیێ دن ژی هشێ دیكران چووبوو سەر زەنگل. دناڤ دەنگێ زرمە زرما هەسنێ سنجری كو ژ سەر تفكێ هێ دانیبوو و دكوتا دە دفكری كا چ قەومییە.

تووماسێ چێكەرێ یەمەنیان گاڤا دەنگێ زەنگلی نە د وەختێ دە بهیست گازی شاگرێ بەر دەستێ خوە كر و گۆتێ: «گربۆ! باز دە هەرە دێرێ بنێرە بێ چما ئەڤێ دینک وسا مسێوا ل زەنگل ددە...»

گربۆ ژی ژخوە ل هێڤیا فەرسەندەكە وسا بوو كو خوە بئاڤێژە كوچێ ب هەڤالێن خوە رە ب كاپێ بلەیزە. زوو زووكا پێشمالكا چەرمی ل بەرخوە ژ خوە كر وەكە تیرە

کیداکەتە کوچێ.

گربۆ پشتی کو تێرا خوە ب هەڤالان رە ب کاپێ لەیست و زۆرا وان بر نوو هاتە بیرا وی وێ هۆستێ وی ژ بەرکو دەرەنگ ما چ بینە سەرێ وی. گاڤا ڤەرگەریا دکانێ هۆستە ب سەر دە هلبوو:

«ئەڤ دو ساعەتن تو ل کو دەرێ بوویی سە کوڕێ سە!»

«هۆستە، مەیرەمێ مریە.»

لێ هۆستێ وی ژ زوو ڤە سەدەمێ لێدانا زەنگلان ژ ساگۆیێ سەفار ژ سامۆیێ پووشیفرۆش، ژ کارکەرێن سکۆ؛ ژ دۆنۆ یێ چاڤتەوش و ژ حەجی نۆنۆ بهیستبوو.

گاڤا ئوسۆ دیت کو موئەزین نسرەدین ژ منارێ داکەت ب کێفخوەشیەکە سەرفرازی بەنێ زەنگل ب چەنگەل ڤە گرێدا و خوە ئاڤێتە دەرڤە. بەرێ خوەدا وان تاخێن هەری دوور دا کو کەسێن کەرِی دەنگێ زەنگل نەچووبوو وان هایدار بکە. ب رێ دە چ جار راستی ئەرمەنییەکی دبوو مەسەلە هەر جارێ ب شکلەکی ژ وان رە دگۆت:

«مەیرەما گۆزەلان مر!»

«وا خالێ دیکرۆ!... مەیرەمێ، بووکا هچێ چوو رەحمەتێ.»

«مامێ ساکۆ تە بهیست؟ مەیرۆکا دەلال مریە.»

ئوسۆ ب بەژنا خوە یا کنک دناڤ بەرفێ دە دگندری. جارنا پێلاڤا وی ژ پیێ وی دکەت و د بەرفێ دە ئاسێ دما، چیرەک نە دما پێ نەدکر و دڤێ رۆژا زڤستانێ دە ژ خویدانێ شلۆ پلۆ دبوو هەتا دگهشت تاخا فللا.

ل تاخا فللا یا زەمانەکی ب ناڤودەنگ ل دەوسا یێن کو ب کۆچێ ل چار ئالیێ دنیایێ بەلاڤ بوو بوون ڤێگا سێ چار مالباتێن ئەرمەنیان مابوون. هەموو هەر یەکێ ژ وان بەرێ خوە دابوون وەلاتەکی غەریب. تەنێ ناڤ ژێ مابوو: تاخا فللا. پشتی ئوسۆ ژ حال و حەوال کەت بەرێ خوە دیسا دا دێرێ. ل مالان و دکانان هەموو کەسی بەحسا مەیرێ دکر.

«وەیلا بەدەوێ!»

«رەبەنێ!»

«خوەدێ تەخسیراتا وێ عەفوو بکە!»

«تۆبە تۆبە لێ نە دۆرا وێ بوو!»

«هەتا پیر هەبن مەرڤ جوانا ژێ نابە...»

«حەیفێ، حەیفێ!»

«چ چاڤنە بەلەک ل بێباڤێ بوون.»

«ژخوە بەژن و بالا وێ!»

«تەو ئەو چاڤ و برۆو!»

«لێ ئەو مەشا نازەنین.»

«تە دیت د داوەتا دگاڤا دکەت گۆڤەندێ؟»

«ل پەی خوە دوو زارۆکێن سێوی هشت.»

«وێ هچێ وان خوەیی کە...»

«هچێ ب کێری خوە نایێ هەتا دۆرا زارۆکان!...»

مژوولاهی و گالەگال هەتا مەریێ ڤەشارتن کشاندن. دێر هەتا ب دەڤ تژە بوو بوو. ئوسۆ دگۆت ژبەر کو من باش ل زەنگل خست ئەڤچەند ل هەڤ جڤیا. هەما بێژە هەموو کەس وێ رۆژێ هاتبوو دێرێ. ژ خەینی «ڤانەسێ ڤۆقەدەرزی.» ڤانەس یەکی دینگەلەکی بوو ژ وێ یەکێ خەلکێ ئەڤ ناڤ لێ کربوو. ژ کەر و هەسپ و هشتران رە کورتان ددرووتن. ژ خەینی رۆژێن یەکشەمێ پێڤە توجار دکانا خوە رانەددا و مفتێ نەددا دەستێ شاگرێ خوە نەدچوو هەواری مەواریێ. ژخوە کەسی ژ ڤێ پێ ڤە تو هێڤی ژێ نەدکر. کەسێن کو نەدزانن چ کاری دکە و ژێ دپرسین ب پرمەکی مەزن ل وان ڤەدگەڕاند دگۆت: «ئەز تەرزیێ کەرامە.» ژ کەرەکی کو ڤێ بەرسڤێ بدە تێ چ کەریتیێ بپێ.

مەیرەمێ برن ل بەر سەرێ کەچا وێ ڤەشارتن. کەچا وێ یا کو شەش مەهـ بەرێ ئانی بوو... تەڤی هنەک گری، بێهنا بخوورێ و دعایێن کەشە ئارسەن.

رۆژا پێشی ژبۆ خێراتا مەیرەمێ حەلاوا تەحینێ و نان هاتە بەلاڤکرن. گەدەیێن کوردا یێن بێدەرپێ ماتمایی ل ری، جبە و خاچا زیڤ یا د دەستێ کەشە ئارسەن دە دنهێرتن و بەردە ژێ نان و حەلاوا کو دابوون وان دخوارن.

مەیرەما بەدەو پشتی کو تەڤی ئاخا رەش بوو هەموو کەس ڤەگەریان سەر کارێ خوە. ئەگووشێ لاستیکڤان دیسا دەست ب درووتنا چارۆخان کر، مەرۆیێ هەسنگەر فاقێن گورا چێکر، نشۆ یێ ڤۆپێ خەراد ژ دارێن حلووکا بلووران چێکر، حەنووشێ نالبەند نالا کوتا، ب کورتایی هەموو کەس دیسا ب کارێن خوە یێن رۆژانە ڤە داکەتن. دڤێ ناڤێ دە ئوسڤێ عەتارێ کەلدانی، جیرانێ وی یێ بەربەرێ سوریانی ئاڤۆ لیستکا دامێ دۆماندن.

وە شەڤێ خوە ل دو کەسان تەنێ هەرمی، یەک ژێ

مێرێ مەیرەمێ بوو، سکۆ هۆستێ دیواران، ئا دن ژی خەسوا وێ هچێ بوو. هچێ یا پیرک ژ کەربێ کو بووک بەری وێ مربو دمر. دگۆت قەی ژ رووێ وێ ئەڤ یەک قەومییە.

سکۆ گاڤا کەتە ناڤ نڤینان کورێ وی یێ بچووک سەتۆ و کەچا وی یا هەشت سالی تەکۆ ژ مێژ ڤە د خەو رەچوو بوون. ئەو و دیا خوە هچێ ل بن رۆنیا لەمبێ یا کێم ژ خوە رە ل رسمێ مەیرێ یێ کەچکانیێ کو ب دیوار ڤە بوو دنهێرتن.

ل دەرڤە، ل وان کوچێن دیاربەکر یێن تەنگ دە دوێ شەڤا زڤستانێ دە گاڤا سارکیسێ عەزیز رییا خوە یا ژ بەرفێ سپیتر دفرکاند، مەیرەمێ ل نڤینێن خوە یێن گەرم دگەریا و بێریا پاشەلا مێرێ خوە یێ ب پرچ دکر.

**– ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا کۆمەلە چیرۆکا ب ناڤونیشانی (ل بامە ل وان دەران) رووپەلێن (٧-١٢) هاتیە وەرگرتن. ئۆرژینالا ڤێ پەرتووکێ ب تورکی بوویە و (رووکەن باگدو کەسکین) وەرگەراندیە سەر زمانێ کوردی و ژ ئالێ وەشانخانەیا ئاڤەستا ڤە ل سالا ١٩٩٩ ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپکرن، ژ ئالییێ گۆڤارا رامان ڤە هاتیە ڤەگواستن ژ بۆ رێنڤیسا کوردی یا نها ل هەرێما کوردستانا عیراقێ لکارە.**

**– مگردیچ مارگۆسیان ل سالا ١٩٣٨ ل دیاربەکرێ هاتیە دنیایێ. پشتی دبستانا ناڤین چوویە ستەنبۆلێ. بەشا فەلسەفێ د فاکولتەیا ئەدەبیاتێ ل زانینگەها ستەنبۆلێ خوەند. دناڤبەرا سالێن ١٩٦٦– ١٩٧٢ مامۆستایێ فەلسەفە و پسیکۆلۆژی و ئەدەبیاتێ و رێڤەبەرێ دبستانێ بوویە. پشت رە دەست ژ مامۆستەتیێ بەردا و کارێ بازرگانیێ کریە. بەرهەمێن خوە یێن ئەدەبی د رۆژنامەیا مارمارا دە وەشاندن. ل سالا ١٩٨٨ خەلاتا ئەدەبیاتێ یا وەقفا ئەلیز کاڤوکچیان (پاریس– فرانسە) وەرگرتیە.**

# بڕیار

**کاوە عیزەت خا**
**(بۆکان)**



دەمیان لە نێو دەمی یەک نابوو شیرینایی مژینیان ئاڵوگۆڕ دەکرد. هەناسەکان بە توندی و لێوڕێژ لە مانا دەهاتنە دەر؛ دەستی ڕاستی لەسەر مەمکە تورت و ساواکەی هەڵگرت و قامکەکانی وەکو شانەی هەرە گەورەی جوانکار ڕاست کردنەوە، بەر لەوەی لە گۆشەی چاوییەوە بیانخاتەوە ژێر لەچکەکەوە. هاتە بیری حەوتەی ڕابردوو دروست دوازدەی شەوی هەینی، ڕێکەوتی نازانم چەند، بە ترس و شەرمێکی زۆرەوە پێی گوتبوو زۆر دەترسێ کە لە جەهەندەم بە پەلکە هەڵیواسن! زۆرتریش لەوە کە پەلکەکانی توانایی ڕاگرتنی لاشەیان نەبێ و هەڵکەندرێن. ئاخر سوێندی خواردبوو ئەگەر پەلکەکانی هەڵکەندرێن بۆ هەمیشە خۆی دەکوژێ.

تەنانەت دوای نوێژ کردن هەمیشە دەستی دەگرتەوە:

«خوایە گیان دێڵە بەڕەڵای کۆڵانەکانم، بسک سووتاوم نەکەی.» باوکی پێی گوتبوو ئەگەر دەیهەوێ بە پەلکە هەڵینەواسن، ئەوا دەبێ لکی لەچکە پەشمینە ئەستوورەکەی لەسەر خەتی برۆیەوە بەسەر هەر دوو لاڕوومەتیدا بێنێتە خوارێ، لە ملی هاڵێنێ و لە پشتەوە دوو گرێی لێدا، چلەمووەکان و تەنانەت زەنگوڵە ئارەقی بسکەکانیشی لە نامەحرەم بشارێتەوە.

ئەویش لە یەکەم ڕۆژی چاوپێکەوتنیاندا پێی گوتبوو: هێندەی خۆش دەوێ کە ناتوانێ لە هەمبەر ئەو خۆشەویستییەدا لە مەمک بڕین و چاو دەرهێنان بترسێ!

بەڵام دەیگوت دایکم هەمیشە دەڵێ بە درێژایی تەمەنم قەرەواشی ماڵە ئاغایان بووم، پەلکەی هێندە جوانم بە هیچ خانمێکەوە نەدیوە، ئەگەر ئاگای لێیان بێ لەو دنیا بۆی دەبنە کراسی بەهەشت و خۆیان پێدادەپۆشێ.

ئەویش قەولی پێدابوو دەسبزێوی نەکا و...

قامکەکانی لێک نزیک بوونەوە، نیو گۆی کردن و بە تیلاکی مەمکییەوە نیشاندنەوە؛ بە نەرمی پێی گوت سوێند دەخۆم هیچ کات کارێکی وا ناکەم بە پەلکە هەڵتواسن.

* * *

ساڵی پێشتریش ئەودەمانە سوێندێکی لەو چەشنەی خواردبوو، بەڵام نازانم چۆن بوو خودا لەونی لێ گۆڕیبوو...

حەوتەی دوایی لە خەونیدا ببوو بە کچێکی چاردە ساڵەی تا دەست هەڵێنی کەڵەگەت، سپی و ناسک، چاوڕەش و ڕێکوپێک. بە تاوانی ئەوەی کە کوڕێک دەستی لە مەمکی داوە لە جەهەندەمێ بە مەمک هەڵیانواسیوە و...

* * *

مێژووی ئەوەیان باش نازانم، بەڵام چاوەکان بەڵگەی هەرە زیندوو بوون. ئەو چاوانە دوو جار بە نیشانەی خۆشەویستی لە ڕوویدا نیوە ترووکا بوون، حەوتەیەک دواتر بە قولاپی جەهەندەم دەرهاتبوون! ئەویش هەڵێگرتبوونەوە و لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی قایم کردبوون.

* * *

ئەو شەوە بەر لەوەی کاتژمێر دواچرکەکانی هەینی بژمێرێ، تابلۆیەکی نووسراوی بە سەردەرانەی ژوورەکەیەوە بەجێ هێشت:

«دەڕۆم جەهەندەم بڕووخێنم.»

# لەرەی باندۆڵی کاتژمێر

**کاثرین مانسفیلد**
**لە ئینگلیزییەوە: ڕەشید ئیبراهیم**



ژنە خاوەن خانووەکە لە دەرگای دا.

ڤیۆلا گوتی، وەرە ژوورەوە.

ئافرەتەکە گوتی، ئەوە نامەیەکە بۆ تۆ، نامەیەکی تایبەتە.

پاکەتە سەوزەکەی بە قولینچکی بەرهەڵبێنە چلکنەکەی وەرگرت.

ڤیۆلا هەڵتروشکابوو ئاگری سۆبە تۆزاوییە چکۆلانەکەی خۆش دەکرد، دەستی درێژکرد. «هیچ وەڵامی نییە؟»

«نەخێر، نامەهێن ڕۆیشت»

«ئوه، زۆر باشە» تەماشای دەموچاوی خاوەن خانووەکەی نەکرد شەرمەزار بوو، چونکە کرێی ژوورەکەی نەدابوو، واقی وڕمابوو ناوچاوانی گرژببوو، ئەگەر ئافرەتەکە دووبارە هاتبایەوە و دەستی بە هەڕەشە کردبایەوە ئەو هیچ هیوایەکی نەبوو.

«ژنەکە گوتی، لە بارەی ئەو پارەی کە قەرزداری منی.

ئۆه، خوایە، خۆزگە ئەو ژنەم لە کۆڵ بایەوە و ڕۆیشتبایە، ڤیۆلا وای بە خەیاڵدا هات، پشتی کردە ژنەکە و لە نزیک سۆبەکە ناوچاوانی خۆی گرژ کردبوو.

یان دەبێ کرێیەکە بدەی یان دەبێ بڕۆی! ژنەکە دەنگی بڵند کردبوو دەیقیژاند «من خانمم، من ژنێکی بەڕێزم پێم خۆشە بزانی. ئەمن ئەسپێم لە ماڵێدا ڕانەگرتوون بە دزییەوە بچن بۆ ناو شمەکی و هەموو شتێک بخۆن» یان دەبێ پارە بدەی یان بەیانی پێش کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ بڕۆی.

ڤیۆلا زیاتر بیری دەکردەوە لەوەی کە تەماشای ئاماژەکانی ئەو ژنە بکات. ژنەکە بەشێوەیەکی گێلانە و بێ یارمەتی دەستی بەولاولادا دەجوولاند، هەر وەکو کۆترێکی پیس لەبەر چاوانی بفڕێ. پیرە دڕندەیەکی

پیس! ئاخ! بۆنی شێوەی بۆنی پەنیری کۆن و سەرشۆرکی شێداری هەیە. «زۆرباشە»
بە کورتی وەڵامی دایەوە؛ یان پارەکەت دەدەمێ یان بەیانی ژوورەکە بەجێ دێڵم. زۆرباشە مەقیرێنە.
ئەوە شتێکی نائاسایی بوو- هەمیشە پێش ئەوەی ئەو ژنە نزیک بێتەوە و بێتە ژوورەوە، ئەو دەستی دەکرد بە لەرزین- تەنانەت کە دەنگی پێیە پانەکانیشی دەهات کە بە پلیکانەکاندا سەردەکەوت، هەستی بە نارەحەتی دەکرد، بەڵام جارێکیان لە پڕ ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە هەستی بە ئارامییەکی گەورە و بێ ئاگا کرد، نەیدەزانی بۆ ئەوەندە بۆ پارە شپرزەیە، نەیدەزانی بۆ ئەوەندە بە دزییەوە ماڵی بەجێ دەهێشت، زۆر بە هێواشی بۆ ئەوەی کەس نەیبینێ تەنانەت نەدەوێرا دەرگاکەش لە دوای خۆی پێوە بدات نەکا خاوەن ماڵەکە گوێی لێ بێت و هاوار بکات و دەست بە قسەی ناخۆش بکات، نەشی دەزانی بۆ بەدرێژایی شەو بە پەشۆکاوی لە ژوورەکەیدا دێت و دەچێت لە پڕ لە بەردەمی ئاوێنەکەدا ڕادەوەستا و لەگەڵ وێنە ڕەنگدراوە تراژیدیەکەی خۆیدا دەدوا و دەیگوت، پارە، پارە، پارە، ڤیۆلا کە بەتەنیا دەبوو، هەژارییەکەی وەک چیایەکی خەیاڵ وابوو کە لەسەر ئەو چیایە پێیەکانی داکوترابوون- ئازاری بە قەبارەی ئەو شتەبوو، بەڵام ئەو شتە کە دەبوو بە ڕووداوێکی دیاریکراو لەگەڵ نەبوونی کات بۆ سەرقاڵ بوون بە خەیاڵاتەوە چیا خەیاڵییەکە وردە وردە چکۆلە دەبێتەوە و کەم دەکاتەوە بۆ زەلیلی و هەژاری کە خێرا تێدەپەڕێ لەگەڵ تووڕەیی و هەستێکی بەهێزی باڵا دەستی.
ئافرەتە خاوەن خانووەکە بەقرەقر و بۆڵە بۆڵ چووە دەرەوە زۆر بە توندی دەرگای لە دوای خۆی پێوەدایەوە بە جۆرێک کە ژوورەکە لەرزییەوە و دەنگێکی گەورەی لێ بەرزبووەوە. هەروەک دەرگاکە گوێی لە گفتوگۆکەیان بوویێت و پڕاوپڕ لەگەڵ دێڵە دێوەکە هاوسۆز بێت.
ڤیۆلا بەهەڵتروشکاوی نامەکەی کردەوە. لە کاسیمیرەوە بوو: کاتژمێر سێی ئەم دوای نیوەڕۆیە لەگەڵت دەبم- دەبێ ئەم ئێوارەیە دووبارە لە یەکتری نزیک بکەوینەوە. هەموو دەنگوباسەکان لەکاتی بەیەکگەیشتنەوەماندا، هیوادارم لەمن بەختەوەرتر بیت- کاسیمیر.»
«هاها! چەند بەسۆزە!» گاڵتەی پێکرد چەند بە بەزەییە.
لە ڕاستیدا ئەو سۆزە زۆرە لە تۆوە! ڕاپەڕی بۆسەر پێیان، نامەکەی لەناو دەستاندا خڕکردەوە. ئەتۆ چۆن دەزانی من لێرە دەبم چاوەڕوانی خۆشی تۆ دەبم تاکو کاتژمێر سێی ئەم دوانیوەڕۆیە؟ بەڵام دەیزانی دەبێ چاوەڕوان بێت تووڕە بوونەکەی نیوە دڵسۆزییەکە. زۆری ئارەزوو لێ بوو کاسیمیر ببینێ، لەبەر ئەوەی باوەڕی وابوو لەوکاتەدا وا لە کاسیمیر دەکات لە بارودۆخەکەی بگات... چونکە وەک ئێستا هەیە، لەتوانادا نییە- لەتوانادا نییە!» بۆڵاندی.
کاتژمێر دەی بەیانی بوو سپیە ڕۆژبوو بەخۆ تێهەڵقورتاندنی شەوقە کزەکەی ڕۆژ هەڵات ڕووناک ببووەوە. بەو شەوقانە ژوورەکەی دەگەڕاو پیسوپۆخڵ دیاربوو. شووشەی پەنجەرەکانی خراپ کردبوو- بەڵام ڕووناکییەکی سپی بەردەوامی دەدا کە ئەویش خراپ بوو. تاکە شتێکی کە لەو ژوورەدا هەبوو بۆ ژیان جەرەی گوڵە شلێرەکان بوو، ئەویش کچی خاوەن خانووەکە دابووی بەو: لەسەر مێزەکەی دانرابوو بۆنێکی لاوازی لە گەڵا جوانەکان دەهات تەنانەت خونچە گوڵی پڕ و قەڵەویشی لێ بوون پشکووتبوون، گەڵاکانیان دەتگوت چەورکراون دەدرەوشانەوە. ڤیۆلا چوو بۆ سەرەوە بۆ لای دەستشۆرەکە، هەندێکی ئاو کردە ناو تەشتە سپیکراوەکە، دەموچاو و ملی بە ئیسفەنج پاک کردەوە. دەموچاوی لەناو ئاودا نقووم کرد، چاوی لەناو ئاوێدا کردەوە سەری بەم لاو ئەولادا ڕاوەشاند- ئەوە زۆر خۆش بوو. سێ جار وای کرد. وای دادەنێم کە دەتوانم خۆم بخنکێنم بەوەی زۆر لەناو ئاوێدا بمێنمەوە، وای بیرکردەوە.
پێم سەیرە تاکو مرۆڤ بێهۆش دەبێت چەندی پێدەچێت؟
زۆرم لە بارەی ئەو ژنانەوە خوێندووەتەوە کە لە ناو دەلودا نقووم بوون پێم سەیرە داخوا هیچ هەوایەک لە ڕێی گوێوە دەچێتە ژوورەوە- ئەگەر تەشت بەقەدەر دەلوی قووڵ بێت؟»
تاقی کردەوە- دەستشۆرەکەی بەهەر دووک دەستان گرت و بە هێواشی سەری خۆی لەناو ئاوێدا نقووم کرد کە نیازی هەبوو دووبارەی بکاتەوە و لە دەرگا درا. ئەم جارەیان ژنە خاوەن ماڵەکە نەبێت- دەبێ کاسیمیر بێت.

بە دەموچاو و قژی تەڕەوە کە ئاوی دڵۆپ دڵۆپ پێدا دەهاتە خوارەوە، هەروەها بەژێر کراسی دانەخراوەوە، ڕایکرد و دەرگاکەی کردەوە.

پیاوێکی غەریبە بەرانبەر بەشێپانەی دەرگاکە دەرکەوت ڕاوەستا بوو- هەر کە ڤیۆلای بینی چاوی ئەبڵەق بوو خەندەیەکی زۆر خۆشی بۆ کرد. «ممبووە- فراولین سکافەر لێرە دەژیەت؟

نەخێر، هەرگیز ئەو ناوەم نەبیستووە. خەندەکەی زۆرکاریگەر بوو، هەروەها ڤیۆلاش ویستی خەندەی بۆ بکاتەوە- ئاوەکە وای لێکردبوو هەست بە تازەیی و گوڵ ڕەنگی بکات.

پیاوە غەریبەکە ئارەزوو و سەرسامی زۆری نیشان دا.

بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد؛ لێرە نییە؟ مەبەستت ئەوەیە چووەتە دەرەوە!..

نەخێر، ئەو کەسە لێرە نازیت، ڤیۆلا وەڵامی دایەوە.

ببوورە، بەس خولەکێک، پیاوە لەشێپانەی دەرگاکەوە هاتە ژوورەوە و ڕاستەوخۆ لە پێش ڤیۆلا ڕاوەستا. قۆپچەی پاڵتۆ زلەکەی کردەوە، لەسەر گیرفانی سەر سنگی پارچە کاغەزێکی دەرهێنا، پێش ئەوەی بیدات بە ڤیۆلا بەدەستە دەست کێش کراوەکەی هەڵی گلۆفی.

بەڵێ، ئەوە ئەدرەسەکەیەتی و تەواو ڕاستیشە، بەڵام هەر لەوانەیە هەر جیاوازی لە ژمارەی ژوورەکەیدا هەبێت ماڵی بەکرێی زۆر لێیە، بۆ خۆت دەزانی ئەو سەر شەقا زۆر گەورەیە.

چەند دڵۆپە ئاوێکی قژی کەوتە سەر کاغەزەکە. ڤیۆلا پێکەنینەکەی تەقییەوە. ئۆه، دەبێ دیمەنم چەندە ناشیرین بێت.

بە یارمەتی خولەکێک، بە ڕاکردن بۆ لای دەستشۆرەکە گەڕایەوە خاولییەکی هەڵگرت. دەرگاکە هێشتا هەر کرابووەوە....

لە دوای هەموو شتێک هیچ شتێکی زیاتر نەمابوو بگوترێ.

باشە بۆ داوای لە پیاوەکە کرد خولەکێک چاوەڕوانی بکات؟

خاولییەکەی لە شان و ملی ئاڵاند و گەڕایەوە لای دەرگاکە، لە پڕ بیرۆکەیەکی بە خەیاڵدا تێپەڕی و بە دەنگێکی تیژەوە گوتی «بەداخەوە» من ئەم ناوە ناناسم.

پیاوەکەش گوتی: منیش بەداخەوە. تۆ لە مێژە لێرە دەژی؟

ئی.ر- بەڵێ- لەمێژە. لەسەرەخۆ دەرگاکەی پێوەدایەوە، باشە- بەیانیت باش، زۆر سوپاس هیوادارم بێزارم نەکردبی، بەیانیت باش.

گوێی لە پیاوە غەریبەکە بوو کە بەرێرەوەکەدا دەچووە خوارەوە پاشان هەڵوێستەیەکی کرد و جگەرەیەکی پێکرد،

بەڵێ- بۆنی کزی دووکەڵی جگەرەکە هاتە ژوورەکەیەوە.

دووکەڵەکەی هەڵمژی و دووبارە خەندەی هاتێ.

باشە، ناوبڕەیەکی دڵڕفێن بوو! پیاوەکە وا دیاربوو زۆر دڵخۆش بێت:

جلە قورسەکانی و دەستکێشە زلە داخراوەکانی، قژە جوان شانەکراوەکەی و.. ئەو خەندەیە... قسە خۆشەکان - تەواو وەکو منداڵێکی تێرخواردوو کە جیهانیش یاریگای خۆی بوو. خەڵکانی لەو شێوە چاکەکارن- کەسێک لە دیمەنیانەوە هەست بە جوانییان کراوە. ئەوانە

ئاقڵمەند و پەسەند بوون- زۆر ئاقڵمەند و پوختە بوون. ئەتۆ توانیوتە پشتیان پێ ببەستی هەرگیز هەوەسبازی شێتانەیان نەبووە لەو ڕۆژەوە کە لە دایک بوون تاکو ئەو ڕۆژەی مردوون و ژیانیش هاوپەیمانیان بووە و- لە باوەشیدا هەڵی پەراندوون- زۆر لەسەر هەق بوون- لەوساتەدا نامەکەی کاسیمیری بینی، لەسەر ئەرزەکە وردبوو- خەندە لەسەر ڕووی نەما. دەنامەکەوە ڕاما دەستی کرد بە پرچ هۆنینەوە- هەستێکی تووڕەیی گێلانە بە مێشکیدا ڕابورد، وا دەردەکەوت هەر وەکو پرچەکانی بە مێشکیەوە گرێ بدات هەموو پرچەکانی لەسەر تەپڵی سەری کۆ کردەوە و توند بەستی... بیگومان ئەوە لە یەکەم جارەوە هەڵەبوو. چ هەبوو؟

ئۆه، ترسی ڕاستەقینەی کاسیمیر. ئەگەر ئەو بەختەوەربایە کە بۆ یەکەم جار چاویان بە یەکدی کەوت ئەو هەرگیز سەیری کاسیمیری نەدەکرد- بەڵام هەردووکیان وەکو دوو نەخۆش وابوون لەیەک نەخۆشخانە- هەریەکەیان بە نەخۆشی ئەوی تریان ئاسوودە دەبوو- بنەمایەکی خۆش بۆ ڕێکەوتی خۆشەویستی! چارەڕەشی لەسەری هەردووکیانی دابوو بە یەکەوە: بە کێشە و سۆزەوە دادەچڵەکێن.... خۆزگە دەمتوانی هەنگاو بۆ دەرەوەی هەموو کارەکە بنێم و تەواو

حوکمی لەسەر بدەم.

لە پاشان ڕێگای دەرچوونم دەدۆزییەوە..... ئۆه، تەنیا بۆ جارێک دڵسۆزبە. خۆی فڕێدایە ناو جێگاکەی و دەموچاوی لە ناو سەنیرەکەدا ون بوو. من شەیدای کەس نەبووم.

من لە یەکێک گەڕاوم گرنگیم پێ بدات و لێم وریا بێت تا کارەکەم دەفرۆشرێت- ئەویش لەگەڵ پیاوانی دیکە کاتی خۆی لە دەرەوە بەسەردەبات. ئەگەر خێرا نەهاتبایەوە چ دەبوو؟

مووچە کەمەکەی خۆمم خەرج دەکرد، لە دواییدا- بەڵێ ئەوەبوو وای لێکردم لە پاشان لە بارەی ئەوەوە بیر بکەمەوە. ئەو تاکە چارەسەربوو. لە دواییدا باوەڕم بەو پەیداکردبوو. وام زانی کارەکەی هەر ئەوەندەیە جارێک بناسرێت، لەناو ماڵ و ساماندا گرۆڵکان دەکات. من وام بیرکردەوە کە لەوانەیە تەنیا بۆ ماوەی مانگێک هەژاربین.

– بەڵام ئەو گوتی تەنیا بتوانێ منی هەبم، هاندەر دەبێ... سەیرە، ئەگەر ئەو تراژیدیا نەفرەت لێکراوە نەبایە! تەواو پێچەوانە ڕووی دەدا- چەند مانگێکە هیچی بۆ بڵاو نەکراوەتەوە- نەمنیش هیچم بۆ بڵاوکراوەتەوە- بەس من چاوەڕوان نیم. بەڵێ، ڕاستییەکەی ئەوەیە، من ڕەق و توند و تیژم، من نەباوەڕ و نەخۆشەویستیم هەیە بۆ پیاوانی سەر نەکەوتوو. من هەمیشە بەڕیسواکردنیان کۆتایی پێ دێنم هەروەکو کاسیمیریشم ڕیسوا دەکەم. من وای گریمانە دەکەم ئەوە خۆ بەزل زانینێکی دڕندانەی مێینەیە کە پێی خۆشە بیر لە پیاوێک بکاتەوە کە خۆی دەداتێ دەبێ لە ڕاستیدا زۆر سەرۆکێکی گەورە بێت، بەڵام چاوەڕوانی و شپرزەیی لەناو ئەو خانووە ناخۆشەدا لە کاتێکدا کاسیمیر لە هەموو شوێنێک دەگەڕێ بە هیوای ئەوەی سەرنووسەرێک بدۆزێتەوە دەرگای لێ بکاتەوە- ئەوە سەرشۆڕییە. ئەوە هەموو سروشتی منی گۆڕیوە. من بۆ هەژاری دروست نەبووم- من تاکە گوڵێکم لەناو خەڵکێکی بەڕاستی دڵخۆش. خەڵکێک کە هەرگیز شپرزە نابن.»

وێنەی پیاوە غەریبەکە لەبەردەمی قوت بووەوە- لەبەرچاوانی لانەدەچوو. ئەو پیاوە گونجاوە بۆ من، دوای هەموو ئەوەی کە گوتراوە و کراوە- پیاوێک بێ گوێدان ئەوەی بمەوێ بمداتێ و لەگەڵ یەکێک کە هەمیشە هەست بە ژیان وبوون بکەم و پێوەندیم بە جیهانەوە هەبێت- من نەمویستووە جەنگ بکەم- جەنگم بەسەردا سەپاوە. لە ڕاستیدا سەرچاوەیەکی بەختەوەری لە مندا هەیە کە وردە وردە بەرەو وشک بوون دەڕوات لەو ژیانە ناخۆشەدا. ئەگەر ئەوە بەردەوام بێت من دەمرم- و لەناو جێگاکەیدا جووڵاو پەلی لێ بڵاوکردن- من سۆزم دەوێ، خۆشەویستیم دەوێ و جەربەزەیی- من تامەزرۆی ئەوانەم. بۆ دەبێ لێرە بمێنمەوە و بۆگەن بکەم؟-

هاواری کرد بۆگەن دەکەم! دڵی خۆی بە دەنگە پچڕپچڕەکەی ئاسوودە دەکرد، بەڵام ئەگەر ئەو شتانە هەمووی بە کاسیمیر بڵێم کە ئەو دوای نیوەڕۆیە دەگەڕێتەوە. ئەویش دەڵێت بڕۆ- کە بە دڵنیاییەوە ئەوە دەکات- ئەوەش شتێکی دیکەیە کە من زۆر ڕقم لێیەتی، ئەو تەواو لەژێر کاریگەری مندایە- لە پاشان دەبێ من چ بکەم- دەبێ بۆ کوێ بڕۆم؟ هیچ شوێنێک نییە. «نامەوێ ئیش بکەم- یان بەتەنێ بەسەر گرفتەکانمدا زاڵ نابم. من ئاسوودەییم دەوێت و بۆ خۆش گوزەرانی بڕە پارەیەکی زۆرم دەوێ. من تەنیا بۆ یەک شت گونجاوم ئەو شتەش ئەوەیە کە بەختەوەرێکی گەورەبم لە دیوانی پاشا، بەڵام نایدەزانی چۆن دەست پێ بکات، دەترسا بچێتە سەر شەقامەکان- ئەو جۆرە شتە ترسەناکانەی بیستبوو کە بەسەر ژنان دێت- سەرەڕای ئەوەش بیری پیاوە غەریبەکە هەموو شەوێک- نەخێر ئەوە لە دەرەوەی مەسەلەکەیە.

ئەگەر جلوبەرگم هەبایە دەچووم بۆ ئوتێلێکی چاک پیاوێکی دەوڵەمەندم پەیدا دەکرد... وەک پیاوە

غەریبەکەی ئەو بەیانییە. ئەو نموونەیی دەبێت. ئۆه، خۆزگە ئەدرەسەکەیم هەبایە- دڵنیام شەیدام دەکرد. وام لێی دەکرد سەرانسەری ڕۆژێ هەر پێکەنیبایە- وام لێی دەکرد پارەیەکی بێ سنووری دابامێ.... لەو بیرەدا گەرم دادەهات و نەرم دەبوو.

دەستی کرد بە خەوبینین بە ماڵێکی سەرسوڕهێنەوە و بە دۆڵابێکی جلانەوە کە پڕ بێت لە جلوبەرگ و بۆنی خۆش.

خۆی بینی کە بۆ ناو عەرەبانەکان هەنگاو دەنێ – بەدزییەوە تەماشای پیاوە غەریبەکە دەکات، تێڕوانینێکی هەست بزوێن- ڕاهێنانی لەسەر تێڕوانینێکی خێرا دەکرد، لەسەر جێیەکەی ڕاکشابوو- هیچ نارەحەتییەکی دیکەی نەبوو، لە بەختەوەریدا گێژ

ببوو. ئەوە ژیانی ئەو بوو. باشە، ئەو شتەی دەبوایە بکرێت ئەوەبوو واز لە کاسیمیر بێنێ بەردەوام بێت لەسەر گەڕانی بە بەلاش ئەم ئێوارەیە، کاتێک کە دوور بوو- چی! هەروەها- بێ زەحمەت تا بیرت کەوێتەوە کرێیەکە بوو دەبوایە بدرێت پێش کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆی ڕۆژی داهاتوو، ئەوەندەشی پارە پێ نەبوو کە بەشی ژەمێکی وای بکات کە قەناعەتی پێ بکات، لەبیرکردنەوەیدا لە خواردن هەستی بە ئازارێکی تیژ کرد لەگەدەیدا، هەستێک هەروەک ئەوەی دەستێک لەناو گەدەیدا بێت و بیگوشێ و وشکی بکاتەوە وابوو، یەکجار زۆر برسی بوو. ئەوە هەموو کەموکوڕی کاسیمیر بوو- ئەو پیاوەش چاکترین خواردنی هەبووە لەوەتا لە دایکی خۆی بووە. ئەو تەماشای دەکرد هەروەکو ئەوەی کە فەرمان دەدات بۆ ژەمێکی نایاب. ئۆهـ، بۆچی ئەو بارودۆخەکەی خۆی زیرەکانەتر بەکارنەهێنا؟ ئەو خوا بۆی ناردبوو- بەسووکی ڕەتی کردەوە. خۆزگە ئەو هەلەم دووبارە بۆ دەگەڕایەوە، لە ئێستاوە پارەم پاشەکەوت دەکرد.

لە جیاتی پیاوێکی ئاسایی کە لەبەر دەرگا لەگەڵ ئەو دواوە پیاوێکی درەوشەداری دەم بەپێکەنینی لە خەیاڵی خۆیدا خولقاند کە وەکو ژنە پاشایان هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات... لێرەدا تەنیا شتێک هەیە کە ئارامی لەسەر ناگرم ئەویش ئەوەیە کە توند و تیژ بێت لەگەڵم یان بازاڕی و سواو بێت.

باشە ئەو پیاوە وانەبوو- ئەو دیاربوو کە پیاوێکی خاوەن ئەزموونە، شێوازی داوای لێبوردنەکەی.... من باوەڕم بە هێز و جوانی خۆم هەیە بۆ ئەوەی بزانم کە دەتوانم پیاوێک پەیدا بکەم چۆنی خۆم بمەوێت ئاوا هەڵسوکەوتم لەگەڵ بکات... لەناو خەوەکانیدا سەر ئاوکەوتبوو- ئەو بۆنە خۆشەی دووکەڵی جگەرەکەی.

لە پاشان بیری کەوتەوە کە گوێی لە کەس نەبووە لە پلیکانە بەردینەکان بچێتە خوارەوە. دەبێ پیاوە غەریبەکە ئێستاش هەر لەوێ بێت؟.. خەیاڵێکی پڕوپووچ بوو- ژیان فێڵی واناکات- هێشتا- ئەو تەواو هەست بە نزیکی پیاوە غەریبەکە دەکات. بە هێواشی هەستا، کراسە سپییە درێژەکەی لە قولابەی پشت دەرگاکە کردەوە لەبەری کرد و قۆپچەکانی داخست- خەندەیەکی بەناز و نوزی کرد.

نەیدەزانی چ ڕوو دەدات. ئەو هەر بیری دەکردەوە:

ئۆهـ، چ گاڵتەیەکە! کە ئەوان گەمەیەکی خۆش دەکەن- پیاوە غەریبەکە و ڤیۆلا. زۆر لەسەرەخۆ کێلۆنی دەرگاکەی سووڕاند، دەموچاوی خۆی گرژ کرد و لێوی خۆی گەست کە قفڵکە گەڕایەوە دواوە. بەشێوەیەکی سروشتی، پیاوە غەریبەکە لەوێ بوو خۆی بەسەر موحەجەرەکەی پلیکانەکاندا نووشتاندبووەوە. کە ڤیۆلا چووە ناو ڕێڕەوەکە ئەو خێرا ئاوڕی لێدایەوە.

ڤیۆلا بۆڵەیەکی لێ هات، کراسە درێژەکەی توند لەخۆی ئالاند، پێویستە بچمە خوارەوە هەندێک داربێنم. برر! ئەو سەرمایە!». هیچ داری لێ نەبوو، پیاوە غەریبەکە خۆی بەخشیبوو.

ڤیۆلا کەمێک بەسەرسامییەوە قیژاندی، پاشان سەری بڵندکرد. تۆی دووبارە، ڤیۆلا بە گاڵتەپێکردنێکەوە گوتی هەستی بەوکاتە کرد کە خۆشی لە چاوەکانیدا دیاربوو، تازەیی و بۆنی لەشە ساغەکەی. خاوەن ماڵەکە هاواری کرد لە دەرەوە داری لێ نەماوە. من بینیم دەچووە دەرەوە دار بکرێت.

درۆیە، درۆیە، درێژەی بە قیرەدا. پیاوە غەریبەکە تەواوی لێی نزیک بووەوە تا لەسەرسەری ڕاوەستاو قسەیەکی بە گوێدا چرپاند: ئەتۆ داوا لە من ناکەی جگەرەکەم لە ژووری تۆ تەواو بکەم؟

ڤیۆلا سەری لەقاند و گوتی «دەتوانی ئەگەر بتەوێ!» لەو ساتەدا کە بەیەکەوە بوون لەناو ڕێڕەوەکەدا شتێکی سەیر و سەمەرە ڕووی دا. ژوورەکەی ڤیۆلا تەواوگۆڕابوو- پڕببوو لە ڕووناکییەکی خۆش و بۆنی گوڵە شلێرە. تەنانەت کەلوپەلەکانیش بەشێوەیەکی جیاواز دەهاتنە بەرچاو و هەست بزوێنە. هەموو شتەکان کوتوپڕبوون ئاهەنگەکانی سەردەمی منداڵی بیر کەوتەوە کە یاری بێ چرپەیان دەکرد، لەو یارییەدا لایەکیان دەچووە دەرەوە دووبارە دەهاتەوە ژوورەوە بۆ ئەوەی قسەکە بکاتەوە هەر وەکو ئەوەی کە ئێستا ڤیۆلا دەیکات. پیاوە غەریبەکە بۆ لای سۆبەکە ڕۆیشت بۆ سەرەوە و لەسەر کورسییە قۆڵدارەکەی ڤیۆلا دانیشت. ڤیۆلا نەیدەویست

ئەو قسان بکات یان لێی نزیک بێتەوە- ئەوەندەی بەس بوو لەناو ژوورەکەی بیبینێ- بەو شێوەیە هێواش دەبێتەوە و دڵی خۆش دەبێت.

چەندە برسی بوو بۆ نزیکی کەسێکی ئاوا کە هیچ شتێکی لە بارەیەوە نەدەزانی و- هیچ داوایەکیشی لەو نەبوو- بەس ژیاوە. ڤیۆلا بۆ سەر مێزەکە ڕای کرد و باوەشی بە گوڵدانی گوڵە شلێرەدا کرد.

هاواری کرد جوانە!. جوانە- سەری خۆی لەناو گوڵاندا ون کرد- زۆر بە تامەزرۆییەوە بۆنەکەی هەڵدەمژی.

لە پشت گەڵای گوڵەکانەوە تەماشای پیاوەکەی دەکرد و پێدەکەنی.

پیاوەکە بە هێواشی گوتی «تۆ شتێکی چکۆلانەی خەم ڕەوێنی»

بۆ؟ لەبەر ئەوەی گوڵم خۆش دەوێن؟

«من زۆرم پێ باش بوو تۆ شتی دیکەشت خۆش ویستبایە.» پیاوە غەریبەکە بە هێواشی گوتی، گەڵای گوڵێکی لێ کردەوە و بۆنی کرد.

با هەندێک گوڵت بۆ بنێرم، پیاوە غەریبەکە گوتی. پڕی یەک ژوورت بۆ دەنێرم ئەگەر حەزیان لێدەکەی.

دەنگی پیاوەکە کەمێکی ڤیۆلا ترساند، ئۆه نەخێر، سوپاس ئەو دانەیە تەواوە بەسمە.»

«نەخێر، ئەو دانە بەس نییە»- بە دەنگێکی گاڵتەئامێزەوە گوتی.

چەند ئاماژەیەکی پڕوپووچانەیە! ڤیۆلا بیری کردەوە تەماشای پیاوەکەی کرد دووبارە ئەو تەواو ڕووخۆش دیار نەبوو، ڤیۆلا سەرنجی دا بینی هەردووک چاوەکانی زۆر لێک نزیک بوونەتەوە- زۆر چکۆلانە بوونەتەوە. بیرێکی زۆر ترسناک، کە ئەو پیاوە دەبێ پڕوپووچی و گێلی خۆی بسەلمێنێ ڤیۆلا بەخێرایی لێی پرسی «بە درێژایی ڕۆژێ چ دەکەی؟»

«هیچ.»

«هەر هیچ شتێک؟»

«بۆ هیچ شتێک بکەم؟»

ئۆه، تۆ وا بە خێرایی وا بیرمەکەوە کە من لۆمەی ئەو جۆرە عەقڵیەتە دەکەم- تەنیا ئەوە وا دیارە باوەڕ پێکراو نەبێت!

ئەوە چییە؟- ملی بۆ پێشەوە درێژ کرد. چ باوەڕ پێکراو دیار نییە؟ بەڵێ ئەو نکوڵی لێ ناکرێت- زۆر نامەرد دیاربوو.

«من پێم وایە گەڕان بەدوای بێوەژناندا هەموو کاتت پڕ ناکاتەوە.»

«ئۆه، نەخێر»- خەندەیەکی پانی بۆ کرد- سوێندم بە جۆبیتەر ئەوە زۆر باشە! نا. من سواری ئەسپ دەبم- ئەتۆ سواری ئەسپت پێ خۆشە؟

سەرێکی لەقاند. «خۆشم دەوێت.»

ئەتۆ دەبێ بێێ لەگەڵ من سواری ئەسپ بی- جووتە ئەسپێکی بۆزم پەیدا کردووە. باشە؟ لەسەر پشتی ئەسپە بۆزەکە بەتاکە شەپقەکەمەوە جوان دیاری دەدەم، ڤیۆلا بیری کردەوە.

بە دەنگی بەرز: «زۆرم پێخۆشە.» قایل بوونی وا بە ئاسانی پیاوە غەریبەکەی دڵخۆش کرد.

پیاوەکە پێشنیاری کرد، ڕات چییە بۆ بەیانی. وای دانێ کە بەیانی نانی نیوەڕۆش لەگەڵ من دەخۆی و دەتبەم بۆ سواری..

دوای هەموو ئەوە جا یاری دەکەین. ڤیۆلا گوتی، بەڵێ من بەیانی ئیشم نییە.

دوای کەمێک ڕاوەستان پیاوە غەریبەکە دەستێکی لەلاقی دا.

ئەتۆ بۆ نایەی دانیشی؟ پیاوەکە گوتی.

ڤیۆلا وای نیشان دا کە تێنەگەیشتووە زیاتر بۆ سەر مێزەکە خۆی خزاند. ئۆه، زۆر باشم لێرە.

نا، نەخێر باش نی دووبارە دەنگە گاڵتە ئامێزەکەی. وەرە لەسەر ئەژنۆم دانیشە.

ڤیۆلا بە حەماسەتەوە گوتی، ئۆه، نەخیر، لەپڕ خۆی بە پرچییەوە سەرقاڵ کرد.

«بۆ نا؟»

حەزم لێ نییە.

ئۆه، خێرا وەرە- بێ ڕاوەستان.

ڤیۆلا سەری خۆی بەولاو لایاندا بادا. من شتی وا ناکەم.

لەگەڵ ئەوەشدا پیاوەکە هەستاو هات بۆ لای ڤیۆلا.

پشیلە مێیە خەم ڕەوێنەکە! دەستی ئامادەکرد دەست لە قژی بدات.

«وامەکە» ڤیۆلا گوتی- لەسەر مێزەکەی خزی.

«من- من پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە بڕۆی ئێستا. ڤیۆلا ئێستا تەواو دەترسێ- بە تەنیا بیر لەیەک شت دەکاتەوە: «بە زووترین کات دەبێ خۆی ڕزگار بکات لەو پیاوە» ئۆه، بەڵام تۆ ناتەوێ بڕۆم؟

بەڵێ، دەمەوێ بڕۆی- زۆر سەرقاڵم.

سەرقاڵ، پشیلە مێیە چ کارێک دەکات بە درێژایی ڕۆژێ؟

زۆر و زۆر شت! ویستی پاڵی پێوە بنێ و لە ژوورەکە وەدەرێی نێت و دەرگاکەی لێ دابخات- بێ ئەقڵ- شێتە- بێ هیوا- دڕندە.

پیاوەکە پرسی لەبەرچی وا چارە قورس بوو.؟ لەبەر هیچ شتێک شپرزە بوو؟ لە ناکاو جددی بوو پێت «دەڵێم هیچ گرفتی داراییت هەیە؟ پارەت دەوێت؟ ئەگەر دەتەوێ با پارەت بدەمێ!»

«پارە! بەردەوام لە نەماندایە- خۆت شێت مەکە» ڤیۆلا لەگەڵ خۆی دەدوا.

«ئەگەر ماچم بکەی دوو سەد مارکت دەدەمێ.»

ڤیۆلا بە دەنگێکی گاڵتە ئامێزەوە گوتی، «ئۆهـ، چ مەرجێکە من نامەوێ ماچت بکەم- ماچکردنم پێخۆش نییە. بێ زەحمەت بڕۆ!» بەڵێ ماچم دەکەی!- بەڵێ- ماچم دەکەی. پیاوەکە قۆڵی گرت.

ڤیۆلا هەوڵی دا خۆی لە دەست ڕزگار بکات، لەبەر پەستی و تووڕەییاتی سەرسام بوو، ڤیۆلا هاواری کرد، «لێم گەڕێ با بڕۆم- هەر ئێستا!» پیاوەکە دەستی لەناوقەدی ئاڵاندبوو، بۆ لای خۆی ڕای دەکێشا- قۆڵی دەتگوت شیشی ئاسنە لە دەوری پشتی.

«پێت دەڵێم بڕۆ بە تەنیا بەجێم بێڵە، سووک و چرووک مەبە!

کە هاتی بۆ ژوورەکەم نەمدەویست ئەوە ڕوو بدات.»

تۆ چۆن وێرای؟

«باشە، ماچم بکە و دەڕۆم!»

ئەوە زۆر گێلانە بوو- دوورکەوتنەوە لەو پڕوپووچ و ڕووخۆشە.

«ماچت ناکەم- ئەتۆ دڕندەی- ماچت ناکەم!» بەهەر حاڵێک بێت خۆی لە دەستان دەرهێنا و ڕای کرد بۆ لای دیوارەکە- پشتی لە دیوارەکە قایم کرد و تووشی هەناسە برکێ ببوو. بە زمانێکی تێکەڵ و پێکەڵ گوتی «بڕۆ دەرەوە!» «خێرا بڕۆ ئێستا، دوورکەوەوە!» لەو ساتەدا کە پیاوەکە دەستی نەدەگەیشتە ڤیۆلا، بە تەواوی دڵی خۆی بەوە خۆش کردبوو. کەیفی بەدەنگە تووڕەکەی دەهات.

بیری دەکردەوە من پێویستە بۆ پیاوێکی لەوجۆرە بدوێم!

پیاوەکە لەبەر تووڕەییان دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو- لچی بۆ سەرەوە بادرابوو، ددانەکانی دەرکەوتبوون- تەواو لە سەگ دەچوو، ڤیۆلا وای بیرکردەوە.

هێرشی کردە سەر ڤیۆلا، گرتی و بەدیوارەکەیەوەی نووساند- بە هەموو کێشی جەستەیەوە گوشاری خستە سەری. ئێستا ناتوانێ ڕزگارت بێت.

«نامەوێ ماچت بکەم. نامەوێ. وامەکە! ئاخ! ئەتۆ دەڵێی سەگی- ئەتۆ لە دەوری دارتێلی کارەبا خۆشەویستەکانت بدۆزەوە- ئەتۆ دڕندەی- شەیتانی!»

پیاوەکە وەڵامی نەدایەوە.

بە گوزارشتێک لە پڕوپووچترین ویستی خۆی زۆر بە قورسایی خۆی ڤیۆلای گوشی.

تەنانەت تەماشای ڤیۆلاشی نەدەکرد- بەڵام بە دەنگێکی تیژ لە ناکاو هاواری کرد: «هێواش بە- هێواش بە.»

گار-ر! پیاوان بۆ ئەوەندە بەهێزن؟ ڤیۆلا دەستی کرد بە هاتو هاوار. بڕۆ دوورکەوەوە لێم- تۆم ناوێ، تۆ مەخلوقێکی پیسی، دەمەوێ بتکوژم. ئۆهـ، خوایە،! خۆزگە چەقۆیەکم پێدەبوو.»

«پڕوپووچ مەبە- وەرەو چاک بە!» ڤیۆلای بەرەو جێگاکەی ڕاکێشا.

ئەتۆ پێت وایە من ئافرەتێکی سووکم؟ مراندی و بەدەستوبرد بردی هێرشێکی کردە سەر ددانی لە دەستە دەستکێش کراوەکەی گیرکرد.

«ئاخ! وامەکە- ئازارم دەدەی!» ڤیۆلا ڕێگای نەدا بڕوات، بەڵام لە دڵی خۆیدا گوتی، «زۆر سوپاس بۆ تۆ خوایە کە بیرم لەوە کردەوە».

«ئێستا ڕاوەستە- تۆ دێڵە ڕێوی- ئەتۆ دێڵە سەگ.» ڤیۆلای فڕێدا و لە خۆی دوورخستەوە. ڤیۆلا زۆری بێخۆش بوو کە بینی چاوەکانی پیاوەکە پڕ بوون لە فرمێسک.

«بەڕاستی ئازارتدام» پیاوەکە بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی.

ڤیۆلا گوتی، «بێگومان ئازارت دەدەم. مەبەستم بوو ئازارت بدەم. ئەوە هیچ نییە لە چاو ئەوەی کە لەگەڵت دەکەم ئەگەر ئەو کارە دووبارە بکەیەوە جارێکی دیکە تووشم بکەوی.»

پیاوە غەریبەکە شەبقەکەی هەڵگرت. «نەخێر،

سوپاس،» پیاوەکە بە چارەیەکی قورسەوە گوتی. «بەڵام من لەوە نابوورم دەچم بۆ لای خاوەن خانووەکە.»

«پف» ڤیۆلا شانی باداو پێکەنی. من پێی دەڵێم تۆ بە زۆر هاتوویە ئێرە و هەوڵتداوە هێرشم بکەیە سەر.

ئەو باوەڕ بەکێ دەکات؟ بەدەستی گەزراوتەوە. تۆ بڕۆ دەستگیرانەکەت بدۆزەوە.

ڤیۆلا لە هەستی شکۆمەندی و خۆشحاڵیدا نقوم ببوو. چاوی لە پیاوە غەریبەکە دەسووڕاند. ئەگەر ئێستا نەڕۆی دووبارە گازت لێدەگرم ڤیۆلا گوتی، قسە پڕوپووچەکان وایان لە ڤیۆلاکرد دەست بە پێکەنین بکات. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەرگاکە داخرابوو، بەڵام گوێی لە پیاوە غەریبەکە بوو لە پلیکانەکان دەچووە خوارەوە. ڤیۆلا پێکەنی و لەناو ژوورەکەدا دەستی بە دانس کردن کرد.

ئۆه، چ بەیانییەک بوو! ئەوەش دەچێتە پاڵ ئەزموونەکانی دیکە. ئەوە یەکەم جەنگی ڤیۆلا بوو کە تێیدا سەرکەوت- ڤیۆلا بەسەر ئەو دڕندەدا سەرکەوت- هەمووشی بەخودی خۆی بوو. ڤیۆلا هێشتا دەستەکانی هەر دەلەرزین. هەندێک پەڵەی سووری گەورەی لەسەر قۆڵی کراسە درێژەکەی بوون لای بردن. ڤیۆلا گوتی، «هەموو پەراسوم و هەموو لەشم شین دەبێتەوە».

خۆزگە کاسیمیری خۆشەویست ئێمەی دیتبایە. هەستی توورەیی و بێزاری دژی کاسیمیر لە ڤیۆلادا یەکجاری ون بوو. ئەو هەژارە خۆشەویستەی کە هیچ پارەی نەبێت چۆن دەتوانێ یارمەتیم بدات؟

ئەوە هەڵەی ڤیۆلایە زیاتر لە هی ئەو، ئەویش تەواو وەکو ڤیۆلایە پارچەیەکە لەو جیهانە، هەروەکو ڤیۆلا لەگەڵی دەجەنگێ، ڤیۆلا چ دەکات ئەویش هەر ئەوە دەکات. خۆزگە کاتژمێر سێ دەهات. خۆی دەبینیەوە کە بەرەو کاسیمیر ڕادەکات و دەستەملانی دەبێت. تاکە کەسی پیرۆزم! بێگومان و بە دڵنیاییەوە ئێمە سەردەکەوین.

ئێستاش هەر خۆشت دەوێم؟

ئۆه، ئەو دواییانە زۆر ترسام.

**سەرچاوە:**

**حەوت کورتە چیرۆک seven short stories**

# پاڵتۆکەی میر

عەبدولئەمیر شەمخی
لە عەرەبییەوە: گەزیزە عومەر عەلی ئەمین
(سلێمانی)



**شانۆ**

چۆڵە چەند پەردەیەک لە قـــوولاییـــدا هەڵـواســـراوە، کۆمەڵێک دەمامک لە تاریکیدا دیارە.

لە یەکـێک لەلاکـانی پێـشـەوەی شـانۆ... پاڵـتـۆیەکی کۆنی دڕاوی بێ کەڵکی ڕەنگ تاریک هەڵواسراوە.

- بەڵێ.. من پاڵتۆیەکم

هەر ئەوەم کە دەمبینن...

یەکـێک لە ڕاڕەوەکـانی ئەم شـوێنەدا هەڵـیـواسـیم و دیارنەما...

لەو ڕۆژەوە بە دەوری خۆمدا دەسووڕێمەوە و دەپرسم:

ئەمە چییە؟

پاشان ڕوو وەردەگێڕمە لایەکی ترو دەپرسم:

ئەمە کێیە؟

ئەگەر ناسیبێتم؟ چۆن ناسیومە؟

گرنگ ئەوەیە ڕزگارم بوو لە ئازاری فرۆشتن.

کاتێک لە بازاڕی فرۆشتندا دەبیتە کاڵایەکی بەنرخ.

فرۆشتنی هەموو شتێک

دڵنیایت دەدۆڕێیت.

ئەمە بووە هۆی ئەو گەشتە بەردەوامەم کە هیچی بەسەر هیچەوە نییە.

جارێک دەکەوتمە بەر تیشکی ڕووناکییەکی پرشنگدار

جـــارێک لەناو شـــوێنە تاریکەکـــاندا هەروەک... (تەواوی ناکات)

ناخۆشترین شت ئەوەیە کە بە زۆر دەئاخنرێیتە ناو ئەو جلە کۆنانەوەی کە ڕووداوەکان هەڵی داون و لەم کیشوەر بۆ ئەو کیشوەر

لەم شار بۆ ئەو شار

لەم دێ بۆ ئەو دێ دەگوێزرێیتەوە..

لە لەشـێکی نەرمـەوە بۆ لەشـێکی ئەسـپـێـیـاوی کـە باوەشت پیادەکات

لە شوێنێکی پڕ لە عەتری پاریسیەوە
بۆ شوێنێکی بۆگەن،...
ئەوەتام... هەروەک هەموو جارەکانی تر
تەنیا هەر پاڵتۆیەکم کە ڕۆژگار خواردوومێتیەوە...
(خۆی نیشان دەدات و خۆی دەکاتەوە)
قۆڵەکانم عەیبیان نەبوو...
ساف و لووس بوون هەروەک سەهۆڵ..
بەڵام ئێستا وا نەماوم
بوومەتە شتێکی زۆر سەیر زۆر...
وەک چۆن شـێـتـێک لەسـەر دیوارێک شـتـێک دەکێشێ...
کەس لە وردەکاریەکانی تێ ناگات...
- دوای ئەوەی کـە کـرامـەوە و پەتەکـانـیـان پچـڕاندم، چاوم بە ڕووناکی کەوت... ئەمە ڕاستییەکەی بوو ئیدی ئەوانی دیکە هەموو خەیاڵە... خەیاڵ..
لە شـوێـنێـک... لەناو جـامـخـانەیەکی زیویندا...
جامخانەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ... خرامە بەرچاو
ڕێبـواران بەلامـدا دەڕۆشتن و دەوەسـتـان و لێـیـان دەڕوانیم
گوێم لێ بوو هەندێکیان هەناسەیان بۆ هەڵدەکێشام...
کەس گوێی بەوە نەدەدا کە بەملم هەڵواسراوم
لە جامخانەکەی ئەوبەرمەوە
جل و بەرگێکی زۆرم دەدی... وەک مێگەل...
وەک ئاپۆرای باخچە گشتییەکانی جەژنان.
بەجوانترین شێوەی ڕەنگاوڕەنگ ڕازابوونەوە...
بەشێوەیەکی شارستانی هەڵواسرابوون...
من هەر سەیرم دەکرد و ئاخم هەڵدەکێشا...
تۆ بڵێی ڕۆژێک پاڵتۆیەکی زلەی وەک من لەناو
ئەو شتە ناسکانەدا هەڵواسرێت؟
یان نزیکیان ببمەوە؟
یان بە ڕێکەوت بەریان بکەوم؟
هەر بەڕێکەوت... هیچی تر نا..
ئیش وکـارم هەر ئەوە بوو دەمـڕوانیـیـە... ئەو جلە هەڵواسراوانە
ئەو جلە تازانەی بەرانبەرم
کە زۆر بەخێرایی دەگۆڕان..
ئەوەندە نوێ بوون هەر دەتوت تازە لە دایک بوون...
کچان بەچەندان جۆری ڕەنگاو ڕەنگی ئەفسووناوی چنیبوویان..

بەڵام لە هەموو سەیرتر..
ئەوە بوو کەزۆرینەی خەڵکی
ئەو جلە ناسکانەیان جێ دەهێشت و لە دەوری من کۆدەبوونەوە..
(هاوار دەکات)
- من هەر پاڵتۆیەکم و بە ملم هەڵواسراوم
ئەم شێوەیەی من هیچتان بە بیردێنێتەوە؟
یان حەزدەکەن بەم شێوەیە ببینن؟
(دەنگی هەورە برووسکە)
(لەوە دەچێت باران ببارێت)
هەر بە ڕاستی دەباری..
هەمووان ڕایان کردە بەردەم شووشەی کۆگاکە
منیش بە تەنیا و بە هەڵواسراوی مامەوە
حەزم دەکرد سەیری شەقامەکە بکەم
دڵۆپە بارانەکان... کۆدەبوونەوە
یەکیان دەگرت
دەبوونە ئاو
دواتر نزیکتر دەبوونەوە
تێکەڵ دەبوونەوە
دواتر جۆگەلەیەکی بچکۆلەی تازەیان دروست دەکرد
هەندێ کەس بە ترسەوە
دەپەڕینەوە
خەریک بوو ئاوەکە شەقامەکە بگرێتەوە..
ئای خوایە...
ئاوەکە شوێنەکانی گرتەوە..
باران هەر دەبارێت..
ئاوەکە بەرز دەبێتەوە.... بەرز دەبێتەوە...
ئەها... پاڵ بە شەقام و کۆڵانەکانەوە دەنێت و دەچێتە ناو ماڵەکانەوە..
دانیشتوان ڕایان دەکرد
ئاوەکە بەناو شارەکەدا دەڕۆیشت
دەچووە نێو فرۆشگاکانەوە
منیش بە تەنیا و لەپشت شووشە ڕەنگاوڕەنگەکەوە بەملمەوە هەڵواسراوم...
لە پڕێکا خاوەن کۆگاکە کە پێشتر بینیبووم
جامخانەکەی کردەوە و
هەموو شتە جوانەکانی ڕزگار کرد
کە هەڵواسرابوون
دواتر منیشی ڕزگار کرد... ملمی ئازاد کرد

پێش ئەوەی بمخاتە ناو سندووقەکەوە...
بە پیاوەکەی تری وت:
- ئەم پاڵتۆیەت پیرۆز بێت
دنیا تاریک بوو لەناو ئەو سندووقە بچکۆلەیەدا
ون بووم..
کەستان شتی ئاواتان بەسەر هاتووە؟
کە بە زۆر بخەوێنرێن
هەر بە زۆر
هیچ چارەیەکیش نییە...
جگە لەوەی کە دەبێ ئارامت هەبێ.
بەڵێ چارەیەکت نییە..
هەروەک کەسێک کە دەست و پێوەند دەکرێت و دەبرێت
بۆ بەردەم سێدارە..
یان وەک ئەو گایەی کە لەشی بە برینی ئەو تیرانە دەئاوسێ
کە وەک لقی داری مردوو
لەملی دەچەقێنرێت
دەشزانێت کە هیچ دەسەڵاتێکی نییە
بەرانبەر ئەوانەی کە لێی نزیکن و
سەریشی دەبڕن
ناچار بێ بەرگری کردن لەخۆی
خۆی دەدا بە دەستەوە و لەبەردەمیاندا
درێژ دەبێت
چار نییە
چار نییە
چارت نییە
ناچاریت خۆت بدەیتە دەستی تاریکی..
بەم شێوەیە مامەوە
تا سندووقەکە کرایەوە و
لەکیسە تەنکەکەی مردن هاتمە دەرەوە.. و
دەست و برد بەملم هەڵواسرامەوە
بەڵام ئەم جارەیان لەهۆڵێکی جواندا
چونکە ئەو کەسەی کە کڕیبوومی
هەرچەندە ڕەش باویش بووم
بەڵام
بەشێوەیەکی زۆر جوان خستمیە بەرچاوی ئامادەبووان.
ببوومە جێگەی سەرنجی زۆرینەیان
بەتایبەت ئەو ئافرەتە
جوانانەی
کە پۆشاکی ڕەنگاو ڕەنگیان دەپۆشی
هەستم کرد
خاوەنەکەم لەبەرچاوی ئەو خەڵکە
وا خۆی نیشان دەدات کە
دەتوانێت کاڵای گرانبەها بکڕێت
ببوومە جێگەی سەرنجی زۆرینەیان، یان هەموویان
شتی سەیریان دەوت
(ئەڵا.. ئۆی... ئا... ئەوە چییە؟!)
(پێدەکەنێت)
- ئەودەنگانە چی بوون؟
چاویان زەق دەکردەوە و
قاقا پێ دەکەنین
دوای هەموو ئەمانە
خاوەنەکەم ئیشارەتێکی بۆ کردم و
بەجووڵەیەکی نەرم و نیانی نمایشانە
ئاوڕێکی دایەوە و لەسەر ئیقاعی ئەو دەنگانە
خستمیە سەر شانەکانی
کاتێ کە ئەودەزووانەی
دەرگای ئەشکەوتە خنجیلانەکانی لەشمیان بەستبووەوە، پچڕان
هەستم کرد
شتێکم ون کردووە
لە دەسەڵاتی خۆمدا نییە
بەحوکمی کۆیلایەتی و
خاوەنداریەتی و توندوتیژی
ڕازی بووم بەوەی کە بچمە قۆناغێکی تری ژیانمەوە..
خاوەنەکەم دەرگای ماڵەکەی کردەوە و
چووەبەر هەوا ساردەکە
بەتوندی ڕایکێشام و
دامی بەسەر شانیدا
لەو ڕۆژەوە ئێمە پێکەوە ئالاوین
لەگەڵی دەچووم
بۆ گەشتە جۆراو جۆرەکانی
لەگەڵی دەچووم بۆ ئەو شوێنانەی
کە کەس نەیدەگەیشتێ..
خاوەنەکەم بەوپەڕی سۆز و بەزەییەوە مامەڵەی
لەگەڵ دەکردم و
شانازی پێوە دەکردم

لەبۆنی عەتری نایابدا پڕی دەکردم (دەیخنکاندم)
کە دەیدامە دەست خزمەتکارەکانی
چێشتخانە.. بە ئاشکرا
ئیشارەتی دەکردن کە زۆر ئاگایان لێم بێت
خزمەتکارە داماوەکەش
بەوپەڕی وریاییەوە هەڵی دەگرتم و
دەیخستمە شوێنێکەوە
کە هەرچی ڕووی بدایە دەمبینی
- چاوەڕێ کەن
جارێکیان خزمەتکارێکی کچ
هەڵیواسیم
خاوەنەکەشم لە دوورەوە دانیشتبوو
پشتی لێم بوو
بینیم کچەکە بە دەورما دەسووڕێتەوە
خێرا دەستی خستە ناو گیرفانە گەورەکەم و
دواتریش گیرفانەکەی ترم
بەدوای شتێکدا دەگەڕا
هەستم بە نەرم و نیانی پەنجەکانی
دەکرد
کاتێ هیچی دەست نەکەوت
خێرا پەنجەکانی دوورخستەوە
کە هیچی دەست نەکەوت
خێرا پەنجەکانی دوورخستەوە
حەزم دەکرد شتێکی بدۆزیایەتەوە
تا دەستە نەرمەکانی لەناو
ئەشکەوتی گیرفانەکەمدا بمایاتەوە..
وەرە... وەرە ئازیزەکەم
دوورمەکەوە..
ئاوڕی دایەوە
وەرە خۆت بەو گیرفانە گەورانەوە
خەریک مەکە
لەم لاترەوە گیرفانێک هەیە نزیک بەدڵ
نزیکی دڵ
دەستت بۆ ئەوێ درێژکە
مووچەی مانگێک
بگرە زیاتریش
لە مووچەی چەند مانگێکت دەست دەکەوێت
دەی خاوەنی دەست و پەنجە جوانەکان
بەڵام
ترسا و دوورکەوتەوە
دەڵێن پاڵتۆی ڕەش نیشانەی ترس و سامناکییە
ئەم توانجەم لە یەکێ لە
خزمەتکارەکانەوە گوێ لێ بوو
کە بە خاوەنەکەی خۆی وت..
- بەڵام پاڵتۆکان بە خاوەنەکانیانەوەیە
ئەمە لەو گەشتە سەیرو سەمەرەیەدا
فێری بووم
وەک پاسەوانێک
چاوەڕێی چوونە دەرەوەی خاوەنەکەمم دەکرد
نەمزانی چۆن خەوم لێکەوت؟
خەوێکی خۆشم دی
خەوم بە پەنجەکانی کچە خزمەتکارەکەوە دی
بەناو گیرفانەکانمدا دەگەڕان
لەو خەوە خۆشەمدا بووم کە خاوەنەکەم
وەک جاران بە جووڵەیەکی توند ڕایکێشام و
بەردیوارەکە کەوتم و
خەبەرم بووەوە.
یەکێکیان هەڵی گرتم و
دامییە سەرشانی خاوەنەکەم
کە کۆمەڵێک لە یاوەرانی خۆی لەگەڵدا بوو..
نەمدەزانی بۆ؟
چووە سەر شەقامەکە
بەدەنگی بەرز و بە جنێودان
هاواری دەکرد
- شوێنەکە داخەن
لەپڕێکا
لەناوەڕاستی شەقامەکەدا
وەستا و بێ دەنگ بوو
زۆر بایەخیان پێ نەدا.. چونکە دەیانزانی
ڕۆژێک دێت ئەو ناوە دەبێتە وێرانە
بەڵام وتی:
- هەواکە خنکێنەرە
دواتر لەسەر شانی بەرزی کردمەوە و
فڕێی دامەسەر زەویەکە
سواری ئوتومبێلکەی بوو و ڕۆیشت
چەند دەقەیەکی نەبرد
یەکێ لەسەر شۆستەکە هەڵی گرتمەوە و
وەک ناوکی پیرێژنێکی بەتەمەن لوولی کردم و

خستمیە سندووقی دواوەی ئوتۆمبێلەکەی
بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێ دەهات.
تا ڕۆژی دواتر نەمدەزانی ئەو شوێنە
کوێیە؟
پاش ئەوەی کە ڕووناکییەکم بەرکەوت
هێشتا هەر هەستم بەشێداری ئەو
شەوە دەکرد
دەستێک هەڵی گرتمەوە و
بۆ جاری دووەم پێشکەشی کردمەوە بەخاوەنەکەم:
- گەورەم
- دوێنێ شەو فڕێت دابووە سەر شۆستەکە
خاوەنەکەم وەک جاران هەڵی نەگرتمەوە... بەڵکو هەر
گوێشی پێ نەدام وتی:
- هەوا تەواو گۆڕاوە... وەک جاران نەماوە
ئیتر نامەوێتەوە...
دواجار بە تەنیا ڕۆیشت
ئێستا هەستم کرد کە ئەم جۆرە کەسانە ناتوانن بە
درێژایی ژیانیان ئەو شتانەی هەیانە بیپارێزن
بگرە فڕێشی دەدەن
بێ ئەوەی هەست بەوە بکەن
کە ئەو شتانە بەشێک بوون
لەژیانیان
چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە هەر هیچ نەبێت
فەرمانێک دەرکات و بخرێمەوە
ناو سندووقە پاکە بۆن خۆشەکەوە؟
کە تێیدا دەخەوتم؟
بەڵام بەداخەوە
وا نەبوو
- سەرلەنوێ لە ملەوە هەڵواسرامەوە...
بە وردی گیرفانەکانم پشکنرا
بەپەلە فڕێ درامە ناو گێژاوێکی سەیرەوە
تۆزێکی ورد و ئاوێکی گەرمیان بەسەرمدا ڕژاند
بەزەیی... بەزەیی
لەکاتی سووڕاندنەوەی ئامێرە زەبەلاحەکەدا
چاوەکانم نووقاند بوو
هاوسەنگیم نەمابوو
خۆم دایە دەست
ئەو ئەشکەنجەیە
ئیتر هەموو شتێک بۆنی کۆتایی هات

(بێ دەنگی)
- ڕووناکی ژیانم لێ کوژایەوە
لەناو ئەو ئامێرە سەیرەدا
لە هۆش خۆم چووم و هیچم نەمایەوە
پاش چەند ڕۆژێک کە
بەئاگا هاتمەوە
بینیم سەر بەرەو خوار
بە پەتێکەوە هەڵواسراوم
ئەوکاتە
هەموو شتێکم سەربەرەو خوار دەبینی
تەنانەت ئەو باڵندانەش کە بە ئاسماندا
دەفڕین
لەمن وایە بە پانتایی ئاسماندا
دەخشێن
هیچ شتێکم بە ڕاستی نەدەبینی
بەو شێوە سەیرە مامەوە
هەتا یەکێک دایگرتم و
خستمیە ژێر ئامێرێکی گەرمەوە
کە وەک مار پێوەی دام

لەوێ زۆر شتم لەدەست چوو.
خێراو بەپەلە لەگەڵ کۆمەڵێ جلی تر بەملم
هەڵواسرامەوە.
کرێکارێک کە تەنیا یەک چاوی دەبینی لەسەر
ئاسنێکی
بچکۆلە
دەیسووڕانینەوەو دەیخستینە بەرچاو
پاش ئەوەی بەپاڵ دەیسووڕانینەوە
بەهێواشی دەیگرتینەوە و بەنەرمی
دەیخستینە ناو کیسەیەکی تەنک لەشێوەی
تابوتا.

نۆرەی من هات
چاوم نووقاند
تاکە شت کە لە یادەوەریمدا مابوو
ئەو جلە گوڵدارانە بوو
کە لە فرۆشگاکەدا هەڵواسرابوون
نەمدەزانی چەند لەزەمەن بەسەرمدا تێپەڕیوە؟

هەتا یەکێک
لەجانتایەکی ڕەش
دەریهێنام و خستمیە بەردەمی
پیاوێک کە لە ژوورێکی چۆڵدا دانیشتبوو، تەمەنی نەدەگەیشتە
٥٠ ساڵ
گوێم لێ بوو
یەکێکیان بەکابرای وت:
- گەورەم ئەمە دیارییەکەیە
ئەو کابرایەی کە دەبووە خاوەنە تازەکەم
سەیرێکی کرد و
بەلایەکی چاو ئیشارەتی بۆ
ئەوی تر کرد کە
هەڵمگرێت و لە سووچێکدا هەڵمواسێت.
هەڵواسرام
پاش ئەوەی کە ڕایکێشام خاوەنە تازەکەم فەرمانی کرد

- هەر ئێستا دەمەوێت
ژمارە(بیست و حەوت)
مژێکی لەجگەرەکەی داو
شوێنەکەی پڕ کرد لە دووکەڵ
هەوڵم دا بە زیرەکییەکەی خۆم تێ بگەم کە
ژمارە (بیست و حەوت) چییە؟
وتم لەوانەیە مەبەستی پاڵتۆیەکی
تر بێت
تۆ بڵێی پاڵتۆیەکی بچووک بێت؟
یان مەبەست ژمارەی پاکەتەکەیە؟
یان درێژی پاڵتۆکەیە؟
یان ژمارەی دیاریەکەیە؟
باشە ئەگەر ئەو ژمارە (بیست و حەوت) بێت؟
ئاخۆ دەبێ من ژمارە (بیست و شەش) بم؟
بەلامەوە سەیرە...؟!
هەر لەو بیرکردنەوانەدا بووم
خێرا دەرگاکە کرایەوە
کابرایەکیان بەچاو بەستراوی
خستە ژوورەوە
تەمەنی نزیکەی شەست ساڵ دەبوو
نەیزانی ژوورەکە کێی لێیە؟
کابرای جگەرە بەدەست
لێی نزیک بووەوە و لەبری ئەوەی
قسەی لەگەڵ بکات
خێرا تێی سرەوان
لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست ڕاوی کات

- خوایەگیان.... خوایە
من لەکوێم؟... لە کوێم؟
کابرای داماو لەتاو ئازار هەر دەیناڵاند
منیش لەجێگەی خۆم دەلەرزیم
ئەوەندەی لێ دا
کەوتە سەر زەوییەکە و
لەجێی خۆی درێژ بوو..
پاشان
ڕایکێشاو بەپێوە وەستانی
هەر لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکە
ئەو پیاوەی کە لێی دەدا
چووە دەرەوەی ژوورەکە و پاشان
بەهاوار هاوار
دەرگاکەی کردەوە و
گەڕایەوە... وتی:
پێم وتن لێی مەدەن
ڕێگا نادەم کەس لە ژمارە (بیست و حەوت) بدات
نابینن چەندە پیاوێکی بە تەمەنە؟

هەر لەبەر ئەوە ڕێزی لێ بگرن
کە مامۆستای زانکۆیە
کابرای زۆرانباز چاوی مامۆستاکەی
کردەوە...
کە هەموو جلەکانی خوێناوی بوو..
ئەمیش خێرا چووە لایەوە و دانیشت و
ئیشارەتی بۆ ئەویش کرد
کە دانیشێ
دانیشت و پێی وت:

- نەدەبوو لێت بدەن
مامۆستاکە هیچ قسەی نەکرد
لەبەر خۆمەوە دەم وت کە ئەم خاوەنە تازەیەم
- (درۆزنە)
حەزی لە ئازاردانی خەڵکییە

بەڵکو لەوەش خراپتر
پیاو کوژە و زیاتریش
دواتر بۆم دەرکەوت
هیچ شتێ ئەوەندە ناخۆش نییە

(بێ دەنگ دەبێت)
- دەڵێن ئەو ڕۆژانەی کە خۆشمان ناوێت بێ ئەوەی گوێی بدەینێ پێیدا تێپەڕ دەبن
هەربۆیە نامەوێت ڕۆژانی غەریبیتان
بەبیربێنمەوە کە تێدا ژیاوم
غەریبی و... نامۆیی.. هەموو شتێک کە سەیر بێت
هەر بەڕاستی کەس لە ئێوە دەزانێت
چون دەتوانێت لەژیانێکدا غەریب بێت بەڵام
ژیانەکە خۆی غەریبی تێدا نەبێت؟
من پێتان دەڵێم:
کاتێک کە دەبێتە پاڵتۆیەک بەسەر پەتێکەوە، کاتێک کە بە زۆر دەتدەن بە خەڵکدا، دەتخەنە شوێنەکانەوە،
کاتێک کە غەریبی بەسەرتا زاڵ دەبێت، تووشی جۆرەها نەخۆشی دەبیت.
من تووشی بووم،
تاکەم زۆر بەرز بووەوە.
هەرچەندە من پاڵتۆیەکم و دەمم نییە
بەڵام دەمویست هاوار بکەم
من پاڵتۆیەکم و بە ملمەوە هەڵواسراوم

لەگەڵ ئەوەشدا دوای ماوەیەکی کەم لەناو ئوتومبیلێکی بچووکدا،
بۆ خنکاندنی پیاوێک بەکارهێنرام.
کابرای گیراو هەر هاواری دەکرد...، دواتر خاوەنەکەم بە هەموو هێزێکی خۆیەوە، خستمیە سەردەمی پیاوەکە
منیش بەبێ دەم هاوارم دەکرد.
کابرای داماویش بەدەم بەستراوی هەر هاواری دەکرد،
خاوەنەکەشم بەدەنگی زۆر بەرز هاواری دەکرد:

- ئێمە لەناو دەرگاکانی دۆزەخداین و ئێوەش داوای ژیانێکی باشتر دەکەن: دەبخۆ... دەی... دەبخۆ
ئا ئەوەتا... ئاوات لێ دەکەم
دیسانەوە بە هەموو هێزیکییەوە قۆڵەکانی خستمە سەر ئەو داماوە و پەنجەرەکانی ژیانم لێ داخست،

هەستم کرد هێواش هێواش لەژێر هێزی دەستە
ئەستوورەکانیدا دەمرێت
ئیترتەواو بوو (....) (بێ دەنگی)
- دەستەکانی لێ هەڵگرتم،
دەرگای ئۆتومبێلەکەیان کردەوە بەکابراوە فڕێیان داینە سەر ڕێگاکە..
من پەڕیمەوە ئەولاترو خەڵکی لە دەوری لاشەکە کۆبوونەوە..
دوای ترس و دڵەڕاوکێ
هەڵیان گرت و لەچاو ون بوون
بەڵام من هەر لەسەر شۆستەکە مامەوە
ئاوی زێرابەکان بەژێرمدا دەڕۆیشتن
- ئەم بۆگەنە چییە؟
- تۆ بڵێی بۆنی شارەکان بەم ڕادەیە ناخۆش بێت؟ (دەوەستێ)
لەپڕێکدا،
دەستێک لەناوەڕاستی شەقامەکەدا، کە بەم دیو ئەو دیودا دەکەوت
قۆڵێکمی ڕاکێشا..
منیش لەدوایەوە ئاوەکەم هەڵ دەمژی و پاکم دەکردەوە..
هەتا گەیشتمە سووچێک کە لەخۆی پیستر نەبوو..
لەوێ دانیشت
دانیشت و ڕایکێشام، بەهێواشی ڕایکێشامە لای خۆیەوە
تەکاندمی و خستمیە سەرشانی
پاش ئەوەی بەبێ باڵ فڕیم کەوتمە خوارەوە
خۆزگە پێش ئەوەی بمخاتە سەر شانی بمردمایە
کە لێی نزیک دەبوویتەوە.. هەستت دەکرد ئەم کابرایە نموونەی هەموو پیسیەکانی دنیایە.
خێرا ڕایکێشام، خەریک بوو لە بۆگەنیدا دەخنکام

ئەو بۆنەی لەسەر شەقامەکە بۆم باس کردن، لەچاو ئەم بۆگەنەدا بۆنێکی زۆر خۆش بوو.
لەو سووچە پیسەدا فڕێی دامە سەر زەویەکە و کردمیە ڕاخەرو لەسەرم درێژ بوو
کوڕی.... (قـ ....) بیری چووبووەوە کە من پاڵتۆم..
پیس... بۆگەن...!! نموونەی هەموو پیسیەکان... بگرە زیاتریش

ئەگەر لەسەر هەموو زەوی کونێک هەبێت،
ئەوە دڵنیام لەناو لەشی ئەو کابرایەدایە، بۆگەن..
کوڕی (قە...) پیس...
خێرا دەستی کرد بە پرخە پرخ
هەناسەکەی وەک ڕشانەوە وابوو..
بە درێژایی ئەو شەوە و شەوی دواتریش هەر خەوم لێ نەکەوت
خۆزگە خەیاتێک بە مقەست لەت و پەتی دەکردم.
خۆزگە جۆلایەک ئەو پارچانەمی دەبرد کە ماونەتەوە..
بەهۆی بۆگەنی ئەو کابرا پیسەوە، ڕقم لەهەواش دەبووەوە
کوڕی قەحبە..
هەروەک سەگ لەسەر چوارپێ هەڵسایەوە..
نەیدەتوانی لەشی بەرزکاتەوە،
منیش لەوە دەترسام نەبا جارێکی تر بکەوێتەوە و لەسەرم بخەوێتەوە..

کاتی شەو خەوە
کاتی ڕۆژیش هەر خەوە
بۆگەنیش...
هەموو شتێک مانای لەدەست دەدات،
دواجار هەرچۆنێک بوو هەڵسایەوە و تفێکی کردە سەر زەویەکە و
وتی:
– هەرچۆنێک بوو هەڵسامەوە
گەمژە.. دڵی بەوە خۆشە کە توانیوبەتی هەڵسێت
منیش هەر بە ڕاخراوی لەسەر شەقامەکە مامەوە..
نووشتایەوە وەک ئەوەی جارێکی تر بکەوێتەوە سەرم،
لەبەر خۆیەوە دەیوت:
نە... نەکەویت!..
نەکەویتەوە!
ئیتر ڕایکێشام و هەستایە سەرپێ
پاشان دەڕۆیشت و بەناو ئەو ڕێگا پیسەدا ڕایدەکێشام
دواتر خستمیە سووچێکەوە
کابرایەکی لێ هاتە پێشەوە، سەیرێکی منی کردو
ئەمیش کیسەیەکی لێ وەرگرت و کەوتە قسەکردن لەگەڵی،
لەوە دەچوو خواردن بێت..
ئاورێکی دایەوە و.. دوورکەوتەوە

هەر دەیوتەوە:
بیگرە.. ئەم پاڵتۆیە هەرچەندە دیارییە و داوینمەتێ..
بەڵام ئەوە ناهێنێ کە بیدەم بە لەشمدا،
– دیاری؟
کوڕی قەحبە؟
من شایانی ئەوەنیم؟
من ئەوە ناهێنم بۆگەن؟
دیاری؟؟
کێ دیاری دەدا بەتۆ؟
خۆ ئەگەر بشت دەنێ...؟ بێ گومان هەر تەنەکەی خۆڵت دەدەنێ..
خێرا دوورکەوتەوە
پێش ئەوە ئاوڕ بۆ کابرا بدەمەوە..
گرتمی و ئاخنمیە ناو کیسەیەکەوە و خستمیە سەرشانی،
بەهۆی ئەو دڕاوییەی کەلە کیسەکەدابوو
دەمتوانی دەوروپشتی خۆم ببینم...
چاوم کەوتە بەر کراسێکی گوڵدار،
وەک ئەوانەی جاران کە لە کۆگاکەدا بەرانبەرم هەڵواسرابوون
کورت و بێ قۆڵ... بەگوڵ چنرا بوو،
پێوەی نووسام... هەرچەندە کۆن دیار بوو..
بەڵام بۆنەکەی وای لێ کردم کە هەست بکەم جگە لە بۆگەنی
ئەو کابرایەی کە کردمیە ڕاخەری خۆی، بۆنی تریش هەیە
لە تەنشتیەوە کەوتم و خەوم لێ کەوت
بێ ئەوەی بپرسم ئەو پیاوەی کە خستمیە سەر شانی کێیە و؟ ... بۆ کوێم دەبات؟
لەوە دەچوو جلی تریش لەدەوری ئەو کراسە شینەی کە هەستم بە ساردییەکەی دەکرد خەویان لێ کەوتبێت.

هەستم کرد چاوەکانم نووقاندووە و دەریا شەپۆلم پێ دەدا..
هێندە ماندوو بووم، خەوم لێ کەوت،
دوای ماوەیەکی زۆر بە ئاگا هاتمەوە،
دیار بوو کابرا چەندان شوێن و ڕووباری بە خەوتوویی پێ بڕیبووم.

لەوێ کاتێک هەیە بێ مانایە،
تەمەنێک هەیە بێ سوود تێدەپەڕێ،
لەوێ کاتێک هەیە ڕەزمی ئەم تەنیاییەت دەگۆڕێت..
بیرم نایەت
چەند بە گۆڕانکاری خێرا خێرادا تێپەڕیوم
لەناو جانتا و کیسەی نایلۆن و عەلاگەی هەڵواسراودا

چاوەڕێ کەن... شتێکم بیرکەوتەوە..
هاوینێکیان فەرمانیان پێ کردم کە لەناو سندووقێکی تەختەی ماڵێکی نیمچە تاریکدا بمێنمەوە..
لە پڕێکدا بینیم لەبەرزایی سندووقە تەختەکەوە...،
دەخشێ.... دەخشێ و بەرەو لای من دێ
(کرمی دار بوو).. ئەو کرمەی کە تەختەکەی هاڕیبوو و بەرەو لای من دەخشا
کە پارچە چەورەکە بووم.
دەخشان و کۆدەبوونەوە و بڵاودەبوونەوە و زۆر دەبوون.
سندووقە داخراوەکە کرم تێی دابوو،
(بەکرمەکە) دوورکەوە... دوورکەوە
دەیەوێت بخشێ تا بمخوات...
بەڵێ... کاری کردە سەر لاکانم..
دەخشێ و دەمی دەکاتەوە تا قووتم بدات
ترسی گەورەم ئەوەبوو... نیوەم بخوات
ئەوکاتە چارەنووسم ناو تەنەکەی خوڵەکانە
لەوانەیە بەبێ خواستی خۆم، جارێکی تر بگەڕێمەوە لای کابرای بۆگەن، کە هێشتا لەسووچەکەی خۆیدا وەستاوەو
بۆگەنەکەی، بەدنیادا بڵاودەکاتەوە...
..... دوورکەوە... دوورکەوە

ئەگەر پارچەیەک لە لەشی ئەو کرمانە لەناو بچێت!
پارچەیەکی تر جێگەی دەگرێتەوە،
هەروەها درەخت و ئاژەڵ و باڵندە و ڕووبارو ئاگرو هەواو...
هەموو شتێک..
تەنیا ئێمە نەبێت..
ئەگەر بەشێکیت لەناوچوو... چارەنووست هەر جیهانی خوارەوەیە.

- دوورکەوە... دوور...

بەڵام هەموویان وا بەیەکەوە نووساون وێنەی شەمەندەفرەێکمان
لە کرمی بچووک دروست کردووە..، پەڕینەوە و لەسەر شانم جێگیر بوون..
ترس خواردبوومی... چاوەکانم نووقاندبوو
خۆم دایە دەستەوە وەک جەنگاوەرێک کە جگە لەمردن هیچ ڕێگایەکی تری لەبەردەمدا نییە..
لەپڕێکدا دەرگای سندووقەکە کرایەوە..

چاوم کردەوە ژنێکی پیر دەستی بۆ درێژکردم و گرتمی
- ئەوەتا... ئەوەیە،
- هەر کەمێک دەسکاری دەوێت،
دەتوانیت بەنرخێکی باش بیفرۆشینەوە
مێردەکەم کڕیبووی، بەڵام ئێستا نایەوێت، چونکە پێویستمان بە کەمێک پارە هەیە
بیگرە
هەڵی دامە بەردەمی کچێکی جوان
تۆ بڵێی ئەم کچە من لەبەر کات؟
تۆ بڵێی وابێت؟
دەستی بۆ درێژکردم و هەڵی گرتم و هەندێ پارەی دایە ژنە پیرەکە.
پێش ئەوەی بمبات سەیرم کرد کرمەکان هەموو سندووقەکەیان تەنیوەتەوە..
لەوانەیە ڕۆژێک بێت ئەم ژن و پیاوە پیرەش بخۆن،
کچەکە بردمی و ڕۆیشت
وەک جارانم نەخرامە ناو کیسەوە....، بەڵکو دامی بەسەر دەستیدا..
هەواکە ژیاندمییەوە
تەپەی پێیەکانی کە بە خێرایی دەڕۆیشت ئەو بیرەوەریانەمی
ورووژاند کە نزیکەی سێ ساڵ دەبوو لەناو ئەو سندووقە تاریکەدا خەریک بوو بیردەچوونەوە..
نازانم بۆچی هەندێ کەس کە دەخرێنە ژووری تاریکەوە
هەست بە سامناکی و ترسی و ئەو تاریکییە دەکەن؟
هەروەک کابرای جگەرە بەدەست کە منی بۆ کوشتنی کەسێک بەکارهێنا..
کچەکە چووە ماڵێکی سادە و ساکاری بۆن خۆشەوە،
بۆنی گوڵ و گەڵای لاولاو ئەو ماڵەی گرتبووەوە،
بەهۆی سێبەری

ئەو گەلاّیانەوە نەمدەتوانی تەواوی ماڵەکە ببینم...

بەخۆشیەوە بەپەلە چووە ژوورەکەی خۆیەوە..
فرێی دامە سەر جێگاکەی و چووە دەرەوە..
چەند دەقــــەیەکی نەبرد لەگــــەڵ دایکی و هەردوو خوشکەکەی گەڕانەوە بۆ ژوورەکەی خۆی.
هەرسێکیان بەرانبەرم وەستان و منیش لەسەر جێگاکە ڕاخرام...
وتی: ئەوەتا
دەســتــیــان کــرد بە ئەم دیو ئەو دیو کــردنم، دەســتــە نەرمەکانیان خستە گیرفانەکانمەوە،
دەستــیـان بەسـەر ئەو برینانەمـدا دەهێنا کـە کـرمـەکـە خواردبووی،
ناخۆشی بەسەرچوو..
دایکیان هەڵساو وتی:
– چاک دەکرێتەوە... بە کەڵک دێت
یەکــەمــیــان وتی: ئەمــشــەو پاش ئەوەی کــە ڕێکمــان خستەوە خۆم پاکی دەکەمەوە،
ئەی خـوایە دیسـان مـەکـینە نەعلەتیـەکە دێن بەسـەر قۆڵەکانما کچەکە ماچێکی خوشکەکەی کرد و وتی:
– لەبەر خاتری تۆ
ئەوی تریان وتی:
– خۆم بەیانی جوانی دەکەمەوە
دایکیان وتی:
– دەی دەست بەکاربن...
هەڵی گرتم و بەهێواشی هەڵیواسیم.
هەمـوویان لای خـوارەوەم دانیـشتن و دەسـتـیـان کـرد بە دوورینەوەی کونەکانم...
دایکیان وتی:
– وریابن دەرزیەکە بەشێنەیی بەکاربێنن با چنینەکەی تێک نەچێت.

سـوێندت بۆ دەخـۆم من پاڵـتـۆیەکی بەنرخم، بۆ یەکـەم جارو
یەک زسـتـانی تەواو یەکێ لەبەری کردووم کـە کـەس جورئەتی بینینیشی نەدەکرد..
(هاوار دەکات)
– ئا... ئەم کچە.. ئازارم دەدا...
(پێدەکەنێ)
ئەوی تریان بەشێوەیەکی ئەفسووناوی دەمدروێتەوە؟
(لەوە دەچێت زۆر دڵی خۆش بێت)
نا... نا... ئەوەچی لە کەمەرم دەکەن؟
پێکەنینم دێ... پێکەنینم دێ..
خۆم بۆناگیرێت..
وەک کەر لە قەیەکم هاویشت و کەوتمە خوارەوە،
بەڵام ئەو هەر دەستی پێمەوە بوو..
هەستایە سەر پێ و وتی:
– هیلاک بووم
ئەو کچەی کە کڕیبوومی وتی:
– ئاخر سبەینێ دەڕوات..
– خـوشکە بچکۆلەکـەی بەدەم دەسکاری کـردنەوەی پاڵتۆکەوە وتی:
– بۆ کوێ؟ دەڕوات.. کێیە ئەوکەسەی کە دەڕوات؟
ئەو شەوە ئیسراحەتم کرد.
لەدەستێکی جوانەوە بۆ دەستێکی جوانتر
پاشان کـە تەواویان کردم خـستـمـیـانە ناو کـارتۆنێکی گەورەوە..
هەسـتـم کـرد کـارتۆنەکـەش بە قـردێلەی ڕەنگاوڕەنگ دەپێچنەوە بەسەرمەوە.

لەناو خۆیاندا هەر پێدەکەنن
باش بوو کارتۆنەکەیان زۆر توندوتۆڵ نەپێچایەوە..
لەلاکانیەوە دەمتوانی ببینم.. لەلایەکەوە..
کوڕێکی گـەنجی لاوازم بینی کە هاتە ژوورەوە تەوقـەی لەگەڵ هەموویان کرد...
لەگەڵ ئەوکچە چووە دەرەوە
کە کڕیبوومی
لە دەرگاکە چوونە دەرەوە و منیشیان پێ بوو،
هەوا خۆش بوو،
قسەکانیان زۆر خۆش بوو،
هێدی هێدی هەنگاویان دەنا،
پاشان لە شوێنێکدا دانیشتن..
کچەکە قردێلکەی کردەوە و سەری کارتۆنەکەی لابرد و وتی:
– ئەمە دیاریەکەیە
کوڕەکە سەیری کردم و ئەم دیو و دیوی کردم
دەستی کرد بە هاوارکردن

- هێشتا مەغدووریت؟
سێ کەس بەدرێژایی شەوێک و ڕۆژەکەی خەریکی پاککردنەوە و چاککردنم
بوون تا بمکەنە دیاری بۆ تۆ؟
بەزەردەخەنەیەکەوە هەڵساو کردمیەوە و لەهەوادا
سووڕانمیەوە.. دامی بەسەر شانی کچەکەدا کە دانیشتبوو وتی:
- با پێتەوە بێت تا سەرمات نەبێت
کچەکەش وتی:
تۆ لە دەشتایت و بیابان ساردە، دەبێت هەر خۆت لەبەری کەیت..

ماشێنە سەربازییەکان بەدەنگە بەرزەکانیانەوە چڕ دەبوونەوەو نزیک دەبوونەوە..
خەڵک ماڵئاواییان لە کوڕەکانیان دەکرد..
هەمووان سەرقاڵ بوون...
کوڕەکە بەپەلە هاتەوە بۆ لای و دەنگی ماشێنێکی گەورەی سەربازی
کە بە هێمنی بەلایاندا دەڕۆیشت، بە ئاستەم هێشتی کچەکە گوێی لەو ڕستەیە بێت کە پێی وت:
کاتی ڕۆیشتنە.
دەموچاوی لێ بردە پێشەوە و ماچێکی کچەکەی کرد..
قۆڵەکانمی خستە سەر ڕوخسارە شەرمنەکەی
ماچێکی تری کرد و ماڵئاوایی لێکرد
ئەو ماچە بەهاری خستە دڵیەوە..
ڕوخسارە شەرمنەکەی کرایەوە..
بەقۆڵە درێژەکاندا، وا دەردەکەوت کە ئەم کچە لە تەمەنی خۆی بچووکتر بێت؟
خێرا هەڵساو لەخۆی کردمەوە و
دامی بەسەر شانی کوڕەکەدا
ئەویش لەبەری کردم

کچەکە هەردوو لای گرت و وتی:
- خۆزگە ئەم پاڵتۆیە گوێی هەبوایە.
خۆزگە دەبووە پاڵتۆیەکی ئاسنین و لە فیشەک دەیپاراستی.
خۆزگە دەبوومە دیوارێکی ئاسنین و دەمپاراست.
خۆزگە دەمتوانی.
دوای ئەوەی چەند مانگێک لەگەڵ ئەو کوڕە بووم، وام دەزانی
کە خۆشم ناوێت، چونکە من کچەکەم خۆش دەویست.
هەستم کرد ئێمە هەردووکمان کچەکەمان خۆش دەوێت.
هەستم کرد ئێمە هەردووکمان من و کچەکەش کوڕەکەمان خۆش دەوێت
زۆر ئاگای لێم دەبوو تەنانەت لەو دەشتەشدا..
بەڵکو ئاگای لە هەموو شتەکانی دەبوو..لەپێش هەموویانەوە پاڵتۆکە..
کچەکە دەستەسڕێکی بۆنداری خۆش بەبۆنی خۆی خستبووە گیرفانەکەی
لای دڵەوە..
وێنەکان و شتی ترو دەفتەری شیعرەکانیشی خستبووە گیرفانەکانی ترەوە
لە نزیکەوە ناسیم
هەستم پێکرد،
بینیم چۆن بەخێرایی پشیلەیەکی دڕندە
وەک پەلاماری شتێک بدات..
خۆشم ویست..
بەڵێ...
بەڵام بەداخەوە نەمتوانی ببمە ئەو پاڵتۆ ئاسنینەی
کە کچە داماوەکە خۆزگەی بۆ دەخواست..
پاشان دوای ماوەیەکی کەم لە تەمەنی ڕۆژگار،
وەک خەیاڵ دێتەوە بەرچاوم.
بینیمان لەبری باران گوللەدەبارێت...
ڕامان کرد... خۆمان شاردەوە..
ئەو پارچە ئاسنە کوشندانە بەرز دەبوونەوە بۆ ئاسمان و
بەو ئاسمانەدا دەفڕین کە شوێنی ئەوان نەبوو..
لەپڕێکدا دەبوونە باروت و دەکەوتنەوە سەر زەویەکە
بینیم ئەو ئاگرەی کە لەبەر دەمیدا خۆت بۆ نەدەگیرا
دەکەوتە سەرزەوییەکە..
سەر وەک چۆلەکە دەفڕێت،
لاشە بەجێ دەمێنێت..
دەمبینی لاشە بەبێ باڵ لە هەوادا دەفڕین و
دەکەوتنە خوارەوە..
کرم خۆی بۆ دەخشانن وەک چۆن بۆ من دەخشان،
بەو شێوەیە.. ئەو کرمانە بەهۆی ئەو لاشە
بۆگەنانەوە کە بڵاو ببوونەوە،
فریای من نەدەکەوتن...
لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنەکەم بە جلەکانی و

ڕاخەری خەوەکەیەوە، خۆی پێوە نووساندم
خەوم لێ نەکەوت،
بە دیاریەوە مامەوە تا سەرمای نەبێت،
بووم بە جانتاو خاولی و کەلوپەلەکانی..
خواردنەکەی کە پێی بوو..
کەمێکی لێ خوارد و پاشان بە قۆڵەکانی من دەمی سڕی، ئیتر سەیرێکی دەوروبەری خۆی کردو
لەگەڵ ئەو هەمووچەرمەسەریەی بەسەری هاتبوو، هێشتا هەر
بۆنی ناخۆش نەبوو... وەک بۆگەنی کابرای پیس نەبوو..

(بێ دەنگی)
– بۆچی ئازیزان کە بە یەکجاری ون دەبن، بێ ماڵئاوایی ناگەڕێنەوە..؟
بۆ وەک ئێمە نامرن؟
کە لەناو دەچین سەرلەنوێ چاکمان دەکەنەوە..
بۆچی بەیەکجاری بۆ؟ بۆ؟

(هاواردەکات)
چ سنوورێکە پێیدا تێدەپەڕن و ناگەڕێنەوە؟
بێ دەنگی شیوەنیان بۆ دەکات..
ئێوارەیەکی غەماوییە..
تەنانەت زەویەکەش لەو شینەیاندا
بەشدارە...
شتەکە زۆر بەخێرایی کۆتایی هات،
کاتێک کەوتین
هەستم کرد قوماشەکەم دەسووتێ..
ئەو هەستی بەهیچ نەدەکرد..
لە پڕێکدا پرسیارێک لە چاوەکانیدا بووە بەرد...
ئەوە چییە؟...
بۆ کەوتین؟...
کاتێک دەستی پەڕی بەدوای وەڵامدا دەگەڕا..
قوماشەکەم دەسووتا...
ئەویش لەشی کون کون ببوو
ئیتر زانیمان کە کارەکە لەوەدا نییە، کەس
کەس بتوانێ بیهێنێتە بەرچاوی خۆی
بەیەکەوە کەوتین و هەر تەپاوتلمان بوو
وەک دوو چۆلەکەی سەربڕاو سەمامان دەکرد...

– سەمای کۆتایی.. سەمای کۆتایی..
خشاندن

خۆشەویستی و خاک و هەناسە وەرگرتن... بێ دەنگی
هەناسەدانەوە... هەناسە وەرگرتن..
پیری و دەستەپاچەیی...

هەناسە وەرگرتن... وەرگرتن...
هەوا لەکوێوە دەڕوات؟
ناتوانم هەناسە بەم... هەناسە

خوایە گیان
خاکەکە ڕەش دەبوو
دوای ئەوە دەشتەکە بووە قەسابخانە،
لێوەکانی دەجووڵاند پێش ئەوەی بێتە بەرد،
هێمن و بێ دەنگییەکی خامۆشی
لەژێر ڕەشماڵی ئەو شەوە ئاسنینەدا ئەو لاشانەی داپۆشی..
من کون کون و لوول ببووم
لەو شوێنەدا فڕێ درابووم کە تێیدا دەنووستین..
بەڵام ئەو... هەر دیار نەمابوو..
دیاربوو ئەو گالیسکانە، هەڵیان گرتبووەوە
کە لەشەڕدا ئەسپە شێتەکان
ڕایان دەکێشا

(بە غەمێکی زۆرەوە هەر دەیڵێتەوە)
– هەر دیار نەما... نەما...
باران دەباری... من لەو دەشتەدا
بۆ چەند ڕۆژێک مامەوە..
ئەو لاشانە بڵاوبوونەوە، کەوتبوونە سەر ئەو دەریاچە
بچکۆلانەی کە بەهۆی بارانەوە
لەنێوان هەردوو هێزە شەڕکەرەکەدا
دروست ببوون
ئاوەکە بەهێواشی هەڵی گرتم..
چەند خەمم خوارد بۆ ئەو لاشانەی سەر دەریاچەکە کە کەس نەیدەتوانی بیانگرێت..
جگە لەو گەنجەی کە بە هێواشی و بەبێ دەنگییەکی
ترسناکەوە پاڵێکی ناو گەیشتە لامان
وەک لاشەیەکی مردوو

ڕایکێشام و دووری خستمەوە
بێ ئەوەی بزانم بۆ؟
تا یەکێکیان کیسەیەکی کردەوە..
خۆم بە لوول کراوی لە ناویدا بینیەوە..
هەستم کرد لەناو گۆڕدام..
هەموو دەڕۆیشتن...
جگە لە ژنێکی ڕەشپۆش نەبێ
ئاوڕێکی دایەوە تا سەیریان بکات...
ناسیمەوە...
بەڵێ... ئەوە ئەو کچە بوو..
کە من ئەو پێکەوە خۆشمان دەویست
پێکەنین و وەسیەتەکەیم بیرکەوتەوە کە وتی:
(خۆزگە ئەم پاڵتۆیە دەبووە پاڵتۆیەکی ئاسنین
تا گوللە نەیبڕێت...)
ئەوەم بیرکەوتەوە کە کاتێ پێوەی بووم چۆن لەشی
لەسەرما دەلەرزێ..
پێش ئەوەی هەڵسێت، بینیم وێنەکەی خۆی خستە ژێر خاکەکەوە لەوێدا خواحافیزی لێ کرد..
دواتر هەڵسایەوە..
فرمێسکەکانی بەجێ هێشت و لەژیاندا نەما..
خۆم بۆ لای خاوەنەکەم خشاند و لەپاڵیا بەبێ دەنگی درێژ بووم...
هیچم بیر نەمابوو لەگەڵی بڵێم
پێی ڕێبوارانم دەدی دەهاتن و دەچوون..
هەر دەهاتن و دەچوون
ڕۆژگار هات و ڕۆیشت
منیش فڕێ درامە نزیک گۆڕێکەوە و خاک و خۆڵ دایپۆشیم
هەتا دەستێک بەرەو لام درێژ بوو و
ڕایکێشام
بەرزی کردمەوە و لەهەوادا پشکنیمی
تەنیا یەک شتی وت:
بەکەڵک دێت
ڕایکێشام

نەموت.. نەم وت:
ئێمە لەناویش بچین سەرلەنوێ دەگەڕێینەوە،
دیارە بەختی من لە بەختی هاوڕێکەم چاکتر بوو
بەڵام ئەو فیشەکانەی کە بەرم کەوتبوون
پاشماوەی کونی ڕەشی لەسەر پارچەکانم جێ هێشتبوو
ئەویش بەرەو فەنابوون و بێ گەڕانەوە.. ڕۆیشت
هەروەک ئەوەی ئەو کوڕی بۆگەنە پێی کردم..
کابرا ڕایکێشام و نەوەستا
هەتا ڕاستەوخۆ خۆی کرد بە دوکانێکی جلەکۆنەدا... و خستمیە بەرچاو..
هیچی بەخاوەن دوکانەکە نەوت تەنیا یەک وشە نەبێت: بەکەڵک دێت...
وەک ئەوەی بۆ ئەوە دروست بووبێت هەر کۆنە تازە بکاتەوە و سوود لەپاشماوەی کۆن وەربگرێت..
لەبەردەم دەرگای دوکانەکەدا جێی هێشتم و
دەستی کرد بە ژماردنی پارەکانی
خێرا لەولاوە چووە لای ئەو ژنە پیرەی کە دانیشتبوو نانی دەفرۆشت،
کولێرەیەکی لێ کڕی و گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی..
منیش هەر چاوەڕێم
خاوەنی دوکانەکە سەیری کردم و فڕێی دامە لای ئەوانی تر
کەوتمە بەردەست چەند دەستێکی زبر
بە هەوادا هەڵدرام بۆ دۆزەخی مەکینەیەکی تری
قەبەی کۆن کە بە دەنگێکی زۆر گەورە و ترسناک دەسووڕایەوە..
خراپترین شت کە تووشم بوو
ئا ئەم مەکینە زەبەلاحە بوو
پەلوپۆی کردم یان
فڕێی دام و لەت لەتی کردم
دەستە زبرەکان چاوەڕێیان دەکردم
خێرا هەڵدرامە ناو حەوزێکی گەورەی ئاسنینەوە،
لەهۆش خۆم چووم
کاتێک لەناو ئەو گێژاوە تاریکەدا بە
هێواشی دەیپەستامەوە..
لەگەڵ هەموو ئەو جلانەی کە تەواو نرخیان لەدەستدابوو
هەمووان پێکەوە هاوارمان دەکرد..
بەهۆی وڕە وڕی نەعلەتی ئەو مەکینەیەوە،
کەس گوێی لێمان نەبوو..
ئاگامان لەخۆمان نەمابوو تا بزانین چەند بەسەرچووە؟
نازانم..
نازانم چۆن بەسەرچوو..

کوا... کوا ڕەنگە تاریکەکەم..؟ نازانم
کابرای خاوەن دوکان، هەڵی گرتەوە و
پشکنیمی و وتی:
- بەکەڵکی هیچ نایەت
- دڕاوە و ڕەنگەکەشی نەماوە..
بەڵێ ڕەنگم نەماوە..
ئەو ڕەنگە جوانەی کە خۆشم دەویست نەما
شێوەی دوورینەکەشم نەماوە.
بەڵام ئەوەی کە لە منا دیاربوو تەنیا ئەو جێ فیشەکانە بوو،
قۆڵە بڕاوەکانم بوو، ئەو دڕاوییە بوو کە ئەوەندەی
کۆڵە مستێک لەپشتما بوو.
کابرای خاوەن دوکان بە دەستە زبرەکانی فڕێی دام و وتی:
خۆزگە نەتان شتایە.. لەپشت جلەکانەوە هەڵیواسن..
ڕەنگە پێویستمان بە قۆپچەکانی بێت..
هەستم کرد.. تەواو.. تازە تەواو
زانیم خرامە بنی دوکانەکەوە
لە سووچێکدا دانرام کە کەس نەیدەگەیشتێ
کۆمەڵێ پارچە کۆن کرا بەسەرما... هەموو پێکەوە لەو تاریکیەدا
نووستین..
بەدەست خۆمان نەبوو..
بێ هیوا..
ڕۆژێکیان لەژێر ئەو کۆمەڵە جلە دڕاوانەدا چەندان خەونم دی
خەونی خۆش خۆش
هەرچەندە جارجار بۆگەنەکە و کوڕی قەحبەکەم بیردەکەوتەوە
کابرای بۆگەن
ئەوەندە پێدەکەنیم پارچە جلە دڕاوەکانی سەرم دەلەرینەوە..
وام دەزانی خەوە..
گوێم لە دەنگی بوو... وتی:
- بە دڕاویش هەر دەمەوێت..
کرێکارەکان ڕاڕەوە تاریکەکانی پشتەوەیان ڕووناک کردەوە..
کابرا دەستی کرد بە سەیرکردن
ئەو پاڵتۆیانەیان نیشان دەدا کە زۆر دڕاو بوون

لە پڕ هەستم کرد
دەستێکی زبر بەقۆڵە بڕاوەکانم و جێ گوللەکانمەوە
لەژێر ئەو کۆمەڵە جلە دڕاوانەدا ڕایکێشام... و
خستمیە بەردەمی کابراو ئەویش وتی:
ئا ئەوەم دەوێت...
کابرای خاوەن دوکان بەسەر سوڕمانەوە وتی:
- بەڕاستی دەتەوێت؟
- ئەمە بەکەڵکی هیچ نایەت..
وتی: من ئەکتەرم
پێویستی پێیەتی
خاوەن دوکانەکە ئەمەی قۆستەوە و بەهەلی زانی
داوای نرخێکی گرانتری لێکرد..
لەنرخی پاڵتۆی تازەش گرانتر،
لەگەڵ ئەوەشدا ئەکتەرەکە هەر قایل بوو،
(خاوەنە تازەکەم بردمی)
لەبەردەم ئێوەدا هەڵیواسیم
لێرە...
لەڕاستیدا من هیچ نیم جگە لە پاڵتۆیەک نەبێت.
پاڵتۆیەک بە ملم هەڵواسراوم

**هاوینی ٢٠٠٦، سلێمانی**

**تێبینی:**
**نووسەری ئەم دەقە لە کەنەدا دەژی. نووسەرێکی بەناوبانگی ناوەندی شانۆی عیراقییە. ئەم تێکستە تا ئێستا لە هیچ سایت و بڵاوکراوەیەک بڵاونەکراوەتەوە و ڕاستەوخۆ بۆ خۆمی ناردووە و کردوومە بە کوردی.**

# بیردانکا نکراندی و..
# سۆره برینا شەڤا من


ئازاد دارتاش
(ئاکرێ)


**سۆره برینا شەڤا من**

«چرایێ چاڤێن من
من ژ بیرنەکره،
هەتا ل بیر بینم!
شەڤەک بەرهاڤێتی،
ژ پاییزەکه سەربەردایی
فەرهەنگا خوینێ دهلمێسا.
تاڤ سۆرکا گوندێ من،
خوه ژ نفرینا دپێچا.
گەها دەرازینکا گوهێ من
بزدمبادانا رووڤیا
روونی درەڤی و ئاڤ بێ دەنگ دبوو.
گوندێ من..
گوندێ من ژ کۆلانێت خوه دترسا
ئاشیپکێت سۆر شەڤا من دخوار
داپیرا من
ب دەنگەکێ بلند،
یاسین د هەژمارت
نوت و نەه بەرخشینکێن
کەس نەبینایی،
دکرنه بازبەند،
و ل زەندێ مه شداند.
قادر ژ ترسا خوه..
هەلاویست بوو.
ل ناڤ کورکێ نەبوونێ هەلیابوو
لسەر پێنگاڤا قورچێن مرنێ
پیردبوون.
گوملەکێ من یێ سپی

**گەفێن سپێدێ دگڤاشتن،**
**خوناڤ ژ چاڤێن ١١ نێرگزان ڤەخوار.**
**ژ لەرزا لحێفکا من دڕەڤی،**
**ئو تم من دکێشا ،**
**ئەو ژی نەبوونا سیبەرا شەڤا من،**
**پێسترکێ چاڤێن من رەقکرن.**
**من مژگولێن خوە،**
**لسەر لولیا تڤەنگێ،**
**لبو لبو دهەژمارتن..**
**باروتێ دەنگێ زارۆکان**
**وەکی دێمێ خوە لێکربوو**
**ژ دەنگێ هۆڤێن دوو پێ..**
**زەلام ژ مێرانیا خوە حاشا دبوون،**
**دایکان برینێن گوندی هەمبێزدکرن؟**
**کەفا دەستێ فاتما نەبیا دشێلان**
**هێدی هێدی**
**گری و زێمار پێ ڤەدمالین**
**ب لێفکا کورتەکێن خوە برین و روندک**
**هاوبش دکرن.**
**چرایێ چاڤێن من:**
**ماتۆ بێژی ژبیر بکەم!؟**
**ئەو گەودێ هەتا نها ،**
**لناڤ مێژوویا مەژیێ من دە**
**دلیزە. برینێن ساڤا ،**
**ژ کەربا قەدەرا نیشانکری**
**من ژ چاڤێن خوە مێهتن**
**ئەو گوملەکێ ژ رەنگی گولنەخوینێ**
**یەک یەک من قولپکێن وێ هەژاندن.**
**حەمایلوکێن خالی،**
**لسەر سینگا شەڕێ شەڤێ**
**چەوا بێهن ڤەدابوون!**
**قیریا من ژ کنفێ ئەیوب**
**لەخەرتر لێ هاتبوو..**
**کولانێن باژێرکێ من،**
**مینا سەرێ سێڕیانا چوار چرا ،**
**دەنگ ڤەدابوو..**
**خوەزی لسەر پەڕێن خوە یێن بریندار شین دبوون**
**ل وێ سپێدیا ئەروتیک**
**ئەسمانێ گوندێ من**
**سۆرکرن و چاڤێن خۆ ل مە زلکرن**

**ب شەهمەزاریا خۆ**
**ئەم ل هەمبێزا خوە هاژۆتن»**

**سەلوا گولی/ سوید**

دەما من هەلبەستا (سۆرە برینا شەڤا من) یا هەلبەستڤان سەلوایا گولی خواندی، بەرییا هەرتشتەکی من هەستکر کو د هەر رستەیەکێ دا هەلبەستڤان یا بۆ مە دیرۆکەکێ ڤەدگێڕیت و یا زنجیرەکا رویدان و بوویەران د رستەیێن خۆ دا خەست دکەت، هەرچەندە هنەک ژ وان رویدان و بوویەران ئەزموونا وێیە نە وەکە تاکە کەس لێ وەها ل مرۆڤێ دکەت کو ئەزموونەک گشتی یە و لسەر مرۆڤی ژی رابۆری یە و ب رستەیێن خۆ مرۆڤی تێکهەلی بوویەران دکەت هەروەک مرۆڤ تێدا ژیایە. ب رێکا رستەیێن هەلبەستێ، هەستێن مرۆڤی دگرنژینیت و هەر گاڤێ مرۆڤی بەرەڤ سەنتەکێ دبەت بێی پیڤەر و نەخشە و پلان مینا کۆلانێن بێ ئەندازە دگوندەکێ رۆژهەلاتی دا. هەر ل دەستپێکێ، خویندەڤانی بەر ب شەڤەک پاییزی و گوندەکێ کوردستانێ ڤە دبەت، مرۆڤی دادنێتە هەمبەر دیمەنەکێ تژی ترس، هێزێن داگیرکاران ب کلتورێ خۆ یێ بسەرداگرتن و مەرگدوستی و رەشڤەکرنێ ڤە، شەڤەکا رۆمانسی یا گوندەکێ کوردستانێ یێ بێ گونەه، گوندەکێ خۆ تافیلکری ژ تەڤ گونەهان شێواند..

**(شەڤەک بەرهاڤێتی،**
**ژ پاییزەکە سەربەردایی**
**فەرهەنگا خوینێ دهلمێسا.**
**تاڤ سۆرکا گوندێ من،**
**خوە ژ نفرینا د پێچا.**
**گەها دەرازینکا گوهێ من**
**بزدمبادانا رووڤیا )**

ئەڤ هێزێن ئەهریمەنی دهێن و وێ سپەهیێ و ئەتموسفیرێ جوان و رند تێک ددەن، لێ ب زمانەک هەلبەستی، هەلبەستڤان ئەڤان رویدان و بوویەران ڤەدگێڕیت.. دەما مرۆڤ دخوینیت گوه تژی دەنگێن پۆستالێن سەربازێن داگیرکاران و قیژی و هەوارێن پیر و کال و زارۆیێن گوندەک ئارام دبن. دگەل دەنگێ تەقە و گوللەیان دفن تژی بێهنا مژا باروود و دەینامیتێ دبن، چاڤ دیمەنەک تراژیدی و دلتەزین دبینن و تژی هلما خەردەل و سیانیدێ دبن. کاروانێ خەلکێ سڤیل بەر سینگێ سەربازان تێ هاژۆتن کو هەتا ئەسمان ژی خۆ

هەمبەر وان تاوانان شەرمزار دبینیت و بێدەنگ دما. ئەڤ تراژیدیایە ب درێژەهییا شەڤەک پاییزی ڤەدمینە و ل وێ سپێدەهی ژ باتی ببیتە هێمایا نویبوونەڤا ژیانێ و دەستپێکرنا کاری و ژیارێ بەروڤاژی دبیت و دبیتە تێبایەک ب درێژاهییا ژیێ خەلکێ گوندی دگەل وان دمینیت و لڤر هەلبەستڤان دخوازیت بێژیت کو ئەو شەڤ یا نکراندی یە دبیردانکا وێ دا هەرچەندە نها ل ئەورووپا ژیانێ دبەتە سەر و ژ جهێ رویدانێ دویرکەتییە لێ رویدان و دۆزا وێ یا نەتەوی ب گشتی هەر د هزر و بیردانکا وێ دا دلڤن و گرێدانەک موکوم دگەل ڕۆژانێن وێ هەیە، تا رادەیەکی کو مرۆڤ دکاریت بێژیت کو د هندەنک گاڤ و شەڤان دا ئەو تێ سەرا وێ ددەت، لێ ژ باتی ببیتە پەتایەک دەروونی و سایکی دبیتە هۆکارێ پتر ڤەگرێدانا وێ ب کەتوار و دۆزا وێ ڤە.

**(ل وێ سپێدیا ئەروتیک**
**ئەسمانێ گوندێ من**
**سۆرکرن و چاڤێن خۆ ل مە زلکرن**
**ب شەهمەزاریا خۆ**
**ئەم ل هەمبێزا خۆ هاژۆتن)**

مە گوت هەلبەستڤان دڤێ هەلبەستێ دا، ئەزموونا خۆ ڤەدگێڕیت و شەڤەکا نکراندی د بیردانکا خۆ دا زیندی دکەتەڤە و لدۆر مژارەکا ئاراندی د هشێ وێ دا دپەیڤیت و ئەرکەک پڕ قورسە هەلبەستڤان دەڤا خۆ لسەر ڤەگێڕانێ ئاڤا بکەت یانکو رویدانێ ڤەگێڕیت لێ نە ب زمانێ سادەیێ ڤەگێڕانێ بەلکو ب زمانەک هەلبەستی، وێ ئەزموونێ و وان بوویەر و رویدانان ب رستەیێن هەلبەستی تێندار بکەت و دڤێ بیاڤێ دا، کورتکرنەڤێ رۆلەک گرنگ هەیە و پەی دیتنا مە وێرەکی یا هەلبەستڤانێ د کورتکرنەڤێ دا خۆیا دبیت چونکو ئەم لسەر کلتورێ تێر و تەسەلیێ راهاتینە. لی دەما هەلبەستڤان کۆمەک یادگار و سەربۆر و هەستێن جودا جودا ب ڤەڕێژا وانڤە دئێک رستە دا کورت و خەست بکەت و یێ سەرکەفتی بیتن دڤی کاری دا، ل وی دەمی شەهرەزایی و وێرەکی یا هەلبەستڤانی خۆیا دبیت.

**(گوندێ من ژ کۆلانێن خۆ دترسا**
**ئاشیپکێن سۆر شەڤا من دخوار**
**داپیرا من**
**ب دەنگەکێ بلند،**
**یاسین د هەژمارت)**

دڤێ کوپلەیێ دا، هەلبەستڤان ب ئاوایەکێ ستێتیکی دیمەنەک مەترسیدار مینا گرتەیەکا سینەمایی یا تژی ژ سەهم و سافێ و ئاماژەیان نیشا ددەت و ب یاریەکا زمانەڤانی دیزاینەکا هونەری بەرجەستە دکەت.. کۆلانێن گوندی وەها دهێنە بەرچاڤان کو کەسەک تێدا نیە و کۆلان ب خویا چاڤەڕیێ رویدانەک مەترسیدارە، هەرچەندە مرۆڤ نهایێ دویرە ل جهێ رویدانێ لێ مرۆڤ هەست دکەت کو ئەو جه یێ دلڤیت و بەرەڤ مرۆڤی ڤە تێت و لڤێرێ هێزداری یا دروستکرنا وێنێ هەلبەستی خۆیا دبیت. دڤێ کوپلا سەری دا هند ڤارێ بوون هەنە مینا (داپیرا من/ ب دەنگەک بلند/ یاسین د هەژمارت)

یاسین بخو وەکو سورەتەک قورئانی تێتە خوێندن لێ لڤێرێ هەلبەستڤان دبێژیت کو ترس یا گەهشتی یە لوتکێ و هەر تشت بەروڤاژی کریە و دیسان تێنەک پڕ مەزن دایە پەیڤان و رستەیەک هەلبەستی و ڤاڕێبوون دروست کری یە و زمان ژ زمانێ ڤەگێڕانێ و گوتنێ جودا کری یە.. ئەگەر هەلبەستڤانێ گوتبا (داپیرا من ب دەنگەکێ بلند یاسین دخواند)، دا ببیتە رستەیەکا سادە و نە هەلبەستی، یان دەما دبێژیت (گوندێ من/ ژ کۆلانێن خۆ دترسا) لڤێرێ تشتەکێ بێ روح و نەلڤ، روحتەبەر دبیت و دپەیڤیت و سەرهاتیێن خۆ بۆ مە ڤەدگێڕیت، هەلبەستڤان مە دئێخیتە هوندری لۆتکەیا ڤەیرانەک خوینەلو و پرسگریەک ئالزو پڕترس و دوودلی، مینا چەندین رستەیێن دی کو مرۆڤ دکاریت هەر دخویندنا یەکێ دا سەرهەلی وان ببیت مینا:

**(ژ لەرزا لحێفکا من دڕەڤی**
**ئوتم من دکێشا)**

دهەلبەستێ دا، رامان دپەیڤێ دا نینە بەلکو د چەوانی یا ب کارئینانا رستەیێ دا مینا ئەو رستەیێن سەری دیار و دڤێ رستێ دا:

**(روونی دڕەڤی و ئاڤ بێ دەنگ دبوو)**

بەری یا ئەڤ هەردوو پەیڤە (روونی)، (دڕەڤی) دڤێ رستێ دا بێنە بکارئینان، هەر یەک ژوانا رامانا خۆ یا فەرهەنگی هەبوویە، لێ دەما ئەڤ هەردوو پەیڤە د یەک رستەدا گەهشتینە هەڤ هەردوویان رامانا خۆ یا بەرێ ژ دەست دا یان هەردوو رامانا یەک گرت داکو ب هەڤرا رامانا سێیان دروست بکەن و هندەک دەلالەتێن دی هەلبگرن. ل پەی دیتنا مە و ئەگەر ب زمانەک زانستی شرۆڤە بکەین دبێژین کو دنێڤبەرا وان دا هەڤکێشەکا کیمیایی دروست دبیت مینا دوو مەتریالێن ژ هەڤجودا کارلێکێ (تفاعل) ل هەڤدوو بکەن و زمان و فەرهەنگا

بەرین و بەرفرەه یا هەلبەستڤانی و کویراتیا هزری و زیندیا ئاشۆپ و وەستاکاریا وی رۆل و فاکتەرەک خۆرت دبینن، رۆلێ وی وەکو فاکتەرێ هاریکار د هەڤکێشا کیمیایی دا دلەیزین، یان ب گوتنەک دن ئەڤ هەڤگێشە بەرهەمێ زمان و فەرهەنگ و هزر و ئاشوپ و شەهرەزاییێ یە و بەری یا دروست بوونا ئەڤێ رستەیێ یان یا دی، د ناخێ هەلبەستڤانی دا ئەڤ هەڤکێشە هەبوویە و بزاڤتن و چلەنگییا زمانی هاتیە دەرئینان:

**روونی درەڤی**

**ئاڤ بێ دەنگ دبوو**

دوو جەمسەر هەنە (رووناهی/ تاریاتی) و د نیڤبەرا واندا هەڤرکیەک دژوار و ئەزەلی هەیە، ئەڤێ هەڤرکیێ بەرهەڤبوونا خوە یا هەمیشەیی هەیە دمێشک و عەقل و هزرێن مەدا، هەر ژ کەڤن وەرە ئەو ئایینێن کوردا و میللەتێن دی باوەری پێ ئینایین بێن ئاڤا کری بووینە ل سەر ڤێ دوالیزمیە و ژبەرکو ئایین بوویە بڕبڕەی چاند و کلتورا مە و پشکەک هەری بەرین دپێکهاتا مە یا هزری دا، مە تەڤ هزرێن خوە لسەر ڤێ لۆژیکا دوالیزمی دابەش کرینە، دەما روونی درەڤیت وەها دگەهینیت کو هێزێن تاریاتییێ سەرکەفتێ ب دەست ڤە ئینایە، و رستەیا (ئاڤ بێ دەنگ دبوو) تێت داکو پتر گوتنا یەکان بسەلینیت، ئاڤ وەکو ئامرازەکێ پاککرن و شوشتنێ و تافیل کرنا گونەهان، و دەما ئاڤ بێدەنگ دبیت، ئەڤە وێ چەندێ رادگەهینیت کو ئێدی همی تشتێن پاکژ دێ تۆزگرتی بن، و ئێدی هێزێن ئاڤاکار نکارن ب کارێ خوەیێ سروشتی رابن.

سۆرە برینا شەڤا من، تایتەلێ ئەڤێ هەلبەستێ یە ئەوا ئەم لدۆر دپەیڤین، دبیت نیزیکیەک هەبیت دنێڤبەرا ڤی تایتلی و تایتلێ رۆمانا رومانڤیسێ تورک ئۆرهان پاموک (ناڤێ من سۆرە) لێ تایتلێ رۆمانا هان، رۆمانڤیسی ژ هونەرێ شێوەکاری یێ ئیسلامی وەرگرتییە، کو رەنگێ سۆر دوی هونەری دا یێ زالە، لێ سەلوایا گولی ژ تراژیدیێن شۆرەشێن کوردستانێ و رویبارێن خوینێ یێن بەرخۆدان و بەرەڤانیکرنێ وەرگرتییە و ئەم دزانین کو رەنگێ سۆر بەرهەڤبوونا خۆ د ئەدەب و چاندا کوردی دا هەیە و ئەڤ رەنگە یێ بوویە پشکەک بەرین و کاریگەر د هش و بیردانکا مە هەمییان دا.

دیسان ئەوا تێ بەرچاڤکرن دڤێ هەلبەستێ دا، کو جهێ سەرەکی و یەکانە دڤێ هەلەبستێ دا گوندە؛ هەرچەندە هەلبەستڤان ئەڤە بۆ دەمێ چەندین سالایە د وەلاتەکێ پێشکەفتی و باژێرەکێ مودیرن دا ژیانێ دبەتەسەر، لێ وەکو دیار گوندی هێشتا بەرهەڤبوونا خۆ یا کاریگەر هەیە لسەر هشێ وێ و بیت ئەڤێ چەندێ وەها لێکبدەینەڤە وەکو گەریانەک لدویڤ رەه و ریشالان، ل دویڤ ناسنامێ و ئەڤە د ئەدەبێ ئەمریکی دا دیاردەک بەرچاڤە و هەتا نها ژی ئەمریکی وەها تەماشەی ئەوروپا دکەن وەکو جهێ رەه و ریشالێن وان و هەستەک سۆزدار هەیە لجەم وان بۆ وی جهی.

مە گوت هەلبەستڤان یا ڤەگرێدایە ب گوندی ڤە و هەتا نها ژی دهەلبەستێن وێ دا دبینم کو ترسەک ددلێ وێ دا هەیە و ئەو ژی ترسا داب و نەریتێن جڤاکییە، دڤێ هەلبەستێ دا نەشیایە ب ئازادانە دەربڕینێ ژ دید و نێرینێن خۆ بکەت وەکو ژن، ل دەمێ رویدانێ دا ئەو کچەک سنێلە بوویە، لێ نزانین دەنگڤەدانا ڤێ رویدانێ لسەر ناخێ وێ چ بوویە، بەلکو پتر د گەردوون و چارچویڤێ کۆمێ دا دژیت و هزر دکەت وەکو ئۆرگانێ وان دپەیڤیت.. ئەڤە ژی یەک ژ ساخلەتێن ئەدەبێ رۆژهەلاتی، دیسان مرۆڤ دێ کاریت وەها بۆ بچیت کو هەلبەستڤان یا د نێڤبەرا ڤێ دووالیزمییێ دا (رۆژئاڤا/ کوردستان) د دوولیەک مەزندا دژیت، و ئەڤە ژی د نێڤبەرا رێزان و ل پشت وشەیان دا تێ بینین، و د نێڤبەرا ڤان هەردوو جهێن جودا و کلتورین جیاوازدا، تنگژین و دوودلی یا هەلبەستڤانێ وەها لێ دکەت کو ل چ جهەکی یا دل ئارام نەبیت، بەلکو هەردەم دحالەتێ هاڤیبوونێ دا بژیت، ژ لایەکی ڤە یا ڤەگرێدایە ب وەلاتێ خوە یێ یەکان ڤە (کوردستان) و دهەمان دەمدا بها و هزرێن زال، و داب و نەریتێن جڤاکەک دایەخستی رەت دکەتەڤە، و یان پێ قایل نابیت و دهەمان دەمدا ناگونجییەت دگەل میتۆدا رۆژئاڤایی، لەوما ژی هەست دکەت کو پێدڤییە وێ ژی وەلاتێ خوە هەبیت، و ئەگەر هەلبەستڤان پتر خوە ماندی بکەت ڤێ هاڤیبوونا خوە ب ئاوایەک زانستی بکاربینیت، و ئەزموونا خوە دەولەمەند بکەت، ب بەرفرەهکرنا فەرهەنگا خوە، و پتر سەرهەلی هزر و ئەدەبێ جیهانی ببیت، دێ شێت هاڤیبوونا هەنێ ب ئاوایەک بەرفرەهتر مفای ژێ وەربگریت و کارەک جوان و رەند تر بکەت.

مە گوت یا دیارە کو هەلبەستڤان یا ڤەگرێدایە ب ولاتێ خۆ یێ یەکان ڤە،نەمازە گوندێ ڤی ولاتی ڤە، و دبینین کو تەڤایا هێما و کەس و جهێن دڤێ هەلبەستێ

دا دەربڕینێ ژ ژیانا گوندا دکەن و لەوما هەلبەستا خۆ پتر ب هێمایێن ئایینی و کلتوری (نفرین، یاسین، بازبەند، رووڤی، هۆڤ، ئەیووب، فاتما نەبیا، گەوده.) تێندار و بارگە دکەت:

**ژ دەنگێ هۆڤێن دوو پێ..**
**زەلام ژ میرانیا خوە حاشا دبوون،**
**دایکا برینێن گوندی هەمبێز دکرن؟**
**کەڤا دەستێ فاتما نەبیا دشێلان**
**هێدی هێدی**
**گری و زێمار پێ ڤەدمالین..**

ل ڤێرێ هەلبەستڤان گولی ب دیدەکا رەخنەگرانە تەماشەی تێکست و پێکهاتا جڤاکێ کوردی دکەت، و ب ئاوایەک ڤەشارتی و هونەری رەخنا خوە پراکتیزە دکەت، وەکە ژن رەخنێ ژ زەلامی دگریت و ژ پیرۆزترین نرخ و بهاییێن وی ددەت (میرانی)، دەما زەلام حاشاتیێ ژ میرانی یا خوە دکەت، ئەڤە مەزنترین ملکەچبوونە بۆ دەستهەلاتێ یان ب گوتنەک زەلالتر بۆ هێزێن داگیرکار و بیانی، لێ بێی کو هێرشێ بکەتە سەر وی یان دژایەتییا رەگەزێ نێر بکەت، بەلکو هەر ل دەستپێکێ موبەررا بۆ وی و وێ حاشاکرنێ ڤەدبینیت (ژ دەنگێ هۆڤێن دوو پێ) لێ بەرانبەر ژی ژنێ وەکە رەگەزەکێ هێزدار و خودان هەلوێست ددەتە بەرچاڤ کرن و دیار دکەت کو د دەمێ تەنگاڤیادا ژن دکاریت رۆلەکێ ئەکتیڤ ببینیت، دکاریت ب دلسۆزی و دلۆڤانییا خوە ڤالاتییا زەلامی ب لاوازییا خوە چێکری پڕ بکەتەڤە، و هێزێن ڤەشارتی ئەوێن دنێڤا وێ دا هەین ڤەژینیت و دەربێخیت و بکاربینیت، نەمازە ددەمێن تەنگاڤیادا دەما زەلام ژکار دکەڤیت و کونترۆل ژ دەستێ وی دا نەمینیت، ژن دکاریت ب ئامرازێن خوە برینا سارێژ بکەت و ب کارێ بەرهەڤکرنا نەوەیەک نوی رابیت کو ئەو نەوەیێ نوی ئامادەبیت درێژەهی بێ ب پێشاژوا ژیان و ژیار و هەبوونێ بدەت، ئەڤە ژی لپەی ڤەخویندنا مە دیاردەک گرێدایە ب جڤاکێن باوک سالاری ڤە، ئەو جڤاکێن د گاڤ و سەردەمێن ئارامییێ دا رۆلێ ژنێ کێم دبینن یان ژی دژ بەری رۆلێ وێ یێ جڤاکی دراوەستن و چ دەرفەتان بۆ دابین ناکەن، لێ ددەمێن تەنگاڤیادا، دەما کونترۆلا پرۆسیسا رێڤەبرنێ ژ دەستێ زەلامی دەردکەڤیت، ل وی دەمی دەرگەه هەمبەری شیان و هێزا رەگەزێ دی تێنە ڤەکرن چونکە ئیدی جڤاک و زەلام و هێزین دەستهەلاتدار نەشێن سانسۆرێن خوە بکاربینن:

(دایکان برینێت گوندی هەمبێزدکرن؟)

دڤێ رستێ دا هەلبەستڤان ئەڤ هەمی گوتنێن مە و چەندین گوتنێن دی کو دکاریت هەلبگریت خەست کرینە و شیانەک مەزن و هێزدار دایە پەیڤێ و ژن دڤێ رستێدا بیرا مە ل رۆمانا ب ناڤ و دەنگ یا رۆماننڤیسێ رووسی «مەکسیم گورگی» (دایک) دئینیت، هەرچەندە دبیت دایک (ژن) دوێ رۆمانێدا یا ئەکتیڤ و کاریگەرتر بیت د پرۆسیسا سیاسی دا و پتریا رێکخستی بیت لێ ژن یان کو دایک دڤێ هەلبەستێدا پتر مە رادکێشیت بەر ب جیهانا سینگ فرەهی و بەرخودانەک ئاشتیانە، بەرخودان نە ب رامانا کارئینانا توند و تیژی و تێندانا روحا تۆلڤەکرنێ، بەلکوب رامانا گەڕیان ل دویڤ جیهانەکا بێ قەیران و بەر ب بەلاڤکرن و بەرپاکرنا تێگەه و نرخێن یەکسانی و مرۆڤ دوستییێ وەها دایکێ دکەتە کانیەکا زەلال و بن نەهاتی و بەرهەمدار و دفەرهەنگا وێ دا هەردەم پەیڤێن هیڤی و ئومێد و خۆبەخشکرن و لێبورین د خۆرت و بەریقدارین، دڤێ هەلبەستێدا هەلبەستڤان وەها دیاردکەت کو ژن پیرۆزیان دکەتە ئامرازەک ژ بوی بنبڕکرنا دیاردێن سەرداگرتن و توندوتیژییێ، بەروڤاژیا زەلامی کو ب درێژەهییا دیرۆکێ پیرۆزی وەکە ئامرازەکێ توندوتیژی و هێرش برن و چەوساندن و رەشڤەکرنا لایەنێ دی بکار ئینایە، ژن (دایک، داپیر) تێکستێن ئایینی وەکە ئامرازێن پاراستن و بەرەڤانی کرنێ کار دئینین. و هەلبەستڤان دوو حالەتێن جودا، دوو جوت دژان تێکهەلی هەڤدوو دکەت، توند و تیژی و دڵرەقیا هێزێن دوژمنی دگەل دل نازکی و نەرمی و دلۆڤانی و سادەیا گوندیا کو دناخێ ژنا گوندی دا ئەڤ تێگەهە پتر بەرجەستە کرینە ئەڤ هەردوو حالەتە دنێڤ یەک گرتەدا بوهژاندینە، داکو ئەم ب پرۆسیسا بەراوردکرنێ رابین:

**ژ لەرزا لحێفکا من دڕەڤی..**
**ئو من تم دکێشا**

ل ڤێرێ هەلبەستڤان هەن خوازە و وێنەیێن مەجازی بکار دئینیت داکو پتر دەرخستنا ترسێ بکەت چونکە تەڤایا ڤێ هەلبەستێ ل سەر حالەتەکێ دەروونی یێ پڕ ترس و لەرز هاتیە ئاڤاکرن لەوما هەلبەستڤان ب پەیڤ و خوازە و وێنەیێن خوە هەڵددەت و ڤێ ترسێ بۆ خوێندڤانی ڤەگوێزیت وەها لێ بکەت کو نیزیکی حالەتێ ئێکان بیت و دهەمان گەردوونا بژیت.

ئەگەر جارەک دی تەماشەی ڤێ تێکستێ بکەین، دێ

بینین ترس و لەرز و ژەن و رەڤین، بوینە تەڤنێ وێ و گشت ڤالاتی و بۆشاتییێن دنیێڤا وێ دا هەین، هەمی بهەڤرا کاردکەن ژ بوی خولقاندنا فەزایەکێ مەترسیدار، کو مرۆڤ ب چاڤان ئەوی گوندێ تێ وێران کرن ببینیت، و دارو بارێن تێن سوتن و دیوارێن تێنە هەرفاندن و سەرەکانییێن تێنە کۆنکریت کرن، بڤی ئاوایی و ب چنینەکا بهەڤرا گرێدایی، هەلبەستڤان درێژەهییێ ب وێ خۆلقاندنێ ددەت، ئەگەر هەندەک جاران ژی ببینین کو زێدەرەویەکێ ژی تێدا دکەت، زێدەرەویەک پێدڤییە ژ بوی هێزدارکرنا ئاڤاهیێ هەلبەستێ، مەبەستا وێ ئەوە کو پتر خوێندەڤانی یان وەرگری بێخیتە هوندری رویدانێ یان کو دمێشکێ ویدا وێنەی دروست بکەت، یان ژی ل کەرستێ هان بکەت کو ببنە دیمەنەکێ بینراو و هەست پێ کری، رستە ل دویڤ رستێ مە بەرەڤ لوتکێ ڤە دبەت، وەها ل مە دکەت کو چاڤەرێی ئەنجامێن دیماهیکێ ببین و نەمازە چارەنڤیسێ مرۆڤان وەکو نرخترین سەرمایەدار، یان کو وێ دڤێت بێژیت مەبەستا سەرەکی د ڤان کارێن وێرانکار دا مرۆڤ و ئیرادا وی بووینە.

**«ل وێ سپێدیا ئەروتیک**
**ئەسمانێ گوندێ من**
**سۆرکرن و چاڤێن خۆ ل مە زلکرن**
**ب شەهمەزاریا خوە**
**ئەم ل هەمبێزا خوە هاژۆتن...»**

وەها دبینم کو ئەڤ هەلبەستە، بەرسڤا پرسیارەک ئاراندکار و بەلافرۆتن بوویە، دبیت کەسەکی وەها تومەتبار کربیت کو وێ ئەو کارەسات و رویدان ئەوێن ب سەرێ گەلێ وێ هاتین ژبیرکرینە..

**(چرایێ چاڤێن من:**
**من ژ بیرنەکرە،**
**هەتا ل بیر بینم!)**

لێ بەرسڤا وێ مینا پرسیارێ نەبوویە بەلکو بەرسڤەک نەرم و ئارام بوویە و ئەڤ ساخلەتە ب درێژەهییا هەلبەستێ ساخلەتەک بەرچاڤە و دبینم زمانێ هێرشکرنێ دهەلبەستێ دا نینە بەلکو هەتا زمانێ بەرەڤانیکرنێ تیدا ب ئاوایەک راوستەو راست ناهێتە دیتن مینا قیژی و هەوار و هاندان وەکو یەکن ژ ساخلەتێن ئەدەبێ بەرخودانێ نە بەلکو سەلوا وەها هەلبەستێ پێناسە دکەت کو دەربڕینەک ئێستاتیکی یە ب یاریەک زمانەڤانی یە ژ ناخێ تاکە کەسێ داهێنەر تێتە ئەفراندن.. نە وەک ئامرازەک ژ بۆ گوهڕینا جڤاکی و ئەڤێ چەندێ ژی هەلبەستا وی یا دویرکری ژ شێوازێن راپۆرتی و راستەوخۆ، هەرچەندە د هەلبەستێ دا بانگەوازیەک هەیە، لێ ئەو بانگەوازی یا نخافتی یەو د کویری یا ناخێ وێ دا دەردکەڤیت،.. لێ هەروەکو مە بەریا نها ژی گوتی کو هەلبەستڤان یا گرێدایە ب دۆزەکێ ڤە و دهەر رستەیەکا وێ دا مرۆڤ دکاریت ئەڤێ یەکێ ڤەخوینیت و رستە بۆ رستێ پابەندبوون ب وێ دۆزێ ڤە هێزدارتر دبیت لێ نە ب ئاوایەک راستەراست و راپۆرتی بەلکو ب رەنگەک نخافتی و ب ستایلەک هونەری بۆچوونێن خۆ تێز دکەت و ئەڤ چەندە ژی ل جەم گەلەک هەلبەستڤانێن نویکارخوازدا تێتە دیتن و هەروەها ئەڤ دیاردەیە د هەلبەستا نوی یا کوردی دا وان بۆچوونا ماندل دکەن ئەوێن دبێژن کو هەلبەستا نوی یا کوردی یا دویر کەفتی ژ دۆز و پرسگرییێن جڤاکی.

هەلبەستڤان دڤێ هەلبەستا خۆ دا یا سەرکەفتی بوویە د چەوانیا پێکئینانا رستەیا هەلبەستێ و بکارئینانا پەیڤان ب رەنگەکێ ئابووریکرن دپەیڤێ دا هەبیت و گرنگییێ بدەتە چێکرنا وێنەی و بڕینا هەر پەیڤەکا زێدە و نە پێدڤی. ئەڤە ژی یەکە ژ بنەماییێن بزاڤا ئەوا پتر داخواز ژ هەلبەستڤانی کری کو وێنەیێ هەلبەستی دروست بکەت و ئابووریێ دپەیڤان دا بکەت و هێماییێن بهێز بکاربینیت، پێدڤی یە هەلبەستڤان کۆپلە و پەیڤێن خوە ب شارەزایی کار بینیت، خوە دویر بکەت ژ حەشو و دووبارەکرنەڤێ، و بەردەوام بەر ب کورت کرنەڤێ بچیت، و ب تنێ وێ پەیڤێ بکاربینیت ئەوا دکاریت رووناهیەک نوی و رامانەک تازە د تێکستێ دا بەرجەستە بکەت، وێ رستەیێ هەلبژێریت ئەوا ریتوالەک هەلبەستی دروست بکەت و زمانێ خوە نوی بکەتەڤە، هەتا بکاریت ببیتە خودان دەنگەکێ جیاواز و نویگەهـ و سەردەم و رۆلەکێ هەژی دپرۆسسا نویکرنا زمانی دا بلەیزینیت.

**کوردستان**
**ئۆکتوبەرا ۲۰۰۷ێ**



# د. ڕەشاد میران:
# بەبێ ویستی خەڵک هەرگیز گۆڕانکاری سەرناگرێ

**ئا: خەبات ڕەسوولی**

زۆرن ئەوانەی حەز دەکەن کۆمەڵگەی کوردی پێش بکەوێت و بچێتە قۆناغێکی سەرتری شارستانییەت و ئاوەدانی، بەڵام ئەوانەی کە حەزناکەن کۆمەڵگەی کوردی بگۆڕدرێ و ئاواتیان ئەوەیە کە خەڵکی ئێمە وەک کۆن بژین و بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتی و ئایینی و کولتوورییەکانمان وەک خۆی بمێنێتەوە و ئەگەر گۆڕانیشی بەسەردابێ، بەرەو دواوە بگەڕێتەوە، کەم نین و بەرەیەکی بەهێزن لە پێکهاتەی قەوارەی کۆمەڵگەی کوردیدا. دیارە مەرج نییە هەموو گۆڕانێک باش بێ و هەموو جێکەوتەیەک خراپ و دزێوبێ، هەروەها لە بەرانبەریشدا مەرج نییە هەموو گۆڕانێک خراپ و ناشیرین بێ. ناسینی پێداویستییەکانی گۆڕان و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو باش گۆڕان و بەپێی بەرژەوەندی کۆمەڵگە گۆڕان، بۆ ئاستی وشیاری خەڵک دەگەڕێتەوە بە پلەی یەکەم و هێزی ڕیفۆرمخوازی لەناو دەسەڵاتدا بە پلەی دووەم.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەو چەمکە گرینگە و سەدان پرسیاری وەک ئەوەی کە:- بنەماکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی چییە؟ گۆڕان لە بنەڕەتدا یانی چی؟ مەرجی سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵگەیەک تا چەند بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە گرینگە؟ تاک لەگۆڕانی کۆمەڵگەدا چ دەورێک دەبینێ؟ ئەوانە و دەیان پرسیاری دیکەمان ئاراستەی پسپۆڕی کۆمەڵناسی د. ڕەشاد میران کردووە.

**ڕامان:** گرفتی سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا چییە و بەچی دەڵێن گۆڕان و چ پێناسەیەکت بۆی هەیە؟

**د. ڕەشاد میران:** پێش هەموو شتێک گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، لەنێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا پرۆسەیەکی هەمیشەیی و بەردەوامە، بەڵام دەرئەنجامەکانی بە گوێرەی هەلومەرج و تایبەتمەندی کۆمەڵگە زوو، یان درەنگ دەردەکەون بێ گومان دەوری ئەندامەکانیش لە ئاراستەکردنی ئەو پرۆسەیە گرینگە. کە ئەو گۆڕانکارییە بەرەو چ ئاراستەیەک چ دەرئەنجامێکی دەبەن. دەنا خۆی گۆڕانکاری بەشێکی دینامیکیەتی ژیانە. دەمێنێتەوە سەر دەوری ئەندامانی کۆمەڵگە لە ئەکتیڤ کردن و ئاراستە کردنی ئەو پرۆسەیە، بەهۆی کاریگەری ئەندامان لەسەر ئەو پرۆسەیە و لەحاڵەتێکدا دەتوانن کاریگەریان هەبێ کە چەند مەرجێک بۆ داهێنانی گۆڕانکاری بێنە ئاراوە. گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی چییە؟ واتە گۆڕینی ئەو هەلومەرجانەی کە کۆمەڵگە تێیدا دەژی بۆ سیستەم و جۆرێکی دیکەی ژیان. ڕەنگە هەلومەرجەکان و شێوازی ژیان باشتر بن و بەرەو چاکتر بچێ. جا ئەو مەرجانە بریتین لە:

هەست کردنی ئەندامانی کۆمەڵ کە گۆڕان بووە بەپێویستییەکی هەنووکەیی. کاتێک کۆمەڵ هەست دەکات کە دەبێ ئەو سیستەمە بگۆڕدرێ. چیتر بەوسیستەمە کۆنە کارناکرێ و ناکرێ بژین، بەبێ ژیان ڕادەوەستێ، ئەوکاتەی هەموو خەڵک ئەو هەستە و ئەو بۆچوونەی هەبێ، ئەوە مەرجێکی گرینگە، چونکە بەبێ ویستی خەڵک گۆڕانکاری وەک پلانێک، و هەوڵدانێک هەرگیز سەرناگرێ. بۆیە ویستی خەڵک و هەست کردنی خەڵک کە گۆڕان بووە بەپێداویستی، ئەوە زۆر گرینگە و مەرجی یەکەمە.

مەرجی دووەم بریتییە لە هەبوونی مەعریفەی پێویست بۆ داهێنانی ئەو گۆڕانکارییە، چونکە مەعریفە بەبێ گۆڕانکاری نابێ و کاتێک تۆ شتێکت پێ خراپە، دەبێ شتێکی چاکترت هەبێ کە لە شوێن ئەوی دابنێی، بۆیە کە تۆ دەتەوێ ئەو سیستەمە بگۆڕی، دەبێ بیرت لە سیستەمێکی دیکە کردبێتەوە. ئەو سیستەمەش بە مەعریفە دێ، تۆ دەبێ بایی ئەوەندە مەعریفەی کەڵکە

**ڕەنگە هەندێ گۆڕانکاری ڕوویدابێ، بەڵام ئێستاش ئەوەی لە سەردەمی بەعس فێری بووین، هەر ئەوە دووبارە دەکەینەوە**

بووت هەبێ بۆ ئەوەی شتێکی نوێ و تازەتر و چاکتر بێنیتە ئاراوە و لەجێی کۆنەکەی دابنێی، بۆیە گۆڕانکاری بەبێ مەعریفەی پێویست دیسان سەرهەڵنادات و ڕوونادات.

مەرجی تریش هەیە وەک سیستەمی کۆمەڵایەتی خۆی. ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی تۆ تا چەند ڕێگەی بە بزاڤ و جووڵانەوە داوە. تا چەند توندوتۆڵە و ناهێڵێ کەس لەجێی خۆی بجووڵێ بیر بکاتەوە. ئەوەش دەورێکی زۆری هەیە، ئەو سیستەمانەی نەرم و نیانییەکیان تێدا هەیە، لەوێ گۆڕانکاری ئاسانتر ڕوودەدەن لەوەی ئەگەر سیستەمەکە توندو داخراوبێ، ئەوەش دەوری کاریگەری هەیە.

ئەو سێ مەرجە سەرەکین، بێ گومان مەرج و پێداویستی دیکەش هەیە کە دەبێ هەبن بۆ ڕوودانی هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، بەڵام ئەو سێ مەرجە، مەرجی هەرە گرینگی ئەو بوارەن. ئەگەر سەیری کۆمەڵگەی خۆمان بکەین و بڕێک بەدوای ئەوەدا بگەڕێین ئایا ئەو سێ مەرجە بوونیان هەیە، ئەوە ڕەنگە لەڕەوتی ئەو پرۆسەیەی کە لەدوای داگیرکردنی عیراق و نەمانی ڕژێمی پێشوو تاکو ئێستا زەمینەیەکی لەبار ڕەخسابێ بۆ سەرهەڵدانی ئەو مەرجانە، با بزانین تا چەند لەو ماوەیەدا واتە لە ١٩٩١ تا ئێستا کە دەکاتە ١٦ ساڵ، ئەو مەرجانە سەریان هەڵداوە؟ چونکە بەبێ ئەو مەرجانە گۆڕان مومکین نییە! ئێمە دەتوانین سەرنج بدەین و هەست بەپێویست بوونی گۆڕانکاری لەنێو کۆمەڵگەدا ببینین، ئەوە بە ڕوونی هەستی پێدەکرێ و بەرچاوە هەر کەسێک ببینی دەبینی ناڕازییە و دڵخۆش نییە و دەیەوێ بەرەو چاکتر بچێ، کەواتە ئەوە مەرجی یەکەمە و دابین بووە و خەڵک چاوی لەگۆڕانکارییە. مەرجی دووەم، کە گرفتەکە لێرەدایە، ئەویش نەبوونی مەعریفەی پێویستە بۆ گۆڕانکاری، ئێمە لێرەدا ڕەنگە نەتوانین ئەو مەرجە بدۆزینەوە بەداخەوە دەڵێم تاکو ئێستا ئەوەی لەسەردەمی ڕژێم فێری بووینە هەر ئەوە دووبارە دەکەینەوە و هەمان ڕێچکەمان گرتووە و هەمان ڕاسپاردە و ڕێنمایی پێشوو بەکاردێنین. ڕەنگە لێرە و لەوێ هەندێ گۆڕانکاری ڕووی دابێ، بەڵام بەگشتی سیستەمە کۆنەکەیە. لەو حاڵەتەشدا ئێمە هەرگیز ناتوانین گۆڕانکاری بکەین، ئەگەر شتی تازە و مەعریفەی نوێ و ئیمکانیاتی نوێ و تازەمان

بەدەستەوە نەبێ، ئەوە لەسەر هەمان ڕێچکەی جاران دەڕۆین. لە هەمان کاتیشدا بەکۆمەڵگەیەکی داخراو ناسراوین. ئێمە یەکێکین لەو کۆمەڵگە داخراوانەی کە سیستەمەکەی توندوتۆڵ و بەهێزە و تەکانی تێدا زەحمەتە. دابونەریتی بەهێز، بیروبڕوا و بەهای چەسپاو، ئەمانە هەموو ڕێگرن لەبەردەم گۆڕان، بۆیە من تەنیا مەرجێک بەدی دەکەم کە ئەویش پێداویستی خەڵکە. واتە گۆڕانکاری بووە بە پێداویستی، بەڵام نازانین چۆن و چی بکەین؟!

ئەمەیان گرفتی سەرەکی ئێمەیە! لەکاتێکیشدا سەیرکە ڕادەی مەعریفەی پێویست لەلای ئێمە چەند لاوازە، ئێمە خۆمان بەشۆڕشگێڕ ناو دەبەین، یان خۆمان بە خاوەن شۆڕش لە قەڵەم دەدەین کە ئەو ڕەوشە شۆڕشگێڕییە دەبوایە لەناو ئێمەدا هەبوایە، ئەو ڕۆحە شۆڕشگێڕییەش تۆ ڕزگار دەکات لەکوت و زنجیری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداری و ئەمانەی کە ببوونە باو. تۆ کابرایەکی شۆڕشگێڕی چیت داوە بەمانە، ئەمانە هی زەمانێکن خەڵکێک بۆ چەوساندنەوەی تۆ دایناوە. تۆ شۆڕشگێڕی ئەمانە هەموو توور هەڵدە و خۆت ئازاد بکە، کەچی لەبەر نەبوونی ئەو شۆڕشگێڕییەتە، ئێمە پەنا بۆ ئەو سیستەمە کۆنە دەبەین. دەنا ئێمە پاساوی تەواومان هەبوو بۆ ڕوودانی داهێنانی گۆڕانکاری بنەڕەتی کە لەبنەڕەتەوە شتەکان هەڵگێڕینەوە و شتی تازە داهێن بکەین، بەڵام بەداخەوە ئێمە ئەو ڕەوشە شۆڕشگێڕییەمان نەقۆستەوە.

**ڕامان:** ڕۆڵی تاک تا چەندەیە لەگۆڕانەکاندا و گرینگی تاک لەکۆمەڵگەی کوردیدا لە چ ئاستێکدایە؟

**د. ڕەشاد میران:** کۆمەڵگەی جۆری ئێمە وەک کۆمەڵگەی کوردی کە وەک گوتم کۆمەڵگەیەکی داخراوە و سیستەمێکی بەهێز و توند و تۆڵی هەیە، ئەگەرچی ناڵێم، ئەو بەهێزی سیستەمەی وەک جاران نەماوە. بێ گومان هەندێ گۆڕانکاری ڕوویان داوە و بەرادەیەک لە هەندێ شوێن سیستەمەکە لەق بووە و بواری بزووتنەوەی تێدا هەیە، بەڵام بەگشتی هێشتا هەر چەسپاوە. من دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم خەڵکی شۆڕشگێڕ، سیستەمی شۆڕشگێڕ، دەیانتوانی ئەم توندوتۆڵییە نەهێڵن، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستاش دیوەخانەکان دەکەینەوە و ئاغا و میر و بەگ و ئەوانە زیندوو دەکەینەوە. دەزگای ئایینی بەهێز دەکەین، بۆیە تاکو ئێستاش من سیفەتی شۆڕشگێڕی بەکەس ڕەوا نابینم.

دووەم لە مەسەلەی تاکەکەس، لەم جۆرە سیستەمانەی کۆمەڵگەکانی داخراوت ڕۆڵی بەجارێک بزرە، تاک کوڕی خێزانە، یان کوڕی عەشیرەتە، یان لە باشترین حاڵدا هاوڕێی فلانە کەسە، یان سەر بە فلانە کەسە. لێرەدا ئەوە شوێنکەوتووییە، دەوری شوێنکەوتی دەبینی و بە تەنیا کەس حسێبی بۆ ناکات. دەوری تاک لەناو خێزانەکەیەتی، لەناو عەشیرەتەکەیەتی، بە عەشیرەتەکەیەوەیە و بە خێزانەکەیەوەیە و بەدەسەڵاتەکەوەیە و تاک زۆر دەگمەنە توانییێتی بە توانا و هێزێک خۆی بنوێنێ، یان خۆی بسەپێنێ. دەنا دەبێ، یان خێزان، یان حیزب، یان ئایین، یان مزگەوت دەبێ پشتت بێ ئینجا دەتوانی شتێک بکەی، ئەویش لەو کاتەدا دەبێ تۆ لە بەرژەوەندی ئەوان ئیش بکەی دەنا وەک تاکە کەس بۆچوونی تایبەتی خۆت مومکین نییە هەبێ. لێرەدا بۆیە لەو جۆرە سیستەمانە دەوری تاک بەرادەیەکی بەرچاو بزرە و زەحمەتیشە تاکە کەس بتوانێ ئیش بکات، ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە کەس هیچی نەکردووە، بە پێچەوانەوە خەڵکێک هەبووە هەوڵی داوە. ڕەنگە خەڵکێک بووبێتە قوربانیش، چونکە تاکەکەس لێی قبووڵ ناکرێ شتی وابکات، بۆیە خەڵکێک هەبووە کە خۆی لەپێناو بیروڕاکانی خۆی هەوڵی دابێ بۆ ئەنجامدانی ئەرک و کارێک کە بە پێویستی زانیبێ بەبێ پاڵپشتییەک. ئەوە ئەوکاتە بەدڵنیاییەوە ئەوکەسە زەرەری زۆری کردووە، یان تەنانەت لەناویش چووە.

**ڕامان:** کاریگەری سیاسەت بەسەر گۆڕانەوە تا چەندەیە؟

**د. ڕەشاد میران:** سیاسەت هۆکارێکی گەلێک گرینگە، بەتایبەتیش لەناوچەیەکی وەک ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ناوچەیەکی گەرمە لە ڕووی سیاسی و تەنانەت عەسکەریشەوە، بۆیە هۆکاری سیاسی گەلێک گرینگە، بە مەرجێک تۆ توانای ئەوەت هەبێ ئیدارەی ئەو سیاسەتە بکەی و تۆ نەبیتە شوێنکەوتووی سیاسەتی گەورەتر و بەهێزتر، یان سیاسەت هەر ئەوە نەبێ کە کاردانەوە بێ، سیاسەتی من لەسەر ئەوە بنیادنرابێ کە خەڵک چ دەکات، منیش لە بەرانبەردا چ دەکەم. نەخێر حەق وایە بایی ئەوەندە لێهاتوو بین کە ئێمە ئاراستەی سیاسەتەکان بکەین، هەر نەبێ لە هەندێ بوارو ڕووداودا. خۆ دەزانین ڕەوشی ناوچەکە ئاڵۆزە. ئێمە

خۆشمان خۆمان دەناسین لەبەر ئەو قسانەی پێشتر کردمان، بەڕادەیەکی زۆر لە ڕووی سیاسیشەوە لاوازین. دووبارەی دەکەمەوە، چونکە ئێمە ئەو شۆڕشگێڕیەتیەمان لەدەست داوە کە دەبوایە ببێتە هۆکارێکی بەهێزبوونی سیاسەتی ئێمە، دووەمین کێشە کە خۆی ئاڵۆزە، کێشەیەکی نەتەوەیی گەورەیە لەناوچەکەدا، سێیەم مەعریفەی پێویستی ئێمە، تاکو ئێستاش ئێمە لە قەوارەی حیزبی بچووک بچووک و ناوچەیی ئیش دەکەین، هەرچەندە دەڵێین یەکگرتنەوە، بەڵام یەکگرتنەوەکەش بەو ڕادەیە هەستی پێناکرێ! بۆیە لێرەدا هۆکاری سیاسی ئێمەش لاوازە کە ڕەنگە لەبەر بەرژەوەندی حیزبێک، یان چەند حیزبێک، یان حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێگە بە گەلێک ڕووداو، گۆڕانکاری، هەڵوێست نەدا، کەواتە سیاسەتەکەش، سیاسەتێکی لاوازە و بەدەورویشت و ڕووداوەکان بەستراوەتەوە، ئێمە زیاتر کاردانەوەین.

**ڕامان:** بەدەر لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، بە بۆچوونی ئێوە ویستی مرۆڤی کورد چییە؟

**د. ڕەشاد میران:** بێ گومان مرۆڤ خۆی هەمیشە هەروەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی پێویستی بە گۆڕان و حەزیش بەگۆڕان دەکات. پرۆسەی پەروەردەی ئێمە تا چەند بەرەو گۆڕان خەڵک ئاراستە دەکات. تا چەند گۆڕانی تێدەگەیەنێ؟ مرۆڤێکی کوردی سەر بە عەشیرەتێک، نەخوێندەوار ئەو چووزانێ گۆڕانکاری چییە؟ ئەو وادەزانێ دنیا هەر ئەوها بووە و هەر ئاواش دەبێ. لەکاتێکدا پێداویستی زۆر بووە، حاڵەتی فیکری گۆڕاوە، کەچی نازانێ دەبێ دنیا بگۆڕدرێ. لێرەدا دەبێ پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئاراستەی خەڵک بکات و تێگەیاندنیان لەگۆڕان لەئەستۆی ئەوە. گۆڕان بەو جۆرە نییە کە تۆ تێی گەیشتووی کە دەبێ دژی بی. لێرەدا ئێمە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیمان. بە هەموو قۆناغەکانییەوە تا ئەوپەڕی بێ دەورە. خۆت دەزانی لەخێزانەوە بگرە تا قوتابخانە هەتا دەزگای ئایینی هەتا دەزگای سیاسی، ئەوانە هەموویان پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی خەڵکیان بەدەستەوەیە. لە هەر قۆناغە و لە هەر شوێنێکدا مرۆڤ هەندێک فێر دەبێ. بەرەو شوێنێک ئاراستە دەکرێ. ئەگەر سەیر بکەین هەموو ئەوانە بەرەو گۆڕان خەڵک ئاراستە ناکەن، تەنانەت دەزگای سیاسی کە خۆی بەرپرسە لەگۆڕانی سیاسی ناوچەکە بەگشتی. ئێمە بەرەو ئازادی نەتەوەیی دەچین، تەنانەت لەوەشدا کزین خەڵک بەڕادەی پێویست هۆشیاری نەتەوەیی نییە. بەڕادەی پێویست ئینتیمایان نییە بۆ نەتەوە و کۆمەڵ و کۆمەڵگە کێ لەوە بەرپرسە؟ بێ گومان دەزگای سیاسی، چونکە تۆ خەڵکت کۆکردووەتەوە بەناوی حیزبێک بەناوی دەزگایەکی سیاسی کە حیزبە. هەر بەناوی ئەو حیزبەوە تۆ حکوومەتێکت دامەزراندووە. دەبێ ئەوانە دەوری کاریگەردا لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی ئێمە، کۆمەڵگەی کوردی کە هۆشیاری کۆمەڵایەتی تێیدا لاوازە، دەسەڵات دەورێکی گەلێک گەورە دەبینێ، خەڵک چاوی لە دەسەڵاتە، بۆیە دەسەڵات دەبێ سیاسەتی ئاراستەکردنێکی ڕاستی ئەندامانی کۆمەڵ و نەتەوەکەی خۆی هەبێ. خەڵک لای ڕوون بێ ئێمە بەرەو کوێ دەچین و چی لەسەر ئێمە پێویستە. میللەت و نەتەوە و کۆمەڵگەش وەک تاکەکەس پێویستی بەپەروەردە کردن و پێگەیاندنە، نابێ هەر تۆ لە دەسەڵات بی و واز لە خەڵکی بێنی، کەواتە لێرە بۆشاییەک لەنێوان خەڵک و دەسەڵات دروست دەبێ. هۆکاری سیاسی وەک پێویست لەخزمەت پرۆسەی گۆڕانکاری سیاسی و نەتەوەیی ئێمەدا نییە.

**لەوانەیە لە بواری مادی گەلێک شت کرابێ، بەڵام خەڵکەکە وەک پێویست گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە**

لەکاتێکدا ئێمە بە پلەی یەکەم کێشەیەکی سیاسی نەتەوەییمان هەیە، ئێمە خۆمان دەبوایە ئەو سیاسەتە بەهێزەمان هەبوایە کە گۆڕانی بەدواوە بێ. لە ماوەی ١٦ ساڵدا دەبوایە بە جۆرێکی دیکە بوایەن، ئەندامەکان دەڵێم، خەڵک دەڵێم. ڕەنگە لە بواری مادی گەلێک شت کرابێ. خانوو، باڵەخانە، جادە و ڕێگاوبان کراوە، بەڵام خەڵکەکە وەک پێویست گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە.

**ڕامان:** ئاوات بۆ ڕابردوو خواستن و لەناو بیرەوەریدا ژیان بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو کە سەرچاوەکەی ناڕازی بوونە لە ئێستا و سەردەم، ئەو دیاردەیەش بە پێچەوانەی دۆخی ڕامیاری و ئابووری ئێستای کوردستانە. ئەو پاڕادۆکسە چۆن و لەچیدا دەبینی؟

**د. ڕەشاد میران:** ئەمە لە هەندێک هۆوە ئاساییە،

چونکە لە بەینی هەردوو قۆناغی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە لەقۆناغێکەوە دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە، بەتایبەتیش ئەگەر پەڕینەوەکە گومان ئامێز نەبێ، هێزێکی گەورەی لەپشتەوە نەبێ. ئاراستەکردنێکی توندی لەپشت نەبێ. قۆناغێکی مام ناوەندی دروست دەبێ کە پێی دەگوترێ قۆناغی وەرچەرخان، تۆ نە لە هی کۆنی و نە چووینەتە ناو هی تازەشەوە. لەم حاڵەتەدا کۆمەڵێک دیاردەی ناکۆک و دژ بەیەک لەیەک حاڵەتدا پێکەوە کاردەکەن کە ڕەنگە ئەستەم بێ تەنانەت بۆ مرۆڤی پسپۆڕیش شتەکان یەکلا بکاتەوە. ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە و ئێمەش تاکو ئێستا لەڕاستیدا ناتوانین بڵێین سەر بە چ قۆناغێکین، سەر بە چ سیستمێکی کۆمەڵایەتین، چونکە ئێمە هەموو جۆرە سیستمێکی کۆمەڵایەتیمان تێدا هەیە. ئێمە لە قۆناغی وەرچەرخان داین ئەو دژ بەیەکانە ئاساییە. لەناو ئێمەدا لە ئەوپەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی ڕاست، لە ئەوپەڕی شۆڕشگێڕییەوە تا ئەوپەڕی کۆنەپەرستی هەیە. لەناو دیاردەکان شتی تازە و نوێمان هەیە، شتی زۆر کۆنیشمان هەیە. بۆیە ئێمە وەک دیاردەیەکی قۆناغی وەرچەرخان ئەو جۆرە دیاردانە دەبینین.

**ڕامان:** زۆربەی بنەماکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئێستا دەبینرێن، کەچی ڕەوتی گۆڕانکارییەکان گەلێک لەسەرەخۆتر بەڕێوەن، هۆکاری ئەو بەشێنەیی بوونە لەچیدا دەبینی؟

**د. ڕەشاد میران:** ئەمە پێوەندی بە پرۆسەی پەروەردەوە هەیە ئەگەر ئەو گۆڕانکارییە پلان ئامێز بوایە و هێزی لەپشت بوایە و ئاراستە کردنێکی ڕاستی بۆ پرۆسەکە هەبوایە، ئەوکاتە گۆڕانکارییەکە توندوتیژتر دەبوو دەرئەنجامەکانیشی ڕوونتر دەبوون، بەڵام کە تۆ لێی دەگەڕێی بێ گومان گۆڕانکاری دەبێ، بەڵام زۆر لە سەرەخۆ و زۆر بەکزی، کەچی ئێمە وەک تەماشاکار هەر سەیری دەکەین.

**ڕامان:** ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵگای کوردی چۆن دەبینی و ئایا ئەو ڕەوتە لەناوەوە بۆ دەرەوەیە، یان بە پێچەوانەوەیە؟

**د. ڕەشاد میران:** هەموو گۆڕانکارییەک دوو هۆکاری سەرەکی دەوری تێدا دەبینن. ئەویش هۆکاری (خۆیی) و هۆکاری بابەتییە. ئێمە کۆمەڵێک قسەمان لەسەر هۆکاری زاتی کرد کە خودی خۆمان چۆنین کە وەک دیمان کزو لاوازین لە چەند ڕوویەکەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین هۆکاری زاتی لەو پرۆسەیەدا دەوری کزە، دەنا دەبوایە لەماوەی ١٦ ساڵدا گەلێک بەهێزتر بێ، هەر پێشتریش تۆ شۆڕشی چەکداریت هەبوو، دەکرا لەوێ کاریگەریت هەبێ لەسەر تەنانەت ئەو خەڵکەی کە لە سایەی ڕژێمیشدا دەژیان. تۆ وەک شۆڕشگێڕێکی چەکدار تارماییت دەبوو بەسەر هەموو ژیانی عیراقدا. کەچی لەبەر هۆکارە زاتییەکە ئەوە نەبوو، ئینجا دواتریش لەماوەی ئەو ١٦ ساڵەی دوای ئازادبوون و ڕاپەڕین، هەر هیچ نەکرا بەو ڕادەیەی پێویست، بۆیە هۆکاری زاتی تا ئەوپەڕی کزە. جا لێرەدا نۆرەی هۆکاری بابەتییە. لێرەدا هۆکاری بابەتی لەڕاستیدا کاریگەر بووە. بەتایبەتیش ئەو هۆکارە سیاسی و عەسکەرییەی کە ئێستا لە ئارادایە. گرتنی عیراق و نەهێشتنی ڕژێم و هەبوونی ئەمریکا و ولاتانی ناحەزی کورد ناتوانن بە ئازادی کورد بچەوسێننەوە. ئەوە هەمووی هۆکاری بابەتین کە لە بەرژەوەندی هۆکارە زاتییەکە دایە، بۆیە هۆکاری زاتی دەبێ ئەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە. ئەمەش کراوە، بەڵام هۆکارە زاتییەکە لاوازییەکەی جارانی هەر پێوە دیارە کە دەبوایە بەهێزتر و بەرچاوتر بوایە.

**ڕامان:** بە بەراوردی ئێستا لەگەڵ ڕابردوو خاڵە لاوازەکان و بەهێزەکانی گۆڕان چۆن هەڵدەسەنگێنی و ڕۆحیەتی گۆڕان لەناو شوناسی کوردیدا چ پێگەیەکی هەیە؟

**د. ڕەشاد میران:** وەک گوتم خەڵک پێویستی بەگۆڕان هەیە، لەناو خەڵک و لەناو تاکەکانی کورد ئینجا ڕادەی هۆشیاریش لەوەدا دەور دەبینێ. خەڵکی هۆشیار و تێگەیشتوو زیاتر هەست بە پێداویستی گۆڕان دەکەن و زیاتریش هەوڵی بۆ دەدەن. سەبارەت بە خاڵە لاواز و بەهێزەکان، من نازانم کامیان بەهێزە و کامیان لاوازە، بەڵام من لاوازییەکی گشتی لە هەموو ڕووەکان دەبینم وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک هەوڵ و تەکان هەن کە دەکرێ بە باشەکانی دابنێین، ئەگەرچی ئەویش ڕادەی باشی و بەهێزییەکەی وەک پێویست نییە، جارێ لە بواری مەعریفی ئەو ماوەیە کاری باش ئەنجام دراوە. ئەو ماوەی ١٦ ساڵە، لە ڕووی نووسین و چاپ کردن و ڕۆژنامەگەریدا، بەرهەمی باش دەرچووە ئەم بوارە دەوری هەبووە و دەبێ لە هۆشیاری و زێدەکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی. ئێمە پێویستمان بە کتێبخانەی کوردییە، تائێستاش ناتوانین ئەو ناوەی لێ

بنێین، بۆیە هەرچەندەی بکرێ لە بواری نووسین بەکوردی و زمانی کوردی کاربکرێ کەمە، دەزگای جۆراوجۆری ڕۆشنبیری و کولتووریمان هەیە کە ئەمانە شتی چاکن، ئەوانە هەموویان لەبواری مەعریفەدا دەورێکی چاکیان هەیە.زانکۆ ئەگەرچی کزی و لاوازی پێوە دیارە، ئەویش بێ گومان لەبەر بوارە دارایی و ئیدارییەکە دەنا دەیتوانی گەلێک شت بکات، چونکە وەک پێویست پشتگیری نەکراوە و پێداویستییەکانی بۆ دابین نەکراوە هەمیشە لە تەنگژەی ماددیدا بووە. ئەمڕۆ تاقیکردنەوەیە، گرفتی پێداویستی مادیمان هەیە. دەزگای تری ڕۆشنبیریمان هەیە، تەنانەت دەزگا سیاسی و ئایینیەکانیش کاری چاکیان کردووە، بەڵام لە سیاسیەکەیدا تا ئێستا بوارە نەتەوەییەکە هەر وەک گوتم دەبوایە بەهێزتربوایە، بەڵام ئیشیشی بۆ کراوە هەندێک کێشەی نەتەوەیی ئێمە چووەتە پێش و بەرچاوترە، هەست بە جۆرێک پشتگیری شەرمنانەی دەرەوە دەکەین بۆ کێشەکەمان ئەوەش باشە، دەبێ سوودی لێ وەرگرین. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێوەندییەکان گۆڕاون، یان هەندێک گۆڕانیان بەسەرداهاتووە.

پێوەندی خزمایەتی کە بەپێوەندی خوێن ناسراوە. ئەو هێزەی جارانی نەماوە، من خزمی خۆمم هەیە بەمانگ نایبینم، جاران وانەبوو، جاران دەبوایە زوو زوو یەکتر ببینین. پێوەندی عەشایری کزتر بووە. ئەگەرچی پشتگیریش دەکرێن، بەڵام هێشتاش بەرەو کزبوون و لاوازبوون دەچن. لەلایەنی تەکنۆلۆژیاوە گۆڕانکاری هەیە و خەڵک تەکنۆلۆژیا بەکاردێنێ، ئەوە مۆبایلە، ئەوە کۆمپیوتەرە، ئەوە سەیارەیە و... ئەوانە هەموویان بمانەوێ و نەمانەوێ لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ و لە بیروبۆچوون لەجۆری ژیان گۆڕانیان داهێناوە. ئینجا بۆیەش شێوازی ژیانی ئێمە وەک پێش بیست ساڵ نییە، گۆڕانی بەسەرداهاتووە، هەم لە پێوەندییەکاندا و هەم لەبوارە ماددییەکەشدا، بەڵام قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە کە ڕادەی گۆڕان و بەهێزی و توندوتۆڵی پرۆسەکە وەک پێویست نەبووە. ئێستاش هەست دەکەم وەک پێویست پشتگیری لێناکرێ، ئەگەرچی شت کراوە. کۆمەڵێک دیاردە و هێزی نوێ پەیدابوون، بەڵام هێشتا بە ڕادەی

**ئێمە تا ئێستاش دیوەخانە دەکەینەوە و میر و بەگ و ئاغا دەبوژێنینەوە، بۆیە سیفەتی شۆڕشگێڕی پاشەکشەی کردووە**

پێویست نییە!

**ڕامان:** سیستەمی پەروەردە گرینگییەکی زۆری لە گۆڕاندا هەیە، زانکۆش لووتکەی سیستەمی پەروەردەیە بەس ئەو گۆڕانکارییە کە ئێوە باسی دەکەن تا ئێستا لە سیستەمی پەروەردەدا نەکراوە، هۆکاری ئەوە لە چیدا دەبینی؟

**د. ڕەشاد میران:** بێ گومان پەروەردە بنەما و بنچینەیە بۆ هەموو گۆڕانکارییەک، پەروەردەی باش، ئەندامی چالاک و بەسوود بۆ کۆمەڵگا پێدەگەیەنێ. ئێمە سیستەمی پەروەردەمان پێویستی بەگۆڕان هەیە و دەبێ ناوەڕۆکی ئەو کۆمەڵە مەعریفەیەی دەدرێ بە قوتابی دەسکاری بکەین، ئینجا سیستەمی فێرکردنەکە بگۆڕین. پێش ماوەیەک کۆنفرانسێکی وەزارەتی پەروەردە کرا، ئێمەش تێیدا بەشداربووین، کۆمەڵێک هەنگاو بۆ گۆڕانکاری بڕیاری لەسەر درا کە کاری پێ بکەن بێ گومان دەوریان دەبێ، بەڵام پێش هەموو شتێک پێداویستییە مادیەکان بنەمان. لە قۆناغی ئێستادا تۆ لە ڕووی مادییەوە ئەم دەزگا پەروەردەییە دابین بکە، دواتر داوای شتی جۆرەکی دیکەی لێ بکە. بەڕاستی ئێمە دەبێ لە مادییەکانەوە دەست پێ بکەین، چونکە دابین کردنی پێداویستییە مادییەکان گەلێک گرینگن و گەلێک هەنووکەیین. ئەگەر کورسییەک نەبێ قوتابی لەسەری دانیشێ، تۆ باسی فێرکردنی چی لەگەڵ دەکەی، یان پانکەی نەبێ، یان مۆبەریدەی نەبێ. ئەمانە پێداویستی هەنووکەیین دەبێ لەمەوە دەست پێبکەی.

**ڕامان:** ویستی قوتابی ئەوەیە کە دەرسەکە ئەزبەر بکات و نمرە وەربگرێ، مامۆستاش هەر ئەوەی لە قوتابی دەوێ، لەکاتێکدا ویستی فێربوونە کە ئامانجی خوێندنەو کۆمەڵگە دەگۆڕێ و بەرەو پێشەوەی دەبات. بۆ ئەو مەبەستە چی کراوە؟

**د. ڕەشاد میران:** بەداخەوە هیچی وانەکراوە.

**ڕامان:** ئەوە پێوەندی بە بواری مادییەوە نییە، شتێکی ڕۆحی و هزرییە؟

**د. ڕەشاد میران:** ئاخر تۆ بواری مادی و هۆڵی خوێندنی بۆ دابین بکە. هۆڵەکە مەرجی ئەوەی هەبێ کە لە بیست کەس زیاتری تێدا نەبێ. تۆ لە بیست کەس زیاتری بۆ دابنێی ناتوانی فێری بکەی بواری کارکردنت

نابێ. تۆ تەنیا ئەو شێوازەت لەبەردەستە کە کابرا ئەزبەری بکا و بیلێتەوە. تۆ بواری داهێنانت نابێ ئەگەر لە بیست کەس زیاتر بێ، پەنجاکەس لە ژوورێکدا، بۆیە تۆ دەبێ چەند هۆڵت هەبێ کە ئەوانە بەسەر چەند گرووپێک دابەشکرێن. ئێمە لە زانکۆش ئەو گیروگرفتەمان هەیە، لە زانکۆ هۆڵمان هەیە پەنجا کەسی تێدایە، ئاخر ئاوا هیچ ناکرێت. تۆ ناتوانی داهێنان و دیالۆگ بکەی، ناتوانی پرس و ڕابکەی. ئەوە پێداویستی مادییە وا دەکات تۆ نەتوانی. ئەگەر هۆڵ و توانایی مەعقوول هەبێ، تۆ دەتوانی ئیش بکەی و بجوولێیتەوە. لێرەدا بە پلەی یەکەم دابین کردنی قوتابخانە و هۆڵ و دابین کردنی پێداویستییە مادییەکانی هەنووکەیی وەک کارەبا و ئاوو..تاد لەسەرەوەی هەموو شتێکە، پاشان تۆ دەسکاری سیستمەکە بکە. لەو کۆنفراسەدا هەندێک بڕیاری چاک دران، بەڵام ئەگەر پشتگیری کردنی مادی نەبێ، ئەم پێشنیار و بڕیارە باشانەش ناتوانن دەوری خۆیان ببینن، لە زانکۆش بە هەمان جۆر کێشە و گرفتی مادیمان هەیە، هەر لە هۆڵی خوێندن و تاقیکردنەوە ڕابگرە تا دەگاتە کۆمەڵێک پێداویستی دیکە کە ڕەنگە ئێستا لە چاو پار، یان پێرار باشتر بێن، بەڵام هێشتا پێداویستیمان زۆرە کە بێ دابین کردنیان پرۆسە مەعریفییەکە وەک پێویست ناڕوا و دەرئەنجامی خۆی نابێ.

**ڕامان:** دەمەوێ بێمە سەر باسی کۆمەڵناسانی کورد، کاریگەری ئەوان لە ناساندنی کۆمەڵگەی کوردی بەتاکی کورد و کاریگەری ئەوان لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی تا چەند بووە؟

**د. ڕەشاد میران:** جارێ سەبارەت بە ناساندنی کۆمەڵناسی لەکوردستان، لە زانکۆی سەلاحەدین و لە سلێمانیش بەشی کۆمەڵناسی هەیە، لێرە و لەوێ چەند مامۆستایەک کاری زانستی و توێژینەوە دەکەن و دەوریان هەبووە و دەوریان گرینگ بووە، سەرەتا چونکە لەسەرەتای نەوەدەکاندا کۆمەڵناسی زۆر کز بوو و زۆریش پەراوێز بوو، بەڵام لە نەوەدوسێ و نەوەدوچوارەوە وردە وردە دەور و چالاکی کۆمەڵناسان سەری هەڵدا تا گەیشتە ڕادەیەک کە تەنانەت حکوومەتیش هەست بە پێویستی ئەو پسپۆڕییە بکات. لە ساڵی دوو هەزار کۆنفرانسێکی کۆمەڵناسیمان لەسەلاحەدین بەست تێیدا بەرپرسانی حکوومی و حیزبی و زانستی ئامادەی بوون.

کۆمەڵێک باس و لێکۆڵینەوەی تێدا خوێندرایەوە و زێدەڕۆیی نابێ ئەگەر بڵێین دەرئەنجامەکانی ئەو کۆنفرانسە بوو کە دواتر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دوای ئەوکۆنفرانسە کرایەوە. کۆمەڵناسانی ئێرە هەموو کات لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان ئامادەبوون، لە ڕۆژنامەکان و تەلەڤزیۆنەکاندا دەوریان هەبووە، باس و لێکۆڵینەوەیان هەبووە. ژمارەی قوتابییانیان لە زۆربووندایە، ئەوانە هەموو لە ناساندنی کۆمەڵناسی دەوریان هەبووە، بەڵام تۆ بڵێی دەوریان لە گۆڕانکاریدا چەندە؟ ئەوە ئێمە هێشتا لەو خۆشگوزەرانییەدا نین کە بتوانین تاکە تاکە، یان وەک گرووپ ئیشێکی لەو جۆرە بکەین، مەعریفەمان هێشتا کزە و دەسەڵاتەکەشمان هێندە نییە کە ئەمە بکەین. بەداخەوە دەڵێم گەلێک پاڵەپەستۆی ئیداری و کار و چالاکی خوێندمان لەسەرە کە کاتەکەی هەموو گرتووین. بەڵام وەک دەوربینین، بێ گومان دەورێکی بەرچاویان هەبووە و ئێستاش بەشەکە لە هەولێر و لە سلێمانیش ناوێکیان هەیە.

**ڕامان:** ناشیرین دیتنی نوێخوازان لەناو ناخی کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو بوارەکاندا دەبینرێ، ئایا ئەوە ئینتیمایە بۆ ڕابردوو، یان ترسە لە داهاتوو؟

**د. ڕەشاد میران:** هەردووکیانە و ئەوەش ئاساییە. هەمیشە لە کۆمەڵگەکان خەڵکی کۆن پەروەر و کۆنخواز هەن، هەر ئەوەی هەیە پێی لەسەر دادەگرن و دژی نوێبوونەوە و دژی گۆڕانکاری دەوەستن و ئەوەش لەهەمووسەردەمێک ئاساییە و لە هەموو زەمانێک ڕووی داوە و هەبووە. من لەو باوەڕەدام لێرە ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە هێشتا بەو زەقینە نییە.

**ڕامان:** گەشەی ئابووری کوردستان دەتوانێ تا چەندە لەگۆڕانی سیستمی پیاوسالاریدا بەشداری هەبێ و ئایا پێت وایە کوردستان چووەتە قۆناغی تێپەڕین لە نەریتەوە بۆ مۆدێرنە،یان نا؟

– ئێمە هەرگیز لە گەشەی ئابووریدا نین، ئاستی بژێوی خەڵک بە بەراورد لەگەڵ پێنج شەش ساڵ، یان دە ساڵ باشتر بووە، بەڵام هێشتا ناتوانین بە گەشەی ئابووری لە قەڵەم بدەین، چونکە ئەو باشتر بوونە تەنیا لە بواری مووچەوە بووە نەک لە بواری بەرهەم هێنان و قازانجی چالاکی ئابووری. ئێمە ئێستا بازرگانیمان هەیە کە بازرگانی قەت ناچێتە خانەی بەرهەم هێنان. سەرمایەدارییەکی بەرهەم هێنەر نییە، بۆیە ئێمە تا

ئێستا هیچ چالاکییەکمان نەبووە، بۆیەش ناتوانین ڕەوشی ئێستا بەگەشەی ئابووری لە قەڵەم بدەین حکوومەتە و مووچە دەدا و ئەوەی مووچە وەردەگرێ باشترە و خۆشبەختانە خەڵکێکی زۆر مووچە وەردەگرێ. حکوومەت ئەوەی پێناخۆشە، بەڵام چالاکی دیکە نییە بوارەکانی دیکە وەک پێویست پشتگیری ناکرێن، ئەگەر جوتیارییە، ئەگەر مەڕو ماڵات بەخێوکردنە، ئەگەر پیشەسازییە، خەڵکی سەرمایەدار هەیە لەبەر نادیاری ڕەوشی سیاسی ئامادە نییە وەبەرهێنان بکات سەرمایەدار خۆی ترسەنۆکە، ئامادە نییە بێتە دەر و بەرهەم بێنێ و دڵنیا نییە کەی پارە بەکاربێنێ. حکوومەتیش ناتوانێ بیانجوولێنێ و ئەو گەرەنتییەیان بداتێ، جا بۆیە دەمێنێتەوە سەر ئەوەی چەند سەرمایەداران شۆڕشگێڕن، ئازاو نەترسن کە بتوانن پارەی خۆیان بەکاربێنن، بەداخەوە تا ئێستا گەشەی ئابووریمان نییە.

**ڕامان:** دەوری دەستەبژێر لەگۆڕانی کۆمەڵگەدا تا چەندەیە؟

**د. ڕەشاد میران:** دەستەبژێر چەند جۆرە، هەموو بوارێک دەستەبژێری خۆی هەیە. دەستەبژێری ڕۆشنبیری، سیاسی، دینی، مەعریفی هەیە. ئەوانە هەموویان دەستەبژێرن، شتی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە. دەستەبژێر ناوێکی ئەرێنییە «پۆزەتیڤە» تۆ بۆیە پێی دەڵێی دەستەبژێر، چونکە کۆمەڵێک مەرجی تێدا هەیە کە پێویستە هەبێ با زاناش بێ، بەڵام ئەگەر ئاراستەکردنەکەی بە گوێرەی پێداویستی چەرخ و ڕۆژگارەکە نەبێ تۆ ناوی لێ نانێی دەستەبژێر، دوایی بۆیە پێی دەڵێی دەستەبژێر، چونکە کاریگەری لەسەر خەڵکی هەمان بواری خۆی هەیە. ئەو کاریگەرییەش دروست نابێ ئەگەر ئاراستەکردنەکەی هاوچەرخانە نەبێ، تەنانەت لە ئایینی و ڕۆشنبیری و سیاسەتیشەوە بگرە، بۆیە دەستەبژێر لە هەر بوارێکدا هەیە، بەڵام وەک سیستمێک کە تا ئێستا ماوەی ١٦ ساڵێک بێ توانیبێتی ئازادانە کار بکات بەبێ مەترسی دەرەکی لەسەر خۆی. بێ گومان دەستەبژێرەکانی خۆشیان هەر بەلاوازی دەبینین و بەڕادەی پێویست خۆیان نەنواندووە، لەکاتێکدا لە هەلومەرجی ئێمەی کورددا لە کوردستانی باشوور کە ڕەوشی سەرەتامان شۆڕشگێڕی و ڕاپەڕین بوو، دواتر بە بۆیەی سیاسی بۆیە کرا، حیزبایەتی هاتە ناو ئینجا هەر حیزبە و لە ڕوانگەی خۆیەوە بواری ڕۆشنبیری ڕەخساند. بۆ ئەوانەی کە ئینتیمای خۆیانیان هەیە بە پلەی یەکەم. ئەمە هەمووی بوو بە ڕیگرێک لەبەردەم بەهێزبوونی، چونکە ئینتیمای دیکەی تێکەوت، لەکاتێکدا دەستەبژێر دەبێ ئازاد بێ. دەبێ دووربێ لە هەموو کارتێکردنێکی دەرەکی، بۆیە ئێمە دەستەبژێرێکی شێواومان لە هەموو بوارەکاندا بۆ دروست بوو، ملکەچی بە ڕادەی جۆراوجۆر پەیدابوو، ملکەچی ئەم حیزب، یان ئەو حیزب، یان سیاسەتی ئەم حیزبە بووین. ئێمە کە لێرە بووین لە هەولێر لەسەر پارتی حسێب بووین. لەوێ لەسەر یەکێتی. ئینجا یەکێتی بوای، یان نەبوای. تەواو بوو لەناو ئەو ئاراستەیەدا بووین، بۆیە ئەو ئازادی و سەربەخۆییەیان لەدەستدا و نەتوانرا کارێکی بەرچاو و جددی بکرێ. هەر دەجوولایەوە ئەگەر بەدڵی ئێرە نەبوایە تۆمەتبار دەکرای بە ئەوبەر، لەوێش هەمان شت بوو، ڕەوشێکی ئاڵۆز بوو، هیچ جۆرە ئازادییەکی تاکەکەسی تێدا بواری پێنەدەدرا بۆیە دەستەبژێرەکەش هەر لەناو بازنەیەکدا دەخوولایەوە و هەندێک جار بەدوای دەربازبوونێک لەو تارمایی دەسەڵاتە سیاسییە ناڕاستەوخۆیە دەگەڕا.

**ڕامان:** ئایینی ئیسلام کەم توانیویەتی خۆی لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژ بگونجێنێ و ڕێک بکەوێ، هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەردەوام نوێ بوونەوە، یان ڕەخنەگرتنی لەخۆی قبووڵ نەکردووە، بە بڕوای ئێوە کەم کاری دەستەبژێری ئایینی نییە؟

**د. ڕەشاد میران:** لەگەڵ ئەوەشدا دەستەبژێری ئایینی وا هەبووە کە توانیویانە لە بواری ئایینیشدا تەنانەت بەرهەمیشیان هەبێ بەناوی ئایینەوە. یەکێک لەوانە د. محەمەد شەحروور کە توانیویەتی چەند بەرهەمێکی هەبێ کە تەنانەت شرۆڤەی تازەشی بۆ دەقەکان و تێکستەکان هەبێ، یان (نصر حامد أبو زید) ئەویش بە هەمان جۆر هەرچەندە نکوڵی لە ئیمانی خۆیان ناکەن کە سەر بە دەزگاکەن، بەڵام بۆچوونی نوێ و تازەیان هەیە، ئینجا بەجۆرێکی گشتی جیا لەوە دەستەبژێری ئایینی ڕێچکەی ئیسلامی سیاسی گرتەبەر. دەستەبژێری دینی لە ئیسلامدا ڕێچکەی ئیسلامی سیاسی گرتەبەر کە بە بۆچوونی ئەوان ئیسلام دەسەڵاتی سیاسی لەدەست داوە کە دەبێ ئەو ئایینە لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی سیاسیشی هەبێ، کەچی من لەگەڵ ئەو ڕایەشدا نیم، چونکە ئیسلام

هەمــوو کـاتێک دەسـەڵاتی هەبووە، تەنانەت ئەگـەر هەر شێخ و مەلایەک لە ماڵی خۆی دانیشێ هێشتا دەسەڵاتی هەیە، خـەڵکەکـە بە سەلیـقە مـوسڵـمـانە و ئیـمانداره و مەلاو مزگەوت هەیە و شێخ و تەکیەش هەیە، بەڵام ئەو دەستـەبژێره سیـاسییـە مەبەستی دەسەڵاتێکی ڕەهایە، کـەواتە بەڕادەیەک بەهێــزبوون کـە دەتوانن ڕکـابەری دەسـتــەبژێری بوارەکــانی دیکە بکەن. دەسـتــەبژێری سیکۆلار، دەستـەبژێری ڕۆشنبیری، دەستـەبژێری سیاسی دیکە خـۆیان هێنایە ڕیزی سـیــاســیــەکــانی دیکە و زۆرانبـازیان لەگەڵ دەکەن و داوای دەسەڵات دەکەن. ئەمە ئێسـتـا دەسـتـەبژێری دینی لەوەدا خۆی وەدەرخسـتووە و خـەریکی ئەم ڕەوتەیە، ئەمەش هەڵەیەکی مـێژوویی بوو زانـایـانی ئـەو بـواره تـێی کــــــەوتـن و بـه زەرەریـان دەشکێتەوە.

**ڕامـان:** ئاییـنی مـەسـیــحـیــەت پاش ڕێنسـانـس ریفـۆرمـێکی بەربلاوی لە خـۆیدا پێک هێنا، ئیـسـلام بۆ نەیتوانیوە تا ئێستا ئەوە بکات؟

**د. ڕەشـاد مـیـران:** ئەگـەر تۆ بلـێی نەرم و نیـانی لە هەمـــوو ئایینێکدا هەیە، دەنا ئەگـــەر ئاوا بەتوندی بجووڵێـتەوە ئەو دینە نەدەما، بەڵام خـەڵکانێک هەیە بۆ بەرژەوەندی خــۆیان بواره توندەکــانی دەگــرن و دەقــە ئاینییەکان کە هەمیشە چەند لێکدانەوەیەک (تأویلێک) لەخۆ دەگرن، بۆیە تۆ دەتوانی توند لێی بنواڕی و دەتوانی خــاویشی بکەیتــەوە. سـەبارەت بەڕیفـۆرمی ئایینی مـەسیـحی بە هەمـان جۆره، بەڵام لێرەدا زیاتر مـەسـەلە نەتەوەییەکـە بوو. جـیابوونەوەی کـەنیـسـەکـان لەسـەر بنەمای نەتەوەیی، نەتەوەکانی ئەڵمانی، فەرەنسی، یان ڕووسـەکـان... تاد چیـتـر ڕازی نەبوون لەبن دەسـەڵاتی پاپایەک لە ڕۆمـا بجـوولێـنەوە، دەکـرێ بلـێین ڕۆحی ناسیۆنالیزم کاریگەری لەسەر ئاییندا هەبوو، کەنیسـەی نەتەوەیی دروست بوون. یەکێ لەوانە پێش هەمـوویان کەنیسەی ئەڵمانی بوو کە مارتین لۆتەر و دوایی کالوینی فــەرەنســا و ئینجـا ئانجـیلیکای ئینگەلتـەرا ئەوانە هەمـوویان لەسـەر بنەمـا و بنچـینەی نەتەوەیی دروست بوون. لە ئیسلامدا ئەگەرچی ئەوە نییە، بەڵام خۆ بواری نەتەوەیی دەکرێ لە ئیـسـلامیـشـدا بدۆزێتـەوە هەروەک ئێستاکە «قورئانی پیرۆز» تەرجومەکراوە بۆ سەر زمانی کـوردی، دووجـاریش تـەرجـەمـە کـراوە. بۆ سـەر چەند زمانێک تەرجومە کراوە، بەڵام کـاری پێناکرێ هێشـتـا ڕۆحییەتی ناسیۆنالیزم خۆی لە قەرەی ئایین نەداوە. هەر خۆشی ناسیونالیزمی کوردی وەک پێویست ئەو هێزەی نییـە و لاوازە، ئەگـەرچی خـاوەن کێشـەیەکی نـەتەوەیی بەرچاویشـــە، بەڵام لاوازە. ناســیــۆنالیــزم نەبووە بە ئایدیۆلۆژیایەک بۆ بە ئەنجـام گـەیاندنی کـێــشـــە نەتەوەییەکان.

**ڕامـان:** کـۆمـەڵگـەی مـەدەنی چ پێناسـەیەکی هەیە و مێژووی سەرهەڵدانی بۆ کەنگێ دەگەڕێتەوە؟

**د. ڕەشـاد مـیـران:** کـۆمـەڵگـەی مـەدەنی وەک بابەت بابەتێکی نوێیە، بەڵام خـۆی هەمـیشـە هەبووە، چونکە، دیاره ئێـمـە لە وشـەکـاندا گـرفـتـمـان هەیە هەروەک عـەرەبەکـانیش هەیانە. ئێـمـە دەتوانین «حـضـارة» بە شـارسـتـانـیـیـەت وەرگـێـڕین و «مـەدەنـیـیـەت» هەر بە مەدەنییەت بێڵینەوە.کولتووریش بۆ «ثقافە»، جا بەڕای من شاستانییەت لەچەند کولتوورێک پێک هاتووە. هەر کولتووره و مەدەنییەتی خۆی هەیە. من ئاوای بۆ دەچم. مـەدەنیـیـەت یانی چی؟ یانی شێـوازی ژیان، ژیانی ئەو خـەڵکەی کـە خـاوەنی کـولتـوورێکە و لەناو قـەوارەی شارسـتانیـەتێکدایە، چونکە شارسـتانیـەت بەرفراوانە. وەک دەڵێن شـارسـتـانیـەتی ڕۆژهەڵاتی، یان ڕۆژئاوایی، مـەسـیـحی، یان ئیـسـلامی، بەڵام دەکـرێ لەناو ئەو «حضارة» تۆ کولتوورێکی سەربەخۆیی، یان کولتوورێک لەناو (حـضـارة) دابن هەروەک واشـە، بۆیە من دەڵێم کۆمەڵگەی مەدەنی هەموو کاتێک هەبووە، چونکە هەموو کولتـوورێک مـەدەنیەتی خـۆی هەبووە. کورد کۆمـەڵگەی مـەدەنی خـۆی هەیە، چونکە کـولتـووری و مـەدەنی، تایبەتمەندی و شێوازی ژیانی خۆی هەیە.

بەشەکەی تری پرسیارەکەت چی بوو؟

**ڕامان:** مێژووی سەرهەڵدانی؟

**د. ڕەشاد میران:** مێژووی سەرهەڵدانی.

**ڕامـان:** پێناسـەکـردنی ئەوەی کـە لەوڕۆژکـەدا چۆن دەڕوانینە ئەو چەمکە؟

**د. ڕەشاد میران:** بەداخەوە ئێمە بەو جۆره دەڕوانین کە کـۆمـەڵگـەی مـەدەنی دەبێ وەک کـۆمـەڵگـەی ئەورووپی وابێ ئەمـەش مەرج نییـە چونکە ئەورووپا و کۆمـەڵگەی ئەورووپی مـێـژووی خـۆی و ڕەوتی گـەشـەکـردنی خـۆی هەبووە، جـۆری کـۆمـەڵگـەی تایبـەتی خـۆی هەبووە. لەوێشــدا دەگــۆڕێن چونکە دەتوانین چەند جـۆرێک لە کۆمەڵگە دەتوانین دەستنیشـان بکەین، بەڵام بەگشـتی

چەند بنەمیەک دانراون کە دەکرێ پێی بڵێی کۆمەڵگەی هاوچەرخ نەک کۆمەڵگەی مەدەنی، لەو ڕۆژگارەدا ئیتر تۆ ناتوانی لە کۆمەڵگەیەکدا بژی کە مافی مرۆڤی تێدا پێشێل دەکرێ، بۆیە مافی مرۆڤ بووە بە بنەمایەکی سەرەکی بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ، یان مافی ئافرەت، مافی منداڵ، ئینجا کۆمەڵێک لە بەهاو ماف کە دەبێ کاریان پێ بکرێ وەک دیموکراسی و هەڵبژاردن و فرە حزبی و فرە دەنگی کە ئەمڕۆ بوون بە بەشێکی جیانەکراوە لە بنەماکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ.

**ڕامان:** ئەو ئاستەنگانە چین کە دەبنە بەربەرستێک لەسەر دروست بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، یان بە هاوچەرخ بوونی کۆمەڵگەی کوردی؟

**د. ڕەشاد میران:** ئاستەنگ زۆرن، بێ گومان ئاستەنگی جۆراوجۆر هەن، ئاستەنگی کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە، تەنانەت ئاستەنگی جوگرافی هەیە، سیاسیش هەیە، ئەوانە هەموویان ئاستەنگن کە هەریەکە و هۆکارەکەی بەناوی خۆیەیەوە و، دەور دەبینێ. لە ڕووی کولتوورییەوە ناوچەیەکی بەرفراوانین کە تێیدا زێتر بە کۆمەڵگەی دینی داخراو ناسراوین. لە ڕووی جوگرافیشەوە جوگرافیا وای لە ئێمە کردووە کە لەلایەکەوە بکەوینە ناو ئەو ناوچەیەی کۆمەڵگەی داخراو لەوێ هەن، لە هەمان کاتدا ناوچەکانی خۆشمان کە چیاو شاخە شتی داخراو و دیاردەی کۆمەڵایەتی داخراو و دووره پەرێز بەرهەم دێنێ کە ئەوەش کاریگەری لەسەر ئەو دروست نەبوونە هەیە. لە ڕووی سیاسییەوە ئێمە ئەگەر لەناوچەیەکی جوگرافی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبوایەن کە لەو ناوچەیە هێزی سیاسی زۆر هەن ڕێگە بە گۆڕان نادەن، هەم ناوچەی نێودەوڵەتی و هەم ناوچەی ناوخۆییش کە لە بەرژەوەندیاندا نییە گۆڕان کاری دروست بێ و سیستمەکە بگۆڕدرێ، بۆیە ئەم ئاستەنگانە هەن کە هەمووشیان جددین. ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەو هەموو توانا و ئیمکانیاتەی خۆیان و بە هەموو بەرهەمەکانی عەولەمەوە، ئینجا لەو جۆرە کۆمەڵگەیانە دەور و کاریگەرییان سنووردارە.

**ڕامان:** بەسەرنجدان لە قۆناغی ئێستای کوردستان، کاریگەری جیهانی بوون لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی تا چەندەیە؟ چ ئاستەنگێک پێشی بە جیهانیبوونمان گرتووە؟

**د. ڕەشاد میران:** وەک باسم کرد ئەو ئاستەنگانە لەبەردەمانن، ئەگەرچی تەکنەلۆژیا و زێتر عەولەمە بەرێگەی تەکنەلۆژیاوە بۆ ئێمە دێ، یان ڕووی لە ئێمە کردووە، ئەوەش بەبێ ئەوەی لایەنەکانی دیکەی ڕۆحی و مەعنەوی بگرێتەوە. ئەم ئاستەنگانەی کە باسم کردن سیاسی، کولتووری، دینی، جوگرافی ئەمانە هەموویان بە هەمان جۆر کار لە ڕەوتی جیهانی بوونیش دەکەن. هەموو ئەوانەی بە ئێمە دەگەن، تەنیا بوارە مادییەکەی زۆرتر سوودی لێ وەردەگیرێ بەبێ هەبوونی بنەمایەکی فیکری و ڕۆحی بۆ خۆگونجان لەگەڵ ئەو تەکنەلۆژیایە لەگەڵ ئەو لایەنە مادییە، بۆیە لێرەدا نارێکییەک و ناجۆرییەک دروست دەبێ کە لە ئەنجامی ئەوەدا دەبێتە ڕێگرێک لەهاتنی عەولەمە، تەنانەت لەداهێنانی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخشدا.

**ڕامان:** لەخۆ نامۆبوونی کۆمەڵایەتی لەچییەوە دروست دەبێ و تاک بەرەو چ ئاقارێک دەبات؟

**د. ڕەشاد میران:** لەخۆ نامۆبوونی کۆمەڵایەتی، ئەوە دیاردەیەکە کە هەمیشە لەنێو ئەندامانی کۆمەڵگەدا ڕوودەدات کاتێک کە تۆ لەگەڵ واقیعەکەی خۆت هەست بە جودایی دەکەی.

ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە لەکۆمەڵگەدا هەیە تۆ خۆتی تێدا بەجودا دەزانی و ناتوانی خۆگونجاندن و هەماهەنگی تێدا بکەی. ئەو سیستمە لەگەڵ ئەو واقیعەی لێرەدایە تۆ خۆت وەک تاکەکەسێکی بەتەنیاو بێ توانا دەبینی ئەمە دەبێتە هۆی ئەو دەردەی کە پێی دەگوترێ نامۆبوون، ئەوەش لە دەرئەنجامی گەلێک هۆکار ڕوودەدا. هۆکاری تاکەکەسیشی هەیە، وەک لایەنی دەروونی تاکەکەس، بەڵام زیاتر سیستمی کۆمەڵگە ئەو جۆرە هەست و شعوورە دەرەخسێنێ. کاتێک کە حسێب بۆ هەست و ئارەزوو و پێداویستییەکانی تاکەکان ناکات، بەڵکو تاک لای ئەو بەشێکە لە سیستمەکە و تەواو، چی سیستمەکە بیڵێ تاک دەبێ بیکات، لەکاتێکدا تاک جیاوازی خۆی هەیە، حەز و ئارەزووی خۆی هەیە کە ڕەنگە لە زۆر لایەندا جیاواز بێ و لەگەڵ مەرج و بنەماکانی ئەو واقیعە نەگونجێ. لێرەدا تاکە کەس هەست بە نامۆبوون دەکات، ئینجا کاریگەری ئەو نامۆبوونە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازی دەبێ، لەحاڵەتێکدا لای هەندێ کەس دەگاتە ڕادەی دیاردەی خۆ کوشتن، بەڵام بەگشتیش خەڵکێک لەگەڵیدا دەژین و تەحەمولی دەکەن، چونکە زۆربەی ئەندامانی

کۆمەڵگەکانی ئێمە بە بێ زێدەڕۆیی زۆربەیان، بەتایبەتیش لەنێوەندی گەنجاندا هەست بەنامۆبوون دەکەن، بەڵام بەخۆگونجاندن و بەجۆرێک لەخۆ گونجاندن.

**ڕامان:** باسی خۆ کوشتنت کرد، ماوەیەکیشە دیاردەی ئافرەت کوشتن زۆر پەرەی گرتووە، تۆ ئەوە بە دیاردەی لەخۆ نامۆبوون دەبەستیتەوە، یان زاڵبوونی دابونەریتە، یان لێکدرانی نەریت و مۆدێرنەیە، یان زاڵبوونی عەقڵییەتی سەلەفییە؟

**د. ڕەشاد میران:** تۆ ناتوانی ئەوە یەکلا بکەیتەوە، ڕەنگە هەر هەموویان پێکەوە بن. ڕەنگە بتوانی کاریگەرییان بەڕادەی جیاواز لەسەر ئەو تاکەکەسانە هەبێ، بەڵام دیاردەی خۆ کوشتن دیاردەیەکی گەورە و جددییە، تێیدا ئەندامی کۆمەڵگە، یان تاکەکەس دەگاتە حاڵەتی ئەوەی کە فەلسەفیانە بڕوانێتە ژیان و مردن، واتە دوای تێڕامان و لێکدانەوەیەکی زۆر ئینجا دەگاتە ئەو چارەسەرەی کە دەبێ بە خۆ کوشتن کۆتایی بێ. لە ڕاستیدا خۆکوشتن هەڵوێستێکە بەرانبەر ئەو کۆمەڵگەیە، بەرانبەر بەو سیستەمە کە دوای لێکدانەوەیەکی زۆر قووڵ و تلانەوە بەدەست ئازارێکی زۆرە ئینجا دەگات بەو حاڵەتە. ئەوەی خۆی دەکوژێ سەرپێیانە خۆی ناکوژێ، بەڵکو هەڵوێستێکی فەلسەفیانەیە بەرانبەر بەکۆمەڵگە و بەرانبەر بە سیستمی کۆمەڵایەتی، بێ گومان سیستمەکە بەگشتی دەوردەبینێ لەوەی کە تاکەکەس بگەیەنێتە ئەو حاڵەتە، بەڵام ئەویش هۆکاری جۆراوجۆرەی هەیە لەوانە هۆکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، هەموو ئەوانە هەریەکە و بەڕادەی جیاواز دەوردەبینن.

**ڕامان:** ئایدیۆلۆژیا بە مانای گشتی لەو سەدەیەی ئێستادا کە بەسەدەی جیهانیبوون ناسراوە کەوتووەتە چ قۆناغێک و حاڵەتێکەوە؟

**د. ڕەشاد میران:** بەڕای من ئایدیۆلۆژیا هەمیشە هەر هەیە و هەر هەبووە، ئەگەرچی شێوازی جۆراوجۆر وەردەگرێ و ئێستاش هەستی پێدەکرێ. ئایدیۆلۆژیا دەکرێ بڵێین چوارچێوەیەکی گشتییە بۆ فیکرێک، بۆچوونێک، یان سیستمێکی بیرکردنەوەیە کە پشت بە هۆکارێک، یان چەند هۆکارێک دەبەستێ و پێیانەوە بەرێوە دەچێ و پێش دەکەوێ. بۆ نموونە ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیزمیمان هەیە، ئایدیۆلۆژیای دینیمان هەیە، ئایدیۆلۆژیای سیاسیمان هەیە. کۆمەڵێک لە ئایدیۆلۆژیا کە چوار چێوەی گشتین. دەکرێ لەناو یەک چوارچێوەشدا جۆراوجۆری هەبێ، لە ڕەوتی ئایدیۆلۆژیا دینییەکەدا دەبینی چەند ڕێچکەیەک و ڕێبازێک هەن، لەناسیۆنالیزمەکەش هەروا. لە ئیشتراکییتەکەش هەروا، ڕێچکە زۆرە، بەڵام بەگشتی چوارچێوەیەک هەیە. ئێستاش ئەم ڕێچکانە بەدی دەکرێن و دەور و کاریگەری و تەنانەت سیحر و جازبیەتی خۆیان هەر ماوە، هەربۆیەش دەبینین بزووتنەوەی ئایینی هەیە، بزووتنەوەی نەتەوەیی هەیە. تەنانەت لە شوێنێکی پێشکەوتووی وەک ئەورووپادا کە واخەریکە یەکێتی ئەورووپا دروست دەبێ، کەچی هەندێک دیاردەی نەتەوەیی، یان هەندێک ناسیۆنالیزمی هەندێک لە وڵاتان ڕێگرن لەبەردەم تۆکمە بوونی ئەو یەکێتییە. بۆ نموونە سوێد بە هەموو مەرجەکانی یەکێتی ئەورووپا ڕازی نییە و لە هەموو لایەنێکەوە بۆی نایەت. دەیانەوێ دەست بەدەسکەوتە نەتەوەییەکانی خۆیانەوە بگرن. ئینگلتەرا بە هەمان جۆرە، ڕۆحێکی نەتەوەیی بەهێزیان هەیە کە لە ئایدیۆلۆژیایەکەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، بۆیە لەو شوێنانەشدا دەبینی ئەو چوارچێوە هەن، ئایدیۆلۆژیایانە هەن و ئایدیۆلۆژیاش بەڕای من پێویستە، چونکە سیستمێکە بۆ بیرکردنەوە. ئەگەر تۆ بەبێ سیستم بیربکەیتەوە زەحمەتە و ڕێکوپێک نابێ، ئایدیۆلۆژیا ڕێگەت نیشان دەدات چی بکەی. لەو ڕوانگەیەوە تۆ لەو هەڵوێستانەدا دەبێ ئاوابکەی.

**ڕامان:** ئایدیۆلۆژیا بۆ تاک، یان بۆ کۆمەڵگە؟

**د. ڕەشاد میران:** ئایدیۆلۆژیا خۆی بۆ کۆمەڵگەیە، دەنا بۆ تاکەکەسێک ئەو کاریگەرییەی نابێ. تاکەکەسێک ئایدیۆلۆژیا هەڵدەگرێ بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر خەڵکی دیکەش هەبێ، بۆ کۆمەڵایەتی دەبێ، بە تەنیا بۆ تاکە کەس نییە. بۆ وێنە تەنانەت دیاردەکانیش کۆمەڵایەتین، نەک تاکەکەسی. ئەگەر سیاسەت بێ، ئەگەر نەتەوەیی بێ، ئەگەر دینی بێ. ئەوانە هەموویان دیاردەی کۆمەڵایەتین.

**ڕامان:** زۆر سوپاس ماندوومان کردی.

**د. ڕەشاد میران:** شایانی نییە. بەخێربێن.

# ئەز لە دەقەکەیدا کەسێتی سەیدی دەخوێنمەوە

عادل محەمەدپوور
(مەریوان)

## دەسپێک

بۆ خوێندنەوەی ئارۆیانەی دەق لە میتۆدگەلێکی زوانناسی کەڵک وەردەگیرێ، کە ئیتر چەندان پێویستی بە ڕووەونیای ژیاننامە و بەسەرهات و ڕیز کردنی ساڵ و مانگی لەدایک بوونی شاعیر نابێ. لەم پەیلوایەدا ڕاڤەکار لەدەست چنگاوەشی هەندێ زەینیەتی پێشوەختی مێژوویی ڕزگار دەبێ و بە دڵنیاییەوە، تەنیا لەسەر پێکهاتەی دەقەکە و توخمە زوانییەکان تەرکیز دەکات. ئاخر دەق کارەساتێکی فرەزوانییە کە سەرومڕ لە ئاڵوگۆڕدایە و دەبێتە بەستێنەیەک بۆ ئەفراندنی فرە مانایی و پلۆرالیزمی زوانی. دەق نە تەنیا وێنەیەکی بەستەڵۆکی زادەی زەینی دانەر نییە. بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕووبارێکی خاوێن و نائارامە و هەردەم خولقێنەری وێنەیەکی تازەیە لە خودو لەجیهانی ئۆبژە و دەوروبەردا. خوێنەر لەم پرۆسە زەینییەدا تەنیا سەرقاڵی بارگەی دەلالی و کارکردی دینامیزمی ئەم سیستەمە دەبێ نەک ڕووکاری فۆڕماڵی بەرهەمەکە. خوێنەری ئەکتیڤ وەک ڕێڕەوێک سەفەرێک بۆ هەناوی بازنەیەکی نامۆ دەکات کە دەقەکەیە، لەم سەفەرە پڕ تەنگ و چەڵەمەدایە کە گوتارێک بۆ ناو شێواز و شێوازناسی، بنەماخوازی و بنەماماڕی لەدایک دەبن.

لەم کێشمەکێشە خوێندنەوەییەدایە کە ڕاڤەکار بەهەندێ (هێما و ڕەمز)ی زوانی ئاشنا دەبێ و دەچێتە نێو دەریای سیحراوی نیشانە زوانییەکان و ڕۆدەچێتە ناو تۆڕی پێوەندییە ناخەکییەکانی زەین و زوانی دانەر. ڕاڤەکار بەچەکی ڕاڤە و دەرخستنی نیشانەکان، دەستی خوێنەر دەگرێ و دەیباتە ناوەندی گرانیگای ئانتالۆژی

هونەری شاعیر. سەفەرێک کە لە توێکڵەوە دەست پێدەکات و بەرەو ناوەند و گرانیگای هەناوی شاعیر دەڕوات. پاش هەڵوێستە و تێڕامان، دووبارە بەرەو ئاستی دەرەکی و دنیای ئۆبژێکتی دەقەکە دەگەڕێتەوە.

ئەز وەک خوێنەرێک دەمەوێ سەیدی و چەشنی پەیلوای هونەری ئەدەبی لیریکای ئەم شاعیرە لە دوو توێی دەقەکەی و زوانەکەیدا کەشف و پێناسە بکەم. وەک ئاماژەم پێ کرد لێرەدا پێویست بە ئاشکرا کردن و دووانی لە ژیاننامە و بەسەرهات ناکات. وەک (اظهر من الشمس) ڕێزدار، ڕەحمەتی (محەمەد ئەمین کاردۆخی) هەوڵدەری ئەمەکدار و ماندوونەناس ئاماژەی پێ کردووە و بە تاقانەبوونی سەیدی و کات و ساتی لەدایکبوونی (١٢٦٥ - ١١٩٩ک.م) و هەروەها زێدی شاعیر و تەنانەت خانووەکەی کە ئێستاش ئاسەواری لێ بەجێماوە(١). ئیتر چ پێویستە کە لەم پێناوەدا کات و سات و دەرفەتی وزەی خۆمان زایە بکەین لەجیاتی شۆڕبوونەوە و ڕامانکاری و خوێندنەوەی دەقە نەمرەکەی و دەرخستنی ڕاستییەکان لە فۆڕم و ناوەرۆکدا و تەنانەت دەرخستنی هەندێ بابەتی ژیانی تاکی و بنەماڵەکی ئەم شاعیرە. دەیشزانم بە ڕاستی کارێکی سەخت و دژوار و وەختگر دێتە ئەنجام.

هەر ئەم ڕووکردە، لە پانتایی گوتاری خوێندنەوەی دەقدا، دۆخێکی لەرزۆک و ئاڵۆسکاو و پچڕپچڕی بۆ ئێمە نواندووە، سیمای سەرهەڵدانی ڕاستەکی هۆرمزگان دەشەمزێنن، دەڵێن دەقێکی دەسکردە و زادەی دەستی نەیاران و دەرەک بینان، کەسێتی زەردەشت و پیرشالیار و سەیدی.. لەتوپار دەکەن و دەیانکەن بە دووان سێیان. ئەمە نە ڕووکردێکی توێژکارانەیە و نە ڕەوتێکی بنەماشکێنانە و ئاوانگاردانە و نە پڕکردنەوەی کەلێنێک لە کەلێنەکانی مێژووی ئەدەب و زوانەکەمان.

لێرەدا مەبەستم ڕێگرتن بە هەوڵدان و گەشکەی دینامیزمی ڕەوتی تۆکاری و توێژینەوە و ڕاژەی زانستی هەرمانەکە نییە، بەڵکو مەبەستم ونکردنی ڕێگا ڕاستییەکییەکانە، کە دۆزینەوەی دۆزەکە کارێکی دژوار و پڕ ئاستەنگ هاتە بەرچاو و پێویستی بەخۆماندووکردن بوو، ئەنجا لە پاساودا و بۆ وەڵامدانەوەی ئاستەنگەکە، خۆمانی لێ گێل دەکەین و دەس دەکەین بە داتاشینی تیۆری جۆراوجۆر و پینە و پەڕۆی مێژوویی. کەچی تاقانە لۆژیکی ئەمڕۆژیانەی لێکۆڵینەوە، پەنا بردنە بە دنیای دەق و چۆن مامەڵە و دانوستانکردنە لە هەمبەر ئەم دنیایەدا.

هەندێ بەناو لێکۆڵەر بە چەواشەکاری و ڕێنەبردن بە ڕاستییە زوانییەکان لە دەقەکەی سەیدیدا، (تاقەسەیدی) ناو دیوانەکەیان کەرت کردووە بە سەیدی (یەکەم و دووەم)، تەنانەت برێکیش، وتوویانە لە (سێیان)یشدا شکیان نییە. لێکۆڵەرێک لەم بارەیەوە دەڵێ: «لەدیوانەکەی سەیدیدا بۆم دەرکەوت چی واژەی کۆنە لە شێوە عەرووزییەکانیدا و ئەوانەش کە نوێترن لە هەڵبەستە هیجاییەکاندایە، بەو جۆرە پێوانەیەکم وەدەست هێنا کە بێجگە لەمن تائێستا کەس بەمەی نەزانیوە، یان ئەگەریش زانیبێتیان بە سادەیی چاو پۆشیان لێکردووە». (٢) پاشان هەر ئەو نووسەرە ڕەخنە دەگرێ کە گوایە ڕەحمەتی (کاردۆخی) دیوانەکەی ڕێکوپێک کردووە و بەسەردێر غەزەلەکە ناوی بۆ دیاری کردووە. دەڵێ: «من تەواوی غەزەلەکانم کرد بە دوو بەشەوە واتە چی شیعری هیجایی باوی کوردەواری بوو (هەر میسراعێک ١٠ هیجا کە ڕێکە لەگەڵ (مستفعلاتن، مستفعلاتن)، یان (فع لن فعولن، فع لن فعولن) ک دیوانەکەی مەولەوی مەعدوومی سەر پاکی لەسەر ئەو کێشەیە (بڕواننە ئەم حوکمە یەک لایەنە!) جوێم کردەوە و ئەوانە شیعری عەرووزی بوون لە چەند بەحرێکا هۆنرابوونەوە بە جیا سەیرم کردن، بۆم دەرکەوت یەکێ لەم دوو سەیدیانە بەس شیعری عەرووزی نەبێ نەیوتووە، ئەوی تریشیان فارسیەکانی لێ بەدەرکە تاکە بەیتی عەرووزی نەوتووە. هەر کێشە خۆماڵیەکەی باوی کوردەوارییە». (٣)

نووسەر بەمەوە ناوەستێ تەنانەت هەندێ لە غەزەلەکانی حافز. وەک: (گرتیغ بار در کوی آن ماه/ گردن نهادیم الحكم لله) بەم کێشە واتە (بڕگەیی و خۆماڵی!!؟) دەزانێ. (٤)

کەچی هەر لەم وتارەدا بۆمان دەردەکەوێ ئەگەر شیعری هەورامی وەک نۆرم و ئاوازی سروشتی خۆی بخوێنرێتەوە، ئەوەندە سرک و سلۆکە کە خۆی ناهاوێتە ئامێزی داوی قاڵب و قاوغ و بازنەی هیچ ڕاوچییەک چ بگا بەوەی تەنیا قاوغی تەفعیلەی عەرەبی (مستفعلاتن) بۆ پێوانەکرێ! هەر ئەم چەواشەکارییانەیە

کە بووەتە هۆی چەپاندنی زەینییەتی سەیدی یەکەم و دووەم و...

ڕەنگە سەرچاوەی سەرەکی ئەم بۆچوونانە، کتێبە مێژووییە ئەدەبییەکان بووبێ کە برێکیان، کەسێتی تاقانەی سەیدییان بە دووکەس دابەش کردووە سەیدی یەکەم و دووەم.(٥)

منیش ڕام لەسەر ئەوەیە کە دوو هەناسەی جیاواز لە چێکردن و ئەفراندنی ئەم دەقەدا دەبینرێ، بەڵام جارێ دوو کەسایەتی جیاواز نادەن و هەمیش شیعرە کۆنەکانی بەیازێک نەبووە، کە دەستی سەیدی کەوتبێتن و لەگەڵیاندا مامەڵەی کردبێ و ئەنجام هیچ نەبێ بووبێتە سەبەبی مانەوەیان.(٦)

ئەگەر چی مامۆستای ڕەحمەتی (کاردۆخی) سوورە لەسەر ئەوەی کە سەیدی یەکێکە و توانیویە بە هەردوو شێوە، هۆنراوەی جوان و ڕێکوپێک دانێت(٧)، بەڵام بە جەوهەری زوانەوانی و ڕۆچوون لەدەقەکەیدا، جەختی نەکردووەتە سەر فاکتیزەکردن و بەڵگاندنی کەسێتی تاقانەی سەیدی؛ بۆیە نووسەری ئەم دێرانە وێڕای پێداگری بوێرانە لەسەر ئەو پەیلوایە و کەسێتی تاکی سەیدی، باسەکەم بەپشت بەستن بەتەنیا سەرچاوەی خۆم، دەقەکەی سەیدی و هەندێ باسی جەوهەری و توخمی زوانەوانی بۆ بایەخدان بە باسەکە دێنمە ورووژاندن.بە قەولی حافز:

(تا که قبول افتد که در نظر آید).

### هەڵوێستەیەکی زوانەوانی و ڕانانکارییەک

سەیدی لە بەدنیا ئانینی لیریکاکەی لەگەڵ سێ زوانی جۆراوجۆر، بەسێ پرەنسیپی بنیادی و جەوهەری جۆراو جۆرەوە ڕووبەڕووبووەتەوە:

**یەکەم**: زوانی هەورامی: وەک زوانێکی زگماکی، خۆرسک، سروشتی، فولکلۆریک و جەوهەری.

**دووەم**: زوانی فارسی: وەک زوانێکی زاڵی- فەرمی، ئەدەبی وەخت.

**سێیەم**: زوانی عەرەبی: وەک زوانێکی زاڵی- نافەرمی، ئەدەبی- ئایینی.

بۆ ئەوەی نزیک ببینەوە بە ناسینی چلۆنایەتی مامەڵەی سەیدی لە هەمبەر ئەم سێ زوانەوە و بزانین چۆن توخمەکانی ئەم سێ زوانە لەمیکانیزمی داهێنان و بێئاگایی زەینی ئەم شاعیرەدا پەنگی خواردووەتەوە، پاشان هاتوونەتە هەڵسووڕان و بزاڤێتی و لەدایک بوون وەک کۆرپەی شیعر. ڕۆڵی ئەم مەوادە خاوانە لە داهێناندا وەک دەقی جۆراوجۆر ، چەند کاردانەوەی هەبووە و سەرەنجام بگەینە هەناسە لیریکییەکانی سەیدی بەودانووستاندنە هونەرییەوە کە لەگەڵ زماندا کردوویەتی. باسێکی مێژوویی- زوانەوانی دەخەینە ڕوو و لەسەر چەند توخمێک و جیاوازییە جەوهەرییەکانی ئەم سێ زوانە لەسەر ئەو پرەنسیپانە باس و لێکۆڵینەوە دەکەین:

زوانی فارسی و هەورامی لەیەک بنەماڵەوە (ئارییەکان) سەرچاوە دەگرن و نزیکایەتی خێزانی و ڕەچەڵەکی لەگەڵ هێند و ئەورووپییەکان پەیدا دەکەن. عەرەبی ئەگەرچی لەگەڵ ئەم کۆما زوانیانەدا پێوەندییەکی ڕەچەڵەکی و ڕەگەزناسانەی نییە، بەڵام پاش هاتنی ئیسلام، زوانی فارسی لەژێر کاریگەری توخمەکانی ئەم زوانەدا توایەوە و هەندێ خەسڵەتی جەوهەری و ڕووکاری هەم لە فۆڕم و هەم لە ناوەرۆکدا لەدەست دا.

لەگوتارە خوێندنەوەییەکاندا بۆ ناسینی ڕەچەڵەکناسی ئەم کۆمەڵە زوانانە، دوو چەشنە پەیلوا و ڕوانگە دێتە ڤەشان:

**پەیلوای یەکەم**: لە خوێندنەوە دەقە بەجێماوەکانی ئەم کۆما زوانانەدا (پارسی باستان، فارسی، هەورامی، سەنسکریت، ڤیدا، یۆنانی کۆن، لاتینی و..) دەرکەوتووە، کە ئەم زوانانە خاوەنی سێ **توخمی زوانین**: یەک: ئاهەنگ (Ton) دوو: کێشاندن (امتداد، Duree) سێ: تەکیە (Accent)، یان خێرایی دەنگ (شدت صوت، Intensite).

لەم پرۆسە زوانییەدا، هەر واژەیەک کە خاوەنی توخمی برگەیە (هیجا)، لەکاتی خوێندنەوە زێڵ (زیر) تر دێتە خوێندن. شوێنی ئەم ئاهەنگە لەواژەدا جێگر (ثابت) بووە. هەر لە ڕووی ئەم خەسڵەتەوە زۆربەی توخمەکان لە یەکتر دەهاتنە جیاکردن و تەنانەت مانای توخمەکە هەر لەسەر ئەم ڕووکردە دەستنیشان دەکرا. بزوێنەکان (Voyells)یش لەم کۆما زوانیانەدا دەنگی یەکسانیان بووە، یانێ بزوێنەکان دابەش دەکران بەدوو چەشن (کورت و درێژ) و لەسەر ئەم کێشانە (امتداد، Duree)، برگەی کورت و درێژیش دەهاتنە ڕۆگەی هەبوون، یانێ بە

بزوێنی درێژ، برگەی درێژ و بە بزوێنی کورت، برگەی کورت سازدەکرا.

بەم چەشنە زوانانە و بەم تایبەتمەندیانەوە کە کێشانەی شیعریان پێدەکرا، دەوترا (زوانە چەندییەکان). پاشتریش عەرەبیش شیعرەکانی لەسەر ئەم ڕووکردە موسیقاییە چێ دەکرد و هاتە ڕیزی زوانە چەندییەکانەوە(٨)

**پەیلوای دووەم:** (ئانتوان مییە) زوانەوانی مەزنی فەرانسەوی بۆ یەکەم جار پەی بە توخمێکی زوانی بە ناو «تەکیە، Accent». برد.بەم شێوە بوو بەخاوەنی پەیلوایەکی زانستی لە پێکهاتەی زوانە هیندو ئەورووپییەکاندا کە زوانی فارسی و کوردی هەورامی پاژێکن لەو کۆمەڵە زوانە. هەر ئەم پرەنسیپە بوو بەهۆی ئەوە زوانی فارسی و کوردی بە تایبەت کوردی هەورامی لە ڕێچکەی زوانە چەندییە قاوغییەکان بە تایبەت عەرەبی جوێ بکرێتەوە و ببنە خاوەنی گیانی مۆسیقایی خۆیان. هەم ئەم باسەی (ئانتوان مییە) ئێمە هەڵدەنێ کە زوانی کوردی هەورامی کە خاوەنی هەندێ مۆرک و مۆراڵی زوانەوانی تایبەت بە خۆیەتی و لە زوانی فارسی جیابکەینەوە. لە درێژەی باسەکەدا ئاماژە دەکەینەسەر خاڵە جیاوازییە زوانییەکانی ئەم دوو زوانە.

(ئانتوان مییە) لە پاڵ باسکردنی توخمی تەکیە (Accent) باس لە خەسڵەتێکی تریش بەناو (خێرایی دەنگ، Intensite) لە پێکهاتەی ئەم کۆمەڵە زوانانە دەکات. پێی وایە (تەکیە) هەمان خێرایی دەنگە و ئەم توخمیشە (تەکیە) پتر جیاوازە لەگەڵ ئاهەنگ کە بریتییە لە بەرزی دەنگ. لەم ڕوانگەیەوە زوانی ئەوێستا لەگەڵ زوانەکانی سەنسکریت و یۆنانی کۆن جۆی دەکرێتەوە و دەبێتە خاوەنی پرەنسیپی جەوهەری خۆی. لە کێشانی شیعریشدا، لەجێی کێشی چەندی (وزن کمی) ئەم زوانە دەبێتە کێشی (زەربی)، یان بە چەشنێکی تر (برگەیی) لەسەر لێدانی تەکیە.(٩)

## جیاوازی زوانی فارسی، هەورامی و عەرەبی لەسەر پرەنسیپی تەکیە (Accent)

جیاوازی زوانی عەرەبی، لەگەڵ فارسی و کوردی هەورامیدا بەتایبەت لەکێشانەی شیعردا، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی چەشنی کێشاندنی بزوێنەکان لەم دوو زوانەدا.

جیاکەرەوەی ئەم دۆخە، توخمێکە بەناو (زەنگ) لە پێکهاتەی دەنگەکاندا. بۆ وێنە لە دوو واچە (واژە)ی (ضرب، ضارب) بزوێنی (a) لەسەر (ض) هاتووە و لە واچەی (ضارب)، (a) دانراوە. لەواژەی (ضرب)، (a) لە چۆنیەتی (Ton)دا (بەقەدەر یەک پلە لەزەمەن) کێشراوە، بەڵام هەر ئەو بزوێنە لە واچەی (ضارب)ەدا بە هەمان ئەندازەی کات (دووپلە) سەرتر کێشراوە. ئەم کێشاندنە لە یەک چرکەدا بووەتە هۆی جیاوازی واتایی دوو واژەکە. ئەم تایبەتمەندییە لە هەموو زوانە چەندییەکاندا (سەنسکریت، یۆنانی کۆن، لاتینی، تەنانەت عەرەبیش)دا دەبینرێ، بەڵام لە زمانی کوردی هەورامیدا ئەم ڕا زوانە، جیاوازە. جیاوازی نایەکسانی دەنگ یەکێکە لە پرەنسیپەکانی پێکهاتەی ئەم دوو زوانە، کە دەرکەوتی جیاوازی هەر بزوێنێک بە نیسبەتی بزوێنێکی تر لەکێشانەی دەنگدا، دێنە هەست پێکردن، بەڵام خاڵی سەرەکی بۆ پێوانەی جیاوازی نێوان ئەم سێ زوانە، هەستکردن بە (چۆنیەتی زەنگ)ە کە دەبێتە پێوەری جیاکەرەوەیان.(١٠)

بۆ نموونە لەم واچانەدا (دەر، دار)، (خەو و خاو)، (مەس و ماس) کە بیسەر جیاوازی نێوان واتاکەیان هەست پێدەکات، تەنیا بۆ نایەکچوونی کێشاندنی دەنگی ناڤینی لەم دوو واژە (a/a) ناگەڕێتەوە. ئەگەریش بزوێنی ناڤینی واژەی دووەم (دار، خاو، ماس) بە قەدەر بزوێنی واژەی یەکەم (دەر، خەو، مەس) کورت بکەینەوە و خێرا بیانخوێنینەوە، دووبارە هەمان جیاوازی واتایی هەست پێدەکرێ، بەڵام ئەگەر ئەم ڕێسا لە کێشانەی شیعردا ڕەچاو نەکرێ؛ یانی (یەک پلە بۆ بزوێنی کورت a و دوو پلە بۆ بزوێنی درێژی a) لە ڕێچکەی شیعردا ڕازی نەبین و بەخێرایی دەنگ (شدت صوت، in-tensite) لەسەر جەوهەری ئاوازی شیعری هەورامی، نەخوێنرێتەوە، خێرا جیاوازی نێوان کێشی دوو برگەکە دێتە هەست پێکردن بۆ خوێنەر و بیسەر. لێرەدایە کە ڕیتمی زوانی هەورامی لە شیعردا لە فارسیش تەنانەت لەکوردی سۆرانی جیا دەبێتەوە و بە ناچار لەم دوو زوانەدا (فارسی و کوردی سۆرانی، کە پابەندی دیاردەی عەرووزن) بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە (هەرۆڵیە) پەنا دەبەنە (ئەختیاری شاعیرانە) کە جۆرێکی (حیلەی شەرعی) و ئاڵۆزی مۆسیقاییە لە کێشانەی شیعردا و

هیچی لەگەڵ واقیع و نۆڕمەکانی زواندا تەبا نییە.
زوانی هەورامی خاوەنی گیانێکی مۆسیقایی و توخمێکی زوانییە، کە لە خوێندنەوە و (لەحن)دا دەبێتە (هێشووە دەنگ)، چڕی شەپۆلە دەنگەکان جیاوازی (بزوێنە کورت و درێژ)ەکان لە پێکهاتەی بڕگە و مۆرفێم و واژەدا دەشارێ و گوێمان هەست بە ئالۆزی مۆسیقا ناکات و ئیتر پێویست بە دیاردەی عەرووز، یان هەر چەشنە قاوغ و قالبێکی دەرەکی ناکات. من ئەم توخمە زوانییەم لە پێکهاتەی مۆسیقای شیعردا بە (نەغمە، یان کرکە) نێودێر کردووە. پاش چەند هەزار ساڵ هێشتا ئەم ڕەوتە خاوەن مۆسیقایەکی نەگۆڕە و بزاوتەی جەوهەری خۆبەتی و پێویستی بە قاوغ و قالبی تەفعیلەی عەرەبی نەبووە و نییە و هەر هەمان کێشی سروشتی و خۆماڵی کوردەوارییە و گۆرانیش بەناچار پەنا دەباتەوە بەر ئەم ئۆخژنە مۆسیقایە خۆرسکە کە لەگەڵ زمان و ژیان و ژیار و سروشتی کوردستاندا تەبا و گونجاوە. شیعری هەورامی تا نەخوێنرێتەوە، پتانسیەلەکانی (هێزە شاراوەکانی) دەرناکەون بۆیە هەمیشە وتوویانە شیعری (مەلحوون) کە هەڵێنجراوی شیعری فۆلکلۆرییە و لەهەناوی جەماوەر و سروشتدا لە دایک بووە و ڕسکاوە و ماوەتەوە و دەمێنێتەوە. بەڕای من ئەم ئەلف و بێ عەرەبییە کە ئێستا نوسیاری پێدەکرێ بەو دەنگانەوە ناتوانێ، توانستەکانی زوانی هەورامی لە خۆیدا پیشان بدات، بەڵکو هەندێکی زۆر لەم قابلییەتە زوانییانە لە بنووسدا زەوت دەکرێ، دەنگە بزۆزەکان تەنیا لەخوێندنەوەدا هەست دەکرێن.

کەوابوو ئەگەر (دەر و دار، خەو و خاو، مەس و ماس و...) لە زنجیرەی دێردا بکەونە بەرانبەر یەک لەسەر ئەم شەپۆلە دەنگانە و پرەنسیپی چڕی دەنگ و لێدانی پێوەری شەپۆلی (زەنگ)ی یەکسان بۆ هەردوو بزوێن (a-a) لەیەک کاتدا، هەست بە جیاوازی دەنگ و مۆسیقا و کێشاندنێ لە شیعری بڕگەییدا ناکرێت. ئەم حاڵەتە بۆ بزوێنەکانی تری (I , e) و (u , o) دەبینرێ. تەنانەت لە بزوێنە دوو لانەکانیشدا (مصوت های مرکب، Diphtong) ئەم چڕە دەنگییە و ئەم گوشراوەییە دەبیسترا، ئەگەرچی بەڕواڵەت دوو بزوێنن، لە یاسای داسەپاوی عەرووزدا، دەبێ بە دوو (بڕگەی درێژ و کورت) لەکێشانەی شیعردا، بەڵام لە سیستەمی بڕگەیی شیعری هەورامیدا (یان لە لەحنی گۆرانی و سیاوچەمانەدا) دەبن بە هێشوەدەنگ، خاوەنی پرەنسیپی کرکە (Intensite).

## سەرهەڵدانی پێناسەی ئەم ڕەوتە زوانییە

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە زوانەوانییە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە. لەم بارەیەوە ئەم نووسەرانە پێش ئاهەنگن:

ئێلێکساندر خۆدزکۆ: A. chodz ko

چارل زالێمەن: carl salemann

ژۆکۆفسکی: V. shukvski

(ئانتوان مییە) کە باسمان لێوە کرد.

(ڕۆبێرتۆ گوتیۆ)، ژێردەستی ئانتوان مییە بوو بە پەرەپێدەری بۆچوونەکانی ئەو زوانەوانە.(١١) دوا بەدوای ئەو گۆڕانکارییانە کە لەژێر کاردانەوەی زوانی یۆنانیدا، زمانە کۆنە هیندوئەورووپاییەکان رووبەڕووبوونەوە، پێشتر کە باسمان لێوە کردو ناسرا بوون بە (زوانە چەندییەکان) و ئاهەنگ و کێشانەی دەنگ لە بزوێنی کورت و درێژ و هاتنە دی بڕگەی کورت و درێژ، بەشێوەی یەکسان لە دو دێردا، لە بەستێنی مۆسیقایی ئەم زوانگەلەدا گۆڕانکاری هاتە دی. پاش شالاوگەرییەکەی ئەسکەندەر بۆ سەر وڵاتان بە تایبەت ئێران، بڵاوبوونەوە و تەشەنەی فەرهەنگ و زوانی یۆنانی لەم وڵاتانەدا ، دامەزراندنی ناوەندییە فەرهەنگییەکان، باری ئەکتیڤی زوانەوانی کێشرایە نێو فازێکی ترەوە. لەم تۆکارە زوانەوانییەدا کە (بێنڤێنیست) و زوانەوانی فەرانسەوی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێکهاتە زوانە ئێرانییەکان (پەهلەوی ئەشکانی و ساسانی) بەتایبەت ڕوانگەی خێرایی دەنگ (کرکە) لە زاراوە کوردییەکاندا گێڕا. بەشێوەی تایبەتیتریش لە بارەی زوانی هەورامییەوە ئەم پەیلوایە بوو بەهۆی ئاڵقەیەکی توند و تۆڵی نێوان ئەم دوو زوانە ئەویش پێوەندییەکی ئەندامی و توخمی بەناو (تەکیە) دۆزییەوە کە داننانێک بوو بە پەیلواکانی زمانەوانی تر کە باسمان لێوە کردن بە تایبەت (ئانتوان مییە).

سەرچاوەی ئەم تۆکارییە، کە لەلایەن (بێنڤێنیست)ەوە هاتە ئەنجام، وتارێک بوو لە بارەی (درەختی ئاسووریک)ی پەهلەوی ئەشکانی کە پێی وابوو

لەسەردەمی ساسانیەکاندا لەلایەن بنووسان (کاتبان)ی ئەم دەقەوە، ئالوگۆڕێک بەدی هاتووە، کە پاش ساغکردنەوەی توخمە ڕەسەنەکان و پەی بە ڕێسای هۆنراوە بوونی (منظوم) ئەم دەقە؛ هەڵیکوتایە سەر توخمی چڕی و خێرایی دەنگەکان (کرکە، شدت صوت) و پێناسە و کەشفی ئەم ڕێسا زوانییە، ئاکامی توێژینەوەکەی بوو بە وتارێکی زوانەوانی و لە ڕۆژنامەی (ئاسیایی)دا بە چاپی گەیاند. هەروەها لە بارەی شرۆڤەی (ئەیاتکاری زەریران) دەقێکی پالەوی ئەشکانی، پێی وابوو پێوەندییەکی ئەندامی و ڕەچەڵەکی نێوان ئەم دوو دەقە پالەوییە و شیعرە فۆلکلۆرییەکانی زاراوە کوردییەکان بەتایبەت دیالێکتی گۆراندا هەیە. لەم بارەوە دەڵێ:

«سەرجەمی ئەو نموونە شیعرییە فۆلکلۆرییانەی کە یاسای داسەپاوی عەرووزی عەرەبی نەیتوانی کاریگەریان تێ بکات، لەلایەن توێژەوانان لە دەڤەرە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا کۆکراونەتەوە، هەموویان لە ئەدگاری بڕگە پێڕەوی دەکەن و زۆربەیان تەکیەدارن. لە پێکهاتەی دەقە شیعری زاراوە کوردییەکان: (گۆرانی، هەورامانی، خوراسانی کە هەموویان سەر بە زاراوەکانی باکوورن)، چەندێتی بڕگە یەکسانی بڕگە کورت و درێژەکان لە دوو دێری بەرانبەردا.هیچ ڕۆڵێک نابینێ... لە واقیعدا هەموو ئەو کێشانەی کە تا ئێستا لەزوانی پالەویدا دۆزراونەتەوە، هەر لەسەر ئەم شێوازە مۆسیقاییە و هەروەها سەرجەمی ئەو زاراوە باکوورییانە (باکووری ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوا) هەر پێڕەوی ئەم یاساگەلەیە. ئەو توخمەی کە دەبێتە پێوەندی ئەندامی و گرێبەستی نێوان یادگاری زەریران و شیعری هیجایی ئەمڕۆی ئێران». (١٢)

لێمان ڕوونە لە ئەدەبی ئەمڕۆی ئێراندا جگە لە گۆران و بن زاراوەکانی ئەم شێوە زمانە بەتایبەتی لە هەورامیدا بە شێوازی بڕگەیی شیعر ناوترێتەوە. ئەڵبەت شیعرە فۆلکلۆرییەکانی دەڤەرەکانی ئێرانی لێ دەر کە. بەپێی ئەم بەڵگە زانستییە زوانەوانییە، دەقە شیعری هەورامی: هۆرمزگان و بێسارانی و مەولەوی و سەیدی و یارسانەکان و تەنانەت ئورامنەکانی بابەتاهیر و... بە تەمەنی چەند هەزار ساڵەی سەرهەڵدانی گاساکانی ئاوێستاوە دەبەسترێتەوە.

بۆ نموونە کێشانی ئەم دێرە لەچامەی «ئەز ئۆرۆمۆن» بە هەردوو شێوازی ئاوازی بڕگە (تەکیە) و ڕێسای عەرووزی دەخوێنینەوە تا جیاوازییە توخمییەکان بە سانایی دەرکەون:

بڕێک پێیان وایە کە فەهلەوییەکانی بابا تاهیر، یان هەر ئورامن بێژێکی تر وەک شێخ سەفی ئەردەبیلی، یان هەر ئەم (لەحن)ە کە سەیدی چەند چامەی لە سەرداناوە، عەرووزین و لەسەر (U---/U---/U--)، کێشانە دەکرێن و ناوی دەنێن (دەریای هەزەجی شەشی قرتاو)، بەڵام بەبڕوای من ئەمانە هۆنراوەگەلێکی کۆنن، کە لەسەر ئاوازی کرکە دانراون و بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێنەوە کە پێیان دەگوترا «فەهلەوی، فەهلەویات»، یان بەقەولی بورهانی قاتع و موعین و تەقی بەهار (ئورامن)(١٣)

**ئەز ئورۆمۆن مەکانم بێ وڵاتم**
**سەروپیری خوای گێرەن خەڵاتم(١٤)**

خوێندنەوەی یەکەم لەسەر ڕێسای عەرووزی:
(مفاعیلن/ مفاعیلن/ مفاعی-فعولن-)

ئە/ زوو/ رۆ/ مۆن/ مە/ کا/ نم/ بێ/ و/ ڵا/ تم
- - U/ - - - U/ - U - U

سە/ روو/ پی/ ری/ خ/ وای/ گێ/ رەن/ خە/ ڵا/ تم
- - U - - - U - - - U

١- بڕگەی (ئەز) کە تەکیەی وا لەسەر، کەرت دەکرێ بە (ئە- زوو، U --) بۆ ئەوەی پایەی مفاعیلن (---U) دروست بێ، بەم شێوەیە داسەپاو، پێوەندی نێوان فۆرمی زوان و دەلالەتی مۆسیقایی و پەیام دەپچڕێ.

٢- بڕگەی (رۆ، U) بەپێی خوێندنەوەی عەرووز، کە لە هەورامیدا، (دوولایەنە، دیفتۆنگ، مرکب)ە- دەبێتە دوو واک و بڕگەی کورت (U) کە ناچار ئیختیاری شاعیرانە وەردەگرێ و دەبێ ببێ بە بڕگەی درێژ (-) تا ببێ بە (U---). هەروەهایش بڕگەی سێیەم لە پێی (مە- کا- نم- بێ).

٣- (خوای گێ رەن): لەسەر ئەژماری پیتە عەرووزییەکان: خ وا گێ رەن (xo way ge ren) دوانزە پیتە (بزوێنی درێژ دوو پیت حساب کراوە). دەبن بە ٥ بڕگە (U - U --) لە کاتێکدا بەرانبەرەکەی پیتی

(U---)ە و چوار بڕگەیە. (وای) بەپێی یاسای عەرووز، بڕگەی کێشراو- کشیدە-یە، دوو بڕگەی درێژ و کورت - U)، بەڵام بەرانبەرەکەی (کا) بڕگەی درێژە (-). دەی ئەم پارادۆکسییە زمانییە چۆن ڕاست بکرێتەوە.

٤- زمان لێرەدا بەو دینامیزمەوە کە لە بەکگراوندیدا هەیە عەمەلەن ئیزولە دەکرێ و وزە و بڕسی لێدەچنرێ. بۆچی؟ بۆ ئەوەی تەنیا لە قاوغی تەسکی بازنەی تەفعیلەی عەرووزدا جێی بێتەوە.

چەشنی دووەم خوێندنەوە لەسەر کێشانەی تەکیە و خێرایی دەنگ (کرکە):

ئەز/ ئوو/ ڕۆ/ مۆن/ مە/ کا/ نم/ بێ/ و / ڵا/ تم

- / - / U/ - / - / - / U / - / - / - / -

سە/ روو/ پی/ ری/ خو/ وای/ گێ/ ڕەن/ خە/ ڵا/ تم

- / - / U / - / - / - / U / - / - / -

(١٥) / U

لێرەدایە لەسەر پرەنسیپی خوێندنەوەی لەحن و پێداگری تەکیە و شاردنەوەی بڕگەی درێژ و کورت؛ دەلالەتی مۆسیقا و نۆرمی زمان و مانا و پەیام،نابن بە قوربانی شپرزەکاری و حیلەی شاعیرانە بۆ چەپاندنە ناو قاڵبێکی دەرەکی، ئەم خوێندنەوە کۆکە لەگەڵ سایکۆلۆژی زمانی دەقەکەی سەیدی. تەکیەکانیش لەسەر بڕگەکان دیاری کراون.

لە شیعرە عەرووزییەکاندا کە هەورامی ڕووتن، یان هەورامی و فارسین و بووەتە بەڵگە بۆ جاڕدەرانی سەیدی دووەم: ئەم ئاڵۆزکارییە و ئەم قەڵسە مۆسیقاییە، زۆرتر بەرچاوە. لێرەدایە ئەگەر لەسەر زمانەکەی سەیدی ڕاژەی ئەدەبی و شیکاری زوانەوانی نەکرابێ؛ سەیدی دەبێ بە دوو کەسێتی.

ئەم نموونە:

**نەک تۆ پەریش دێڤۆنە بی، هەکلێت برە بێگانە بێ**
**تەپەی (شەمەی) پەرڤۆنە بی، پەی تە نە داسۆتارە بە (١٦)**

١- لەسەر چوار کەرەت (- - U -) ڕەجەزی هەشتی تەواو، کێشراوە.

٢- لەم کێشانەدا زۆربەی بڕگەکان دەبێ حیلەی شاعیرانەیان بۆ بدۆزێتەوە تا کۆک بن لەسەر چوار کەرەت (-U--) وەک بڕگەی: (تۆ) دەبێ درێژ کرێت. ڕێش (res) کە چوار پیتە (بزوێنی درێژ دوو پیتە) و هاوسەنگی بڕگەی لێکدراوە (مرکب، -U) کەچی بەرانبەرەکەی بڕگەی درێژە. یان (تە) بڕگەی ئەوەڵی دێری دووەم، یان (ڤۆ) هەر لەو دێرەدا.

٣- درێژ بوونی دێر لە کێشاندنی پایەکان، ناتەبایە لەگەڵ نۆرمی زوانی هەورامی و پرەنسیپێ ڕێسای چڕی توخمی مۆسیقای کرکە.

٤- با چەشنی خوێندنەوە (لەحن)ی ئەم شیعرە بە هەمان پێوەری (--U-) بەراورد دەکرێ لەگەڵ شیعرێکی فارسی، یان عەرەبی، تەنانەت سۆرانیدا، بزانین چەندە ڕۆحی مۆسیقای جەوهەری ئەم دێرە هەورامییە لەگەڵ چەپاندنی (--U-)دا دوورە و ناتەبایە و تەنانەت دژبەرە. لێرەدایە بۆمان دەردەکەوێ سەیدی هەمان تاکە سەیدییەک بووە کە سەراسەر ئەم دیوانەیەی داناوە. ئەمە پارادۆکسێکی زمانییە لەگەڵ زمانی زگماکی کە هەندێ بە هەڵە دەیکەن بە سەیدی دووەم. بێ ئاگایی شاعیر کە لیپان لیپە لەگەڵ خۆئاگای سروشتی زوانەکەیدا لەمیکانیزمی داهێناندا، گۆڕەپانی بۆ نەڕەخساوە کە بیخاتە نێو بازنەی قاوغی دەستکردەوە. هەرچی شیعری هەورامی بە قاوغی عەرووز هۆنیوەتەوە، ئەم شپرزەکاری و بێ دەسەڵاتی و لاوازی تەکنیکی زوانییە دەبینرێ.

فارسی:

**ای رستخیز ناگهان وی رحمت بی منتها**
**ای آتشی افروخته در بیشەی اندیشە ها (١٧)**

سۆرانی:

**لەم لاوە ناڵەی نای و نەی، لەو لاوە خەندەی جامی مەی**
**ئاور لە عالەم بەریدەی، (هذا طریق العاشقین؟)(١٨)**

چوارکەرەت (مستفعلن) تێهەڵکێشی ئەم دێرانە (فارسی و سۆرانی) بکەن و بیانخوێننەوە، بزانن چەندە ئەم دوو زمانە لەچاو هەورامیەکەدا نۆرمەکانی لەگەڵ بازنەدا ڕاهاوتر و کۆکترە هەر بەو ڕێژەیە لەگەڵ چامەکەی سەیدیدا ناکۆکترە. ئەمە هەر ئەو سەیدیەتە لەخولڤاندنی چامە بڕگەییەکانیدا کە زمان: ساکار، ڕەوان، سەمیمی ڕیتمێک و خاوەن بارگەی دەلالی فۆرم و ناوەرۆک.

وەک بەخێرایی ئاماژەم پێکرد دەقەکەی سەیدی لەسەر سێ کێشی جۆراوجۆر، بە سێ زوانی جۆراوجۆر چێ کراوە:

**یەکەم**: بڕگەیی (پەنجە) خۆماڵی، سروشتی، بنەمادار، ژمارەی چامە بڕگەییەکانی (٤٨)ە.
نموونە:

**سەنگی هەواران، سەنگی هەواران**
**سەنگی سیارەنگ، کۆنە هەواران**
**جای بەزمی ڕەندان، نیشانگەی یاران**
**تەختی خاڵ خاڵان، نازک نازاران**
**جەزەڵ مەزانوو سوفیدسەنگەنی**
**ئیسە سەبەب چێش، سیا ڕەنگەنی؟**
**کۆن عەیش و نیشات، نەو وەهارانت؟**
**کۆن ئاهووی ڕەندان، پۆل نازارانت؟**
**سەرخار چون تو کوی عەنبەر پۆشان بێ**
**دایم ئامەشۆ، وەلای تۆشان بێ**
**ئیسە جای ئەوان، چۆڵەن وێرانی**
**ئەحواڵی ئەوان، تۆ چێش مەزانی؟...(١٩)**

یان چامەی:
**ئەرێ ڕەندەکەم...** (دیوانی سەیدی)
**تایبەتمەندییەکان:**
١- ساکاری ڕوخسار و واتا.
٢- پێداگری و میراتبەری و پاراستنی پرەنسیپی (کرکە، نەغمە) لە سیستەمی تەکیە و خێرایی دەنگ (ڕیتم، نە ڕێسای داسەپاو) لەشێوازی بڕگەیی و وەفاداری بە ڕێچکە ئەدەبییەکانی هۆرمزگان، باباتاهیر، یارسان، بێسارانی و مەولەوی.
٣- جەخت لەسەر فۆرمی مەسنەوی کە فۆرمێکی ڕەها و ئازادە بۆ شاعیران.
٤- کۆک بوون لەگەڵ نۆرمەکانی زوانی هەورامی کە زمانی زگماکی و دایکی سەیدییە.
٥- قووڵ بوونەوە لەسەر دیاردەی سروشت و خولقاندنی وێنەگەلی خۆماڵی و بەشتکردنیان.
٦- ڕیتۆریک (ڕەوانبێژی)ی زوانی ساکار و پاراو بەشێوەی دیالۆگ.
٧- بەرجەستەکردنی سەروا بۆ بەیانی بارگەی دەلالی پەیام و دووپاتکردنەوەی دوو نێودێری یەکسان لە دێری یەکەمی چامەکە بۆ بایەخدان بەو وێنە و بیرئانینی پەیام (٢٠).

**دووەم فەهلەوی (ئۆرامن)**: ژمارەیان، چوار چامەیە:
نموونە:
**ئەز و خەم پێوە گرتە نما برایی**
**نە خەم چێمە، نە من چادیم جیایی**
**گەداو شا چوون یەکا پەی باسوو ئەشکی**
**(بەڕ و بەحرش) یۆڤۆ لەنگیر و لایی...(٢١)**

١- ئورامن، پێشتر ئاماژەمان کرد کە چەشنێک مۆسیقای شیعری پێش ئیسلامە کە تایبەت بووە بە پارتەکان (هەورامی پاژێکە لەم زوانە) کە لەسەر جەوهەری هێشووە دەنگ و خێرای دەنگ دانراوە و دەبێتە باکگراوند بۆ سەرهەڵدانی شیعری هەورامی.
٢- ئەم ڕەوتە زۆر کۆنترە لە زانستی کێشناسی عەرووزی. پاش ئیسلام زانا عەرووزییەکان بەدەست تێوەردان، ویستوویانە عەرووزاندنی بکەن «بڕوانە پەراوێزی ژمارە: (٢٣)ی ئەم وتارە»، تەفعیلەی (مفاعیلن)یان بۆ پێوانە کرد و ناویان نا هەزەجی شەشی قرتاو.
٣- ئەم فۆرمە (مەلحون)یشان پێ وتووە، چونکە لەسەر جەوهەرەی فۆلکلۆر و فەرهەنگی دەمگۆ (شەفاهی) جەماوەر وتراوەتەوە. دەبێ دوور بێ لە یاسای چەپاندنی ئەختیاری شاعیرانە، دەبێ بخوێنێتەوە تا چڕی شەپۆلە مۆسیقاکەی دەرکەوێ.
٤- بابا تایەر پاش ئیسلام بە دیالێکتیکی گۆران، هەر لەسەر ئەو ئەدگارە ئەدەبییە دوو بەیتییەکانی داناوە و پاشان شێخ سەفی و پاشتریش کەسانێ وەک سەیدی درێژەدەری ئەم شێوازە بوون.
**سێیەم: عەرووزی:**
جگە لە فارسی و فارسی- عەرەبییەکان کە جێگای باسی ئەو وتارە نین، ژمارەی تێهەڵکێشی هەورامی- فارسییەکان و هەورامی ڕووت، سەرجەم ١٨ چامەیە کە پێشتر باسمان لەسەر تایبەتمەندییەکانی کرد:
هەورامی- فارسییەکان: ١١ چامە بەزمانی کۆن کە:
**نۆیان**: دەریای هەزەجی شەشی قرتاوە (- - -/U - - U - - -/U)
**یەکیان**: دەریای ڕەمەلی شەشی قرتاوە (- - /- U - - U - -/- U)
**یەکیان**: بەحری ڕەجەزی هەشتی تەواوە (- / - - U- - - U- /- - U- / - - U)
نموونە:

**ئاڤوردەنم زۆمێو نیۆن مێشەم دەروون کزێم گیۆن**
**یاران کجا مرهم کنم زخم نهان المستغاث**

**هەورامییەکان:** بەزمانی کۆن وتراون. شەش چامەیە:

**پێنجیان:** بەحری ڕەجەزی هەشتی تەواوە (- - U -، چوارکەڕەت)

**یەکـیـان:** دەریای هەزەجی هەشـتی تەواو (U - - -، چوار جار)

نموونە:

**ئاشکبەرێ، شێوە وەشۆ، شەرتێو زەریفت یارەبە**
**تە ئا بەینە بینی چەنیش، یەک شەرت و یەک ئێقرارە بە...(٢٢)**

**هەورامی- عـەرەبی:** چامـەیەکی دوو بەیتـیـیـە: کـە زمانی هەورامییەکانی کۆنە.

**لەسەر کـێشی:** ڕەمـەڵی شـەشی قـرتاوە (- - /- U - - U -/ - - U)

**ئەر سەراسەر زێڵوو من گێلیش پۆنە**
**غیرحبک في فؤادي لیس شيء**
**شیخ و پیر، مەلا و میر، گرد عاشقۆ**
**ما علیهم لومة الا علي**

### پوختەی باسەکە

١- ئەم مـیراتە (دیاردەی عـەرووز) لە هەمبەر ڕەوتی کرکە و بزاڤی خێرایی دەنگ، بەجێماو لە نەریتی شیعری عـەرەبییـە و کـاربەخـشی لەسـەر پانتـایی جـوگـرافی ئیسلامیدا داناوە و شیعری کوردیش بەتەواو لقەکانیەوە لەم کاربەخشییە بێ بەش نەبووە. کەچی لەگەڵ پرۆسەی ڕیتمی جەوهەری مۆسیقایی زوانەکەمان ناتەبایە و لە ئەفـراندندا دیمان شـاعـیـر، ناچار تووشی ئالۆسکاوی و تەتە پەتەی زوانی دەبێ و تەنانەت دەبێتـە مـایەی سـەر لێشێواوی بۆ خوێنەر و هەڵێنجاندنی دەرکی ئاوەژوو لە کەسێتی و هەناسەکانی شاعیر.

٢- سەیدی لە وتنەوەی هەندێ لە شیعرەکانیدا لەژێر کاردانەوەی باباتاهیردا بووە، بۆیە لە هەندێ چامەدا، لە هەندێ واژە و دەستەواژە و توخمی ئارکائیک (زمان بە کۆنکردن) کەڵکی وەرگرتووە. بابایش لەسەدەی چواری کۆچیدا، خۆی یەکێکە لەکۆڵەگەکانی قوتابخانەی ئەدەبی یارسـان و پەرەپێدەری ئەدگـاری ئەدەبی هۆرمـزگـان و مۆسیقای ڕەوتی تەکیە و خێرایی دەنگ کە لە گاتاکان و درەخـتـی ئاسـووریک دەسـتـی پێکردبوو، ئەڵبـەت ئەو شیعرانەی ئێستا لە دیوانەکەی بابادا هەن، لەگەڵ دەقە ڕەسـەنەکـانیـدا جیـاوازییـەکی ئەوتۆیان هەیە کە زادەی دەستـێوەردانی بە فـارسیکردنی ئەم دەقانەیە(٢٣). لە ڕۆژئاوا و باکـووری ڕۆژئاوای ئێـران بە تایبـەت لە کوردستان، ئێستاش لە فۆرماسیۆنی (تان و پۆ) شیعرە فۆلکلۆرییەکاندا ئەم شێوە مۆسیقاییە دەبینرێ.

٣- توخمی مـۆسـیـقـایی (کـرکـە)ی هەورامی لـەگـەڵ فۆرمی درێژدا ناتەبایە؛ شیعری فارسی و عەرەبی شیعری پیـاهەڵدان و مـەنقـەبە و مـەلحـەمـە بووە، کـە واتە بۆ زێدەڕۆیی وەسف و پیـاهەڵدان، دەلالەتی مـۆسـیـقـایی شیـعرەکـەشیـان بە چەشنی درێژ چێ دەکرد، بۆیە چامە شیـعرییەکـان هەم لەم کـێشدا درێژن و هەم لە فـۆرمدا. واتە بەپێی وەسف و ڕادەی ملکەچی و خزمـەتگوزاری، درێژدادری بۆ مـــەمـــدووح بە دوویدا دەهات، بەڵام سیـسـتـەمی ڕیتـمی (دە بڕگە و ئورامن)، شیـعـرێکی نۆرمـاڵ و مـام ناوەندییـە بۆ بڕینەوەی چرکـەسـاتەکـانی ژیانی پڕ جـموجووڵ و ئەکـتیـڤی جەمـاوەری هەورامـان و دیاردەی سروشت و بەیانی هەستە ناخەکییەکانی پانتایی لیـریکای هەورامی و بەشـتکردنیـان بەکـاردەبرێ، بۆیە پێویستی بە شەپۆلە مۆسیقای خێرا هەیە.

٤- سەیدی شاعیرێکی سەربەخۆ و گۆشکراوی داوێنی سروشـتی هەورامـانە و مـۆتیـڤە شیـعرییـەکـانی لەسـەر ڕیالیـزەکـردنی دیاردە سروشـتییـەکـان دانراون؛ گـونجـاو لەگـەڵ واقیـعی زمانەکـەی، لە خزمـەتی جوگـرافیـای دیاریکراوی سەردەمی خۆیدا، یەکیەتی ڕیتم و یەکبوونی بابەتی لە پێکهاتەی زوانەکـەی لە چامە بڕگـەییەکـانیدا پاراسـتووە، بەڵام لە هەر شوێنێکدا ویستـبێتی لەسـەر زاڵی مـۆسیـقـای عـەرووزی شیـعر دانێ، ئاوا زوانەکـەی ئالۆسکاو و ناکۆک هاتووەتە سەر دیمەنی هەبوون.

٥- وێڕای جـیـاوازی نێـوان زوانی کـوردی (بە تەواو لقەکانییەوە) لەگەڵ زوانی فارسی و عەرەبی (کە لە زۆر بابەتدا وتمان کە زوانی فـارسی و عـەرەبیش ناتـەبان) لە جــەوهەردا، هەورامی و ســۆرانیـش بە ڕێژەی یـەک لە هەندێ سیـسـتـەمی فـۆنۆلۆژیدا، ناتەبان و لەیەک ناچن. هۆکاری ئەم کێشـەیە بۆ تازە سەرهەڵدانی نڤیسـاری ئەم دیالێکتـــە و نەبوونی دەقی نووســـراوە تـەنانـەت لە ڕابردووی نەچەندان دووردا و کـــاردانەوەی زوانی زاڵی

عەرەبی و فارسی لەسەر ئەم ڕەوتە شیعرییەدا. «دەقی نووسراو لە قوتابخانەی سێ کۆچکەی بابان (نالی، سالم و کوردی) بەم لاوە لەسەر پێڕەوی ئەدگاری عەرووزی عەرەبی، دەستی پێکرد و تەنیا هۆنراوەیان ڕیزکردووە، وێڕای ئاوڕدانەوە لە قوتابخانەی عەرەبی، ویستوویانە وەک: مەولەوی ڕۆمی، حافز، سائیب، کەلیم و... شیعر بلێنەوە». (٢٤) لەم دیالێکتەدا تەنیا گۆران هەستی بەم ئالۆزییە کرد بە ناچاری پەنای بردە قوتابخانەی «هۆرمزگان» و شۆڕشێکی مۆسیقایی لەم ڕەوتە شیعرییەدا بەرپاکرد.

**ژێدەر و سەرچاوە:**

**١- کاردۆخی محمدامین، پێشەکی دیوانەکەی سەیدی.**

**٢- مەنسووری خالید، گۆڤاری ئاوێنە، ژ: ٣٢/٣٣، ساڵی١٣٧٦.**

**٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٥- ڕۆحانی بابامەردۆخ، تاریخ مەشاهیر کورد، ل١٤٧ و...**

**٦- مەحموودپوور ڕەوف، سروە، ژ(٢٤٨/٢٤٧)، اسفند و بهمن ١٣٨٥.**

**٧- کاردۆخی محمدامین، پێشەکی دیوانەکەی سەیدی.**

**٨- ناتل خانلری. د.پ، وزن شعر فارسی، انتشارات بنیادفرهنگ ایران، ١٣٥٤.**

**٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**١٠- ناتل خانلری. د.پ، تاریخ زبان فارسی، ج١،**

**١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**١٣- بڕواننە فەرهەنگ گەلی بورهانی قاتیع، موعین، و سبک شناسی تەقی بەهار.**

**١٤- سەیدی، دیوان، ل١٣.**

**١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**١٧- کدکنی شفیعی، گزیدە غزلیات شمس.**

**١٨- وەفایی، دیوان.**

**١٩- سەیدی، دیوان، ل١٢٢.**

**٢٠- محمدپوور عادڵ، سروە، ژ: خانەبەندییەک بۆ شیعری هەورامی.**

**٢١- سەیدی، دیوان، ل٢٠.**

**٢٢- هەمان سەرچاوەی، ل٢٣.**

**٢٣- بۆ ئەوەی جەخت بکرێتە سەر ڕەسەنایەتی و ناعەرووزی بوونی ئەم ڕەوتە شیعرییە و دەست تێوەردانی شیعری مەلحوونی فەهلەوی (ئورامن) لەلایەن عەرووزوانانەوە، ئاماژە دەکەین بە بەڵگەیەکی زانستی لەلایەن د. مێهردادی بەهار، زمانەوان و ئوستوورەناسی تورکمەی ئێرانی لە کتێبی: جستاری چند در فرهنگ ایران، ل٢٧٩- ٢٦٧.**

**دەڵێ: «ڕەحمەتی مجتبی مینوی لە ژمارەی دووەمی ساڵی چوارەمی گۆڤاری ئەدەبیاتی زانکۆی تاراندا ٢٥ بەیت لە شیعرەکانی بابە تاهیر چاپ کرابوو کە بریتی بوون لە دوو پارچە سێ بەیتی و شەش بەیتی و هەشت دووبەیتی. لە ئەم چەند شیعرەدا، جگە لە دوو دووبەیتی ئەویش بە جیاوازییەکی ئەوتۆوە، لەناو دیوانەکەی باباتاهیردا نین، بەڵام ئەم شیعرانە بە ژمارەی ٢٥٤٦ لە مۆزەخانەی قونیەدا بە ژمارەی ٨٤٨ تۆمار کراون.**

**بەراوردکاری ئەم شیعرانە و ئەوانەی لە دیوانەکەی بابادا هەن، دەردەکەوێ جیاوازی زەمین تا عاسمانە. هەرچەند لەم دەقە ڕەسەنانە نموونەیان نییە لە هەوێڵدا، بەڵام بەتوێژینەوەیەکی تەنانەت مامناوەندی زوانەوانی دەردەکەوێ کە سەرجەمی دیوانەکەی باباتاهیر کە گوایە هی ئەوە، ئاڵۆزە و گومانارییە. بەدەسەوە بوونی ئەم نموونە شیعرییە ڕەسەنانە، ئێمە توێژەران یاری دەدات کە دیوانەکەی بابا لەسەر پێوەرە زوانییە ئێرانییەکانی ڕۆژئاوای ئێران (کوردی)، بەتایبەتی زوانی پاڵەوانی و یاسای گۆڕانکاری لەم زوانانەدا و بەچاوکردن لە دەقە نووسراوەکانی دەورەی ئیسلامی ڕۆژئاوا- باکووری ڕۆژئاوای ئێران یانێ کوردی، بەراوردکاری بکەین، تا ئەم دیوانە لە بەندی دەست تێوەردانی بە ئەنقەست و ئاشکرای هەندێ کە تەنیا مەبەستیان بە فارسی کردنی ئەم دیوانە بووە، ڕزگار بکرێ، کە ئەم گۆڕەپانەش سوارەی چاکی ئەوێ.**

**٢٤- بیمار عبدالرزاق، گۆڤاری ئایندە، ژ(١٥).**

**٢٥- بەهار د. مێهرداد، جستاری چندی درتاریخ ایران، ل٢٧٩/٢٦٧.**

# سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی

مارف خەزنەدار

## پێشەکی

«سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی» ناوی کتێبێکە لە دوو بەرگدا کوردستان موکریانی سەرپەرشتی کردووە و مەحموود زامدار هێناویەتییە سەر ڕێنووسی نوێی کوردی و عەبدوڵڵا زەنگنە و فەخرەدین ئامێدیان پێداچوونەتەوە و دەزگای ئاراس لە هەولێر لە ساڵی ۲۰۰۷ چاپی کردووە و بڵاوی کردووەتەوە.

کتێبەکە لە سێ بەش پێک هاتووە:

۱- دەسپێک لەلایەن بەدران ئەحمەد حەبیبەوە نووسراوە (ل٥-٧).

۲- پێشەکی کوردستان موکریانی نووسیویەتی (ل٩-٤٨).

۳- تەواوی بەرهەمی حوسێن حوزنی لە هەردوو بەرگدا چاپ کراوە. واتە کتێبەکە بە هەردوو بەرگییەوە بریتییە لە سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی تەنیا نزیکەی (٥٠ل) نەبێ بەناوی دەسپێک و پێشەکی بڵاوکراونەتەوە. دیارە سەرجەمی بەرهەمەکە تەنیا کارەکانی حوسێن حوزنییە لە مەیدانی مێژوودا. کارە ئەدەبییەکانی پشت گوێ خراون. مەبەستی بنچینەیی من لەم وتارەدا سەرجەمی بەرهەمەکە و دەسپێکەکە نییە، بەڵکو تەنیا پێشەکییەکەیە.

دەزگای ئاراس کارێکی باشی کردووە سەرجەمی بەرهەمی حوزنی بە ئیملای نوێی کوردی چاپ کردووەتەوە، چونکە ئەم بەرهەمانە دەگمەنن، بەزەحمەت دەست دەکەون، زۆربەیان نەک هەموویان لەماڵی خزمانی حوزنی و ماڵی ئێمە باوەڕ ناکەم لای کەسی دیکە پارێزراوبن. جگە لەوەی ئەم بەرهەمانە لەکاتی خۆیدا کەمیان لێ چاپ کرابوون، هەندێکیان لەسەر کاغەزی کا چاپ کرابوون و زوو لەناوچوون، هی دیکەیان لەکارەساتە

زۆرەکانی کوردستاندا فەوتابوون. سەرەڕای ئەوەی هەڵەی چاپیان زۆر تێکەوتبوو، لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە، بە ئیملای کۆن تۆمار کرابوون. منداڵانی نەوەی کوردی ئێستا ئاشنای ئەم ئیملا کۆنە نین، لەبەر ئەوە ئەم بەرهەمانە لەناو سامانی نەتەوەیی وەکو دەستنووسیان لێ هاتبوو، بۆیە دەزگای ئاراس چاکی کرد ئەم بەرهەمانەی لەمردن ڕزگار کرد.

وەک لەسەرەوە گوتم مەبەستی من پێشەکییەکەیە، ئەوەی وای بۆ دەچم لەگەڵ ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی حوزنی ڕێک ناکەون، چونکە ئەوەی حوزنی هەر چۆنێ بێ، بوو بەکلاسیک، لەکاتی خۆیدا کاریگەری چەند بوو وەک سەرچاوە! ئێستا بەچی چاوێک تەماشا دەکرێ! بیروڕاو بۆچوونێکە ئەگەر ڕەشبینی و گەشبینیشی تێدا بێ، ڕێگە لەو ڕاستییە ناگرێ کە دەگوترێ بووە بە بەشێک لە سامانی نەتەوەیی کورد.

بەڵێ! ئەو پێشەکییە لەگەڵ ناوەڕۆکی بەرهەمەکان ناگونجێ، چونکە ئەم بەرهەمانە بە قەڵەمی حوزنی نووسراونەتەوە، دەبوو پێشەکییەکە بریتی بێ لەناساندنی دانەری بەرهەمەکان بەخوێنەر و خوێندەواری کورد، ئینجا بەدرێژی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بەشی بەرهەمەکان بێ. ڕاستە لەپێشەکییەکەدا باس لە ژیانی حوزنی کراوە، بەڵام لەم لایەنەوە پێڕەوی بەرنامەی زانستی نەکراوە. نیوسەدە زیاترە هەندێ هەواڵی نادروست و دوور لە ڕاستی لەمەڕ حوزنییەوە کەوتوونەتە ناوەوە و تا ڕۆژی ئەمڕۆ دووبارە و سێ بارە دەکرێنەوە.




من خۆم لەم لایەنەوە بەشداریم کردووە، بەڵام کەس گوێی لێ نەگرتووم.

ئێستاش هەوڵ دەدەم هەندێک هەواڵی دوور لە ڕاستی ڕاست بکەمەوە لەوانەی زیان بەخودی حوزنی دەگەیەنن پێش ئەوەی ببنە هۆی ئاژاوەنانەوە لەناو مێژووی ڕۆشنبیری و کولتووری میللەتی کورد.

بۆ ئەم مەبەستە من خۆم لە خزمەکانی حوزنی بەشارەزاتر دەزانم لە بابەت کەسایەتی زانستی و ئەدەبی ئەم ڕۆشنبیرەوە، بۆیە هەموو ئەو سەرچاوانەی باسیان لە حوزنی کردووە لە ڕووی ڕاستی زانیارییەکانیانەوە ناتوانن خۆیان لە قەرەی ئەو دە لاپەڕەیە بدەن کە لە مێژووی ئەدەبی کوردی لە بابەت حوزنییەوە نووسیومەتەوە(١)

لەژیان و بەسەرهاتی حوزنی و هەموو ئەو شاعیر و نووسەرانەی بەشی تایبەتیم بۆیان تەرخان کردووە، هەر شتێکی گومانم تێیدا هەبووبێ، پشت گوێم خستووە، لەبەر ئەوە شارەزایانی ئەدەبی کوردی ئەگەر ئەوەی من بخوێننەوە، بۆیان دەردەکەوێ گەلێ ڕووداوی زەق لەناو خوێندەواراندا بڵاوە لەبابەت ئەوکەسانەوە کەچی من بەلایاندا نەچووم. بۆ بەڵگە خوێندەواری کورد نییە گوێی گۆش نەکرا بێ بەوەی حاجی تۆفیقی (پیرەمێرد) خاوەنی کۆواری «ڕسملی کتاب»ی ئەستەموڵ بووە، کەچی لەدوور و نزیکەوە پیرەمێرد پێوەندی بەکۆوارەکەوە نەبووە، هیچی بۆ نەنووسیوە و لێیەوە نزیک نەبووە(٢)

## زانیاری من لەبابەت حوزنییەوە

ئەوەی بە ڕاستم زانیوە و لە مێژووی ئەدەبی کوردی لەبابەت حوزنییەوە نووسیومە بە کورتی لەم سەرە قەڵەمانەدا تۆماریان دەکەم بۆ ئەوەی ئاسانتر بێ بۆ خوێنەری ئەم وتارە ئەوەی لە دواییدا ئەگەر ئارەزووی کرد بەراورد لەنێوان بۆچوونەکانی من و زانیارییەکانی کوردستان موکریانی بکا.

١- حوسێن حوزنی لە ساڵی ١٨٩٣ لە گوندی (نیچکە) لە نزیک ئاوایی بوغدەکەندی سەر بە شاری بۆکانی ناوچەی موکریان لەدایک بووە.

٢- منداڵ بووە باوکی مردووە و دایکی شووی کردۆتەوە، هەر لەو تەمەنەدا فێری خوێندن و نووسین بووە.

٣- بەهۆی بێکەسییەوە لانە و داڵدەی نەبووە، لە هەردوو دیوی کوردستان سووڕاوەتەوە، قاجاری و پەهلەوی ئێران و دیوی عوسمانی تورک لە ئەستەموڵ و

ئەنادۆل.
٤- لەدوای جەنگی یەکەمی گیتی لە حەلەب نیشتۆتەوە، لەوێ خەریکی مۆرهەڵکەنی بووە و وەک کرێکار لەچاپخانەی (العصر الجدید) کاری کردووە، تا ساڵی ١٩٢٥ لە حەلەب لەو چاپخانەیە بووە و بۆ یەکەمین جار نووسینی بەکوردی کتێبی «غونچەی بەهارستان» بووە و لەو چاپخانەیەدا چاپ کراوە.
٥- لەساڵی ١٩٢٦ لەڕواندز نیشتەجێ بووە تا ساڵی ١٩٣٤.
٦- لە حوزەیرانی ١٩٣٤ تا ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم لە سلێمانی بووە، لەماوەی ئەو چوار مانگەدا لەگەڵ پیرەمێرد خەریکی دەرهێنانی ڕۆژنامەی «ژیان» بووە. لەپاشاندا ناخۆشی کەوتۆتە نێوان پیرەمێرد و حوزنی ئیتر ناچار بووە سلێمانی بەجێ بهێڵێ.
٧- لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥- ١٩٣٦ کۆواری «ڕووناکی» لەهەولێر دەرکردووە.
٨- لەساڵی ١٩٤٣ حوزنی نووسەر (محرر) و وەرگێڕ بووە لە کۆواری «دەنگی گێتی تازە» کە بەشی پێوەندی بالیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا بڵاوی دەکردەوە، ئەم کۆوارە بەتۆفیق وەهبی سپێردرا بوو تا دوای جەنگ مایەوە. لە ساڵی ١٩٤٥ بالیۆزخانە کۆوارەکەی داخست، بەڵام ئیمتیازەکەی مایەوە، حوزنی بوو بەمودیری ئیدارە و کارگێڕی تا ساڵی ١٩٤٧ و کۆچی دوایی کرد(٣)
من ئێستاو ئەوساش حوزنی بەکوردی زان و نووسەری پەخشانی جوانی کوردی و شاعیر و هونەرمەندی مۆرهەڵکەن و ڕۆژنامەنووس دەزانم زیاتر لەوەی بەمێژوونووس، ئەگەرچی لەم مەیدانەدا بەرهەمی کەم نییە، لەبەر ئەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردی لەژێر ئەم ناوانەوە باسم لە حوسێن حوزنی کردووە: حوزنی هونەرمەند، ڕۆژنامەنووس، نووسەر و شاعیر، نموونەی پەخشان و شیعریم هێناوەتەوە، ئینجا ناوم وەک مێژوونووس لە مەیدانی کولتووری کوردیدا بردووە.

## زانیاری لە پێشەکی کتێبەکەدا

لەم ماوەیەدا هەندێ لایەنی پێشەکییەکەی کتێبی «سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی» ورد دەکەمەوە و بیروڕای خۆم بەرانبەریان دەردەبڕم.
١- لەپێشەکییەکەدا دەڵێ حوزنی لەساڵی ١٨٩٠(؟) لەمەهاباد هاتۆتە دنیا.
من لەسەر ئەو باوەڕەم حوزنی لە ساڵی ١٨٩٣ لە گوندی (نیچکە) لە نزیک ئاوایی بوغدە کەندی سەر بە شاری بۆکانی ناوچەی موکریان لەدایک بووە. ئەو زانیارییەی من لە ئەنجامی پێوەندی دوور و درێژمەوەیە لەگەڵ خوێندەوار و شارەزایانی کوردی کوردستانی ئێران بەتایبەتی هێمن و هەژار، جگە لەوەی جێگە و ڕێگەی بزووتنەوەی حوزنیم بەسەر کردۆتەوە لەگەشتەکانم بۆ ئەو جێیانەی پێوەندییان بەحوزنییەوە هەیە. جگە لەوە پێشەکی نووس خۆی ساڵی لەدایک بوونی حوزنی بەم جۆرە نووسیوە «١٨٩٠(؟)» واتە گومانی لەڕاستی ئەو ساڵەدا هەیە.
بەهەرحاڵ ئەم دوو بیروڕا جیاوازە بەرانبەر بە مەسەلەیەک بۆ ئەم گفتوگۆیە بەلای منەوە ئەوەندە گرنگ نییە، لەگەڵ ئەوەی بە هەموو جۆرێک دەبێ یەکێکیان ڕاست بێ.
٢- پێشەکی نووس دەڵێ: لەساڵی ١٩٠٤ ماوەیەک لە یەریڤان ماوەتەوە، لەپاشان بووە بە مامۆستای کورەکانی شەمسەددینۆڤ(٤).
بەپێی ئەم بۆچوونە تەمەنی حوزنی (١٤) ساڵ بووە، بەپێی بۆچوونی من (١١) ساڵ بووە کە لە مەهابادەوە چووە بۆ یەریڤان. ئایا ئەوە ڕاستە لەم تەمەنی منداڵییەدا- با ئەوکەسە هەتیوێکی دەربەدەری بێ دایک و باوک بێ- بگاتە شارێکی وەکو یەریڤان! خۆ ئەگەر ئەمە تاڕادەیەک ڕاستیش بێ هیچ لۆژیکێک پەسندی ناکا مێرد منداڵێکی تەمەن ١٤ ساڵی بەپێی بۆچوونی پێشەکی نووس ببێتە مامۆستای منداڵەکانی شەمسەددینۆڤ! ئینجا ئەم منداڵانە ئەگەر پێویستییان بەخوێندن بێ دیارە فێرکردنی زمانی کوردییە، یان فێرکردنی زانستییەکانی دیکەیە بەزمانی کوردی (واتە تەقریر). پێم وایە ئەم منداڵانە پێویستییان بە یەکێکی وەکو حوزنی نابێ، چونکە ئەو هەڵگری دیالێکتی کرمانجی باشووری زمانی کوردییە، کەچی بنەماڵەی شەمسەددینۆڤ و هەموو کوردی ڕووسیا و قەفقاس تا ئێستاش زمانی قسەکردن و نووسینیان کرمانجی باکوورە.
٣- پێشەکی نووس دەڵێ، حوزنی لەساڵی ١٩١٤ چووە بۆ ئەڵمانیا چاپخانەی کڕیوە و لەساڵی ١٩١٥ لەحەلەب دایمەزراندووە، بەمەزندەی ئەو لەوکاتەدا حوزنی تەمەنی ٢٤ ساڵ بووە، بەپێی بۆچوونی من تەمەنی ٢١ ساڵ بووە. ئەمە چەندی بەچەند بەپێی مەنتیق! لەوکاتەدا ئەورووپا هەمووی ئاژاوە بوو، ئەڵمانیا خەریکی داگیرساندنی جەنگ بوو، یان

بەواتایەکی دیکە بەڕاستی دایگیرساندبوو. ماقوولە مێردمندالێکی لەو تەمەنە ڕوو بکاتە ئەڵمانیا! لەپاشان ئەو پارەیەی نرخی چاپخانەکەیە چۆن دەستی کەوتبوو! گریمان ئەگەر ئەمە هەمووی ڕاستیش بێ و لەساڵی ١٩١٥ چاپخانەکەی بردبێتە حەڵەب کە شارێکی عەرەبییە بۆ یەکسەر نەیهێناوەتە هەولێر، یان ڕواندز، لەو سەردەمەدا حەڵەب و ڕواندز و هەولێریش بەشێک بوون لە دەوڵەتی عوسمانی!

ئینجا پێشەکی نووس دەڵێ: «یەکەمین چاپخانە و بەتەمەنترین چاپخانەیە لە کوردستانی باشوور». ئەم قسەیە مەقبوول نییە، چونکە چاپخانەکە لە حەڵەب بووە و ناوی «العصر الجدید» بووە، لەپاشان وشەیەکی بەکوردی چاپ نەکردووە، لەساڵی ١٩٢٥ نەبێ کتێبی «غونچەی بەهارستان»ی پێ چاپ کراوە و هەر ئەوکاتە چاپخانەکە بووە بە موڵکی حوزنی.

یەکەمین چاپخانە ئەوەیە لەدوای جەنگی یەکەمی گێتی و داگیر کردنی ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە و مووسڵ لەلایەن ئەمپریالیستی ئینگلیزەوە ئیلیاسۆن(٥) ماکینەیەکی چاپی کۆنی لەهیندستانەوە هێنایەوە بۆ سلێمانی و گەلێ ڕۆژنامە و بەیان و کتێب و نامیلکەی پێ چاپ کراوە، لەوانە لەساڵی ١٩٢٢ دیوانی مەحوی پێ چاپ کراوە، کەچی لەساڵی ١٩٢٦ حوزنی چاپخانەی لە ڕواندز دامەزراندووە، ساڵێکیش پێش ئەو نووسینی بەزمانی کوردی بڵاوکردووەتەوە کە تەنیا کتێبی «غونچەی بەهارستان»ە لەحەڵەب.

ئەو هەواڵەی دەڵێ حوزنی یەکەمین کەسە یەکەمین چاپخانەی هێناوەتە کوردستان، لەدوای جەنگی دووەم لەپەنجاکانی سەدەی بیستەم کەوتە ناوەوە. ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەیە لەناو قەوارەی ئەو هەرێمەی لەدواییدا ناوی «کوردستانی عیراق» بوو، یەکەمین چاپخانە لەساڵی ١٩١٨ لەسلێمانی دامەزراوە و هەتا ئێستاش سلێمانی بێ چاپخانە و چاپەمەنی نەبووە کە نزیکەی سەدەیەکە. بەم پێیە چاپخانەی زاری کرمانجی حوزنی لەڕواندز کە لە ساڵی ١٩٢٦ دامەزراوە دەبێتە دووەمین، پێویستە ئەوەش بگوترێ کاری ئەم چاپخانەیە پچڕپچڕ بووە تا ساڵی ١٩٥٠ کە لەهەولێر نیشتەجێ بوو بەناوی «چاپخانەی کوردستان» (٦)ەوە.

٤- پێشەکی نووس دەڵێ، لەساڵی ١٩٢٥ حوزنی چاپخانەی هێنایە ڕواندز و لەساڵی ١٩٤٨ەوە تا ئەمڕۆ لە هەولێرە.

ڕاستە چاپخانەکە لەساڵی ١٩٢٥ لەڕواندز دامەزراوە، بەڵام لەساڵی ١٩٢٦ دەستی بە بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی کردووە لەکتێب و نامیلکە و کۆوار، لەو ماوەیەدا گیوی موکریانی یاریدەدەری بووە. لەبارەی گواستنەوەی چاپخانەکە بۆ هەولێر بەناوی «چاپخانەی کوردستان»ەوە لە ساڵی ١٩٤٨ دەستی بەکار نەکردووە، بەڵکو لە ساڵی ١٩٥٠ بەرهەمی چاپ بووە، چونکە حوزنی کە لە ساڵی ١٩٤٧ لەبەغدا کۆچی دوایی کردووە، گیوی موکریانی لەو ساڵەوە خەریکی بەدەست خستنی چاپخانەکە بووە، لەبەرئەوەی ئەوکاتە لە مووسڵ حیجز کرابوو، زیاتر لەدوو ساڵ خەریک بوو، تا دەستی خستەوە و بوو بە موڵکی خۆی. لەدوارۆژانی ساڵی ١٩٤٩ هەر لەناو ستۆدیۆکەی وێنەگرتن هەردوو ماکینە گەورە و بچووکەکەی دامەزراند. من لەنزیکەوە ئاگادارم، هەندێ جار بەوانکەی سپیم لەناو قەدمدا دەبەست و تیپچنیم دەکرد. هەروەها لەو ڕۆژگارانەدا بوو گەلێ جار منی قوتابی قوتابخانەی ناوەندی و شاعیرانی وەکو عەبدوڵڵا گۆران و جەبار ئاغای کانی و ئەدەب دۆستانی دیکە لەوێ کۆدەبووینەوە. ئیتر ئەو چاپخانەیە لە ساڵی ١٩٥٠ کەوتە گەڕ بۆ چاپ کردنی «تیپی شیرینی کوردی» وەکو هەمیشە لەسەرزاری گیوی موکریانی بوو.

کاری نابەجێ ئەوەبوو هەندێ جار گیوی موکریانی هەواڵی ناڕاستی بەنووسین بڵاو دەکردەوە. بۆ بەڵگە لەزۆربەی چاپکراوەکانیدا لەساڵی ١٩٥٠ بەم لاوە تەنانەت لە لاپەڕەی دوایی کتێبەکانیش ئەم عیبارەتانەی دەنووسی «چاپخانەی کوردستان لە ساڵی ١٩١٥ی زاییندا لەلایەن مێژوونووسی گەورە و گران داماو حوسێن حوزنی موکریانییەوە بۆ ڕاژە (خزمەت)ی زمان و وێژە و مێژووی کوردی لە شاری حەڵەبێ دامەزراوە» کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە لەو چاپخانەیەدا لەحەڵەب ناوی (العصر الجدید) بووە تەنیا لە ساڵی ١٩٢٥ بەزمانی کوردی کتێبی «غونچەی بەهارستان»ی چاپ کردووە، لەوکاتەدا لەوێ چاپخانەکەی کڕیوە و هێناویەتییە ڕواندز و بەناوی زاری کرمانجی دایمەزراندووە و ساڵی ١٩٢٦ دەستی کردووە بەچاپ کردن.

٥- پێشەکی نووس ئەوە دەردەبڕێ گۆیا بەڕێوە بردنی «دەنگی گێتی تازە» بەدەست حوزنی بووە و ئەو کاروباری هەڵسوڕاندنی وەکو سەرنووسەر گەیاندۆتە ئەنجام.

ڕاستییەکەی ئەوەیە چەند جارێک لە تۆفیق وەهبیم بیستووە کاروباری بەڕێوەبردن لەبابەت نووسین و هەموو شتێکی پێوەندی بەناوەرۆکی کۆوارەکە بووە بەدەست

تۆفیق وەهبی بووە. چەند جارێک لەخۆیم بیستووە گوتوویەتی: لەپێشاندا حەسەنی شێخ حەمە مارفم دەست نیشان کرد لە کۆوارەکەدا کار بکا. لە یەکێکی تریش دەگەڕام، ئەوکاتە حوزنی موکریانی بێ کار بوو هەڵێکی لەبار بوو لەگەڵ حەسەن شێخ حەمە مارف بێن بەنووسەری کۆوارەکە، کارەکانی حوزنی پێوەندییان بەمنەوە هەبوو، نووسینەکان من دەست نیشانم دەکردن، ئەو لە کۆوارەکە زیاتر خەریکی وەرگێڕان بوو، بە زۆری لە فارسی و عەرەبییەوە وتاری وەردەگێڕا، سەرچاوەی ئەوکۆوار و ڕۆژنامە عەرەبی و فارسیانە بوون کە ئینگلیز لەسەردەمی جەنگی دووەمی گێتی لە بەغدا و بەسرە و قاهیرە و تاران بەزمانی عەرەبی و فارسی بڵاوی دەکردنەوە. ناوەڕۆکی دەنگی گێتی تازە بە زۆری پڕۆپاگەندە بوو لە پێناوی سەرکەوتنی سوێندخۆران و بەتایبەتی بەریتانیا لەو جەنگەدا.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ لەوکاتەی بالیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا پێویستی بە «دەنگی گێتی تازە» نەما لەپاش کۆتایی جەنگ ئیمتیازەکەی دایە محامی فایەق تۆفیق و حوزنی بوو بە سەرنووسەری.

لە شوێنێکی دیکەدا پێشەکی نووس دەڵێ، لەبەر ئەوەی حوزنی لە دەنگی گێتی تازەدا کاری کردووە، بۆیە بەلایەنگری ئینگلیز لە قەڵەم دراوە.

ئەم جۆرە بیرورِایانە بەسەرچوون، کۆن بوون لە ڕۆژی ئەمڕۆدا نابێ بیریان لێ بکرێتەوە. کەس حوزنی تاوانبار نەکردووە لەبەر ئەوەی لەدەنگی گێتی تازەدا کاری کردووە. خۆ لەم لایەنەوە بەم حسێبە دەبێ زیاتر تۆفیق وەهبی تاوانبار بکرێ. هەروەها حەسەن شێخ حەمەمارفیش. ئەم جۆرە مەفکوورانە باویان نەماوە. لەمێژ نییە کۆمۆنیستە کوردەکان شیعری (گۆران)یان بۆ ستایشی مەلیک فەیسەڵی یەکەم و عەبدولکەریم قاسم شاردبووەوە. پیرەمێرد گەیەنرابووە پلەیەک بوو بەقوتابی لینین. کەچی پیرەمێرد نامیلکەی «ئاوە ڕەشی ڕووسی سوور» (٧)ی نووسیوەتەوە دژی کۆمۆنیزم. شیعری قانیع و زێوەر و هی دیکە کە لەدژی هیتلەر و نازیزم نووسرابوون و ستایشی ئینگلیزیان تێدا بوو پشت گوێ خرابوون، هەندێ جاریش شاردرابوونەوە، بەڵام زۆربەی ئەم شیعر و نووسینانە لە ڕووی ئیستێتیکییەوە نرخیان تەواو نابێ و لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی کوردییان ڕەنگین کردووە.

حوزنی وەک لایەنگری ئینگلیز و ئەم لاو ئەو لا مەوزووعی باس نییە. کەسێکە دەوری بووە لە پێشخستنی کولتووری نەتەوەی کورد، پێویستە لەجێی شیاوی خۆی دابنرێ، بایی ئەوەندەی هەیە یەکێک بێ لەخوێندەوارە دیارەکانی کورد، ئیتر پێویست ناکا کردەوە و بەسەرهاتی بۆ دروست بکرێ وەکو ئەوەی چووە بۆ ڕووسیا و پۆلۆنیا، بەجلی ئەفغانی لەکوردستان و هەموو دنیا گەڕاوە و گەلێ هەواڵی دیکەی لەم جۆرەش!

## حوزنی وەک ڕۆژنامەنووس

لە ساڵی ١٩٢٦ چاپخانەی «زاری کرمانجی»ی لە ڕواندز دامەزراندووە. لەو ساڵەوە تا ساڵی ١٩٣٢ (٢٤) ژمارەی لەو کۆوارە بڵاوکردۆتەوە. جگە لەوە لە کتێب و نامیلکەکانیش کتێبی «وێنەگەری و کۆڵین»ی لەساڵی ١٩٣٤ لەڕواندز بڵاوکردۆتەوە، ئیتر لەکارکردن وەستاوە لەم شارەدا.

لە ساڵی ١٩٣٥ چاپخانەکە حیجز کراوە و هێنراوەتە هەولێر، لە حوزەیرانی ئەو ساڵەدا داوای ئیمتیازی کۆواری «ڕووناکی» کردووە. لەدوای وەرگرتنی ئیمتیاز حکوومەت ڕازی نەبووە بەو چاپخانەیە کۆوارەکە چاپ بکرێ، لەبەر ئەوە حوزنی ژمارەی یەکەم و دووەمی لەچاپخانەی مووسڵی نوێ (مطبعة الموصل الحديثة) چاپ کردووە. لەدوای هەوڵ و تێکۆشان ڕێگەیان داوە ژمارەکانی دیکە بەناوی چاپخانەی زاری کرمانجی لە هەولێر چاپ بکا. ئیتر چوار ژمارەی لە ژمارە سێیەمەوە تا شەشەم بەناوی چاپخانەی زاری کرمانجی لە ڕواندز چاپ کردووە، کەچی پێنج ژمارەی لە حەوتەمەوە تا یازدەیەم بەناوی چاپخانەی زاری کرمانجی لە هەولێر چاپ کراوە.

لەساڵی ١٩٣٥ کە چاپخانەکە لە ڕواندز حیجز کراوە و هێنراوەتە هەولێر، لەگەڕاجەکەی شارەوانی دانراوە، ئەوەی ئینگلیز دروستی کردبوو لەپاش داگیرکردنی ویلایەتی مووسڵ، ئیتر دوو ژمارەی یەکەم و دووەمی «ڕووناکی» لە مووسڵ چاپ کراوە، ئەوانی دیکە لە هەولێر. بۆ پەکخستنی کۆواری ڕووناکی چاپخانەکەیان بردووە بۆ مووسڵ. لە ساڵی ١٩٣٦ تا ساڵی ١٩٤٧ چاپخانەکە دوو پارچەی گەورە و بچووک بوو لە مووسڵ مایەوە. لە دوای مردنی حوزنی لەنزیکەوە ئاگادارم گیوی موکریانی کەوتە خۆ تا ساڵی ١٩٤٩ خەریک بوو، وەکو میراتگرێک چاپخانەکەی کە بەناوی حوزنییەوە بوو خرایە سەر ناوی گیو و لە مووسڵەوە گواستییەوە بۆ هەولێر و لە ساڵی ١٩٥٠ بەناوی «چاپخانەی کوردستان»ەوە دامەزراند.

ئەمەیە بەسەرهاتی ئەو چاپخانەیەی لە حەلەبەوە بۆ یەکەمجار هێنراوەتە ڕواندز بەناوی زاری کرمانجی و لەهەولێر لە ساڵی ١٩٥٠ ناوی بووە بە «چاپخانەی کوردستان». جموجۆڵی حوزنی لەمەیدانی کارکردن لە چاپخانە و ڕۆژنامەگەری بەم جۆرەیە:

لە بابەت چاپخانەوە بۆ یەکەمین جار چاپخانەی لە ساڵی ١٩٢٦ لە ڕواندز دامەزراندووە بەناوی زاری کرمانجی، لەدوای نۆ ساڵ لەساڵی ١٩٣٥ چاپخانەکە هێنراوەتە هەولێر، هەر بەم ناوەوە دوو ساڵ لەهەولێر بووە و تەنیا نۆ ژمارەی کۆواری «ڕووناکی» پێ چاپ کراوە. لە پاشانا بە مەحجووزی بردوویانە بۆ مووسڵ و پێوەندی بە ڕۆشنبیری کوردییەوە نەماوە تا ساڵی ١٩٤٧، لەدوای کۆچی دوایی حوزنی گیوی موکریانی وەریگرتۆتەوە و لە ساڵی ١٩٥٠ لە هەولێر بە ناوی «چاپخانەی کوردستان» دایمەزراندۆتەوە.

لە بابەت جموجۆڵی ڕۆژنامەگەریشەوە بۆ یەکەمین جار حوزنی لەم مەیدانەدا بە بڵاوکردنەوەی کۆواری زاری کرمانجی لە پیشەی ڕۆژنامەگەری نزیک بۆتەوە لە ساڵی ١٩٢٦ تا ساڵی ١٩٣٢. لە پاشانا بۆ ماوەی چەند مانگێک لە ساڵی ١٩٣٤ لە سلێمانی بووە و لەگەڵ پیرەمێرد کاری کردووە، لەدواییدا بەناخۆشی لە یەکتری جیا بوونەتەوە. ئەوجا ماوەی چەند مانگێکی دیکە لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥- ١٩٣٦ لەهەولێر کۆواری «ڕووناکی» دەرکردووە.

لە ساڵی ١٩٤٣ تا کۆچی دوایی ١٩٤٧ لەدەنگی گێتی تازە نووسەر بووە. کۆی ماوەی ڕۆژنامەگەری حوزنی دەوروبەری ١٤ ساڵ بووە لە ڕواندز و هەولێر و سلێمانی و مووسڵ.

### حوزنی نووسەر و شاعیر

سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی بەگشتی بریتییە لەو نووسینانەی پێوەندییان بە مێژوو و ئەدەبی میللی (فۆلکلۆر) و هونەری وێنەگری و چاپ و چاپخانەوە هەیە، ئەو نامیلکانەی بەناوی شاری سلێمانی و شاری کۆیە و بیرەوەرییەکانی لە بابەت بڵاوکردنەوەی کۆواری «ڕووناکی» لەهەولێر، بە ئاستەم بۆنی بەرهەمی ئەدەبیان لێ دێ. بەم پێیە لە سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی کارە ئەدەبییە داهێنراوەکانی خراونەتە پشت گوێ. لەوانە وتارە ڕۆمانتیکی و سیمبولییەکان و کورتە چیرۆکە جوانەکانی و هەندێ لە شیعرە ڕەنگینەکانی کۆکراونەتەوە، جگە لەوە بەرهەمی داهێنراوی جوانی هەیە لە ڕۆژنامە و کۆوارە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، وەکو (زاری کرمانجی) و (ڕووناکی) و (دەنگی گێتی تازە) و چاپەمەنی دیکە. ئەمە و جگە لە کارە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و مێژووییە زۆرەکانی لەزمانی دیکەوە گۆڕیویەتییە سەر زمانی کوردی.

ئەمانە بەلای منەوە مەقامی حوسێن حوزنی بەرزتر دەکەنەوە لەناو خوێنەر و خوێندەوارانی کورددا. هەروەها ئەم بەشە ئەدەبییە لەبەرهەمی حوزنی ڕوونتر کەسایەتی وەکو خوێندەوار و ڕۆشنبیرێکی کورد دەخاتە ڕوو لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا.

بۆ بەڵگە لەوکاتەی کۆمەڵێک چیرۆکی کوردیم گۆڕییە سەرزمانی ڕووسی و لە ساڵی ١٩٦٨ لە مۆسکۆ بڵاوکرایەوە(٨)، چیرۆکێکی کورتی حوزنی تێدا بوو، کۆمەڵە چیرۆکەکە لەلایەن خوێنەری ڕووسەوە پەسەند کرا و بەتایبەتی ئەوەی حوزنی لەگەڵ چەند چیرۆکێکی دیکە زۆرتر سەرنجی خەڵکیان ڕاکێشابوو.

### ئەنجام

لەوکاتەی ئەم زانیارییە گومان لێ نەکراوانە لەم وتارەدا بڵاودەکرێنەوە، ڕێز گرتنێکە لەکوردێک دەنرێ دەوری ڕۆشنبیری بووە لە ژیانی میللەتی کورد. حوسێن حوزنی دڵسۆز بووە بۆ فیکری «کوردایەتی» پێویستی بەوە نییە هەواڵی ناڕاست بکەوێتە ناو ژیانیەوە. بۆ ئەو سەربڵندییە لە ساڵی ١٩٢٥ یەکەمین کتێبی «غونچەی بەهارستان»ی لەشاری حەڵەب بڵاوکردبێتەوە، با یەکەمین کەس نەبێ چاپخانەی بۆ کوردستانی عیراق هێنابێ، کاری گرنگ و سەربڵندی ئەوەیە لە ڕواندز لە ساڵی ١٩٢٦ چاپخانەی داناوە.

بەهۆی نووسینی ئەم وتارەوە ڕێزم بۆ کوردستان موکریانی هەیە و بەخوشکی گەورەی خۆمی دەزانم ئەگەرچی بەتەمەن لەمنیش بچووکترە(٩).

**پەراێزەکان:**

(١) مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، هەولێر ٢٠٠٥، ل٤٣٩- ٤٤٨.

(٢) ڕەسملی کیتاب، کۆوارێکی مانگانەی ئەدەبی، سیاسی، هونەری، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی وێنەدار بووە، بەزمانی تورکی عوسمانی لە ئەستەمووڵ بڵاوکراوەتەوە.

لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٨ تا ئەیلوولی ساڵی ١٩٠٩ دوازدە ژمارەی لێ دەرچووە.

(٣) لەگەڵ کۆتایی جەنگ باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا کۆواری «دەنگی گێتی تازە»ی داخست، بەڵام ئیمتیازەکەی هێشتەوە و دایە محامی فایەق تۆفیق. مودیری مەسئول محەمەد بابان بوو. حوزنی موکریانی بوو بە مودیری ئیدارە و کارگێڕی کۆوارەکە، بەناوی کۆوارێکی ئەدەبی، خوێندەواری، زمانی، کۆمەڵایەتی و پەیامی حەفتەی ژمارەیەکی لێ بڵاودەکرایەوە. ژمارەی یەکەمی لەڕۆژی ١٢ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ بڵاوکرایەوە.

(٤) ڤلادیمیر مینۆرسکی دەڵێ: لە جەنگی قرم لەناو لەشکری قەیسەری ڕووسیا دوو تیپی سوپایی هەبوو. تیپی فارس و تیپی یەریڤان. فەرمانبەری تیپی دووەم مایۆر جەعفەر ئاغا بوو، لە پاشانا پلەی گەیشتە جەنراڵی. کەسێکی بەهێز بوو، دەیتوانی تەئسیر لەکوردی دەرەوەی ڕووسیاش بکا. هەموو منداڵ و نەوەکانی مووچەی خانەنشینیان لە حکوومەتی ڕووسیا وەردەگرت. یەکێک لەوانە عەلی ئەشرەف ئاغا شەمسەددینۆڤ بوو، ئێستا سەرۆکی هەموو کوردانی ڕووسیایە لە سوپادا پلەی جەنراڵی هەیە.

(٥) ئەم کوردناس و ئەفسەرەی ئینگلیز لە ناو ئێمەدا بە «مێجەرسۆن» ناوی دەرکردووە. لەنووسیندا کارێکی بەجێ نییە، بنووسرێ «مێجەر»، یان «مایۆر»، چونکە ئەم وشەیە پلەیەکی سوپایی دەگەیەنی، لە قسەی سەرزار دەشێ بەکاربهێنرێ، بەڵام لەنووسیندا ڕاستییەکەی ئەوەیە بنووسرێ «سۆن»، یان «ئیلیاسۆن».

(٦) ئەم وتارە پێوەندی بەژیانی حوزنییەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ژیانی ئەو لەو هەرێمە بووە کە ناوی بۆتە «کوردستانی عیراق» بۆیە لەوانەیە تا پلەیەک زانیارییەکان ورد و ڕاست نەکەونە بەرچاو ئەگەر بەپێی مێژووی کولتووری هەموو کوردستان حسێبیان لەگەڵدا بکەین. بۆ بەڵگە ڕەنگە لەپێش جەنگی گێتی یەکەم چاپخانە لە ورمێ و سنە و کرماشان و قەفقاسی ڕووسیا و جێگەی دیکە هەبووبن. ئینجا ئەم چاپخانانە بڵاوکراوەی زمانی کوردییان بووە، یان نا؟! ئەمە هەمووی پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە و ڕاستەوخۆ پێوەندی بەم مەسەلەیەوە نییە ئەوەی من لەم وتارەدا باسی لێوە دەکەم.

(٧) پیرەمێرد، ئاوە ڕەشەی ڕووسی سوور، چاپخانەی ژیان، سلێمانی، ١٣٥٩ک/ ١٩٤٠ز لەدوای جەنگی دووەمی گێتی و بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی مارکسی لە هەرێمی کوردستانی عیراق، بەتایبەتی لەڕۆژگارانی ڕاپەڕین «الوثبة» لە ساڵی ١٩٤٨ و بەهێزبوونی پارتی کۆمۆنیستی عیراق هەڵگرانی ئەم ئیدیۆلۆژیەتە تازەیە بە هەموو جۆرێک هەوڵیان دەدا لەسەر ئارەزووی کەسوکاری پیرەمێرد بەلایەنگری کۆمۆنیزم لە قەڵەمی بدەن و بە پێشکەوتنخواز ناوی ببەن، لەبەر ئەوە ئەم نامیلکەیان لە ناو خەڵکی کۆکردەوە و گەلێ دانەیان لەناوبرد، تا وای لێ هات دانەی دەست نەکەوێ. تەنیا دانەیەکی کەوتبووە نامەخانەی زانستگای سلێمانی (دەورەی یەکەم ١٩٦٩-١٩٨٢) ئەویش دانە ئەسڵییە چاپ کراوەکە دزرا بوو، دانەیەکیان بەدەست لەسەری نووسیبووەوە بۆ ئەوەی دانە چاپەکە لەناوبچێ. ئیتر ئەم دانە دەسنووسەش لەدوای گواستنەوەی زانستگای سلێمانی بۆ هەولێر (١٩٨٢) لە نامەخانەی سەلاحەدین دزرا. لە ساڵی ١٩٨٨ نووسەری ئەم وتارە چاوی بەو دانەیەکەوتووە.

(٨) «دزو ڕەبەن» کورتە چیرۆکێک بوو لەو کۆمەڵەی بەناوی «دوازدە سوارەی مەریوان»ەوە لەلایەن ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی و زانستگای سانت پیترسبۆرگ (ئەوسا لینینگراد) لەساڵی ١٩٦٨ لەمۆسکۆ بڵاوکرایەوە. ناوەڕۆکی بریتی بوو لەبەرهەمی چواردە نووسەری کورد: مستەفا ساڵح کەریم، موحەڕەم محەمەد ئەمین، فازیل نیزامەدین، جەمال بابان، ئیبراهیم ئەحمەد، حوسێن عارف، ئیحسان مستەفا، حوسێن حوزنی، مارف بەرزنجی، کاوس قەفتان، شاکر فەتاح، عەلائەدین سەجادی، مارف خەزنەدار، پیرەمێرد، بۆ هەر یەکێکیان چیرۆکێک کرابوو بە ڕووسی تەنیا ئیبراهیم ئەحمەد و مارف بەرزنجی نەبن، هەریەکەیان دوو چیرۆک. سی هەزار (٣٠٠٠٠) دانە تیراژی بوو.

خوێنەری ڕووس بەچاوێکی بەرز تەماشایان دەکرد، بە تایبەتی چیرۆکە کورتەکەی حوسێن حوزنی.

(٩) خوێنەری ئەم وتارە هەست بەوە دەکا هەندێ لە ڕووداوەکانی ئەوانەی پێوەندییان بە جێگە و سەردەم (المكان و الزمان) و ناوی کۆوارەکان و چاپخانەوە هەیە دووبارە و سێ بارە کراونەتەوە. لەوانەیە لە لێکۆڵینەوەی زانستی (البحث العلمي)دا کارێکی پەسند نەبێ، بەڵام چەسپاندنی ئەو ڕاستییانەی دەمەوێ بیگەیەنمە خوێنەر و خوێندەوار، بەتایبەتی لە نووسینی وتاردا ئەم دووبارە کردنەوەیە کارێکی بەجێیە.

# زەمەن لە ئەفسانە و هزر و باوەڕی کۆندا

محەمەد سلێمان عەباس

(٢-٢)

**مانگ و زەمەن**

مرۆڤ بەر لەوەی لە ڕێگەی ڕۆژژمێرەوە حیسابی زەمەن بکات و بیپێوێت، بۆ پێوانی زەمەن، مانگی بەکارهێناوە، لەبەر ئەوەی مانگ هێمای گەڕانەوەی ئەبەدییە، هەروەها شێوازێک بووە بۆ بەردەوامی ژیان. مانگ دەردەچێ پاشان کامڵ دەبێت، دوای ئەوە بچووکتر دەبێتەوە و دیارنامێنێت، پاشان دووبارە دەردەکەوێتەوە، ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ سووڕی ژیانی بوونەوەرەکان کە لە دایک دەبن و گەشە دەکەن و لەناو دەچن. هەروەها مانگ جۆرە دوالیزمێک پیادە دەکات: ڕووناک و تاریک، پڕ و بەتاڵ، کۆن و نوێ، لە دایک بوون و مردن، مانگ لە ناو بازنەیەکدا دەسووڕێتەوە: دەردەکەوێت، زیاد دەکات و دەبێتە مانگی چواردە و بۆ ماوەیەک دیارنامێنێت، بۆیە هزر و ئەندێشەی نوێبوونەوەی بەردەوام دەبەخشێت بە گەل و مرۆڤە دێرینەکان. کەواتە کردار و پرۆسەی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر مانگدا دێت سەرنجی مرۆڤی بەرایی ڕاکێشاوە و پێی وابووە، کە مانگێک ئەزموونی (ژیان و لە دایک بوون، مەرگ و ژیانەوە)یە، واتە کاتێک (هەیڤ) سێ ڕۆژ بزردەبێت، مانای وایە بەشێوەیەکی کاتی دەمرێت و پاشان دەژیێتەوە، وەک چۆن منداڵ لەسەرەتاوە بچووکە و دوای ئەوە بەرەبەرە گەشە دەکات و گەورە دەبێت، کەواتە مانگ ڕوونترین نموونەیە بۆ نوێکردنەوەی ژیان بە بەردەوامی.

مانگ کە لە (سەرهەڵدان- مردن- ژیانەوە)دا خۆی دەنوێنێت لە گەلێک ئەفسانەو سرووتی ئایینیدا ڕەنگی داوەتەوە و تەجەللا دەکات. مرۆڤی کۆن مانگی بۆ پێوان

و حیسابکردنی زەمەن بەکارهێناوە، چونکە مانگ بەردەوام لە گۆڕاندایە و لە چەند ڕۆژێکدا خولانەوەی خۆی تەواو دەکات. وشەی (شهر)ی عەرەبی نزیکە لەو وشەی (سهرا)ی سریانی کە واتای (مانگ) دەبەخشێت و لە ڕەگی (سهر) وەرگیراوە کە بە واتای خولان و سووڕانەوە دێت. هەروەها مرۆڤ بایەخی بە مانگی یەک شەوە (هیلال) و مانگی چواردە (بدر) داوە، بەتایبەتی (هیلال) کە بۆ حیسابکردنی زەمەن دەسپێکە. ڕۆژژمێری قەمەری لەلای گەل و مرۆڤی کۆن بایەخی پێدراوە، هۆکاری ئەم بایەخ پێدانەش بە ئەفسانە و باوەڕی کۆنەوە پێویستە، بۆ نموونە بۆنە گرنگەکان بەپێی ڕووەکانی مانگ ئاهەنگیان بۆ دەگێرا، تەنانەت کەش گۆڕینی هاوینە و زستانەش و هاوساتی بەهاری (اعتدال الربیعي) بە وردی دەستنیشان نەکراوە، بەڵکو بەند و پەیوەست دەکران بە دەرکەوتنی (هیلال) و تەواو بوونی (بدر).

هەروەها مرۆڤی کۆن گەشەکردن و نماکردنی ڕووەکەکانیان بە مانگ پێوەست کردووە و سیس بوون و پووکانەوەی ڕووەکەکانیان بە ونبوونی مانگ پێوەست کردووە، بۆیە نیوە ڕووناکەکەی مانگ گونجاوترین کات بووە، بۆ ئاهەنگ گێڕان بەتایبەتی کە مانگ (چواردەشەوە)بێت، بۆ نموونە جووەکان کاتی (مانگی چواردەیان) هەڵدەبژارد بۆ ئەنجامدانی جەژنەکانیان، جەژنی (خیمە) لە (١٥)ی مانگی حەوتەو جەژنی (خەپلە)یش لە (١٥)ی مانگی یەکە، لای یۆنانییەکانیش جەژنەکانیان لە کاتی مانگی چواردە بوو. کەواتە ڕەمزییەتی مانگ بەشێوەیەکی بەردەوام تەشەنەی کردووە و ڕووەکانی مانگ بە چەندان ڕووداوی دیکەوە پێوەستن، هەروەها بە ئافرەتەوە، کە توانای بۆ نوێکردنەوەی ژیان بە منداڵ بوون لە شێوەکانی مانگەوە لە خولەکەیدا هاتووە کە لەناو بازنەیەکدا دەسووڕێتەوە، دەردەکەوێت، زیاد دەکات، بەردەوام بۆ سەرەتا دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەندێشەی نوێبوونەوەی بەردەوام بە دێرینەکان دەبەخشێت.

### ڕابردوو، ئێستا، ئاینده کامیان لە پێشتر و گرنگترە؟

هەندێک لە فەیلەسووفان پێیان وایە کە هەستکردن بە زەمەن شتێکی دەروونییە، ئێمە لە ڕابردووماندا تەنیا ئەو شتە لە یادەوەریمان دەهێڵینەوە و لەیاد ناکەین کە خۆشمان دەوێت و حەزمان لێیەتی، ئەو شتەش لە ئێستا وەردەگرین و لێی دەپچڕین کە لامان گرنگە و سەرنجمان ڕادەکێشێت، هەروەها ئەو شتە لە ئاینده (داهاتوو) وێنا دەکەین و لێوەی دەڕوانین، کە دەمانەوێت و ئارەزووی دەکەین.

«ئێستا» جگە لە خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوان ڕابردوو و ئاینده هیچی دیکە نییە و بریتییە لە وێستگەی کاروانی زەمەن، هیچ جیاوازییەکی لە ڕووی چۆنیەتییەوە لەگەڵ هەردوو جیهانی بەیەکگەیشتوودا نییە.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، ئێمە بەوەوە پێوەستین کە توانیومانە لە «ڕابردوو»دا بەدەستی بێنین: پارە، زەوی، ناوبانگ، پایەو شوێنی کۆمەڵایەتی، زانیاری، یادگارەکان، ئیدی ئێمە جگە لە ڕابردوو هیچی دیکە نین، بەڵام (ئاینده) بریتییە لە پێشبینی کردن کە وەک ڕابردووی لێ بێت و هەست کردن بە ئاینده وەک هەستکردنە بە ڕابردوو، هەروەک لە دەستەواژەی «ئەو کەسە داهاتووی هەیە» دەردەکەوێت، کە ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەو کەسە لە داهاتوودا دەبێتە خاوەنی زۆر شت.

سەبارەت بە پێوەندی مرۆڤ بە ڕابردوو، یادکردنەوەی ڕابردوو، مانای بیر لێ کردنەوە و ڕاکێشانیەتی، ڕابردوو مردووە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت زیندووی بکاتەوە، واتە مرۆڤ دەتوانێت سەر لە نوێ ڕابردوو بخولقێنێتەوە، یان ژیانی بە بەردا بکاتەوە، وەک چۆن بە بەکارهێنانی ڕەمز ژیان بە بەرمردوودا دەکرێتەوە و دەبێت بە ئەم کاتە و ئێستا. هەروەها دەتوانین هەست بە داهاتوو بکەین، وەک ئەوەی لە ئێستا و لێرەدا بێت، ئەمە کاتێک ڕوودەدات کە مرۆڤ حاڵەتێکی داهاتوویانە بە پلەیەکی کامڵ وێنا بکات.

هەندێک بیروڕای جیاواز سەبارەت بە بەشەکانی زەمەن هەیە: هەندێکیان بڕوایان وایە کە پێشەنگی بۆکاتی «ئێستا» دەگەڕێتەوە و لە ڕابردوو و ئاینده گرنگترە. کەچی ڕای دیکە هەیە (ئاینده) بە پێشەنگ دادەنێت بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو و ئێستا و ئەوانەی (ئێستا) پێشدەخەن ئەوانەن کە پێیان وایە کە زەمەن شێوەیەکە لە شێوەکانی (ئەزەلییەت) و لە ڕوانگەی ئەمانە زەمەن بریتییە لە ئێستایەکی هەمیشەیی. ئەو بۆچوونەی (ڕابردوو) بەسەرەتاو پێشەنگ دەزانێت یان دادەنێت،

پێی وایە مرۆڤ زادەی دوێنێیە و کولتووری کۆن سروشتی (ئێستا) و (ئایندە) دەردەکات.

بۆچوونێکی دیکە هەیە کە (ئایندە) بە پێشەنگ دادەنێت، چونکە لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە مرۆڤ تەنیا لە پێناوی ئەو شتەدا دەژی کە هێشتا نەهاتووەتەکایەوە و لە بووندا نییە و مرۆڤ ژیان و بوونی خۆی لە پێناو هێنانەدی دوارۆژ و ئایندەدا تەرخان دەکات!. واتە هەمیشە جووڵەوکاری مرۆڤ بەرەو ئایندە و پێشەوەیە، بۆیە ئایندە گەوهەری مرۆڤە.

(فیشتە)ی فەیلەسووف سەبارەت بە ساتەکانی زەمەن دەڵێت: زەمەن ئێستایە، کە ڕابردووی تێدا دەژی، چونکە ئێستا سەرچاوەی ڕوانینمانە بۆ ڕابردوو، هەروەها لەم بارەیەوە مارتن هایدگەر دەڵێت زەمەنییەت بەردەوام لە خودی خۆی ڕەت دەدات، واتە لە ڕابردوو ڕەت دەبێت و دەبێتە ئێستا و لە ئێستا بۆ ئایندە ڕەت دەبێت. هەروەها برگسۆن بڕوای وایە، کە ڕابردوو ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهاتنی کەسایەتی هەیە؟ بۆیە دەڵێت: ڕابردوومان بەدوامانەوەیە و لەگشت کات و ساتەکانی ژیاندا وازمان لێ ناهێنێت، لەبەر ئەوەی ئەو هەست و شتەی لە منداڵی و هەرزەکاری هەستمان پێکردووە و ویستوومانە تاکو ئێستا هەر لە ناخ و دەروونماندا ماوە.

(ڕاسکن)ی فەیلەسووفیش پێیوایە ئێستا چەمک و شتێکی ڕێژەییە، لەبەر ئەوەی ئێستا لە پرۆسەی گۆڕانی هەمیشەیی دایە، هەروەها چەمکی ڕابردووش ڕێژەییە و ئەو شتەی کە بە ڕابردوو پێوەستە بریتییە لە پرۆسەی پەرەسەندنی واقیعی بابەتیانە.

ئایندە درێژەی ئێستاو ڕابردووە، خودی مرۆڤیش دەرئەنجام و پاشماوەی ڕابردووە و بوون و کەسایەتی مرۆڤ زادەی ئەزموون و شارەزایی و هەڵە و ڕووداوەکانی ڕابردوویەتی، بۆیە فەیلەسووفی گەورە هیگڵ دەڵێت: (گەردوون ئەو شتەیە کە بووە) مەبەستی ئەوەیە کە ئەو شتانەی ئێستا هەن ئاکامی ئەو هۆکار و کاریگەریانەیە کە لە ڕابردوودا هەبوون، (ئەفلوتین)یش لە ناخدا هەستی بە ئاڵۆزی و ئیشکالییەتی زەمەن کردووە و بڕوای وابوو کە سێ زەمەن هەیە، کە هەر سێکیان «ئێستا»ن، یەکێکیان ئێستای بەردەوامە و ئەوساتەیە کە شتەکان تێیدا ڕوودەدەن، زەمەنەکەی دیکە بریتییە لە ئێستای ڕابردوو، کە پێی دەڵێن بیر ئانین و یادەوەری، زەمەنی سێیەمیش بریتییە لە ئێستای ئایندە، واتە ئەو هیوا و مەترسییانەی کە لە هزر و خەیاڵماندایە. ئەسڵی بیرۆکە و بۆچوونەکان لەسەر ڕابردوو، ڕانەبردوو، داهاتوو، یان بڵێین زەمەن، بوونی جەستەییمانە، ماوەی سنوورداری ژیانە.

ئێمە هەست بەوە دەکەین کە لەناو ساتەکانی زەمەندا گەشە دەکەین و درک بەوە دەکەین کە لە ڕابردوو بەرەو ئایندە دەڕۆین، هەروەک (گۆتە) دەڵێت: ئێستایەکی ڕووت و پەتی بوونی نییە، چونکە بەشێک لە ڕابردوو و بەشێک لە ئایندەی لەخۆ گرتووە. زەمەنی ئێستاکێی ڕۆژانە پێکهاتەی ئەو دووبارەبوونەوە سەرمەدییەی جیهانی مرۆڤەکانە بەرەو ڕەهەندێکی دوور و ئایندەیەکی نادیار.

## بیرۆکەی زەمەن لە هزری ئەفسانەییدا

لە هزری ئەفسانەییدا گواستنەوە لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی دیکە و جیاوازی درێژی ڕۆژ و شەو لە وەرزەکاندا و ئەو گۆڕانکارییە هەمیشەییەی بەسەر خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابووندا دێت، شتێکی ئاسایی و سروشتی نییە، بەڵکو دەلالەت و نیشانەی ئەو ململانێیەیە کە لە سروشتدا هەیە، خۆر هەموو بەیانییەک بەسەر تاریکیدا زاڵ دەبێت، هەروەک چۆن لە سەرەتای دروستبوونی گەردوون بەسەریدا زاڵ بوو، هەروەک هەموو سەری ساڵێکی نوێ بەسەریدا زاڵ دەبێت، واتە ڕیتمی زەمەن لای مرۆڤی کۆن وەک لێدانی دڵ وابوو، کە لەم لێدانەدا ململانێی نێوان تاریکی و ڕووناکی یان (کاوس و کۆسمۆس) بەرجەستە دەبێت و خۆی دەنوێنێت.

هەروەها بڕوایان وابوو کە لە ڕیتمی زەمەندا بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە و هەڵکشان و داکشانی ژیان بەدی دەکرێت و مرۆڤی کۆن پێی وابوو کە گواستنەوە لە خولێکی زەمەنی بۆ خولێکی دیکە، زەمەنی پێشوو دەمرێت و زەمەنێکی نوێ لە دایک دەبێت و ئەو ساتەی کەوتووەتە نێوان ئەم دوو زەمەنە کەوتووەتە دەرەوەی زەمەن و دەمێکی نادیار و ترسناکە کە لە سەرەتای گەردووندا هەبووە، بەر لەوەی دنیا دروست ببێت، بۆیە پێویستە هەندێک سرووت ئەنجام بدەین و کرداری خواوەند دووبارە بکەینەوە و لە ڕێگەی ئەم سرووتەدا زەمەنی پاک و سەرەتایی دەمی ئافراندنی دنیا دووبارە

دەبێتەوە.

ئەم وێناندنەی مرۆڤی کۆن بۆ گەردوون و سروشت، بۆ ژیانی مرۆڤ گرنگ بوو کە پێویست بوو لە مەراسیم و سرووتی سەرکەوتنی هێزی رووناکی و چاکە بەسەر هێزی شەڕ و بەدخوازدا بەشداربێت، بۆیە سەری ساڵی نوێ لە میسر و بابل بۆنەیەکی پیرۆزبوو و ئاهەنگیان تێدا دەگێڕا و شانۆیان پێشکەش دەکرد. واتە یادکردنەوەی ئەو بۆنەو ئاهەنگانەی وەک: سەرکەوتنی ڕۆژ بەسەر شەو (تاریکی) و جووتی زەوی و ئاسمان، وای لە مرۆڤ کردووە کە لەگەڵ گەردووندا سازبێت و بگونجێت.

لەلایەکی دیکەوە، ئەو هەماهەنگی و یەک خستنەی لە نێوان ڕووداوە کۆمەڵایەتی و گەردوونییەکاندا هەبووە، نیشانەی ئەوەیە، کە زەمەن لای مرۆڤی کۆن تەنیا هێڵێک یان چوارچێوەیەک نییە بۆ ڕووداوەکانی ژیانی ئاسایی، بەڵکو بەدوا یەکدا هاتنێکی ئاڵۆزە کە بەهاو مانای تایبەتی هەیە و سروشتێکی دوو فاقیانەی هەیە، واتە بەزەمەنێکی گەڕانەوە و ناگەڕاوەیی دادەنرێت. بڕوای وابوو کە زەمەن پێوەندی بە چارەنووسی مرۆڤەوە هەیە و دەستی لە ڕووداوەکانی ژیانیدا هەیە، بۆیە بیرۆکەی بەشداری کردن لە ئاوێتەبوون لە زەمەندا لەوەوە سەری هەڵداوە.

واتە زەمەن لە هزری ئەفسانەییدا دەلالەتێکی کۆمەڵایەتی هەیە، تەنانەت (ساڵ)یش ڕیتمی کۆمەڵایەتی هەیە، هەروەها بۆنەو سرووت و جەژن و کاتی ئەنجامدانی ڕێ و ڕەسمە ئایینیەکان بە زەمەنەوە پێوەستن.

لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا کەژو کاتی تۆوکردن و چاندنی دار و درەخت و دروێنە و ڕاوکردن لە سات و زەمەنێکی دیاریکراودا ئەنجامدەدرێن. هەروەها بەدوای یەکداهاتنی وەرزەکان بایەخێکی زۆری هەبووە سەبارەت بە ژیان و کارەکانی مرۆڤی کۆن، هەروەها بۆ دیاریکردنی ئەرکەکانی. ئەو گەل و شارستانیانەی ژیان و ژیاریان زۆر بەند و پێوەست بووە بە سروشتەوە، دیاردەکانی سروشتیان وەک ساڵنامە (ڕۆژژمێر) بەکار دێنا بۆ دیاریکردنی کات و ڕووداوکانی زەمەن.

بۆیە دەبینین زۆربەی میللەتان سرووتی لە دایکبوونی (ڕۆژ) یان هاوکات کردووە لەگەڵ کەش گۆڕانی زستانە (الانقلاب الشتوي) کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢١ی بەفرانبار، هەروەها بابلییەکان لە هاوساتی بەهاردا (چۆن یەکی شەوو ڕۆژ لە بەهاردا) چەند ڕۆژێک ئاهەنگی سەری ساڵیان دەگێڕا.

میللەتە کۆنەکان بۆ سەرەتای ساڵی نوێ مێژوو، یان بەروارێکی چەسپاو و دیاریان نەبوو، بۆیە لەگەڵ گۆڕینی کەژی بەهار، یان هاوین، یان زستاندا گونجادوویانە، ئەوەش کۆکە لەگەڵ قۆناغێکی کاری ساڵانەی مرۆڤ و سرووتیان لە پێناو ڕەزامەندی و لاساییکردنەوەی کرداری خواوەند ئەنجام دەدا، کە ئەویش کرداری ئەفراندنی گەردوونە، هەروەک لە ئەفسانەکانی دروستکردنی گەردووندا هاتووە، بۆ نموونە لە ئەفسانەی سۆمەرییەکاندا هاتووە:

**لەسەرەتادا لەو دەمەی ڕۆژ ئافەریدەکرا**
**لەسەرەتادا کاتێک شەو ئافەریدەکرا**
**ئەو زەمەنەی چارەنووس بڕیاردرا**
**ئەو کاتەی خواوەندانی ئەنوناکی پەیدابوون.**

(کلشکۆف) بڕوای وایە، کە بابلی و ئەکەدییەکان بڕوایان بە زەمەنی وەستاو، یان زەمەنی گەڕاوە بۆ دواوە هەبووە و گەڕانەوە بۆ ڕابردوویان بە گەڕانەوە بۆ ئایندە دادەنا، بۆیە لای ئەوان وشەی (دار و- داریتو) واتای (ئایندە و ڕابردوو) دەبەخشێ و چەمکی زەمەن لای ئەکەدییەکان بە چەمکی قەدەر و چارەنووسەوە پێوەست بووە. لە ئەفسانەی گەل و میللەتە کۆنەکاندا بایەخ بەزەمەن دراوە و ململانێی مرۆڤ لەگەڵ زەمەن و گەڕان بەدوای نەمریدا بابەتێکی سەرەکی بووە. لە ئەفسانەی زۆربەی میللەتاندا هەروەک لە هەوڵ و کۆششی میسرییە کۆنەکاندا دەردەکەوێت کە تەحەدای زەمەنیان کردووە و لە پێناوی نەمری و زیندووبوونەوە لە ژیانی دیکەدا کۆششی زۆریان کردووە. هەروەها داستانی گلگامشی سۆمەری باس لە نەمری و گەڕان بەدوای نەمریدا دەکات و باس لە گەڕانی گلگامش دەکات بۆ بەدەستهێنانی ڕووەکی نەمری.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە ئەفسانەکانی میللەتاندا بایەخ بە زەمەن دراوە و ململانێی مرۆڤ لەگەڵ زەمەندا بەرجەستە کراوە. گرنگی زەمەن لە حیکایەتە میللییەکانیشدا دەردەکەوێت، هەروەک دەبینین کە سەرەتا و دەستپێکی زۆربەی ئەو حیکایەتانە

بەدەستەواژەی: لەسەرەتا، لە زەمەنی کۆن، یان جارێک لە جاران (کان یا ماکان في سالف الزمان) یان لە زەمەنی (جوانیدا، بەرابیدا) دەست پێدەکات.

ئەم دەستپێکەش ئاماژە بەوە دەکات کە زەمەن نێوەندێکە لە نێوان ژیان و بابەتی سەرەکی حیکایەتەکە و سەردەمی حیکایەتەکە بۆ دەرەوەی زەمەن دەگەڕێنێتەوە: کە نەکرێت بەپێی پێوەرەکانی ئێستا بیانپێوین.

لە لایەکی دیکەوە هەموو شت و ڕووداوێک شیاو دەبێت و لە چوارچێوەی زەمەن و شوێندا نامێنێت و دەکرێت دیاردەکان وا ڕاڤە بکەین، کە لە زەمەنێکی سەرمەدی ڕوویان داوە. بۆیە حیکایەتە میللییەکان لە زەمەنی ئاسایی بۆ زەمەنێکی دیکە دەردەچن، کە ڕووداوەکان لە زەمەنێکی دوور ڕوویانداوە.

لە جیهانی نازەمەندا (اللازمن)ی جیهانی دێو جنۆکە، کە شتەکانی تێدا نەمرو سەرمەدین و پاڵەوان بەزۆر ئەزموون و مەینەتی و دنیای سەمەرەدا تێدەپەڕێت، بەڵام کە دەگەڕێتەوە جیهانی ئاسایی دەبینین تەنیا چەند چرکەیەک تێپەڕیوە، ئەمەش تیمە و بابەتێکی جیهانییە.

بۆ نموونە لە حیکایەتی (سلێمان پێغەمبەر وشاژن بەلقیس)دا ساتی ون بوون و پەیدابوونی کۆشک و بارەگای بەلقیس هاوکاتن لەگەڵ یەک و هیچ ماوەیەک لە نێوان بزربوون و پەیدابوونی کۆشکەکەدا نییە، بەڵکو لە چاوترووکانێکدا کۆشکەکە لە پێش بەلقیس بوو. هەروەها لە حیکایەتەکاندا شوێن هەیە زەمەنی تێدا نییە، وەک دوورگەی (کامەرانی، ئارامی).

## زەمەن لە ئەفسانەی هندییەکاندا

تێڕوانینی بازنەییانە بۆ زەمەن لە هیندستان باو و باڵادەست بووە، کۆنترین بیروڕاکانیان دەڵێت، کە مرۆڤەکان چارەنووسیان وایە بەبێ هیوا لە جیهانێکدا بژین کە بەخولی بەینی هەرەسهێنان و گەندەڵبووندا تێدەپەڕێت، تا ئەوکاتەی بە تەواوی هەرەس دەهێنێت و پاشان سەر لەنوێ دروست دەکرێتەوە. پێڕەوی سەر لە نوێ لە دایکبوونەوە، ژیانەوە لە ئوپانیشادی هیندییەکاندا دەبینین، وەک چۆن لە فێرکارییەکانی گوتاما بودا و ماها ڤیرادا هەیە، ئەو مامۆستایانە کە دەبینین مرۆڤایەتی بێ هیوایە لە لایەنی ئەو خولە لە کۆتایی نەهاتووانەی سروشتەوە کراوە بە کۆیلە، ئیدی پێدادەگرن کە دەشێت ڕێگەی سەرفرازی بەهۆی قوتاربوونی ڕۆحیانە لە زەمەن و مێژووی پڕوپووچی و دەروون یان خودی ڕاستەقینە دەتوانێت خۆی لە جەستە ڕزگار بکات و ڕێگەی سەرەکی مرۆڤە بەوەی کە ئارامگیرانە لە تونی زنجیرەیەکی دوورودرێژ دیسان لە دایک بوونەوەوە خەبات بکات، هەتا لە کۆتاییدا وەک ڕۆحێکی پوختە بۆی دەرباز دەبێت. هەمووان بەڕێگەی جیاجیا مانایان پێشکەش کردووە.

ئەندرا کەسایەتی و خواوەندێکی سەرەکییە لە کتێبی (ڕێگ ڤیدا)دا، خواوەندی ئاسمان و بروسکەیە و ڕۆڵێکی دیاری لە ئەفراندندا هەیە. مێژووی ڕاستەقینەی ئەندرا کە خۆی لە (ئەفراندن و تێکدان و لەناوبردن)ی جیهان دەنوێنێت و زانین و ناسینی ئەو مێژووە، زەمەنی گەورە (ئەفسانەیی)ت بۆ دەردەخات، لەبەرئەوەی (ئەندرا) سەرچاوەی بوون و ڕووداوەکانی گەردوونە. وشەی (کالی) بە مانای سەردەمی خراپ دێت و لەو سەردەمەدا مرۆڤ و کۆمەڵگە دەگاتە ئەوپەڕی شێبوونەوە و تێکچوون و گەندەڵی. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە وشەی (کالی) پێوەندی لەگەڵ کالی خواوەند هەیە، کە ئەمەش یەکێکە لە ناوەکانی خواوەندی گەورە (ساکتی) ژنی خواوەند (شیڤا). بۆیە (کالی) کە بە خواوەندی ڕەش ناسراوە بە وشەی کالای سەنسکرینی پێوەستە کە بە مانای زەمەن دێت، بۆیە کالی بەخواوەندی زەمەن و چارەنووس دادەنرێت، چونکە چارەنووسی شت و بوونەوەرەکان دەستنیشان دەکات.

جیهانی مێژوویی لە دید و باوەڕی پێڕەوکەرانی بوودا بە وەهم و پووچ دادەنرێت، چونکە جیهانی مێژوویی لە ئاستی ڕیتمی گەردوونیدا تەنیا یەک سات دەخایەنێت، بۆیە ئەوان واز لەم زەمەنە دێنن و بە دوای زەمەنی ڕەهاو بێ کۆتاییدا دەگەڕێن و تاکە ڕێگە و حاڵەتیش بۆ دەرچوون لەم زەمەنە و شکاندنی ئەو کۆت و زنجیرەی ژیانی بەند کردووە، بریتییە لەوەی کە لەو حاڵەتە مرۆییە دەربچێت و (نیرڤانا) بەدەست بێنین، لە (نیرڤانا)ش ڕووناککردنەوەی زەین و هزر و موعجیزەی دەرچوون لە زەمەن بەدی دێت و لای بوودابییەکان بە مانای چاکەی باڵاو تەواو دێت، کاتێک کە مرۆڤ بۆ ئافەریدەکار

دەگەڕێتەوە و خودی خۆی ئاوێتەی ئەو ڕەهایە دەکات.

گەڕانەوە بۆ دواوە بۆ حاڵەتی سەرەتایی و کاملی جیهان، بۆ ئەو ساتەی کە تێیدا ژیان لە ڕەگوڕیشەوە دەست پێدەکات، کە لێوانلێوە لە بەڵێن و ئاوات. هەروەها جەختکردنە لەسەر ئاراستەیەکی بازنەییانەی ژیان، کە هەموو شتێک سەر لە نوێ دەستپێدەکاتەوە و هەمیشە سەرەتاکەی ڕوونە. دەرچوون لە زەمەنی بچووک (مێژوویی) و گەیشتن بە زەمەنی خولی و بێ کۆتایی، ئەوە دەردەخات کە زەمەن دیاریکراوە. لە ڕێگەی هێما و سرووتی ئاینییەوە گوزارشت لە زەمەنی خولی کراوە.

بەم پێیە زەمەن لای بوودایییەکان، خولی بووە، جیهان لە کاتێکی دیاریکراودا ئافەریدە کراوە و دوای ئەوە کاول و وێران دەبێت. بە بڕوای بوودایییەکان زەمەن لە ڕژان و دەرچوونێکی هەمیشەیی پێکدێت.

بەکاری ئەم تواوەیە شێوەکان لە زەمەندا پەیدا دەبن، سەرەڕای فەنابوون، ناواقیعیشە، لێرەدا مەبەست لە شلی و تواوەی زەمەن ئەوەیە کە ساتی ئێستا ناواقیعییە، چونکە بەردەوام دەبێتە ڕابردوو و نامێنێت. بۆیە بەپێی باوەڕی بوودا هەموو ساتە زەمەنییەکان بۆ زەمەنی ئێستا دەگەڕێنەوە. زەمەنی (ئێستا- هەمەکی)یە بریتییە لەو ئێستایە ئەبەدییەی کە حاڵەتێکە لە بێ جووڵەیی و جێگیری و هەر کەسێک بیروهۆشی جێگیر و چەسپاو بێت، ئەوە ڕووباری زەمەن لای ئەو مرۆڤە دەوەستێت و لە ئێستایەکی ئەبەدیدا دەژێت.

**زەمەن لە ئایینی زەردەشتیدا**

شوێنکەوتوانی زەردەشت لە ئێرانی دێرین، وا گوزارشت کراوە کە مێژووی مرۆڤ بە تەنیا لە یەک خول پێک هاتووە، کە لە ئەزەلەوە هاتوونە دەرەوە ڕۆژێک لە ڕۆژانیش بۆ ناو ئاگر یان کارەساتێکی لەوە گەورەتر کۆتایی پێدێت.

لە ئایینی زەردەشتیدا زورڤان خواوەندی زەمەن و قەدەرە و باوکی ئەهورامەزدا (خواوەندی خێر) و ئەهریمەن (خواوەندی شەڕ)ە و چارەنووسی ئادەمیزاد لەژێر دەستی ئەودایە.

پێش ئایینی زەردەشتی لە ئایینی (میترا)دا زورڤان لە شێوەی پیاوێکی سەرشێر کە زودیاک (کەلووەکانی ئاسمان) دەوری جەستەیان داوە، وێناکراوە. بەپێی ئەفسانەکانی ئێرانی دێرین زورڤانی بۆ چەند ئایینزایەک دابەش بووە، لەوانە ئایینزای قەدەری کە بڕوای وایە جیهان لە لایەن زەمەنەوە دیاری کراوە و مرۆڤ وەک یارییەکە لە دەست قەدەر.

زورڤان خواوەندێکە وا وێناکراوە، کە حەوت ڕوو (ڕوخسار)ی هەیە، لە هەر ڕوویەک لەمانە سێ چاوی هەیە، زورڤان خۆی لە خۆیدا زەمەنێکی بێ سنوور، هەروەها حیکمەت و توانا و هێزیشی بێ سنوورە، واتە هێزێکی بێ سنووری هەیە لە ئەفراندنی بوونەوەرەکان (چاک و خراپ).

زورڤان (زەمەن) خواوەندێکی ئارام و لەسەرخۆیە، نەمر و جاویدانە. نازانێت ئازار و پیربوون چییە؟ هەروەها ئەزەلییە و بێ هاوتایە ئافرێنەرە و ئافەریدە نەکراوە، فەنانابێت و لەناو ناچێت.

زورڤان مرۆڤ دروست دەکات و گەشەی پێدەکات تا بالق دەبێت و دواتر پیربوون، بۆیە هەر ئەو خواوەندی ژیان و مەرگە و سەرپەرشتی لە دایکبوون و پێگەیشتن و مردنی جەستەی مرۆڤ دەکات.

دەتوانێت ئەرکەکانی زورڤان لەم خشتەی خوارەوەدا دەستنیشان بکەین:

زورڤان= زەمان- شوێن- هێز- حیکمەت

زورڤان= ئەفرێنەر، لەناوبەر

زورڤان= قەدەر- سیستەم- میترا

زورڤان= زەمەنی دیارکراو- ڕێرەوی قەدەر- یاسا

زورڤان= قەدەر- ساتی یەکلاکەرەوە- بڕیاری نەگۆڕ

زورڤان= چاکە و خراپە- پشتەوان- دوژمن (دژ)

زورڤان خواوەندی قەدەر: لەبەرئەوەی زورڤان خواوەندی مەرگ و قەدەریشە، بۆیە چاکە و خراپەی، تێدا بەرجەستە بووە، یان لەخۆ گرتووە، واتە هەروەک چۆن جەستەی مرۆڤ شیاوی چاکە و خراپەیە و لەبەر ئەوەی زورڤان تەنیا چەمکێکی ڕووت نییە، بەڵکو خواوەندی قەدەرە، بۆیە مرۆڤ گەمەیەکی دەستی ئەوەو بەسەر قەدەر و چارەنووسی مرۆڤدا زاڵە.

حەتمیەتی مردن و بێ توانایی مرۆڤ بەرانبەر مردن بە ڕوونی لە باوەڕی زورڤانیدا دەردەکەوێت، هەروەک لە دەقە ئایینییەکاندا هاتووە: زەمەن چاوی مرۆڤ دەنووقێنێت و پشتی دەشکێنێت، تووشی نەخۆشی دەکات و دەست و پێی دەشکێنێت، وا لە مرۆڤ دەکات

چیـدی نەتوانێت بجـوولێت و گـەشـە بکات و دواتر دەیکوژێت. قـەدەر بەش و چارەنووسی سـەرجەم خـەڵکە، لەم شـتـەدا قـەدەری گـەردوونی مـەزن جـیـاوازی لەگـەڵ قـەدەری گەردوونی بچووک (مـرۆڤ)دا نییـە، گـەردوون پەیدا دەبێت و گـەوره دەبێت، پیـردەبێت، دەمـرێت، قەدەری مرۆڤیش هەروایە.

بەپێی میـتـۆلۆژیای زورڤانی کە لە (یەسنا)دا هاتووە: کـە زورڤـان ئەکـرنا (زەمـەنی ڕەها) باوکی ئەو دوو (ئەهورامەزدا و ئەهریمەن) گیانە سنووردارەیە، سەرچاوەی سەرەکی ڕووناکی و تاریکی، چاکە و خراپەیە.

هەروەها سـەرچاوەی گـشـت شت و بوونەوەرەکـانـە، لەبەرئەوەی زەمەنێکی ئەبەدی و بێ سنوورە.

تاکـو نیـوەی یەکـەمی سـەدەی سێـیـەم (سـەردەمی ساسانییەکان) لە ئایینی زەردەشتیدا زورڤان خواوەندی گـــەوره و بـاڵا بووە، نەک ئـەهورامـــەزدا، هـەروەها لەسـەردەمی (یەزدگـوردی دووەم)دا زورڤـانـیـیـەت ئـاییـنی دەوڵەت بووە، شـاپووری یەکـەم هەندێک بیـروباوەڕی هندییـەکـانی سـەبارەت بە زەمـەن تێکەڵ بە ئاوێنەی باوەڕی زەردەشتییەکان کرد و بڵاوی کردەوە.

لە ئوپانیـشـاددا هاتووە: زەمـەن هاوشـێـوەی بنەمـای باڵایە، زەمەن دوو شێوەی هەیە، یەکەم زەمەنی سەرمەدی کە دابەش ناکرێت و جـاویدانییـە، دووەمـیـان زەمـەنی ئاسـایی، کـە ئەو زەمـەنەیە کـە بۆ چەند بەشـێک دابەش دەکرێت.

بوونەوەرەکـان لە زەمـەنەوە دەردەچن و گـەشە دەکـەن و پێش دەکـەون، هەر لە ناوزەمـەندا مـرۆڤ دەگـەڕێتـەوە بۆ بارەگای سەرەکی و ڕەسەن.

لە لایەکی دیکەوە، زورڤـان ڕەهەندێکی دیکەی هەیە ئەویش (نەمـری)یە کـە ئەمـەش حـاڵـەتێکە لە دەرەوەی زەمەن و شوێنە.

## زەمەن لای گەلی کورد

ڕووباری زەمـەنی کـورد لە کـوێوە هەڵدەقـوڵێت؟. لە ئەشکەوتی شـانەدەر و هەزارمـێـرد، یان لە چیـاکـانی (ئارارات، جـــودی، قـــەندیل،...) یان لە کـــەلاوەی میرنشینەکان و پاشماوەکانی قەڵای دم دم و هەولێر و کەرکوک، یان لە کۆچکردنی خێڵە ڕەوەندە کوچبەرەکان کـە گـەرمیـان و کـوێـسـتـانیـان دەکـرد، یان لە ئەنجـامی شـەڕەکـانی نێـوان مـیـرنشین و خـێـڵـەکـانەوە دەست پێدەکات، یان لە خۆشەویستییە نەمرەکانی نێوان مەم و زین و خەج و سیامەندەوە سەرەتایەکن بۆ زەمەنی کورد، یان ڕاپەڕین و شۆڕشـە کـوردییـەکـان بەسـەرەتای زەمـەنی کورد دادەنرێن.

هەرچەندە زەمەنی کورد پڕبووە لە مەینەتی و کارەسات و ناخـۆشی، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا تروسکێک هیـواو ئومێدی تێدا بووە، کەسانێک هەبوون توانا و حەزێکی گەورەیان بۆ گۆڕین و پێشکەوتن هەبووە.

ئێـمـەی کـورد تاکـو ئێـسـتـە چاوەڕوانی زەمـەنێکی کوردین، چاوەڕوانی سەردەم و لە دایکبوونێکی نوێین.

هەروەک چۆن لە جـیـهـاندا گـشت نەتەوەیەک پیـاوی شـارەزا و بەهرەمـەندی لە بواری کـەشناسی و پێـوانی زەمـەندا هەبووە، کـوردیش لەم بوارەدا شـارەزای باشی هەبووە، چونکە بوونی چوار وەرز و کـــەشی بێگەردی ئاسمانی شینی کوردستـان وای کردووە ئەستێرەکان بە جوانی ببینرێن و بە چاکی لە جێگۆڕکێی ئەستێرە و بورج و سـەرە وەرزەکـان شـارەزا بن، کـەی گـەرمـایە، کـەی سەرمـایە، کـەی فـێنکە، کـەی بەفـر و ڕەهێـڵـەیە، جگە لەوەی توانیـویانە بە ئەسـتـێرەکـان ڕێگە و بانی خـۆیان لەسەفەر و بەڕێکردنی کاروان لە گەرمیانەوە بۆ کوێستان دیاری بکەن، چ وەک کـاتژمـێـر و ڕۆژژمـێـر بەکـاریان هێناوە، چ وەک نیشانەی چەپ و ڕاست.

لە کـوردسـتـانـدا بەهۆی لوتکەی بەرزی چیـاکـان و دروسـتـبوونی گـوندەکـانی کـوردەواری لە قـەد پاڵ و بن چیاکانەوە پتر وای کردووە لە ئاسۆ بڕوانن و شارەزایی و پسپۆڕی لەم بوارەدا پەیدا بکەن، بۆ نموونە (هەفتە)کان کـە لە مـاوەیەکی دیاریکراوی سـاڵدا هەن، کـە کـەش لەو ماوەیەدا زۆر سارد دەبێت و دەکەونە چلەی زستان کە هەر یەکـەیان حـەوت ڕۆژە و لە ژمـاردنی ڕۆژگـاری سـاڵ بەکـاریان دەهێنن، لەبەر زۆر سـاردی و گـرنگی ئەو ڕووداوە سروشتی و ناسروشتیـانەی کە تێیاندا ڕوویان داوە، جـا ئەوانە وایان کـردووە ببنە هۆیەکی ناسـینەوەی زەمەن و دەمی ساڵ و ئەوانەش بریتین لە چەند هەفتەیەک کە هەریەکە ناوی تایبەتی خۆی هەیە، وەک (حەفتە)ی ئەلیـاس واتە (پشکۆی هەوا) و پشکۆی ئاو و پشکۆی زەوی بەرمـانگی (ڕەشەمێ) دەکەون کـە مـانگی کۆتایی ساڵە و کۆتایی زستانیشە لە ساڵنامەی کوردیدا.

کورد بەهۆی جیاوازی ئاووهەواو ڕەگەزەکانییەوە کە باوبارانە توانیویەتی حسێبێک بۆ ساڵنامە بکات بەپێی کات و شەوڕۆژ و هەفتە و مانگ و وەرزەکانییەوە و بەهۆی ئەو پەند و تاقیکردنەوانەوە باری ژیان و هەڵوێستی تایبەتی بەرانبەر بەکات و مانگ و وەرزەکان دەربڕێت.

بەگشتی لە وەرزەکانی ساڵنامەی کوردیدا گەلێک لایەنمان بەپێی سروشت و دابونەریتی کوردەواری بۆ ڕوون بووەتەوە. کەواتە هەر لە کۆنەوە کورد بۆ زانینی ئەو ماوە کاتییەی تێیدا ژیاوە هەوڵی ناسینەوەی داوە و بۆ ئەم مەبەستە سوورانەوەی زەوی و سوورانەوەی هەیڤ و هەڵهاتن و ئاوابوونی ئەستێرەکان بۆ ڕۆژژمێر و ماوەوکاتی شتەکان بەکارهێناوە. سەرەتای دەست پێکردنی ساڵی کوردی بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی (ماد) دەگەڕێتەوە کە حەوت سەدە بەر لە زایینە و یەکەم ڕۆژی ساڵی کوردی لە ڕۆژێکی وایە کە هەموو کەس دەبینێت مەشخەڵی ئاگر لەسەر لووتکە بەرزەکانی وڵاتەکەمان بەرز دەبێتەوە.

## زەمەن لای عەرەبەکان

عەرەبەکان سیما و سیفەتی جۆراوجۆریان بە زەمەن داوە و لە شیعر و بەسەرهات و فەرهەنگ و هزری کۆنی عەرەبەکاندا دەیان وشەو چەمکی زەمەن وەک (الدهر، الوقت، الحین، المدة، الازل، الرمد، الامد، القدم) بەرچاودەکەوێت، جگە لەوەی کە لە قورئاندا زۆر باسی زەمەن کراوە.

لەسەردەمی جاهلیدا عەرەبەکان بڕوایان وابوو، کە زەمەن هێزێکی زەبەلاح و باڵادەستە و بەسەر ژیانی مرۆڤدا زاڵە و مرۆڤ دەمرێنێت، بۆیە عەرەبەکان جنێویان بەزەمەن دەدا و نەفرەتیان لێدەکرد، چونکە بە دیدگەی ئەوان زەمەن سەرچاوەی بەدبەختی و خراپەکارییە، ئەم دیدەی ئەوان لە قورئاندا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەک لە قورئاندا هاتووە: (قالوا ماهي الاحياتنا الدنيا نموت و نحيا و ما يهلكنا الا الدهر). ئەوەش وای لە پێغەمبەرکرد نەهی لە نەفرەتکردن لە دەهر، بکات بەپێی ئەو حەدیسەی کە دەڵێت: (لاتسبوا الدهر، فاني أنا الدهر).

عەرەبەکان چەمکی زەمەنی مێژووییان لە یادنەکردبوو لە ڕۆشنایی ئەم هزرەدا گەیشتنە چەمکی ئەو زەمەنەی کە نەسەرەتا و نەکۆتایی هەیە و بە (الدهر) ناویان دەبرد، دوای ئەوە بەهۆی باوەڕی ئایینی ئەم چەمکە گۆڕینی بەسەرداهات. لە ڕووی ڕۆژژمێرەوەش عەرەبەکان لە کۆنەوە، بەهۆی (ئەستێرە)کانەوە کاتیان زانیوە و ڕووداوەکانیان تۆمارکردووە.

مێژوونووس (ئەبو جەریرتەبەری) دەڵێت دوایین شت کە خوا ئافراندی زەمەن بوو و بەدیدی تەبەری زەمەن بریتییە لە: سەعاتەکانی شەوڕۆژ، شەو سەرەتای خەڵقکردنی زەمەنە و ڕۆژیش کۆتاییەکەیەتی.

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە حەز و ئارەزووی ژیانی سەرمەدی و بێ کۆتایی هاندەر و هۆکارێک بووە، بۆ ئەوەی سرووت و بۆنە ئایینیەکان ئەنجام بدات و بەڕێوەیان ببات.

مرۆڤی ئایینی (میللی) هەوڵیداوە لە ڕێگەی ئەنجامدانی بۆنە و سرووتە ئایینییەکانەوە ململانێی زەمەنی هەستیار بکات، کەواتە ئەگەرچی مرۆڤ درکی بەوە کردووە کە مردن ڕاستییەکی واقعییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بیری لە زەمەن کردووەتەوە و هەوڵیداوە ژیان نوێ بکاتەوە و لە پێناو گەیشتن بەو هیواو ئامانجانە گەشبین بووە، تەنانەت مرۆڤی هاوچەرخیش دڵخۆش و شاد دەبێت کاتێک کەسێک دوعای تەمەن درێژی بۆ دەخوازێت، هەرچەندە مرۆڤی ئایینی بڕواو قەناعەتی بەوە هەیە کە کات و شوێنی مردن دیاری کراوە و ئەو ململانێیەی مرۆڤ لەگەڵ زەمەندا نیشانەی ئەوەیە کە زەمەنی مێژوویی ڕەت دەکاتەوە.

لەمەی باسمان کرد بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە بیرۆکەی زەمەن بە زەمەنی مەعریفی و ئەفسانەیی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە بەندە، بۆیە لە ڕووی کولتوورییەوە زۆر لە گەلە بەراییەکان و شارستانییەتە مەزنەکانی خاکی میزۆپۆتامیا و خۆرهەڵاتی نزیک و هیندستان، هەموویان ڕووبەڕووی گرفتی زەمەن بوونەوە و تێکۆشاون بۆ ئەوەی ڕێچکەیەک بۆ خۆیان بدۆزنەوە و لێوەی دەربچن و دەربازبن.

لەلایەکی دیکەوە، زەمەن ئێستاش لە کۆمەڵ و شارستانی پێشکەوتوو و پیشەسازیدا یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی پێشکەوتنی ئابووری، بۆیە ئەو گوتەیەی کە دەڵێت (الوقت من ذهب) ڕەنگدانەوەی ژێرخانی ئابووری

کۆمەڵی پێشکەوتووە.


**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- فكرة الزمن عبر التاريخ- تأليف (كولن ولسن و جون جرانت)- ترجمة (فؤاد كامل). عالم المعرفة- كويت- ١٩٩٢- ل٧، ل٩، ل١٤، ل١٨، ١٩.**

**٢- الزمان في الفكر الديني و الفلسفي- تأليف (حسام الألوسى)- بيروت- ٢٠٠٥- ل٢٩، ٣٥، ٥٤- ٥٥، ١١٦.**

**٣- الزمان في الفكر العربي و العالمي- تأليف (على شلق)- بيروت- ٢٠٠٦- ل٣٥، ٣٩، ٢٠، ١٧٣.**

**٤- الفضاء والزمن و الانسان- غراهام كلارك- ترجمة (عدنان حسن)- دمشق- ٢٠٠٤- ل٢١، ل٤٨، ٧٧، ٨٧.**

**٥- اديان العالم- هوستن سميث- ترجمة- سعد رستم- ٢٠٠٥- ل٥٤٦، ٥٤٩**

**٦- صور ورموز- ميرسيا ايلياد- ترجمة- حسيب كاسوحة- دمشق- ١٩٩٨ ل٤٠، ٨٣، ٨٧، ٩٠، ٩٤، ١٠٧، ١١٠.**

**٧- سحر الأساطير- (م. ف. ألبيدل)- ترجمة- (حسان ميخائيل). سوريا- دمشق ٢٠٠٥- ل٨٦، ١١٩**

**٨- المجوسية (الزرادشتية)- تأليف- ر.س. زيهنير- ترجمة- دكتور سهيل زكار- دمشق- ٢٠٠٥- ل٢٨٥، ٢٨٦، ٢٨٩، ٢١٦، ٢٣٧.**

**٩- حكايات الخوارق- جي سي كوبر- ترجمة (كمال الدين حسين- ٢٠٠٥- ل١٢٥، ١٢٧.**

**١٠- جولة في اقاليم اللغة و الأسطورة- علي الشوك- دمشق- ١٩٩٨- ل١٧٨- ١٧٩.**

**١١- ما قبل الفلسفة- فرانكفورت و أخرون- ترجمة جبرا ابراهيم جبرا- ل٣٦، ٣٧، ٣٩.**

**١٢- معجم ديانات و أساطير العالم- امام عبدالفتاح امام- مجلد الثالث- مكتبة مدبولي- ل٥٠٧.**

**١٣- الزمن عند العرب- مجلة (التراث العربي)- عدد (٨٦- ٨٧)- ٢٠٠٢- دمشق.**

**١٤- الزمن- خورخي بورخيس- مجلة (فكر ونقد)- عدد (٣٤).**

**١٥- گەڕان بە دوای نەمرییدا- مەولوود ئیبراهیم حەسەن- هەولێر- ٢٠٠٢- ل١٥٤- ١٥٥.**

**١٦- کەلەپووری کورد- ژمارە (١٥)- ٢٠٠٢- ل١١٠.**

**١٧- رۆشنبیری نوێ- ژ (١٠١). ١٩٨٤- ل١٢٢، ١٢٧.**

**١٨- گۆڤاری (ئایدیا)، ژ (٨-٩)- ٢٠٠٦- ل٤٤.**

**١٩- گ (ئاینده) ژ (٨-٩)- ٢٠٠٠- ل٥٢، ٥٤.**

# چەند خاڵێکی بەراوردکاری لە نێوان ڕەشبینییەکانی (گۆران و جۆن کیتس)دا

ئیحسان سابیر سەعید

**بەر لە ناوەڕۆک**

ماوەیەک بوو لە شیعری «پایز» و «بۆ بلبل»ی شاعیری کورد (عەبدوڵڵا گۆران) و شاعیری ناوداری ئینگلیز (جۆن کیتس) ڕادەمام تا کار گەیشتە ئەوەی بیرۆکەی «بەراوردێک لە نێوان گۆران و کیتس ختووکەی دام تا بیکەم بە ناوونیشانی بابەتەکەم، بەڵام لە هەمان کاتدا دوو دڵ بووم نەوەک کەسانێک هەبن ڕایان لەگەڵ ئەو بەراوردکارییەدا نەبێت بە بیانووی ئەوەی کە هەم لە نێوان دوو شاعیری سەر بە دوو سەردەم بن کە جیاوازییەکەیان زیاتر لە سەدەیەک بێت، هەمیش لە نێوان دوو کەسایەتی بێت، نەک تەنیا لە یەک لایەنی دیاریکراودا، بەڵکو لە هەموو لایەنەکانیانەوە تا ڕادەیەک دوور دەبێت لە ڕەوتی مەعریفییەوە. من بیانووەکان بە ناڕەوا نازانم، بەڵام دەشکرێ بڵێین جیاوازی نێوان سەردەمی گۆران و سەردەمی کیتس لە جیاوازی نێوانیان، بۆ نموونە سەردەمی (جەواهیری) و سەردەمی (موتەنەبی) زیاتر نییە.

بەلانی کەمەوە یەک لە لایەنەکانی ئەو دوو شاعیرە دەشێ بەراوردکاری بەخۆوە بگرێت ئەویش ڕەشبینییەکانیانە، بۆیە گەیشتمە دەرەنجامێک ئەگەر ناوونیشانەکە تەنیا ڕەشبینییەکان بگرێتەوە، ئەوە بابەتەکە وردتر و ڕوونتر دەبێ و دوور دەبێ لە تێروتەسەلی کە هەندێ جار دەبێتە هۆی تێکەڵ و پێکەڵی و ڕەنگە هەر لەبەر هەندێش بێ کە گوتوویانە: شەیتان لەنێو تێروتەسەلدایە، بەڵام سەبارەت بە ڕەشبینیش پرسیارێک خۆی قوت دەکاتەوە: ڕەشبینی بە کام واتا؟ بەو واتایەی کە سروشت و چارەڕەشی گۆران و کیتس بێ؟ جا ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێ، ئەوە دەبێ بەشێوەیەکی ئەبستراکت (ڕووت) مامەڵە لەگەڵ ڕەشبینییەکانیان بکەین، واتە وەسفێکی تاک ڕەهەندی



گۆران

و ڕەق و وشکی بێ گیانیان بۆ بکەین و بە چەند دێڕێک شیعرەکان ڕاڤە بکەین و هیچی تر. هەڵبەتە ئەوەش کارێکە لە ڕەوتی مەعریفیمان دوور دەخاتەوە، بەڵام ئەگەر «ڕەشبینی» لەسەر بنچینەی کار و کاردانەوە- واتە کاری ڕۆژگار و کاردانەوەی مرۆڤ- بێ؛ یان بە واتایەکی تر وەکو هۆکار و ئەنجام وەری بگرین، ئەوە دەبێ بە دیاردەیەکی هەمەلایەنەی سەیر بکەین و ورد و درشتی هۆکارەکان بە قووڵی بخوێنینەوە. لەویش گرنگتر: کاردانەوەی لەلای شاعیرەکان تا چ ڕادەیەک و چۆن بووە؟

## کاری ڕۆژگار

### گۆران ١٩٠٤- ١٨/١١/١٩٦٢

عەبدوڵلا گۆران لە ساڵی ١٩٠٤ لە هەڵەبجە لە دایک بووە. سەرەتای خوێندنی لە قوتابخانەی ڕەسمیدا تا پۆلی چوارەمی تەواو کردووە، بەڵام ماوەیەک دابڕاوە. ئەو چەند ساڵەی منداڵی و قۆناغی سەرەتایی قوتابخانە لە هەڵەبجە چەند بیرەوەرییەکی خۆشی ئەوتۆیان هێشتووەتەوە کە ڕەگیان لە نێو دڵیدا داکوتاوە، تەنانەت فەلسەفەی مامۆستاکەی، مەلا جەعفەریش، کە دەیگوت: «دونیا فانییە و دوو پێنج ڕۆژێکە» نەیتوانیوە لە خۆشی ژیان بێزاری بکات. لە ساڵی ١٩١٩دا باوکە شاعیرەکەی، سلێمان بەگ مردووە. لە ساڵی ١٩٢١دا محەمەد بەگی برا گەورەکەی ناردوویەتییە (مەدرەسەی عیلمیە)ی کەرکووک. لەوێش سێ ساڵ خوێندوویەتی. لە ساڵی ١٩٢٥ محەمەد بەگ دەکوژرێ، ئیتر گۆران کەسی نامێنێ و ناتوانێ نە خوێندنەکەی تەواو بکات و نە ژیانی خۆی و دایکەکەشی دابین بکات، تەنانەت لە سەردەمی باوکیشیدا ئاسوودەیی بەخۆوە نەبینیبوو، بەتایبەتی لە بەهاری ساڵی ١٩١٩ کە بەر تاڵانی لایەنگیرەکانی ئینگلیز دەکەون و بە پەلە خۆیان دەگەیەننە شاخە بەرز و سەختەکانی هەورامان، بەڵام ساڵانی نێوان ١٩٢٢- ١٩٢٥ بە هەموو جۆرە ناهەمواری و ئازار و ئەشکەنجەیەکەوە ژیان دەباتە سەر. لە ساڵی ١٩٢٥دا بە مامۆستا لە قوتابخانەی سەرەتایی هەڵەبجە دادەمەزرێت، لە پاشان بۆ ماوەی دە دوازدە ساڵ لە قوتابخانەکانی سلێمانی وەکو مامۆستا دەمێنێتەوە. گۆران لە ئەنجامی گەڕان و سووڕانی لە دێهاتەکانی کوردستاندا، هەستی زۆر قووڵ دەبێ و لە کانگای دڵییەوە تووڕەیی و ناڕەزایی هەڵدەقوڵێن تا ئەو ڕادەیەی واز لە پیشەی مامۆستایەتی دێنێ و ڕوو لە فەرمانگەی تر دەکا تا ژیانی خێزانەکەی دابین بکات، وێڕای ئەوەی ئەو ماوەیەی کە مامۆستایەتی تێدا کردووە، ماوەیەکی لە ڕووی گوزەرانییەوە یەجگار سەخت بووە، بەڵام وەکو شاعیرێکی نوێخواز ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گەشەپێدانی ڕێبازەکەی. لە ساڵانی نێوان ١٩٣٠- ١٩٣٥ لە میانەی گەشتە هاوینییەکانی بۆ هەورامان و قەرەداغ چاوە هەستیارەکانی بە دیمەنە سروشتییەکان دەکەون کە سەراپای نهێنییەکانی کوردستان لەلای بەرجەستە دەبن. ئەو دوو گەشتە گوڕ و تینێکی ئەوتۆ دەبەخشنە شاعیر کە ئەویش بە داهێنانەکانی، پیت و پێزێکی بێ وێنە دەبەخشێتە شیعری نوێی گەلەکەی. ئینجا لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا بیری سیاسی لای پتەو و هەتا دێ قووڵتر دەبێ و تا وای لێدێت ڕێبازێکی سیاسی دەستنیشان دەکات و پێوەندی لەگەڵدا دەبەستێت، بەڵام چ ڕێبازێک؟ یەک لە سەختترین و ترسناکترین ڕێباز، دژ بە داگیرکەران و کۆنەپەرستان هەڵدەبژێرێ، بۆیە دوای چەندین ساڵ خۆ شاردنەوە و کەوتنە بەندیخانان و دەسبەسەربوون باجی ڕێبازەکەی دەدات. لە دوای ١٩٥٨دا بۆ ماوەیەک ڕۆڵی لێپرسراویەتی لە ڕۆژنامە هەرە ناودارەکانی کوردیدا وەردەگرێت، لەوانەش ڕۆژنامەی «ژین». لە پاشان دەبێتە وانەبێژ لە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا. لە ساڵی ١٩٦٢ تووشی نەخۆشییەک دەبێت و بە نیازی چارەسەرکردنی دەچێتە مۆسکۆ، لەوێ نەخۆشییەکەی

وەکو شێرپەنجەی گەدە دەستنیشان دەکرێت و دەگەڕێتەوە عێراق و نەشتەرگەری بۆ دەکرێت، بەڵام دوای وادە، بۆیە شێرپەنجەی سەرەخۆر بەرۆکی بەرنادات تا لە سبەینەی ١٩٦٢/١١/١٨ بە یەکجاری دواهەناسەی لێدەبڕێ.

**جۆن کیتس ١٧٩٥- ١٨٢١**

ژیانی شاعیری ئینگلیز (جۆن کیتس)یش تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی ژیانی شاعیری کوردمان (عەبدوڵلا گۆران)بووە. لە ساڵی ١٧٩٥ لە نزیک شاری (لەندەن) لە دایک بووە، تەمەنی نۆ ساڵ بووە کە چووە بۆ قوتابخانە و باوکە هەژارەکەشی کە پاسەوانی تەویلەیەک بوو لە (فنشلی) مردووە تەمەنی پازدە ساڵ بووە کە دایکە زۆر خۆشەویستەکەشی مردووە، بۆیە خۆی بە بەرپرسیاری دوو برا و خوشکەکەی زانیوە.

لەژێر ئامۆژگاری و ڕێنمایی خاڵوانی، واز لە قوتابخانە دەهێنێ و دەچێتە لای نەشتەرگەرێک لە (ئینفیلد) وەکو فێرخواز دادەمەزرێت بە نیازی دابین کردنی بژێوی خۆی و خوشک و براکانی. لێرەوە ئەرکی سەرشان و خەم و نیگەرانییەکەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قورستر و دژوارتر دەبێ. سەرەڕای ئەو هەموو دەردەسەرییەش کیتس شەیدای کچە دراوسێیەکیان (فانی برۆن) دەبێت، بەڵام ئەڤینییەکەی ڕەت دەکرێتەوە و لەدڵی خۆیدا خەفەی دەکا و ژیان بەخۆوە نابینێت. لە ساڵی ١٨١٩دا لە گەشتێکی بە پێیانی دژوار بۆ دەریاچەی (District) و سکۆتلەندا دووچاری نەخۆشی سیل دەبێت، بەڵام وەکو شاعیر لە گەشتەکەیدا هەوێنی شیعری وەردەگرێت و دڵ و دەروون و هەست و نەستی تێر دەبێت و لە سیحر و جوانی ئەو دوو شوێنە ڕەنگاوڕەنگەدا مێشکی ڕوون دەبێتەوە. دوای گەڕانەوەی بۆ (لەندەن) بە قورگی زامدارەوە ئەرکی پەرستیاری برا سیلدارەکەی (تۆم)ی دەکەوێتە ئەستۆ و تا دوایەمین چرکەی ژیانی لە ئامێزی خۆی جیای ناکاتەوە. لە پایزی ١٨٢٠دا لەسەر ئامۆژگاری پزیشکەکەی، کیتس ڕوودەکاتە (ئیتاڵیا)، بەڵام دوای چەند مانگێک لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا دەردەکەی کۆتایی بە ژیانی دەهێنێ. دوای ئەوەی کیتس پیشەی نەشتەرگەری فێر ببوو، بڕیاری دا وازی لێ بهێنێ و کاتی خۆی تەنیا بۆ نووسین تەرخان بکات، تا وای لێهات لە ساڵی ١٨١٩دا لە ماوەی چەند مانگێکدا زۆربەی شاکارە شیعرییەکانی بنووسێ. هۆکاری ئەوەش



کیتس

دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ لەو بیرۆکانەی لە مێشکیدا دەربارەی شاعیر کەڵەکە ببوون، لەوانە شاعیر ناتوانێ شیعر بنووسێ ئەگەر باری دەروونی و جەستەیی پێویستی بە حەسانەوە هەبێت، بۆ ئەوەی هەستەکانی چالاک بن و ئەوەی ئارەزوویەتی دەری ببڕێ و بە وردی تۆماری بکات.

**کاردانەوەی شاعیران**

دەبا بزانین ئاگری ئەو خەم و ژانانە چ کارێکیان کردووەتە سەر بەرهەم و بەهرەیان و چۆن بە نمەبارانی هونەری ڕەسەن باغچەکانیان گەش و تێراو و گیانی بە بەر خۆیان نەمرییان و بە بەرهەمەکانیاندا کردووە.

چیرۆکنووسی گەورەی بەریتانی (سۆمرست مۆم) دەڵێت: «بلیمەتی تۆوێکە هەر لە زەوی و زاری مەینەتی و کڵۆڵی و پەژارەدا چەکەرە دەکات و سەوز دەبێت، پاشان پەرە دەسێنێت و پەل دەهاوێت». جا ئەم ڕایە ئەگەر کەمتر کەسانی تری گرتبێتەوە، بە لای منەوە دەقا و دەق و پڕ بە پێستی ئەو دوو شاعیرە کڵۆڵ و بلیمەتەیە، بەتایبەتیش گۆران.

یەکەم داخی نۆبەرەی گۆران لە تەمەنی ١٦- ١٧ ساڵان بە نووسین (نەک بە شیعر) ئەم زامە ناسۆرەیە: «ئاخ مردن، ئاخ مردن بۆ ناتگەمێ؟» دیارە خەم و ئازارەکەی زۆر سەخت بووە. دەبێ چ وای لەو کوڕە لاوە کردبێ لەو تەمەنە ناسکەدا ئاوات بە مردن بخوازێت؟

ئینجا ژان و ژوارەکانی دەڕژێنێتە نێو شیعرەوە و لە شیعری (بەهەشت و یادگار)دا دەڵێت:

**هەر چەن بەر میلالی فرەم تەنگە قافیە**
**یەک عومری خەم هەناسەیەکی ساردی کافیە**
**خۆزگەی خەمم بە قەڵبەزی سەرچاوەکەی زەڵم**
**چاو وشکی کرد و ئەو وەکو خۆی تافە تافیە**

واتە: هەر چەندە ئەو جۆرە قافیەیە بۆ ئەو پەژارە زۆرەی من کەمە، بەڵام وەک دەڵێن: مشتێک نموونەی خەرواریکە.

گۆران ئەو هەستکردنە بە ناتەواوی و مەینەتییە و ناسینەوەی ڕەگ و ڕیشەی ئەو بەسەرهات و کوێرەوەریانە هەمووی لە سایەی هەست ناسکی و ژیرییەکەی لە قەڵەم دەدات، بۆیە هەرگیز ناتوانێت خۆی لە گەمژەیی و لاساری بدات و بە بێباکی ژیان بباتە سەر. ناچار هەڵچوونی دەروونی بە زەبری بادە فەرامۆش و خامۆش دەکات:

**ساقی بە فیدای دیدەی مەخموورت ئەکەم دین**
**لێوڕێژم ئەوێ پیاڵەی مەی ئەجری سەوابم**

وەلێ لە هەمان کاتدا تەنکی و ناسکی ئەو هەست و ژیرییە دەبێتە هەوێنێکی بزوێنەر بۆ ناخی هونەر.

لە شیعری (بۆ هیوای کوڕم)دا، نیوە شەوێک وەڵامی گریانی کۆرپە ساواکەی دەداتەوە:

**بەڵێ ڕۆڵەم! ئەگەر وەک من کەمێ بەدبەختی ئیدراکیش**
**لە تووشی ڕەش بکردایە نەوەک شەو، ڕۆژی ڕووناکیش**
**هەقت بوو ئەم هەموو گریانی نا مەفهووم و بێ مەعنا**
**زمانی بێ بەسط و تەقریری شکاتت بێ لە دەس دنیا**
**هەقت بوو بێ وچان بگری بەسەر تاوانی باوکیما**
**بەحر پرکەی لە تف بیدەی بە ناوچاوانی باوکیما**

ئەم بیری ڕەشبینییە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیرەکەی شاعیر و فەیلەسووفی عەرەب (ئەبو عەلای مەعەڕری) کە بۆ سەر کێڵەکەی ئەم بەیتەی دانابوو:

**«ئەم گۆڕەم نیشانەی تاوانی باوکمە**
**بۆیە منیش تاوانی وام نەکرد»**

لە سەردەمی ئەم شیعرە و چەند شیعری تریدا شاعیر خەم و بێزارییەکەی زۆربەی خۆیبە و واتای (من) یان زاڵە.

گۆران لە ساڵانی ١٩٢٩- ١٩٣٠وە بە ڕاستی چووەتە نێو جیهانی شیعر نووسین و ئیلهامی شیعریشی بە پلەی یەک لە جوانی وەرگرتووە، ئینجا لە واقیعی نیشتمانەکەی. وەکو شاعیرەکانی قوتابخانەی کۆن گۆرانیش گەلێ شیعری (غەرامی)ی داناوە، بەڵام شیعرەکانی ئەو لاسایی کردنەوەی تێدا نییە و مانای شیعریشی بە جارێ گۆڕیوە و بە تەواوی ڕێگەیەکی تازەی بۆ داناوە. واتە غەرامەکەی گۆران غەرامێک نەبووە کە لە حەکایەتە هەڵبەستراوەکاندا سەرچاوەی گرتبێ، بەڵکو غەرامێک بووە کە لە کانی دڵی شاعیرێکی جوانناسدا هەڵقوڵیوە.

گۆران هەرچەندە زمانی ئینگلیزی زۆر باش نەزانیوە، بەڵام بە دوای شیعری ئینگلیزییەوە وێڵ بووە و چاوی بە ئیلهام و داهێنانی نێو شیعری ئینگلیزیدا ڕوون بووەتەوە. ئینجا وردە وردە دەستی کردووە بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی ئینگلیز (بایرۆن) و (شیلی) و (کیتس) کە کاریگەرییان بە ڕوونی لە نێو شیعرە ڕۆمانسییەکانیدا دیارە، بەتایبەتی (بۆ بلبل) کە لە قۆناغی یەکەمی نووسینیدا بووە. گۆران وێڕای بەکارهێنانی شێواز و وێنەی ڕۆمانتیکی لەو شیعرەدا، بەڵام توانیویەتی تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی واقیعیانە کێشمەکێشی نێوان هونەرمەندی بیر ئازاد و کۆمەڵە دواکەوتووەکەی دەربڕێ، تەنانەت عەودالبوونی بە دوای ئازادی، ئیرەیی لە دڵدا دروست دەکات و زۆر غەمبار دەبێت کە ناتوانێ وەکو بلبل بخوێنێ و پڕ بە دڵی ئەم چڵ و ئەو چڵ بکات، چونکە ژیان تەنگی پێهەڵچنیوە و بە نیگەرانی و تاریکییەوە تۆقاندوویەتی:

**منیش دەروونم شاد بێ،**
**ملم لە بەند ئازاد بێ،**
**دەورویشتم گوڵزار بێ**
**عومرم یەکسەر بەهار بێ**
**بەرەڵلا بم، باڵدار بم،**
**دوور لە مەینەتی شار بم.**
**خواردنم، جل و بەرگم**
**بە ئابرووم، خوێنی جەرگم**

**نەبێتەماڵ لەسەرم،**
**بێ منەت بێ و بێ شەرم.**
**بەستەی وات بۆ ئەخوێنم**

شاعیر بەهۆی سادەیی و دەست و پێ سپیاتی و بێ ئومێدی لە بری ئەوەی ئەو واقیعە تاڵە زانستییانە شی بکاتەوە، ئەوە ڕۆمانسییانە دڵی خۆی دەلاوێنێتەوە و ڕاکردن لە شار و فڕین بەرەو جیهانی ڕۆمانتیکی بەچارەسەر دەزانێ، چونکە وەکو خۆی دەڵێ، ئەگەر پاروە لە خوێن و فرمێسک هەڵێنجراوەکەی نەبوایە و کووخە تەنگ و تاریکەکەی قەفەس ئاسا کە لە هەژاری و نەداری بەولاوە هیچی تری تێدا نابینرێ نەبوایە، ئەویش وەکو بلبل دڵی خوێنەران و بیسەرانی بە سروود و لیریکەکانییەوە دەهێنا جۆش و خرۆش.

دیارە گۆران لە دەروونەوە وەکو شاعیرێکی ڕاستگۆ و بێ ریا هەستی بە تەنگیی ئاسۆی ئازادی جەوری کاربەدەستان و چەپۆکی زەمانە کردووە، یان وەکو فەرمانبەرێکی بچووک و بەسەزمان ئەندێشەی بووە. با لە شیعرەکەی (گەورەیەکی شیعر دۆست) وردبینەوە:

**لە پێش هەموو شتێکا چونکە کوردم**
**چۆلەکەی ناو هەزاران داوی وردم**
**باڵی فڕین، دەنووکی هاوارکردن**
**زیاتر چەقۆم نزیک ئەخا لە گەردن**

سەردەمێک بەسەر گۆراندا دێت کە لە دەست بوختانکەران و پیلانگێڕان و دڵڕەشان و شەڕفرۆشان هەراسان دەبێت و ئاسۆ بە جارێک لە پێش چاویدا تاریک دەبێت وەک لە شیعرەکەی (لە بەندیخانە)دا هاتووە:

**بولبولێ بووم ئامادە بووم هەتا بمێنم**
**بە نانی وشک بەرگی پەلاس بۆ گەل بخوێنم**
**بەلام گەلی بە شرینقە خەو لێخراوم**
**گوێی نەدامێ هەتا کەوتم چلکن بوو ناوم**
**ئەی تریفەی مانگی سپی دەرکی دەلاقە**
**با پیس نەبی قەت خۆت مەدە لەم کوردی عیراقە**
**ولاتەکە داگیرکرا نەتەوە دیلە**
**باو لای دوژمن نامەردێتی مەردی زەلیلە**

سەبارەت بە شیعرەکەی (پایز)یش من پێم وایە شیکردنەوەی بەشێکی ئەو شیعرە لەلایەن (کاک عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا)وە لە وتارەکەیدا «بونیادی مات بوون» کە لە گۆڤاری (کاروان ژ ١٢٤)دا بلاو ببۆوە شیکردنەوەیەکی مەنتیقییە کە دەڵێت: « (مات بوون) لە شیعرەکەی «پایز»دا گەڕانەوە بۆ دواوە و دەوری منداڵی و خەون و یادەوەرییەکان دەردەبڕێ، بە جۆرێکی دیکەش گەڕانەوەیە بۆ غەریزە خەفەکراوەکان» ، بەلام لەگەڵیدا نیم کە دەڵێ «ئەگەر ئەو (گریانە)ی گۆران هێزێک بێت و بەرامبەرکێی سروشت (پایز) بکات، کەواتە کۆتایی هێنانی دەق بە وشەی (پایز! پایز! پایز) گوزارشت لە هێنانەوەی دووبارەی هەمان ترس دەکات، ئیتر لەبەر ئەوەی پایز ئەزەلییە، ئەلتەرناتیڤەکانی «من»ی گۆران هەمیشە وەک کردارێکی پەرپووت لە دۆڕانێکەوە بۆ دۆڕانێکی تر هەنگاو دەنێن»

**پایز! پایز!**
**بووکی پرچ زەرد،**
**من مات، تۆ زیز**
**هەردوو هاوەدرد!**
**..........**
**هەر چەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین،**
**ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین،**
**پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین،**
**بگرین.. بگرین.. چاومان نەسڕین**
**هەرگیز، هەرگیز،**
**پایز! پایز!**

من وای دەبینم، هەر وەکو لە پێشتر ئاماژەم پێ دا، بیر و هزری ڕۆشنبیری و سیاسی گۆران لەو سەردەمیدا هێندە پتەو و چڕوپڕ نەبووە؛ واتە توانای لێکدانەوە و شیکردنەوەی سنووردار بووە، بۆیە ورەکەشی هەر سنووردار بووە و ناوە ناوە تووشی بێ ئومێدی هاتووە و لە تاواندا گریاوە- نەک وەکو (کاک عەبدولموتەلیب) لە گریانەکەیدا دەڵێت: «ئەگەر گریانەکەی گۆران هێزێک بێت و بەرامبەرکێی سروشت بکات...» هەر لەبەر هەندێش من ئەلتەرنیتەڤەکانی «من»ی گۆران (ئەگەر هەیبێ) بە دۆڕاو نازانم، بەڵکو بە پەککەوتەیی و بێ چارەیی دەزانم. گۆران هەرچەندە لە ژیانێکی زۆر سەختدا بووە، بەلام لە سەرەتادا نەیتوانیوە هۆکارەکانی بزانێ و

هەردوو تەوەرە کۆمەڵایەتییەکە تێبگات کە ڕەوا و ناڕەوا و ئازادی و کۆیلایەتی و بەختیاری و کڵۆڵی لێک جیا دەکاتەوە، هەروەها نەیتوانیوە لە حەتمییەتی مێژووی تێبگات بۆ مسۆگەرکردنی دوارۆژێکی ڕووناک، بۆیە هەمیشە کۆمەڵێک پرسیار و سەرسوڕمان لە مێشکیدا خولاونەتەوە و ئەویش هەر خۆی هەوڵی داوە وەڵامیان بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام ئاسانیش نەبووە بۆی:

**بۆچی زاین؟ کەی، چۆن ئەمرین؟**
**چیمان لێ دێ کە مردین؟**
**چی راستە؟ چی درۆیە**
**کام شت ئەنجام؟ کام هۆیە**
**یان تەنانەت بۆچ ئەگەرین؟**
**فرمێسک لە چاو بۆچ ئەسڕین**

سەرەڕای هەموو ئەوانەش گۆران کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەکی زۆری شاعیرە ڕۆمانسییەکانی ئینگلیز وەکو (وۆردزوێرس) و (شیلی)، بەتایبەتی (کیتس) و شیعرەکەی (بۆ پایز) و (بۆ بلبل).

وەلێ گۆران تووڕەیی و ڕق و کینەی لە تەڵەکەباز و دەجالەکان نەدەشاردەوە، چونکە ئەوانەی بە ئەفیونی گەل دەزانی، بەتایبەتی خەڵکی سادەو نەفام، بەڵام لە حەق کەسانێکی وەکو (دەروێش عەبدوڵڵا)ی نەناسراو نەدەهاتن. بۆیە گۆران هانی دەدا ئاوازی نایەکەی لەگەڵ دڵی ئەو خەڵکە خەمخۆرەی هەست بە ئێش و ئازاری خێڵە کوردەکان دەکەن بگونجێنی:

**ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا و خرۆشی ڕۆحی بێگانە**
**میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عەبدوڵڵا،**
**دەخیلت بم دەسا بەو لاوک و ئای ئای و حەیرانە**
**شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە!**

(جۆن کیتس)یش (گۆران) ئاسا بەدەر نییە لە وتەکەی (سۆمرست مۆم): «بلیمەتی تۆوێکە هەر لە زەوی و زاری مەینەتی و کڵۆڵی و پەژارەدا چەکەرە دەکات.... تاد» بەڵام بە ڕادەیەکی کەمتر لەبەر کورتی تەمەنی کە تەنیا ٢٦ ساڵ بووە، کەواتە ئێش و ئازاری کەمتر بووە لە هی گۆران، بۆیە کەسانێکی زۆر لەو بڕوایەدان ئەگەر تەمەنی (کیتس) وەکو شاعیر درێژەی هەبوایە، ئەوا پلە و پایەی لە هی (شێکسپیر) کەمتر نەدەبوو.

کیتس سەرەتای شیعرەکانی بە هەندێ سۆنیتە دەست پێکرد کە هەوڵێک بوون بۆ گرتنە بەری ڕێبازی (کۆلەریج و وێردزوێرس و لامپ) کە بە گوێرەی سەردەمی خۆیانەوە بە ڕێبازی زانستییانەیان ناو دەبرد.

لە ساڵی ١٨١٨دا، وردە وردە شیعرەکانی پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینی، بەتایبەتی دوای ئەوەی شیعری (ئێندیمۆن)ی بڵاوکردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کیتس کەوتە بەر ڕەخنەی توند و تیژ بە بیانووی ئەوەی شیعرەکانی لە هەست ناسکی و سۆز و خەیاڵ دوور کەوتنەوە، واتە دوورکەوتبوونەوە لە ڕۆمانسییەت. ئەوان ڕەخنەکانیان تا ڕادەیەک بەجێ بوون، چونکە ئەو ڕۆمانسەی ئەوان دەیانویست، کیتس دەستی کرد بە ڕەتکردنەوەی و شاعیرانی وەکو (وێردزوێرس) و (کۆلەریج)ی بە «خۆپەرست» زانی و هەریەک لە (لیی هەنت و تۆم مۆر و سەزەری و ڕۆجەرس) بە لیریکنووسی ساختەکار. هۆکاری سەرەکی ئەو هەڵوێستەش ئەوە بوو ئەوانی بە (خەوبین و فانتازی) دادەنا کە جیهانیان هەراسان کردبوو.

ڕەخنەی کیتس لە بزاڤی ڕۆمانسی ئەوە بوو کە ئەقڵی پەنهانی (عقل الباطن)ی جەماوەری دەچەوساندەوە. کیتس شیعرێکی دەویست کە بەپێچەوانەی ئەوەوە بێت. لە بری خرۆشاندنی بێ ئاگایی (لا شعور)ی نا مەسئوولانەی ڕۆمانسییەت، کیتس شیعرێکی دەویست دەرمانی هەموو دەردان بێ. شیعرێک کاری لە کۆمەڵ کردبا. لە دوا نامەکەیدا بۆ (فانی برۆن) ئەو خواستەی خۆی بە نموونە ڕوون کردووەتەوە: «ئەگەر جەستەم بەرگەی بگرتایە شیعرێکم دەنووسی کە لە هزرمدا دەخولێتەوە، بیتوانیبا ئەو خەڵکەی هاودەردی منن بلاوێنێتەوە. ئینجا نیشانی ئەو کەسەم دەدا کە وەکو من دڵداری لەگەڵ سەربەستێک دەکات وەکو تۆیە». ئەو شیعرە هەرگیز نەنووسرا و نەدەشیا بنووسرێت، تەنانەت ئەگەر تەندروستی شاعیریش باش بوایە.

هەندێک لە ڕەخنەگرانیش وای بۆ دەچن کە عیشقی جوانی لای کیتس بووبێتە هۆی نووسینی شیعری فەنتازیا و هەڵاتن لە واقیع، بۆیە ئەو پرسیارە دەورووژێنن: «ئایا Belle Dame Sans Merci لە حیکایەتی جنۆکان بەولاوە چی ترە؟ یان بە پێچەوانەوە ئایا ئەو شیعرەی پڕ لە مانا و ڕاستی بێ، چ سۆز و میهرەبانی یەک دەبەخشێ؟» ڕەخنەگران پرسیاری هاوشێوەی ئەوانە دەربارەی شیعری (بۆ بلبل)یشیان

کـردووە: «ئایا ئەو شـیـعـرە ڕاکـردنە لە شـەکـەتی و هەراسـانی و نیگەرانی و هەڵچوون لە جـیـهـانێک کـە تێـیـدا تەنیـا بیـری لێ بکەیتـەوە، ئەوە خـەم و پەژارە دەتخنکێنێ؟ یان کـیـتس لە شـیـعـرەکـەیدا بیـرۆکـەی مردنێکی ئارام ڕەت دەکاتەوە؟»

لە کۆپلەی (٣)ی شیعرەکـەدا هەر چەند شـاعـیـر لە بێـزاری و شـەکـەتی و نیگەرانی ڕادەمـینێ، مـیـزاجی قـوڵتـر دەبێ. دێرەکـانی (٢٦، ٢٧) کـاراترینیـانن لە دەربڕینی پەریشانی شاعیر:

Where youth grows Pale, and spectre-thin, and dies;
Where but to think is to be full of sorrow

**لێرە جحێڵ ڕەنگ زەرد دەبێ و گیانی دەردێ**
**لێرە تەنیا بیر بکەیتەوە خەم و پەژارە دەتخنکێنێ**

کـەچی لە کـۆپلەی (٢) کـێشی خـێـرا و وەسفـە تێـر و تەسەلەکان دڵخۆشی دەبەخشنە نێو شیعرەکەوە:

With beaded bubbles winking at the brim,

**بە بڵقەکانی درەوشاوەی سەر لێوار**

بەڵام لە دێرەکـانی (١٨- ٢٠) مـیـزاجی شـاعـیـر دەگۆڕێت:

And purple- stained mouth;
That I might drink, and leave the world unseen,
And with thee fade away into the forest dim:

**بە دەمی مۆرهەڵگەڕاوم بمنۆشیبا؛**
**جیهانم بە نهێنی بەجێ هێشتبا،**
**بۆ ناو دارستان لەگەڵ تۆ خۆمان حەشار دابا**

لە شـیـعـرەکـانی کـیـتس بە تایبـەتی لە (بۆ بلبل) دا ڕکـەبەری نێـوان چێـژ وەرگـرتن لە جـوانی و لە ڕاسـتی کـوڵینەوە بە ڕوونی بەدی دەکـرێت. لە کـۆپلەی (٨)دا شاعیر دوای تێڕامانێکی تێروتەسەل لە خوێندنی بلبلدا بەئاگادێت. ئینجا دەپرسێ: کام دۆخ نزیکترە لە ڕاستی؟ دۆخی ڕامان یان ژیانی ڕاستەقینە؟:

Was it a vision, or a walking dream?
Fled is that music: do I wake or sleep?

**ئەوە چی بوو! خەیاڵ بوو؟ یان زندە خەو بوو؟**
**ئەو مۆسیقایە باڵی گرت و چوو: ئایا هۆشیارم، یانیش من نوستووم؟**

لە کۆپلەی (٧)دا لە دێڕی (٦١) شاعیر نەمری بلبل بە پێچەوانەی عیشقەکەی خۆی بۆ مردن دەزانێ:

Thou wast not born for death, immortal bird!

**باڵندەی نەمر! تۆ بۆ مردن نەخوڵقاوی!**

دێری (٥١) و (٥٢)ش ڕەنگدانەوەی ئیـرەییـە یانیش خەمۆکییە:

Darkling I listen; and for many a time
I have been half in love with easeful death,

**گوێم لێتە بلبل، چەندان جاریش**
**کەوتوومەتە نێو عیشقی مەرگی بێ ئێش**

من دەڵێم کەسێک ئەگەر لە ژیاندا وا هەراسان بووبێ، دەبێ ئیرەیی چی هەبێ؟

کۆپلەی (٥) خەماویترین دێر بەخۆوە دەگرێت:

I cannot see what flowers are at my feet,
Nor what soft incense hangs upon the boughs,

**من گوڵی جوان لەبەر پێیانم قەت ناناسمەوە**
**نە بۆنەکـانی ئەو بوخـوورانەی بە چڵـەکـاندا شۆڕبوونەتەوە**

سروودی «بۆ پایز»یش لەو وێنە و خەیاڵانە بەدەر نییە کە شـێـوازی ڕۆمـانسی بەخـۆوە دەگرێت و وەکـو گریان بۆ ڕابردوو و مردن و خـەمۆکی و لاواندنەوە و سـەرنانەوە بۆ حوکمی قەدەر و ئاخ هەڵکێشان و.... تاد بەتایبەتی لە کۆپلەی کۆتاییدا کە دەڵێت:

While barred clouds bloom the soft- dying day,
And touch the stabble- plains with rosy plains hue;
Then in a wailful choir the small gnats mour
Among the river sallows, borne aloft

Or sinking as the light wind lives or dies;

**کاتێ هەورە یاساغەکان ڕۆژی مردن ڕۆشن دەکەن،**
**پەرێزەکانیش بە گوڵ ڕەنگ دەکەن؛**
**ئینجا پێشوولەکان شیوەنی پڕ زایەڵ دەکەن**
**لە نێوان دار بی ڕووبارا کە خۆڕسک قەد بڵند دەبن**
**یانیش سروە هەبێ یان نەبێ نقووم دەبن؛**

بە هەر حاڵ کیتس لەسەر ڕێبازی پێشووی نەما و چووە نێو جیهانی ڕاستی جدیترەوە، وێڕای نەخۆشی و ورە دابەزینی دەستی کرد بە نووسینی شیعرە نیوەچڵەکەی (هیبریۆن) کە لە هەموو شیعرەکانی سەبارەت بە کێشەی مرۆڤ و شۆڕش بایەخدارتر بوو. ژیانی کیتس وەکو شاعیر لە پێنج ساڵ زیاتری نەخایاند، وەلێ وێڕای نەهامەتی و نەداری و مەرگی براکەی و نالەباری تەندروستی خودی خۆی، توانی سێ کتێبە شیعر بە چاپ بگەیەنێت، هەروەها چەندان نامەی درێژ دەربارەی گەشتەکانی، یان هەست و هزرەکانی بۆ برا و برادەرەکانی و بۆ خۆشەویستەکەی (فانی برۆن) بنووسێ.

بۆ پشت لە «خەون و خەیاڵ» کردن، کیتس وێنەی ناو «بۆ بلبل» تەنیا وەکو «زندە خەون» وەسف کرد و بێدەنگی شیعری «poetic silence»ی خودی خۆیشی مەحکووم کرد، بەڵام ڕۆمانسییەکەی گۆران گەیشتبووە ئەو ڕادەی بە تەواوی جیاواز بوو لەگەڵ ڕۆمانسی کلاسیکی کە گوزارشت لە ئاخ و ناڵە و حەسرەت و فرمێسک ڕشتن بۆ ڕابردووی دەکرد. ڕۆمانسیەتی گۆران ئامرازێک بوو بۆ دەربڕینی نەهامەتی و مەینەتی و جەور و ستەم و سەختی زەمانە. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە لە سەرەتاوە بە هۆی ئینگلیزییەوە گۆران بە دوای تیۆری (هونەر بۆ هونەر) دەرۆیشت و ئەم جۆرە ئەدەبەی دەخوێندەوە وەکو بەرهەمەکانی جۆن کیتس و ئۆسکار وایلد، بەڵام وردە وردە بەرچاوی ڕووناکتر بووە و ئاسۆی بیرکردنەوەی ئەوەندە لێڵ و تەماوی نەماوە و ڕەگی نوێ و مەبەستی تازەی بۆ ژیان و ڕزگار و نەتەوە و بایەخی مرۆڤ و پێشکەوتن و سەربەستی لە دایک بوون و ڕێبازی فەلسەفەی خۆشەویستی ژیان و پاککردنەوەی دەروون لە ژەنگ و ژارە کوشندەکانی نائومێدی و ڕەشبینی گرتەبەر. لە شیعری (سەوزەگیای پایز) وەک گۆڕینی ڕێبازەکەی، شاعیر بە ورەی بەرز ئیرادەی نوێی خۆی ڕادەگەیەنێ:

**منیش لەمەوپاش وایە بڕیارم**
**تیشکی خۆر بێ لام نازخەندەی یارم**
**تا گەرمایی ژین ماوە شادی کەم**
**ئیتر واز بێنم لە ئاشنایی خەم**

شاعیر و ڕەخنەگر (عەبدولڕەزاق بیمار) لە وتارەکەیدا بە بۆنەی کۆچی دوایی گۆران دەڵێ: «تۆ وازت لە فرمێسک هێنا و ڕێگای سەروەریت گرتەبەر... لە پێناو ڕاستی و لە پێناو خەبات بۆ ئاواتە گەورەکان»

هەڵبەتە ڕەخنەگر لە وتەکەیدا مەبەستی ئەوە نەبووە کەوا گۆران بە یەکجارەکی وازی لە ڕۆمانسیەت هێنابێ و ڕێچکەی ڕیالیزمی گرتبێتە بەر، چونکە لە سەدەی بیستەمەوە نووسەران چیتر ڕۆمانسیان بە پێچەوانەی ڕیالیزم دانەدەنا. دووپاتیشیان کردەوە کەوا مرۆڤ لە ناوەوەیدا جیهانێکی لێڵ و ئاڵۆز و سەربەخۆیە و زۆر شت دەگرێتە خۆیەوە، لە ئەنجامدا بەشێوەی ڕێژەیی سەیری کێشەکە دەکرێت، واتە ناکرێت بەرهەمێک یان شاعیرێک بەشێوەیەکی ڕەها بە ڕۆمانسی، یان ڕیالیزمی دابنرێت لەسەر ئەو بنەمایەی هیچ شتێک لە ژیاندا ڕەها نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانسی شۆڕشگێڕی هێشتا هەر وەکو دڵی زیندووی شیعرەکانی گۆران بوو:

**ئەی لاوی کورد! پڵنگی لان!**
**کوڕانە بازدەرە مەیدان،**
**حەق بستێنە بە ڕەنجی شان**

تەنانەت نەک هەر لەسەر پەڕی کاغەز، بەڵکو بە هەموو توانایەوە لە بەردەم مایکرۆفۆنی وێسگەوە هاوار دەکا و دەڵێ:

**دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین**
**هەتا کەی بەسستی و بە پەستی بژین**
**پەلاماری، ئەی کورد عەرەق ڕشتنێ**
**لە دڵ کرمی ناکۆکی دەرکردنێ!...**

لە ڕاستیدا لە شیعرەکانی گۆراندا ڕەنگدانەوەی بزاڤی سیاسی (شێخ مەحموود) و بزاڤی سیاسی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد کە لە ساڵی ١٩٤٦دا سەرکەوتنی وەدەست هێنا بەسەرۆکایەتی (قازی محەمەد) وەدی ناکرێت وەکو بابەتێکی سەربەخۆ و دیار، هۆی ئەمەش تا ئێستا تا ڕادەیەک نادیارە. دەشێ تێنەگەیشتن لە

هەڵوێستی شاعیر لەو بارەیەوە بوویێتە هۆی رووبەڕووبوونەوە و تۆمەتبارکردنی لەلایەن هەندێ لە نووسەرانی کوردەوە بە درێغیکردن لە تەرخانکردنی شیعرەکەی بۆ کێشەی نەتەوەکەی و خەبات بۆ رزگارکردنی. هەروەها بە نارەوا دانانی رێبازە نێو-نەتەوەییەکەی کە بە هێزترین لایەنە شیعرییە نێگەتیڤەکانی دەربارەی کێشە نەتەوەییەکەی گەلی خۆی پێک دەهێنێت. بۆ نموونە لە یەک لە وتارە رەخنەییەکانی لە گۆڤاری (رۆژی نوێ)دا، (کامیل بەسیر) دەڵێت: لەو کاتەی کەوا گۆران وێڵە بە دوای خەباتی گەلی کۆریا، گەلی کوردی خۆی لەبیرکردووە.

لە راستیدا تۆمەتبارکردنی شاعیرێکی وەکو گۆران و شێواندنی بیر و بۆچوون و هەڵوێستەکانی بەو رادە و بەو شێوەیە بە راست نازانرێ، چونکە کەس نییە نەزانێ شیعری گۆران روونترین ئاوێنەی گەلی کورد بووە. ئا ئەوەتا بۆ هەڵۆ بەگی شەهیدی بیر و گەل، هەڵوێستە دەکا و دەڵێ:

**بڵێ: بەو بووکی تازەی یەکشەوەم گەر هاتە سەر نەعشم**
**نەڵێ: خۆی بۆ وەتەن کوشت و لە رێی عەشقی منا، نەژیا**
**وەزیفەم بوو، لە پێناوی ولاتێکا سەرم بەخشم**
**کە تۆی پەروەردەکرد بۆ من، لە داوێنی چیا و کەژیا**
**ئەگەر خوای گەورە بەخشی پێت، هەتیوێ پێی بڵێ رۆڵە**
**لە من فرمێسکی ویست باوکت، لە تۆش داوا ئەکا تۆڵە**

خۆ خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی لێک جیا نەکردووەتەوە و زۆر روونە:

**ئەی لاوی کورد، ئەی رۆڵەی ژێر**
**ئەی نیشتمان دیلی زنجیر،**
**ئەی کۆمەڵ یەک چینی فەقیر**
**نابێ هەرگیز دەرکەی لە بیر**
**ئەو ئیستعمارە خوێن مژە**
**کە کورد کوژە، هەژار کوژە**

بەڵام لە پاشاندا هۆشیارییە چینایەتییەکەی گەشە دەکا و پێشکەوتنی بەسەردادێت وەکو کاردانەوەی رووداوەکانی ژیانی رۆژانە، چونکە ئیتر تێگەیشت کەوا دوژمنی چینایەتی بەرجەستە ناکرێت تەنیا لە ئیستعمار و ئیمپریالیزمدا نەبێ، بەڵکو لە داگیرکەر و زۆردارانیشدا. ئا لەو شیعرەدا شاعیر بەجیا باسی لە ئیسعمار و داگیرکەر کردووە:

**ئەی لاوی کورد! پڵنگی لان!**
**کوڕانە بازدەرە مەیدان،**
**حەق بستێنە بە رەنجی شان**
**بۆ گشت هەژار، بۆ گشت ئینسان!**
**لە کێ؟ یەکەم لە ئیستعمار**
**ئەمجا داگیرکەر و زۆردار!**

سەرەڕای ئەوەش گۆرانی شاعیر لە ژمارەیەک لە وتارەکانیشیدا ئامۆژگاری لاوان دەکات و هانیان دەدات فۆلکلۆری گەلی خۆیان خۆش بووێت و بیپارێزن:

**دەخیلت بم دەسا بەو لاوک و ئای ئای و حەیرانە**
**شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە!**

ئیتر دەرحەق بەو کەسانەی لە گۆران نەگیشتوون، یان نەیانویستووە تێی بگەن هەر هەندە ماوە بڵێم: ئەو کەسە کەسە، ئەلفێکی بەسە!

**دوو شیعری هەردوو شاعیر وەک نموونە:**

**بۆ بولبول**

**جۆن کیتس**

**دڵم ژان دەکات و هەستم سڕە، لە ئازار پڕە**
**وەک بڵێی ژەهری (هێملۆک)م چەشتووە،**
**یان دەرمانێکی کالی (ئۆپییەت)م بەتالی زێراب کردووە**
**دوای یەک خولەک بەرەو رووباری (لیز) نقووم بووە:**
**ئیرەییم نییە،**
**بەڵکو زۆر شادم بە شادمانیت،**
**کە پەری درەخت و باڵ سووکی وەک تۆ**
**بە ئاوازی خۆش و ژێر سێبەری چڕ،**
**پڕ بە گەرووەکەت و زۆر بە ئاسانی،**
**بۆ هاوین دەچڕی بەستە و گۆرانی.**

* * *

خۆزگە بۆ فرە شەڕابێ
ساردکراوی لە مێژینەی ناو چاڵێکی زۆر قووڵ بێ،
جا چێژ وەرگرم لە گوڵ و گوڵزار، لە دەشت و چۆڵی دێهاتی ئاودار
لە سەما و بەستەی (پرۆڤینچەوە) و لە بەزمی پێش هەتاوی گەرم!
خۆزگە بۆ دەفرێکی پڕ گەرمی باشوور!
پڕ بێ لە (هیپۆکرین)ی ڕاستەقینەی سوور،
بە بڵقەکانی درەوشاوەی سەر لێوار،
بە دەمی مۆرهەڵگەڕاوم بمنۆشیبا،
جیهانم بە نهێنی بەجێ هێشتبا،
بۆ ناو دارستان لەگەڵ تۆ خۆمان حەشار دابا:

* * *

دوور دوور بڕۆین، بزربین و لە بیرکەین
ئەوانەی تۆ لە نێو گەڵادا نەتدیبن،
شەکەتی و هەراسانی و نیگەرانی و ژان و ژوار
لێرە پیاو دادەنیشن، گوێ لە ناڵەی یەکتر دەگرن؛
لێرە ئیفلیج دواترین قژی سپی دەلەرێنێ،
لێرە جحێڵ ڕەنگ زەرد دەبێ و گیانی دەردێ؛
لێرە تەنیا بیربکەیتەوە خەم و پەژارە دەتخنکێنێ
لێرە چاوکز پەکی دەکەوێ؛
لێرە چاوی جوان گەش نامینێ،
عاشقیش هێندە شەیدای نابێ.

* * *

دوور بڕۆ دوور، من بە باڵ دێم بەرەو تۆ،
نەک بە پەیتوونی «باکۆس» و پڵنگەکانییەوە،
بەڵکو لەسەر باڵە پەنامەکانی شیعرەوە،
هەرچەندە مێشکی زەبوونم شێواو و گێر خواردوو دەبێ:
بەڵام هەر لە ئێستاوە شەو زۆر خۆشە لەگەڵ تۆ،
شاژنی مانگیش لەسەر تەخت دڵخۆش و بەختەوەر دەبێ،
ئەستێرە دواکەوتووەکانی لە دەور کۆدەبنەوە؛
بەڵام لێرە ڕۆشنایی نییە،
جگە لەوەی لە ئاسمانا لەگەڵ سروە هەڵدەکا
بە نێو تاریکی سەوز و قەوزەی ڕێگای پێچاوپێچەوە.

* * *

من گوڵی جوان لەبەر پێیانم قەت ناناسمەوە،
نە بۆنەکانی ئەو بوخوورانەی بە چڵەکاندا شۆڕبوونەتەوە،
بەڵام بە شەوی پڕ بۆنی مۆمیا شتی جوان و خۆش هەڵدەسەنگێنم
کە لە مانگی خۆی زۆر شت دەبەخشێ:
گیا و دەوەن و بەرداری چۆڵێ؛
داری گێوژی سپی و شیلەی گوڵ،
وەنەوشەی ژاکاو لەناو کۆمەڵێ گەڵای داپۆشراو؛
لەگەڵ نۆبەرەی ناوەندی مایس،
گوڵی میسکی نوێ پڕ لە تنۆکەی خوناوی شەڕاب،
شوێنی مێشوولەی پڕ لە وزەوزی شەوانی هاوین.

* * *

گوێم لێتە بلبل، چەندان جاریش
کەوتوومەتە نێو عیشقی مەرگی بێ ئێش،
بانگم کرد بە چەندان ناوی ناسک و جۆرەها سەروا،
بۆ دەرهێنانی هەناسەی متم؛
ئێستا لە هەردەم ئامادەترە بەرانبەر مەرگم،
بۆ وەستاندنی لە نیوەی شەوا بێ ئازار و ئێش،
لەو کاتەی کە تۆ ڕۆحت بەرەڵڵای دەرەوە دەکەیت بەو مەستییەوە،
تۆ وا دەخوێنی و منیش گوێم گران-
بۆ لاوانەوەت من دەبمە گڵی سەر گۆڕەکەت.

* * *

باڵندەی نەمر! تۆ بۆ مردن نەخوڵقاوی!
چ بەرەبابێکی برسی پێ لە تۆ دەنێت؛
ئەو دەنگەی ئیمشەو من گوێم لێیەتی
شاهەنشا و جووتیار گوێیان لێبووە:
دەشێ هەر هەمان گۆرانی بووبێ
چووبێتە نێو دڵی (ڕووث Ruth)ەوە، کاتێ هەستی بۆ ماڵ جوولایەوە،
لە نێوان دەغڵی بێگاناندا هەڵساوە پێوە، فرمێسک لە چاوانییەوە ڕژا؛
هەر هەمان دەنگ بووە بۆ چەندان جار
سیحری کردووەتە ئەو پەنجەرانەی
دەڕواننە کەفی دەریای ترسناک لە وڵاتانی دوورلێکەوتووا.

* * *

دوورلێکەوتوو! هەر هەمان وشە وەکو زەنگ وایە
بۆ گەڕانەوەم لە تۆوە بۆ خودی تەنیای خۆم!
ماڵاوا! خەیاڵ ناگاتە ڕادەی جنۆکە لە فێڵبازیا
ماڵاوا! ماڵاوا! سرووده خەمناکەکەت دەڕوا نامینێ.
بە ڕۆخ مێرگە نزیکەکانەوە

بەسەر جۆگەلەی خامۆش و بەرەو سەرووی گردەوە،
ئێستاش وا نێژراوە لە نێو
زەویە والآ و قوولەکانی دۆڵەکەی ڕۆخمانەوە:
ئەوە چی بوو؟! خەیاڵ بوو؟! یان زندەخەو بوو؟
ئەو مۆسیقایە باڵی گرت و چوو: ئایا هوشیارم یانیش
من نووستووم؟

## بۆ پاییز

**جۆن کیتس**

وەرزی تەم و مژ و میوە گەیشتن!
هاوڕێی بە سۆزی خۆری تێر ڕۆشن؛
هاوکارن بۆ بڕشتکردنی دار مێو
کە دەوری پووشی پاساری داوە؛
بۆ چەماندنی چڵی دارەکان بەسێوی گران،
بۆ ڕەساندنی میوە بە گشتی تا ناو کرۆکیان؛
بۆ پڕکردنی کوولکە و بندق
بەناو کرۆکی شیرین و پتەو،
بۆ پشکوتنی خونچە دوای خونچە، تا دەبن بە گوڵ لەبۆ
هەنگەکان،
تا وا تێدەگەن ڕۆژانی گەرم قەت کۆتاییان پێ
نەهاتووە،
چونکە هاوینە شانە لیچ و شێدارەکانی سەرڕێژ
کردووە.

* * *

کێ بێ تۆی زۆر نەدیبێ لە عەمباردا؟
جاری وا دەبێ هەر کەسێ دەرکەوت بە دوادا گەڕێ
لەنێو عەمباردا بتبینێ بێباک دانیشتووی لەسەر
زەویدا،
بەبای شەنە قژی نەرمت وەردەگەڕێ،
یانیش لەسەر خەتە جووتی نیمچە درواودا نووستووی،
دووکەڵی خەشخاشە خەوت بۆ دەهێنێ،
بۆیە داسەکەت ڕیزەکەی تری دەغڵی تێکئاڵاو بەجێ
دەهێڵێ
جار بەجاریش هێشووگەر ئاسا؛
سەری هەدارت بۆ ئەوبەر جۆگە دەپەڕێنییەوە
یانیش لە تەنیشت مەنگەنەی سێوا بە ئارامییەوە؛
سات دوای سات چاوت لە دوا تنۆکەکانی دۆشاوی
سێوە.

* * *

کوا گۆرانییەکانی بەهار؟ بەڵێ کوا لە کوێن؟
نەکەی بیریان لێ بکەیەوە، تۆش مۆسیقای خۆت
هەیە،
کاتێ هەورە یاساغەکان ڕۆژی مردن ڕۆشەن دەکەن،
پەرێزەکانیش بە گوڵ ڕەنگ دەکەن؛
ئینجا پێشوولەکان شیوەنی پڕ زایەڵ دەکەن
لە نێوان دار بی ڕووبارا کە خۆرسک باڵا بەرزن
یان نقووم دەبن بەپێی هەبوونی و نەبوونی سروە؛
بەرخی هەراشیش لە نێوان گردان بە دەنگی بەرزیان
خۆش دەباڕێنن؛
چیچرکەکانیش گۆرانی دەچڕن، ئێستاش بە دەنگ و
ئاوازی نەرم
باڵندەی سنگ سوور لە نێو باغچەدا وا دەخوێنێ؛
پەڕەسێلکەش بە کۆمەڵ وا لە ئاسمانا دەجریوێنن.

## پاییز

**گۆران**

پاییز! پاییز!
بووکی پرچ زەرد،
من مات، تۆ زیز:
هەردوو هاودەرد!

من فرمێسکم، تۆ بارانت؛
من هەناسەم، تۆ بای ساردت؛
من خەم، تۆ هەوری گریانت...
دوایی نایە: دادم، دادت
هەرگیز، هەرگیز،
پاییز! پاییز!

پاییز! پاییز!
شان و مل رووت،
من مات، تۆ زیز،
هەردووکمان جووت

هەر چەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین،
ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین،
پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین،
بگرین... بگرین... چاومان نەسڕین،

**هەرگیز، هەرگیز،**
**پایز! پایز!**

**سەری بۆ کەچ ئەکردم،**
**سوجدەی ئەبرد، وەک بردم!**

## بۆ بلبل

**گۆران**

**شیعری من کامیان چا بێ**
**ئەمجا بێ فرمێسک نابێ؛**

**هەر خەمە و هەر هەناسە،**
**یادە و، ئەندێشەو، تاسە...**

**شیعری تۆ گشت نموونە**
**ئاوی سەرچاوەی ڕوونە،**

**سەربەست ئەڕوا و خوڕەی دێ،**
**ئەمیان لە کوێ، ئەو لە کوێ؟**

**ئەم شیرینی ئەو تاڵی،**
**ئەو فەصاحەت ئەو لاڵی،**

**ئەمیان ئاوازەی شادی،**
**ئەویان نووزەی بەربادی...**

**بەڵام بلبل، ئازایی**
**ئەوەیە نەبی بایی،**

**ئەم بەهرە و ئەو هونەرە!**
**ئەگەر یەزدانی گەورە**

**لەو نیعمەتەی پێی داوی،**
**تۆزێکی نەک تەواوی**

**بەم شاعیرە هەژارە**
**ڕەوا بدیایە، دیارە،**

**منیش لە تۆ زیاتر،**
**پەسەندکەر و گوێ لێ گر،**

**فەرهەنگۆک:**

* ژەهری هێمـلـۆک: ژەهرێکە لە ڕووەکی هێمـلـۆک دەردەهێنرێت.
* ئۆپیەت: دەرمانێکی سڕکەرە.
* پرۆڤینج: ناوی هەرێمێکە لە باشووری فەڕەنسا.
* هیپـۆکـرین: (لە میـتـۆلۆژیای یۆنانیـیـەوەیە) کـانیـاوێکە لەسـەر چیـای (هێلیکۆن)ە کـە لەلایەن نۆ خودایەکەی شیعر و ئاواز پیرۆز بوو.
* باکۆس: خودای شەڕاب (لە کولتووری یۆنانیدا).
* Sad heart of Ruth پێـوەندی بە چیـرۆکی ئینجیلەوە هەیە دەربارەی Ruth کە مێردەکەی دەمرێ سـەفـەر دەکـات بۆ (بێت لەحم) بۆ بەشـداریکردن لە دروێنەی جۆ.
* چیچرک: کلۆیەکی ڕەشە.

سەرچاوەکان:


* The Prelude to Poetry by: Ernest Rhys
* English Poetry by: E.W. Bateson
* Nineteenth and Twentieth Century Verse by: Chris Woodhead
* سـەرجـەمی بەرهەمی گـۆران- دیوانی گـۆران، محەمەدی مەلا کەریم.
* لە بانێژەی شیعرەوە، مەحموود زامدار.
* کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح.
* شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی.
* بونیـادی مـات بوون، گـۆڤـاری کـاروان ژ: ١٢٤ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا.
* الموسوعة، المجلد الحادی عشر.
* شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گوران بقلم: حسين علي شانوف ترجمة: شكور مصطفى.

# ئاوات و شاری دڵ

عەلی گوڵی
(بۆکان)

ئەگەر بە چاوێکی وردبینانە بڕوانینە مێژووی سەدەی ڕابردوومان، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەدەبی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بۆ ماوەیەکی زۆر، زۆرداران دەیانویست بەرەو نەمانی بەرن ئەوەی بەکوردی دەستی بۆ قەڵەم ببردایە، دەکەوتە ژێر گوشار و مەنگەنەی سیخوڕانی حەمەڕەزا و دارودەستەی کۆنەپەرستی پەهلەوی ئەو گڕ و تینەی کە ئێستا بۆ سەهۆڵبەندانی شەختە و ئازارەکانی ئەدەب بۆتە گڕکانێ، دەستە چیلەی بەرهەمی ڕەنجی شانی چەند شۆڕەسواری ئەو مەیدانە بوو (هەژار و هێمن و ئاوات) کە بەڕاستی ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ هێناوە.

بەڵام داخ و مخابن ئەمڕۆ هێندێ لە نووسەرانی ئێمە تەنیا چاویان بڕیوەتە سەر ژیان و بەسەرهاتی نووسەرانی ڕۆژئاوایی و بە چەشنێ لەسەر بەرهەم و چیرۆکی بێگانە دەکۆڵنەوە کە ئەگەر لێیان بپرسین مارکیز چۆن ژیاوە؟ خێرا بۆتی باس دەکەن کە لەکوێ ژیاوە، چی خواردووە، کامە نەخۆشی ئازاری گیانی داوە و چۆنی نووسیوە و لەکوێ لەدایک بووە.

ئەمن ناڵێم هەر تەنیا باسی نووسەران و شاعیرانی کورد بکەن، دژی ئاڵوگۆڕی فەرهەنگیش نیم، خۆ ناشکرێ بەجارێ پشت لە ڕابردووش بکەین، ئەگەر لێیان بپرسن ئێمە فلان مێژوونووسمان بێ سەروشوێن چووە، کەس هەواڵی نازانێ، یان فلان شاعیرمان لە فلان کوێرەدێ ژیاوە خێرا لێت هەڵدەستنە سەر پێ و هاوار دەکەن: «ئەمە مودێرنیزم نییە؛ تۆ باسی چی دەکەی؟» کە بەڕاستی نەخۆشییەکی یەکجار گەورەیە تووشی ئێمە

بووه.

ئەگــەر چاو لە ژیانی چاڕلی چاپلین؛ گــەورەپیــاوی شانۆی پێکەنینی جیهان بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە پشتی لەڕابردووی خۆی نەکردووە. هۆی سەرکەوتنیشی هەر ئەوە بووە.

بە بڕوای زۆر لە پیاوانی گەورە و هەڵکەوتوو، تەنیا شتێ کە مارکس تێیدا سەرکەوتووە ئەوەیە کە ڕابردووی خۆی پشتگوێ نەخستووە، ئاوڕی لە مێژووی خۆی داوەتەوە. مێژووش ئەوەی سەلماندووە کە هەر کەسێ خۆی نەناسێ، مرۆڤ و دەوروبەریشی ناناسێ، چونکە هیچ شک و گومانێک نییە کە گەورەترین سەرمایە و دەسکەوتی گەلەکەمان بەرهەمی شاعیران و نووسەران و بەیتبێژی ڕابردوومانە، کورد وتەنی «ئەو هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ» و لەم کورتە وتارەدا جێگەی نابێتەوە، ئەوەی من لێرەدا مەبەستم بێ، تەنیا یادێک لە شاعیری پایەبەرز سەید کامیل ئیمامی «ئاوات»ە کە هیوادارم ڕۆحی ئەو مەزنە پیاوە شاد کەم، کە لە ژیانیدا قەت بە ئاسوودەیی نەژیاوە، هەمیشە پەپوولەی هەستی لەژێر گــوشــاری بێ هەتاویدا ناڵاندوویەتی و چاوەڕوانی تیشکی هەتاوبووە. تا سەهۆڵبەندانی ئاواتی بە تینی ئەوین بتوێتەوە.

خونچەی شیعری بە پشکۆی دەشت و سارای ئەدەب ڕەنگین کات و گوێڕایەڵی شالوورەی خەیاڵ بێت. ئەوەی شیاوی ئاماژە پێکردن بێ، تا ئێستا کەم کەس باسی شیعر و زمانی (ئاوات)یان کردووە و کەم شتی لەسەر نووسراوە و لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی نەکراوە.

بۆ ئاوات هەر ئەوەندە بەســە کــە (هەژار)ی نەمــر دەفەرمێ: «سەی کامیل چون پەڕیوەتە سەر چڵەپۆپە و لەگۆمی ئەدەبی زمــانی کــوردیدا چون مــەلەوانێکی تاقانەیە بە بیروڕای من هیچ بوێژێکی کورد وەک کامیل ناتوانێ بەهاری کوردەواری وێنە بگرێ».

بەڵێ دیارە «دڵ ئاوێنەی دڵە» دڵ لە شــیــعــرەکــانی ئاواتدا بڵێی چ بێت کە ئەوەندە پاک و بێگەرد و بەسۆزە وەک پەڕەی گــوڵان؛ کــە شــالوورەکــانی دارســتــان بە ئاهەنگی زەمزەمەی ئەو دەچریکێنن. دۆخێکی تایبەتی بە ڕۆحی مرۆڤ دەبەخشێ؛ بەباڵی خەیاڵ دەفڕێ بۆ دنیای ڕازو نهێنی. مەلی ئەندێشەی بە چەشنێ لە باخی ئەدەبدا باڵ دەگرێ کە باخەوانی سەرسام و شەیدای ئەوین دەبێ. غــەزەل کــراسێکە کــە تایبــەتی بەژن و باڵای (ئاوات) دووراوە، مــرۆڤ ســەری ســوڕدەمــێنێ و نازانێ ئەوە چ شارێکە کە دڵۆڤانی و خۆشەویستی شاعیری تووشی دڵەڕاوکێ کردووە. لەگەڵ دڵ دەکەوێتە کێشە و عــەقڵ دەبێتــە ڕێ نیشــاندەری و کۆتایی بەکێشــەی دڵ نایە. مــریدی حــەق و دەروێشی حــاڵ گــرتووی دەروونی لەبەر کانی حەز و خۆزگەی گراوی بێ ئارامە دەڵێ:

**من دەڵێم شاری دڵم، باغ و گوڵستانە کەچی**
**عەقڵ ئەڵێ: نا ، قەسەبەی شۆڕشی مەستانە نەچی**
**من دەڵێم نوختەیی ئەو ڕەوزەنی ئیمانە دەچم**
**ئەو دەڵێ: نا ڕەشە جێراوگەیی شەیتانە نەچی**
**من دەڵێم: مەسکەن و ئارامگەیی جانانە دەچم**
**ئەو دەڵێ، سەربەسەری تێکچووە وێرانە نەچی**

دڵێکی ئاوا گەرم و ئاگراوی بڵێی کامە پەڕی خۆی نیشان دابێ کە ئاوا خەمی مرۆڤ بە شان هەڵدەگرێ و بۆی دەسووتێ؟ بەتینی چ هەستێکە هەڵکزاوە؟ لە بۆتەی قــازانی چ تەنوورێکدا برژاوە؟ ئازاری چ زامــێکە کــە هەتوانی ڕۆژ لەگــەڵ ڕۆژ ئێش و ژانی ئەوەندە زۆرە کــە مەودای بیرکردنەوەی بۆ ناهێڵێ و ناچار دەبێ کامە ڕێگا سەخت و دژوارە بیگرێتەبەر بۆ ئەوەی بە ژوانی دڵ بگا.

دیارە شیعر نووسین بەڵگەی شاعیر بوون نییە؛ ئەوینی شاعیر لە سووتاندایە هەر ئەو سووتانەش وای کردووە دڵی شاعیر لەکڵی نیشتماندا ببرژێ، سووربێتەوە و گۆزەی ئەوینی پڕکا لە ئاوی شەوێ تا گراوەکەی تینوێتی بە ئاوی شاری یەکسانی بشکێ: داخ و مخابن ئەو شارەی شاعیر دەیەوێ تا سەر ژیانی بێ کوڵ و دەهۆ بێ ڕێگای گیراوە، کۆرپەی گڕگرتووی دڵی ڕازی نابێت و ناچار دەبێت ڕێگای مەجنوون بگرێتەبەر و هاوار بکا و بڵێ:

**من دەڵێم: جێگەیی هەر شێت و جنوونانە دەچم**
**ئەو دەڵێ: جێ تەمەعی چاوی حەسوودانە نەچی**
**من دەڵێم: وەختی خەتەر مەئمەن و قەڵغانە دەچم**
**ئەو دەڵێ: کون کونە جێگەی سەرە پەیکانە نەچی**
**لەو هەموو چوون و نەچوونە سەری سووڕما «کامیل»**
**من دەڵێم جوانە بچم، ئەو دەڵێ واجوانە نەچی**

غــەزەلی (ئاوات) ڕووبارێکە بۆ گــەیشتن بەزەریای ئەوین، هەزاران هەوراز و نشێوی بڕیوە. هەزاران درەخت و کــانی کــڕنۆشیــان بۆ چاوی بردووە، تۆفــانی هەست و سۆزی مرۆڤ تووشی خەیاڵ و ئەندێشەی بیری نوێ دەکا. کــوڵ و کــۆی دڵی نەســرەوتووی وای هان داوە، پووش و پەڵاشی لێوار بخاتە لاوە شۆڕشی وشە وەڕێ بخا، ئەم جارە ئاوات بە بیرێکی نوێ تێکۆشاوە تەعبیری ناسک و

جوان بەکاربێنێ بە چەشنێکی وەستایانە و باخەوانێکی شارەزا و کارامە. زانایانە بژاری زمانی بێگانەی بکا. وشەی نامۆی لێ دەرباوێژێ و گوڵ وشەی کوردی بەکاربێنێ هەستی بەشۆڕشێکی فەرهەنگی کردووە.

بەڕاشکاوی بێ باکانە و ئازایانە دژی داگیرکەری ڕژێمێ بووە. شیعری (خاسەکەو) کە بەڕاستی بێ وێنەیە، نیشاندەری زوڵم و زۆری ئەو سەردەمەیە. لەکەس شاراوە نییە کە ڕژێمی پەهلەوی چۆن ئازادیخوازانی ئێرانی ئەشکەنجە و ئازار دەدا. دەکەوتە گیانی شاعیران و نووسەرانێ کە بە قەڵەم دژی ئەو ڕژێمە بوون.

(ئاوات) وەکو مرۆڤێکی نە تەنیا شاعیر، بەڵکو ڕۆشنبیر، زۆر زوو لە فێڵ و دەهۆی دوژمنان گەییوە، بۆیە بە شیعری زوڵم و زۆری کاربەدەستانی کۆنەپەرست ئاشکرا دەکا و خەڵکی بۆ وشیارکردنەوە وەئاگا دێنێ.

**خاسە کەوێ لەو کەژە هەڵنیشتووە**
**خاڵی ڕەش و سووری بە جووت ڕشتووە**
**ڕاوچی هەموو لەو کەوە دەرکەوتووە**
**بۆچی دزە، جەردەیە، کێی کوشتووە**
**باعیسی قەتڵی چییە بیستوویەتی**
**ژینی بە سەربەستییە ویستوویەتی**

ئاوات خەڵکی لەفێڵ و تەڵەکەی سیخوڕان ئاگادار کردووە و ڕێگای ڕاست و دروستی نیشانداون، ئاڵاهەڵگرە و شیعرەکانی بە تەواوی دژی زۆردار بووە. هەر لەسەر شیعرەکانی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە بەندیخانەکانی (بۆکان، سەقز، ورمێ و مەهاباد)دا بەند کراوە، بەڵام ئاوات هەمیشە بەدەست و قەڵەم و نووسین، دژی شا و ڕژێمەکەی کاری دەکرد، چاوی لە خەڵات و بەراتی حکومەت نەبوو، ژیانی زۆر بە سەختی ڕابواردووە، بۆوەی بەسەربەرزی بژی.

ئاوات لە شیعری سروشت پەروەریدا دەستێکی باڵای هەبووە. بەڕاستی لەقەڵەمی ئەو جوان و ڕازاوەیە کە وێنەی ڕەنگی بەهار بگرێ و لەگەڵ ڕۆحی شەیدای بدوێ، بەهاتنی بەهار ئەسپی خەیاڵ بەرەو دوندی چیای ئەندیشە بفڕێ و تێلەکانی تاری دەروونی لەکوڵی بە لەنجەی بلوێری شوانی بەهار دەژەنێ و لەو کاتەدا شاعیر دەرگای گەورەی دڵی دەخاتە سەر پشت، بۆ خۆشەویستی سروشت ئەوپەڕی دڵۆڤانی نیشان دەدا، دەچێتە ناو جەرگەی سروشتەوە و ڕاز و نهێنی لەیەکتر ئاشکرا دەبێ، زامی هەست و سۆزی ئەوین سارێژ دەبێ، هەر چرۆیە پێدەکەنێ و سەما دەکا و سەوزەبا دەشنێتەوە و گوڵاڵەیە چاوبرکێنی دەکا و ئاوە مۆسیقا لێدەدا و ڕازی بەگۆرانی دەڵێتەوە.

**کاتی بەهارە چاوەکەم بێ بچینە باخی دوو بەدوو**
**گوڵ بچنین بە هەردوو دەس بێینە سەما و جوستوجوو**
**ساقی بەهەڵپەڕینەوە دێت و دەچێ لەنێو چەمەن**
**خونچە بە پێکەنینەوە دڵ دەرفێنێ زوو بەزوو**

بەهار لە شیعری (ئاوات)دا وەکو تاڤگەی گۆڤەندی هاوین وایە، بۆیە ڕەنگ و هەوای تایبەتی هەیە، تەشبیهی جوان و وشەی ناسک سەرچاوەی ئیلهامی شیعری ئاواتە. لەگەڵ هەستی بلبل و سۆزی قومری ڕازونیاز دەکا. بەهاری بە نیشانەی ڕزگاربوون لە چنگ زستانی سەخت و دژوار زانیوە بۆیە گۆڤەند ساز دەکا تاکو تاڵی و سوێری ڕابردوو لەبیرکا و بە ئاردی حەقیقەت و ڕەوانبێژی نانی شیر دروست دەکا و تاسەی ڕۆحی تینووی بشکێ بە بزەی لێوو جۆگە و تاڤگە و ڕووبار کوڕوکاڵان بۆ گۆڤەندی شادی پەپوولە و گوڵ بانگ دەکا و دەڵێ:

**خۆشییە، کەیفە، شادییە، بەزمە، هەرایە چۆپییە**
**بەعەشقی بووکی بولبولە خونچە کە بوو کە دڵ خەسوو**
**ڕاز و نیازی دڵ دەکەن بولبول و قومری پێکەوە**
**هەردوو بە فیکری بیکرەوە خونچە بەیەک دەدەن بەشوو**

دەڵێن بۆ یەکەمین جار مرۆڤ کە چووە گۆی مانگ یەکیان وتی: ئاخ بریا شاعیرێکمان لەگەڵ بایە وێنەی گۆی مانگ بگرێت و وەک تابلۆیەک بۆ هەمیشە لە گەردنی مێژوودا دەماوە. ئەوە دەگەیەنێ کە هیچ دووربینی وەکو دووربینی چاوی شاعیر وردبین نییە.

منیش دەڵێم سەد خۆزگە (ئاوات)یان لەگەڵ بایە و ئەو دیمەنەی وەکو ملوانکەی شیعر لە گەردنی مێژوودا دەماوە.

(ئاوات) وەکو پسپۆڕێکی هۆزان دڵی گەورەی بۆ ڕووناکی نیشتمان دەسووتا و تا زیاتر دەسووتا زیاتر ڕۆحی شەیدای ئارامی دەگرت.

داخی گرانم زۆربەی شوێنەوارەکانی لە کەلێن و قوژبنی دیواراندا فەوتاون. هیوادارم دڵسۆزێکی بەتوانا قۆڵی هیممەت هەڵماڵێ و تەواوی شوێنەوارەکانی بەچاپ بگەیەنێ و ڕۆحی ئەو مەزنە پیاوە شاد بکات.

# مانیفێستی کۆڕی ڤیەننا
# تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان

**لەئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەڵاحەدین - کۆلێژی ئەدەبیات)**

## پێشەکی

لەسەرەتای ساڵی «١٩٢٩»زدا مۆریتز شلیک داواکارییەکی گەرم و گوڕی سەرنج ڕاکێشی پێگەیشت بچێ بۆ زانکۆی بۆن. دوای دوو دڵی و ڕاڕایی بڕیاری دا لە ڤیەننا بمێنێتەوە. لەلای ئەو و لەلای ئێمە بەم بۆنەیەوە بۆ یەکەم جار بە ڕوونی هەست بەوە کرا کە شتێکی وەک «کۆڕی ڤیەننا- تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان» : لە ئارادایە.

ئەم کۆڕە ئەم شێوازەی بیرکردنەوەیە بەهاوکاری کاری هاوبەشی هەمووان پێکەوە پتر پەرەپێدەدات. ئەم کۆڕە ڕێکخراوێکی جێگیری نییە: ئەو لە کەسانێک پێکهاتووە کە هەڵوێستێکی بنەڕەتی زانستی وەکیەکیان هەیە. هەریەکێک سەرگەرمی ئەوەیە خۆی لەنێو کۆمەڵەکەدا بگونجێنێ، ئەوی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە بیهێننە پێشەوە. کەس نایەوێ بەهۆی تایبەتمەندی خۆیەوە پێوەندییەکە بشێوێنێ. لە فرە شتدا یەکێکیان دەکرێ نوێنەرایەتی ئەوانی تر بکات، کار و چالاکی یەکێکیان دەشێ بەهۆی ئەوانی ترەوە بکرێت.

کۆڕی ڤیەننا هەوڵدەدات پێوەندی بەوانەوە بکات کە پەیڕەوی هەمان ڕەوت دەکەن کاریش لەوانە بکات کە بیانی و دووره پەرێزن. بەشداربوون لە کارکردن لەنێو ڕێکخراوی یەکێتی ئیرنست ماخ-دا ئەم هەوڵ و کۆششە پشت ڕاست دەکاتەوە. شلیک سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە، لە لیژنەکەیدا چەندین ئەندامانی کۆڕی شلیک هەن.

ڕێکخراوی یەکێتی ئێرنست ماخ بەهاوکاری کۆمەڵەی فەلسەفەی ئیمپری لە بەرلین لە ١٥ و ١٦ی ئەیلوولی (١٩٢٩ز)دا لە پراگ کۆڕێک بۆ تیۆری زانینی زانستە

ڕێک و پێکەکان لە هەمان کات و شوێندا کۆنگرەی کۆمەڵەی فیزیکی ئەڵمان و یەکێتی بیرکار و ماتماتیکیانی ئەڵمان دەگیرێ. سەرەڕای پرسیار و کێشە تایبەتیەکان، لەوێ، بابەتی پسپۆڕیی و بنەڕەتییەکان لێوەیان دەکۆڵرێتەوە. هەروەها بڕیار دراوە، بەبۆنەی ئەم کۆڕ و کۆنگرە و کۆبوونەوەیەوە ئەم مانیفێستە دەربارەی کۆڕی ڤیەننای تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان پەخش و بڵاوبکرێتەوە. ئەم نامیلکەیە لە تشرینی یەکەمی (١٩٢٩)زدا پێشکەش بەموریتز شلیک دەکرێ کە لەو ڕۆژەدا لە زانکۆی ستانفۆردی کالیفۆرنیا دەگەڕێتەوە کە لەوێ وەک پرۆفیسۆری میوان دەستبەکار بووە. ئەم پێشکەشکردنە بۆ دەربڕینی سوپاسگوزاری و دڵخۆشییە بەرانبەر بە بڕیاری مانەوەی لە ڤیەننا.

بەشی دووەمی ئەم نامیلکەیە بیبلیۆگرافیایەکی تێدایە کە بەهاوکاری بەشداربووەکان داڕێژراوە. دەبێ کورتەیەکی تێدا دەربارەی بابەتی ئەو کێشانەی ئەندامانی کۆڕی ڤیەننا، یان لایەنگیرانی ئیشی لەسەر دەکەن پێشکەش بکرێت.

**ڤیەننا ئابی ١٩٢٩ز**
**لەجیاتی ڕێکخراوی یەکێتی ئێرنست ماخ**

**هانز هان**
**ئۆتۆ نویرات   ڕوو دۆڵف کارناپ**

* * *

## یەکەم: کۆڕی ڤیەننای تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان

### ١- پێشەکییەکی مێژوویی:

لەم سەردەمەدا لەلایەن فرە کەسەوە ئەو لافە لێدەدرێت گوایە هزری میتافیزیکی و لاهووتی نەک تەنیا هەر لەژیندا بگرە لە زانستیشدا ئەمڕۆکە لەبرەو و پتر بووندایە. ئایا ئەمە لەخۆیدا بریتییە لە دیاردەیەکی گشتی، یان تەنیا گۆڕانێکی سنووردارە لەنێو هەندێک کۆڕ و کۆمەڵەدا؟!

ئەم لاف لێدانە بە ئاسانی پشت ڕاست دەکرێتەوە ئەگەر بێتو بابەتی ئەو وانانەی کە لە زانکۆکان دەگوترێنەوە و ناونیشانی پەخش و بڵاوکراوە فەلسەفەییەکان سەرنج بدرێن، بەڵام گیان و بیری ڕۆشنگەری پێچەوانەی ئەمە، توێژینەوەی ڕاستییە ئەنتی میتافیزیکییەکان لەم سەردەمەدا لەوەدا بەتین و بەهێز دەبێ کە هوشیارە و هەست بە بوون و ئەرکی سەرشانی دەکات و بە ئاگایە. لە هەندێک کۆڕ و کۆمەڵەدا شێوازی بیرکردنەوەی پشت ئەستوور بە ئەزموون و شارەزایی و Erfahrung دژ بە ڕامان و بیرکردنەوەی ڕووت Spekulation زیندوو و بە گوڕ دەبێ بەو بەربەرەکانێیە بەهێزوتین دەبێت کە پەیدابووە.

لەکاری توێژینەوەی هەموو لقەکانی زانستی ئەزموونیدا گیانی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان زیندوو و بەکارە. لەگەڵ ئەمەشدا بەشێوەیەکی سیستەماتی و بنەڕەتی تەنیا لەلایەن ژمارەیەکی کەمی بیرمەندانی ڕابەرەوە بیری لێ کراوەتەوە و پیادەکراوە، ئەمانیش بەدەگمەن نەبێ نەیانتوانیوە لە دەوروبەری خۆیان کۆڕێکی لەبیرمەندان کە وەک خۆیان بیربکەنەوە، بۆ کاری هاوبەش و هاوکاری کۆبکەنەوە. ئێمە کۆششە دژ بە میتافیزیکییەکانمان، بەر لە هەموو شتێک، لە ئینگلترەدا کە تێیدا دابونەریتی ئیمپریزم (ئەزموونی) هەر بەردەوام زیندووە، بینیوە، توێژینەوەکانی ڕەسل و وایتهێد دەربارەی مەنتیق و شیکردنەوەی هەڵکەوت Wirklichkeit ناوبانگێکی جیهانیان بەدەستهێناوە. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ئەم هەوڵ و کۆشش و ئاراستانە فۆرمی شێواز جیاواز و جۆراوجۆریان پێ براوە. بەواتایەک لە واتاکان دەکرێ جیمس لێرەدا بەنوێنەری ئەمە بژمێرێ. ڕووسیای نوێ، ئەگەرچی بە چەند تەوژمێکی مەتریالیزمی کۆن پشت بەستووش بێ، تاڕادەیەکی فرە سەرگەرمی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهانە. لە کێشوەری ئەورووپادا بەتایبەتی لەبەرلین (رایشنباخ، پیتسۆڵد، گرێلینگ، دوبیسلاڤ و کەسانی تر) و لە ڤیەنناش کۆیەکی کاری بەرهەمهێنەرانە بەئاراستەی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان دەبینرێت.

ئەگەر ڤیەننا زەمینەیەکی لەبارەی ئەم پەرەسەندنە بووبێ، لە ڕوانگە و ئاستی مێژووییە جێگای تێگەیشتنە. لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا ماوەیەکی دوورودرێژ لیبرالیزم ئەو ئاراستە و تەوژمە سیاسییە بووە کە لە ڤیەننا زاڵ و دەست ڕۆیشتوو و بڵاوبووە. جیهانە هزرییەکە لە تەوژمی ڕۆشنگەری و ئیمپریزم و سوودەکی و Utilitarismus بزاڤی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی ئازادی ئینگلتەرەوە کەوتووەتەوە.

لەبزووتنەوەی لیبرالی ڤیەنناوە چەندین زانای ناسراو لەجیهاندا پلەوپایەی ڕابەرییان هەبووە. ئالێرەدا گیانی دژ بە میتافیزیک antimetaphysischer مشت و ماڵ کراوە. تیۆدۆر گۆمپێرتس کە بەرهەمەکانی جۆن ستیوارات مل (١٨٦٠- ١٨٨٠ز)ی وەرگێڕاوە و زۆیس و یۆدل و هەندێکی تر دەهێنینەوە بیرو یاد.

بەسایەی گیانی ڕۆشنگەرییەوە ڤیەننا لە بواری پەروەردەی گەلیی پشت بەستو بەزانست ڕابەر بووە. ئەوکاتە بەهۆی بەشداریکردنی فیکتۆر ئەدلەر و فریدریش یۆدل ڕێکخراوی پەروەردەی میللی دامەزراوە و پتر بەرەوپێش براوە. لەلایەن لودۆ هارتمان کە مێژوونووسێکی ناسراوە، هەڵوێستە دژ بە میتافیزیکی و تێگەیشتنی مەتریالیستیانەی مێژووییەکەی لە هەموو بەرهەمەکانیدا دیارن چەندین «کۆرسی میللی زانکۆیی» و «پەیمانگای میللی» دامەزراندووە. لە هەمان گیان و تەوژمەوە بزووتنەوەی «قوتابخانەی ئازاد» کە پێشڕەوی چاکسازی و ڕیفۆرمەکانی ئەم سەردەمەن، کەوتووەتەوە.

لەم کەش و هەوا لیبرالییەدا ئارنست ماخ ژیاوە (ساڵی ١٨٣٨ز لەدایک بووە) کە وەک خوێندکار و (١٨٦١- ١٨٦٤ز) وانەبێژی تایبەت لە ڤیەننا بووە، لە قۆناخێکی دواتری ژیانیدا گەڕاوەتەوە ڤیەننا کاتێک بە تایبەتی بۆ ئەو پلەی پرۆفیسۆری فەلسەفە زانستە ئیندەکتیڤەکان ساڵی (١٨٩٥ز) دامەزرێندراوە. ئەو بەتایبەتی کۆششی کردووە زانستی ئەزموونی بەپلەی یەکەم فیزیک لەبیروبۆچوونی میتافیزیکی پاک بکاتەوە. لێرە ئەو ڕەخنەیەی لەجێگای ڕەها گرتوویەتی و کە کردوویەتی بەپێشەنگی ئاینشتاین، ئەو خەباتەی کە دژی میتافیزیکی شت لەخۆیداو چەمکی گەوهەر کردوویەتی دەهێنرێنەوە یاد سەرەڕای ئەو توێژینەوانەی دەربارەی بنیادنان و ڕۆنانی چەمکە زانستییەکان لەدوا ڕەگەز و کەرەستەوە کە ئەمانەن هاوردەکانی هەستەکانن Sinnesdaten، کردوونی. لە هەندێک خاڵدا پەرەسەندنی زانست دروستی بابەتەکانی پشت ڕاست نەکردووەتەوە، بۆ نموونە هەڵوێستەکەی دژی ئەتۆمیستیک و ئەو بۆچوونەی کە دەکرێ فیزیک بەهۆی فیزیۆلۆژی هەستەوە پەرەی پێ بدرێت. لەگەڵ ئەمەشدا خاڵە جەوهەرییەکانی بیروبۆچوونەکانی لەپەرەسەندنەکانی دواتر بە ئاریێ و پوزیتیڤ هەڵسەنگێنراون. لە شوێنی ماخ دواتر لودڤیش بۆلتسمان (١٩٠٢- ١٩٠٦ز) دەستبەکار بووە و بەئاشکرا بیروبۆچوونی ئەزموونی (ئیمپرستی) هەبووە.

ئەو کارەی فیزیککار ماخ و بۆلتسمان وەک مامۆستای فەلسەفە کردوویانە، بووەتە مایەی بەتێگەیشتنەوە پەی بردن بەو بایەخە گرنگەی بابەت و کێشەکانی تیۆری زانین و لۆژیک کە پێوەندییان بە بنەماکانی فیزیکەوە هەیە، هەیانە. بەهۆی ئەم کێشانەی بنەماکانەوە چەند هەوڵێکی نوێکردنەوەی لۆژیک دراوە. لەبەرەیەکی ترەوە، لە ڤیەننا لەلایەن فرانتس برێنتانۆ کە لە (١٨٧٤ تاوەکو ساڵی ١٨٨٠ز، پرۆفیسۆری فەلسەفە بووە لە کۆلێژی لاهووت و دواتر وانەبێژ لەکۆلێژی فەلسەفەدا) زەمینەی ئەم کۆششانە خۆش کراوە. برێنتانۆ وەک ڕۆحانییەکی کاتۆلیک سکولاستیک بەلایەوە پەسندبووە، ڕاستەوخۆ لە لۆژیکی سکولاستی و لە کۆششەکانی چاکسازی و ڕیفۆرمی لۆژیکی لایبنیستەوە هەنگاوی هەڵگرتووە کەچی ئەو کانت و فەیلەسووفە سیستەمییە ئایدیالیستیەکانی خستووەتە لاوە. برێنتانۆ و شاگردەکانی کەسانێکیان پەسندکردووە وەک بۆلستانۆ (تیۆری زانست ١٨٣٧ز) و کەسانی تر کە سەرگەرمی بنەمایەکی وردی نوێی مەنتیق بوون هەمیشە ڕۆژبەڕۆژ ڕوون و ئاشکرا تر دەبێت. بەشێوەیەکی تایبەتی ئەلۆیس هووفلەر (١٨٥٣ تاوەکو ١٩٢٢ز) لە کۆڕێکدا کە لایەنگیرانی تێگەیشتنی زانستییانە بەهۆی کارلێکردنی ماخ و بۆلستانۆوە، تێیدا بەتوندی بەشداربوون، ئەم لایەنەی فەلسەفەی خستووەتە سەرەوە و داکۆکی لێکردووە. لە کۆمەڵەی فەلسەفەیی زانکۆی ڤیەننا بە ڕابەرایەتی هووفلەر چەندین سیمینار دەربارەی کێشە بنەڕەتییەکانی فیزیک و کێشە و پرسیارە کردەکییەکانی تیۆری زانین و لۆژیک کراون لە کۆمەڵەی فەلسەفەییەوە «پێشەکییەکان و دەروازەکانی بەرهەمە کلاسیکییەکانی میکانیک» کە ساڵی ١٨٩٩ دەرچووە، کەوتوونەتەوە. هەروەها (بەهۆی هووفلەر و هان ١٩١٤ و ١٩٢١ز) چەند نووسینێکی بۆلستانۆ دەرچوون. لەکۆڕ و کۆمەڵەی بۆلستانۆی ڤیەننادا ئەلیکسیۆس فۆن ماینۆنگی لاو (١٨٧٠- ١٨٨٢) کە لە دواییدا بووە بە (پرۆفیسۆر لەگراتس) ژیاوە و دەستبەکار بووە. تیۆری بابەتیەکەی Gegenstandstheorie (١٩٠٧ز) هەمیشە چەند

پێوەندییەکی توندوتۆڵی بەتیۆری مۆدێرنی چەمکەکانەوە نیشان داوە، شاگردەکەشی ئیرنست مالی (گراتس) لەگۆڕەپانی لۆجیستیکدا کاری کردووە. هەروەها نووسینەکانی سەردەمی لاوێتی هانز پیشلەر (١٩٠٩ز) لەبیرو هزری ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە کەوتوونەتەوە.

لەهەمانکاتدا لەگەڵ ماخ لە ڤیەننا هەڤاڵە کۆنەکەی و دۆستەکەی یۆزیف پۆپیر- لینکویس دەستبەکار و چالاک بووە. شان بەشانی بەرهەمە فیزیکییە- تێکنیکییەکانی سەرنجدان و توێژینەوە بەپێز و ناسیستەمییە فەلسەفەییەکانی (١٨٩٩) هەروەها پلانە ئابوورییە ژیربییەکەی (١٨٧٨ ئەرکی گشتی نزیک) ناودەبەین. ئەو هوشیارانە و بە ئاگا خزمەتی گیانی ڕۆشنگەریی کردووە، هەروەها بەهۆی کتێبەکەیەوە دەربارەی ڤۆلتێر شایەتی ئەمەی بۆ دەدرێت. ڕەتکردنەوەی میتافیزیک لەلایەن ئەو و هەندێک سۆسیۆلۆژی ڤیەنناوە بۆ نموونە ڕوودۆڵف گۆڵدشاید، کارێکی هاوبەش بووە. ئەوەی شایانی هەست پێ کردنە ئەوەیە کە لەگۆڕەپان و بواری ئابووری سیاسیدا لە ڤیەننا بەهۆی قوتابخانە و ڕێبازی تیۆری سوود و قازانجی لاوەکی و پەراوێزەوە میتۆدەیەکی ڕێکوپێکی زانستییانە پەرەی پێدراوە (کارڵ مینیگیر ١٨٧١ز). ئەم میتۆدەیە لە ئینگلتەرە و فەرەنسا و سکەندیناڤیا جێگیر بووە و خۆی داکوتاوە، بەڵام لەئەڵمانیا نەء. هەروەها تیۆرییە مارکسییەکە لە ڤیەننا بەوپەڕی پەرۆشەوە بایەخی پێدراوە و فراوان کراوە (ئۆتۆ باوەر، ڕوودۆڵف هیلفەردینگ، ماکس ئەدلەر و کەسانێکی تر).

وەک ئەنجامێکی ئەم کارلێکردنانە لەلایەنی جیاوازەوە لە ڤیەننا بە تایبەتی لەکاتی وەرچەرخان و گۆڕانی سەدەکەوە ژمارەیەکی فرەی کەسانێک بێ پسانەوە بەوپەڕی ئارەزوو و سەرگەرمییەوە خەریکی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی چەند کێشەیەکی گشتی هەمەکی بوون کە پێوەندییان بە زانستی ئەزموونییەوە هەیە، لەپێش هەموو شتێکدا بایەخ بە کێشەکانی تیۆری زانین و زانستی میتۆدەی فیزیک دراوە، بۆ نموونە وەک بابەتەکانی کۆنڤێنتیالیزمی پوانکارێ و بیروبۆچوونی دۆهیم دەربارەی ئامانج و بنەماکانی فیزیکی تیۆرییانە (وەرگێڕەکەی فریدریش ئەدلەری ڤیەننایی و لایەنگیری ماخ بووە کە ئەوکاتە وانەبێژی تایبەتی فیزیک بووە لە زیوریخ): هەروەها پرسیار و کێشە بنەڕەتییەکانی بیرکاری، کێشەکانی بەڵگەنەویست، تیۆری مەنتیق و بابەتی تری وەک ئەمانە لێوەیان کۆڵراوەتەوە.

دەربارەی بابەتە مێژووییەکانی زانست و فەلسەفە بەتایبەتی ئەمانەی خوارەوەن کە لێرەدا کۆبوونەتەوە و بە هۆی نوێنەرەکانیانەوە دەستنیشان کراون، نووسینەکانیان بەتایبەتی خوێنراونەتەوە و ڕاڤە کراون و لێکدراونەتەوە:

١- پۆزیتیڤیزم و ئیمپریزم: هیوم، ڕۆشنگەرایی، کۆنت، مل، ڕێشارد ئەفیناریۆس، ماخ.

٢- بنەما، ئامانج و میتۆدەکانی زانستە ئیپمرییەکان (گریمانەکانی فیزیک، ئەندازە و تاد..): هێڵمهولتس، ریمان، ماخ، پوانکارێ، ئینریکۆس، دوهم، بولتسمان، ئاینشتاین.

٣- تیۆری لۆژیک و Logistik پیادەکردنی بەسەر (واقیع) هەڵکەوتدا: لایبنیتس، پیانۆ، فرێگە، شروودر، ڕەسڵ، وایتهێد، ڤتگنشتاین.

٤- تیۆری بەڵگەنەویست Axiomatik: پاش، پیانۆ، فایلاتی، پییری، هیلبەرت.

٥- ڕێبازی چێژ Eudamonismus هەروەها سۆسیۆلۆژی پۆزیتیڤیزم: ئێپیکۆر، هیوم، بینتام، مل، کۆنت، فۆیەرباخ، مارکس، سپێنسەر، موولەر- لێیەر، پۆپیر- لینکیۆس، کارل مینگەر (باوک).

**٢- بازنەکەی دەوروبەری شلیک:**

ساڵی ١٩٢٢ مۆریتس شلیک لەکیلەوە بۆ ڤیەننا بانگهێشتن کرا. چوست و چالاکییەکەی بە باشی لەگەڵ پەرەسەندنی مێژوویی کەش و هەوای زانستییانەی ڤیەننادا گونجا. ئەو کە خۆی فیزیکییە، سەرلەنوێ ئەو دابونەریتەی Tradition کە لەلایەن ماخ و بۆلتسمانەوە دەستی پێ کرابوو کە لەلایەن ئەدۆلف شتووری دژ بە میتافیزیک تارادەیەک پتر بەرەو پێشچووبوو، زیندوو کردووەتەوە.

(لە ڤیەننا یەک لەدوای یەک ئەمانەبوون: ماخ، بۆلتسمان، شتوور، شلیک. لە پراگ: ماخ، ئاینشتاین، فلیپ فرانک).

لە دەوروبەری شلیک ساڵ لەدوای ساڵ تاقمێکی بازنە ئاسا کۆبوونەتەوە کە چالاکییە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی لەچوارچێوە و بە ئاراستەی تێگەیشتنی زانستییانەی

جیهاندا یەک خستووە. لەم گردبوونەوەیەدا و بەهۆیەوە هاندان و ڕکەبەرییەکی بەپێز دروست بووە. ئەندامانی کۆڕەکە کە بەرهەمەکانیان بڵاوکردووەتەوە ناویان لە بیبلۆگرافییەکەدا هاتووە. هیچ یەکێکیان بەناو فەیلەسووفێکی بێگەرد نییە، بەڵکو هەریەکەیان لەبوار و گۆڕەپانی تاکە زانستێکدا چالاک بووە، بگرە ئەوان لە پاوانی لقە جیاوازەکانی زانست و هەڵوێستە جیاجیاکانی فەلسەفەییەوە هاتوون، بەتێپەڕبوونی ساڵ جۆرە یەکرەنگییەکی توندوتۆڵ دەرکەوتووە کە، ئەمەش ئەنجامێکی هەڵوێستی تایبەتی زانستییانەیە: «ئەوی دەکرێ بگوترێ دەکرێ بە ڕوونی بگوترێ» (ڤنگنشتاین). لەکاتی جیاوازی بیروبۆچووندا ڕێککەوتنێک شیاوەکییەوە دەکرێ، بۆیە هەوڵی بۆ دەدرێت و داوای دەکرێت. هەمیشە دەرکەوتووە و ڕوون و ئاشکرابووە کە نەک هەر تەنیا ڕزگاربوون لەمیتافیزیک، بەڵکو هەڵوێستی دژ بە میتافیزیک ئامانجێکی ناوکۆییە و مەبەستی هەموانە.

هەروەها هەڵوێستەکان دەربارەی کێشەکانی ژیان، ئەگەرچی ئەو کێشانە وەک چەند بابەتێک کە شرۆڤەکراون لەپێشەوە نەبوون، بەڵام یەکرەنگییەکی سەیر لە بارەیانەوە هەبووە. ئەم هەڵوێستانە پێوەندییەکی توندوتۆڵیان بە تێگەیشتنی زانستییانەی جیهانەوە هەیە پتر لەوەی لەیەکەم سەرنجدانەوە دەردەکەوێ ئەگەر بێتو لە سۆنگەی بۆچوونی تیۆرییانەوە تەماشا بکرێن. بۆ نموونە ئەو کۆششانەی دەکرێن بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بۆ یەکگرتنی مرۆڤایەتی، بۆ نوێکردنەوەی قوتابخانەکان و پەروەردە پێوەندییەکی ناوەکی لەگەڵ تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان نیشان دەدەن. بەڵگەیەک کە ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەندامانی کۆڕەکە ئەم کۆششانەیان پەسند کردووە بەچاوی هاوکاری و سۆزەوە تەماشایان دەکەن و بەکردەوە پشتگیرییان لێ دەکەن و داوایان دەکەن.

کۆڕی ڤیەننا تەنیا بەوە ڕازی نابێت کە وەک کۆڕێکی تەسکی داخراو کاری بەکۆمەڵ Kollektivarbeit بەرهەم بهێنێ. هەروەها کۆشش دەکات لەگەڵ بزووتنەوە کاریگەرە زیندووەکانی سەردەم پێوەندی ببەستێ ئەوەندەی ئەوان دۆستانە بەرانبەر بەتێگەیشتنی زانستییانەی جیهان دەوەستن و دەستبەرداری میتافیزیک و لاهووت دەبن. ڕێکخراوی یەکێتی ئێرنست ماخ ئەمڕۆکە بووەتە ئەو مەڵبەند و ناوەندە کە ئەم کۆڕە بەهۆیەوە ڕوو لە جەماوەر و ڕای گشتی دەکات و بۆیان دەدوێ. ئەم یەکێتییە دەخوازێ، هەروەک لە پرۆگرامەکەدا هاتووە: «تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان هان بدات و بڵاوبکاتەوە. وتار و نووسین و بڵاوکراوە دەربارەی ڕەوشی ئێستای تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان ئامادە و پەخش دەکرێن، بۆ ئەوەی بایەخی توێژینەوەی وردی ڕێکوپێک بۆ زانستە کۆمەڵایەتی و زانستە سروشتییەکان نیشان بدرێت. بەم پێیە دەبێ ئامرازە هزرییەکانی ئیمپریزمی مۆدێرن دابهێنرێن، ئەمانە بۆ دارشتنەوەی بنەماکانی ژیانی گشتی و تایبەتیش گرنگ و پێویستن».

هەڵبژاردنی ناوەکەی ئاراستە بنەماییەکەی دیار و دەستنیشان دەکات:

زانستێکی بێگەردی پاکبووەوە لەمیتافیزیک.

ئەمە واناگەیەنێ کە ڕێکخراوەکە وردەکارییەکانی ڕێبازی ماخ پەسند دەکات. کۆڕی ڤیەننا بەهاو کاری کردنی لەچوارچێوەی ڕێکخراوی ئێرنست ماخ-دا لەو باوەڕەدایە کە داواکارییەکی پێویستی ڕۆژ جێبەجێ دەکات:

مەشت و ماڵ کردن و ئامادەکردنی ئامرازی هزری کارکردن بۆ ژیانی ڕۆژانە، بۆ ئیش و کاری ڕۆژانەی زاناکان، هەروەها بۆ ئیش و کاری ڕۆژانەی هەموو ئەوانەی هوشیارانە و بەئاگاوە لە ڕەنگڕشتنی ژیاندا بەشداری دەکەن. خەست و خۆڵی و چڕی ژیان Lebensintensitat کە لەو کۆششانەدا دەردەکەوێ کە بۆ ژیرانە بۆ گۆڕین و دارشتنەوەی ژیرانەی نەزمی کۆمەڵگە و ئابووری دەکرێ تەوژم و گوڕ بە بەر بزووتنەوەی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهانیشدا دەکات. کە لەکاتی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتی ئێرنست ماخ-دا لە تشرینی دووەمی ١٩٢٨ شلیک بە سەرۆکی هەڵبژێردراوە ئەو ڕەوشەی ئێستا و ئەم ڕۆژانەی ڤیەننای دەربڕیوە و ساخ کردۆتەوە، لەدەوروبەری ئەودا بە باشترین شێوە و بەوپەڕی توندوتۆڵییەوە کاری هاوبەش لە گۆڕەپانی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهاندا خەست و خۆڵ بووەتەوە.

شلیک و فلیپ فرانک پێکەوە کۆبەندی «چەند بڵاوکراوەیەکی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان» پەخش و بڵاودەکەنەوە. لەو بڵاوکراوانەدا تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەندامانی کۆڕی ڤیەننا نوێنەرایەتییان کراوە.

### دووەم: تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان

تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان تەنیا بە چەند تێز و بابەتێک دیار و دەستنیشان نەکراوە، بەڵکو بەهۆی هەڵوێستی بنەڕەتی و بۆچوون و ئاراستەی توێژینەوەکانییەوە کەسایەتی خۆی پێ بڕایەوە. یەکگرتنی زانستەکان ئەو ئامانجەیە کە لەبەرچاویەتی. کۆششەکە بەو جۆرە دەبێ، داهێنان و بەرهەمی تاکە توێژەرەکان لە بواری زانستە جیاجیاکان بەیەکەوە ببەسترێنەوە و پێکەوە بگونجێنرێن. لە ئەم ئامانجە دەستنیشانکراوەوە پێداگرتن لەسەر کاری بەکۆمەڵ: هەر لە ئەمەوە بەگرنگ دانانی ئەوەی بە نێو خۆیەتی -inter subjktiv پەی پێدەبرێت دەکەوێتەوە، هەر لێرەوە کۆشش بۆ داڕشتنی سیستەمێکی بێلایەن، بۆ سیمبۆلێک کە لە توێکڵ و پاشماوە مێژووییەکانی زمانەکان ڕزگاری بووبێ، دەکرێ. هەر لێرەوە هەوڵدەدرێ بۆ گەیشتن بەکۆی سیستەمی چەمکەکان. هەوڵی بێگەردی و ڕوونی دەدرێت. دوور و تاریک و قووڵە ساخ نەکراوەکان ڕەت دەکرێنەوە. لەزانستدا «قووڵ» نییە، هەموو شتێک ساکار و سادە و تەنکاوە. هەموو ئەوەی بە ئەزموون پەی پێدەبردرێت alles Erlebte پێکهاتەیەکی ئاڵۆز پێک دەهێنێ کە ناتوانرێ هەمیشە بەتاکە سەرنجێک بەدی بکرێت، بەڵکو تەنیا لە تاکەکانیدا پێکهاتە و تۆڕێکی پەی پێ براو دەبێت. مرۆڤ دەستی بە هەموو شتێک دەگات، مرۆڤیش پێوەدانگی هەموو شتێکە. لێرەوە پێوەندی و خزمایەتی لەگەڵ سۆفستایی، نەک لەگەڵ ئەفلاتونییەکان ولەگەڵ ئێپیکۆرییەکان، نەک لەگەڵ میتاگۆرییەکان لەگەڵ هەمموو ئەوانەی داکۆکی لە بوونەوەر و گەوهەری سەرزەوی و لەم دنیایە دەکەن، پێکدێت. تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان هیچ مەتەڵ و گرێکوێرەیەک کە لەکردنەوە و هەڵهێنان نەیەن نازانێ. ڕوونکردنەوەی کێشە کلاسیکیەکانی فەلسەفە دەبێتە مایەی ئەوەی تاڕادەیەک وەک زرە کێشە پەردەیان لەسەر هەڵماڵرێ و تاڕادەیەکیش لەچوارچێوەی چەند کێشەیەکی ئیمپیری (ئەزموونی)دا دابڕێژرێنەوە، ئەوکاتە ئەم کێشانە پابەند و ملکەچی بڕیار (حوکمدانی)ی زانستی ئەزموونی دەبن. ئەرکی چالاکی فەلسەفە لەم ڕوونکردنەوەیەی کێشە و دەستەواژەکانەوە Aussagen نەک لە دانانی چەندین دەستەواژەی «فەلسەفییانە» پێکدێت. پەیڕەو و میتۆدەی ئەم ڕوونکردنەوەیە شیکردنەوەی لۆژیکییانەیە کە ڕەسڵ لە بارەیەوە دەڵێ:

«بەسایەی توێژینەوە ڕەخنەگرییەکانی بیرکارانەوە (ماتماتیکارانەوە) وردە وردە پەیدابووە. بەبۆچوونی من، لێرەدا بەرەوپێش چوونێکی وەک ئەو بەرەو پێشچوونە لە ئارادایە کە گالیلۆ لەفیزیکدا دایهێناوە. تاکە ئەنجامە ساخ کراوەکان جێگەی گرێمانە هەمەکییە ساخ نەکراوەکان دەگرنەوە کە مرۆڤ تێیاندا پشتی بە ئەندێشە بەستووە».

Russell,B., Our knowledge of the External World.P.4.

پەیڕەوی شیکردنەوەی لۆژیکیانە ئەوەیە کە ئیمپیریزم و پۆزیتیفیزم بنەڕەتییانە لەوێ پێشتر کە پتر لایەنی بایۆلۆژی و سایکۆلۆژی هەبوو، جیادەکاتەوە. ئەگەر یەکێک لافی لێدا کە «ڕەببێک هەیە»، کە «هۆکاری بنەڕەتی جیهان ناهوشیارییە» -Un bewusste.«ئینتلێخیایەک Entelechie هەیە بنەمای ڕابەریکردنی بوونەوەری زیندوو». ئێمە بەو کەسە ناڵێین: «ئەوەی کە تۆ دەیڵێی هەڵەیە» بەڵکو ئێمە لێی دەپرسین: «مەبەستت چییە لەو ئاخاوتنەی کردووتە؟!» ئینجا بە ئاشکرا سنوورێکی بەرچاوو سەرنجڕاکێش لەنێوان دوو جۆری دەستەواژەکان دەردەکەوێ: جۆری یەکەمیان ئەو دەستەواژانەن کە لە زانستی ئەزموونی ڕۆدەنرێن. واتاکانیشیان بەهۆی شیکردنەوەی لۆژییەکانە ساخ دەکرێنەوە. وردتر: بەگێڕانەوە و بردنەوەیان بۆ سەر چەند دەستەواژەیەکی پتر ساکار دەربارەی هاوردەی Gegebene ئیمپیری. جۆرەکانی تر دەستەواژەکان کە پێشتر ناومان هێنان، ئەگەر بەو واتایە وەربگیرێن کە ڕابەرانی میتافیزیک بەکاریان دەهێنن، وەک چەند دەستەواژەیەکی پووچ و بێ ناوەرۆک و بێ مانا پەردەی لەسەر لادەدرێ و دەردەکەوێ. دەکرێ ئەم دەستەواژانە جارێکی تر لەچوارچێوەی دەستەواژەی ئەزموونیدا

دابڕێژرێنەوە، بەڵام بەم ناوەرۆکە هەست و سۆزییەکەیان Gefuhlsgehalt کە لەلای میتافیزیکیەکان شتێکی گەوهەرییە، لەدەست دەدەن. میتافیزیکی و لاهووتی بڕوایان وایە کە بەدەستەواژەکانیان ڕەوشی شتێک- ڕووداوێک دەردەبڕن بەمەش بەهەڵەدا چوون. کەچی شیکردنەوە نیشانی دەدات. ئەم دەستەواژانە هیچ شتێک ناڵێن، بەڵکو هەست و سۆزی ژیان دەردەبڕن. دەشێ دەربڕینی ئەم جۆرە هەست و نەستە ئەرکێکی گرنگ بێ لەژیاندا، بەڵام هونەر ئامرازی گونجاوی ئەم دەربڕینەیە بۆ نموونە لیریک (شیعر)، یان موزیک. ئەگەر لە جیاتی ئەم دووانە، کالآیەکی زمانەوانیمان بۆ تیۆرییەک هەڵبژارد، ئەوا مەترسییەک دێتە پێشەوە:

ناوەرۆکێکی تیۆرییانە دێتە بەرچاو و پێشەوە لەکاتێکدا شتی وا لەئارادا نییە. کە میتافیزیکییەک، یان لاهووتییەک بخوازێ زمان وەک کالآ بێ و بەکاری بهێنێ، ئەوە پێویستە بابەتەکە لەلای ڕوون و ئاشکرا بێ و بە ڕەوانی پێ بزانێ کە ئەو باسێکی نەداوەتە دەستەوە بەڵکو دەربڕینێکی کردووە، تیۆرییەکی پێشکەش نەکردووە، زانینێکی نەداوەتە دەستەوە، بەڵکو شیعر، یان داستانی گوتووە.

ئەگەر بێتو سۆفییەک لاف لێ بدات و بڵێ: ئەزموونێکی هەیە لەسەرروویان لەودیو هەموو چەمکەکانەوەیە، ئەوە مرۆڤ ناتوانێ ئەمە وەرنەگرێ، بەڵام ئەو خۆی ناتوانێ دەربارەی ئەم ئەزموونەی بدوێت، چونکە دوان و ئاخاوتن ئەوە دەگەیەنێ بەچەند چەمکێک دەست بە گوتن بکەیت و بیانبەیتەوە سەر چەند فاکتێک کە بەپێی زانست بشێ پۆلین بکرێن.

لەلایەن تێگەیشتنی زانستییانەی جیهانەوە فەلسەفەی میتافیزیکی ڕەت دەکرێتەوە abgelehnt، بەڵام چۆن دەبێ هەڵە و چەوتییەکانی میتافیزیک ڕوون بکرێنەوە؟! دەکرێ ئەم پرسیارە لەسۆنگە و ڕوانگەی جیاوازەوە بکرێت: لە بۆچوونی ڕەوانشوناسی، سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) و لەبۆچوونی لۆژیکییەوە. توێژینەوەبە ئاراستەی ڕەوانشوناسیەکان تائێستا هەر لەسەرەتادان. دوور نییە سەرەتاکانی لێکدانەوەی قووڵ لەتوێژینەوە سایکۆ ئەنەلوزەکانی (شیکردنەوەی دەروونی) فرۆید دا هەبن. بەهەمان جۆر هەمان شت توێژینەوەکانی زانستی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە: تیۆری «ئایدیۆلۆژی سەرخان» دێنینەوە یاد. لێرەدا هەروەها دەرگەی زەمینەی توێژینەوەی شایستەی تر ئاواڵەیە.

ڕوونکردنەوەی لۆژیکییانەی بنە هەڵە و چەوتییەکانی میتافیزیک بەتایبەتی بەهۆی بەرهەمەکانی ڕەسڵ و ڤتگنشتاین سەرکەوتنی پتری بەدەست هێناوە. لەتیۆرییە میتافیزیکییەکان و ئینجا لە پرسیارەکانیدا کەدەیانکات دوو هەڵەی بنەڕەتی لۆژیکیانە شارراوەن:

یەکێکیان توندوتۆڵ و بەفۆرمی زمانە کلاسیکیەکانەوە بەندە.

یەکێکیشیان بریتییە لە تەمومژاوی دەسکەوت و بەرهەمی لۆژیکیانەی هزر. زمانی ئاسایی بۆ نموونە هەمان فۆرمی وشە خۆی، ناو Substantiv بۆ نیشاندانی شت (سێو) هەروەها بۆ ئاوەڵناو -Ei genschaft (ڕەق)، بۆ پێوەندی (دۆستایەتی)، پرۆسەش (خەوتن) بەکاردێنێ. ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی بەشێوەی شت ئاسا لەچەمکە ئەرکییەکان -func tionale بگەیشترێ (کردن بەگریمانە، کردن بەناو). دەکرێ چەندین نموونەی وەک ئەمەی ئەو سەرلێشواندن و بەهەڵەبردنانەی بەهۆی زمانەوە دەکەونەوە، پێشکەش بکرێن، ئەمانەش بۆ فەلسەفە بوونەتە نەهامەتی.

هەڵەی بنەڕەتی دووەمی میتافیزیک لەو بۆچوون و تێگەیشتنەوە پێکدێت کە بیرکردنەوە دەتوانێ، بە پشت بەستن بەخۆی، بەبێ ئەوەی کەرەسەیەکی ئەزموون بەکاربهێنێ، شتێ بزانێ، یان دەتوانێ بەلای کەمەوە لە فاکتە بەدەستهاتووەکانەوە بەهۆی ئەنجامگیرییەوە بەناوەرۆکی نوێ بگات. شیکردنەوەی لۆژیکیانە دەبێتە مایەی زانینی ئەوەی کە هەموو بیرکردنەوەیەک، هەموو ئەنجامگیرییەک Schliessen لەوە بەولاوە نییە کە لەچەند دەستەواژەیەکەوە بۆ چەند دەستەواژەیەکی تر دەچێ و لەوە بەولاوە کە لەجۆری یەکەمیاندا هەبووە شتێکی تریان تێدا نییە. (گۆڕینی ڕوخساری هەمانگوتنانە). بۆیە لەکردن نایەت میتافیزیکێک لە هزری بێگەردەوە پەرەپێ بدرێت.

بەم ڕێگە و شێوازە بەهۆی شیکردنەوەی لۆژیکییانەوە نەک هەر میتافیزیک بە واتا تایبەتی و کلاسیکییەی وشە کە دەبەزێنرێ بەڵکو میتافیزیکی سکولاستی میتافیزیکی سیستەمی ئایدیالیزمی ئەڵەمانی و بگرە

میتافیزیکی شاردراوەی کانتیانیزم و هی ئەپریۆریزمی مۆدێرنیش پووچەڵ دەکاتەوە. تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان دان بەهیچ زانینێکی بێ قەیدو مەرج دانانێ کە دروست و دەستبەکاربێت و لە ژێری بێگەردەوە کەوتبێتەوە هەروەها بڕوای بە هەبوونی بڕیاری لێکدراوی پێشییانە نییە Synthetische Urteile apriori، وەک ئەوەی تیۆری زانینی کانت و ئەوەی بەپلەی یەکەم هەموو ئۆنتۆلۆژی و میتافیزیکی پێش و دوای کانت پشتی پێ دەبەستێ.

بڕیارەکانی (حوکمەکانی) ژمێرە و ئەندازە و چەندین دەستەواژە بنەڕەتییەکانی فیزیک کە لەلایەن کانتەوە بە نموونەی زانینی پێشییانە دانراون دواتر لێکدەدرێنەوە و قسەیان لێوەدەکرێت. ڕاستەوخۆ ڕەتکردنەوەی شیاوەکیی هەبوونی زانینی لێکدراوی پێشییانە تێزەی بنەڕەتی ئیمپریزمی مۆدێرن پێک دەهێنێ. تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان تەنیا دەستەواژە ئەزموونیەکانی دەربارەی بابەتەکانی هەموو جۆرەکانن و دەستەواژە شیکارییەکانی لۆژیک و ماتماتیک دەناسێ.

گشت لایەنگیرانی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان لەسەر ڕەتکردنەوەی میتافیزیکی ئاشکراو شاردراوە لە ئەپریۆریزمدا لەگەڵ یەکتری کۆکن، بەڵام کۆڕی ڤیەننا پتر لەمە، ئەو تێگەیشتن و بۆچوونەی هەیە کە دەستەواژە و بڕیارەکانی ڕیئالیزم و ئایدیالیزمی (ڕەخنەگرانە) دەربارەی ڕاستی و دروستی و ناڕاستی جیهانی دەرەوە و دروستی هەبوونی نەفسەکانی تر کارەکتەرێکی میتافیزیکیان هەیە، چونکە ڕووبەڕووی هەمان گازندە و ڕەخنە دەبنەوە کە ڕووبەڕووی دەستەواژەکانی میتافیزیکی کۆن دەکرێنەوە: بێ واتا و ناوەرۆکن چونکە پشت ڕاست ناکرێنەوە، ناواقیعییە. شتێک «ڕاست و دروست دەبێت» بەوەی کە لەچوارچێوەی گشتی کۆشکی ئەزموون و شارەزاییدا جێگەی بکرێتەوە و ڕێک بخرێت.

بۆ هاتن (حدس، سوسە Intuition) کە میتافیزیکییەکان بەشێوەیەکی تایبەتی وەک سەرچاوەی زانین پێی لەسەردادەگرن لەلایەن تێگەیشتنی زانستییانەی جیهانەوە وەک خۆی لەخۆیدا ڕەت ناکرێتەوە، بەڵکو بەپێداگرتنەوە داوا دەکرێ و دەخوازرێ هەنگاو بەهەنگاو و هەموو ئەو زانینە بۆ هاتووانە پشت ڕاست و ساخ بکرێنەوە. ئەوی لێبکۆڵێتەوە ڕێگەی بەکارهێنانی هەموو ئامرازێکی هەیە، بەڵام ئەوی بەدەست هێنراوە دەبێ توانای ساخ کردنەوە و تاقیکردنەوەی هەبێ. ئەو تێگەیشتن و بۆچوونە ڕەت دەکرێتەوە کە بۆ هاتن بەجۆرێکی بەرزی بایەخدار، قووڵ و ڕیشەیی زانین دادەنێ کە دەتوانێ ناوەڕۆکی شارەزایی و ئەزموونی هەستەکی تێ بپەڕێنی و ناکرێ بەکۆت و پێوەندی توندوتۆڵی بیری چەمکییانە ببەسترێتەوە.

ئێمە تێگەیشتنی زانستییانەی جیهانمان بەدوو تایبەتمەندی دیار و دەستنیشان کردووە:

**یەکەمیان:** ئەو ئیمپیری و پۆزیتیڤیستیە: تەنیا هەر زانینی ئەزموونەکی هەیە کە بەکەرەستەی ڕاستەوخۆی هاوردە پشت دەبەستێ. بەمە ڕەنگی سنوورەکانی ناوەڕۆکی زانستی ڕەوا دەڕێژرێ.

**دووەم:** تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان بەهۆی بەکارهێنان و پیادەکردنی میتۆدەیەکی دیاریکراوەوە تایبەتمەندی خۆی نیشان دەدات، بەتایبەتی پەیڕەوی شیکردنەوەی لۆژیکیانە.

کۆششی بەرهەمە زانستییەکان بەو ئاراستەیەدا دەچن بە ئامانج و مەبەستی یەکگرتنی زانستەکان بەهۆی پیادەکردنی ئەم شیکردنەوەی لۆژیکییانەی بەسەر کەرەسەی ئیمپیرستی ئەزموونیدا، بگەیشترێ. هەروەک چۆن زانست ئەگەر واتای بڕیار و دەستەواژەکەی ڕوون بکاتەوە دەبێ بیگەڕێنێتەوە سەر دەستەواژەیەک کە دەربارەی کەرەسەی هاوردە بێت. ئاواش واتای هەر چەمکێکیش ئیتر سەر بەهەر لقێکی زانست بێت دەبێ بەو پێیە ڕوون بکرێتەوە کە هەنگاو بە هەنگاو ببرێتەوە سەر چەند چەمکێکی تر تاوەکو بەرەو ژێر دەگاتە نزمترین ئاستی چەمکەکان، ئەوانەی دەچنەوە سەر خودی کەرەستە هاوردەکان. خۆ ئەگەر ئەم جۆرە شیکردنەوەیە بەسەر هەموو چەمکەکاندا پیادە بکرێت ئەوە بەمە دەخرێنە نێو چوارچێوەی سیستەمی گێڕانەوە «سیستەمی بنیادنان». Konstitutionssystem. ئەو توێژینەوانەی پشت بەم ئامانجەی سیستەمی بنیادنانە دەبەستێ، تیۆری بنیادنان، ئەو چوارچێوەیە پێک دەهێنن کە تێیدا شیکردنەوەی لۆژیکییانەی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان پیادە دەکرێت، پیادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوانە دەستبەجێ نیشانی دەدات کە لۆژیکی کلاسیکی

ئەرستۆتالیسی سکۆلاستی بۆ ئەم مەبەستە بە تەواوەتی بەس نییە. یەکەم جار لە لۆژیکی مۆدێرنی سیمبۆلیدا (لۆجیستیک- تیۆری لۆژیک) توانراوە پێناسەی ورد و ڕێکوپێکی چەمک و دەستەواژەکان بەدەست بێت و پرۆسەی ئەنجامگیری بۆ هاتنی هزری ئاسایی بکرێ بە ڕوخسارەکییانە، واتە بەشێوەیەکی ئەوپەڕی ورد دابنرێت، بەهۆی فۆرمی نیشان و سیمبۆلەوە ئۆتۆماتیکییانە کۆنترۆڵ بکرێت. توێژینەوەکانی تیۆری بنیاد نان نیشانی دەدەن کە توێژ و چینەکانی ژێرەوەی سیستەمی بنیادنان چەمکەکانی ئەزموونی کەسی تایبەتی و خەسڵەتەکانی تێدایە، لەسەر ئەمانەوە کەرەستە و بابەتە فیزیکیەکان جێگیرن، لەمانەوە کەسانی بیانی fremdpsychischen و دواجار کەرەستە و بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بنیاد دەنرێن. پۆلێن کردنی چەمکەکانی لقە جیاوازەکانی زانست لەچوارچێوەی سستەمی بنیادناندا لەبەشی زۆریدا لەبەرچاوە و پێی دەزانرێت، بۆ پیادەکردنیشی بە تەواوەتی کارێکی زۆری گەرەکە. بە دەرخستن و پشت ڕاستکردنەوەی شیاوەکی و نیشاندان و ئاماژەکردن بە ڕوخساری کۆی سیستەمی چەمکەکان و لە هەمانکاتدا پێوەندی هەموو چەمکەکان بە کەرەستەی هاوردە و ئینجا بەمەش فۆرمی بنیادنانی یەکگرتنی زانست پەی پێ دەبردرێ و دەزانرێ.

ڕاڤەکردنی زانستییانە تەنیا هەر پێکهاتەی (فۆرمی ڕێکخستنەکەی) بابەتەکان نەک «گەوهەرەکەیان» دەگرێتەوە. ئەوی لەزماندا مرۆڤ بەیەکەوە دەبەستێتەوە دەربڕین و داڕشتنە پێکهاتەییەکانە Struk-turformeln لەواندا ناوەرۆکی زانینی ناوکۆیی مرۆڤ نیشان دەدرێت. ئەو سیفەتانەی Qualitaten کە خۆ بە ئەزموون پەییان پێدەبات- سوورەکان، ئارەزوو هەوەس- وەک چۆنێتی تەنیا هەر شارەزاییە و بەهیچ جۆرێک زانین نین. لە فیزیکی دیتندا Optik تەنیا دان بەوەدا دەنرێت کە لە بنەڕەتدا کوێریش تێی دەگات.

## سێیەم: دەڤەری کێشەکان

### ١- بنەماکانی ژمێرە:

لەبەرهەم و وتووێژەکانی کۆڕی ڤیەننادا کۆڵێک کێشە و بابەتی جیاواز کە لە لقە جیاوازەکانی زانست کەوتوونەتەوە قسەیان لێکراوە.

کۆششەکە بەو ئاراستەیە بووە کە ڕێکوڕێک و سیستەمییانە ئاراستەی کێشەکان بەرەو یەکگرتن ببررین بۆ ئەوەی بەهۆیەوە ڕەوشی کێشەکە ڕوون بکرێتەوە .

کێشە بنەڕەتیەکانی ژمێرە Arithmetik بایەخێکی تایبەتی مێژوویییان بۆ پەرەسەندنی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان لەوەدا بەدەست هێناوە، ئەوان هاندەر و مایەی پەرەسەندنی لۆژیکی نوێ بوون. دوای ئەوەی بیرکاری لەسەدەی ١٨ و ١٩دا پەرەسەندنێکی ئەوپەڕی بە بڕشتی بەخۆوە بینی سەرنج بۆ ئەنجامە نوێیەکان ڕاکێشرا پتر لەوەی بایەخ بە لێپێچانەوەی وردی بنەما چەمکییەکانی بدرێ، ئەوە لە دواییدا دەرکەوت ناکرێ دەست لەو پێداچوونەوەیە هەڵبگیرێ، ئەگەر پێویست بێ بیرکاری دڵنیاییە هەمیشە ستایشکرا و بەناوبانگەکەی لەدەست نەدات. پێداچوونەوە کە Nachprufung پتر بوو بە پێویست و ناچاری، کاتێک ناکۆکییەکان «ناکۆکییەکانی تیۆری کۆیەکان» دەرکەوتن. دەبوو دەستبەجێ پێ بزانرێت کە ئەمە تەنیا چەند سەختی و کێشەیەکی بەشێکی بابەتی بیرکارنین، بەڵکو ئەمانە بریتین لە چەند ناکۆکییەکی گشتی لۆژیکی «Antinomien» کە لەبنەڕەتدا چەند هەڵەیەکی بنەماکانی لۆژیکی کلاسیکی نیشان دەدەن. ئەرکی لابردن و وەلانانی ئەم ناکۆکییانە تەوژمێکی گەرم و گوڕی پاڵنانی پتر پەرەپێدانی لۆژیکی لێ کەوتەوە. بەم پێیە ئەو کۆششانەی کە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی ژمارە کران لەگەڵ ئەوانەدا یەکیان گرتەوە کە بۆ چاکسازی ناوەکی لۆژیک کران. لەسەردەمی لایبنیتس و لامبێرتەوە، ئەو بیرۆکەیە بەزیندوویی لەدڵ و مێشکدابووە، کە بەهۆی پتر ورد و مشت و ماڵکردنی چەمکەکان و پەیڕەوی ئەنجامگیرییەوە هەڵکەوت (واقیع) کۆنترۆڵ بکرێت و ئەم ورد و مشت و ماڵکردنەش بەهۆی هێمایەک Symbolik کە بەپێی بیرکاریی داڕێژراوە پێیدەگەیشترێ. دوای بوول، فین و کەسانی تر بەتایبەتی فرێگە (١٨٨٤ز)، شروودەر (١٨٩٠ز) و پیانۆ (١٨٩٥ز) ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە و کاریان تێیدا کردووە. پشت ئەستوور بەم کارە پێشەکییانە وایتهێد و ڕەسڵ توانیان سیستەمێکی توندوتۆڵی لۆژیک بە ڕوخسارێکی سیمبۆلی (تیۆری

مەنتیق) دابمەزرێن کە نەک هەر ناکۆکییەکانی لۆژیکی کۆنی خستووتە لاوە، بگرە لە بەپێزی و سوود و بەکارهاتنی کردەکی (پراکتیکیدا) زۆر لەوی تێپەڕاندووە. ئەوان لەم سیستەمی لۆژیکەوە چەمکەکانی ژمێرە و شیکارییان خستووتەوە و داڕشتووە بۆ ئەوەی بنەمایەکی دڵنیایی لێکراوی لۆژیکییانە بۆ بیرکاری دەستەبەر بێن.

بەڵام لەگەڵ ئەو هەوڵەی لەناوبردنی قەیرانی بنەماکانی ژمێرە و (تیۆری کۆیەکان) درا چەندین کێشە و سەختی ماونەتەوەکە تا ئەمڕۆش بەیەکجاری چارەسەرێکی پەسندکراویان بۆ نەدۆزراوەتەوە. لەم سەردەمەدا لە دەڤەر و گۆڕەپانی ئەم بابەتەدا سێ ڕێبازی جیاواز بەرانبەر بەیەکتری وەستاون: شان بەشانی ڕێبازی مەنتیقی ڕەسڵ و وایتهید، ڕوخسارەکی Formalism هیلبەرت، کە ژمێرە وەک گەمەیەکی ڕوخسارەکی بەپێی چەند ڕێوشوێنی دیاریکراو تێدەگات، هەروەها ڕێبازی بۆ هاتنی بروۆەر Brouwer کە وای بۆ دەچێ، زانینی ژمێرەیی دەچێتەوە سەر دوا بۆ هاتنی دوویەکەیەک لەخۆی هیچی تر ناچێتەوە سەر هی تر. دەمەتەقێی نێوان ئەم سێ ئاراستە و ڕێبازە بە بایەخێکی زۆر و زەبەندە لەکۆڕی ڤیەننادا پێیاندا دەچرێتەوە. ئیتر بڕیار لە دواجاردا بەچ لایەکدا دەدرێ، ناکرێ پێشبینی بکرێت. هەرچۆنێک بێت لەودا، لەهەمانکاتدا، بڕیارێک دەربارەی بنیادی لۆژیک دەدرێ، لێرەوەیە، بایەخی ئەم کێشەیە بۆ تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان. هەندێک لەو باوەڕەدان کە سێ ڕێبازەکە ئەوەندە لە یەکتری دوورنین وەک دێتە بەرچاو و دەردەکەوێ. ئەوان وای بۆ دەچن لایەنە گەوهەرییەکانی ئەم سێ ئاراستەیە لە پەرسەندنی دواتردا لەیەکتری نزیک دەبنەوە و ڕێی تێدەچێ بەسوود وەرگرتن لەهزرە بەپێزەکانی ڤتگنشتاین لەکۆتاییدا لەچارەسەرێکدا یەک بگرن. لەلایەن کۆڕی ڤیەنناشەوە ئەو بۆچوونە پەیڕەو دەکرێ کە ماتماتیک کارەکتەرێکی تاوتۆلۆژی (هەمان گوتنی) هەیە و کە بەتوێژینەوەکانی ڕەسڵ و ڤتگنشتاینەوە پشت ئەستوورە. دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێ کە ئەم بۆچوونە تەنیا هەر بەپێچەوانەی ئەپریۆریزم و ڕێبازی بۆ هاتنەوە نییە، بەڵکو بەپێچەوانەی ئیمپریزمی کونیشە (بۆ نموونە جۆن ستیوارت مل)، کە ویستوویەتی بیرکاری و لۆژیک تاڕادەیەک بەشێوازێکی ئەزموونی- ئیندەکتیڤی بکەوێنێتەوە.

ئەو توێژینەوانەی دەربارەی گەوهەری ڕێبازی بەڵگەنەویستن axiomatik بەگشتی (چەمکی تەواوەتی و کامڵ، سەربەخۆیی، یەکڕەنگی ڕوخسار monomorphie، نا تەمومژاوی...تاد) هەروەها ئەوانەی دەربارەی دانانی سیستەمی بەڵگەنەویستن بۆ چەند بابەتێکی دیاریکراوی بیرکاری دادەنرێن، توندوتۆڵ بەکێشەکانی ژمێرە و لۆژیکەوە بەستراونەتەوە.

## ٢- بنەماکانی فیزیک:

لە بنەڕەتدا کۆڕی ڤیەننا بایەخێکی فرە بەکێشەکانی پەیڕەوی (میتۆدەی) زانستی ڕیالیستی دەدات. بە سایەی بیروهزرەکانی ماخ، پوانکارێ، دووهیم کێشەکانی کۆنترۆڵکردنی هەڵکەوت (واقیع) بەهۆی چەند سیستەمێکی زانستییانەوە بەتایبەتی بەهۆی چەند سیستەمێکی گریمانەیی و بەڵگەنەویست لێکدەدرێتەوە. سیستەمێکی بەڵگەنەویست، لەپێش هەموو شتێکدا، دوور لە هەموو پیادەکردنێکی ئیمپیرییانە، وەک سیستەمێک کە چەندین پێناسەی تێدایە. سەرنج دەدرێت: مەبەست لێرەدا ئەمەیە، ئەو چەمکانەی لەنێو بەڵگەنەویستەکاندا دەردەکەون نەک بەپێی ناوەرۆکیان بەڵکو بەپێی پێوەندی بەرانبەری نێوانیان بەهۆی بەڵگەنەویستەکانەوە دەستنیشان و تاڕادەیەکیش پێناسە دەکرێن. بایەخی ئەم سیستەمی بەڵگە نەویستە یەکەمجار بۆ هەڵکەوت (واقیع) بەهۆی هێنانی چەندین پێناسەی تر دەردەکەوێ، بەتایبەتی «پێناسەکانی خستنەسەر» «Zuordnungsdefinitionen»، کە بەهۆیەوە ڕوون دەکرێتەوە، چ کەرەسە و بابەتێکی. هەڵکەوت دەبێ وەک ئەندامێکی سیستەمی بەڵگەنەویستەکە تەماشا بکرێت. پەرەسەندنی زانستی ئیمپیریی کە بە یەکگرەنگیەکی شیاوەکی و تۆڕێکی سادەی چەندین چەمک و بڕیارەوە (حوکمەوە) هەڵکەوت لێکدەداتەوە، دەکرێ وەک مێژوو نیشانی دەدات بە دوو ڕێگە (شێواز) ڕوویدات: ئەو گۆڕانانەی شارەزایی و ئەزموونی نوێ دەیانکەن بە پێویست دەکرێ لە بەڵگەنەویستەکاندا، یان لە چەمکی خستەپاڵەکاندا پێشەکیانە جێبەجێ بکرێن. بەمەش بەشێوەیەکی تایبەتی

دەست دەخرێتە سەر ئەو کێشەیەی کۆنڤێنسیۆنەکان کە لەلایەن پوانکایەوە چارەسەر کراوە.

کێشەی پەیڕەوییانەی پیادەکردنی سیستەمە بەڵگە هەڵنەگرەکان بەسەر هەڵکەوت (واقیع)دا لە بنەڕەتدا لەهەموو لقێکی زانستدا بەگرنگ دادەنرێت. ئەگەر توێژینەوەکان تائێستا هەر بە تەنیا بۆ فیزیک سوودبەخش و بەبڕشت بوون، دەکرێ تێی بگەیشترێ ئەگەر سەرنجی قۆناخی ئێستای پەرەسەندنی مێژوویی زانست بدرێت، لەبەر ئەوەبووە کە فیزیک (زانستی سروشت) لەوردی و بێگەردیی ڕۆنانی چەمکەکانیدا لە پێش هەموو لقەکانی زانستەکانی ترەوەیە.

شیکردنەوەی ئیپستمۆلۆژیانەی (تیۆری زانین) چەمکە سەرەکییەکانی زانستە سروشتییەکان ئەم چەمکانەی هەمیشە پتر لە پاشەڕۆک و پاشماوەی میتافیزیک کە هەر لەکۆنەوە پێوەی بووە ڕزگارکردووە. بەشێوەیەکی تایبەتی لەلایەن هێلمهۆڵتس، ماخ، ئاینشتاین و کەسانی تر چەمکی جێگاو کات و گەوهەر و هۆیەکی و ڕێ تێچوون پاک کراونەتەوە. تیۆری جێگەی ڕەهاو کاتی ڕەها لەلایەن تیۆری ڕێژەییەوە پووچەڵ کراونەتەوە. کات و جێگە هیچی تر دەفرێکی ڕەها نەماون، بەڵکو بوونەتە چەند پێکهاتەیەکی ڕێکخەری ڕووداوە گەوهەرییەکان. گەوهەری ماددەیی لەلایەن تیۆری ئەتۆم و تیۆری Feld هەڵوەشێنراوەتەوە. بنەمای هۆیەکی خەسڵەت و کەسایەتی بەرجەستەکردنی anthropo-morphen «کارلێکردن»، یان «پەیوەستی ناچارەکی» لەدەست داوە و براوەتەوە سەر پێوەندی مەرجی، خستنەسەری پاشکۆیانە. پتر لەمە لەجێگەی چەند قانوونێکی سروشتی کە بەوپەڕی دروست دادەنران چەند قانوونێکی ستاتستیکی دەرکەوتوون، بگرە دوای تیۆری کوانتا ئەگەر گومانکردن لە پیادەکردنی چەمکی قانوونێتی هۆیەکی ڕەوای توندوتۆڵ بەسەر بواری بچووکترین دیاردەی کات و شوێندا پتر دەبێ. چەمکی ڕێ تێچوون دەبرێتەوە سەر چەمکی بەئەزموون پەی پێ براوی ئەو ڕووداوانەی ڕێژەیین.

بەهۆی پیادەکردنی پەیڕەوی بەڵگەنەویستەوە بەسەر ئەو کێشانەی باس کران، پێکهاتە ئەزموونییەکانی زانست لە هەموو بوارێکدا خۆیان لەکۆنڤینشنەکان و ناوەڕۆکی دەستەواژە خۆیان لەپێناسە جیادەکەنەوە.

لێرە بەهیچ جۆرێک جێگەی بڕیارە لێکدراوە پێشییانەکان نابێتەوە. خۆ ئەگەر زانینی جیهان لەتوانادایە، لەوەوە نییە کە ژێری مرۆڤ فۆرمی ماددەکە دادەڕێژێ، بەڵکو لەوەوەیەکە ماددە و کەرەستە بەشێوازێکی جیاواز ڕێکوپێک خراوە. دەربارەی جۆر و پلەی ئەم ڕێکوپێکییە ناتوانرێ پێشییانە شتێک بزانرێ. دەکرا جیهان چاکتر و باشتر لەوەی هەیە ڕێک بخرێ، هەروەها دەشکرا کەمتر ڕێکوپێک بێت بەبێ ئەوەی شیاوەکی زانینەکە لەناو بچێ. تەنیا توێژینەوەی قووڵ و بەپێزی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشچووی زانستی ئەزموون دەتوانێ لەو بارەیەوە فێرمان بکات جیهان تا چ ڕادە و پلەیەک قانوون سالاریی هەیە Setzmassig. تەنیا پەیڕەوی ئیندەکش (ئیستیقراء)، کەوتنەوەی ئەمڕۆ لە دوێنێ، ئێرە لەوێ وەک ئەنجام، دروست و دەستبەکار دەبێ gultig ئەگەر ڕێکوپێکییەکی قانوونی، قانوون سالاری لە ئارادا بوو، بەڵام ئەم پەیڕەوە (میتۆدە) بەهەلومەرجێکی پێشیانەی ئەم قانوون سالارییەوە بەند نییە. دەکرێ لە هەموو شوێنێکدا، ئیتر بەپێی پێویست پاساو درابێ، یان بەپێی پێویست پاساو نەدرابێ پیادە بکرێت، ئەگەر بەچەندین ئەنجامێکی بەبڕشت و سوود بەخشی بگات، بەڵام هیچ کاتێک دڵنیایی کردن دەستەبەر نابێت، بەڵام هزری ئیپستمۆلۆژیانە وا پێویست دەکات کە ئەنجامێکی ئیندەکشنانە کاتێک بەبایەخ دەبێ کە بەپێی ئەزموون تاقی بکرێتەوە و ساخ ببێتەوە. تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان ئەنجامی بەرهەمێکی توێژینەوە لەبەر ئەوە ڕەت ناکاتەوە، چونکە بەپێی پێویست نەگونجاوە لۆژیکییانە بە تەواوەتی ڕوون نەکراوەتەوە، یان بەپێی ئامرازەکانی ئەزموون بە تەواوەتی پاساو نەدراوە و دانەمەزراوە. بگرە بۆیە، چونکە هەمیشە کۆشش دەکات بەچەند ئامرازێکی یارمەتیدەر، کە ڕوون و ئاشکران، تاقی بکاتەوە، بە تایبەتی بەوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بردنەوەی بۆ سەر شارەزایی و ئەزموون.

**٣- بنەماکانی ئەندازیاری:**

لەنێو کێشە بنەڕەتییەکانی فیزیکدا لەم ساڵانەی دواییدا کێشە جێگەی فیزیکی بایەخێکی تایبەتی

بەدەست هێناوە. توێژینەکانی گاوس (١٨١٦ز)، بۆلیای (١٨٢٣ز)، لۆبا چێفسکی (١٨٣٥ز) و کەسانی تر بوونە مایەی پەیدابوونی ئەندازەی ناو ئۆیکلیدی و پێزانرا کە سیستەمی دەستبەکار و بڵاوی ئەندازەی ئۆیکلید تەنیا یەکێکە لەنێو کۆمەڵێکی بێ ژمارە کە بەپێی لۆژیک پاساو دراون.

بەهۆی ئەمەوە ئەو پرسیارە هاتە پێشەوە کامە لەم ئەندازانە بەڕاستی هی جێگەیە. کاتی خۆی گاوس ویستوویەتی بەهۆی پێوانی تێکڕای گۆشەکانی سێ گۆشەیەکی مەزن، ئەم پرسیارە وەڵام بداتەوە. بەم پێیە ئەندازیاریی فیزیکی بووە بە زانستێکی ئیمپیری (ئەزموونی)، بوو بە لقێکی فیزیک. ئەم کێشانە بەتایبەتی بەفراوانی لەلایەن ریمان (١٨٦٨ز)، هیهمۆلتس (١٨٦٨ز) و پوانکارێ ١٩٠٤ بە برەو پێدانەوە لێوەیان کۆڵراوەتەوە. پوانکارێ بەتایبەتی لەسەر بەیەکەوە گرێدانی ئەندازەی فیزیکی لەگەڵ هەموو لقەکانی تری فیزیک پێی داگرتووە: پرسیار دەربارەی سروشتی جێگەی هەڵکەوت (واقیع) تەنیا بەپێوەندی و لەچوارچێوەی کۆی سیستەمێکی فیزیکدا وەڵام دەدرێتەوە. ئاینشتاین و کۆی ئەم سیستەمەی دۆزیەوە کە بەهۆیەوە ئەم پرسیارە وەڵامدرایەوە ئەویش سیستەمێکی دیاریکراوی نا ئۆیکلیدسی بوو.

بەهۆی پەرەسەندنی ناوهێنراوە ئەندازەی فیزیکی پتر و بە ئاشکرایی تر لە ئەندازەی بێگەردی بیرکاری جیابووەوە، ئەویش لەلای خۆیەوە وردە وردە بەهۆی پەرەسەندنی دواتری شیکردنەوەی لۆژیکییانەوە بوو بە ڕوخسارەکی. لەسەرەتادا کرا بە ژمێرەیی arith-metisiert، واتە وەک تیۆرییەکی سیستەمی ژمارەیی دیاریکراوی لێهات، دواتریش کرا بە بەڵگەنەویست، واتە بەهۆی سیستەمێکی بەڵگەنەویستەوە نمایش کرا کە ڕەگەزە ئەندازەییەکان (خاڵ...تاد.) وەک چەند کەرەسە و بابەتێکی نادیاریکراو پێناسە نەکراو دادەنێ و تەنیا هەر پێوەندییە دەستیاوییەکانی جێگیر و دەستنیشان دەکات. ئیتر لەکۆتاییدا ئەندازە بە لۆژیک کرا Log-isiert بەتایبەتی وەک تیۆرییەک کە چەند بنەمایەکی پێوەندییانەی هەبێ نومایش کرا. ئەندازە بوو بە دەڤەرێکی گرنگی پیادە کردنی پەیڕەوی بەڵگەنەویستیانە و تیۆرییەکی گشتی پێوەندی. بەمە بوو بە پاڵنەرێکی گرنگی پەرەسەندنی هەردوو پەیڕەوە کە (میتۆدەکە). کە هەردووکیشیان بۆ پەرەسەندنی مەنتیق و بەمەش جارێکی تر بە گشتی بۆ تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان ئەوپەڕی بایەخدار و سوودبەخش بووە.

پێوەندییەکانی نێوان ئەندازەی بیرکاری و فیزیکی سروشت ئاسا بوونە مایەی هاتنەکایەوەی کێشەی پیادەکردنی سیستەمەکانی بەڵگەنەویست بەسەر هەڵکەوت (واقیع)دا، هەروەها ئەمە وەک پێشتر باس کرا، لەو توێژینەوە گشتییانەدا کە دەربارەی بنەماکانی فیزیک بوون ڕۆڵێکی کاریگەری بینی.

### ٤- کێشە بنەڕەتییەکانی بایۆلۆژی و ڕەوانشوناسی:

بایۆلۆژی هەمیشە لەلایەن میتافیزیکییەکانەوە بەخۆشییەوە وەک دەڤەر و پاوانێکی تایبەتی پەسەند کراوە. ئەم هەڵوێستە لە ڕێبازی هێزێکی تایبەتی ژیندا، لە ڤیتالیزمۆزدا دەرکەوتووە و دەربڕاوە. نوێنەرە مودێرنەکانی ئەم ڕێبازە هەوڵیان داوە کە لەنێو ڕوخسارە ناڕوون و تەمومژاوییەکەی ڕابردوویەوە بەرەو چوارچێوەیەکی ڕوون کە تێی بگەیشترێ بیبەن. لەجێگەی هێز و توانای ژیان «سالارەکان Dom-inanten» (ڕاینکە ١٨٩٩ز)، یان «ئینتلێخیا» (دریش ١٩٠٥ز) دەرکەوتن، لەبەر ئەوەی ئەم چەمکانە بەتەواوەتی پێداویستی بردنەوە سەر هاوردەیان Gege-bene تێیدا نییە، لەلایەن تێگەیشتنی زانستییانەی جیهانەوە ڕەت دەکرێنەوە. هەمانشت ناوبراو بە فیتالیزمی ڕەوانشوناسی دەگرێتەوە کە دەستێوەردانی دەروون، ڕۆڵێکی ڕابەرانەی گیانی لەنێو ماددەدا ڕادەگەیەنێ. لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر ناوکی ئەزموونی پەی پێ براوی ئەم فیتالیزمە میتافیزیکیە لە توێکڵەکەی ڕزگار بکرێت ئەو تێزە دەمێنێتەوە:

ڕووداوەکان لە سروشتی ئۆرگانیکدا بەپێی چەند قانوونێک دەقەومێن کە ناکرێ بیرێنەوە سەر چ قانوونێکی فیزیکی.

شیکردنەوەی ورد دەری دەخات کە ئەم تێزە وەک ئەم لاف لێدانە هەمان شت دەگەیەنێ:

هەندێ دەڤەری هەڵکەوت (واقیع) ملکەچی قانوون سالارییەکی یەکڕەنگ و سەرتاپاگیر نابێت.

جێگای تێگەیشتنە کە تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان لەو دەڤەرانەی خۆیان پتر لە دەڤەرەکانی تر بەرەو وردی چەمکیانە پەرەپێداوە، دەتوانێ روون و ئاشکراتر پشتیوانی بیروبۆچوونە بنەڕەتییەکانی خۆی بکات: لە گۆڕەپانی فیزیکدا روون و ئاشکراتر لەهی ڕەوانشوناسی. ڕوخسار و فۆرمە زمانییەکان کە ئەم سەردەمەش لەگۆڕەپانی ڕەوانشوناسیدا بەکاریان دێنین لەو چەند بۆچوونە میتافیزیکیە کە لەکۆنەوە دەربارەی دەروون دارێژراون، کەوتوونەتەوە. چەمکدارشتن لە گۆڕەپانی سایکۆلۆژیدا بەم کەم و کورییەی زمان سەخت و گران بووە: بارگرانی میتافیزیکیانە و ناتەبایی و نارێکی لۆژیکیانە. سەرەڕای ئەمانە چەندین سەختی و گرانی بابەتییانەش دێنە پێشەوە. ئەنجامەکەش ئەمەیە:

ئەو چەمکانەی تائێستا لە ڕەوانشوناسیدا (سایکۆلۆژی) بەکاردێن، بەڕاستی هەر بەکەم و کورتی پێناسە کراون، لەلای هەندێکیان هیچ جارێک ساخ نابێتەوە کە واتا بەخشن، یان هەر بەهۆی بەکارهێنانی زمانەوە وادێنە بەرچاو کە واتاو دەلالەت بەخشن. بۆیە لەم گۆڕەپانەدا شیکردنەوەی ئیپستمولۆژییانە کارێکی زۆری بۆ ماوەتەوە بیکات. بە ئاشکرا ئەم شیکردنەوەیە لێرە سەخت و گرانترە لەوەی لەگۆڕەپانی فیزیکدا دەکرێت. ئەو هەوڵەی سایکۆلۆژی ڕەفتار دەیدات، ئەوی دەروونی بێت لە کردار و ڕەفتاری لەشدا واتە لەتوێژێکدا کە بەهەست پەی پێدەبردرێت، تێبگەیشترێ لە بنەڕەتدا لە هەڵوێستی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهانەوە نزیکە.

## ٥- بنەماکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان:

هەموو لقێکی زانست، وەک چۆن ئێمە لەبابەتی فیزیک و بیرکاری بەتایبەتی سەرنجمان دا، لە قۆناخێکی پێشتر، یان دواتری پەرەسەندنیدا بەرەو پێویستی و ناچاری تاقیکردنەوەی ئیپستمولۆژیانەی بنەماکانی، شیکردنەوەی لۆژیکیانەی چەمکەکانی دەبردرێت. هەمانشت دەڤەری زانستی سۆسیۆلۆژی، بە پلەی یەکەم مێژوو ئابووری نیشتمانی دەگرێتەوە. نزیکەی سەدساڵ دەبێ کە پرۆسەی دوورخستنەوەی پاشماوەکانی میتافیزیک لەم گۆڕەپانەدا لە بردەودایە. لێرەدا هەمان پلەی پاککردنەوە کە لە فیزیک کراوە بەدەست نەهاتووە: لەلایەکی ترەوە دوورنییە لێرەدا ئەرکی پاککردنەوە کەمتر پێویست بێت هەرچۆنێک بێت، لێرە هێرشی میتافیزیک تەنانەت لەسەردەمی ئەوپەڕی دەستڕۆیشتوویی میتافیزیک و لاهووتدا بەتایبەتی ئەوەندە بەتین و گوڕ نەبووە. دووریش نییە هۆکارەکەی ئەمە بووبێ:

چەمکەکانی ئەم گۆڕەپان و بابەتە وەک: جەنگ و ئاشتی، هاوردن و هەناردن، لە پەی پێ بردنی هەستەکی ڕاستەوخۆ نزیکترن لەوەی وەک چەمکەکانی ئەتۆم و ئەتیر.

سەخت و گران نییە دەست لە چەند چەمکێکی وەک «گیانی گەل» هەڵگیرێ و لەجیاتیان وەک چەند بابەتێک چەند گرووپێکی جۆر و بابەت بەکاربهێنرێ، کویسنەی، ئادەم سمیت، ڕێکاردۆ، کۆنت، مارکس، مینیگر، ڤالرەس، موللەر- لییر، بۆ ئەوەی چەند توێژەرێکی ئاراستە و ڕێبازە جیاوازەکان ناوبهێنین، بەگیانی هەڵوێستی ئیمپیری، ئەنتی میتافیزیکی کاریان کردووە.

مرۆڤ، شتەکان و چۆنێتی ڕێکوپێکیان بابەتی مێژوو، ئابووری نیشتمانین.

## چوارەم: ئاوڕدانەوە و ئاسۆ

لەو بەرهەمانەوە کە دەربارەی ئەو کێشانەی باسکران نووسراون، تێگەیشتنی مۆدێرنی زانستییانەی جیهان خۆی پێگەیاندووە و پەرەی سەندووە. ئێمە دیتمان، چۆن کۆشش لە فیزیکدا، لەپێش هەموو شتێکدا، بەهۆی چەند ئامرازی زانستییانەی کەم و کورت، یان بەتەواوەتی روون نەکراوەی گونجاوەوە چەندین ئەنجامی بەدەست هێناوە، بەڵام بەتەوژمی بەگوڕترەوە بەرەو چەند توێژینەوەیەکی پەیڕەوییانە هەنگاوی ناوە. ئیتر لەمەوە پەیڕەوی پەرەسەندنی ڕۆنانی گریمانە کەوتەوە و ئینجا پتر بەرەو پەرەپێدانی پەیڕەوی گریمانەیی و شیکردنەوەی لۆژیکیانە ڕۆیشتووە: بەمە ڕۆنانی چەمک هەمیشە روونی وردی پتر بەدەست هێناوە. هەروەک دیتمان، پەرەسەندنی توێژینەوەی بنەما لە ئەندازەی فیزیکدا، لە ئەندازەی بیرکاری و ژمێرەدا بۆ بەمایەی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی پەیڕەو خۆی. بەگشتی لەم سەرچاوانەوە ئەو کێشانە کەوتوونەتەوە کە نوێنەرانی

تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان لە سەردەمەدا بەبایەخەوە خۆیان پێوە خەریک دەکات. جێگەی تێگەیشتنە لە کۆڕی ڤیەننادا تاکەکان لە گۆڕەپانی جیاوازی بایەخدانە بە ئاراستەکان و بۆچوونەکان دەکەونەوە کە دەبنە مایەی جیاوازی لە هەڵوێست و تێگەیشتندا. تایبەتمەندییەکە ئەوە بوو بەهۆی ئەو کۆششانەوە کە بۆ داڕشتنی فۆرمییانەی ورد و ڕێکوپێک دەکرا، بۆ پیادەکردنی زمانێکی تەواوەتی لۆژیک و سیمبۆل، بۆ بەڕوونی جیاکردنەوەی ناوەڕۆکی تیۆرییانەی تێزەیەک لەو بۆچوونانەی لەگەڵیدان، ئەوەی لێکی دادەبڕین و جیای دەکردینەوە کەمتر بوونەوە. هەنگاو بەهەنگاو ڕادەی لە یەکتری گەیشتنە هاوبەشییەکان، کە ناوکی جەوهەری تێگەیشتنی زانستییانەی جیهانیان لێ پێک هاتووە، کە چینە دەرەکییەکان بە جیاوازییەکی خودی گەورەوە پێیانەوە بەندن گەورە و فراوانتر بوون.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕابردوو، جەوهەری تێگەیشتنی زانستییانەی نوێ، جیهانمان بەپێچەوانەی فەلسەفە کلاسیکیەوە بۆ ڕوون دەبێتەوە. ڕستە و دەستەواژەی تایبەتی فەلسەفە ڕۆنانرێن، بەڵکو تەنیا ڕستە و دەستەواژە ڕوون دەکرێنەوە، بەتایبەتی ڕستە و دەستەواژەکانی زانستی ئەزموونییانە، وەک ئەوانەی کە ئێمە لەگۆڕەپانی جیاجیای کێشەکان پێشتر ڕوونمان کردنەوە دیتمانن. هەندێک نوێنەری تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان دەخوازن، بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی فەلسەفەی سیستەمییەوە توندتر پێداگرن لەسەر ئەوەی کە بۆ بەرهەمەکانیان وشەی فەلسەفە بەکارنەهێنن. ئیتر چۆن ئەم توێژینەوانە بویستریێ ناوبنرێن لە هەموو ڕەوشێکدا ڕوون و ئاشکرایە:

هیچ فەلسەفەیەک وەک زانستی بنەڕەتی و هەمەکی شانبەشانی، یان لەسەرووی دەڤەرە جیاوازەکانی زانستێکی ئەزموونییەوە نییە. شان بە شانی ڕێگەی ئەزموونی هیچ ڕێگایەکی تری زانینی ڕەسەن نییە:

هیچ مەملەکەتێکی بیروبۆچوون کە لەسەروو، یان لەودیو ئەزموونەوە بێ نییە. لەگەڵ ئەمەشدا بەرهەمی لێکۆڵینەوە «فەلسەفییەکان»، یان «بنەماکان» بەواتای تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان بە گرنگ و بایەخدار دەمێننەوە. شیکردنەوەی لۆژیکیانەی چەمکە زانستییەکان، ڕستە و دەستەواژەکان و میتۆدەکان لە بڕیارە پێشەکییە ڕێبەستەکان ڕزگارمان دەکات. شیکردنەوەی لۆژیکی و ئیپستمۆلۆژییانە دەخوازێ هیچ دەستنیشانکردن و سنوورێک بۆ توێژینەوەی زانستی دانەنێ: بە پێچەوانەوە: بوارێکی شیاوەکی تەواو (کامڵ)ی چەندین شیاوەکی ڕوخسارەکی دەخاتە بەردەست، کە لێیەوە ئەوە هەڵبژێرێ کە لەگەڵ ئەزموونی پێوەندیداردا بگونجێ (بۆ نموونە: ئەندازەی نائۆیکلیدییەکان و تیۆری ڕێژەیی).

نوێنەرانی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان بە بڕواو سووربوونەوە لەسەر زەوی شارەزایی و ئەزموونی سادەی مرۆڤ وەستاون. ئەوە بەبڕواوە ئەو کۆششە دەکەن پاشماوە و تەپوتۆزی هەزار ساڵەی میتافیزیکی و لاهووتی لەسەر ڕێگە لابەن و بیتەکێنن، یان وەک هەندێک دەبێژن: دوای قۆناخێکی میتافیزیکییانە گەڕانەوە بۆ وێنەیەکی یەکگرتووی جیهانی ئێرە لەسەر زەوی؛ وەک چۆن بە هەندێ واتا و بەشێوەیەک لەسەردەمی کۆندا بنەمای بڕوای جادووگەری لەلاهووت ڕزگاربوو بووە.

پتربوونی ئارەزووە میتافیزیکی و لاهووتییەکان کە ئەمڕۆکە لە فرە ڕێکخراو و کۆمەڵە و لەنێو کتێب و بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و وانەکانی زانکۆدا هەن و دەردەکەون، وا دێتە بەرچاو بە تێکۆشانی سەختی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەم سەردەمەوە بەندبن: تاقمێکی جەنگاوەران توند دەست بە دامێنی دەڤەری کۆمەڵایەتی ڕابردووەوە دەگرن و بە هەڵوێستە کلاسیکییە بۆ ماوەکانی میتافیزیک و لاهووت کە دەمێکە و لەمێژە لەناوەڕۆکدا پووچەڵ کراونەتەوە، بایەخ دەدەن. کەچی تاقمێکی تر، بەتایبەتی لەناوەڕاستی ئەورووپا، ڕووی لەسەردەمی نوێ کردووە، ئەم هەڵوێستانە ڕەت دەکاتەوە و ablehnt لەسەر زەوی زانستی ئەزموونی دەوەستێ و پێدا دەگرێت. ئەم پەرەسەندنە پێوەندی بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مۆدێرنەوە هەیە، کە هەمیشە بەهێزتر و وردتر میکانیزەکراوە و هەمیشە کەمتر جێگەی بۆچوونە میتافیزیکیەکان دەدات. هەروەها پێوەندی بەهیوابڕاوی تاقمێکی فراوانی خەڵکەوە هەیە لەهەڵوێستی ئەوانەی بانگەشە بۆ تیۆری و ڕێبازە میتافیزیکی و لاهوتییە کۆنە بۆ ماوەکان دەکەن. ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی لە زۆر وڵاتاندا کۆمەڵانی فراوان و پانوبەرینی خەڵک بە

هوشیارییەوە پتر لە جاران ئەم تیۆری و ڕێبازانە ڕەت دەکەنەوە و پەیوەست بەهەڵوێستی کۆمەڵایەتییان ئارەزووی تێگەیشتنێکی ئیمپیرستی- ئەزموونی سەرزەمینیان هەیە. لەسەردەمی پێشوودا مەتریالیزم دەربڕی ئەم تێگەیشتنە بووە، لەو نێوانەشدا ئیمپیریزمی مۆدێرن خۆی پەرەپێداوە و لە چەند فۆرمێکی کەموکورتی نەگونجاو دەرباز بووە و لەتێگەیشتنی زانستییانەی جیهاندا وێنەیەکی ڕێکوپێکی نەگۆڕی بەدەست هێناوە.

بەم پێیە تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان لە ژیانی سەردەمەوە نزیکە، ئەگەرچی بەدڵنیاییەوە چەندین جەنگی سەخت و دوژمنایەتی کردنی هەڕەشەی لێدەکەن. سەرەڕای ئەمە، ئەوکەسانە زۆر و فرەن کە ئازایەتییان لەدەست نەداوە، بەڵکو بەپێی ڕەوشی ئەم سەردەمەی کۆمەڵایەتی بەهیوای خۆشییەوە ڕووبەڕووی پەرەسەندنی دواتر و دوارۆژ دەبنەوە. مەرجیش نییە هەموو تاکە لایەنگیرێکی تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان جەنگاوەر و تێکۆشەر بێت. هەندێکیان خۆشی لە گۆشەگیریدا دەبینن، بوونێکی دووری سارد و سڕی گۆشەگیر لە لۆژیکدا بەسەر دەبەن، هەندێکی تر دوور نییە پێیان شەرم بێ تێکەڵ بە کۆمەڵایەتی خەڵک بن و داخی ئەوە هەڵدەکێشن چۆن بەم شێوە ساکارە ئەم شتانە بڵاودەبنەوە، بەڵام بەرهەمەکانیان لە پرۆسەی پەرەسەندنی مێژوودا جێگەی خۆیان دەکەنەوە. ئێمە بە ئەزموون بۆمان دەردەکەوێ چۆن گیانی تێگەیشتنی زانستییانە بەپێودانگێکی ڕوو لەبڵند فۆرم و ڕوخسارەکانی کەسێتی و ژیان، هی خوێندن، پەروەردە، هونەری بیناسازی، دارشتنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەپێی چەندین بنەمای ژیرەکی ئاراستە دەکات و یارمەتی دەدات.

تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان خزمەتی ژیان دەکات و ژیانیش پێشوازی لێدەکات و لەخۆی دەگرێت.

**سەرچاوە:**

**Der Wiener kreis., Wissenschaftliche Weltauffassung. (Hrsg)von: Verein Ernst Mach. Artur Wolf verlag. Wien1929.**

# دیدێکی سایکۆ پەروەردەییانە بۆ گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەردەییدا

محەمەد تەها حوسێن*

ئیشکردن لە سیستمی پەروەردەیی بە مەبەستی گۆڕینی، کەمتر نییە لە گۆڕینی سیستمێکی سیاسی بەیەکێکی تر و کەمتریش نییە لە بڕیاردان لە وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی یاخود ئابووری. گۆڕینی سیستمی پەروەردەیی بۆ چەند ساڵێک دەچێ لە هەرێمی کوردستان باس و بابەتێکە لە کەناڵەکانی میدیا و کۆنفرانسە پەروەردەییەکاندا دەخرێتە ڕوو.

تاوەکو ئێستا یەک بابەتم نەبینیوە تەنانەت یەک بۆچوونیش لە سیاقی قسە و باسی گۆڕانکاریدا زانستیانە ئامانجەکانی گۆڕانی دەستنیشان کردبێ و بەڕاستی سێرەی لێگرتبێ و نیشانی پێکابێ.

پەروەردە و فێرکردن لەهەر کۆمەڵگەیەکدا کاتێ دەچێتە قالبی (سیستم)ەوە کە ئیکسیری ژیانی خۆی لە فەلسەفەی کۆمەڵگە و کولتووری گشتی خەڵکەکە و ئینجا ئاستی گەشەی فیکری و تەکنۆلۆژی و سیاسی و تایپی ئیداری وڵات وەرگرتبێ. ئەمانەی سەرەوە سەرچاوە سەرەکییەکانی هەڵهێنجانی فیکری پەروەردەیین و هەرگیز پەروەردە لە لایەنە مێژوویی و واقیعیەکانی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەک بەدەر نییە. زۆربەی هەرەزۆری فەیلەسووفانی پەروەردە و سایکۆلۆژیستەکانیش کۆکن لەسەر ئەوەی کە پەروەردە پرۆسێسێکی چالاکی ڕاهێنانی تاکەکانە لەسەر گونجان لەگەڵ ژینگە، ئەم پێناسەیە وەزیفەی سەرەکی پەروەردەمان پێدەڵێ و کاتێ وردتر لە پەروەردە ڕادەمێنین ئەوا دادەبەزێتە سەر ڕەفتارەکانی تاک و دەبێتە کردارێک بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ڕەفتارەکانی تاک و زیاترکردنی زانیارییەکانی بە مانا کردارێکی مەعریفی هەمە لایەنەیە ئیش لەسەر جۆرەکانی ڕەفتار بەناوەکی و

دەرەکییەوە دەکات.

پرۆسێسی ڕاهێنانی تاکەکان لەگەڵ ژینگەکانیان، بەمانا ڕامان لەبەر خوردی تاکەکان و ژینگە، ئەم کردارە خوێندنەوەیەکی ورد و سەرنجی زیرەکانە و عەقڵێکی ئەکتیڤی وەرگری زانیاری و ئینجا ماشێنێکی وریای شیکردنەوەی زانیارییەکانی پێدەوێ.

ژینگە بەلایەنە جۆراوجۆرەکانیەوە دەبێ بە یەکەم سەرچاوەی سیستمی پەروەردەیی و کاتێک سیستم بە کۆمەڵە میتۆدێک دەگاتە ئاستی کامڵبوون، ئەوا تاک (کەس) هەرچی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری و سیاسی... تاد هەیە لەنێو دوو توێی کتێبەکانی قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن و هۆکارەکانی دیکەی فێربووندا دەیاندۆزێتەوە. بەمانا منداڵ لە ڕێگەی کاغەز و هۆیەکانی ترەوە بەرەو ژیانی واقیعی کۆمەڵگە دەچێ و بەم شێوەیە بە کۆمەڵایەتی دەبێ. ئەم بە کۆمەڵایەتیبوونە Socialization تا ئێستا ستراتیژێکی نەگۆڕی سیستمەکانی پەروەردەیە و مادامەکێ مرۆڤ تا ئێستا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، کەواتە هەر دەبێ بەکرداری بەکۆمەڵایەتیبووندا تێپەڕێ و چەندەش ئەم پرۆسەیە لەگەڵ واقیع و فەلسەفەی کۆمەڵگە بێتەوە ئەوا تاکەکان زیاتر هاوسەنگ و دروست گەشە دەکەن و بەپێچەوانەشەوە نارێکی لە سیستمی پەروەردە دواکەوتن لە پرۆژەی گەشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە.

ئیشکردن لە سیستمی پەروەردەیی ریسکێکی گەورەیە یاخود عەقڵێکی دەوێ ئازایانە ئەم ریسکە بکا چوون پەروەردە هەر بەتەنیا گۆڕینی چەند لاپەڕەیەک لە کتێبی مێژوو، یان جوگرافیا، یان زیادکردنی وانەیەک نییە، تەنانەت ئاڵوگۆڕکردنی بابەتەکان و تێکەڵکردنی قۆناغەکان و زیادکردنی پشووەکان و نەهێشتنی تاقیکردنەوەکانی نیوەیساڵیش نییە. ئەم شێوازە لە گۆڕین میراتێکی سیاسییە لە سیاسییەکانمانەوە بۆمان ماوەتەوە یان خوویەکە لەوانەوە فێری بووین، چوون هەر ئەوانن ناوە ناوە کە باس لە گۆڕانکاری لە حیزب یا لە حکوومەت دەکەن، ئەوا دوای ماوەیەک کۆمەڵێک دەموچاو ون دەبن و کۆمەڵێکی تر دێنە جێگایان یاخود هەندێک لەبەرپرسان لەگەڵ هێتردا شوێن و پۆستەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن و وەزیری (س) دەچێتە جێی (ک) و (ق)یش دەچێتە جێی (گ).

ئەم تێگەیشتنە چەوتە لە ڕیفۆرمی سیاسی لەسەر هەمان ڕیتم گوازراوەتەوە بواری پەروەردەیی و ئیداری و..... تاد. هەر بۆیە لەو گۆڕانە پەروەردەییەی ئێستادا توخم و ڕەگەزە بنچینەییەکانی گۆڕان و ڕیفۆرم وەدی ناکرێ و هەروەک چۆن لە نووسینەوەی دەستووردا لە بڕگە و بەندی دەیان دەستووری وڵاتانیان ئیستیعارە کردووە و لەقسەو باسی بە دیموکراسی کردنی سیستمی سیاسی و فیدرالیزمیشدا هەر سویسرە و کەنەدا و ئەڵمانیا و U.S.Aبە نموونە دەهێننەوە و جارجارەش ئیماراتی عەرەبی یەکگرتووشی بەگەڵ دەدەن. ئەمە لە کاتێکدا ئیمارات نە فیدرالییە و نەدیموکراسییە و بگرە یەکگرتنێکی قەبیلەیی و تیرەگەرییە و چەند براو ئامۆزایەک حوکمی دەکەن. لە بازاڕیشدا باس هەر باسی بازاڕی ئازادە و نەسیاسەت و سیستمی بانکەکان و نەچاودێری هاتوچووی کاڵاکان و نەکێبڕکێی ئازاد لە نێوان سەرمایەدار و سەرمایە گوزاراندا هەیە. لە پەروەردەشدا برادەران و هەڤاڵان لە سیستمی پەروەردەیی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیایان بۆ قەرز کردووین، ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتەش کە لە ڕووی ژینگەیی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە تەواو لەوان جودان، ناچار دەکرێن لەسەری بڕۆن و لەگەڵی بگونجێن.

ئەم جۆرە لە (قەرز و ئیستیعارە و ئیقتیباسە) بازدانە لەسەر تایبەتمەندییەکانی کولتوور و ڕاستەوخۆ مامەڵەکردنە لەگەڵ خاڵە گشتییە هاوبەشەکانی کولتوور، بەمانایەکی تر عەقڵەکان بە پانی شتەکان دەبینن و لەگەڵ بەش و پارچەکاندا مامەڵە ناکەن و نەگونجاون.

لە پەروەردە و سیستمی پەروەردەییدا سەرەتا دەبێ بنەما و توخم و ڕەگەزەکان لە تایبەتمەندییەکانی کولتوور هەڵبهێنجرێن، چوون خودی پەروەردە بە مانا سۆسیۆ کولتوورییەکەی گواستنەوەی کولتوورە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەکانی دواتر و ئەمەش لە چوارچێوە گشتییەکەیدا بریتییە لە پرۆسێسی بەکۆمەڵایەتیبوون.

دوای ئەوەی لە تایبەتمەندییەکانی کولتوورەوە چووینە نێو کرداری پەروەردەوە، ئەوا ئاسان دەبێ لە چوارچێوەی پێوەندی و میکانیزمەکانی ئاڵوگۆڕی و کەوتنە ژێر کاریگەری کولتوورییەوە بچینە نێو خاڵە هاوبەشە گشتییەکانی کولتوور و ئەوەش لەم سەرزەمینەی ئێستادا لە ڕێگەی هۆیەکانی (Comunication)ەوە وەئاسان کەوتووە.

پەروەردە پرۆسەی دروستکردنی ئینسانە لە لایەنەکانی عەقڵ و ڕۆح و ڕەفتارەکانی سەربەخۆی تاک و ئینجا ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان و پاشان لایەنی ئەخلاق.

ئەم ئەرکە زەحمەتە لە وڵاتی ئێمەدا دەبێ بەکەرەستە و میتۆدێکی ئاشنا ئەنجام بدرێ، مادام پەروەردە بە مانا نوێیەکەی هەموو لایەنەکانی تاک دەگرێتەوە بە جەستە و جووڵە و عەقڵ و هەڵچوون و ڕۆح و مۆراڵ و کۆمەڵایەتییەوە ئەوا جەستەیەک بۆ جووڵە لە جوگرافیا و تۆپۆگرافیای خۆی دەبێ ساز بکرێ و عەقڵێک دەبێ لەگەڵ پێدراوەکانی ژینگە و دەوروبەری خۆی لە کار و بەرخورددا بێ و حاڵەتە هەڵچوونییەکان بەهەر دوو جۆرەکانییەوە، دەبێ بە مەبەستی هاوسەنگی هەڵچوونی بن لە واقیعی ژیانی خۆیان و ڕۆحێک لەسەر بەهاو نەریت و ترادیسیۆنەکانی خۆی بجووڵێ و لەوانەوە هێز وەرگرێ ئەگەر بە مانا ڕەهاکەشی نەبێ و ببەوێ هەمیشە لە بەرهەمهێنانی بەهاو نۆرمی نوێتردا بێ. ئەخلاقێکیش زیاتر وەزیفەی سازان و گونجاندنی تاکەکان بێ نەوەک بەستنەوەیان بەدەقە دەقگرتووەکان و کردنی ئەم ڕابردووەی بەسەرچوو بە بەڵگە (علة)ی ئێستا و داهاتوو. لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە هەروەک دۆرکهایم دەڵێ: پەروەردە دەبێ ئەو هۆکارە بێ کۆمەڵگە لە ڕێگەیەوە بەردەوام مەرجە تایبەتییەکانی ژیانی خۆی دیاری بکات.

کەواتە کۆمەڵگە وەک ماشێنێک هەمیشە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی مەرجە تایبەتییەکانی ژیانی تاکەکانییەتی و بۆ ئەوەی بەڕاست خاسیەتی کۆمەڵگەی یەکانگیری هەبێ دەبێ تاک بۆ کۆو کۆ بۆ تاک ساز و لەبار بکات. ئەم جۆرە کارکردنە لە فەراهەمکردنی مەرجەکانی ژیان ڕێک مانای پەروەردە دەگەیەنێ لە دید و نەزەری دۆرکهایمدا.

با بێین ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین:

ئایا تا چەند لە هەرێمی کوردستاندا حکوومەت، یان (وەزارەتی پەروەردە) بەم قووڵییە لە چەمکی پەروەردە گەیشتوون و تا چەند بە ئامادەییەکی عەقڵانیانە ئیش بۆ هێنانە کایەی سیستمێکی پەروەردەیی خۆماڵی دەکەن؟

ئەم پرسیارەیە تا ئێستا وەڵامەکەی بە ئیجاب لەبەرژەوەندی حکوومەت نییە و ئەوەی مایەی نیگەرانییە تێنەگەیشتنێکی وردە لە پەروەردە و نەبوونی ئامادەیی و نەزانینی ئیشکردنە بۆ بوونە خاوەنی سیستمێکی خۆماڵی.

سیستمی پەروەردەیی خۆماڵی بە مانا بوونی فەلسەفەی کوردی لە پەروەردە و ئیشکردن لەسەر بەهاو دابونەریت و شێوازەکانی ژیانی کوردەواری لە چوارچێوەی پراکتیزەکردنی فەلسەفە لە بواری پەروەردەدا، بەمانا بە عەقڵی کوردی لە پەروەردەدا بیربکەینەوە و ڕەخنەبگرین و جوانکاری و گۆڕانکاری تێدابکەین، نەوەک سیستمی پەروەردەیی ئێمە لە دایک بووی فەلسەفەی کۆمەڵگەیەکی دیکە بێ کە لەوانەیە لەشێوازی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و سیاسی و سیستمی بەهاکان گەلێ لە ئێمە جیابن.

هەر ئەم خۆماڵیبوونەیە ڕۆڵی سەرچاوە دەداتە ژینگە و ڕێگە نادا هەرگیز پەروەردە لە واقیعی ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگەکەیان داببڕێ.

بۆ ئەوەی سیستمی پەروەردەیی و فەلسەفەی پەروەردە بخوێنینەوە، دەبێ لە ئەستوندە سەرەکییەکانەوە پێدابچین و شیکاریانە بزانین چۆن ڕێک خراون و پێوەندییەکان چۆنن و مەرجەکانی پەروەردە بە چ شێوەیەکن:

## قوتابی

قوتابی کێیە؟ بەو پێیەی لە سیستمی پەروەردەیی زۆربەی وڵاتانی دنیادا ئێستا خوێندنی بەزۆری هەیە، ئەوا چۆن دەکرێ ئەم (بەزۆرییە) بە دیموکراسی بکرێ؟ چۆن ڕێک بخرێ؟ بەر لەوەی منداڵانی تەمەن «٦» ساڵ بێن بە قوتابی و لەسەرەتای یەکەم ساڵی خوێندنیاندا تووشی شۆکی ژینگەیی نەبن و لە قوتابخانەدا گونجانێکی دەروونی مەعقول بدۆزنەوە، پێویستە پێشتر چیان بۆ کردبن؟

ئەوەی مایەی نیگەرانییە، لای ئێمە ئەوەیە تاکو ئێستا خوێندن هەر لە یەکەمی سەرەتاییەوە دەست پێدەکا و ئەوەی پێی دەڵێن قۆناغەکانی بەر لە قوتابخانە، بە مانا پەروەردەییە- ئینسانی- لیبراڵییەکەی بوونیان نەبووە. دایەنگەو باخچەی ساوایان دوو شوێنی زۆر بنچینەیین بۆ سازکردنی کەسێتی منداڵ و بەتایبەت باخچەی ساوایان. ئەگەرچی لە وڵاتی ئێمەدا ئەم دوو ئۆرگانە پەروەردەییانە هەن، وەلێ میراتێکی پەروەردەیی توتالیتارین و ئێستاش ئەگەر هەن تەنیا پەناگەی منداڵانن، نەک شوێنێک بۆ پەروەردە، بەڵکو شوێنێک بۆ لە کۆڵکردنەوەی منداڵان لە باوک و دایکیان، چوون

ئیشکردن و پەروەردەکاری لەم دوو شوێنەدا بەگوێرەی میتۆدە پەروەردەیی و سایکۆلۆژییەکان بەڕێوە ناچێ و زیاتر فۆرم و گەوهەرێکی ڕەمەکیانەی هەیە.

هەر بەتەنیا فرۆید نییە گرنگی دەداتە (٥) ساڵی یەکەمی تەمەنی مرۆڤ کە منداڵێتی سەرەتاییە، بەڵکو زۆربەی زانایانی دیکەی دوای ئەو بە جیاوازی ڕێچکەی بیرکردنەوە و دەرچە تیۆرییەکانیشیان لەگەڵ ئەوەن پێنج ساڵی یەکەمی تەمەن، بەڕاستی بریتییە لەژێر خانی کەسێتی تاک چ لە ڕووی دەروونی، یان کۆمەڵایەتی، یان ئەخلاقییەوە.

بەو پێیەی لەو قۆناغەدا منداڵان ئەرکی بەخێوکردن و ئاراستەکردن و گەشەپێدانی جەستەیی و جووڵەیی و عەقڵی و دەروونی و مۆراڵیان لە ئەستۆی خێزانەکانیاندایە، وەلێ خێزانی ئەم زەمەنەی لەشکرەکانی کرێکار و فەرمانبەر و پیشەوەران ئەو خێزانە ئارام و سەقامگیرە نییە کە منداڵان تێیدا هەست بە حەسانەوەی دەروونی بکەن و بگرە مەرجە قورسەکانی ژیانی ئەم دواییە زەحمەت بۆ هەموو خێزانێک فەراهەم دەبن و منداڵ ئەو ئارامییە ڕۆحییە نادۆزێتەوە کە وەک ماسلۆ وتەنی پێداویستییەکی بنچینەیی، پێویستی پێیەتی. لەو حاڵەتەدا دایەنگە و باخچەکانی ساوایان ڕۆڵی خێزان وەردەگرن و لەو شوێنانەشدا هەرگیز منداڵ ئەو سۆز و بەزەیی و ڕەحمەی پێویستی پێیەتی بۆ تەکامولی کەسێتی هاوسەنگ نایدۆزێتەوە، چ جای ئەو تەرزە لە باخچە و دایەنگەیانەی ئێمە کە پاشماوەی فەلسەفەیەکی سیاسی توتالیتاری سۆشیال ناسیونالیستی عەرەبی بەعسی [فاشی]بوون و هەرچی پێی دەڵێن بەرنامە و پێڕەوو پرۆگرامی پەروەردەیی و دەروونی و زانستی تێیاندانییە.

کەواتە کارەساتی پەروەردەیی ئێمە هەر بەتەنیا لە سیستم و پرۆگرامدا نییە بەقەد ئەوەی ئاوڕدانەوەیە لەو قۆناغە بنچینەییەی بەژێرخان ناوم بردو تێیدا پرۆژە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت و نەتەوە مانایەکیان نابێ، ئەگەر ئەم قۆناغە لەبەرچاو نەگرن و ستراتیژیانە ئیشی تێدا نەکەن.

لە ئەورووپای خۆرئاوا و بەتایبەت لە ئەسکەندەناڤیادا، منداڵان هەمیشە لەژێر سایەی حکومەتی خۆشگوزەراندا (ڕەفاه) لە پێشەوەن و ئەم ئاوڕ لێدانەوە و زیاد گرنگی پێدانەیان لەو سۆنگەیەوەیە چوون ئەوان هەمیشە لە پاڵ دروستکردن و گەشە پێدانی تاکێکی ساغ و تەندروست و دەروونذروست دەیانەوێ کۆمەڵگەیەکی خاوێن و بێ گرفت و تەندروستیان هەبێ و نەخۆش نەبێ.

کۆمەڵگەکانی ئەورووپای خۆرئاوا و ئەمریکای باکوور بە تەریبی لە هەموو بوارەکانی مەعریفەی ئینسانیدا گەشەیان کردووە و هەرگیز پەروەردەیان لە بوار و کایەکانی دیکە جیا نەکردۆتەوە. ئەگەر گالیلۆیەک بە گەردوون و فیزیک و خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆی و خۆردا سەرقاڵ بوو، ئەوا دوای ئەو دیکارتێک هات هزری مرۆڤی لەودیو سروشتەوە هێنایەوە نێو خودی خۆی و عەقڵی کرد بە خولگەی وجوود و دواتر کانت لەپاڵ فەلسەفەکەی خۆی قسەی لە پەروەردە دەکرد و پێی وابوو ئامانجی پەروەردە وەدی هێنانی کەماڵی ڕەهاو باشترین گەشەکردنە بۆ مەلەکاتەکانی تاک و وای دەبینی کە پێویستە پەروەردە لە کۆت و بەندە ڕەمەکییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕزگاری بێ و تەواو ببێ بە بابەتێکی سایکۆلۆژی چوون لە بنچینەدا پەروەردە هەوڵ دەدا هەموو ئەو هێز و توانایەی لەنێو خودی تاک و نەستی ئەودایە ڕەها بکا و بیهێنێتە بواری بەرهەست و واقیع. ئینجا لەگەڵ هیگڵ و مارکس و لەولاشەوە لەتەک چارلس داروین و ئینجا کوخ و زاناکانی بوارە سروشتییەکان ولیەم ڤۆنت و مۆنتسیکۆو فرۆید و ئەدلەر و یۆنگ و ولیەم جێمس و جۆن دیوی و هیتر و هیتر ئیشیان لەسەر تاکی ئادەمی وەک ڕەفتار و وەک عەقڵ و وەک غەریزە و وەک بوونێکی کۆمەڵایەتی دەکرد، ئەم هاوتەریب بوونەی زانستەکان لە ئەورووپای خۆرئاوا بە پرۆژەیەکی شارستانی و کولتووری گەورەی جیهانیمان ئاشنا دەکا کە ئامانجی ستراتیژی ئەو ڕزگارکردنی تاکە وەک تاک لە پێوەندە میتافیزیکەکان و خستنەوەی کۆنترۆڵە بۆ نێو خودی ئەو، بە مانا هێنانەکایەی تاکێک (ڕۆتەر) وتەنی کۆنترۆڵەکەی ناوەکی بێ.

تاکی ئێمەی کورد بەو پێیەی کولتووری کورد، بەشێکی شارستانییەتی خۆرهەڵاتە کۆنترۆڵەکەی دەرەکییە و هەمیشە لە دەرەوەڕا ئاراستە دەکرێ. ئەوەتا لە هەرێمەکەی خۆمان وەک هاودژیەک بۆ دیموکراسی بەردەوام بە ئیعاز و ئاماژەی سیاسییەکان، قوتابیان، فەرمانبەران- کرێکاران- پارتەکان.... تاد دێنە سەرجادە و دەچنە بەردەمی بارەگاکانی un و جاری وا

هەیە لە نێو ئاپۆرەی خەڵک و قەرەباڵغیدا ئەتەکێتی خۆپیشاندانیان لێ تێک دەچێ و وا دەزانن بەبۆنەی سەرکەوتنی تۆپی پێ، یان دەنگهێنانی حزبێکەوە هاتوونەتە سەرجادە، ئەمەش بەوەوە دیارە کە خۆ پیشاندان لە دژی سوپای تورک یان ئێران یان... تاد وای لە خۆپیشاندەران گەرەکە پەنجە ڕاوەشێن و دروشمی تووڕە و تایبەت بەو بابەتە بدەن و لە دەم و چاویان نیازیان بخوێنینەوە، کەچی سەیر دەکەی خۆپیشاندان لە دژی تورک و خەڵکەکەش بەرێ ڕۆیشتنەوە چەپڵە لێدەدەن و پێدەکەنن و گۆرانی دەڵێن. ئەم حاڵەتە هاودژە تاکە مانای دابڕانی خەڵک و دەسەڵاتی سیاسییە لە یەکترو جووڵاندنی خەڵکە لەلایەن نێوەندە سیاسییەکان، نەک لەلایەن خودی خۆیانەوە. لە ئەورووپاو ئەمریکا تاکەکان کۆنترۆڵیان لە دەست خۆیانە و ئەوەی دەچێتە سەرجادە، یان لەڕێ ڕۆیشتنێکدا بەشدار دەبێ، دەزانێ چی دەوێ و بۆچی هاتووە و چۆن هەڵسوکەوت دەکات.

دەبێ ئامانجی پەروەردە و هەر سیستمێکی پەروەردەیی ئەگەر هاوڕێ بێ لەگەڵ پرۆژەی دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات و دامەزراندنی تەقالیدی دیموکراسی و لیبراڵ خستنە نێوی کۆنترۆڵ بێ بۆ نێو تاکەکان و پێگەیاندنیان وەک تاکی ئازاد، هەر بۆیە ئەم هەوڵانەش هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدان لە لەدایک بوونی کۆرپەوە دەکرێ، نەک بە تەنیا لە تەمەنی شەش ساڵی بەدواوە.

دەبێ لە سیستمی پەروەردەییدا شوێنێک هەبێ بۆ قۆناغی بەر لە قوتابخانە و ئەم بابەتە لە پلان و بەرنامەی پەروەردەییدا بایەخی تایبەتی و بنچینەیی هەبێ.

هەر کە ئەم بوونەوەرە (٠-٦) ساڵییە لە دوو تویی سیستمی پەروەردەییدا جێگەی بایەخی بنەڕەتی بوو، ئەوسا هەست دەکەین عەقڵی گەشەپێدان هەر بەتەنیا گەشەی ئابووری و بازاڕ و سیاسەت ناگرێتەوە، بەڵکو زیندووترین بواری گەشە و پەرەپێدان، بواری پەرەپێدانی مرۆڤەکانە، واتە دەبێ ستراتیژیەتی یەکەمی پەروەردە، گەشەپێدانی تاکەکان بێ لە ڕووی عەقڵی- جەستەیی- دەروونی- کۆمەڵایەتی- کولتوورییەوە و پاشان لایەنەکانی دیکەی ئابووری و ئەوانی تر دێن.

کاتێ تاک دەگاتە قوتابخانەی سەرەتایی، واتە لە شەش ساڵی تەمەنیدا تاوەکو دوازدە ساڵی، چی پێ دەوێ وەک مەعریفە، وەک دەروون، وەک جەستە، جووڵە، مۆراڵ، کۆمەڵایەتی؟. تێفکرین و وردبوونەوە لە پێداویستییەکانی قوتابیان (منداڵان) لەو شەش ساڵەی سەرەتاییدا [٦-١٢] چی گەرەکە و دەبێ بڕیاری دەسەڵاتی پەروەردەی لە چوارچێوەی تێگەیشتن لە مەغزای سایکۆلۆژی ئەم قۆناغەدا بێ. تا (١٢) ساڵی تاک هەر منداڵە و لە دوای ئەوە، منداڵییەتی تەواو دەبێ، بە مانا لەسەرەتاییدا منداڵ دوو قۆناغ بەیەکەوە دەگوزەرێنێ (منداڵێتی ناوەند و دواقۆناغی منداڵییەتی)، ژینگەی قوتابخانەی سەرەتایی تەواو ژینگەیەکی منداڵانەیە و دنیایەکە پڕیەتی لەو بوونەوەرانەی تایبەتمەندییەکانیان زۆر لەیەکتر نزیکە و هەر بۆیە دەبێ لێیان گەڕێین لەو قۆناغەدا منداڵانە بژین و ورووژێنەری ئیزعاجیان لێ نزیک نەکەینەوە، تێکەڵکردنی قۆناغی ناوەندی (١٣- ١٥) ساڵی بە قۆناغی سەرەتایی جگە لە مەغزایەکی سۆسیۆ سیاسی چیتر ناگەیەنێ و لە پشت ئەم سیاسەتە تێکەڵکردنی ڕەگەزەکانیش دەگەیەنێ کە لە بنچینەدا ئاشناکردنی بوونەوەرانی ئەم دوو قۆناغە و لە بەینبردنی حەساسیەتی ئەم دوو ڕەگەز و قۆناغە بەشێوازی سایکۆلۆژی دەبن و ریفۆرمێکی کولتووری گەورەی پێدەوێ، نەک بڕیارێکی سیاسی.

تێکەڵکردنی هەرزەکاران بە منداڵان لەیەکگرێدانی بوونەوەری دوو قۆناغن کە هەر یەکەیان پێداویستی تایبەتی خۆیان هەیە لە پێداویستی دەروونی- بایۆلۆژی- کۆمەڵایەتی و هەر بۆیە لەم سیستمەدا و جێ بەجێکردنی لەم سەرزەمینەیەدا شلوێ کردنی دنیای منداڵانە بە ورووژێنەرەکانی هەرزەکاران.

لە لایەکی ترەوە ئاڵوگۆڕکردنی جێگە و پێگەی (قوتابی) وەک تەوەرێک لە سێ تەوەرەکەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، تاوێک لەگەڵ مامۆستا و تاوێکی تر لەگەڵ پرۆگرام نەبینین و نەخوێندنەوە و دەرک نەکردنی ئەو پاشخانە فیکرییە- پەروەردەییە- سایکۆلۆژییە کەوا لە داڕێژەرانی سیاسەت و سیستمی پەروەردەیی دەکا، قوتابی مەرتەبەی یەکەم وەرگرێ وەک تەوەری هەرە سەرەکی لە کرداری فێربووندا.

لە سیستمی مۆدێرنی پەروەردەدا، قوتابی تەوەری یەکەم و سەرەکییە و کۆی سیاسەتی پەروەردەیی و لەنێویدا ئامانجە گشتی و تایبەتییەکانی پەروەردە بۆ

ئەوە دارِێژراون تاک بکەن بەو کەسەی هەرچی تواناو هێزی ون و حەشاردراوی نێو خودی ئەو هەیە رزگاری بکا و بیانهێنێتە بواری واقیع و بەرهەستەوە و وەک تاکێک سەنگ و ئازادی و بوونی دەروونی و کەسێتی و کۆمەڵایەتی هەبێ و سەنتەری رێکخستنی خود و کەسێتی خۆی لەنێو خۆیدا بێ. ئەم جۆرە کەسانە وان لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا و لە کولتووری ئێمە و فەرهەنگە خۆرهەڵاتییەکاندا هەم کرداری بە کۆمەڵایەتیبوون و هەم گرییەست و پەیوەست بوونی کۆمەڵایەتیمان بەو ئاراستەیە نییە چەمکەکانی تاک و کۆ لەیەکتر بەجودا بناسین و پێوەندی هێڵەکانی بەیەکگەیشتن و هەڵکردنیان لەگەڵ یەکتردا بەجودا ببینین، کەواتە دیسانەوە ئێمە خەریکە لە سیستمێک سوود وەردەگرین کە کەلیشەیەکی ئامادەی، یان کەتەلۆکێکی حازری دروستکردن و پێگەیاندنی تاکگەلێکن بۆ کۆمەڵگەی کراوەی تەواو لیبراڵ، ئەمە لە کاتێکدا نە لە دارِشتنەوە و نمایشکردنی لێزان بوونە و نە لە جێبەجێکردن و نە لە ئامانج و ستراتیژەکانی، لەو حاڵەتەدا ئێمە کەلوپەل و کەرەستەی ئامێرێکمان هێناوە بۆ ئەوەی بیخەینە سەر ئامێرێکی تر.

## پرۆگرام

وەک تەوەرێکی دیکەی کرداری فێربوون، پرۆگرام هەموو ئەو سەرمایە رەمزییانەیە کە لە رێگەی هۆیە جیاجیاکان و میکانیزمە هەمەجۆرەکانەوە دەگاتە قوتابیان، بەو نیازەی لەسەر پرنسیپی گواستنەوەی کاریگەری ئەو فێربوونە ئەوەی فێری دەبێ (دێوی) وتەنی بیگوازێتەوە بوارەکانی دیکەی ژیان، دێوی پەروەردە بە ژیان دەبەستێتەوە، ئەم بەیەکەوە بەستنەوەیە هەم کرداری بە کۆمەڵایەتیبوونی لێوە ئەنجام دەدرێ و هەم راهێنانی تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر ژیان لەنێو کۆمەڵگەدا، کەواتە راهێنان لەسەر ژیان بە عەمەلی کردنی پەروەردە دەگەیەنێ و ئەم بەکردەکردنەش راستەوخۆ پەروەردە بەو سوود و مەنفەعەتە دەبەستێتەوە کە کۆمەڵگە بۆ تاکەکانی پێویستی پێیەتی. لەو حاڵەتەدا لە پەروەردەدا دەبێ لەسەر شتێ رابهێنرێی لە کۆمەڵگەکەدا هەبێ و بکرێ وەرگەرِێتە سەر ئەرزی واقیع.

سەرەتا وتمان پەروەردە راهێنانی کەسەکانە بۆ گونجان لەگەڵ ژینگە و ئاماژەمان بەوەدا کە پەروەردە و فێربوون، کەسەکان لە رێگەی کتێب و هۆیەکانی دیکەی فێربوونەوە بە کۆمەڵگە ئاشنا دەکا. کەواتە پرۆگرام دەبێ پری بێ لەو ناوەرۆکە دەوڵەمەندە خۆماڵیانەی تاکەکان بۆ ژیانی عەمەلی خۆیان پێویستیان پێیەتی بە مانا خەڵکی دەبێ پێداویستییە بنەرِەتی و ناوەنجییەکانی خۆیان لە پرۆگرامدا بدۆزنەوە. جگە لەوەش لە پرۆگرامی پەروەردەییدا هەرچی ئاماژەیەک بۆ توندوتیژی- نامۆبوون alienation و تیرۆر و دژکاری نابێ هەبێ.

پرۆگرامی پەروەردەیی لە عێراقدا تەواو سیستمێکی تەلقینی توتالیتاری و ئەسپارتی بووە و ئەوەندەی مرۆڤەکان بۆ رووبەرووبوونەوەی هەمیشەیی رووداوە پێشبینیکراو و نەکراوەکان ئامادە دەکا و فێریان دەکا هەردەم چاویان لەسەر خۆیان و خەڵکی تر بێ ئەوەندە بە پەروەردەی هەمەلایەنەی جەستە و رۆح و ئاکار و دەروون و عەقڵ و لایەنی کۆمەڵایەتی و... شتی ترەوە سەرقاڵ نەبووە. ئەم جۆرە پرۆگرامەیە پییێر بۆردیۆی سۆسیۆلۆژی فەرەنسی ناوی ناوە توندوتیژیی رەمزی.

بە مانایەکی تر سازکردن و دروستکردنی کەسانێک ملکەچ بن بۆ ناوەندەکانی کۆنترۆڵ لە دەرەوەی خۆیان و کەسێتییان لەبەر رۆشنایی ئەم پرۆگرامە زاخاو دراوە بە ئایدیۆلۆژیای حزبێکی تاکرِەو، کەسێکی تاکرِەو لە قالب بدرێ. بەو پێیە بێ پرۆگرام و تەنانەت سیستمی پەروەردەیی لە زەمەنی بەعسی عێراقیدا بەشێکی گەورەی ستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری لە ئەستۆ دەگرێ و دەبێ لە بەرانبەر ئەم رۆڵە سلبییە ناوهاوسەنگەدا دادگاییەکی عەقڵانی بکرێ.

لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لە جیاتی ئەم موحاکەمە عەقڵییەی پرۆگرامی پەروەردەیی زەمانی بەعس، گۆرِینی پرۆگرامی خوێندن قەتیس کراوەتە سەر گۆرِینی رستەکانی رێزمانی کوردی و عەرەبی و بکەر و فرمانەکان بوونەتە بکەر و فرمانی تر و (فیعل و فاعیل و مەفعولەکان) تەنیا روخساریان گۆراوە و لەگەوهەردا ئامانجە پەروەردەییەکە تاکەکان بەهەمان ئاراستەی بە مێگەلکردندا دەبات، لە مێژووشدا پاڵەوانەکان لە پاڵەوانی بەعس و عروبە بە پاڵەوانی کوردی گۆراون و بە مانا ستراتیژییەتی ناچار کردنی گوێگر، یان وەرگر بەوەی هەر دەبێ وەرگرێکی سلبی بێ و فێرە زۆربڵێیی و زەینی سەردیانە بێ هەرماوە و پێناسەکردنی مێژوو و

حیکمەت لە خوێندنی مێژوو و ستراتیژی شیکردنەوەی قۆناغ و چین لەسەر چینە جیاجیاکانی مێژوو تەئویلکردنی دەقە مێژووییەکانیان و تێگەیشتنی تازە بۆ مێژوو ئامادەییان نییە.

لەوانەکانی تریش بەهەمان شێوە گۆڕان تەنیا لە چوارچێوەی ڕستە و شوێن و پاڵەواندایە و نەگوازراوەتەوە سەر میتۆد و مەبەست و قولبوونەوە بۆ جووڵاندنی عەقڵی قوتابی. ئەمە سەرەڕای مانەوەی بابەتە زانستییە سروشتییەکانی وەک کیمیا و فیزیا و بایۆلۆژی و ماتماتیک و زانستەکانی تر وەک خۆیان و بگرە زۆر خراپتریش لە ڕووی وەرگێڕانی زمانەوانیان و ئەم لیژنانەی کتێبەکانی ئەم تایبەتمەندییە زانستییانە وەردەگێڕن زۆربەی ئەندامانیان نەک هەر شارەزای زمان نین بگرە لە زمانی تایبەتی بابەتەکەش نازانن، ئەم حاڵەتە وێرانەی وەرگێڕانە لە بابەتە مرۆڤایەتییەکانیشدا هەر بەو دەردە چووە.

هەر بۆیە هەمیشە قوتابیان زەحمەتیەکی گەورە دەچێژن لە تێگەیشتن و ناچار میکانیزمی تێگەیشتنی بابەتەکانی پرۆگرام دەبێ بە ئەزبەرکردنی بێ تێگەیشتن (درخ)، لەو حاڵەتەشدا دیاردەی دەرخ دەبێ بە دیاردەیەکی سلبی پەروەردەیی لە کوردستان و دەچێتە پاڵ شێرپەنجەیەکی دیکەی پەروەردەیی کە (وانە تایبەتییەکانن).

هەر بۆیە لە هەڵسەنگاندنی کەلیشیانەی قوتابیاندا تەنیا پێوەری تاقیکردنەوەی زاکیرە ڕۆڵ دەبینێ و ئەزبەرکردن دەبێ بەو پێودانگەی بڕیار لەسەر سەرکەوتن و ژێرکەوتنی قوتابیان دەدا و هەر بەو ڕێوشوێنەش زیرەک و نازیرەک کە پێوەری خۆیان هەیە بڕیاریان لەسەر دەدرێ، بۆیە هەمیشە دەرچووەکان (output) بڕێکی زۆر کەم زانست و فێربوون لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە کۆمەڵگە و بوارە جیاجیاکانی دیکەی ژیان.

نموونەیەکی بەرچاو وەک بەڵگەیەک بۆ سەقەتی پرۆسەی وەرگێڕانی کتێبە مەنهەجییەکان: (دەرونزانی پەروەردەیی پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان + سایکۆلۆژیای منداڵ + بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاری + کتێبەکانی کیمیا و فیزیا و بیرکاری قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی..... تاد). لەمەش مەترسیدارتر سەرچیخ ڕۆیشتنی دانەرانی پرۆگرامە لە هەندێ بابەتدا و لەمەشدا کارەکانیان هاوتای کوفری پەروەردەیی و زانستی دەبنەوە، ئەوەتا لە بابەتی پەروەردەی مەدەنی کە لە قۆناغی (٣) و (٤)ی سەرتاییدا دەخوێنرێ باس هەر باسی بەخێوکردنی مریشک و قاز و کشتوکاڵە و نازانم لەکوێوە قاز و مریشک و ئاژەڵان بە مەدەنییەتەوە ببەستینەوە، ئەمە لەکاتێکدا مەدەنییەت یەک تۆڕی گەورە، یان هەرەمی زەبەلاحی بەهایی و ڕەفتارییە ڕاستەوخۆ ئەم ڕێکخراوە ڕەفتارییە (المنظومة السلوكية أو القيمية) لە بنیادی کەسەکان دەبێ بناغە بکوتن. لە پەروەردەی مەدەنیدا منداڵ دەبێ لەسەر خوێندنەوەی بەرانبەرەکانی و دەربڕینی ڕاوبۆچوون و ڕاهاتن لەسەر مومارەسەکردنی دیموکراسی و ڕەفتارەکانی شارنشینی و خۆ ڕێکخستن لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و... تاد ڕابهێنرێ.

لە پرۆگرامی پەروەردەییدا واقیع دەبێ لەنێو دەقە تەعلیمی و پەروەردەییەکاندا وێنە بکێشرێ، یان ڕەنگ بداتەوە، نەک دەق بمانبات بۆ سەرزەمینێکی دیکە بە ئێمە نامۆبێ، یان بۆ زەمانێکی تر ڕەهەندی چوارەم تێیپەڕاندبێ و ئەوسا زەحمەتییەک لەگونجان لەگەڵیاندا بدۆزینەوە. دەقەکانی نێو پرۆگرام لە کوردستانی خۆمان دەبێ تەواو کوردی، یان کوردستانی بن تاکەکانمان سەرەتا بۆ گونجان و ئینجا ناساندنی ژینگەی خۆمان و پاشان خوێندنەوەی ئەم واقیعە و موحاکەمەکردنی عاقڵانەی ڕابهێنێ.

بۆ نموونە لە جوگرافیا لەجیاتی ئەوەی لەنیشتمانی عەرەب و ئەمریکای لاتین و ئەفریقا و ئاسیاوە دەست پێبکەین با لەجوگرافیای کوردستانەوە پێدابچین و کاریگەری جوگرافیا لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی کورد و باری سیاسی و ئابووری و بازرگانی و ئینجا دەروونی خەڵکەکە وەدیار بخرێن، هەڵبەتە بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی (پییێر ڤێریللۆ) جوگرافیا نامرێ و کاریگەری لە ڕەهەندی زەمەن بۆ مرۆڤ کەمتر نییە، بەمانا وابکرێ لە پرۆگرامیزەکردنی جوگرافیادا لەپاڵ ئاشنا بوون بە جوگرافیای کوردستان بایەخی ئەم بابەتە وەک زانست بناسێنین. لە کیمیا و فیزیاش دەکرێ ئەو توخم و ڕەگەزانە بخوێندرێن کە لە سروشتی کوردستان هەن و بەشێوەیەک لەشێوەکان قوتابی بتوانێ زانیارییەکانی تا ئاستێک وەرگێڕێتە سەر واقیع.

کەواتە گەر بمانەوێ لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەیی و پرۆگرام پەرە بە ئینسانی ئەم سەرزەمینە بدەین لە ڕووی

عەقڵی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاکاری و...تاد یەوە و لە ئامانجی دووری کولتووریشمانەوە گەر بمانەوێ کەسی ئەم وڵاتەی خۆمان ئازاد و سەربەخۆ و خاوەنی خودی خۆیان بن، ئەوا دەبێ پەروەردە لەپاڵ (پەروەردەی بەکۆ)ەوە بپەڕێتەوە بەری تاکەکانیش و ئەوان (تاکەکان) بە قەوارەی سەربەخۆ و خاوەن جیهانی تایبەتی خۆیان و پڕاوپڕ لەهێزی شاراوە بناسێ و ئەو هەلومەرج و زەمینەیە بسازێنێ کە هەرچی توانای خەوتووی نێویان هەیە دەرپەڕێتە دەرەوە.

## مامۆستا

لە سیستمی پەروەردەیی نوێدا مامۆستا تەوەری سێیەمی پرۆسێسی پەروەردە و فێرکردنە و وەزیفەی گەیاندنی زانیارییە لە پرۆگرامەوە بۆ قوتابی، بەمانا مامۆستا بەقەولی ڕیتشارد ڕۆرتی (پیرۆزییەکەی لێ داماڵراوە) و ئێستا کەسێکە زیاتر ئەکتیڤە و هەمیشە لە تەدبیرکردن و ڕاماندایە بۆ هەڵسەنگاندنی ئیشەکانی خۆیی و ئەو یەکە سەربەخۆیە (پۆل)ەی وانەی تێدا دەڵێتەوە، بەمانا دەبێ مامۆستا:

١- بیرکەرەوە بێ.
٢- هەڵسەنگێنەربێ.
٣- ڕەخنەگربێ لەمیتۆد و پرۆگرام و سیستم .
٤- پۆل بەواقیعی کۆمەڵایەتی ببەستێتەوە.
٥- عەقڵێکی کراوەی هەبێ لەمامەڵەکردن لەگەڵ ڕاوبۆچوون و تیۆرەکان.
٦- هەڵگری بەرپرسێتی بێ.
٧- دڵسۆزبێ بۆ پرنسیپە پەروەردەییەکانی.
٨- لە دیموکراسی گەیشتبێ و بزانێ پرۆژەی پەروەردە بە دیموکراسی کردنی تاکەکان و ئینجا گەیشتنە بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی.

ئەم داماڵینی قودسیەتە لەمامۆستا وەلانانی، یان لێ کەمکردنەوەی نییە بەقەد ئەوەی ڕزگارکردنیەتی لەهالەیەکی بەستراوی قالب ڕێژکراو کە هەرگیز نەیدەتوانی ببێ بەهاوڕێی قوتابی، بگرە بەهاوڕێی خۆشی و وای لێ هاتبوو ئیدی ئەو دەبێ پیرۆز ڕابگیرێ و ببێ بەتوخمێکی سەرەکی کۆنترۆڵی پەروەردەیی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش، ئەم ڕزگارکردنەی مامۆستا لەنێو کلاسیکیەتی سیستمی پەروەردەیی ئازادکردنیەتی وەک فاکتەرێکی بزۆزی ئەوتۆ ئیدی دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی لەنێو پرۆسەی پەروەردەیی بزانێ و باشتریش بزانێ کە پرۆگرام و مامۆستا و هەرچی پێدراوەکانی پەروەردە هەن بۆ خزمەتی قوتابیان و پێگەیاندنیانە لەهەموو ڕووەکانی جەستە و عەقڵ و دەروون و ئاکار و کۆمەڵایەتییەوە دواتر دەرکردنیانە بۆ نێو ئەو فەزاو بوارانەی لەبارەیانەوە شت فێربووە. لەو حاڵەتەدا ئێمە هەر ئەوەندەمان بەس نییە لە سیستمی تازەی پەروەردە بزانین و ڕۆڵی مامۆستا لەو سیستمەدا تێ بگەین، بەڵکو ئەوەی گرنگترە ئەوەیە ئەم سیستمە تازەیە چ جۆرە مامۆستایەکی پێویستە؟ ئایا بەو مامۆستا کلاسیکیانەی خۆمان ئەم سیستمە بەڕێوە دەچێ؟ بەچ پرۆگرامێک لەمەودوا دەبێ مامۆستا پێ بگەیەنین؟ ئەم لەشکرەی مامۆستایانمان کە ئێستا هەن، بۆچی هەرچی لەگەڵیان دەکەین لە ڕووی زانستییەوە گەشە ناکەن؟ کوان خاڵە لاوازەکان؟.

ڕێچکە و ڕێبازی پێگەیاندنی مامۆستا، یان ڕاستەوخۆ بەستراوەی سیستمی پەروەردەییە، لەو سیستمەدا دەبێ فەزایەکی زانستی- پەروەردەیی- سایکۆلۆژی هەبێ بۆ سازکردن و پێگەیاندنی مامۆستا.
مامۆستای کۆن و زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی ئێستاش نوێنەری سیستمێکی پەروەردەیی کلاسیکین (جگە لەو مەلایانەی لە ١٩٥٩ لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم-دا بەخولی پەروەردەیی بوون بەمامۆستا) ئاگایانە، یان نائاگایانە لەسیاقی ستراتیژی تۆتالیتاریەتی فەلسەفەیەکی دۆگماوە دەجووڵێن.

بۆچی مەلاکانی (١٩٥٩)م جیاکردۆتەوە، چوون ئەوان کەسانێک بوون بەحەزی خۆیان چووبوون بۆ خوێندن لە حوجرەی فەقێیان و پشتیوانی خێزان و کەس و کاریان لەپشت ئەم حەزەیان بوو و پاشان لەسەر دەستی شارەزایەکی گەورەی بواری ئایینی لە تاقیکردنەوەیەکدا مۆڵەتی (١٢)ی پێ دەبەخشرا. ئەمانە لە ئایین و زمان و ڕێزمانی عەرەبی شارەزابوون هەربۆیە کە بوونە مامۆستا لەم دوو وانەیە هیچ کەم و کوڕیەکیان نەبوو.

مامۆستای کلاسیک پێی وابوو وەزیفەی ئەو تەنیا تێئاخنینی چەند زانیاریەکە لەمێشکی قوتابی و ئەم تاک ڕەهەندی و بینینی یەک ڕووی گەشەی مرۆڤەکان نە خوێندنەوەی تاکی ئادەمیە وەک: بوونێکی عەقڵی+ جەستەیی+ دەروونی+ کۆمەڵایەتی+ ئابووری+ سیاسی+ کولتووری و لە پەروەردەی نوێدا بۆ ئەوەی مێشک

هەمیشە ساز و لەباربێ بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویستە گەشە بەم هەموو لایەنانە بدرێ کە ناومان هێنان. ئەمانە هەموویان دنیامیکیانە لەگەڵ یەک هەڵدەسووڕێن و بەتەنیا (مێشک بۆ مێشک) وەک تەلقینێکی مەعریفیانە چی وای لێ شین نابێ.

کەواتە دەبێ مامۆستای کلاسیک وەک چەمک و بوونێکی مەعنەوی بمرێنین و لەجیاتی ئەو برەو بدەین بەو میتۆد و پرۆگرامەی مامۆستای نوێمان بۆ دروست دەکا لە ئاست گۆڕانکارییەکانی دنیا و کۆمەڵگە دابێ.

ئەگەر مەبەستمانە قوتابی ببێ بە تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوون، دەبێ بەبێ ئەوەی هەیبەتی مامۆستا بشکێنین تەرزە مامۆستایەکمان هەبێ باش لەوە حاڵی بێ کە هەرچی سیستم هەیە لەخزمەتی پێگەیاندنی قوتابیاندایە بەمەبەستی گەشە و پەرەدان بە مرۆڤ وەک گەورەترین سەرمایە.

هەندێ ئیجرائاتی کردەییمان لەهەرێمەکەی خۆمان لەم چەند ساڵەی دوایی بینیوە سەبارەت بە (گۆڕانکاری) لەبواری پەروەردەدا، وەک قەدەغەکردنی لێدان و دار و توندوتیژی بەرانبەر بە قوتابیان+ داخستنی پەیمانگە سێ ساڵی و دواتر پێنج ساڵی و ئێستاش پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان و لەجیاتی ئەوانە بایەخدان!! بەکۆلێژی پەروەردەی بنیات، سەرەڕای ئەوە ناوە ناوە زیادکردنی دەرماڵەی مامۆستایان و دروشمدان بەهەڵوێست و مێژووەکەیان. بەو مەبەستەی بەم شێوازە مامۆستا لەبەرگی کلاسیک دێتە دەر و بەرگێکی تر دەپۆشێ. داماڵینی بەرگ ڕێگەچارەیەکی فۆرمالیستی بێ ناوەڕۆکە و جگە لە ڕوخسار و زمان گۆڕینێکی دیبلۆماسیانە چیتر نییە، مامۆستا پێویستە ڕۆحی پەروەردەیی تازەی وەک کراس لەبەرکرێ. بەمانا ڕۆحێکی زیندووی باش و نوێ بچێتە جەستەی ئەوانەی دەبێ کار لە سیستمی پەروەردەییدا بکەن.

تەواوی چوارچێوەی مەرجەعی مامۆستا دەبێ بگۆڕێ بۆ ئەوەی لەسەرچاوەی تازەتر زانیارییەکانی خۆی هەڵێنجێ و ئیدی لەمەولا مامۆستا دەبێ بەشێوەیەک ئامادەبکرێ بزانێ بۆچی مامۆستایە و باشتریش بزانێ چی دەڵێتەوە و برواشی بەخۆی و پیشەکەی هەبێ. ئەم ئیجرائاتە شەکلیانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان کار لە عەقڵ و مەرجەعیەتی کولتووری پەروەردەیی مامۆستا ناکەن و ڕێگەی تر هەن مامۆستا لە شوێنی شیاوی خۆی دادەنێن و نرخێکی نوێی دەدەنێ. هەر بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی ئامۆژگا و پەیمانگەکانی مامۆستایان دابخرێن و خەڵک بەبێ حەز و ئارەزوو لە کۆلێژەکانی بنیات بئاخنن و هەمیشە کەمترین تێکڕای نمرەکان لەو شوێنانە وەرگرن.

با لە فۆڕمی وەرگیرانی قوتابیان دوای شەشەمی ئامادەیی جێگە و پێگەی کۆلێژی بنیات بەرزکەنەوە و لەجیاتی ئەوەی لە کلکی لیستی کۆلێژەکان بێ، با هەورازی ببەن و لە خوار کۆلێژەکانی پزیشکی و ئەندازە دایبنێن. کاتێ قوتابی فۆرم بۆ وەرگیرانی لە زانکۆ و کۆلێژەکان پڕ دەکاتەوە. ئەم گۆڕانکاریە سەرنجی ڕادەکێشێ و لەخۆیەوە لەو مانا تازەیە دەگات کە بۆ مامۆستا دۆزراوەتەوە. هەڵبەتە لەو حاڵەتەدا کە کۆلێژی مامۆستایان لەدوای کۆلێژەکانی پزیشکی و ئەندازە هات ئەوا قوتابیانی نمرە بەرز پێشکەشی ئەم کۆلێژە دەکەن و دەسەڵاتی پەروەردەیی و فێرکردن لەو حاڵەتەدا لەجیاتی ئەوەی کەمترین نمرە بکات بە مامۆستا لەنمرە باشەکان هەڵدەبژێرێ بۆ مامۆستایەتی و ئەوانەش بۆ خۆیان لە ئاست بەرزەکانن و دواتر کە دەردەچن مامۆستای زیرەک و چالاکت دەست دەکەوێ و پاشان دەبێ لەبەرانبەردا نرخێکی ماددی باش بدەن بەو مامۆستایانە و پایەی وەزیفی و داراییان لەهی دکتۆر و ئەندازیار کەمتر نەبێ.

لە درێژەی ماوەی قوتابیەتیشدا لەو کۆلێژەدا دەبێ قوتابی بە پرۆگرامێکی دەوڵەمەندی نوێی ئەوتۆ تەیار بکرێ لە ئاست گەورەیی و باڵابەرزی بەها پەروەردەییە ئینسانیەکاندا بێ، چوون لەو فەزایەدا کەسانێک پێدەگەن ئیش لەسەر بوونەوەرێکی زیندووی عاقڵ دەکەن و دەبێ تا ئاستێکی ئەوتۆ ڕابهێنرێن لە هەستیاری ئیشی خۆیان تێبگەن.

ئیشکردنیش لەسەر مرۆڤ لە قۆناغە پەروەردەییەکاندا لەو کەسانەی گەرەکە هاوسەنگ بن لە ڕووی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتییەوە و ڕۆشنبیری گەورە و پڕ زانیاری بن لە بواری ئیشی خۆیاندا. ئەگەر ئەوانە و دەیان ئیجرائاتی دیکەی پەروەردەیی کران کە لێرەدا بوار نییە یەک بەیەکیان بخەینە ڕوو ئەوا ڕاستەوخۆ:

١- قوتابی دەبێ بە تەوەری سەرەکی پرۆسەی پەروەردە و فێربوون.

٢- پرۆگرام لەنێو سرووتە دەروێشی و کەشە ترسناک و زیندانیەکەی دێتە دەر.

٣- مامۆستاش لەنێو هالەی شێخایەتی و

پۆلیسیەکەی دەردەچێ و پێوەندییەکانی لەگەڵ قوتابی لەشاولیەوە دەبن بە ئاسۆیی.

ئەوسا چیدی مامۆستا ڕۆڵی پۆلیس نابینێ و ناشبێتەوە بەهێمای ترس و تۆقاندن و میکانیزمی کۆنترۆڵ و خەساندنی ئیرادەی قوتابیان و چیتریش ئەو فەزایە نامێنێ کە تێیدا بوونەوەرە بێ وەیی و ڕۆح پەپوولەیی و بەهەشتییەکان لە قوتابیان بێن بەو ڕەمزانەی مامۆستا کلاسیکەکان گرێ دەروونییەکانی خۆیانیان پێ بکەنەوە و لەو کۆمارەی پەپوولاندا بێن بەو جەللادەی گرێی بێدەسەڵاتی خۆیانیان لەسەر بڕێژن و لەوێدا بگازن و بڵێن وا ئێمەش هەین ئەی ئەوانەی بەکەمتان دەزانن.

## مەرجە فیزیکییەکانی پەروەردە و فێربوون

مەرجە فیزیکیەکانی کرداری پەروەردە و فێرکردن زۆرن، هەموو ئەو مەرجانە بۆ ئەوەن کەشی پەروەردەیی تا ئەو ئاستە لەباربکەن قوتابیان بەجیاوازی قۆناغەکانیان هەست بە حەسانەوەیەکی دەروونی ئەوتۆ بکەن لەخۆیانەوە هەمیشە بەرەو ئەو کەشە پاڵ بنرێن نەوەک کەسان و لایەنی دیکە بیانجوولێنن.

(شوێن) هێزێکی کێشکردنی کاریگەری هەیە نەک هەر بە تەنیا بۆ مرۆڤ، بگرە بۆ تەواوی زیندەوەرانی دنیا، گرنگی شوێن لە یەکەم بەر خوردی تاک لەگەڵ سروشتەوە سەری هەڵداوە و ئەو فاکتەرە هەرە بنچینەییە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دروست بوون و دیارکەوتنی دنیایەک ڕەفتار و خوو و خەسڵەت لەهێڵکاری مەعریفی کەسەکان و بنیادی کەسێتیان. هەمیشە جوگرافیا و شوێن کاریگەری خۆی لەسەر عەقڵ دادەنێ و هەر بۆیەش لەڕووی ئەنترۆپۆلۆژیەوە، شوێن پێوەندییەکی ئیجابی لەگەڵ کولتووری ئینسانەکان هەیە و ئەم پێوەندییە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە و هەر بۆیەش جۆری پێوەندییەکان کولتوور و نەریت و بەهای جیاوازیان لێ دەکەوێتەوە.

لێرەدا ئێمە دێینە سەر ئەو ژینگەیەی پەروەردە و فێربوون تێیدا دەبێ پرۆسەیەکی ئەکتیڤ و گەیەنەر بێ و بوونەوەرانی نێوی حەساوە و ئازاد و خەیاڵ ڕاحەت بن.

مەرجە فیزیکییەکان خوردکراوەی مەرجە فیزیکیە هەرە گەورە کۆمەڵایەتییەکانن وەک وڵات، شار، شارۆچکە...تاد و قوتابخانە وەک شوێنێک بۆ فێربوون، ڕاهاتن، لە ڕووی هونەری هەڵبژاردنی شوێنەکەیی و ئینجا هونەری تەلارسازییەوە تا چەند فاکتەرێکی هاریکار دەبێ بۆ سازکردنی بیروهۆش و دەروونی قوتابیان؟

لەسۆنگەی گرنگی شوێن لە سایکۆلۆژییەتی ئینسان قوتابخانەش بایەخی خۆی لەو هەڵبژاردنە عەقڵییەدا هەیە، قوتابخانەکانی ئێمە زۆربەی هەرە زۆریان لەو شوێنانەن نە قوتابیان تێیدا حەساوەن و نەگەڕەک و ماڵەکانی کەوتوونەتە دەوروبەریان. هەراو هۆریا یەکێک لە سەرەکیترین جۆرەکانی پیسبوونی ژینگەیە و زۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەکانمان هەم لە ژێر کاریگەری هەراوهۆریا و ژاوەژاوی دەرەوەی خۆیانن و هەم ئەوانیش سەرچاوەی ژاوەژاون بۆ دەوروبەر. چ جای ئەوەی لەڕووی ئەندازەی بیناسازیەوە قوتابیان بەردەوام هەست بەخنکانی دەروونی و هەڵچوونی دەکەن جا بەهۆی دیزاینی تەلارەکەوە، یان هەڵکەوتی قوتابخانەکە لەڕووی شوێنەوە بێ.

دروست کردنی شوێنێک بۆ ژیان دروستکردنی دنیایەکە نابێ کەس تێیدا عەزابی دەروونی لێ ببینێ، فەزای قوتابخانەکان زەمینەی فێربوونن، نەک کەشێک بۆ تیرۆری دەروونی و زیندانی کردنی ڕۆحیان. ئینجا سەرەڕای دیزاینی پۆلەکان کە بەپێی مەرجە سایکۆ پەروەردەییەکان نین، ئێستێتیکیەتی شوێن لە هەڵبژاردنی شوێن بۆ فێربوون لەعەقڵی پەروەردەیی ئێمەدا وجودی نییە، فێربوون وەک کردارێکی ئەکتیڤی ئینسانی لە مەرجە فیزیکیەکانی پێویستێ بۆی دابڕاوە، تەلبەندکردنی شوورەی قوتابخانەکان و ڕەنگکردنی شووشەی پەنجەرەکان هیچی کەمتر نییە لەو بێبەشکردنە هەستییە (الحرمان الحسي)یەی لە جەنگی دەروونیدا و لە شووشتنەوەی مێشکدا دژی قوربانیەکان بەکاردەبرێن. قوتابخانەکانمان زیاتر لەزیندانێک بۆ جەستە و سەربازگەیەک بۆ ڕامکردنی دەروونێکی ڕەق دەچن.

ئەم کەشە ئەوەندەی قوتابیانی تێدا دەخرێتە ژێر چاوە پۆلیسیەکانی پارێزەرە وشکە کولتووری- کۆمەڵایەتی- ئەخلاقییەکان ئەوەندە ئەم چاوانە لەسەر ڕەفتارە پەروەردەیی و تەعلیمییەکان نین، لەگەڵ هەموو ئەم چاوانەش، یان لەپاڵ ئەم عەقڵە ئەسبارتییەدا فۆکۆ وتەنی سیستمێکی سزای ئەوتۆ هەیە قوتابی ئەوەندەی لەترسی ئەم چاوانە لەخۆشارکێدایە ئەوەندە بیر لەو گۆڕانە عەقڵی- ڕەفتاریە ناکاتەوە کە پێناسەی سەرەکی و تیۆری پرۆسەی فێربوون مەبەستیەتی.

سەرەڕای ئەو مەرجانەی باسمان کردن، سیستمی دەوامکردنی قوتابخانەکان و ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکان و فەراهەم نەبوونی هۆکارە فیزیکیەکانی دیکەی وەک کارەبا- ئاو- کافتیریا- هۆڵەکان- W.C- و کەرەستەکانی وەرزش و گۆڕەپانەکانی یاری و تەکنۆلۆژیاکانی فێربوون.

ئەگەر شوێن لەبار بێ بۆ پەروەردە و فێربوون، ئەوا دەروونەکان هاوسەنگ و گونجاو دەبن و لەپاڵیدا دەیان دیاردەی سلبی پەروەردەیی کە ئێستا هەن، ئەوسا ون دەبن وەک [نەهاتنی قوتابیان- دزەکردن و خۆ دزینەوەی قوتابیان- شەڕ و ئاژاوە- نەخوێندن- گۆشەگیری- نائارامی- هەڵچوون و شڵەژانی دەروونی...تاد].

شوێن بایەخێکی گەورەی لەمێژووی فیکری ئادەمیزاددا هەیە و کاتێکیش شوێن بچووک دەکەینەوە بۆ قوتابخانە، یان پۆل ئەوا مەبەستمانە هەمان توخمە سەرەکییەکانی هاوسەنگی و گونجانی دەروونی لەو شوێنە پەروەردەییانە فەراهەم بن. لەپۆلی مۆدێرندا هەر هەموو هەستەکان ئەکتیڤانە دەکەونەکار و قوتابیان لەسیاقی پرۆسەی گەورەی ئیدراک، واتە مانادۆزینەوەدا دەبن و لەپاڵ هەست ڕاگرتن ـــ ئاگادار دەبن -Atten tion ئینجا ئامادە دەبن faculity ـــ پاشان دەرکی زانیاریەکان دەکەن و perspective stimulas ئەم کردارەش لەوێنە گەورەکراوەکەیدا چالاکیەکی مەعریفی- عەقڵی ئیجابیە و تێیدا فێربوون ڕوو دەدا.

پۆل هەڵوەستێکی پەروەردەییە چەندین توخمی تێدایە پێیان دەڵێن توخمەکانی هەڵوەست ئەگەر ئەم توخمانە هەر لە (مامۆستا+ قوتابی+ کورسی+ ئامێرەکارەباییەکان+ تابلۆ و هۆیەکانی فێربوون+ ڕووناکی+...تاد) لەگەڵ یەک گونجاو بن و هەر هەموویان بەیەکەوە لەپێوەندیدا بن ئەوا قوتابی دەتوانێ لەم هەڵوێستە پەروەردەییە فێربێ، بەڵام ئەگەر توخمێکی ئەو مەوقیفە لەگەڵ ئەوانی تر نەیەتەوە و پچڕابێ، ئەوا سەرنجی قوتابی دەشێوێ و پرۆسەی فێربوون تەگەرەی دەکەوێتە پێش.

ئینجا وەرە سەر قوتابخانە وەک فەزایەکی گەورەتر لەپۆل ئەگەر توخمێک، یان زیاتر لەگەڵ قوتابی لەدابڕاندابێ ئەم شوێنە دەبێ بەو جێگایەی هاوسەنگی دەروونی تاکەکان دەشێوێنێ و شۆرت دەکەوێتە نێو بازنەی کارۆ فێربوونەکە و گونجانی عەقڵی و جەستەییان وە زەحمەت دەکەوێ.

لەپاڵ هەموو ئەو گرفت و کێشە و بابەتە پەروەردەییانەی باسمان کردن، بزاڤی پەروەردەیی لەهەرێمی کوردستاندا لەنێو قەیرانێکی گەورەی یاساییدایە کە ئەویش ڕاستەوخۆ پەیوەستی بە تاڵایی دەستووری و یاساییە بەمانا سیاسیەکەی، چوون لەو سەر زەمینەی خۆماندا دەستوورێکمان تائێستا نییە کاروبارەکانی ژیان و پێوەندییەکانی کەسەکان وەک (هاووڵاتی) لەگەڵ یەک و لەگەڵ دەسەڵات و لەگەڵ...تاد ڕێک بخا. لەنێو دەسەڵاتی پەروەردەییشدا کە لە وەزارەتی پەروەردەدا بەرجەستەیە بۆ پڕکردنەوەی تەنگژەی یاسایی و جێگرتنەوەی یاسا وشک و شموولی و داخراوەکانی پێش ١٩٩١، چەندین ساڵە یاساگەلێکی ئەوتۆ نین پێوەندی نێوان قوتابی و قوتابخانە و قوتابی و...تاد بەشێوەیەک ڕێک بخا هەم قوتابی لەچوارچێوەیدا سوودمەند بێ و هەم مامۆستا و تەواوی مەرجە بنەڕەتییەکانی دیکەی سیستمەکە.

بەگشتی قسەکردن لەسەر سیستم بەو لێکدانەوە و بۆچوونانەی لێرەدا قسەمان لەسەرکردن پێداچوونەوەیەکی ئەوتۆی دەوێ خۆمان وەک کۆمەڵگەی کوردستانی وەک نەتەوە، وەک کولتوور بناسین و ئاست و خاڵی بەرزی و نزمی خۆمان لەگەشەی کۆمەڵایەتی و فیکری لەبەرچاو بێ، مادامەکێ گوتاری سیاسیش هەمیشە قسە لەسەر بەدیموکراسی کردنی کۆمەڵگە دەکا ئەگەرچی کێرڤەکە لەو ئاستە نیشان نادا، ئەوا دەبێ گوتاری پەروەردەییش لەسۆنگەو دەرچەی دیموکراسیەتی پەروەردە و فێربوونەوە هەنگاو بنێ ئەوسا هەموو شتەکان دێنەوە ڕیزی یەکتر و لەگەڵ یەکتر دەڕۆن.

**(*) ماستەر لە سایکۆلۆژیا.**

**سەرچاوە:**

**١- د. میداوي، احمد و آخرون، الانماء التربوي، مركز الانماء التربوي، ١٩٧٨، بيروت.**

**٢- باركر، ستيوارث، التربية في عالم ما بعدالحداثة، الدار المصرية اللبنانيه، ط١، ٢٠٠٧.**

**٣- وطفة، علي اسعد، علم الاجتماع التربوي وقضايا الحياة التربوية المعاصرة، ط٢، ١٩٩٨، كويت.**

**٤- سرحان، منيرالمرسي، في اجتماعيات التربية، دارالنهضة، العربية، ط٣، ١٩٨١، بيروت.**

**٥- شطناوي، عبدالكريم و آخرون، أسس التربية، دارصفاء للنشر، ط٢، ١٩٩٩، عمان.**

# سەرلەنوێ گۆڕینی فەلسەفە گاڤی یەکەمی فەلسەفەیە

هەندرێن
(سوێد)

**بەرایی**

دیارە ئەرک و پەرۆشخۆری «فەلسەفەی بەرایی»، یان «میتافیزیک» لەپێناو خودی بوون وەک خۆی بوو. هەر لەگەڵ سەرهەڵدان. جووڵە و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە، یان هەر لەگەڵ دەستپێکی کاتەوە هەتا دەگاتە ئەمڕۆش پرسیاری نەبوون، عەدەم هەردەم پرسێکی هەستدار بووە بۆ مرۆڤ. پرسیارگەلێکی وەک: ئەو شتە چییە؟ ئەم شتە بۆ وایە؟ پرسیارو فامکردنی شتەکان هەردەم وەک بابەتێکی سەرەکی مرۆڤی شاگەشکە، دۆشداماو کردووە.

بەم جۆرە ئەرکی «فەیلەسوفانی بەرایی» بایەخدان بە ماریفە و ڕۆچوون بوو بەناو پرسیارگەلێکی سەختی وەک؛ مەرگ، ژیان و بوونایەتی بوون.

وەک دەزانین دەستەواژەی «فەلسەفە» بەگریکی واتای دۆستایەتی، یان ئەڤین بۆ دانا و زانایی دەگەیەنێ. لەکن ئەریستۆدا دەستەواژەی فەلسەفە واتای «میتافیزیک» بوو، هەرچەندە خودی ئەریستۆ وشەی میتافیزیکی بەکارنەدەهێنا. وەلێ کتێبەکەی ئەریستۆ، «فەلسەفەی یەکەم» ماوەیەکی زۆر دوای خۆیەوە ناوی «میتافیزیک»ی پێبەخشرا. چەمکی «میتافیزیک» ئاوێتەیەکە لە Meta، بان و واقیع و Fysik، کە مانای سروشت دەگەیەنێ. چەمکی «میتافیزیک/ Metafysik» هێمایەکە بۆ تیۆرییەک لەمەڕ ژیانێکی هەتا هەتایی کە بنەمای هەموو شتێکە، یان سەرەتا و کۆتایی بوونایەتییە. هاوکات میتافیزیک واتای زانستیش دەگەیەنێ، چونکە دەست و پەنجە لەگەڵ سروشتدا نەرم دەکاتەوە، ژیانمان بۆ شی دەکاتەوە. کەواتە «میتافیزیک» واتای گەڕان و تێگەیشتن لەماریفە: سۆفیا، فەلسەفە دەگەیەنێ.

کەواتە لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم ڕاڤەیەک لەمەڕ ئەرک و

کاکڵەی «فەلسەفەی بەرایی»، یان «میتافیزیک» نمایش بکەم، دواجاریش بە چڕکردنەوەیەک لە جیاوازی و لێکچوونەکانی نێوان ئەریستۆ و دیکارتەوە ئاکامگیرییەک لەکۆی وتارەکەماندا بەرجەستە دەکەینەوە. لێ لەپێشرا، بۆ ئەوەی وێنایەکمان لەو پاشخانەی میتافیزییەکە هەبێ، وێنایەک لەمەڕ «فەلسەفەی پێش سوکرات/ Foresokratikerns filosofi» نمایش دەکەم و وێجا تیرێژێک لە ڕوانگەکانی ئەریستۆ لەمەڕ ئەرک و نێوەرۆکی «فەلسەفەی بەرایی/ Forsta filosofi» دەچنمەوە. وێجا جیاوازی و لێکچوونەکانی نێوان دیدی ئەریستۆ و دیکارت بەدیار دەخەین. دواجاریش ئەم ڕاڤەکارییەی من لەسەر «چەمکی خوا» چڕ دەبێتەوە. هاوکاتیش وێڕای دیدی ئەریستۆ و دیکارت، لە کۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا تیرێژێک لە ڕوانگەکانی مارتین هایدگەر لەسەر هەمان پرسیار دەخەمە ڕوو. هەڵبەتە دیدەکانی خۆمیش لەمەڕ ئەم بابەتەدا، لە ڕەوتی ئەو ئاخاوتنەوە ئامادەبیان هەیە.

### فەیلەسووفەکانی بەرایی

ئەو پرسیارەی کە فەیلەسووفەکانی بەرایی، واتا فەیلەسووفەکانی پێش سوکراتی سەرقاڵ کردبوو پێوەندی بەو گۆڕانکاری و پێشهاتانەی سروشتەوە هەبوو. یەکێک لەو یەکەم فەیلەسووفانەی گریک تالس بوو،کە لە دەوروبەری (٥٨٥) پیش زاییندا ژیاوە. تالس پێی وابوو کە ئاو سەرچاوەی هەموو بابەتێکە. ئەو بەجۆشەوە وەک یەکێک لەو فەیلەسووفانەی بەرایی هەوڵی دا لەڕوانگەی میتافیزیکەوە هەموو پرسیارەکانی بوون شی بکاتەوە. دوای تالس هێراکلیتیۆس، کە (٥٠٠) ساڵ پێش زایین ژیاوە، وەک دووەم فەیلەسووفانی بەرایی، یان میتافیزیکییەکان، پێی وابوو کە شتەکان لە پرۆسەی گۆڕانێکی بەردەوامدان. لەکن هێراکلیتیۆسدا بەربەرەکانی هۆکردی هەموو شتێکە و ئاگریش، وەک توخمێک کە هەمیشە گۆڕانی بەسەر دادێت، بنەچەکەی ناوەکی هەمووو شتێک پێک دەهێنێ. کەچی دیمۆکریتۆس (Demokritos)، کە لە دەوروبەری (٤٦٠) پێش زایین ژیاوە، لە ڕوانگەی تیۆری گەردیلەکەیەوە، پێی وابوو ئەو وردە ماددانەی، کە سازێنەری ئەو گەردیلانەن، تەنیا لە شوێندا، بەهۆی قەبارە، بزوان و هێورییەوە تایبەتمەندی بەردەوامیان هەیە، لێ ئەو گەردیلانە هیچ ڕەنگ، تاموبۆنیان نییە. بەم جۆرە دیمۆکریتۆس وەک تێگەیشتنێکی خودگەرییانە سەیری ئەو تایبەتمەندییە بینراوانەی گەردیلەکانی دەکرد. دیمۆکریتۆس جیهانی وەک وێنەیەکی ڕۆخ ڕەق و دداندار دەبینێ و وەک گێژەنێک ئەو ڕۆخانەی لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵ کرد. هاوکاتیش دیمۆکریتۆس پێی وابوو ئاگر و ڕۆح خاوەن گەردیلەی وردن. ئەو گەردیلانە دەتوێنەوە و دەفڕن و یەکتر دەجوولێنن. لێ دیمۆکراتیۆس بە فەیلەسووفی ڕەوشت پێناسە دەکرێ.

بەڵام پرۆتاگۆرس کە (٤٠٠) ساڵ پێش زایین ژیاوە، هات و گوتی: «مرۆڤ پێوانەی هەموو شتێکە».(١) پرۆتاگۆرس خوێندکارەکانی خۆی وا پەروەردە دەکرد کە بە بەڵگە ڕووبەڕووی هەندێک بۆچوونی سەپاو ببنەوە. لە دیدی پرۆتاگۆرسەوە هیچ ڕاستییەکی ڕەها بوونی نییە، چونکە دژە بەڵگەیەکیش لە بەرانبەر هەموو پرسیارێکدا هەیە. سۆفیستەکانیش ٤٠٠ ساڵ بەر لە زایین، وەک مامۆستایانی فەلسەفەی پراکتیکی کاریان دەکرد و لە گۆڕەپانی شار و دێهاتەکانی گریکدا وانە و کۆڕیان پێشکەشی خەڵک دەکرد. ئەو سۆفیستانە بڕوایان وابوو، کە ئەو شێوازەی بڕوا بە مرۆ دەهێنێ، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە تەنیا دەستەبەرکردنی ئامانجەکەیە.

قوتابخانەیەکی دیکەی ئەو سەردەمە هی پیتاگۆرەکان بوو، کە نزیکەی (٥٨٥) ساڵ بەر لە زایین سەری هەڵدا. ڕوانگەی پیتاگۆرەکان جەختی لەسەر سروشتی خواوەندییانەی ڕۆح دەکردەوە. ئەوانە سەرقاڵی گریمانە ماتماتیکییەکان بوون. پیتاگۆرەکان بڕوایان وابوو، کە هەموو شتێک بە ژمارەوە گرێدراون، چونکە ژمارە، ماتماتیک گەوهەری ڕاستینەی شتەکانە. پاشان پەرامێندس کە (٤٠٠) پێش زایین ژیاوە، جێگەی پیتاگۆرەکان دەگرێتەوە. تیۆری پەرامێندس دەبێتە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ بیرکردنەوەیەکی ئاوەزگەری. بە واتایەکی دیکە: ڕیشەی هزری ڕۆژئاوایی بەپەرامێندیسەوە گرێدراوە. پەرامێندیس لە شاری ئێلیا لە قوتابخانەی ئێلیا کاری دەکرد. فەلسەفەی پەرامێندیس بە «فەلسەفەی یەکایەتی» ناودێر دەکرێت. بنەمای فەلسەفەکەی لەو گریمانەدا چڕ دەبێتەوە کە دەڵێ: «ئەگەر شتێک نەبێ، پێویست ناکا بیری لێ بکرێتەوە». ئەو پێی وابوو، کە ئەو شتەی بوونی هەیە، پێویستە هەبێ و ئەو شتەش ون نابێ. کەواتە بوون شتێکی بێکۆتاییە. ئەمەش یەکێکە لە گریمانە سەرەکییەکانی پەرامێندیس. هەربۆیە لە فەلسەفەی ڕۆژئاواییدا پەرامێندیس بە باوکی ئاوەزگەرایی دەناسرێ.

دەستەواژەی «Ontologi»، بوونناسی کە بەشێکی زۆری فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەگشتی و بە تایبەتیش پێک دەهێنێ، لەگەڵ پەرامێندیسدا دەستی پێکرد. بەلای پەرامێندیسەوە ئەوەی کە بیرکردنەوە بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکا، کەواتە بۆ بیرکردنەوە گرنگە، لەبۆیە مرۆ دەتوانێ تەنیا بیر لە شتەکانی دیکە بکاتەوە.

ڕوانگەی پەرامێندیس لە گریمانەی بۆشایی شوێن، واتا «هەرگیز ناکرێ ئەوە بسەلمێنرێ کە نە- بوون هەیە»، چڕ دەبێتەوە. (٢)

شاگردەکەی پەرامێندیس، زێنون، کە دژی بڕوای بزوان بوو، پێی وابوو ئەوەی هەیە یەکاتییە. ئەو دەیویست ئەو پرسیارانەی کە پەرامێندیس وروژاندبووی تاووتوێ بکا. زێنون کۆمەڵێ بەڵگەی سەلماند. بەڵگە ناودارەکانی لەسەر جووڵەی سیسالکەکەچەڵ بوو. مرۆ ناتوانێ لە ئاراستەی بزوانی سیسالکەکەچڵدا گۆڕانی کات بزانێ.

کەچی ئێپیکۆرس (٣٠٠) ساڵ بەر لە زایین،تیۆرییە ماتریالیزمییەکەی درێژدەری تیۆری دیمۆکراتیۆس بوو. ئێپیکۆرس پێی وابوو کە سەرکەوتن و بەختەوەری مرۆڤ لە دۆخێکدا بریتییە لە ئازادییەکی ملکەچەوە. لە بۆیە دەبێ ئەو تەرزە دۆخە ببێتە ئامانجی مرۆڤەکان. کاتێک مرۆڤ ئەو دۆخەی هەڵبژارد کەواتە ئەو ئامانجەی مەیسەر کردووە، ئیتر پێویست ناکا مرۆڤ لە هەڕەشەکانی مەرگ و خوایەکانەوە بترسێ. لە ڕوانگەی ئێپیکۆرسەوە ڕۆح ئاوێتەیەکە لە گەردیلەگەلێکی ماددییەوە کە لەجەستەدا یەکیان گرتووە. لەوێدا هەوەس، لە دیدی ئێپیکۆرسەوە، باڵاترین ئاکاری چاکەیە.

لەکۆتاییدا دەبێ سەرنج لەوە بدەین، چونکە لەسەردەمی فەیلەسووفانی پێش سوکراتدا، مرۆڤ بڕوای بە هەستپێکردن هەبوو نەک بینین، هەربۆیە هەر چوار توخمی سروشت، ئاو، خۆڵ، هەوا و ئاگر بنەمای فەلسەفەی بەرایی پێک دەهێنن.

**ئەریستۆ و «فەلسەفەی بەرایی»**

ئەریستۆ (٣٨٤- ٣٢٢پ.ز)،بە فەیلەسووفێکی مەزنی خاوەن سیستەماتێکی فام دەکرێ، چونکە ئەریستۆ بە نووسینەکانییەوە، توانی بناخەیەکی ورد بۆ هەموو زانستەکان دابهێنێت. ئەریستۆ لەیەکێک لە نووسراوەکانیدا، کە بەسوێدی بە «Den forsta filosofin» ناسراوە، کە دەکرێ بەکوردی ببێتە «فەلسەفەی بەرایی»، یان «یەکەمین فەلسەفە» هەوڵیداوە ڕاستییەکی واقیعی شرۆڤە بکا. ئەو ڕاستییە واقیعییەش، لەکن ئەریستۆ دا، هەموو بوونەوەرەکان بەخۆیەوە دەگرێ. هەستی بینین لە کات و شوێن، پرۆسەی بوون، ئێرە و ئەوێ. مرۆڤ لە ڕوانگەی ئەریستۆوە ئەو بوونەوەرەیە کە لە هەموو بوونەوەرەکانی دیکە زیاتر لە ڕێگای ئەزموونەکانییەوە زانیاری دەستەبەر دەکا. نە واتایەکی دیکە، مرۆڤ بوونەوەرێکی ماریفی تەماشاکارە. ئەریستۆ پێی وایە، کە فراژانی ئاستی ماریفەی مرۆڤ ئاکامگیرییەکە لە ئەزموونەکانی خۆیەوە. لەو ڕوانگەیەوە خودی ئەزموون بریتییە لەو ماریفەیە. مرۆڤ لە ڕێگای ئەزموون و تاقیکردنەوە و باشی و خراپییەکانی شتەکانی ژیاندا فام دەکا، بۆ نموونە مرۆڤ لە ڕێگای ئەزموونەوە دەزانێ کە بەفر ساردە، ئاگر گەرمە...تاد.

ئەریستۆ لەو کتێبەدا باس لە ڕەهەندێکی دووەم دەکا، کە ئەویش «بوونێکی ڕاستی»یە، یان «بوونێکی ڕەها»یە. ئەو پرۆسەی بوونە، کە پێشمەرجەکانی ئەو بوونایەتییە، پێشمەرجی ئەو بوونەیە کە بە هەستی بینینەوە دەرکی دەکەین. لێرەوە ئەو تێگەیشتنە خشتی بناخەی بیرکردنەوەی میتافیزیکییە.

لەنێوان جۆرەکانی ماریفەدا جۆرە ماریفەیەکی تایبەت هەیە. ئەریستۆش دەخوازێ ئەو جۆرە ماریفەیە شەن و کەو بکا، ئەو جۆرە ماریفەیەش خودی فەلسەفەیە. فەلسەفەش، لە ڕوانگەی ئەریستۆوە، ئاخاوتنە لەسەر توانای یەکەمی پرینسیپەکان. کەواتە ئەرکی یەکەمی فەلسەفە بریتییە لەوەی کە: «زۆرێک پێیان وایە (مەبەستی فەیلەسووفانی پێش سوکراتە)، کە ئەو پرینسیپانە سەر بەماددەی سروشتی بوون، بۆ گشت شتەکان «تاکە پرینسیپ بوون؛ ئەو پرینسیپەی کە بە ڕێگای هەموو شتەکانەوە سازبوونە، کە بەر لە هەموو شتێک هەبن. دواجاریش ئەو شتانە هەڵدەوشێنەوە (ئەو گەوهەرەی کە ماوەتەوە، بەڵام کەمێک دەگۆڕێن. ئەوەی کە ئەوانە باسی دەکەن، توخم و پرینسیپە بۆ شت، بۆیە ئەوان بڕوایان بەوە نییە کە شتێکی نوێ دێتە کایەوە، یان شتێک فام دەکرێ، چونکە ئەو چەشنە یەکاتییە هەمیشە لەبووندایە..» (٣)

ئەو چەشنە پرینسیپانە جموجۆڵی ماددە، یان گەوهەرەکانە. ئەریستۆ پێی وایە کە ئێمە بەو شێوەیە دەتوانین زانیاری لەمەڕ پرینسیپەکانی بەرایی دەستەبەر بکەین. لە ڕوانگەی ئەریستۆوە ئەو پرینسیپانەش بریتی نین لە ماریفەیەکی زانستی، بەڵکو بریتین لە بوونی

بوونایەتی، بوونێکی فیزیکی. لە دیدەوە بوونێکی بان ئەو واقیعە هەیە، واتا لە تەک ئەو واقیعە بینراوە هەستییەدا واقیعێکی ڕاستینە هەیە، ئەو واقیعە ڕاستینەیەش بناخەی جیهانێکی بینراوە. پرسیاری سەرەکی میتافیزیکیش دۆزینەوەی پێوەندییەکە لەنێوان واقیعێکی ڕەها و واقیعێکی ڕێژەییدا. کەواتە فەلسەفەی بەرایی، یەکەمین فەلسەفە، لە ڕوانگەی ئەریستۆوە ئاستەنگییە. ئاستەنگیش وزەی سەفەری فەلسەفەیە بەدوای زانیندا. پرسیاری فەلسەفەی بەرایی ئەوەیە کە ئەوە چییە وامان لێدەکا بەدوای بناخە، یان بنەچەکەدا بگەڕێن. سەرچاوەی ئەو بیرۆکەیەی ئەریستۆ لەو تیۆرییەی کە باس لەهەر چوار توخمەکانی سروشت دەکا، واتا (هەوا، خاک، ئاگر و ئاو) هەڵقوڵاوە، کە فەیلەسووفەکانی پێش سوکرات داهێنەری بوون.

ئەریستۆ لەو کتێبەیدا دەبێژێ، کە فەلسەفەی بەرایی سەرقاڵی تێگەیشتن لە پرسیارەکانی بوون و ژیان بوو. لەکن ئەریستۆدا فەلسەفە پێوەندی بەدانایی و زانابییەوە هەیە. لە بۆیە ئەو پێی وایە کە فەیلەسووف نابێ وابەستەی هیچ دەسەڵاتێک بێ. بەم جۆرە، لەکن ئەریستۆ، بوون بە فەیلەسووف، شێوازێکە لە پیادەکردنی ژیان.

ئەریستۆ لەکتێبەکەی، «میتافیزیک»دا چوار چەمک، کە ئەو بە «چەمکی هۆکرد» ناودێری دەکا، شرۆڤە دەکا. ئەو چەمکانە بە «هۆکاری ماتریالی»، «هۆکاری ڕواڵەتی»، «هۆکاری کاردانەوە» و «هۆکاری ئامانجەکی» پێناسە دەکا. هۆکاری ماتریالی بۆ شتێکە (Thing) کە ئەو شتە بریتییە لە؛ برۆنز لە پەیکەرێدا، زیو لە دەفرێکدا». (٤) هۆکاری ڕواڵەتی کە گرینگترین بڕیارە بۆ پەیدابوونی شتێک؛ «باوک هۆکردە بۆ بوونی منداڵ». (٥) هۆکاری ئامانجەکی بەهۆی شتێکەوە دەگۆڕێ و ڕوودەدا؛ «بۆچی مرۆڤ پیاسە دەکا؟» تاکو دەست بەتەندروستی خۆیەوە بگرێ». (٦)

ئەریستۆ گەوهەر و ئەو شتەی کە لە شتێکدا هەیە، کە دواجار دەبێتەوە هەمان شت، وێڕای گۆڕانەکانیشی کەچی لەکۆتاییدا بڕیارەکانی ئەو شتە، کە هەرچەندە ئەو بڕیارانەش گۆڕانیان بەسەردا دێت، لێک جیا دەکاتەوە؛ «هەر یەکێک لەو چەشنە بڕیارانەی کە لەسەر شتێک دەدرێن تایبەتمەندییەکانی ڕەچاو دەکرێن، بوونیان لەگەڵ ئەو بوونانەی کە پەیدا دەبن و یەکێک لەوانەی سەرپەرشتی جۆرایەتییەکان دەکا جیاوازیان هەیە». (٧) بەم جۆرە ئەریستۆ دەپرسێ: «بۆچی ئەو گۆڕانکارییە ڕوودەدا؟» ئەو لە وەڵامدا دەبێژێ، ڕوونکردنەوەی شتێک (Thing) و گۆڕانی شتێک جیاوازییەکی نییە، ئەو شتانە دەبنەوە هەمان شت، چونکە دیاردەکانی ئاسمان، تەنی ئاسمان بە پێچەوانەی دیاردە، جەستەکانی سەر زەوییە کە بەشێوەیەکی بازنەیی دەجووڵێنەوە. ئەریستۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو جیاوازییە بۆ شتەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە.

خوا لەکن ئەریستۆدا واقیعێکی شاگەشکە و نەگۆڕە. هەموو گۆڕانێک بریتییە لە گاڤێک کە لە تاکە توانایەکەوە بۆ واقیع دەست پێدەکا. ئەگەر خواوەند بوونێکی خاوەن ویست بێت، کەواتە بەدوای گەیشتن بەشتێکەوە دەگەڕێ، کە خۆی نییەتی. لە ڕوانگەی ئەریستۆوە خوا باڵاترین هۆکردی گۆڕانە. گەوهەری بێخەوش و بێگەردی خوا کاریگەری بەسەر هەموو شتێکەوە هەیە، بەم جۆرە شتەکانیش بە ئاستی بێخەوشی، خەملێن دەگەن، کە ئەو ئاستەش پێوەندی بە شوێنی شتەکانەوە هەیە کە چۆن لە گەردووندا ڕێکخراون، دەکەونە کوێی گەردوون. هەموو گەوهەرێک بەدوای شێوەیەکی بێگەردەوە عەوداڵن هەتا دەگەن بەو ڕادەیەی کە توانایە سروشتییەکانی خۆیان بواریان بۆ دەرەخسێنن. هەر بۆیە دیکارت خوا بە «ئەو نەبزواوە بزوێنەرە» (٨) ناودێر دەکات.

کەواتە ژیان لای ئەریستۆ بریتییە لە سیستەمێکی دابەشکراو لەنێوان سەروو و خواروودا، کە لەوێدا هەموو دۆخێک، یان شتێک شوێنی خۆیان هەیە. جێگەی ماددە بێگەردەکان دەکەوێتە بەشی خوارەوە. کە ئەوە پێوەندی بەبێ بڕیاری ماددە خاوەکانەوە هەیە. جێگەی گەوهەری خواوەندێکی خەملێویش دەکەوێتەبەشی سەری سەرەوە، ئەو شوێنەی کە هەموو توانستەکان پێگەیشتوون.

## دیکارت و sum ergo, cogito

Rene Descartes (١٥٩٦- ١٦٥٠)، لە جیهانی فەلسەفەدا بە «باوکی فەلسەفەی نوێباو، مۆدێرن» ناودێر دەکرێ. دیکارت لەبواری فەلسەفەدا هەوڵی دەدا زانیارییەکی خەملێو و بێگەرد دەستەبەر بکا. دیارە فەلسەفەی دیکارت بە گومان دەستی پێکرد. ئەو دەیوست خۆی لە هەموو هزرە ئۆتوریتێتەکان، باڵا دەستەکانەوە سەرفراز بکا و بەمەش پایەکی نوێ بە فەلسەفە ببەخشێ. هاوکاتیش دیکارت داڕانێکی وەرچەرخێنەرانە لەگەڵ فەلسەفەی کۆندا دروست دەکا و خۆشی دەکات بە نوێنەری فەلسەفەی هاوچەرخ.

بەم جۆرە دیکارت سیستەمێکی ماتماتیکی سەیری گەردوونی دەکرد. لە بۆیە ئەو وەک فەیلەسووفانی پێش خۆی بیری لە رووناکی شووشەی بینین دەکردەوە، بەڵام دیکارت بەشێوەیەکی میتۆدی و وەرچەخێنەرانە هاتە ناو جیهانی فەلسەفەوە. هزرە وەرچەرخێنەراکەشی «من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم» بوو. لە ڕوانگەی دیکارتەوە هەموو مرۆڤەکان خاوەن چەمکی خۆیانن. لەو ڕوانگەیەوە ئەو پێی وابوو کە بوونی هەموو شتێک و تەنانەت بیرۆکەکانیش هۆکردێکی خۆیان هەیە. کەواتە هەر لەو تێگەیشتنەوەش بوو کە دیکارت بڕوای بە بوونی خوا هەبوو. چەمکی«پێوانەی ڕاستی»ی دیکارت مانای ڕوونی، ڕاشکاوی و بەڵگەی زانیاری بوو.

بەمجۆرە دەبا لەمەڕ ئەو فەلسەفە کۆنەوە گوێ لە خودی دیکارت بگرین: «لە هەمبەر فەلسەفەوە تەنێ دەخوازم بێژم، کاتێک کە من بینیم چۆن لە سەدەیەکدا کە بەدانانێکی مەزنی مرۆڤایەتییەوە دەچنرێت و کەچی خاوەنی نێوەرۆکێکیش نییە، کە مرۆ لەگەڵیدا ناتەبا نییە، ئاوا هیچ شتێک نییە، کە فەلسەفەیەکی گومان هەڵگر نییە، بەم جۆرە لە لووتبەرزیمەوە نەبوو کە زیاتر ئومێد بەدۆزینەوەی کەسێکی ترەوە بخوازم. من بیر لەوە دەکەمەوە، کە دەکرێ چەندان بۆچوونی جیاواز لە مەڕ هەمان شتەوە هەبن، چۆنیش ئەو بۆچوونانە لەلایەن مرۆڤێکی زاناوە داکۆکیان لێدەکرێ، لەوکاتەی کەڕاستییەکەی، دەکرێ تەنیا یەکێک لەوانە ڕاست بن، لەکۆتاییشدا هەتا ئەو جێگەیە هاتم، کە من بە جۆرێک بینینم کە ئەوانە لە هەموو شتێکدا ساختە بوون، کە تەنیا لە شیمانە زیاتر نەبوون». (٩) کاتێک کەسە باڵادەستە جیاوازەکان بەهێزی بەڵگەوە هەمیشە بەپێچەوانەی یەکترەوە بیر دەکەنەوە، کەواتە دەکرێ مرۆ گومان لە گشت ئەو شتانە بکا کە پشتی خۆیان تەنیا بە باڵادەستەکانەوە قایم کردووە. دەکرێ مرۆ خەون بەوێنەیەکی خەیاڵییەوە ببینێ، لێ دەبێ ئەو توخمانەی کە وێنەیەکی خەیاڵی دەسازێنن ڕاستییەکی واقیعی بن؛ ماددەی جەستەیی بن، ڕەهەندی شوێنیان هەبێ، شێوە، قەبارە، کات و شوێنی دیاریکراویان هەبێ. دیکارت لە کتێبی «تێز و میتود»دا دەنووسێ: «نەک بەم جۆرە، کە من لە پێناوی ئەوەدا لێرەوە گومانکارەکانم هەیە گومان لەوە دەکەن کە من زانین دەستەبەر بکەم و ئەو زەویە هەڵوەشاوەیە تووڕ هەڵ بدەم و پاشان تاکو ڕووتەڵانێک، یان زەوییەکی قوم بدۆزمەوە. (١٠)

لەجیهاندا تەنیا دوو تەرزە گەوهەر، سوبستانس هەیە. یەکەمیان: «res cogitons»، واتا ڕۆحێکی گەوهەردار. ئەو ڕۆحە گەوهەردارەش ئەو شتانە دەگەیەنێت کە لەدەوروبەری خۆمانەوە هەیە. دووەمیشیان «res extensa»، واتا ماددەیەکی گەوهەردار، یان بیرکردنەوە و بوونی بیرۆکەکانمان. لای دیکارت، ڕۆح گەوهەرێکی گیانییە کە بێ جەستەش بوونی خۆی هەیە. ئەو ڕۆحەش بیرکردنەوەیە.

مەبەستی دیکارت لە بیرۆکەکان، ئەو شتانەیە کە لە ئاگایی ئێمەدا هەن. ئەو بیرۆکانەش بەرێگای هەستی بینینەوە دێنە ناو ئاگایی ئێمەوە، یانیش خودی ئاگاییمان ئەو بیرۆکانە دادەهێنێ. لێرەوە هزری دووانەیی دیکارت بەدیار دەکەوێ. مرۆڤ لە دیدی دیکارتەوە بریتییە لە یەکاتییەک لەماددە و ئاگایی؛ جەستە و ڕۆح، لێ جەستە و ڕۆح لە دوو گەوهەری تەواو جیاوازەوە پێک دێن. هاوکاتیش ناکرێ ئەو دوو گەوهەرە لێکتر جیابکەینەوە. ئەگەر ئێمە ئۆرگانێکمان نەبووایە نەماندەتوانی ئەو دوو گەوهەرە ڕێک بخەین. بەواتای دیکارت ئاژەڵ نە ڕۆحی هەیەو نە ئاوەزی، بەڵکو تەنیا مرۆڤە کە خاوەن ئەو دووانەیە.

### سەلماندنی خوا

خوا گەوهەرێکی ئەبەدی، تەواو بێگەرد و خەملێوە، لە گەوهەری ڕۆحێک خەملێوترە.ئاستێکی بەرزی خەملێن هاوکات مانای واقیعێکی باڵاتریشە. ئەگەر مرۆ هەموو بیرۆکەکان وەک بیرکردنەوەیەکی بابەتییانە بنووسێتەوە، بیر لەوە نەکاتەوە کە ئەو بیرۆکانە نوێنەرایەتی چی دەکەن، کەواتە تەواوی ئەو بیرۆکانە خاوەن هەمان ڕواڵەتی واقیعین، چونکە هەموو بیرۆکەکان هۆکردی یەک هزر کارن، کە ئەو هزرکارەش گەوهەرێکی بیرکەرەوەیە، کەواتە ئەو گەوهەرە بیرکەرەوە لەو بیرۆکانە خەملێوترە، واتا خودی ئەو گەوهەرە بیرکەرەوەیە هۆکردی ڕواڵەتی واقیعی ئەو بیرۆکانەیە. دیکارت واتەنی: «کاتێک من لە هزران ڕۆچووم، کە من گومانم کرد، بەم جۆرە بوونی من خەملێو بوو- من بە ڕوونی تێگەیشتم، کە زانایی لە گومان خەملێوترە- وای لێکردم کە شەن و کەوی بکەم، لەکوێوە بیرکردنەوە توانی لە خودی من خەملێوتر بەرجەستەبێتەوە.» (١١)

### جیاوازی و لێکچوونەکان لەنێوان جیهانبینی ئەریستۆ و دیکارتدا

دیکارت لە کتێبی «تێز و میتۆد»ەکەیدا جەخت لەسەر

ئەوە دەکاتەوە، کە ئەگەر ئێمە لەوە دڵنیا نەدەبووین، کە گشت ڕاستی و واقیعەکان سەرچاوەیان لە گەوهەرێکی بێگەرد و ئەبەدییەوە هەڵقوڵاوە، ئەوکاتە نەماندەتوانی بیرۆکەکانمان بەم جۆرە ڕاشکاو و بەرجەستەکراو بن و هاوکاتیش نەماندەتوانی لە ڕێگای بەڵگەوە ئەوە بسەلمێنین کە واقیعەکان ڕاست و دروستن.

بەم جۆرە هەم دیکارت و هەمیش ئەریستۆ پێیان وابوو کە دەبێ گەوهەرێکی باڵاتر لەمرۆڤ بوونی هەبێ. ئەریستۆ ئەو گەوهەرە باڵایەی بە «خوا» ناودێر کرد، کەچی دیکارت باسی لە گەوهەرێکی «نەبزواوی بزوێنەر»دا دەکرد. ئەریستۆ پێی وابوو کە ئێمە دەبێ سروشت بخوێنینەوە تاکو ڕێگایەک بدۆزینەوە کە بەرەو ڕاستیمان ببات. ئەو دەیویست لە سروشتدا متمانەیەک بۆ ئەو واقیعە بدۆزێتەوە، هەربۆیە ئەو بڕوایەکی ڕەهای بە هەستی بینین و مەزەندەکانی هەبوو.

لێ دیکارت بە پێچەوانەی ئەریستۆوە پێی وابوو کە ڕەنگە هەستی بینین درۆمان لەگەڵدا بکا، یان واقیعمان بە چەواشەیی نیشان بدا. لەبۆیە، بەڕای دیکارت، ناکرێ بڕوا بە وێناندن و مەزەندەکانمان بکەین. ئەو «ڕاستی»یەی کە نەدەکرا دیکارت گومانی لێ هەبێ، لە دواجاردا توانی پایەی ئەو بوونی منە بپێکێ؛ «من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم».

لە ڕوانگەی ئەریستۆوە فەیلەسووفەکانی یەکەم، بیریان لەیەکەمین پرینسیپ و هۆکردەکان دەکردەوە. گەوهەری خواوەندی دەستپێکی خۆی لە ئاخاوتنە ڕۆژانەییەکانی نێوان خەڵکەوە دەدۆزییەوە. لێ لەکن دیکارت گەڕان بەدوای هۆکردێکی گومانبڕ، پێوەندی بە فەلسەفەیەکی گەردوونییەوە نەبوو. هاوکاتیش ئەو پێی وابوو، کە ئێمە تەنیا دەتوانین بەڕێگای ئاوەزەوە ماریفەیەکی ڕاستی دەستەبەر بکەین.

## دوا وتە

هزری میتافیزیکی شێوەیەکی داهێنا، کە بەمەش بوارێکی سنووورداری بۆ هزر دروست کرد کە تەنیا لەو چوارچێوەدا بهزرێ. سەرەتای ئەو شێوەیەش لەکن ئەفلاتوون و میراتگرەکانیەوە دەست پێدەکا. هەربۆیە مارتین هایدگەر پێی وابوو، کە کێشەی هزری ڕۆژئاوا لەوەدایە کە دەیەوێ فەلسەفە بۆ دواوە، یان بەرەو گەوهەری ڕەچەڵەکە کۆنەکەی بباتەوە، بەڵام دیکارت پێی وابوو کە کێشەکە ئەوەیە، کە جەستە و جیهان لێک جیاوازن، چونکە جیهان دەکەوێتە دەرەوەی جەستەی مرۆڤ. هەر بۆیە ئێمە ناتوانین لەمەڕ ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی خۆمانە زانیارییەکی ڕاشکاومان هەبێ.

لێ هایدگەر بڕوای وابوو، کە ئێمە دەبێ بەو دابەشکارییەی نێوان جیهان و مرۆڤ ڕازی نەبین کە دیکارت باسی دەکا. هایدگەر دەیخواست بە شێوەیەکی نوێ بهزرێ، بەجۆرێک کە ئێمە هان بدا بیر لەوە بکەینەوە کە گرنگترین هزر کامەیە. هایدگەر بڕوای وابوو کە ئێمە هێشتا وەک مرۆڤ دەژین، بۆیە دەبێ بیر بکەینەوە لەکن هایدگەردا جیاوازییەک لەنێوان جیهانی دەرەکی و جیهانی ناوەکیدا نەبوو، چونکە ئێمە بە ناوکۆییەکی مێژووییەوە گرێدراوین. پێوەندی مرۆڤ بە دەوروبەرەکەیەوە گرنگترین بواری هزرینی هایدگەر بوو. هەر بۆیە بوون، لەکن ئەو شتێک، بارێک نەبوو، بەڵکو شێوەیەک لەژیان و خودی بوون بوو. مرۆڤ جیهانێکە لە پێوەندی، کەواتە مرۆڤ ئەو بوونەیە کە لەجیهاندا ئامادەیە؛ دەژی.بەم جۆرە ئەو هزرە میتافیزیکییە هزری ئێمەی گۆڕیوە، لە بۆیە واز لە گەوهەری مرۆڤ ناهێنێت. لێرەوە مرۆڤ تووشی نامۆیی و سەرگەردانی بووە. بەم جۆرە هایدگەر لە دوا وتووێژە ناودارەکەی لە ڕۆژنامەی «دێرشپێگل»ی ئەڵمانیدا، لەمەڕ چارەنووسی فەلسەفە لەزمانی مارکسەوە دەبێژێ: «فەیلەسووفەکان بەشێوەی جیاواز تەنیا جیهانیان ڕاڤە کردووە؛ کەچی ئەمڕۆ پێویستە فەلسەفە بگۆڕن.» (١٢)

**پاییزی ٢٠٠٧**


**ژێدەرەکان:**

**1- Svante Nordin, ”filosofins historia”, Lund, 1995, S. 50.**

**٢- هەمان سەرچاوە، ل٣١.**

**3- Aristoteles, ”Metaphysics”, S. 1555...**

**4- Aristoteles, ”Metaphysics”, Bok V, 1013 a f, S. 179.**

**٥- هەمان سەرچاوە، ل١٨٠.**

**٦- هەمان سەرچاوە، ل١٨٠.**

**٧- هەمان سەرچاوە، ل١٨٥.**

**٨- هەمان سەرچاوە، ل٢٠٣.**

**9- Descartes, ”Avhandling om metoden”, Stockholm, S. 52.**

**١٠- هەمان سەرچاوە، ل٢٠.**

**١١- هەمان سەرچاوە، ل٧٠.**

**12- Intervju med Heidegger, Overs. fran tyska till svenska: Matz Richard, tidskrifte, ”Horisont”, nr: 2, 1973.**

# سەرقەڵەمێکی مێژوویی دەربارەی میرنشینی مەروانی

ئا: شوکر سلێمان

## پێشەکی

ڕەنگە لێکۆڵینەوە لە بابەت مێژوو یەکێک بێت لەو کارە قورس و ئەستەمانەی نووسین، بە تایبەتی نووسین لە بابەت کەسایەتییەک، یان بابەتێک لە مێژووی کۆن بێت، ئەمەش وا لە تۆژەر دەکات زیاتر بەدوای ئەو سەرچاوانەدا هەڵوەدا بێت کە زیاتر بچێتە بنج و بناوانی بابەتەکە و تەواوی ئەو مەبەستانە بپێکێ کە لێکۆڵینەوەکەمان زیاتر لە دنیای زانستی مێژوو نزیک بخاتەوە، هەروەها ببێتە سەرچاوەیەکیش ئەگەر توانرا سوودی لێ وەربگیرێت.

دیارە گەڕانەوە بۆ مێژوویەک نزیکەی هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە لەو کات و لە دوای ئەودا نووسراون، وامان لێ دەکات زۆر بە وریاییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو سەرچاوانەدا بکەین بۆ ئەوەی بگەینە تەواوی مەبەست و دەرئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە بە شێوەیەکی زانستی، لە لایەکی دیکەشەوە قسەکردن لە سەرکردەیەک کە لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا توانی بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە دەوڵەتەکەی بەڕێوە ببات و تا ڕادەیەکی زۆر ببێتە جێگەی تێبینی و سەرنجی دراوسێکان و ئەو میرو سەرکردانەی لە نزیک و دوورەوە ناسیویانە، هەروەها بەخشندەیی و مرۆڤدۆستانەی ئەو بۆ هاووڵاتیانی نێو دەوڵەتەکەی و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی میر لەگەڵ دۆست و دوژمنەکانی، هەمیشە جێگەی باس و لێدوان و مشتومڕی ئەوان بووە.

هەڵبەت ئەم لێکۆڵینەوەیە کە زیاتر لێکۆڵینەوەیەکی وەسفییە و دوان و قسەکردنێکە لە چۆنیەتی شرۆڤەکردنی

فەرمانڕەوایی ئەو میرنشینە، یان بڵێین ئەو دەوڵەتە، تا چ ئاستێک بووە و تا چەند ئەو میرنشینە توانیویەتی جۆرێک لە شارستانییەت و بنیادنان و دامەزراندنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پەرەپێدانی لایەنی بازرگانی پێش بخات، دیارە لێکۆڵینەوەش لەسەر مەروانییەکان و خودی ئەحمەد میر نەسرەدەولەی مەروانی کارێکە دەچێتە بۆتەی کۆکردنەوەی زانیاری و ڕوونکردنەوەی لایەنە تاریکەکانی مێژووی ئەو میرنشین و ئەو سەرکردەیە.

هەڵبەت میر نەسرەدەولەی مەروانی یەکێکە لە میرە هەرە دیار و بەناوبانگەکانی میرنشینی مەروانی، ئەمەش چ لە ڕووی بایەخدان بە میرنشینەکە لە ڕووی ئاوەدانی و پێشخستنی لایەنی کشتوکاڵی و پیشەسازی و ئابووری و بازرگانی، چ لە لایەنی پاراستنی میرنشینەکەی لە دوژمنان و پیلانگێرانی دەوروبەر، بۆیە دەبینین میر نەسرەدەولە ئەوپەڕی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر باش بووە، هەر ئەو نزیکی و دۆستایەتی نێوان میر نەسرەدەولە و دەوڵەتی عەباسی ١٣٢- ٦٥٦ک بوو، بووە هۆی ئەوەی کە خەلیفەی عەباسییەکان پاڵپشتییەکی چاکی میر نەسرەدەولە بکەن لە پەرەپێدان و چەسپاندنی دەسەڵاتی لە دەرەوە و لە ناوەوەی میرنشینەکەیدا، ڕەنگە هاوکاریکردنی عەباسییەکان و بوەیهییەکان لە جێگیرکردن و چەسپاندنی دەسەڵاتی میر نەسرەدەولەدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە شوێنی جوگرافی دەوڵەتی مەروانییەکان لە ڕووی ڕامیارییەوە شوێنێکی گرنگی هەبوو - بە تایبەتی کە جوگرافیای وڵاتی مەروانییەکان کەوتبووە نێوان سێ دەوڵەتی ناکۆک بەیەک، کە دەوڵەتی عەباسی و بوەیهییەکان لە باشوور و خەلافەتی فاتمییەکان لە باشووری ڕۆژئاوا و دەوڵەتی بێزەنتییەکان لە باکوور، دیارە بوونی ئەو میرنشینە لە نێوان ئەو هەموو وڵاتانە و جۆرێک لە ژیانی ئاشتیانە خۆی لە خۆیدا بۆ لێهاتوویی و بە سەلیقەیی میر نەسرەدەولە دەگەڕێتەوە، کە هەردەم عەباسییەکان خۆیان لە میر نەسرەدەولە نزیک کردووەتەوە کە ئەمە بێگومان لە بوونی ئامانجی ڕامیاری بەدەر نییە، چونکە نیازپاکی و پێوەندییە باشەکانی میر نەسرەدەولە لەگەڵ فاتمییەکان و بێزەنتییەکان هۆکارێکی زۆر کاریگەری پاراستنی دەوڵەتی ئیسلامی بووە لەو کاتەدا.

## بۆچی ئەم لێکۆڵینەوەیە

ڕەنگە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا بڵێین دوان و قسەکردن لەو کەسایەتییانەی گەلەکەمان کە لە ڕۆژانێکدا ڕۆڵێکی کاریگەر و پڕ لە سەروەرییان لە چۆنیەتی بەڕێوەبردن و پاراستنی سەروەری دەوڵەت و قەوارەی سیاسییان تۆمارکردووە خۆی لە خۆیدا کارێکی زێدە پێویستە، لە لایەکی دیکەوە گێڕانەوەی کورتەیەک لە مێژووی فەرمانڕەوایی میر نەسرەدەولە لە مێژووی ئیسلامی و گەلەکەمان هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکە لە مێژووی ئەو کەڵە پیاوە کە چ ڕۆڵێکی لە مێژوودا هەبووە، دیارە هەمیشە نووسینەوەی مێژووی گەلەکەمان لە لایەن مێژوونووسانی غەیری کورد، وای کردووە زۆر جاران (ئەگەر بە شێوەیەکی هەمیشەییش نەبێت) بکەوێتە ژێر لێو و شاردنەوە و دەرنەخستنی سەرجەم لایەنە پرشنگدارەکان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆر جار ئەم مێژووە نەک وەکو خۆی نەگێڕدراوەتەوە، بەڵکو شێوێنراویشە، بۆیە بە پێویستم زانی چەند لاپەڕەیەک بکەمە نوێشکەیەک و ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی فەرمانڕەوایی ئەم کەڵە پیاوە، هەروەها بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی لایەنە شاراوە و نادیارەکانی مێژووی ئەو میرنشینە لە مێژووی دوور و نزیکماندا.

دیارە لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا تووشی هەندێ ئاستەنگ و گرفت بووم، بێگومان هیچ لێکۆڵینەوەیەکیش بێ گرفت و ئاستەنگ تێ ناپەڕێ، ئەمەش سروشتی لێکۆڵینەوە وایە کاتێ دەتەوێ چەند لاپەڕەیەک وەک لێکۆڵینەوە و توێژینەوە تۆمار بکەیت، پێویستت بە سەرچاوەی مێژوویی گرنگە کە لە ڕووی زانستییەوە لێکۆڵینەوەکەت بباتە ئاستی توێژینەوەیەکی شیاو بەو بابەتەی کە نووسیوتە، دیارە چنگ کەوتنی ئەو سەرچاوانەش هەروا ئاسان نییە، لە لایەکی دیکەوە وەرگێڕان و بەدواداچوونی سەرچاوەکان بە زمانی دیکەی غەیرە کوردی، ئەمەش ئاستەنگێکی دیکە بوو کە زاڵبوون بە سەر چۆنیەتی وەرگێڕان و گەڕان بەدوای مەبەست و ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکان دیسان لای من بە ئاستەنگ کەوتەوە.

## مێژووی سەرهەڵدانی مەروانییەکان

ئەو زانیارییانەی لەسەر مێژووی مەروانییەکان هەیە

زیاتره لەوەی کە لەسەر میرنشینەکانی دیکەی هاوچەرخ هەیە، بە هۆی ئەو نووسینانەی هەردوو مێژوونووسی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست (ابن الاثیر ٦٣٠) و (ابن الازرق) لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کولتووری ئەنجامیان داوە. (١) حوکمڕانی مەروانییەکان ساڵی (٣٧٤ک-٩٨٤ز) دوا بە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی حەمدانییەکان سەری هەڵداوە. دامەزرێنەری میرنشینی مەروانییەکان یەکێک بوو بەناوی (باد)، یان (باذ)، یان (باز) (٢) کە بەڕەگەز دەچێتەوە سەر حەمیدییەکان، ئەم هەنگاوەی ئەو بەرانگژبوونەوەیەکی ئاشکرابوو بۆ دەسەڵاتی بوەیهییەکان، حەسەنی کوڕی مەروانی برازای باز توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر شاری (میافارقین) (٣) کە دەکاتە سلیڤانی ئێستا بسەپێنێ، کە لەگەڵ شاری ئامەد (دیاربەکر) (٤)ی ئێستا، گرنگترین مەڵبەندی میرنشینی مەروانییەکان بووە، هەروەها چەند شارێکی دیکەش کەوتە ژێر دەسەڵاتی مەروانییەکان وەک شاری مەلەزگرد و وان و بەدلیس و جزیرە و ئەرزان و ئەخلات و سێرت. (٥) میرنشینی مەروانی (دۆستک) (٣٧٣ک - ٩٨٣ز) لە ناوچەی دیاربەکر سەری هەڵداوە، ئەم میرنشینە دیاربەکر و گەلێ ناوچەی دیکەی گرتووەتەوە کە تاکو ئەرمینیا ڕۆیشتووە وەک: جەزیرە و ئامەد و میافارقین و ماردین و جەزیرەی ئیبن عومەر و ئیبن نەسەیبین(٦) و بەلەد و باکووری مووسڵ و شاری ئەرجیش و ئەرزن و خەڵات و بەدلیس لە ئەرمینیا (٧)

سەرەتای دامەزراندنی ئەم میرنشینە بۆ هەوڵەکانی ئەبو عەبدوڵڵای حوسێن دۆستەک دەگەڕێتەوە کە بە (بادی کوردی) ناسراو بوو لە ناوچەی دیاربەکر لە نێوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی، کە دەکاتە بەرانبەر سەدەی دەیەمی زایینی، کە بەناوبانگ بوو بە شەڕە یەک لەدوای یەکەکانی لە ناوچە سەختەکان. زۆری نەبرد بادی کوردی توانی لە ماوەیەکی کورتدا دەست بەسەر زۆر ناوچەی وەک ئەرجێش لە ئەرمینیا و ئامەد و میافارقین و نەسیبین لە ناوچەی دیاربەکر و جەزیرەدا بگرێ، هەروەها توانی لە ساڵی (٣٧٣ک - ٩٨٣ی زایینی دەست بەسەر شاری مووسڵدا بگرێ بە یارمەتی خەڵکەکەی، چونکە زۆریان بەدەست دەیالیمەکانەوە چەشتبوو، بەڵام دوای ساڵێک بوەیهییەکان (٨، ٩) دووبارە دەستیان بەسەر شاری مووسڵدا گرتووە و بادی کوردی ناچاربوو بۆ دیاربەکر بگەڕێتەوە و توانی حوکمی ئەو ناوچەیە بکات تا کۆتایی ژیانی کە لە ساڵی ٣٩٠ک- ٩٩٠ز کۆچی دوایی کردووە. (١٠)

وەک لە هەندێ سەرچاوەشدا باس کراوە کە باد لە شەڕێکدا لەگەڵ حەمیدییەکان کوژراوە، باد ویستوویەتی شاری بەغدا و خەلیفەی عەباسی لە دەست بوەیهییەکان ڕزگار بکات، بەڵام ئەم کارەی بۆ ئەنجام نەدراوەو لە شەڕێکدا لەگەڵ حەمدانییەکان لە ساڵی ٣٩٠ک - ٩٩٠ز کوژراوە. (١١)

دوای کوژرانی باد، خوارزاکەی کە ناوی (ئەبو عەلی)یە، کە ئەو لەو شەڕەدا ڕزگاری بووە، ڕووی کردووەتە شارۆچکەی (حصن کیف) (١٢) کە خێزان و خزمەکانی باد لەو شارۆچکەیە لە قەڵایەکدا دەژیان، ئەو پیاوە بە فێڵ چووە نێو ئەو قەڵایە و توانی لەگەڵ خێزانی باد جۆرێک تێکەڵاوی دروست بکات و دواجار مارەی بکاتەوە، بەم شێوەیە ئەبو عەلی توانی تەواوی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکانی میرنشینی مەروانیدا بسەپێنێ، دواجار دەستی بە ڕێکخستنی کاروباری میرنشینەکە کرد و گەلێ کاری لەم میرنشینەدا ئەنجام دا، بەڵام دواتر لە پیلانێکی ناوخۆدا لە شاری ئامەد کوژرا. (١٣)

کوژرانی ئەبو عەلی، براکەی کە ناوی (ئەبو مەنسوور سەعید کوڕی مەروان کە بە (مهد الدولة) بەناوبانگ و ناسراو بوو، بووە میری میرنشینی مەروانی، لە ماوەی حوکمڕانیدا توانی تەواوی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ، بەڵام دوای ئەوەی دەست و پێوەندەکانی دەسەڵاتیان پەرەی سەند، لە پیلانێکدا توانیان لە ساڵی ٤١١ک - ١٠٢١ی زایینی لە قەڵای هیتاخ بیکوژن و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەو پیاوە بهێنن. (١٤).

«ئەبو مەنسوور مەهد ئەلدەولە سکەی هەبوو بە ناوی خۆیەوە خوتبە دەخوێنرایەوە، (شروە) کوڕی مامە ناو دۆستێکی بوو حاکمی وڵاتەکە بوو، غولامێکی بوو کە بەڕێوەبەری پۆلیس بوو، (مهد الدولة) حەزی لە چارەی نەدەکرد و دەیویست بیکوژێ، بەڵام لەبەر خاتری ئاغاکەی وازی لێ هێنابوو، غولامەکە لە نەفرەتی ئەبو مەنسوور ئاگەدار بوو وردە وردە ویستی بەینی ئاغا و مەلیکە تێک دا، (شروە) لە قەڵای (هیتاخ)دا(١٥) میوانداریەکی بۆ ئەبو مەنسور ڕێکخست، ئەم قەڵایە

مولّکی (شروه) بوو، کە ئەبو مەنسوور هاتە ئەویٚ بە کوڕەی ڕاسپارد (شروه) لە لایەن محافەزاتی گورجییەوە هێرشی کرایە سەر و کوشتیان لە ساڵی ٤٠٢ک، ١٠٠٤ز. زەکی، محمد امین، کورد و کوردستان، جلد١و ٢و ٣، بەغدا ساڵی ١٩٣١، ل ٧٦ - ٧٧.

بەم شێوەیە لە دوای کوژرانی مەهد ئەلدەولە لە لایەن یەکێک لە دەستوپێوەندەکانی بەناوی (شێروە) ڕاستەوخۆ دەسەلاّت کەوتە دەست میر ئەحمەد کوڕی مەروان کە بە (نصر الدولة) بەناوبانگ بوو.

هەژاری موکریانیش لە پەراوێزێکی شەرفنامەدا دەڵیٚ:

حکومەتی ئەحمەدی کوڕی مەروان لەسەر داروپەردووی حکومەتی لەبەریەک هەڵوەشاوەی دۆستەکی دامەزراوە، حکومەتی دۆستەکی لە دەوروبەری ساڵی ٣٢١ک (٩٣١ز) لە لایەن دۆستەک (دۆشتێک) ناوێکەوە کە لە خانەدانی حەمیدی (حەمودی) بووە، دامەزراوە. کوڕێکی هەبووە بە ناوی ئەبو شوجاع، ناوی مندالّی حوسێن بووە و نازناوی ئەبو عەبدوڵلاّی لەسەر بووە، ئەم کوڕە ساڵی ٣٢٤ک - ٩٣٤ز لە شاری دیاربەکر هاتووەتە دنیاوە، لە ئازایەتی و پیاوەتیدا بیٚ وێنە بووە، لە بەر ئاکاری چاکی هەموو کەس خۆشی ویستووە و خەڵکێکی زۆری لە دەورە هالاّوە، نیازی پادشایەتی لە کەللەی داوە و بۆشی لواوە لە ساڵی ٣٤٥و ٣٤٦ک (٩٥٥ - ٩٥٦ ز) لە پاش داگیرکردنی جەزیرە و سەعرد، حکومەتی خۆی دامەزراندووە، ساڵی ٣٤٨ک (٩٥٨ز) دۆستیک مرد و قەڵەمڕەوی ئەویش کەوتە دەست بازی جێنشین، ئەویش هەر بەوەندەشەوە نەوەستا، ملی لە پان و بەرین کردنەوەی ولاّتەکەی ناو مەلازگورد و ماکۆی داگیرکرد و شارێکیشی بەناوی شاباز بنیات نا، کە لە دواییدا لە لایەن مەلیک عادلی ئەیوبییەوە ناوەکەی گۆڕاوە و بووەتە (عادل).

جەواز، لە نێوان ساڵانی ٣٥٥ - ٣٥٦ک (٩٦٣ - ٩٦٤ز) ئەرجیش و دیاربەکر و میافارقین و ئورفە و ئەخلات و وان و بەدلیس و گەلێک جێگەی تریشی دەست بەسەردا گرت. میر و مەزنەکانی حەسەن کێف و جزیرە و بۆتان و سوج و نووسەیبین هەمووی هاتنە بەر فەرمانی و دیاربەکری کردە پایتەخت، ئەلقادروبیلای عەباسی نازناوی شاباز ئەبو شوجاعی دایە. ساڵی ٣٦٠ک (٩٦٨ز) شاباز سکەی بەناوی خۆیەوە لێداو لە خوتبەشدا ناوی لە تەک ناوی خەلیفەی عەباسیدا دەخوێندرایەوە.

شەرەفخان بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

«دوای پێکهەڵشاخانی لەشکری شەرەفودەولەی حاکمی بەغداو لەشکری باز لە ئابلّووقەدانی شاری مووسڵ، باز بۆ جاری سێیەم ساڵی ٣٨٠ک (٩٩٠ز) هاتەوە سەر مووسڵ و ئابلّووقەی داو ڕۆژی دووەمی جیمادی دووەم لە جەنگەی شەڕدا ئەسپەکەی گلاو تازە باز لەو کەوتنە هەڵنەستایەوە. دەڵێن عارەبێکی عوقەیلی تووشی لاشەی نیوەگیانی هاتووە و سەری بڕیوە و بۆ حەمدانییەکانی بە دیاری ناردووە و ئەوانیش بۆ بەغدایان بەڕیٚ کردووە لاشەکەشیان لە مووسڵ لە (باب الامارة) هەڵواسیوە».

لە پاش نەمانی باز، سەرکردەی لەشکرەکەی (ئەبو حەسەن کوڕی مەروان) کە برازا، یان خوارزای بووە، کراوەتە جێنشینی، ئەبو عەلی لەشکری پەرشوبلاّوی خڕکردووەتەوە و رووی کردووەتە قەلاّی حەسەن کێف کە خێزانی شابازی تێدا بوو، لەویٚ خۆی بۆ هەموو پێشهات و ڕووداوێک ئامادە کرد و چاوەنۆڕی چارەنووس بوو، دوایی هاتووەتە دیاربەکر و حوکمی مەروانی بەناوبانگی تێدا دامەزراندووە، ولاّتەکەی خۆی لە جاران زۆر پان و پۆڕتر کردووە، لە باکووری ڕۆژهەلاّتەوە گەیشتە وان و لە لای ڕۆژهەلاّتەوە مووسڵ و دەوروبەری وەبەرخۆی داو پیاوی خۆی بەسەرەوە دانان، سکەی بەناوی خۆیەوە لیٚ دا، لە ئەنجامدا ساڵی ٣٨٧ک (٩٩٧ز) دەست ڕەشێک بە ڕەشەکوژ کوشتی، ئەبو سەعید مەنسووری برای ئەبو عەلی کە لە پاش نەمانی باز لە میافارقین دەژیا، کرا بە جێنشین، ئەویش وەک براکەی بە مشوور و داب و دەستوور بوو، سکەی بەناوی خۆی لیٚ داو ولاّتەکەی برەو پیٚ دا، لە ساڵی (٤٠٢ک -١٠١١ز) دا شروە کوڕی ماسە کە خاوەنی قەلاّی ناتاخ* و دۆستی زۆر نزیکی ئەبو سەعید بوو، بانگهێشتی کرد و زۆر بە نامەردانە میوانی خۆی کوشت، لەپاش مەرگی ئەو مەلیک عادل ناسرودەولە ئەحمەدی مەروانی هاتە سەرحوکم (١٦)

بەم شێوەیە ئەو میرە بووە فەرمانڕەوای دەوڵەتی مەروانی و توانی بۆ ماوەی نزیکەی پەنجا ساڵ بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە فەرمانڕەوایی دەوڵەتی مەروانی بکات. (١٧)

**پەراوێزەکان:**

١- بەدلیسی، میر شەرەفخان، شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، و:مامۆستا هەژار، چاپ، دەزگای ئاراس، هەولێر،ساڵی ٢٠٠٠، ل١٧.

٢- سەرچاوە مێژووییەکان لە بەکارهێنانی وشەی (باد) بیروڕای جیاوازیان هەیە، لە مێژووی فارقی و (ذیل تجارب الامم و النجوم الزاهرة ئەم وشەیە بە (باد) هاتووە، بەڵام لە (الکامل، والعبر لابن خلدون (ت ٨٠٨ هـ)، ومختصر تاریخ الدول، و دائرة المعارف البستاني) و ئیدی کە، بە (باذ) هاتووە، بەڵام مێژوونووسی کورد (ئەمین زەکی بەگ) بە (باز) ناوی هێناوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ سەرچاوەیەک بکات، (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان ل٤٨)، بەڵام زۆربەی مێژوونووسان لەسەر وشەی (باد) کۆکن. (عبدالرقیب یوسف، الدولة الدوستکیة في کوردستان الوسطی، بغداد،١٩٧٢، ص٣١ - ٣٢. کە ئەو پێی وایە وشەی (باد) بە واتای (با) دێت، ئەمەش لەوەوە نزیکە کە میر باد وەک ڕەشەبا هێرشی هێناوە و سەرکەوتوو بووە و کەس نەیتوانیوە ڕێی پێ بگرێ، بەڵام من بەڕای خۆم وشەی (باز) بەڕاستتر دەزانم، چونکە باڵندەی باز لە کوردەواریدا هەر لە کۆنەوە بە باڵندەیەکی ئازا و چاونەترس و سەرکەوتوو ناسراوە، بۆیە ڕێی تێ دەچێ بیروڕایەکەی ئەمین زەکی بەگ لە ڕاستیییەوە نزیک بێت.

٣- میر باد لە ساڵی ٣٢٤ کۆچی لە شاری دیاربەکر لە دایک بووە، هەر لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە لە لای زاناو داناکانی ئەو شارە خوێندوویەتی، هەروەها فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی شمشێر و هونەری جەنگی بووە، لە ساڵی ٣٣٩ کۆچی لەگەڵ سوپای باوکی بەرگرییان لە سنوورەکانی جەزیرە کردووە لە دژی دوژمنەکانی. (الدولة الدوستکیة، عبدالرقیب یوسف، ص٤٩).

٤- میافارقین: مێژووی ئەو شارە کوردییە بۆ سێ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، کە لە سەردەمی حکومەتی ئۆرارتۆ هەبووە، لە سەر زاری سریانییەکانیشدا بە چەندین شێوە هاتووە وەک: مافارقین، مهارقین، مفارقین، میافارقین و.... تاد، کە ئەم دوو شێوەی دواییان لەسەر پارەی دەوڵەتی مەروانیدا بەدیار دەکەوێت، دوای دەست بەسەرداگرتنی ئەو شارە لە لایەن میر بادەوە کراوە بە پایتەختی دەوڵەتی مەروانی، ئێستاش ئەو شارە بە سلێڤانی ناو دەبرێت. (سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و. جەوهەر کرمانج، ل٣٠)

٥- دیاربەکر: لە کۆنەوە عەرەبەکان ناوی دیاربەکریان بە ناوچەیەک دەگوت کە ناوچەیەکی بەرفراوان و پان و بەرین بوو، لە هەرێمی جەزیرەوە کە دەکەوتە نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات، بەڵام ئێستا دیاربەکر شارێکی بەناوبانگە و جاران واتە لە کۆندا بە ئامەد ناوی هاتووە، بەڵام لە سەدەکانی دواییدا ناوی ئەو شارە بووەتە دیاربەکر. دیارە مێژووی دامەزراندنی ئەو شارەش بۆ سەدەکانی پێش زایین دەگەڕێتەوە کە ئیمپراتۆری ڕۆمانی لە سەدەی چواری پێش زایین قەڵای دیاربەکری تێدا دروست کردووە. (الدولة الدوستکیة، عبدالرقیب یوسف، ص ٧٣ - ٧٤) .

٦- ئەسکەندەر، د.سەعد بەشیر، و:جەوهەر کرمانج، سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، ل٣٩ - ٤٠.

٧- جەزیرەی ئیبن نەسیبین: ئەو شارە کەوتووەتە وڵاتی تورکیا و لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە بەرانبەر قامیشلی، شارێکە هەر لە کۆنەوە کەوتووەتە بەر زوڵم و زۆری ئەم و ئەو، تا وای لێهاتووە ئەم شارە بەوە ناوببرێت کە هەرگیز داد و دادپەروەری بەخۆیەوە نابینێ، وەک ئەوەی لە زۆربەی ئەدەب و ئەدەبیاتی ئەو سەردەم بەوەوە ناوی هاتبێ، کە ئەو شارە هەرگیز دادپەروەری بەخۆوە ناگرێ، بەڵکو بازاڕێکە بۆ چەوسانەوە. (عبدالرقیب یوسف، ص٨٥).

٨- شەرەفنامە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

٩- حسن، قادر محمد، الامارات الکوردیة في العهد البویهي، ص٣٤.

١٠- بوەیهییەکان: بنەماڵەیەکی دەیلەمینە، بۆ ئەبو شجاع دەگەڕێنەوە کە دەسەڵاتیان بەسەر دەوڵەتی عەباسیدا سەپاند بوو لە نێوان ساڵانی ٣٣٤ک - ٤٤٧ک. احمد عطیةالله، القاموس الاسلامي، القاهرة، ١٣٨٣هـ، ١٩٦٣م،ج١، ص ٣٨٩.

١١- بەدلیسی، شەرەفنامە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

١٢- کرمانج، جەوهەر، سیستەمی میرنشینی لە

کوردستان، ل٣٩ - ٤٠.

* حصن کیف: شارۆچکە و قەڵایەکی گەورەیە لە نێوان ئامەد و جەزیرەی ئیبن عومەر، لە دیاربەکر، (یاقوت الحموي)، معجم البلدان، بیروت، ص ٣٩٢.

١٣- شەرەفنامە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

١٤- هیتاخ: قەڵایەکی قایمە لە نزیک شاری میافارقین لە ناوچەی دیاربەکر (یاقوت، معجم البلدان، ج٥، ص ٣٩٢).

١٥- ابن الاثیر، الکامل في التاریخ، بیروت، سنة ١٩٦٦، ص٣٤.

* ناتاخ: پێ دەچێ هەژاری موکریانی لێرەدا مەبەستی لە ناتاخ قەڵای هیتاخ بێ.

١٦- بەدلیسی، شەرەفنامە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

١٧- بۆ دیاریکردنی شوێنی جوگرافی دەوڵەتی مەروانی (دۆستەکی) هەروا ئاسان نییە پەنجەنوما بۆ چەند شارێک ببەین، چونکە لەو سەردەمەدا بوونی دەوڵەت، یان میرنشین شوێن و سنووری دیاری کراوی نەبووە بەم شێوەیەی کە ئێستا دەوڵەتەکان سنووریان دیاری کراوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەو دەوڵەتانە هەمیشە سنوورە جوگرافییەکەیان قابیلی فراوان بوون و تەسک بوونەوە بوو بە هۆی ئەو هێرش و پەلامارە یەک لەدوای یەکانەی کردوویانەتە سەر یەکتری.

**سەرچاوەکان:**


**١- بەدلیسی، میر شەرەفخان، شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، و: مامۆستا هەژار، چاپ، دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٠م.**

**٢-ئەسکەندەر، د.سەعد بەشیر، و: جەوهەر کرمانج، سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بە گرنگی سیاسی و گەنجینە کولتوورییەکەی لە ناوەڕاستی سەدەی دەیەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠٠٤ز.**

**٤- ابن الاثیر، الکامل في التاریخ، عزالدین ابي الحسن علي بن محمد بن عبدالکریم الجزري، دار صادر للطباعة والنشر، بیروت، سنة ١٩٦٦م.**

**٥- زکي، محمد امین، کورد و کوردستان، جلد ١- ٢- ٣، بەغدا ساڵی ١٩٣١م.**

**٦- یوسف، عبدالرقیب، الدولة الدوستکیة في کوردستان الوسطی، جزء الاول، مطبعة اللواء، بغداد، سنة ١٩٧٢م.**

**٧- ابن خلکان، وفیات الاعیان وانباء الزمان، لابي العباس شمس الدین احمد بن محمد بن ابي بکر بن خلکان، ٦٠٨ - ٦٨١ه، بیروت - لوبنان،١٩٩١م.**

**٨- تأریخ الفارقي، الدولة المروانیة، احمد بن یوسف بن علي بن الازرق الفارقي، القاهرة، سنة ١٩٥٩م.**

**٩- التکریتي، محمود یاسین، الامارة المروانیة في دیاربکر والجزیرة، رسالة ماجستیر غیر منشورة، مقدمة الی کلیة الاداب بجامعة بغداد، بغداد ١٩٧٠م.**

**١٠- زکي، محمد امین، خلاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئیمڕۆ، ئا: ڕفیق ساڵح، سلێمانی، بنکەی ژین، ساڵی ٢٠٠٦م.**

**١١- یوسف، عبدالرقیب، حضارة الدولة الدوستکیة في کوردستان الوسطی، الجزء الثاني، مطبعة اللواء، الطبعة الاولی، بغداد سنة ١٩٧٥.**

# زمانەوانی کارەکی

## پێویستی بوونی زمانەوانی کارەکی

زمان بەشێکی زۆر گرنگی ژیانی مرۆڤ پێک دێنێت. بە بێ بوونی زمان گەلێک لە چالاکییە گرنگەکانی ڕۆژانەمان تێگەیشتنیان زەحمەت دەبێ. هەوڵ بدە بیر بکەوە لە چالاکی وەک ڕۆژانەی ژیانی خێزان و هاوڕێیەتی کردن و کردەی فێربوون و خۆشەویستی کردن و دروست کردنی پێوەندی جۆراوجۆر و باوەڕهێنان، یان ڕەتکردنەوەی بیروڕایەکی دیاریکراو و بوونی بیروبۆچوونی ڕامیاری و ئەنجامدانی کاری سیاسی بێ ئەوەی هیچ وشەیەک بەکاربهێنی! ئەمانە مەحاڵن. لە لایەکی ترەوە هەندێ کردە و چالاکی هەن ڕەنگە پێویستیان بە بەکارهێنانی زمان نەبێ وەک ئامادەکردن و خواردنی خۆراک و کاری دەستی و هونەرەکانی چاو و ژەنین و گوێگرتن لە مۆسیقا و پیشاندانی سەرسامی بەرانبەر سروشت و زۆر شتی تر، بەڵام تەنانەت ئەم کردە و چالاکییانەش بە هۆی بوونی زمان و بەکارهێنانی زمان گەشە دەکەن و پەرە دەسێنن. چونکە ئەگەر هیچ لەبارەی شت نەخوێنینەوە، یان تاوتوێی نەکەین ئەوە زۆر بە شێوەیەکی جیاواز تێی دەگەین.

خەڵک بە درێژایی مێژوو و لە هەموو دنیادا زمانی بۆ گفتوگۆکردن و فریودان و یاری کردن و گۆرانی وتن و گێڕانەوەی چیرۆک و فێرکردن و پەروەردەی منداڵ و پەرستن و ڕیسواکردنی دوژمنان و زانیاری گەیاندن و مامەڵەکردن و وەبیرهێنانەوەی ڕابردوو بەکارهێناوە... تاد. ئەم جۆرە چالاکییانە هەموویان بەشێکی گرنگ و ئاسایی ژیانی مرۆڤن وەک چۆن فڕین بۆ باڵندە ئاسابییە.

---

**لە ئینگلیزییەوە:**
**د. هیمداد عەبدولقەهار محەمەد***

خەڵک ئەو چالاکییانە بە شێوەیەکی نائاگایانە ئەنجام دەدەن. هیچ پێویست بە زانیاری دەربارەی زمان ناکات تاکو بتوانین بە شێوەیەکی کاریگەر زمان بەکار بهێنین.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە بەکارهێنانی زمان دیاردەیەکی سروشتییە و بە هیچ شێوەیەک ناکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هۆشدارانە و بەئاگایانەی مرۆڤەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لایەن و بواری زمان هەن کە مرۆڤ دەتوانێ قسەی تێدا بکات و زۆر کاتیش دەگاتە ئەو ڕادەی کە پێویست بکات بڕیاری لەسەر بدات. بۆ وەرگرتنی ئەو بڕیارانەش دەبێ چەندین پرسیار بوروژێنرێن کە هەر یەکێکیان وەڵامێکی تایبەتی خۆی هەیە ڕەنگە هەندێ جاریش وەڵامەکان دژ بەیەک بن. با پێکەوە زمان لە بواری پەروەردە وەک نموونە وەربگرین:

– ئایا ئەو توانا زمانییانە چین کە دەبێ منداڵ پاش خوێندەواری سەرەتایی فێریان ببێت؟خوێندەواری سەرەتایی چی دەگرێتەوە؟تەنیا قسەکردن و خوێندنەوە؟یان شتی تریش؟

– ئایا ئەو قوتابییانەی شێوەزاری زمانێک بەکاردەهێنن هاندەدرێن و ڕێگەیان پێدەدرێ کە ئەو شێوەزارە لە قوتابخانە بەکار بهێنن؟یان بەرەو بەکارهێنانی شێوەزمانی ستاندەرد ئاراستە دەکرێن؟ ئەگەر وایە چۆن بڕیار لەسەر شێوەی ستاندەرد دەدرێ و کێ بڕیاری لەسەر دەدات؟

– لەو کۆمەڵگایانەی کە زیاتر لە زمانێک هەیە ئایا کامە زمان دەبێ لە قوتابخانەکان بخوێنرێ؟ ئایا منداڵان ڕێگەیان پێ دەدرێ هەمان شێوەزاری ماڵەوە بەکار بهێنن؟

– ئایا منداڵی کەڕ پێویستە فێری هێمازمان بکرێ، یان زمانێکی تێکەڵ لە (خوێندنەوەی لێو و قسەکردن)؟ ئایا هێمازمان و زمانی ئاسایی لە ئاڵۆزیدا چوون یەکن؟

– ئایا پێویستە هەموو کەسێک زمانی بێگانە فێر بێت؟ ئەگەر وایە کامە زمانی بێگانە؟ئایا باشترین و کاریگەرترین ڕێگای فێربوونی زمانی بێگانە چییە؟

– ئایا پێویستە هەموو کەسێک ئەدەب بخوێنێ؟ ئەدەبی کلاسیک، یان مۆدێرن؟ ئەدەبی خۆماڵی، یان ئەدەبی گەلانی تر؟

ئەم بابەتە زمانییانەی باسمان کردن هەموویان لە بواری قوتابخانەدا بەدی دەکرێن بەڵام جێی خۆیەتی باس لە هەندێ بابەتی زمانی تر بکەین کە بە شێوەیەکی گشتی بە کۆمەڵگاوە پەیوەستن:

– گۆڕانی زمان: ئایا دەبێ گۆڕانی زمان وەک شتێکی حەتمی سەیر بکرێ، یان پێویست دەکات کۆنترۆڵ بکرێ؟

– هەندێ زمان بەرەو فەوتان دەڕۆن ئایا پێویستە ڕێگەی لێ بگیرێ؟ئەگەر وایە چۆن؟

– ئایا پەرەسەندنی زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی لەیەکترگەیشتنی جیهانی پێشوازی لێبکرێ، یان ڕێگەی لێ بگیرێ؟

– ئایا باشتر وایە زمانی گەلانی تر فێر بین، یان سوود لە کردەی وەرگێران وەربگیرێ؟ ئایا تایبەتمەندییەکانی وەرگێرانی باش چین؟ ئایا دەکرێ وەرگێران بەهۆی بەرنامەی کۆمپیووتەری ئەنجام بدرێ؟

– ئایا دەکرێ زمان بۆ مەبەستی ستەملێکردنی سیاسی و ئایینی بەکار بهێنرێ؟ پێویستە لەمبارەیەوە چی بکرێ؟

– پێویستە چ زمانێک لە دادگاکان و بۆ بەڵگەنامە فەرمییەکان بەکار بهێنرێن؟

هەموو ئەو پرسیارانە و چەندانی تر هاوشێوە پێویستیان بە وەڵام هەیە. لە دنیای هاوچەرخدا و بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرا و بنەڕەتیانە ئەو پرسیارانە بایەخیان زیاتر دەبێ و هەندێکیشیان زۆر پێویست تر خۆیان پیشان دەدەن بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەش پێویستە دەست بە لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە ڕاستییەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی زمان بکرێ و پێویستە زانیارییەکانمان لەم ڕووەوە ڕێک بخەین و ئەو زانیاریانەی خۆمان بخەینە بەر تیشکی لێکدانەوەیەکی هۆشەکییانە و شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەوە. تەنیا بە ئەنجامدانی ئەم کارانە دەتوانین هەنگاوی پێویست بگرینەبەر و بە شێوەیەکی کراوە و ڕاشکاوانە ئەم بابەتانە تاوتوێ بکرێن. ئەمەیە مەبەست لە زمانەوانی کارەکی کە بوارێکی ئەکادیمییە و تایبەتە بە دیراسەکردنی پێوەندی زانیاری لەبارەی زمانەوە بە بڕیار وەرگرتن لە دنیای ڕاستەقینە.

### نموونە و هەنگاوهەڵهێنان

بە پشت بەستن بەو پێناسەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کە زمانەوانی کارەکی بایەخ بە لێکۆڵینەوە لەو کێشە ئاریشانە دەدات کە لە شوێنێک دێنە ئاراوە کە زمانی تێدا پراکتیزە کراوە – هەردوو جۆر کێشە پەروەردەیی و

کۆمەڵایەتییەکان هاوشێوەی ئەوانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان بۆ کرا. ئەو پێناسەیە زۆر گشتی و ئەبستراکت دێتە بەرچاو، بۆیە پێویست دەکات چەند نموونەیەکی بەرجەستە بێنینەوە بۆ ئەوەی زیاتر هەست بە گرنگی ئەو بابەتە بکەین. لە چ جۆرە کێشەیەک زمان پراکتیزە دەکرێ؟چۆن لەو کێشانە بکۆڵینەوە؟

سەیری ئەو بارودۆخ و هەڵوێستانەی خوارەوە بکە کە لەبارەی زمانەوە پێویستیان بە وەرگرتنی بڕیار هەیە:

– بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی لەندەن بیردەکاتەوە کە جگە لە زمانی فەرەنسی زمانێکی تری بێگانە بۆ پرۆگرامی قوتابخانەکەی زیاد بکات، دەیەوێ زمانی چینی، یان ئیسپانی، یان زمانێکی هیندی بەناوبانگ هەڵبژێرێ . دەبێ بڕیار لەسەر کامە زمان بدات و بۆچی؟

– کارمەندێک دەیەوێ فێری زمانی ژاپۆنی بێت پێش ئەوەی بچێتە سەر ئەو کارە تازەیەی کە لە تۆکیۆ دەستی کەوتووە. سێ خولی فێربوونی زمانی ژاپۆنی لە ئارادایە . یەکەمیان بایەخ بە نووسین دەدات، دووەمیان بایەخ بە قسەکردن دەدات، بەڵام باس لە ڕێزمانیش دەکات و وەرگێڕانیشی تێدایە. سێیەمیان تەنیا زمانی سروشتی قسەکردنی ژاپۆنییە بێ ڕێزمان و بێ وەرگێڕان. ئایا کامە خول لە هەموویان باشترە تاکو بڕیاری لەسەر بدات و بۆچی؟

بۆ کاردانەوە بەرانبەر هەر یەکێک لەو کێشە و ئاریشانەی کە بە زمانەوە پەیوەستن دەتوانین پشت بە شارەزایی و ئەزموون ببەستین تاکو بزانین چ بڕیارێک بدەین، بەڵام ئەگەر بمانەوێ ڕێگایەکی کاریگەر بگرینەبەر و بڕیاری گونجاو بدەین ئەوە پێویستیمان بە زانیاری پتر و شێوازی ڕێکوپێک هەیە. بۆ نموونە دەتوانین لەوە بکۆڵینەوە بزانین خەڵکانی تر لەو حاڵەتە دیاریکراوانەدا چ بڕیارێکیان داوە، یان دەتوانین لێکۆڵینەوەی خۆمان لەبارەی هەر کێشەیەکەوە بکەین بۆ نموونە کۆبوونەوە لەگەڵ دایک و باوکی قوتابیان لە کێشەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، یان دەتوانین بەشداری لە هەندێ وانەی کۆرسەکانی فێربوون بکەین لە حاڵەتی کێشەی فێربوونی زمانی ژاپۆنی سەرەوە.

## بواری زمانەوانی کارەکی

لەبەر ئەوەی زمان لە زۆر بواری ژیانی ڕۆژانەماندا پراکتیزە دەکرێ بۆیە ژمارەیەکی زۆر چالاکی هەن کە بە زمانەوانی کارەکییەوە پەیوەست بێت، بەڵام تەنانەت دوای هێنانەوەی چەند نموونەیەکیش هێشتا بوارەکانی زمانەوانی کارەکی بە لێڵی و نادیاری دەمێنێتەوە. بۆ ئەوەی پێناسەیەکی وردتری زمانەوانی کارەکی بە دەست بهێنین پێویست دەکات لە مەسەلەکان قووڵتر ببینەوە. نابێ تەنیا نموونە بهێنینەوە بەڵکو دەبێ ئەو کێشە و ئاریشانەی کە بایەخیان پێدەدرێ دەبێ بە شێوەیەکی سیستەماتیکی پۆلین بکرێن، بەمەش دەتوانین نەخشەیەک بۆ سنووری کار و ئەرکەکانی ئەم بوارە بکێشین. بە واتایەکی تر پێویستە نموونەی دیاریکراو بهێنینەوە بۆ ئەوەی لە چەمکە گشتییەکانی لێکۆڵینەوەی ئەو بوارە بگەین. دەتوانین ئەو بوارانەش لە سێ بابەتی سەرەکیدا دەست نیشان بکەین:

### ١–زمان و پەروەردە:

ئەم بوارە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

– فێربوونی زمانی یەکەم (زگماک): کاتێک منداڵ فێری زمانیماڵەوە دەبێت واتە زمانی زگماک، بەڵام لەم حاڵەتەشدا ڕەنگە هەندێ جار دوو زمان پێکەوە فێرێت بەتایبەتی کە دایک و باوکی ئەو منداڵە دوو زمانی جیاوازیان هەبێت و بەکاری بهێنن.

– فێربوونی زمانی زیادە کە ئەمەش دەبێتە دوو بەش: فێربوونی زمانی دووەم کاتێ کەسێک زمانێکی تر فێر دەبێ کە زمانی فەرمی ناوچەکەیە، یان زمانی زۆرینەی خەڵکە و لەو زمانەش جیاوازە کە لە ماڵەوە فێری بووە و فێربوونی زمانی بێگانە کاتێک کەسێک زمانی وڵاتێکی تر فێر دەبێت، یان دەخوێنێت.

– زمانەوانی کلینیکی: بریتییە لە دیراسەکردن و چارەسەرکردنی هەر کێشە و کەموکورییەکی زمانیی کەسێک جا ئەو کێشە و کەموکورییە بۆماوەیی بێت، یان بەهۆی ڕووداوەوە بێت.

– ئەزموونەکانی زمان: بریتییە لە هەڵسەنگاندنی توانستی زمانیی کەسێکی دیاریکراو لە زمانی یەکەم، یان زمانە زیادەکان بۆ مەبەستە تایبەتی و گشتییەکان.

### ٢– زمان و کار و یاسا:

ئەم بوارە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

– پەیوەندی لە شوێنی کارکردندا: بریتییە لە دیراسەکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە شوێنی

کـارکـردندا هەروەها زمـان چۆن لە سـروشت و هێـزی پێوەندییە جیاجیاکانی کارە جیاوازەکان بەشداری دەکات.

– نەخشـەدانانی زمـان: بریتـییـە لە بڕیاردان لەبارەی پلەوپایەی زمانەکان و بەکارهێنانیان بە پشت بەستن بە یاسا هەروەها بڕیاردان لە بەکارهێنانی زمان لە بواری پەروەردەشدا.

– زمـانـەوانی دادوەری: بریتـیـیـە لە بەکـارهێنانی بەڵگەی زمـانی لە لێکۆڵینەوەی تاوان و یاسـایی بۆ نموونە بۆ دەست نیشانکردنی دەست و خەتی تاوانبارێک، یان ناسینەوەی دەنگی کەسێک.

### ٣- زمان و زانیاری و کاریگەری:

ئەم بوارە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

– شێـوازناسی ئەدەبی: بریتـییـە لە دیراسـەکـردنی پێوەندی نێوان هەڵبژاردنە زمانییەکان و کاریگەرییان لە ئەدەبدا.

– شـیـکردنەوەی گـوتاری ڕەخنەیی: بریتـیـیـە لە دیراسـەکـردنی پێـوەندی نێـوان هەڵبـژاردنی زمـانی و کـاریگەرییـان لە بەکـارهێنانی ڕازیکەرانە (per-suasive)ی زمـان و کـاردانەوەی بەرانبـەر بەهۆی شیکردنەوەی گوتارەکان.

– وەرگـێـڕان و وەرگـێـڕانی زارەکی: بریتـیـیـە لە گەڵاڵەکردنی ئەو هاوتا بەرانبەرانەی نێوان دەقێک و وێنەی وەرگێڕانەکەی و دیراسەکردنی ئەو کردانەی لە وەرگـێـڕانی دەقی نووسـراو، یان وەرگـێـڕانی زارەکی بەکاردەهێنرێن.

– هێـڵکاری زانیـاری: بریتـیـیـە لە ڕێکخستن و پیـشـاندانی زمـانی نووسـراو هەروەها ئەو بابەتانەی پێوەندییان هەیە بە شێوەی نووسین و هێڵکارییەکان و هەڵبـژاردنی ئەو شـێـوازەی بەکـاردەهێنرێ و پێکەوە بەستنەوەی کاریگەرانەی زمان لەگەڵ شێوازەکانی تری پێوەندی وەک وێنە و هێڵکاری.

– فـەرهەنگزانی: بریتـیـیـە لە پلاندانان و دانانی فـەرهەنگی تاک زمـان و فـەرهەنگە دوو - زمـانی و هەموو کارێکی تری هاوشێوەی فەرهەنگ.

هەمـوو ئەو بوارانەی سـەرەوە دەکەونە نێو چوارچێوەی ئەو پێناسـەی زمانەوانی کارەکی و لەلایەن زۆر گۆڤار و تەنانەت ڕێکخراوی پەیوەست بە زمانەوانی کارەکی وەک بەشێک لە بوارەکانی زمانەوانی کـارەکی ئەژمـارکراون، بەڵام هەندێک لەو بوارانە پتـر سـەربەخـۆیی خـۆیان وەرگـرتووە بە بەراورد لەگـەڵ ئەوانی تر. بۆ نموونە زمانەوانی کلینیکی و وەرگێڕان بە دوو بواری سەربەخۆ دادەنرێن.

### زمانەوانی و زمانەوانی کارەکی: پێوەندییەکی ئاڵۆز

یەکـێک لەو ڕێگایانەی کـە بە هۆیەوە دەتوانین چارەسـەری کێشـە کدەگی و پسپـۆڕییـەکانی ئەم بوارانەی پێ بکەین ئەوەیە کە بەو زانیـاریانەوە ببەسـترێنەوە کە لە بارەی زمانەوە وتراون لە وبرای زمانەوانی کە بریتـییە لە دیراسـەکـردنی ئەکادیمیانەی زمـان بە شێوەیەکی گشـتی. زمانەوانی بە دوای ئەو لایەنە گشتییانەدا دەگەڕێ کە لە ژێر ڕوخسـارەوە خۆیان مـەڵاسداوە، بۆیە زمـانەوانیش تا ڕادەیەک نوێنەرایەتی پیـشـاندانێکی ئەبسـتـراکـتی زمـان دەکـات نەک بەو شـێـوەیەی کـە لە دنیـای ڕاسـتـەقـینەدا بەرجەستە بووە. جیاوازی لە نێوان ئەو مۆدلانە هەیە کە دەرئەنجام لەگەڵ ئەزموونە ڕاستـەقـینەکان دروست دەبن. هەروەها قوتابخانەی جیاجیای زمانەوانی دژ بەیەک هەن کە پێویستە باسیان لێوە بکرێ.

یەکێک لەو پیشـاندانە کـاریگەرانەی بەردەست بریتـییە لە زمـانەوانی وەبەرهێنان کـە لە ١٩٥٠ بە دواوە لە لایەن نۆم چۆمـسـکی خـراوەتە ڕوو. بە پێی بۆچوونی چۆمسکی ئەوە بابەتی سـەرەکی زمـانەوانی پێـویسـتـە بریتی بێ لە باس کـردن و پیـشـاندانی زمـان وەک ئەوەی لە مـێـشـکـدا هەیە (واتە زانیـاریی زمـانی competence) نەک ئەو شێوە ڕاستـەقینەی بەکارهێنانی زمان لە ژیانی ڕۆژانە (واتە کـردەی زمـانی performance) چۆمسـکی لەو باوەڕەدایە ئەو زمـانە ناوەکـییـە (internal language) شـتـێکی بایۆلۆژییـە نەک کـۆمـەڵایەتی و لە ئـەزمـوونی دەرەکـی (outside experience) جیـاوازە. ئەو زمـانە ناوەکـییـە ناکرێ لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕاستـەقینەی زمانەوە لە سیاقێکی دیاریکراودا دیراسـە بکرێ، بەڵکو پێـویسـتی بە دیراسـە کـردنی ڕسـتـەی داهێنراو و دروسـتی وا بێت کـە بوونیـان لەو زمـانەدا پەسـەند کـراوبێ. پێـوەندی نێـوان ئەو مـۆدلە ئەبسـتـراکـتـە و ئەزموونی ئاسایی زمان زۆر لێک دوورە. ئەو پرسـیـارەی کـە زمـانەوانی کـارەکی دەیەوێ وەڵامی بداتەوە ئاخۆ دەکرێ پێـوەندییـەک لە نێـوان ئەم دووانەدا

دروست بکرێ و پاشانیش ئایا بوونی ئەو پێوەندییە هیچ سوودێکی دەبێت.

ئەو زمانەوانییەی چۆمسکی تەنیا جۆر نییە بەڵکو هی دیکەش لە ئارادایە. لە کۆزمانەوانی (sociolinguistics) جەخت لەسەر پێوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکرێت. کۆزمانەوانی هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی پێوەندی سیستەماتیکی لە نێوان پۆلە کۆمەلایەتییەکان و سیاقی جیاجیا و ئەو شێوازە جیاوازانەی کە زمانیان تێدا بەکاردەهێنرێ. لە زمانەوانی ئەرکی (functional linguistics) جەخت لەسەر زمان کراوە وەک هۆکارێکی پێوەندی کردن و ئەو مەبەستانەی بەدەستیان دەهێنێ و خەڵکی چۆن زمانی خۆیان بەکار دەهێنن. لەم سالانەی دواییشدا یەکێک لەو بوارانەی پەیوەستن بە بەکارهێنانی زمان بایەخێکی زۆری وەرگرتووە بریتییە لە زمانەوانی داتایی (corpus linguistics) لەو جۆرەدا بانکی داتایی زۆر گەورە کە ملیۆنان وشەی ڕاستەقینەی لە بەکارهێنانی زمان دەگرێتەخۆ دەتوانرێ لەماوەی چەند چرکەیەکدا بەناویدا بگەڕێیت بۆ ئەوەی زانیاری ئەوتۆت لەبارەی چەندایەتی (frequency) وشەکان و ئەو بەیەکەوە هاتنەی وشەکان دەست بکەوێ کە زۆر ئاستەنگە بە ڕێگای تر بتوانین دەستمان بکەوێ.

پێدەچێ ئەو ڕێباز و قوتابخانە زمانەوانییانەی باسمان کردن زۆر لە ئەزموونی ڕاستەقینەی زمانەوە نزیکتر بن بە بەراورد لەگەڵ ڕێبازی چۆمسکی بۆیەشە ئەمانە زیاتر بە بواری زمانەوانی کارەکی پەیوەستن، بەلام ئەمانەش بە شێوەی جیاجیا زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی لێک دادەبڕن. مەبەست لەمانە بریتییە لە وەسفکردن و ڕوونکردنەوە نەک بە شێوەی زمانەوانی کارەکی بە بڕیار وەرگرتن پەیوەست بێ. ئەوەی لە هەموو حاڵەتەکان پێویستمان پێی دەبێت بریتییە لە پێکەوە بەستنەوە و گرێدانی دوو گوتار، یان ڕیزبەندی دوو واقیع: ئەوەی ژیانی ڕۆژانە و ئەزموونی زمان لەگەڵ ئەوەی کە بە شیکردنەوەی بەرجەستەی شارەزایی زمان پەیوەستە. ئەم دووانە زۆر دژی یەکن و ئاستەنگە بتوانین لەگەڵ یەکتردا پێوەندییان بۆ دروست بکەین بەلام هەوڵدان بۆ ئەوەی هەر یەکێکیان پێوەندی هەبێت بەوەی تر بریتییە لە یەکێک لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم زمانەوانی کارەکی و پاساوێکیشە بۆ بوونی.

ناتوانین وەسف و تیۆرە زمانییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکاربهێنین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و ئاریشانەی دەکەونە نێو چوارچێوەی بواری زمانەوانی کارەکییەوە. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەمەش بۆ سروشتی ئەو کێشەو ئاریشانە دەگەڕێتەوە، چونکە ئەمانەش وەک ڕێباز و قوتابخانە زمانەوانییەکان هەریەکەیان لە گۆشە نیگایەکەوە سەیری بابەتەکان دەکەن. زمانەوانی کارەکی تەنیا بریتی نییە لە بەرانبەر یەک دانانی دۆزینەوە و دەرئەنجامەکانی تایبەت بە زمان و چەند کێشەیەک کە پێش وەختە دەست نیشانکراون بەڵکو بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو دۆزینەوە و دەرئەنجامانە بە مەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە چۆنیەتی سەیرکردن و تێگەیشتن لە کێشەکان. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە سروشتی کێشەکە و چۆنیەتی تێگەیشتنی ڕەنگە زۆر جار زەمینە بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێ.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە زمانەوانی کارەکی شێوازێکی کارکرنی ئالۆزی هەیە، چونکە پێویستە ئاماژە بۆ دۆزینەوە و تیۆرە زمانەوانییەکان بکات و لە نێوان ئەو قوتابخانەو ڕێبازە جیاجیایانەدا بواری گونجاو هەڵبژێرێ و کارێکی وا بکات پێوەندییەک لە نێوان ئەو ڕێبازانەو کێشەکانی ژێر لێکۆڵینەوە بدۆزێتەوە. لە هەمان کاتیشدا پێویستە لێکۆڵینەوە لە ئەزموون و پێداویستی ئەو کەسانە بکات کە بەشێکن لە کێشەکان. پاشان دەبێ هەوڵبدات ئەو دوو بۆچوون و تێڕوانینە پێکەوە ببەستێتەوە و دووبارە ڕێکیان بخاتەوە ئەگەر پێویست بکات و بەردەوام لێکۆڵینەوەی پتریش ئەنجام بدات.

ئەگەر بەم شێوەیە سەیری بکەین ئەوە زمانەوانی کارەکی بریتییە لە گەڕان بە دوای زەمینەی هاوبەش و پێوەندییەکی دوو قوڵی لە نێوان ئەزموون و شارەزایی، لە نێوان پرسەکانی تایبەت بە کێشەکانی زمان و زمانەوانی دروست دەکات.

*** بەڕێوەبەری ناوەندی لاس بۆ کاروباری وەرگێڕان**

**سەرچاوە:**

**Applied Linguistics**
**by: Guy Cook**
**PP (3 - 11).**

# میرهۆڵد دەدوێ

لە ڕووسییەوە: د. فازیل جاف
(سوید)

لە ڕەوتی شانۆی مۆسکۆدا وا دادەنرێ کە شانۆی هونەریی موسکۆ(١) و شانۆکەی من دوو قوتب بن. من بەوە ڕازی دەبم کە یەکێک بم لە قوتبەکان، بەڵام ئەگەر بۆ قوتبی دووەم بگەڕێیت، ئەوە بێگومان شانۆی «کامرنی»(٢) نییە. هیچ شانۆیەک بەقەدەر «کامرنی» دژ بە من نییە و غەریب نییە بە من. شانۆی هونەریی موسکۆ هاوکات چوار ستۆدیۆی هەبوو. من جڵەو بۆ خەیاڵی خۆم شل دەکەم و دانی پێدا دەنێم کە شانۆکەی منیش یەکێکە لە ستودیۆیەکانی شانۆی هونەریی مۆسکۆ. بێگومان بە مەرجێک تەنیا پێنجەمینیان نەبێت، بە پێی ئەوەی کە مەودایەکی زۆر لێکمان جودا دەکاتەوە، با بڵێین دووسەدو پەنجا و پێنجەمین بێ. هەرچۆنێ بێ، منیش قوتابی ستانیسلاڤسکیم و شانۆی هونەریی مۆسکو زانکۆی یەکەمم بوو. من دەتوانم چەند پردێک لە نێوان شانۆکەی خۆم و شانۆی هونەریی موسکۆدا، تەنانەت لەگەڵ شانۆی «ماڵی»(٣)یشدا، بدۆزمەوە، بەڵام لە نێوان ئێمە و شانۆی تاییرۆڤدا - بۆشایی هەیە. ئەوە تەنیا لە دیدی گایدەکانی ئینتوریستەوەیە(٤) کە کەسانێک میرهۆڵد و تاییرۆڤ لە تەنیشت یەکدییەوە دادەنێن. ئێ ئەوان ئامادەن بەهەمان شێوە ڤاسیل باژینۆڤ(٥) لە تەنیشتمانەوە دابنێن. من پێم خۆشە دراوسێی ڤاسیل باژیینۆڤ بم نەک دراوسێی تاییرۆڤ.

* * *

کاتێ کە پرسەنامە و ستایشی یادەوەرییەکانی ئەو کەسە ناودارانە دەخوێنمەوەکە بە شەخسی بە ناسینیان بەختەوەر بووم، هەردەم تووشی سەرسوڕمان دەبم: تۆ



**مایێرهۆڵد**

بلێی ئەمانە ئەوانن یان ئەوان نین؟ کە لاپەڕە دەربارەی ئەنتوان چیخوڤ، ڤێرا کۆمیسارژیڤسکایا (٦)، ئەلکسەندەر بلۆک (٧)، یڤگینی ڤاختانگۆڤ (٨)، کێ باوەڕ دەکا کە ئەمانە لە کاتێ لە ژیاندا بوون کەسانێکی گەلێ شاد بوون؟ بەڵام من زۆر باش لە بیرمە، ئەمانە کەسانێکی گەلێ شاد بوون، چونکە خۆم لەگەڵیاندا گەلێ پێکەنیوم. بیرمە کە ڕۆژێ لە گەشتی هونەریدا بووین لە پۆلۆنیا، کاتێ من و کۆمیسارجیڤسکایا بە درێژایی ڕۆژەکە بە بچووکترین شت قاقا پێدەکەنین – ئەوەندە بەرزە دەماخ بووین. جارێ تا ڕادەیەک بیرمە چیخۆڤ هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو. کە لەگەڵ ڤاختانگۆڤیش زۆر جار یەکدیمان دەبینی، نوکتەمان دەکرد و پێدەکەنین، پتر لەوەی کە باسی شتی گرنگ بکەین. یانیش ڕەنگە لە بەر ئەوە بێ کە من خۆم کەسێکی ئەریەحی و گوێنەدەرم کە ئەوان بەو جۆرە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکردم؟

ئەگەر پاش مردنم بەڕێکەوت یادەوەرییەکانم بخوێننەوە، ئەگەر تێیدا وەکو قەشەیەک بەرجەستەکرابم، بە مەبەستی گرنگی پێدان فووم تێدا کرابێ، تکاتان لێ دەکەم ڕایگەیەنن کە ئەمە درۆیە، من هەمیشە کەسێکی شاد بووم، بە پلەی یەکەم، چونکە من لە هەموو شتێ زیاتر حەز دەکەم کار بکەم، کاتێکیش کە کار دەکەی شاد دەبی. دووەم چونکە من تەواو باوەڕم بەوەیە کە ئەوەی بە گاڵتە دەگوترێ زۆر جار گەلێ جدیترە لە وەی کە بە جدی دەگوترێ.

* * *

دیمەنی "هاویە" لای هەندێ کەس بیرۆکەی بۆشایی دەگەیەنێ، لای کەسانی دیکەش – بیرۆکەی پرد. من سەر بە دووەمیانم.

* * *

ئەکادیمییەکان لە نێو خۆیاندا گفتوگۆ لە سەر دوا ئەنجامەکانی زانست دەکەن، بەڵام هەموویان لە سەر ئەوەی ڕێکن کە ئاو لە پلەی سەتدا دەکوڵێ. کەچی لەم بوارەی ئێمەدا هێشتا حەقیقەتە بنەڕەتییەکانی لەو جۆرەمان نەچەسپاندووە. بۆچوونمان بۆ هەموو شتەکان جیاوازە. ئەرکی یەکەمی ئەوەی کە پێی دەگوترێ زانستی شانۆ بەدیهێنانی تەرمینۆلۆگیایەکی یەکگرتوو و دارشتنی ڕاستییە بنچینەییەکانە، تەنیا ئەو دەمە دەتوانێ ئیدیعای ئەو شتە بکا کە پێی دەگوترێت زانست.. بەڵام من دەترسم، وابزانم هێشتا زۆرمان ماوە بگەینە ئەو مەبەستە.

* * *

ئێوە چاوەڕوانن کتێبێکی گەورە دەربارەی کارەکانم وەکو ڕیژیسیۆر بنووسم، بەڵام منیش خەون بەوەوە دەبینم کتێبێکی بچووک بنووسم، هەر ئاوەها نامیلکەیەک، تێیدا هەوڵدەدەم چەند ڕاستییەکی بنچینەیی بچەسپێنم. ئا لەم نامیلکەیەدا هەموو ئەو ئەزموونە "گەورەیەم" چڕ دەکەمەوە. هەڵبەتە نازانم ئاخۆ، کاتی ئەوەم دەبێ ئاوا بە کورتی گوزارشت بکەم، ئەوەندە چاک وەکو ئەو کەسەی کە زۆر چاک گوزارشتی لە خۆی دەکرد.

### بە ئەکتەرێکی لاو لە کاتی پشووی پرۆڤەدا

نمایشی شاژنت بینی دوێنێ؟ بلیتی زیادەتان دەست نەکەوت؟ ئای- ئای- ئای! بلیت فرۆشەکان دەیانویست بلیتەکان بە گران بفرۆشن؟ ئاخ! تۆش بێگومان بێ پارە بووی؟ دەزانم؟ هێشتا زۆری ماوە بۆ سەری مانگ.ئیدی تۆش بە جێت هێشت؟ نەتتوانی بێ بلیت بچیتە ژووری؟ بەڵام ئێمە لە تافی لاویدا دەمانزانی چۆن بێ بلیت بچینە ژوورێ. سەردەمانێک زۆربەی ئێواران لە شانۆی مالی دەردەکرام. لە ئێوارەیەکدا فەسڵی یەکەم و دووەمم

دەبینی، ئێوارەی پاشتر دوو فەسڵی دیکەم دەبینی... هەڵبەتە، هەڵبەتە شەرمم بەخۆدا دەهات، کاتێ کە لەپێش چاوی بینەراندا دەردەکرام، بەڵام لە پێناوی ئەوەی تەماشای ئێرمولۆڤا بکەیت، چیت بە سەردا بێت هێشتا کەمە. ئا ئاوا، بلیتیان پێت نەدا و تۆش کۆڵت دا. گەڕایتەوە بۆ ماڵێ؟ ئاخ، ڕۆیشتی بۆ خلیسکانێی سەر بەفر! ئەمیان باسێکی ترە. ڕەنگە ئەمیان لە شاژنی باشتر بێت! چاکت کرد! دەست خۆش!

* * *

لەوانەیە لە هەموو جیهاندا، هیچ ڕژیسیۆرێک بە قەدەر من جنێوی پێ نەدرابێت. بەڵام بڕوام پێدەکەن ئەگەر پێتان بڵێم کەس ئەوەندەی خۆم دادگایی خۆمی نەکردووە. بەڕاستی من زۆر حەزم لە خۆشکاندنەوەنییە لە پێش خەڵکدا. من پێم وایە، هەرچۆنی لێک دەدەمەوە دەگەمە ئەوەی کە ئەمە مەسەلەیەکە لە نێوان دوو خۆماندایە : من و هەروەها خۆم...بەڵام ڕەخنە لە خۆگرتن شتێکی سەیرە. وا ڕوو دەدا، کە هەندێ سەرکەوتنی وا هەن تا ڕادەیک شەرمم پێیان دێ، نوشستی واش هەن شانازییان پێوە دەکەم.

* * *

کە پێم دەڵێن "تۆ وەستای" لە دڵەوە یەک تۆز پێم خۆشە. باشە دەزانی پێش هەموو نمایشێکی یەکەم (پریمیار) جار هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەم، وەکو ئەوەی سەرلەنوێ بەشداری بکەم لە پێشبڕکێی تاقیکردنەوەی وەرگرتن بۆ جێگای کەمانجەی دووەم.

* * *

بە دەگمەن ڕەخنەی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی من دەکرێ، نەک لە بەر ئەوەی ڕاوچییان نەیانویستبێ بمپێکن، بگرە لە بەر ئەوەی خۆم نیشانێکی زۆر بزێوم

* * *

زۆرم حەز لێیە سەرلەنوێ کار لە سەر بەرهەمە کۆنەکانم بکەم. زۆر جار پێم دەڵێن بەم کارە بەرهەمەکانم دەشێوێنم. ڕەنگە وا بێ، بەڵام قەت بۆ تاکە یەک جاریش نەمتوانیوە تەماشای بەرهەمێکی خۆم بکەم بێ ئەوەی ئارەزوو بکەم شتێکی لێ بگۆڕم.

* * *

بەردەوام گوێم لێیە باس لە "هەڵەکان"م دەکەن. پێم ناڵێن "هەڵەکان" لە هونەردا یانی چی؟ هەڵە ئەوەیە "کاتێ کەسێک بیەوێ بچێتە ژوورێکەوە، بەڵام خۆی لە ژوورێکی دیکەدا ببینێتەوە". باشە بۆ ئەوەی هەڵەیەکی لەو چەشنە بکەی، دەبێ دوو ژوورت هەبێ کە بکرێ بچیتە ناویانەوە. ئەگەر هاتبا لەنزیک یەکێک لەو بەرهەمانەی کە من دەرم هێناون، بەرهەمێکی دیکە هەبایە کە وەکو مودێلێک لە هەموو ڕوویەکەوە وەکو ئەوەی من بوایە، ئەو دەمە دەکرا ڕەخنەی ئەوەم لێ بگرن کە من بەرهەمەکەی خۆمم بە پێچەوانەوە دەرهێناوە، بەڵام خۆ بەرهەمێکی دیکە" ژوورێکی دیکە" نییە. لە هونەردا، تەنیا لە حاڵەتێکدا دەکرێ "هەڵە" بکەی: ئەگەر بۆ بابەتێک کەرەستەی نەگونجاو هەڵبژێری و لە ئاکامدا ئەو فیکرەیەی هەتە، بشێوێنی، بەڵام خۆ ئەمە مەبەستی هەموو ئەوانە نییە کە دەربارەی " هەڵەکان"م هاواریان لێ هەستاوە. ئای خۆزگە ئەوانە بە پێی یاساکانی پوشکین دادگاییان دەکردم" ئەو یاسایانەی کە لە سەر خۆمم چەسپاندوون" بەڵام چەند بە دەگمەن گوێم لە ڕەخنەی لە جۆرە بووە.

* * *

زۆر جار شەوان لە خەو بە ئاگا دێم ئارەقەیەکی ساردم کردووە بەدەم بیرکردنەوەی ئەوەی، کە بووم بە کەسێکی هیچ و پووچ، کە هەموو شتێک لە ژیانمدا ئەوەندە باش دەڕوا کە لە ژێر بەتانییەکی قەبەدا دەمرم، کە من چیدی نوێخواز نیم.

* * *

زۆر جار ڕەخنەی ئەوەم لێ دەگیرێ کە پەرە بە کەشف و دەستکەوتەکانی خۆم نادەم، هەمیشە پەلەمە بۆ کارێکی نوێ: هەرئەوەندە لە بەرهەمێک بوومەوە بەرهەمێکی دیکە دەردەهێنم، کە تەواو لە شێوازدا لەوی پێشوو جودایە. یەکەم، پێش هەموو شتێک، ژیانی مرۆڤ کورتە، ئەگەر خۆت دووبارە بکەیتەوە فریا ناکەوی زۆر شت بکەی. دووەمیش، کە بە تێڕوانینێکی ڕووکەشانە فەوزای ستایل و شێوازەکان دەبینی، کە چۆن من وهاوکارەکانم هەمان پرنسیپی هاوبەش، بۆ بابەتی جیاواز بەکار دێنین، جیاوازی لە دووبارە کارکردنەوەیان پێوەستە بە شێوازی نووسەرەکەو وەزیفەی ئەو بەرهەمە لە ئەمڕۆدا... لەوەش پتر!... بیوگرافیانووسی ڕێبەرانی سەردەمی ڕێنێسانس گیرگیو ڤاساری کە بەرزترین

بەرهەمی هونەرمەندێکی دەستنیشان دەکرد، دەینووسی: (لە شـێـوازێکی ئەوتۆدا کـە تاکـو ئێـسـتـاش نەزانراوە)...باشە ئەم دەسـتـەواژەیە ناتان ورووژێنێ؟ ئەی ئەمە بەرزترین شەرەف نییە بۆ هونەرمەند؟ کاربکەی (بەشێوازی کە تاکو ئێستاش نەزانرابێ)؟

* * *

ئەوەی کە پێی دەگوترێ سەرکەوتنی پریمێر"پیشاندانی یەکـەم" نابێ ئامـانجی سـەرەکی شـانۆ بێ. هەندێ جـار پێویستە بە چاوکراوەییەوە بەرەو ئەو نوشوستییە برۆیت، کـە چاوەڕێت دەکـرد. کـە شـانۆنامـەی "کـومـیندانتی دووەم"ی سێلڤینسکیم(٩) دەردەهێنا تەواو لەو باوەڕەدا بووم کە حەتمەن نوشوستی دێنم. بەڵام ئەمە کاری نەکرد سەر پێداگرتنم. جگە لەوەی کە ئامانجی تاکتیکی کورت مەودای خۆمم هەبوو، ئامانجی ستراتیژی دوور مەوداشم هەبوو. دەمـویست شاعـیری گـەورە سێلڤینسکی بۆنی باروتی شـانۆییـانە بکا، ئاواتەخـوازم لە داهاتوودا شانۆنامەکەی نایابی نوێمان بداتێ.

* * *

لە "کـۆمـاندانتی دووەم" دا دیمەنی بەهێـز و شـیـعـری وزەدار هەبوو. بەڵام یەک هەڵەی کـوشندەش هەبوو: کـەسـایەتی سـەرەکی- ئۆکـۆنی- نەدەبوو بکرایە بە پاڵەوانی تراژیدیای سۆڤـیـتی.ئەو لەو ئاسـتـەدا نەبوو بکرێ بە پاڵەوان. سەرەڕای ئەوەش پەشیمـان نیم لەوەی کە ئەو شانۆنامەیەم دەرهێنا. بە بێ نوشوستی سەرکەوتن نابێت. لەم نمایشـەدا چەند کـەشـفـێک هەبوون، کـە زۆر بەلامـەوە گرنگن، سـەرەڕای چەند نمایشـێکی پلە یەکی نواندنی ئەکتـەرەکان. بۆ ئەمـە کەمـە؟ پێم وایە شـانۆ لە هەندێ بارودۆخدا دەبێ بوێری خۆی لە نوشوستی بدات و، پاشگەز نەبێتـەوە. مـەسـەلەی ئەو نوشوسـتـییـە ئاوا بوو.

* * *

کە لە شەقامێکدا شەڕوهەرایەک دەبینم، هەموو جارێ ڕادەوەسـتم وتەمـاشـا دەکـەم. لە دیمەنەکـانی سـەر شـەقامـەکـان و شەڕوهەرادا، دەتوانی سەرنجی زەقـترین تایبـەتمەندییە جیـاوازو شاراوەکانی ئادەمی بدەی. گوێ مـەدە بە پۆلیس کـاتێ کـە بەسـەرتاندا هاواردەکـات" هـاووڵاتـیـــــان، دەی بڵاوەی لێ بـکـەن" بە دەوری خـەڵکەکـەدا پێـچی لێ بکەوەو بڕۆ لە لایەکی دیکەوە بوەستە و سەرنج بدە. کاتێ کە لە تافی لاویدا بۆ یەکەم جار ڕۆیشتم بۆ ئیـتـالیـا، بە نیـازی ئەوەی تا بۆم بکرێ تەمـاشـای مـۆزەخـانەو کـۆشکەکـان بکەم، ئەوەندەی پێ نەچوو دەستم لەوە هەڵگرت، چونکە ژیانی بە جۆشی سەر جادەکانی میلانۆ دڵی بردم. دەمداچەقـاو پیاسەم دەکرد و پێی مەست بووم. ئەگەر بە ڕێکەوت لە پرۆڤە دوا کەوتم و لە پەنجـەرەوە بینیـتـان شـتـێک لە سـەر جـادەیەک ڕوویداوە، بێ سێ و دوو بزانن میبیرهۆڵد لەوێیە.

* * *

بە ڕەخنەگـران، بێت دەبێت گـەشـەی هونەرمـەند لە جێگایەکی لابوور ئاسـا ڕوویدات، لە پشت پەنجـەرەی پەردەدار و دەرگـای داخـراودا، بەڵام ئێـمـە پێـدەگـەین، گـەورە دەبین، سـۆراخ دەکـەین و تووشی هەڵە دەبین و کـەشف دەکـەین لە پێش چاوی هەمــووخــەڵک و بە هاریکاری جەمـاوەر. جەنەڕاڵە گەورەکـانیش لە خوێنی ڕژاوی مەیدانی جەنگ دەرس وەردەگرن، بەڵام هونەرمەند لە خوێنی خۆی دەرس وەردەگرێت... باشە، هەڵە یانی چی؟ لە هەڵەکانی ئەمڕۆوە، هەندێ جار سەرکەوتنەکانی سبەینێ نەشونما دەکات.

* * *

فیروسیۆ بوسۆنی(١٠) بە بۆچوونی خۆی، باخ وچۆپین ولیـزت ڕاڤـە دەکـات، تەنات ڕاڤـەکـردنەکـانی پێـیـان دەگوترێت "باخ- بروسۆنی" یان "لیزت- بروسۆنی". جگە لە خەڵکێکی بازاڕی بە مێشکی کەسدا نایەت گرنگی باخ لەگـەڵ بروسـیـۆنی بەراورد بکا لە وەش پـتـر بە بێ وێژدان و دەستدرێژکەر تاوانبار بکرێت.

بەڵام من چەندین جار بە تیری ڕەخنە پێکراوم، لە بەر ئەوەی ئەسـترۆڤـسکی(١١) و گۆگۆلم بە بۆچوونی خۆم ڕاڤـەکـردووە. پێم سـەیرە، ئەمـە بە هیچ جـۆرێک نە لوناچارسکی(١٢) و نە مـایاکـۆڤـسکی و نە ئەندریە بێللـی(١٣) نیگـەران ناکـــات، لە کـــاتـێکدا میتالنیکۆڤەکان(١٤)، بە هەمـوو جۆرێکیانەوە، تەواو کـەفـیـان دەچەڕاند،... پێدەچێ، میریمی لە "کـارمن"دا، مەبەستی ئەو پەندە ئیسپانییە بێ، کە دەڵێ: جورئەتی قەزم بە قەدەر ئەوەیە تفەکەی چەند دوور دەهاوێ.

* * *

پێ بە سـەر،هەروەک مـایاکـۆڤـسکی دەڵێ" قـوڕگی گۆرانییەکەی خۆم" دا دەنا، ئەگەر هاتباو لە "دڵگەورەی

قۆچدار"(١٥) پاشگەز ببمایەوە.

* * *

لە قۆناخەکانی شۆڕشدا، میللەتان بە تیمپۆیەکی پڕتاو دەژین. ساڵانی ٩٣ و ٩٤ی سەدەی هەژدەیەم لە فەرەنسا بهێننەوە یادتان، ساڵی ١٩١٧ خۆشمان بهێننەوە یادتان، تەواو پڕ لە خواست بوون و هەموو دەساڵەکانی دواهاتووی گرتەوە. هەموو گۆڕانکارییەک لەم قۆناخەدا بەو خێراییە ڕوو دەدا. پێم دەڵێن: "ئەوەتا ساڵی پار جەختتان لە سەر ئەمە و ئەوە دەکرد..." باشە ساڵی پار، پێیان دەڵێم، دەکاتە دە ساڵ، بە گوێرەی ساڵنامەی ناوەوەی خۆم.

* * *

باشە، سبەینێ بۆ پشوودان دەڕۆم بۆ ماڵە هاوینییەکەم... ئێوەش بۆ ماڵە هاوینییەکەتان دەڕۆن؟ ئەی لەناو شار لە کوێ دەژین؟ لە سەر هێڵی یارۆسلاڤل؟ ئاوا لە نزیکی پوشکینۆ؟ ئاه لەسەر هێڵێکی دیکەن؟..(پاش تاوێک) بەڵێ، پوشکینۆ...بیرمە جارێک چۆن من و مۆسکڤین(١٦) لە ڕۆژێکی هاویندا بە تەکسی گەیشتینە وێستگەی شەمەندەفەری یارۆسلاڤل، سواری شەمەندەفەر بووین بەرەو پوشکینۆ. هەموو شتێک لەمەوە دەستی پێکرد...هەروەکو ستێفان زڤیک دەڵێ، ساتێکی چارەنووس ئاسا!..ماوەیەک بەر لەئێستا بیستم مۆسکڤین نەخۆشە، نازانن تەندروستی چۆنە؟ باشە؟(تاوێ بیدەنگی دوور ودرێژ) بەڵێ! ساتێکی چارەنووس ئاسا!..

* * *

لە سەر مێزی ڤسیڤۆلۆد ئێمیلیڤیچ کتێبەکەی ڕۆمان ڕۆڵاند دەربارەی بیتهۆڤن، بە کراوەیی دانراوە. بەچاوپێخشاندنێک ئەو دەستەواژەیەی بیتهۆڤن دەبینم کە خەتی بە ژێردا کێشراوە: "هیچ یاسایەک نییە، لە پێناوی شتێکی جوانتر نەکرێ ببەزێنرێت"..

## دەربارەی هونەری ئەکتەر

شانۆ تایبەتمەندییەکی سەیری هەیە، بینەری زیرەک لە بەر هەر هۆکارێ بێت، ئەکتەری بەهرەدار دەناسێتەوە.

* * *

خۆت زۆر ماندوو مەکە! متمانەت بە بینەر هەبێ، بینەر گەلێ وریاترە لەوەی کە ئێمە بۆی دەچین.

* * *

ئەکتەر پێویستە لەو دیمەنەی یان ئەو تابلۆیەی کە نمایشی تێدا دەکا، چێژ وەربگرێت. ئەگەر ئەو چێژەی وەرگرت، ئیدی هەموو شتێک ئاسانە. ئەو دەم سەرکەوتن چاوەڕێتان دەکات.

* * *

ستۆپ(ڕووی دەم لە ئەکتەری س دەکا) تۆ بێ ئەندازە گرژی! بەحاڵ دەتوانم لە جێگای خۆت بتجووڵێنم. ئەکتەر لە نمایشدا دەبێ ئەوەندە گرژ بێ بە قەد سەماکەرێکی بالێی لێزکین. هەر تۆزێک تین و تاو بە خۆی بدات - لە شانۆکەوە بۆ دەرەوە دەفڕێ.

* * *

دیمەنەکانی مەستی لە لۆژیکی ناوەوە بێ بەش مەکە.! ڕەفتاری سەرخۆش تەنیا لەوەدا جیاوازە کە هەموو بەشێکی نمایشکردنی، وەکو ئەوەیە تەواو نەبووبێ. دەست بە جووڵەیەک دەکەی، لەناکاو ڕادەوەستی و تەواوی ناکەی. یان ئەوەتا وزەیەکی زیاد لە پێویست لە جووڵەیەکدا بەکار دێنی، یان کەمتر لە پێویست. کۆمیدیاکەشی هەر لە مەدایە، بەڵام دەبێ سووک بێ، چەند سووک بێ، ئەوەندە کۆمیدیتر و جوانتر دەبێ. من چێژی ئەکتەر بەوە دەپێوم کە چۆن سەرخۆش نمایش دەکات.

* * *

کە پاڵتۆی فراک لەبەردەکەیت دەبێ نیو جووڵە بکەی: ئانیشکەکانت نزیکی لەشت ڕاگرە. با کۆتایی ژێستەکان کورت، جووڵەکانت سووک بن... کە داڵماتۆڤ(١٧) بە پاڵتۆی فراکەوە پەیدا دەبوو - هەر ئەوەندە بۆ خۆی نمایشێکی تەواو بوو، ئەمە ئەوەی دەهێنا پارەی بۆ بدەی.

لە یادمە، جارێک ستانیسلاڤسکی دوو کاتژمێر بە پاڵتۆی فراکەوە لە بەردەماندا دەهات و دەچوو. دەگەڕایەوە، دادەنیشت، پاڵ دەکەوت، پاش ئەوە بە درێژایی شەوێ خەوم لێ نکەوت. دەبێ ئەمەشت لە شانۆدا خۆش بوێ!.

* * *

بەر لە دەرچوونت، لە دەرگاکە نزیک بەرەوە! هێشتا نزیکتر! ئەمە بەڵگەنەویستە! چەند لە دەرگاکە نزیک بنەوە، ئەوەندە دەرچوونەکەتان کاریگەر دەبێ.لە

ساتەکانی لووتکەدا، چرکەکانی زەمەنی شانۆیی وسێنتیمەترەکانی تەختەی شانۆ بڕیاری هەموو شتێک دەدەن. ئەم زانستی جەبری شانۆیە نە لە لایەن ئێرمۆلۆڤا(١٨)، نە لە لایەن کۆمیسارجیڤسکایا و نە لە لایەن لێنسکییەوە، یان لە لایەن مامۆنت دالسکییەوە گاڵتەی پێ نە دەکرا.

* * *

لە تراژیدیادا دەنگ دەبێ سارد بێ. فرمێسک تەحەموول ناکرێ.

لە هونەری تراژیدیادا دیمەنەکان تا دێ بەرەو لووتکە دەڕۆن، بەڵام لە هونەری سێنتیمێنتالدا دیمەنەکان تا دێ لە دابەزیندان.

* * *

بەو شێوەیە هاوار مەکە! پێویستە زۆر لەوە نزمتر نمایش بکەی! کە ئەکتەران بەم شێوەیە هاوار دەکەن مەحاڵە بتوانن تۆنی جیاجیا بدۆزنەوە. کاتێ لە تافی لاوێتیدا لەگەڵ کونستانتین سێرگێڤیچ (ستانیسلاڤسکی) دا کارم دەکرد، ئەویش منی بە هاوارکەرێکی ناهەموار دادەنا و هەردەم ناچاری دەکردم نزمتر قسە بکەم، بەڵام من تێنەدەگەیشتم و کارم لە خۆم تێک دەدا.

* * *

ئەگەر بینەر وەرس بێ، مانای وایە ئەکتەرەکان ناوەڕۆکیان لە دەست داوەو تەنیا فۆرمێکی مردوو نمایش دەکەن.

* * *

هەرچی دەکەی لە سەر شانۆ، لە هەموو شتێکدا هەمیشە لە پێوانەی نیوەدا بە، چ لە دەنگ وچ لە جووڵەدا. بینەر هەردەم سەرنجی گرژی و شپرزەیی ئەو ئەکتەرە هەست پێدەکا کە زیاد لە پێویست خۆی ماندوو دەکات.

* * *

ڕاهێنان! ڕاهێنان! ڕاهێنان! بەڵام ئەگەر مەبەست لە ڕاهێنان تەنیا پەروەردەکردنی جەستە بێ، نەک مێشک، ببوورن سوپاستان دەکەم. من پێویستم بەو ئەکتەرانە نییە کە دەتوانن چاک بجووڵێن، بەڵام نەتوانن بیر بکەنەوە.

* * *

پێویستە ئەکتەر کۆمپۆزسیۆنی سەرانسەری شانۆگەرییەکە بزانێ، تێی بگات، بەهەموو جەستەیەوە هەستی پێ بکات. تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ خۆی لە گرووپدا بگونجێنێ و دەنگی خۆی تێدا بگەیەنێ.

* * *

چێژ لە جێبەجێکردنی کاری شانۆیی وەرگرن، ئەمە بەڵگەنەویستی ژمارە یەکە.

تۆ بە میتۆدی کۆرش چاک نمایش دەکەی و بە میتۆدی مییرهۆڵد خراپ! تۆ تەنیا بۆ خۆت نمایش دەکەی، گوێ بەپلانی گشتی کۆمپۆزیسیۆن نادەی، لای کۆرش بەشداران نابێ پێکەوە گرێ بدرێن. لای ئەو ئەمە ڕادەی ئەوپەڕی پرۆگرام بوو، بەڵام لای ئێمە بەمە نیو مەتر پلانەکەت دەڕووشێنیت. دەبێ دیسپلینی هونەریت هەبێ بەوەی لە ناو کۆمپۆزیسیۆنی گشتیدا هەست بە خۆت بکەیت، یان دەبێت من بە کۆرش بگۆڕیتەوە! یەک لەم دووە.

* * *

لە هەموو نمایشێکدا دەبێ ئەم بەشە بەشێوەیەکی جیاواز نمایش بکەیت (بەو ئەکتەرەی کە ڕۆڵی کریچێنسکی دەبینێ لەو دیمەنەی کە بە دەمانچە لە خەو بێداری دەکەنەوە).

* * *

من حەزم لە میکیاج نییە. ئێستا ئیدی تەحمووڵی ناکەم. ئەکتەران لەم بارەوە لەگەڵمدا زۆر دەکەونە موجادەلە، پێش نمایشی یەکەم کاتێ کە میکیاج دەکرێن، من بێدەنگ دەبم، چونکە دەزانم: کاتێ دێت حەزی لێ نەکەن. میکیاج تا کەم بێ چاکترە. ئیلینسکی بلیمەتانە و بە کەمترین ئاست بە گشتی بە شێوەیەکی مقنع میکیاجی دەکرد. لەم بارەوە زۆر تیۆری هەڵبەسترا، گوایە لە "شاخداری دڵ گەورە" دا تا ڕادەیەک میکیاجم بە کارنەهێناوە. من خۆیشم لەو تیۆریانەدا دەستم هەبوو، بەڵام مەسەلەکە ئاسان بوو، من حەزم لە میکیاج نییە و تەواو! گەنجێکی وەکو ئیلینسکی یان بابانوڤا یان زایچیکوف(١٩) میکیاجیان بۆ چییە؟ میکیاج تەنیا تێکدەرە. حەزکردن لە میکیاج تەنیا نەخۆشییەکی منداڵانەی ئەکتەرە.

ئەکتەر هەردەم پێویستە هۆشمەندانە بەهرەی ئەوەی هەبێ خۆی ببینێ وەک خۆبینین لە ئاوێنەدا.

پەراوێزەکان:

١- شانۆی هونەریی مۆسکو، شانۆی بەناوبانگی ستانیسلاڤسکییە و میتۆد و سیستەمی ستانیسلاڤسکی، ڕیالیزمی سایکۆلۆژی پیادە دەکات.

٢- شانۆی کامرنی، شانۆی دەرهێنەری ناوداری ڕووسیایە، ئەلکسەندەر تاییرۆڤ (١٩٨٨٥-١٩٥٠)، میرهۆڵد تەواو دژ بەم تاییرۆڤ و شێوازەکەی بوو.

٣- شانۆی ماڵی دێرینترین شانۆی دراماتیکی ڕووسیایە کە لە ساڵی ١٨٢٤دا دامەزرێنرا.

٤- ئینتوریست: دەستگایەکی گەشتوگوزارە و سیاحەتە.

٥- فاسیل باژینۆڤ (١٧٣٧-١٧٩٩) هونەرمەندو بیناسازێکی ڕووسییە، خوێندنی لە پاریس تەواو کرد، نووسەری دەیان کتێبی بە نرخە لە بواری هونەر و بیناسازدا.

٦- ڤێرا کۆمیسارجێڤسکایا (١٨٦٤-١٩١٠) یەکێکە لە ئەکتەریسە هەرە مەزنەکانی ڕووسیا کە لە ساڵی ١٩٠٤دا شانۆی تایبەتی بۆ خۆی دامەزراند و پاشان میرهۆڵدی وەکو ڕیژیسۆر لای خۆی دامەزراند. کارکردنی میرهۆڵد لە یەک ساڵ زیاتری نەخایاند.

٧- ئەلکسەندەر بلۆک (١٨٨٠-١٩٢١) شاعیری گەورەی ڕووسیایە، بە گەورەترین شاعیری سیمبۆلیست دادەنرێت، نووسەری شانۆنامەی نمایشی میللییە، کە لە ڕووتی هونەری میرهۆڵدا پایەیەکە تایبەتی هەیە.

٨- یڤگینی ڤەختانگۆڤ(١٨٨٣-١٩٢٢) ڕیژیسۆر و ئەکتەری ڕووسی و قوتابی ستانیسلاڤسکی بوو، خاوەن ڕێبازێکی تایبەتە پێی دەگوترێ ڕیالیزمی ئەندێشەیی.

٩- ئیلیا سێلڤینسکی (١٨٩٩-١٩٦٨) نووسەر و درامانووسێکی ڕووسی سۆڤێتییە، لە شانۆنامە بەناوبانگەکانی شانۆنامەی کۆمیندانتی دووەمە.

١٠- فیرسیو بوسۆنی (١٨٦٦-١٩٢٤) پیانۆژەن و مۆسیقا دانەرێکی ئیتالی ئەڵمانییە.

١١- ئەلکسەندەر ئەسترۆڤسکی (١٨٢٣-١٨٨٦) دامەزرێنەری شانۆی ڕووسییە و بە گەورەترین نووسەری شانۆی ڕووسی سەدەی نۆزدەیەم دادەنرێت.

١٢- ئەناتۆلی لوناچارسکی( ١٨٧٥-١٩٣٣) ڕەخنەگر و درامانووس، یەکەم وەزیری ڕۆشنبیری پاش شۆڕشی ئوکتۆبەر بوو.

١٣- ئەندرێە بێلی( ١٨٨٠-١٨٣٤) شاعیر سیمبۆلبیست، چیروکنووس ڕەخنەگربوو.

١٤- ئەماژەیە بۆ ڕەخنەگری ڕووسی داڤید لازرێیڤیچ شپیتالنیکوڤ، کە ڕەخنەگرێکی کۆنسەرڤەتیڤ بوو، لە نووسینەکانیدا دژایەتی نوێ کردنەوەی دەکرد. کتێبێکی ڕەخنەگرانەی دەربارەی (موفەتیشی گشتی) لە دەرهێنانی میرهۆڵد بلاوکردەوە، ئەم ڕەخنەگرە لە ژێر ناوی تالنیکوڤ دەینووسی.

١٥- شانۆنامەیەکە لە نووسینی نووسەری بەلچیکایی فیرناند کرۆمیلنیک، میرهۆڵد ئەم شانۆنامەیەی لە ساڵی ١٩٢٢ پێشکەش کرد، تێیدا بۆ یەکەم جار میتۆدی بیومیکانیکی جاڕ دا. قۆچدار ئاماژەییە بۆ پاڵەوانی شانۆنامەکە کە کابرایەکی دڵ و دەروون پاکە و ساویلکەیە، ژنەکەی ناپاکی دەرهەق دەکات.

١٦- ئیڤان مۆسکڤین(١٨٨٧-١٩٤٦) ئەکتەری ڕووسی سۆڤێتی، یەکێک بوو لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی شانۆی هونەری مۆسکۆ و هەموو تەمەنی هونەری خۆی لە وێدا بەسەر برد.

١٧- ڤاسیلی دالماڵماتۆڤ(١٨٥٢- ١٩١٢) ئەکتەر و نووسەری درامایە، لە شانۆی ئەلکسەندەرینسکی لە پیتەربورگ کاری دەکرد.

١٨- ماریا ئێرمۆلۆڤا (١٨٥٣- ١٩٢٨) ئەکتەری گەورەی ڕووسیا کە لە تراژیادا ناوبانگی دەرکرد و ئەکتەری پلە یەکی شانۆی ماڵی بوو، هەر لەوێش سەرتاپای تەمەنی هونەری خۆی بە سەربرد.

١٩- ئیلینسکی، بابانۆڤا و زایچیکۆڤ، هەرسێکیان ئەکتەری شانۆی میرهۆڵدن لە ڕاڤەکردنی میتۆدی بیومیکانیکدا باشتیرین نموونەی ئەکتەری سیستەمی میرهۆڵدن.

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

## مۆسیقازانی پێشەنگی کورد
## عەبدولواحید حاجی ئاغا مستەفا و
## خاڵە حەمە ڕەشیدی شێرزادی

ئەفسەری مۆسیقازانی پێشەنگی کورد، ڕائید عەبدولواحید کوڕی حاجی ئاغا مستەفا، لە ساڵی (١٨٩٨)دا لە گەڕەکی قەڵات لە شاری کۆیە، شاری ئەدەب و هونەر هاتووەتە دنیاوە. لە تەمەنی (٦) ساڵی واتە لە ساڵی (١٩٠٤)دا خراوەتە بەر خوێندنی ئایینی لای (مەلا عەلی باداوەیی) ئیمام و مودەڕیسی (مزگەوتی منارەی کۆیە) و دوای فێربوونی قورئانی پیرۆز و بنچینەی خوێندنەوە، لە ساڵی (١٩٠٦) لە سەردەمی عوسمانییەکاندا چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی کۆیە و لە ساڵی (١٩١٢)دا گەیشتووەتە پۆلی شەشەمی سەرەتایی و جگە لە چەند مامۆستایەکی خەڵکی مووسڵ و کەرکووک، قەشەیەکی عەنکاوەیی کە ناوی (پوڵس عوجمایا)بووە بە قەشە سوورە ناودار بووە، دەرسی پێ گوتووە و سوودێکی زۆری لێ وەرگرتووە، لە دوای دەوامی قوتابخانە چووەتە ماڵەکەی تاکو فێری زمانی یۆنانی بکات و وابوو بنچینەیەکی باش لەو زمانە بیانییەی لەلا فێردەبێ.

عەبدولواحید لە ساڵی (١٩١٢) خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات و باوکی دەیباتە مووسڵ و لە ماڵی دوو برادەری خۆی (حاجی تاڵیب) و (حاجی جاسمی نەجەفی) دایدەنێ، تاکو لە (ڕوشدییە) ی مووسڵ

بخوێنێ و دوای سێ ساڵ لە (١٩١٥)دا خوێندنەکەی تەواو دەکات و ڕوودەکاتە (ئەستەمبول) و لە قوتابخانەی عەسکەری وەردەگیرێ، کە دەردەچێ بە پلەی مولازمی دووەم لە سوپای عوسمانی دادەمەزرێ و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دەکرێ و لە یەکێک لە شەڕە قورسەکانیدا بەسەختی بریندار دەبێ و بۆ چارەسەری ڕەوانەی نەخۆشخانەی عەسکەری لە ئەستەمبول دەکرێ، دوای سارێژبوونی برینەکەی دەبینێ لەو نەخۆشخانەیەدا تیپێکی مۆسیقا هەیە و ڕۆژانە ئاوازی بەسۆز لێدەدەن، ئەمیش ئارەزووی دەچێتە سەر مۆسیقا و ئاوازەکانی، وردە وردە خۆی فێری چەند ئالەتێکی مۆسیقا دەکات و لە نەخۆشخانە دەردەچێت، زۆری پێناچێ جەنگی جیهانی کۆتایی دێت و دەوڵەتی عوسمانی شکست دێنێ، ئەویش بەرەو سوریا دێ و ماوەیەک لە شام دەمێنێتەوە، ئینجا لەگەڵ دامەزراندنی حکوومەتی عیراق، دانانی (ئەمیر فەیسەڵ) بە مەلیکی عیراق لە (١٩٢١/٨/٢٣)دا دەگەڕێتەوە عیراق و لە فەوجی (موسا ئەلکازم) کە چەند مانگێک بوو لە (١٩٢١/١/٦) دامەزرابوو، دەکرێت بە ئەفسەر لەو فەوجەدا بە پلەی مولازمی یەکەم دادەمەزرێت و دوای ساڵێک دەگوێزرێتەوە بۆ سەربازگەی مووسڵ لەو سەربازگەیەدا کار لە دامەزراندنی تیپێکی مۆسیقایی سوپا دەکات و دەستەیەک سەرباز و پلەدار فێری مۆسیقا ژەنین و مارشی عەسکەری و ژەنینی مۆسیقای سەلامی مەلەکی دەکات.

عەبدولواحیدی ئەفسەری مۆسیقازان لە ساڵی (١٩٢٤)دا دەگوێزرێتەوە بۆ (پێنجوێن) کە ئەوساکە فەوجێک سەرباز لەو سنوورەدا هەبوو، بەڵام دوایی هەر لە (١٩٢٤)دا دەگوێزرێتەوە بۆ سەربازگەی سلێمانی و پایەی بەرزدەکرێتەوە و پلەی (ڕەئیس ــ نەقیب)ی پێ دەدرێ، بەڵام دوای ماوەیەک، بەیانییەک لە گۆڕەپانی مەشقدا لەگەڵ ئەفسەرێکی ئینگلیز کە سەرپەرشتیاری سەربازگەکە بووە، مشتومڕێکی توندیان لەنێوان ڕوودەدا و لەسەر ئەم هەڵوێستە ڕەقەی، نەقیب عەبدولواحید پلەکەی نزم دەکرێتەوە بۆ جێگری ئەفسەر، بەڵام ئەم گوێ بە پلەوپایە نادات و لەسەر مۆسیقازانییەکەی خۆی بەردەوام دەبێ. تاکو ڕۆژێکیان لە ساڵی (١٩٢٦) دەچێتە لای بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی کە ئەو ساڵە خوالێخۆشبوو (مستەفا مەزهەر) بووە، پێی دەڵێ: ئەگەر ڕێگەم بدەی تاکو تیپێکی مۆسیقا بۆ قوتابخانە دابێنم و قوتابییەکان فێری مۆسیقا ژەنین بکەم و ئەویش داواکەی پەسند دەکات. هەرچەندە خۆی پیانۆ و هەندێ ئامێری مۆسیقای (هەوائی - فوو ویست)ی هەبووە، بەڵام ئەوانە بەس نەبوونە، بۆیە پێشنیاری کردووە ئاهەنگێکی گەورە ساز بدرێ و شانۆگەری تێدا پێشکەش بکرێ، تاکو بەپارەی بلیتی بەشداربووانی ئاهەنگەکە چەند ئامێرێکی مۆسیقای پێ بکڕن و ئاهەنگەکەش لە شەوی شەممەی ڕێکەوتی (١٩٢٦/٧/٢٧)دا سازدراوە و شانۆگەرییەکی خۆشیش کە بەناوی (نەتیجەی سەفاهەت و سەعی) بووە و زۆر قوتابی وەکو (شەهید شاکر فەتاح) بەشدارییان تێدا کردووە.

کاتێک دەستەیەکی باش لە قوتابیانی ئەو سەردەمە فێری ئامێری هەمە جۆری مۆسیقا بوون، هەموو ڕۆژێکی پێنج شەموان بەناو کۆڵان وجادەکانی سلێمانیدا تیپی قوتابیان لەسەر ئاوازی مۆسیقای عەبدولواحیدی مۆسیقازان گەلێک سروودی نیشتیمانی کوردییان گوتووە، وەک ئەم سروودانەی خوارەوە:

(١) کابرا مەڕوانە ماڵ و خانەیی وێرانی من، لە شیعری ئەسیری.

(٢) ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی، لە شیعری زێوەر.

(٣) چەند شیرینە لام دار و بەردی وەتەنم، لە شیعری زێوەر.

(٤) وەتەن بەجەننەت ناگۆڕینەوە، لە شیعری ڕەفیق حیلمی.

بەم جۆرە ئەم مۆسیقازانەی کورد گیانی مۆسیقا و ئاوازی کوردی لەناو میللەتدا بڵاوکردووەتەوەو لە ئەنجامدا لە جیاتی ڕێزی لێ بنرێ و پایەی بەرز بکرێتەوە، دوورخراوەتەوە بۆ سەربازگەکانی خوارووی عیراق، بەڵام پلەوپایەکانی ئەفسەری پێدراوەتەوەو دوای خزمەتێکی زۆری سەربازی لە شاری دیوانیە دەگیرسێتەوەو پلەی (ڕەئیسی یەکەم ــ ڕائید)ی پێدەدرێ و لەو پایەدا دەمێنێتەوە تاکو لە ساڵی (١٩٥٤)دا بەو پلەیە خانەنشین دەکرێ، بەڵام چونکە خانووی خۆی لەو شارەدا بووە، بۆیە تاکو ساڵی (١٩٦٩)لەوێ ماوەتەوە ئینجا ماڵەکەی هێناوەتەوە کوردستان و لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بووەتەوە، کە کاتی خۆی بزووتنەوەی هونەری مۆسیقای تێدا خوڵقاندووە، ئەم خزمەتگوزارە

کــورده لە ڕۆژی (١٦ی مــانگی ئاداری ١٩٧٥)دا لە تەمـەنی (٧٧) ساڵیدا هەر لە شارە هونەر پەروەرەکەی سلێمانیدا کۆچی دوایی کردووە.

## بیروڕای نووسەر و مۆسیقازانان بەرانبەر بە ڕائید عەبدولواحید

* قـانوون ژەنی ناسـراوی عـیـراق، سـالیم حـوسـێن ئەلئەمـیر، لە کـتـێبـێکـیدا بەناوی (الموسیقی في بلاد الرافیدین) کە لە ساڵی (١٩٩٩)دا بە چاپی گەیاندووە دەڵێ:

(عـەبدولواحـیـد مـسـتـەفـا) لە سـاڵی (١٩٢٣)دا پلەدارەکانی سوپای عیراقی بەماوەی شەش مانگ فێری مۆسیقای عەسکەری کرد، ئامێری هەوایی بەکارهێنا و مۆسیقای (سـەلامی مەلەکی) دانراو فێری تیپی سوپا کرا.

* مـامـۆسـتـا شـاکـر فـەتاح بەم جـۆرە باسی ڕائـیـد عەبدولواحیدی کردووە: (مامۆستا عەبدولواحید مستەفا لە سـاڵی (١٩٢٦-١٩٢٧)دا وانەی مـۆسـیـقـای فـێردەکردین لە ڕۆژانێکدا کە مۆسـیـقا لێدان یەکجار عـەیب بوو، بەڵام من یەکـەمین کـەس بووم چوومـە ناو تیپی مۆسیقاکە و ئامێری "قرناتە"م دەستدایەو مامۆستا عەبدولواحید فێری کردم).

* (مـامـۆسـتـا عـوسـمـان شـارباژێڕی)ش لە ژمـارە (١٠٦)ی ساڵی (١٩٥٨)ی گۆڤاری ڕۆشنبـیری نوێدا نووسـیـویەتی: «عـەبدولواحـیـد حاجی ئاغـا مـسـتـەفـا خـەڵکی شاری کـۆیەیە، لە (ئەسـتـەمـبـول) بڕوانامـەی کۆلێژی سوپایی وەرگرتووە و هەر لەوێش فێری مۆسیقا بووەو (پیانۆ)زانێکی شارەزابووە، کە گەڕاوەتەوە عیراق ناردوویانەتە سلێمـانی و لەوێ تیپێکی مۆسیقای پێک هێناوە، کە لەسەر نۆتە خەڵکی فێر کردووە».

* مامۆستای مۆسیقازان ولیەم یوحەننا دەڵێ: یەکەم هونەرمـەند کە لە سلێمـانی بایەخی بە ئاواز و مـۆسـیـقا دابێ، هونەرمـەند عـەبدولواحـید مـسـتـەفـا بووە، کـە لە سـەرەتادا ئەفـسـەر بووە لە تورکـیـا و کـە گـەڕاوەتەوە، تیپێکی گۆرانی و مۆسیقای لە سلێمانی دامەزراندووە.

**هەولێر - ٢٠٠٧/٩/٤**

**تێبینی:** ئەو نووسـینەی سـەرەوەم بە سـوپاسـەوە لە مـامـۆسـتـای بەڕێز (کـەریم شـارەزا)وەرگرت، مـامـۆسـتـا کەریم لە کۆتایی ئەو نووسینەیدا دەڵێت: شایانی گوتنە مامۆستا باکووری بابەتێکی لە گۆڤاری (ڕامان)ی (٨٦ و ٨٧)ی تەمموز و ئابی (٢٠٠٤)دا بەناوی عەبدولواحید حاجی ئاغا بڵاوکردووەتەوە و لەم نووسینەدا سوود لەو نووسینەی ئەو مامۆستایەش وەرگیراوە.

هەر دەربارەی هونەرمەند و مامۆستا (عـەبدولواحید حاجی ئاغا مستەفا)وە کاک جەلال جۆبار بۆی باس کردم و گـوتی: (عـەبدولواحـید حـاجی ئاغـا مسـتـەفـا) کـە لە عەسکەری ژەنینی ئامێرەکانی فوویست فێرببوو، کاتی خۆی ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاری هەبووە لە فێرکردنی لاوان و مێردمنداڵانی شاری سلێمانی.

کاک موحسینی عەزیزی عەولاغای حەوێزیش کاتێک ئەو ڕۆژەی لە گـــەڵ کـــاک هاواری ئامـــۆزام لە کـــۆیە سەردانمان کرد، دەربارەی وێنەیەکی باوکی واتە (عـەزیزی عـەولاغـای) کـە بە دیواردا بە جلی (ئەفـسـەر)ییـەوە هەڵواسرابوو، لەم بارەیەوە پرسیارم لێی کرد؟ لە وەرامدا گـوتی: (سـەید حـەسـەن و سـەید حـوسـێن و عـەزیزی عەولاغای باوکم و سەبری عـەبدوڵڵا و واحیدی حاجی ئاغا مسـتـەفای) کاتی خۆی بۆ خـوێندن بۆ تورکـیـایان ناردن ، دواتر خـوێندنیـان تەواوکرد و بوونە (ئەفـسـەر)، هەندێ لەوانە هاتنەوە و لە سـوپای عـیــراقـدا بوونە ئەفسەر، بەڵام باوکم نەهاتەوە.

## خاڵە حەمە ڕەشیدی شێرزادی

خـاڵە حـەمـە ڕەشـیـد بۆی گـێـڕامـەوە و گـوتی: لە شـەسـتـەکـاندا باوکت (ئەحـمـەدی حـەمـە مـەلای) سەفەرێکیان بۆ لای جەمال کەریمی برازای (کە ئەو کاتە لێرە وەکیلی قایمقام بوو) بۆ قەڵادزێ هات، شەو لای من مـیـوان بوو، جـا ئەو شـەوە دانیـشـتـین باس و یادگـاری خۆمانمان لە کۆیە وەبیر یەکتری هێنایەوە، پاشان تەکلیفم لێی کرد و گوتم: کاک ئەحمەد غەزەلێک، گۆرانییەک؟ گوتی : جا زۆر بێ تاقەتم! بەڵام لەبەر خاتری تۆ شتێک هەردەڵێم، ئەوەبوو بەیەکـەوە گـۆرانیـیـەکـمـان گـوت و تۆمـاریشـمـان کـرد «شـایانی باسە دانەیەکی وەرگـیـراوی (کۆپیکراوی) ئەو گۆرانییەی ئەویش دوای مردنی باوکم بە چەندین ساڵ بە ئێمە دایەوە ، بەڵام ئەو کاسێتە زۆر خراپ تۆمار کرابوو» ، خاڵە حەمە ڕەشید لە قسەکانیدا بەردەوام بوو گـوتی: جارێکی دی کـاک ئەحـمـەد لەگـەڵ کاک عومەری مام عەولای بۆ قەڵادزێ هاتن و لای (مەلا

خدر نەجمەدین) میوان بوون، ئەو پیاوە بە ئەسڵ خەڵکی شاری کۆیەیەو لە قەڵادزە دادەنیشێت، ئەو عەسرە داوەتم کردن و حەسەنی جەلالیشمان لەگەڵدابوو، تاقم و شتمان(*) برد و بۆ (کانی مام قاسمەی) چووین، ئەو ڕۆژە زۆر بەخۆشی ڕامان بوارد و گۆرانیمان گوت و بەزم و ڕەزم و تا لای بانگی مەغریبێ، شەویش دانیشتین نەختێک پۆکەر و کۆنکانمان کرد، خۆمان خافڵاند کاژێر بوو بە نۆی شەو گوتیان دەڕۆین، تا لای ماڵی مەلا خدری لەگەڵیاندا چووم، ئەوان لەوێ مانەوە و من گەڕامەوە.

لێم پرسی: وەک زانیومە زووتر تۆ پێوەندیت لەگەڵ باوکم و ئەواندا هەبووە حەزدەکەم ئەگەر زەحمەت نییە ئەوانەش باس کەیت؟ گوتی: شەوێکیان لە ماڵی مام (مەڕبێنی قەشە) لەگەڵیان دانیشتوومە، ئەو شەوە هەمووی بەزم و گۆرانی گوتن بوو شەوێکی زۆر خۆش بوو، جارێکی دیکەش لە (ڕەزی شەمەی) لە گەڵیان دانیشتووم، ئەو کاتە من چایخانەم هەبوو لە کۆیە، بۆیە زوو گەڕامەوەو جێم هێشتن، هەر لە ساڵی(١٩٤٧)ەوە من لە کۆیە نەماوم! دێتەوە بیرم ساڵی (١٩٣٠) لە هەڕەتی گەنجیدابووم، لەو بەری ڕەزی (حەوێزی دەروێش سمایلی) من دوو سێ دێرە شیعری (سەعدی شیرازی)م، لەسەر نەغمەی (سەبا) گوت، هەتا من لەو گوتنەم بوومەوە، ئاگام لێ بوو باوکت خواعافووی کات، کە لە نزیک (مزگەوتی مەلا ئەسعەدی) بوو، هەڵوەستەی کرد و گوێی لێم ڕاگرت، دوای ماوەیەک جا بیرم نەماوە هەر ئەو ڕۆژەبوو یا دواتر، گوتی: حەمە تۆ دەبێت دەست پێ بکەیت، چونکە دەنگت باشە یەک، ئسووڵی (سەبا)ش دەخوێنیت دوو، منیش بە ڕاستی قسەکەی باوکت کاری لێکردم و وردە وردە و تا دەهات، هەوڵم دەدا و زیاتر فێر دەبووم، تا ساڵی (١٩٣٣) منیش بە تەواوی دەستم پێکرد. گوتم : بەو پێیەی باوکم بەتۆی گوتبوو مەقامی سەبات خوێند، دیارە ئەوکاتە باوکم مەقامیشی دەناسی؟ گوتی: باوکت هەموو ئسووڵەکانی (مەبەستی مەقامەکانە) دەناسی. گوتم: مەبەستت چییە کە دەڵێی دەستم پێکرد، یان باشترە بڵێم لە کوێ گۆرانیت دەگوت؟ گوتی: کاتێک سەیرانێک دەبوو دەچووینە (ئۆمەرخوچان)ێ، دێتەوە بیرم یەک جار باوکتم هەر لەوێ تەسادوف کرد، لەگەڵ کوڕی خۆیان کاک عومەر و ئەواندا بوو، ئەو وەختە من حەریفی وان نەبووم، واتە ئەوان لەمن گەورەتر بوون، ئێمەش وەک باوکت و ئەوان پێڕی خۆمان هەبوو، دادەنیشتین و دەمانخواردەوە و گۆرانیمان دەگوت، برادەرانی کۆڕەکەی ئێمە (مەحموودی فەقێ) و (ڕەسووڵی فەقێ) و (ئەفەندی حەمەد بەگی) بوون. گوتم: گەر بیرت مابێت جگە لەو غەزەلەی پێش تۆزێ گوتت، ئەوەی سەعدی شیرازی، چی ترت دەگوت؟ گوتی: مەقامی (نیوەشەو، ئای ئای، وەی لێ زاڵم) بە شیعری (نالی، وەفایی، عەونی، دڵدار). گوتم : باشە ئەو شتانە لە چ کەسێکەوە فێر دەبوویت، چ وەک ئاواز چ وەک شیعر؟ گوتی: شیعرەکانم لە شاعیرانی کۆیەی وەک (دڵزار، ڕۆستەم) وەردەگرت و دەمنووسینەوەو لەبەرم دەکردن، بۆ ئاوازەکانیش لە: (مەلا ئەسعەد، سێوە، ئەحمەدی حەمە مەلای) گوێم لێدەگرتن و دوای چەند جارێک فێری گوتنیان دەبووم، بەڵام من لە (تایەر تۆفیق) گەورەترم، من پێش تایەر دەستم پێکردووە، کاتی خۆی بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا چووم، بەڵام (تایەر تۆفیق)، نەیهێشت من لە ئێزگە وەربگیرێم! من لە گەڵ ئاغەکان چووینە بەغدایە (شێخ محێدینی سندۆڵان) بوو ( ئەحمەد ئاغای ڕەئیس) و (میناغا) و (ئەحمەدی سەلیم ئاغای) بوون، ئەوانە منیان زۆر خۆش دەویست، بە بێی من نەدەچوونە بەغدایێ، ئەوانە بە بێی من بۆ ئێزگە چووبوون، گوتبوویان: خزمێکمان هەیە پێمان خۆشە بیهێنین بۆ ئێزگەی دوو سێ گۆرانیان تۆمارکات، ئەو کاتە (ڕەفیق چالاک) و (کامیل ئەمین) و (عەلی مەردان) لەوێ بوون، ئێوارێ کە هاتمەوە گوتیان: خاڵە حەمە سبەی ئێوارێ دەبێ لە گەڵماندا بێی بۆ ئێزگەی دوو سێ گۆرانیمان بۆ تۆمارکەیت. گوتم: من حەز ناکەم!

گوتیان لەبەر خاتری ئێمە، بۆیە منیش لەبەر قسەکەی ئەوان دیارە ڕازی بووم، ڕۆژی دووەم بەر لەوەی بۆ ئێزگە بڕۆین بۆ ئەوەی شەرم نەکەم، چارەگ و نیوێک مەیم خواردەوە، کابرایەک بە خۆی و ئامێری (عود)ەوە هات و لێی پرسیم و گوتی: چ دەزانی؟ گوتم: هەرچی بڵێی دەزانم، گوتی: (لە باخان ئاهونالێن دێ) دەزانی؟ ئەوەی کاک تایەر تۆفیقی. گوتم: بەڵێ ، پارچەیەکم بۆ گوت گوتی: (اصعد واته: دەنگ هەڵبڕە) بۆی هەستام گوتی : ماشەڵڵا! (کوللیش زین - زۆر باشە) گوتم: ئەو تەبەقەیە بۆ من هیچ نییە دەنگم چەندی تۆ بڵێیت تەحەممول دەکات، گوتی: چەند دەتوانی بڵێی منیش وامزانی، مەبەستی کاتە بۆیە گوتم: سێ سەعات زیاتر،

پێمگوت لە ئێوارێوە ئێمە بۆ مەولوودێ دەچین، غەزەل دەخوێنم تەنزیلە دەخوێنم، جاری وا هەیە تا بەرە بەیان بەردەوام دەخوێنین! گوتی: وەڵڵا تۆ لەوەش زیاتر دەتوانیت بخوێنیت! دواتر ئەو عوودژەنە چوو بە مودیرەکەی گوت، ئەو کوڕە دەنگێکی باشی هەیە و زۆریش دەزانێت و بێ وێنەیە، گۆرانییەکانیشیان بۆدانام (نیوەشەو) بوو (وەی لێ زاڵم) بوو (ئای ئای) بوو ئەو سێ مەقامە بوو، سێ بەستەشم دانێ، هەر مەقامە و بەستەی خۆی، گوتیان سبەی ئێوارێ (کۆرس)ت بۆ ئامادە دەکەین، ڕۆژی دووەم لەسەر وادەکە چووم، کۆرسەکە ئامادەبوو، بەڵام گوتیان: کاک تایەر هاتووە گوتوویەتی خاڵە حەمە زۆر دەزانێ، با ئەو سێ شتە تۆمار نەکات! واتە سێ مەقام و بەستەی دی تۆمار بکات غەیری ئەوانەی لەسەریان ڕێک کەوتبووین! منیش بەو کارە تووڕەبووم، گوتم: وەڵڵاهی نایڵێم. گوتم: ڕازیم بە مەرجێک ئەو سێیە دەڵێم و بۆمیان تۆمار بکەن، جا ئەگەر حەزتان کرد، سبەی ئێوارێ دێمەوە، چەند مەقام و گۆرانی دی ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی ڕۆژی دواتر تۆماریان بکەین، بەڵام ئەم قسەیان قبووڵ نەبوو، بۆیە منیش نەمگوت و بۆ کوردستان گەڕامەوە، دوای ماوەیەک پاش ئەو مەسەلەیە تایەر تۆفیقم دیت و گەلێکیش گلەییم لێکرد. لە وەڵامدا گوتی: من مەبەستم ئەوە بووە کە ئەو سێ مەقام و گۆرانییە بە دەنگی من تۆمارکراون و هەن، تۆ شتی دیکەت تۆمارکردایە! گوتم: گۆرانییە تایبەتمەندەکانی کۆیەی وەک (شلەوخانان) ت گوتووە؟. گوتی: بەڵێ گوتوومە. گوتم: (لەو کولبەی ئەحزانە)؟ گوتی: نەخێر. گوتم: (شەوێ نانووم). گوتی: نەمگوتووە. گوتم: (بۆ فریبی عاشقان). گوتی: بەڵێ گوتوومە. گوتم: (مەلا بانگدانێم پێ خۆشە) گوتی: نەم گوتووە. گوتم: (لەبەر نازی چاوبازان) گوتی: ئەمەیانت بە دوو شێوە بۆ دەڵێم و هەرواش بوو. بیرمە بابی ڕەحمەتیت و کاک عەونی شاعیر و کاک عومەری مام عەولای، زۆربەی شەوان لە ماڵی مامۆستا (فاتیح مستەفا)ی، کە خەڵکی کەرکووک و بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەوە بوو، ئەو مەکتەبەی مامۆستا (زەکی هەناری)شی لێ بوو! منیش لەو ماڵە لەگەڵیاندا بووم و هەمووی گوتن و مەقام خوێندن بوو، من لە ئەسڵدا ناوم (حەمەڕەشید ئەمین)ە، دواتر کە باوکم مرد، من تەمەنم پێنج ساڵان بوو، دایکم مێردی بەو شێرزادە کردووەتەوە و ئەمەیان بەخێوی کردووم، مامم (عەلی یەحیا) دەنگخۆش بووە، قایمقامێک هەبوو لە کۆیە بە ناوی (ڕەمزی یەعقووبی) هەر جارەی میوانێکی هاتبایە من و کاک تایەر تۆفیقی بانگ دەکرد، ئەو وەختە هەرزەکار بووین و کرێکاریمان دەکرد، دەچووین لەوێ دادەنیشتین گۆرانیمان دەگوت، چونکە دەنگخۆش بووین. گوتم: ئەو وەختە لەگەڵ کاک تایەری پێکەوە دەتان گوت؟ گوتی: بەڵێ. گوتی: جارێکی (مەلا ئەسعەد) بۆ قەڵادزە هات، شەو لە ماڵی(حاجی ئەحمەدی) بوو، منیش لە ماڵی (حەمیدی میرزا سەعیدی) بووم، هەزار ڕەحمەتی لێ بێت سێ غەزەلی خوێند ئەمن پێنجم خوێند! خەیاڵبووم، سبەینێ لە بازاڕی گلەیی لێکردم کە شەو غەدرم لێ کردووە، دیارە مەلا ئەسعەد زوو تووڕە دەبوو. خاڵە حەمە ڕەشید گوتی: بەسەری دڵزاری کوڕم و بە سەری تۆش، لە کۆیە لە سەر (تەمتەمان) مەقامم گوتووە، لە (قۆنگرێ سەرشاخان) لە کن ئەو شاخانەی بۆ (کەونە پردێ) دەڕۆی گوێیان لێ بووە! گوتم: (حەنیلە خڕە)ت دیوە؟ گوتی: بەڵێ بەڵام بە بێ گوتن، گوتم: ئەدی (سێوە)؟ گوتی: ئەو ڕۆژەی بۆ ئێزگە چووم سێوە گۆرانی تۆمار دەکرد.

**(*)مەبەستی خاڵە حەمەڕەشید، لە(تاقم و شت) مەی و مەزەو گۆشت و خەڵووز و ئەوانەیە.**

**تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژی (١٩٩٠/٥/٢٧) لە ماڵی خاڵە حەمەڕەشیدی شێرزاد لە هەولێر گەڕەکی (ڕووناکی) ئەنجام دراوە. شایانی باسە هەر لە نەوەتەکان ئەگەر هەڵە نەبم (دڵزاری تاقە کوڕی بە کارەساتی ئوتومبێل) جوانەمەرگ بوو، دوای ئەو تاقە کوڕەی بە ماوەیەک خاڵە حەمەڕەشیدیش کۆچی دوایی کرد.**

# دلاوەرانی کوردی گومناو

**حەسەن مەحموود حەمەکەریم**
**(سلێمانی)**

ماوەیەکە کتێبخانەی کوردی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، لە هەموو لایەن و بابەتەکانەوە کتێبی دانسقەی بۆ هاتووە، بەتایبەت لە ڕووی وەرگێڕانەوە کە لە چاکترین کتێبی بیانی لە زمانە جیاجیاکانەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، ئەمەش ئەگەر شتێک نیشان بدات هەر ئەوە دەڵێ کە کورد لە ڕووی کولتوور و ڕۆشنبیرییەوە هەنگاوی چاکی ناوە، ئەگەرچی هەندێک ناینرخێن و بەشپرزی و بارێکی شێواوی ڕۆشنبیری لەقەڵەم دەدەن، وای دادەنێن کە هیچ سانسۆرێک لەسەر هەڵبژاردنی بابەتی چاک و بەسوود نییە، گوایە هەموو شت لەباش و خراپ بڵاودەکرێتەوە، وەک کاڵای چینی لێهاتووە کە ئەمڕۆ بازاڕی کوردستانی پڕکردووەو شێواندووە و زەرەرێکی زۆر لە بازاڕ و گیرفانی هاووڵاتیان دەدەن، خەڵکیش لە ڕووی پێویستییەوە ناچارە بیان کڕێت، ئەوە ڕاستە هەموو گلەییمان لەوبارە هەیە، کە بابەتی بێ سوود و هەندێک جار خراپ و ڕووخێنەر دەخرێتە بازاڕ، بەڵام ئەمە نابێت بمانخاتە ئەو ئاستەی کە نائومێد بین و سانسۆرێکی وا دابنێین کە بیر و دەستی نووسەر بگرێت و لە قاڵبی بدات و ئازادییان بکوژێت و نەوێرن هیچ بڵێن، چونکە هەرکەسە بەگوێرەی توانای خۆی دەڵێت و بیر دەکاتەوەو دەنووسێت، بابەتێک لای فڵان هیچ نییە، بەڵام لای نووسەرەکە خۆی شتێکی بێ وێنەیە و تا ئێستە نەوتراوە.

کتێبی (دلاوەرانی کوردی گومناو) لە نووسینی (حەبیبوڵڵای تابانی)، وەرگێڕ لەفارسییەوە



(وریا قانیع)، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانیع دەری کردووە، زنجیرەی ژمارە ٧ی وەرگرتووە، ژمارە سپاردنی ٣١٧ی وەزارەتی ڕۆشنبیری ساڵی ٢٠٠٤ی پێدراوەو لە سلێمانی و ساڵی ٢٠٠٤ چاپ کراوە، کتێبەکە لە قەبارەیەکی مامناوەندی لە توێی ٢٢٦ لاپەڕەدایە و پەراوێزێکی دەوڵەمەندی هەیە.

بابەتەکانی ئەم کتێبە کە حەبیبوڵڵای تابانی وەک خۆی باسی دەکات لە زمانی خەڵکییەوە کۆی کردووەتەوە دەڵێ: شەوانی زستان حیکایەتخوانم دەبینی باسی داستان و دلاوەری و قارەمانانی ناوچەی بەشێوەیەکی گەلێک جوان و شیرین لە قاڵبی شیعر و پەخشاندا دەکرد، کە لەبەر دەیانخوێندەوە، بەم شیعرانەیان دەوت (بەیت) بەوەش کە دەیخوێندەوە دەیان وت (بەیت وێژ).

بەڵام ئەم باسانە هەر حیکایەتی خەیاڵ ئامێز نین، بەڵکو مێژوویەکی ڕاستەقینەن و دووری سەردەم و نەنووسینەوەیان کردوونی بە ئەفسانەو چیرۆکی خەیاڵ ئامێز، بۆ نموونە (دوازدە سوارەی مەریوان) کە بووەتە ئەفسانەیەکی تەواو، نووسەر مامۆستا حەبیبوڵڵا بەشێکی چاکی لەم کتێبەدا بۆ داناوە، ڕووداوێکی ڕاستەقینەی مێژووی کوردە کە لە سەردەمی سەفەویەکاندا ڕووی داوە، یان (سارۆ بیرە) کە چیرۆکەکەی زۆر بەلەزەت باس کردووە، کوڕە کوردێکی ناوچەی بانەیە، باسەکانی هەموو ڕاستن و یەکێک بووە لە سەرکردەکانی سوپای شاسمایل، دەیان مێژوونووسی بیانی و ئێرانی باسیان کردووە و لە جەنگی چاڵدێراندا کوژراوە، بەڵام چونکە کورد لە ڕووی نووسینەوەی مێژووی خۆی هەستێکی لاوازی بووە، ئەمە وای کردووە باسەکە بکەنە هەقایەت خوانی بەرئاگردانی شەوانی زستان و وەک ئەفسانەیەکی خەیاڵ ئامێز دەماودەم بیگێڕنەوە و لە ڕووداوی مێژوویی دووری بخەنەوە، مامۆستا حەبیبوڵڵا کە خۆی نووسەرێکی بەتوانایەو ٨٠ کتێبی هەیە کە زۆربەی مێژوویییە، ئێستە مامۆستای زانکۆیە لە تەوریز لەبواری کۆمەڵناسیدا وانە دەڵێتەوە، ئەم زەحمەتە قورسەی کێشاوە، (وریا قانیع)یش کە زانیویەتی کتێبەکە باس لە ڕووداوی مێژووی کورد دەکات، لە بەرگێکی نایابدا بە زمانێکی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و کوردانە گۆڕیویەتییە سەر زمانی کوردی، وەرگێڕانەکە هێندە جوانە هەندێ جار باسەکەم لە خۆشی پاراوی وەرگێڕانەکە لەبیر دەچوویەوە، بریا مامۆستا وریا کە لەم بوارەدا زۆر سەرکەوتووەو ئەسپی سوارە، باسی کورد کە بە فارسی زۆر و زەبەندەیە و کوردزوبان لێی بێئاگایە، بیدۆزێنایەتەوە و وەری گێڕابوونایە سەر زمانی کوردی، چونکە فەرهەنگی فارسی دەوڵەمەندە، باسی زۆری ناوچەکە و بەتایبەت کوردی دراوسێی، کە هەمیشە مێژوویان هاوپێچی یەک بووە، لایان نووسراوە و تێکەڵ بەمێژوویان بووە، وەک خۆمان شتی وامان نەکردووە، زەینی پێشینانیشمان لەو ڕووەوە لاواز بووە، بائێستە دووبارە بگەڕێینەوە بەشوێن مێژووی گومبوومان و بەم جۆرە بیاندۆزینەوە، لەم کتێبەدا باسی سارۆبیرە و دوازدە سوارەی مەریوان و پڵنگەکانی تیرەی شکاک و ئەفسانەی جەعفەری شکاک و سمکۆی کوڕی و تۆڵە سەندنەوەیەکی بە ئارام کە ڕووداوێکی بەسۆی ناوچەی شنۆی کوردستانی بندەستی ئێرانە، لە ماڵی حاجی ئەحمەدێکی کورد دەقەومێ، باوک و دایک دەکوژرێن و کچەکانیان ئەتک دەکرێن، دوایی کەریمی کوڕیان تۆڵە لە ئیسماعیل جەندرمەی بەدڕەوشت و هاوڕێکانی دەکاتەوە و بە مەرگیان دەگەیەنێت، پاشان باسی جەنگەکانی کورد و تورکی ئۆزبەک دەکات کە دووسەد ساڵ لەمەوبەر ڕووی داوە. تورکەکان ناوچەی کوردەکان تاڵان دەکەن، مەڕ و ماڵات و سامانیان دەبەن، کەسێکیش بەناوی ئیسماعیلی کورد و بەچکەی پڵنگ، یان میرزابەگی کوڕی ئیسماعیلی کورد کە دوای وەفاتی باوکی جێی دەگرێتەوە و بەرگری لەناوچە کوردییەکەی دەکات، باس و خواسێکی گەرموگوڕە لە بەرگرییەکانی کورد، کە خەڵکی تر بەناهەق پەلاماری سەروەت و سامان و شەرەفی کوردیان داوەو هەمیشەش شێرە کوردێکی بەغیرەت هەڵکەوتووە و سنووری بۆ دوژمنان و داگیرکەران و چەتەکان داناوەو دەری خستووە کە کورد تەنیا نییە، هەمیشە بەچکەشێرانی لە کاڵاندا زۆرە، هەتا لە تەنگانەدا فریایان بکەوێت، ئەمە بوو باسەکانی ناو کتێبەکە، زۆر گرنگ و پڕ سوودن بۆ

مێژووی کورد. تا ئیستە شتێکی ئەوتۆمان بەو هەموو زانیارییەوە لەبارەوە نەزانیوە، بەتایبەت چیرۆکی سارۆبیرە کە بە ڕاستی تا ئەم کتێبەم دەست نەکەوت، نەمزانیوە کوردە، یان ئەفسانەی چیرۆکی جەعفەری شکاک کە چەند بابەتێکی ئەفسووناوی و گرینگە بۆ مێژووی شکاک و کورد، هەرگیز ئەو ڕووداوەم نەبیستووە، بەمەرجێ کتێبی پێنج سەد لاپەڕەییم لەسەر مێژووی شکاک خوێندووەتەوە.

کورد میللەتێکی کۆنە، مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە، ڕووداوی سەیر و سەمەرەی جۆراوجۆری زۆری لەسەر خاکەکەی بینیوە، وەک عەنتیکەخانەیەکی دەوڵەمەند وایە، هەموو جۆرە باسوخواسێکی لە هەگبەیدا هەڵگرتووە، ئەگەر ئێمەش یان نووسەران و دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی پێش ئێمەش، وەک ماموستا حەبیبوڵلا بە کوردستاندا بگەڕاینایە، گوێمان لە خەڵک و چیرۆک خوانەکان بگرتایە و پرسیارمان بکردایە، دەیان کتێبی دەوڵەمەندی وەک ئەم کتێبەی ئێستە لە کتێبخانەی کوردیدا دەبوو، بەداخەوە ئەوەی کە ئێمە نەمانکردووە و زەینمان بۆی نەچووە، خەڵکی لە خۆمان باشتر و دڵسۆزتر بۆیان کردووین، ئێمە حازر خۆرانە و حازر بەدەست هەر وەرگێڕانەکەمان لەسەرە ئەوەش ناکەین، ئەگەر بە کوردستاندا بگەڕێین، لەهەر دەوەنێک لە هەر چیا و دۆڵ و دەشتی ئەم وڵاتە، سەرگوزەشتەی یەکێک لە قارەمانانی لەخۆدا تۆمار کردووە، کە ئەمڕۆ بووەتە دیرۆک و ئەفسانە و دەماودەم دەگێڕدرێتەوە، هەموو شار و دێهاتەکانی کوردستان هەریەکە بۆخۆی سەربوردەی قارەمانێکی تێدا هەیە، ئەگەر ماموستا وریا کتێبی نووسەر (لاروده)ی دەست خستایە کە حەبیبوڵلا هەندێ لە باسەکانی جەنگی کورد و ئۆزبەکییەکانی لە کتێبێکی ئەو نووسەرەوە هێناوە و زۆری تر ماوە کە نەیویستووە بیگوازێتەوە، دووبارە دەستخۆشی لە نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا کاکە وریا دەکەم بۆ ئەم بابەتە گرنگە، هیوام وایە گەوهەر و دوڕ و مەرجانی ونبووی مێژووی کوردمان لەناو دەریای مێژووی فارسیدا بۆ بدۆزێتەوە و بەو زمانە پاراوە وەری بگێڕێتە سەر زمانەکەمان و خوێنەران و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکات.

# پیاوێک لە پەراوێزدا

**عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە**
**(کەرکووک)**

هەرچەندە نەجیب مەحفووزی گەورە ڕۆماننووسی عەرەب باس لەوە دەکات کە لەسەرەتادا بۆ چێژی خۆی شتی نووسیوە، بەڵام هاوکات باس لەوەش دەکات کە بەهۆی نووسینەکانییەوە گەلێک لە ئاواتەکانی هاتنەدی، وەک ناو دەرکردن و وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بۆ نموونە، بەڵام کاتێک ڕۆمانەکانی ئەم ڕۆماننووسە دەخوێنیتەوە، بێگومان چێژێکی تەواویان لێوەردەگریت و وا هەست دەکەیت کە نووسەر تەواو چۆتە نێو وردەکاری و لایەنەکانی ژیانی نەک هەر تاکی میسری، بەڵکو بەشێکی زۆر لە خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە کولتووریکی هاوبەش و لەیەکچوومان هەیە لە زۆر ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەتایبەتی. کەواتە بە تێڕوانینمان بۆ نووسینەکانی نەجیب مەحفووز، دەبینین بۆ خود نووسین و چێژی خودی خۆی وای نەکردووە لە بایەخدان بە ڕەگەزەکانی ڕۆمان کەم بکاتەوە و بە قەدەر حەزی خۆی سەلیقەی نووسین بەکاربهێنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە تەواوی سەلیقەی نووسینی لە ڕووی زمان، دەربڕین، مامەڵە بە فانتازیا و ئەندێشە قووڵەکان بەکارهێنراوە.. لێرەوەیە کە نووسەر تەنانەت ئەگەر بۆ خۆیشی بنووسێت، لەبەر ئەوەی کەرەستەی نووسینەکەی واقیعی ژیان و ڕووداوە جۆراوجۆرەکانەو دواجاریش دەیخاتە بەردەستی خوێنەران، ناچار دەبێت تەواوی سەلیقەی نووسین و ئەندێشە و وردەکاری بخاتە کار لە مامەڵە لەگەڵ کارەکتەرەکان بەخۆیان و جووڵە و دیالۆگ و هەڵوێستەکانیانەوە، بۆ ئەوەی لە



کۆپییەکی واقیعەکە دووربکەویتەوە و ڕۆحێکی تر بە بەریاندا بکات، لەو مەبەستەی خوێنەر هەر لە سەرەتای خوێندنەوەوە دووچاری وەڕسبوون نەیەت، بەڵکو بەشەوق و سەوداسەرییەوە بگاتە کۆتایی و مەبەست و لەخوێندنەوە، کە لای کەمی دەرککردنە بە هزر و بیری نووسەر و هاوکات دەستکەوتنی پشوویەکی ڕۆحی و دواجاریش دەستکەوتنی وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکان و دروستکردنی پرسیاری نوێ، کە خوێنەر دەبێ لە بابەتی تر و لای بەرهەمی نووسەری تر بەدوای وەڵامەکانیدا بگەڕێت.

بەم جۆرە پرۆسەی نووسین لای نووسەر و خوێندنەوە لای خوێنەر وابەستە بوونێکی مەعریفیانەیان پێکەوە هەیە.. مەبەستی نووسەر لە بابەتەکەی هەر چۆنێک بێت، دواجار کەسێک هەیە بەپێی خواست و ئارەزوو سەلیقەی خوێندنەوە و ئاستی ڕۆشنبیری مامەڵە لە تەک دەقەکەیدا دەکات، واتە دەقەکەی بە جۆرە شێوەیەک خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، بەڵام دواجار جۆرێک لەخوێنەر بە ئامانجەکانی خوێندن دەگات ک بە خوێنەری «زانا- العلیم» ناودەبرێت.. بەداخەوە لە خۆرئاواو ئەورووپا و بەشێکی زۆری ئەم جیهانەدا باس لە مەرگی ڕۆمان دەکرێت، بەڵام هێشتا لای ئێمە کەمترین ڕۆماننووس خوێنەری ڕۆمان هەڵکەوتوون، دوای ڕاپەڕینیش گۆڕانێکی زۆر بەسەر ژیاندا هاتووە، کۆمەڵێک ڕەهەندی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی نوێی هاودەمی جیهانگەرایی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیایی کاریگەرییان کردە سەر مرۆڤ بە تەواوی ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە و خوێندنەوەی ژیان و گۆڕانکارییە نوێیەکان بەتایبەتی، بەمانایەکی تر، ئێستا کۆمەڵێک فاکتەر کاریگەرییان لەسەر ژیان و کەسێتی مرۆڤی خوێنەر هەیە، ئەم فاکتەرانەش وایان کردووە چەندین جۆر خوێنەر بێنە ئاراوە و جیاوازیەکی کردەیی لەنێوان خوێنەری ئەم سەردەمە و بیست ساڵێک لەمەوبەر بێتە ئارا. مەبەستم لەوەیە کە بڵێم نووسەری بابەتی ئەدەبی چەندە سەلیقەی نووسین و مامەڵەکردنێکی ژیرانە بە ڕەگەزەکانی چیرۆک، یان ڕۆمان بدات، ئەوەندە زیاتر دەتوانێت سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و ناچاری بکات بەرگی بێزاری و وەڕسی دابکەنێت و لە خوێندنەوە بەردەوام بێت. من قەناعەتم وایە کە خوێنەر ئەگەر نەتوانێت دواجار شتێک لە بارەی بابەتەکەوە دەرک پێ بکات، یان ئەگەر بیەوێت بینووسێت، ڕەنگە پرۆسەی خوێندنەوەکەی تەواو نەبێت. دەقەری کەرکووک و گەرمیان دەقەرێکی کارەساتبارە، واقیعی ژیان هێندە تاڵ و پڕ تراژیدیایە ئەگەر نووسەر چیرۆکنووس بێت، یان ڕۆماننووس، تەواوی سەلیقەی نووسین بەکارنەهێنێ و ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەندێشە و فانتازیا و ئێستێتیکای نووسیندا نەکەن، بێگومان کەرەستەی نووسینەکەیان هاوکار نییە لەهێنانە ئارای بەرهەمێکی ئەدەبیی ناوازە، بەداخەوە لە خوێندنەوەی بەرهەمی زۆرینەی چیرۆکنووسان و تەنانەت ڕۆماننووسانی ئەم دەڤەرەدا، بەتایبەتی ئەوانەی دوای ڕاپەڕین نووسراون، واقیعەکە بەسەر هزر و بیرو ئەندێشەی چیرۆکنووسان و ڕۆماننووساندا زاڵ بووە و لە زۆر باردا چیرۆکەکان، ڕۆمانەکان دووبارە نووسینەوەی بابەتە سیاسییەکانن لە قالبی چیرۆک و ڕۆماندا، واتە ڕووداوەکان، دیالۆگەکان، هەڵوێستەکان زیاتر عاتیفەی سیاسی و نەتەوایەتی بەسەریاندا زاڵە و گواستنەوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هەندێکیان و نیمچە ڕاستەوخۆی واقیعە لە هەندێکی تریاندا بۆ نێو دەق. ئەمەش وای کردووە «ئەدەب» بەگشتی و «چیرۆک و ڕۆمان» بەتایبەتی لە قاڵبێکی چەقبەستوودا بمێنێتەوە. لێرەوە دێمە سەر هەندێک لەچیرۆکەکانی نێو کتێبی کۆمەڵە چیرۆکی «پیاوێک لە پەراوێزدا»ی نووسەر ئەسعەد عەزیز، کە لە دوو توێی (١٠٤) لاپەڕەیە، چاپی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمەوە بەچاپ گەیەنراوە، بەڵام بەرلەوەی بێمە سەر خوێندنەوەی چەند چیرۆکێک، دەخوازم سەبارەت بە کۆی چیرۆکەکان ئەوە بڵێم کە ئەسعەد عەزیزی چیرۆکنووس، کە پێم وابێت ئەمە یەکەمین کتێبی بڵاوکراوەی بێت، لە زۆرێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەیەک ستایل کۆمەڵێک چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە.

بەگشتی ئەسعەد عەزیزیش وەک

زۆربەی چیرۆکنووسانی دەڤەری کەرکووک و گەرمیان، تراژیدیاکانی واقیعی ژیانی خۆی و باب و باپیرانی، بەتایبەتی ڕووداوەکانی شۆڕش و ئەنفال و ڕاپەڕین بەشی زۆری ناوەرۆکی چیرۆکەکانی داگیرکردووە، هاوکات لەهەندێکیاندا کۆپیەکی واقیع و لەهەندێکی دیکەشیاندا مامەڵەیەکی کەمی بەکارەکتەرەکانی کردووە، لەم حاڵەتەشدا لە هەندێ شوێندا سەرکەوتوو و لەهەندێکی تردا شکستی هێناوە..

کتێبی «پیاوێک لە پەراوێزدا» ئەم چیرۆکانە لەخۆ دەگرێت: «گەمە ڕووخێنەرەکان، پێڵاو، کۆیلە، خەونی کوێرێک، سێبەر، پیاوێک لە پەراوێزدا، یادەوەریی وێنەگرێکی گەڕۆک، سەعاتچی، دەروێش و سەماکەر، گۆڕی پادشا».

دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەسعەد عەزیزی چیرۆکنووس لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا لەگرنگترین ڕەگەزی چیرۆکدا شکستی هێناوە کە زمان و زمانی دەربڕینە، بەندە لە ژمارە (٦٧)ی گۆڤاری نەوشەفەقدا و لە بابەتێکی تایبەتدا هەڵە زمانەوانی و دەربڕینەکانی تەواوی چیرۆکەکانیم باس کردووە کە پێویست ناکات دووبارەیان بکەمەوە، بەڵام بێگومان ئەو زمانە چێژی وێنە فانتازی و ئێستێتیکاکانیشی شێواندووە، چ جای وێنە سادە و مەئلووفەکانی لای خوێنەر.

یەکەمین چیرۆکی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بەناوی «گەمە ڕووخێنەرەکان»ەوەیە، لەم چیرۆکەدا ئەسعەد عەزیز باس لە کارەساتی ئەنفال و دیمەنێکی تایبەت لەو پرۆسەیە دەکات، بەڵام ڕەهەندێکی تری بەپاڵەوانی چیرۆکەکەی «ژەنراڵ» داوە کە جیاوازە لە ڕەهەندە دەروونی و سیاسییەکانی ژەنراڵە ڕاستەقینەکانی سوپاکەی بەعس... ڕاستە ئەو ڕەهەندە دەروونییەی چیرۆکنووس داویەتی بەم ژەنراڵە و تەنانەت نەتەوەکەیشی مێژوویەکی درێژخایەنیان تێیدا هەیە، بەتایبەتی حیزبەکەی ژەنراڵ کە نموونەیەکی ڕاشکاوانەی وێرانکارییە.

لەم چیرۆکەدا سوپایەک بەهاوکاری جاش لەپرۆسەی ئەنفالدا دەکەونە کوشتن و بڕینی خەڵکەکەی و سووتاندنی ماڵ و موڵکەکانیان، ئەسعەد عەزیز لەم چیرۆکەدا دەیەوێت گرێچنێکی فانتازیایی بەکاربهێنێت، کاتێک باس لەوە دەکات ژەنراڵ منداڵێکی ئەو گوندە بووە و کەسێک بەناوی «حەمە سەعیدە»وە ڕێگری بووە لە «گەمە ڕووخێنەرەکان»یدا، لەسەردەمی منداڵیدا، بۆیە کاتێک سەربازەکان حەمە سەعید بە برینداری دەگرن و دەیهێننە بەردەستی ژەنراڵ، ئەوان دەخوازن ڕەوانەی نەخۆشخانەی بکەن، بۆ ئەوەی چاکی بکەنەوە و قسەی پێ بدرکێنن، بەڵام ژەنراڵ دەیکوژێت.. نووسەر هاتووە بە هەڵوێستێک لەلایەن ژەنراڵەوە لەدیمەن و ڕواڵەت و دیالۆگدا وێنەیەکی ئیستێتیکی دروست کردووە، بەڵام لەلایەکی ترەوە زیانی بە بنیادی چیرۆکەکە گەیاندووە لە ڕووی ناوەرۆکەوە.. بزانین ژەنراڵ لەبەرچی حەمە سەعیدی بریندار بەدەمانچەکەی دەکوژێت:

– نەخێر... لەبەر ئەوەی ئەمە قژی زۆرە کەواتە تاوانبارە، ئەگەر کەچەڵ بوایە نەمدەکوشت.

ژەنراڵ خۆی کەچەڵە، ئەم دیمەنە ئیستێتیکایەکی وێنەیی لەخۆ دەگرێت، بەڵام بێگومان لێرەدا کوشتن و سووتاندن لە پرۆسەیەکی سەربازیدا دەگێڕدرێتەوە بۆ دوو هۆکار کە هیچیان سیاسی نین و تایبەتن بە کەسێک، هۆیەکەی تری ئەوە بووە کە هەر لە منداڵییەوە ئەم ژەنراڵە حەزی بەتێکدانی شارە زەردەواڵەکان کردووە و ئەم حاڵەتەشی بە «گەمەی ڕووخێنەر» ناوزەد کردووە، بەڵام منداڵێک بەناوی حەمە سەعیدەوە ڕێگری بووە، ئێستاش وا حەمە سەعیدی بەدەستی خۆی کوشتووە، بۆیە تەواو چێژ لە ڕووخان و سووتاندنی گوندەکە وەردەگرێت.. لەم گرێچنەدا جۆرێک لاسەنگی هەیە، چونکە نەدەبوو تێکدانی شارە زەردەواڵەی سەردەمی منداڵی بکرێتە هێمای حەزی تێکدەرانە و وێرانکردن... هەروەک نەدەبوو قۆناخی منداڵیش بکرێتە بەرایی سەرهەڵدانی ئەو کەسێتییە لەدوا ڕۆژدا. دواتر ژەنراڵ خەڵکی هەمان گوند بووە و باوکی ئەوەی تێگەیاندووە کە ئەم گوندە هی کوردانە، ئەم هێمایانە بەگران دەبڕێنەوە سەر ئەو دەلالەتانەی کە نووسەر مەبەستێتی و لەو نێوەندەدا لای خوێنەر چەندین سەرەداوی تر دێنە ئارا کە بە ئاراستەی تریدا دەبەن. بەهەرحاڵ جگە لەو دیمەنە ئیستێتیکا ئامێزە، ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچن و دەربڕینی

دیالۆگەکانیش زیاتر عاتیفین لەبری قوولبوونەوەیان تا خوێنەر بخاتە ئەندێشەوە:

(ئەوەی زیاتر بەختەوەری کردووە کە ئەمرۆ حەمە سەعیدی بەدەستی خۆی کوشت بۆ ئەوەی تۆڵەی بێ دەسەڵاتی منداڵی لێ بکاتەوە کە هەردەم ڕێگر بوو لەبەردەم گەمە ڕووخێنەرەکانیدا...ل٧)

من ئەم پەرەگرافەم بۆ دوو مەبەست هێنایەوە، یەکەم بۆ ئەوەی خوێنەر سەرنجی ڕێنووسەکەی بدات و دووەمیش بۆ ئەوەی بزانین کە سەرکردایەتیکردنی ژەنراڵ بۆ هێرش لەدژی گوندێکی کوردان بۆ تۆڵە وەرگرتنی سەردەمی منداڵیی بووە، کە ئەم حاڵەتە شتێکی سادەیە و دوورمان دەخاتەوە لەبیرکردنەوە لەکۆمەڵێک سیاسەتی تر کە لای خەڵکانێکی تری ویرانەخواز داڕێژراون و سەدان ژەنراڵ جێبەجێیان کرد، کە دەبوو نووسەر بەجۆرێکی تر بەخوێنەری بگەیاندایە. ئەگەر مەبەستی لەوەیە کە بەعس هەر لە منداڵییەوە لە دژی کورد گۆش کراون، ئەوە وەسف کردنێکی لاوازە، خۆ سەربازەکانی دەوروبەری ژەنراڵ زۆربەیان سەریان قژن بووە، بۆچی ڕقی لەوان هەڵساوە کە تەنانەت جاشیشیان لەگەڵدا بووە؟! دواتر دەکرا لاتێتی منداڵی و گەورەیی ژەنراڵ بەچەندین شێوازی دیکە وێنا بکرایە.

ئەسعەد عەزیز لە چیرۆکی «پێڵاو و سەعاتچیدا» ڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت: «مەرج نییە هەموویان تەنانەت ئاواتێکمان لەژیاندا بەدی بێت، ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە «کاوە»ی پاڵەوانی چیرۆکی «پێڵاو» بەسەریدا دێت، کە هەر لە منداڵییەوە کێشەی هەیە لەگەڵ نەبوونی جووتێ پێڵاودا کە بەدڵی خۆی بێت، تا کاتێک کە گێڕەرەوەی ئەم چیرۆکە دەچێتە هەندەران و جووتێ پێڵاو بۆ کاوە دەهێنێت، بەڵام کە دەبینێت کاوە لەسەر کورسی کەم ئەندامییە و هەردوو قاچی براوەتەوە!»

لەچیرۆکی سەعاتچیدا لەشێوە داهێنانێکی ئەدەبیدا بەهەڵواسینی کۆمەڵێک سەعات بەدیواری دوکانەکەدا کە هەریەکە و لەسەر کاتژمێرێکی دیاریکراو دانراوە، ئەوەمان پێدەڵێت کە هەر تاکێک لە ئێمە ساتەکانی ژیانی هاودەمن لەگەڵ یادگارییەکدا کە زۆربەیان تراژیدیا و کارەساتن.

هاوکات لەچیرۆکی پیاوێک لەپەراوێزدا شتێکی گرنگمان پێدەڵێت کە «مەرج نییە پەراوێز خراو بێ دەسەڵات و کەم توانا بێت، بەڵکو دەکرێت لە پەراوێزیشدا ڕۆڵی تەواو بگێڕێت».




# وشەی شیعری و وشەی ناشیعری

کەریم شارەزا



وشە لە کردەی دارشتنی شیعردا دەورێکی سەرەکی هەیە، چونکە کەرەستەی سەرەکی و بنچینەیی ڕوخسارە، ڕوخساریش لە خولقاندنی شیعردا بەرگ و پۆشاکی ناوەرۆکە و هەردووکیان بەیەکەوە لەلای شاعیر دروست دەبن و هەرگیز لەیەکتری ناترازێن و هەریەکەیان تەواوکەری ئەوەکەی دیکەیە لەو کارە هونەرییەدا.

زۆرجار لەناو کۆڕی نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگراندا، گوزارەی [وشەی شیعری و وشەی نا شیعری]مان گوێ لێدەبێ. هەندێک دەڵێن: ئەو وشەیەی جوان و ناسک و ئاوازەدار و پڕ مانا بێت ئەوە [وشەی شیعری]یە و لەناو دەربڕینی شیعریدا نایابترین چەمک و مانای جوان بەدەستەوە دەدەن. ئەو وشەیەی کە ڕەق و ناشیرینیش بێت مانای جوانیان لێ هەڵناستێ و وا باشە شاعیر لە کردەی شیعر دارشتندا بەکاریان نەهێنێ. وەک ئەوەی بڵێین: ناوی گوزارەیی وەکو [جوانی، ناسکی، خۆشەویستی...تاد] لەگەڵ وشەی بەرجەستەیی وەکو [گوڵ، خونچە، بلبل، چرا، پەروانە...تاد] ئەمانە وشەی شیعری ناسکن و لە کردەی شیعر هۆنینەوەدا دەورێکی جوان دەبینن. بشڵێین هەندێ وشەی بەرجەستەیی وەک [دار، بەرد، ئاسن، پێڵاو، مێش...تاد] و وشەی گوزارەیی وەکو [خراپە، نامەردی، دوژمنایەتی،داوین پیسی...تاد] وشەی شیعری نین و لە کرداری دارشتنی شیعردا هیچ جوانی و سرووشێکی خۆش نادەن بەدەستەوە و واچاکە شاعیر خۆیان لێ لابدات.

ئەم ڕاوبۆچوونەی دووەمیان فڕیان بەسەر ڕاستییەوە نییە، چونکە وشەی ڕووت بە تەنیایی مانای ڕاستەقینەی خۆی وەرناگرێ تا نەخرێتە ڕستە و دەربڕینی شیعرییەوە، بۆیە گوتراوە: «وشە لەناو دەربڕیندا وەک ماسوولکەی دەست وایە، ناتوانێ بە تەنیا ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات تاکو پشت بە ماسوولکەکانی دیکەی دەست نەبەستێ و پێوەندی نێوانیان پتەو نەبێت.»

ئێمە لەو باوەڕەدایین کە وشەی شیعری و وشەی ناشیعری هیچ نیشانە و سنوورێکیان لەنێواندا نییە، تاکو لێکیان جودا بکەینەوە و تەنیا لەکاتی بەکارهێنانیان لە شیعردا بە دیاردەکەون و ئەم کارەش بەندە بەدەسەڵاتی داهێنانی هونەری شاعیرەکەوە لەچۆنیەتی دامەزراندنی وشەی لەبنیادی شیعردا و شاعیری داهێنەر دەتوانی جوانی لە هەموو جۆرە وشەیەکی جوان و وشەیەکی ناشیرین بخولقێنێ.

کەواتە وشەی شیعری هەرچییەک بێ لەبەکارهێنانی لە کردەی شیعریدا دەورەکەی بەدی دەکرێ و ئەو وشەیەش بە تەنیایی بە ئاوازێکی مۆسیقایی دادەنرێ و بە تەنیا ئەو خۆشییەی نییە تا نەخرێتە ناو کۆمەڵە ئاوازێکی دیکەوە و هەتا بەهارمۆنی کار لە یەکتری نەکەن، ئاوازێکی یەکگرتووی هەست بزوێن و دڵخۆشکەر دروست ناکەن.

وشەی گەش و گوڵ ئەگەر لە ڕستەی شیعریدا بخرێنە پاڵ وشەی سیس و بێ هێزیشەوە، ئەوە ئەوانیش دەگەشێنێتەوە و هێزیان بە بەردا دەکات و لێرەدا دەتوانین وشەی بەهێز و پتەوی ناوەڕۆکی شیعری بە تیشکی ڕووناکی چرایەکی گەش بچوێنین کە هەموو شوێنێکی دەوروپشتی خۆی پڕ تیشک دەکات، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین کە ڕووناکی بەخشینی ئەو چرایە بە هەموو لایەکدا، بەندە بەوەستایی ئەوکەسەی کە چاکە لە شوێنێکی گونجاوی وا دادەنێ تا تیشکی ڕووناکییەکەی بەباشی بە هەموو لایەکدا بڵاوبێتەوە.

واتە: دەورگیرانی وشەی بەهێز و بێ هێز کە لە شیعردا سنووری نێوانیان نەماوە بەندە بە وەستایی شاعیری داهێنەر و تواناکەی لەخولقاندنی جوانی لە هەموو جۆرە وشەیەک و ڕەتکردنەوەی پۆلین کردنی وشە بۆ وشەی شیعری و وشەی نا شیعری.